# نەوتی کەرکوك و ململانێی زلهێزەکان

## (١٨٩٠- ١٩٢٧ )ز

***"توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسیی ،ئابووری"***

**دڵشاد عمر عبدالعزیز**

**٢٠١١ زاینی**

**٢٧١١ کوردی**

ناوی کتێب :  نەوتی کەرکوك و ململانێی زلهێزەکان
بابەت : توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسیی ،ئابووری
نووسینی: دلشاد عمر عبدالعزیز
دیزاین : موراد بورهان
فۆتۆی بەرگی پێشەوە : ئەردەڵان غەریب
سەرپەرشتیاری چاپ : ئاریان ئیبراهیم
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن: (        )
چاپی یەکەم - کەرکوك  ٢٠١١
چاپ : چاپخانە شەهید ئازاد هەورامی / کەرکوك
ئەرکی چاپ : مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن (ی . ن . ك)

"ئەگــەر بتــەوێ لــەداهاتوو بزانــی، پێویســتە رابــوردوو بخوێنیتەوە، چونکە داهاتوو چەشنی رابردووە، بەڵام هەندێ رەنگ و بۆی دەگۆڕێ"

**توسیدیت**

**مێژوونوسی یونانی**

**له بنچینەدا ئەم کتێبە ماستەرنامەیە کە بەناونیشانی ( نـەوتی کـەرکوك و ململانێـــی زلهێزەکـــان لـــە نێـــوان ســـالآنی ١٨٩٠-١٩٢٧ )، بەسەرپەرشـــتی ( پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل عەلی موراد )، پێشکەش بە بەشی مێـژووی کۆلێـژی زانســـتە مرۆڤایەتییـــەکانی زانکـــۆی ســـلێمانی کـــراوەو لـــە ( ٢٠١٠/١١/٢ )دا گفتوگۆی لەسەر کرا و بە پلەی ( زۆر باش ) پەسەند کرا.**

# پێشکەشە

- بەڕۆحی پاکی دایکم..
- بــه هــەردوو جگــەرگۆشــەکەم ( شــا ) و( شاهۆ)..

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ڕێزی تایبەتیم بۆ مامۆستاو سەرپەرشتیارم، بەڕێز پروفیسۆر (د.خەلیل عەلی موراد)، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم ماستەرنامەیەی گرتە ئەستۆو بە سەرنج و تێبینی و بۆچوونە زانستیەکانی سوودی گەورەی بەخشی بەم توێژینەوەیە.
- سوپاس و ڕێزی بێ پایانەم بۆ مامۆستایانی قۆناغی خوێندنی ماستەر بەڕێزان ( پ.ی.د.کەمال عەلی،پ.ی.د.دلێر ئەحمەد حەمەد، پ.ی.د.دلێر حەققی شاوەیس، پ.ی.د. سەروەر عبدالرحمن) و سەرۆکی بەشی مێژوو د.سەلاح کانەبی.
- سوپاسی مامۆستای بەڕێز (سمکۆ بەهرۆز،ئەژی) دەکەم بۆ هەموو هاوکاریەکانی، بەتایبەتی لە پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ هەموو بەشەکانی توێژنەوەکەم، لەگەڵ پێدانی چەندین سەرچاوەی کتێب وگۆڤار.
- سوپاس و ڕێزم بۆ خاتوو(ئالاٚ نوری تاڵبانی) بۆ هەموو هاوکارییەکانی، جێگای شایستەیە.
- سوپاس و ڕێزی بێ پایانەم بۆ کاك (نەزار ئەنوەر دەرویش) بۆ هەموو هاوکارییەکانی.
- سوپاسی برای خۆشەویستم(ئەندازیار ئاکۆ کەرکوکی) دەکەم بۆ هەموو یارمەتییەکانی لە بواری دابینکردنی سەرچاوەی تایبەت بە زمانی ئەڵمانی و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی،کە سوودی بەخشی بە توێژنەوەکەمان.
- بێ گومان کارمەندانی کتێبخانەکان ودەزگاکان لە سوپاس زیاتر شایستەن.چونکە بەردەوام خزمەت بە توێژەران وخوێنەران دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ ماندوبوونێك بزانن، بۆیە ئەرکە لەسەر شانمان سوپاس وڕێزی تایبەتیان بکەین، لەو کتێبخانانە: (کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، کتێبخانەی گشتیی کەرکوك، کتێبخانەی ئازادی لە کۆمیتەی پارێزگای کەرکوك، کتێبخانەی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەرکوك، کتێبخانەی سەرۆکاییەتی زانکۆی کەرکوك، کتێبخانەی گشتی هەولێر، کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین، کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی موسڵ.لەگەڵ ڕێزو سوپاس بۆ دەزگای(مرکز دار الکتب والوثائق العراقیة) بۆ یارمەتیمان لە دەستکەوتنی چەند بەڵگەیەك،بە تایبەتی خاتوو(سوهام) کە کچێکی کوردی دڵسۆزە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان بۆ(بیت الحکمة)/بەغدا بۆ یارمەتیەکانیان بەتایبەتی مامۆستا(حەیدەر)، کە هەموو کار ئاسانی بۆکردووین بۆ دەستکەوتنی چەندین بەڵگەنامە.

- سوپاسی هاوڕێیانی بەڕێزم بۆ هەموو یارمەتیەکانیان(گۆران ابراهیم، هاوار کمال، د.ئازاد عوبێد سالح، فەرهاد عبدالعەزیز، خالید مەحمود، عارف رشدی، الیاس ئەحمەد،...)،لە کۆتایی دا سوپاسی هەموو کەسێك دەکەم ئەگەر خزمەتی بەم توێژنەوەیە کردبێت و ناویم لە یاد چووبێت.

هەولێری کتێب

# ليستى هێماو ناوە كورتكراوەكان

| | |
|---|---|
| لاپەڕە= | ل. |
| بەرگ= | ب. |
| چاپ= | چ. |
| زاییني= | ز. |
| پێش زاییني= | پ.ز. |
| كۆچي= | ك. |
| ژمارە= | ژ. |
| وەرگێڕ= | ور. |
| ترجمه= | ت. |
| صحيفه= | ص |
| طبع= | ط. |
| جزء= | ج. |
| دون تاريخ طبع= | د. ت. |
| دون مكان الطبع= | د. م. |
| د.ك.و= | دار الكتب والوثائق/بغداد. |

| | |
|---|---|
| P= | Page. |
| R.O.I = | Records of Iraq. |
| TPC = | Turkish Petroleum Company |

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١٢ |
| **دەروازە**. | ٢٩ |
| **بەشی یەکەم**// ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ تاکو کودەتای ( ١٩٠٨ ): | ٦٦ |
| **باسی یەکەم**: نەوتی کەرکوك لە چوارچێوەی پەیوەندی وگرێیەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی وئەڵماندا لە( ١٨٩٠-١٩٠٠ ): | ٦٧ |
| سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و نەوتی کەرکوك. | ٧٣ |
| ڕۆڵی کالوست گوڵبەنکیان و نەوتی کەرکوك. | ٧٧ |
| **باسی دووەم**: نەوتی کەرکوك لە نێوان ئیمتیازی ( دارسی )و هێڵی ئاسنی( بەرلین-بەغدا )دا( ١٩٠١-١٩٠٨ ) | ٩٠ |
| ئیمتیازی دارسی( ١٩٠١ ). | ٩٣ |
| ئیمتیازی هێڵی ئاسنی بەرلین-بەغدا ( ١٩٠٣ ). | ١٠١ |
| **بەشی دووەم**//ململانێی زلهێزەکان لە کۆنترۆڵکردنی نەوتی کەرکوك دا ( ١٩٠٨-١٩١٨ ): | ١٢٠ |
| **باسی یەکەم**: ململانێی کۆمپانیای زلهێزەکان بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی کەرکوك( ١٩٠٨-١٩١٤ ): | ١٢١ |
| پرۆژەی چێستەر-Chester. | ١٢٣ |
| دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی تورکی( Turkish Petroleum Co. )و هەوڵەکانی بەریتانیا. | ١٣٢ |
| ڕێککەوتنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ئاداری ١٩١٤. | ١٤٧ |

| | |
|---|---|
| **باسی دووەم**: نەوتی کەرکوك لە سالآنی جەنگی یەکەمی جیهاندا( ١٩١٤- ١٩١٨ ): | ١٥٤ |
| **بەشی سێیەم**// گۆڕانکارییە سیاسییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان و کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر دۆزی کورد ( ١٩١٨-١٩٢٣ ): | ١٧٦ |
| **باسی یەکەم**: ململانێکانی بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ و هاتنەناوەوەی ئەمریکا بۆ ململانێیەکە : | ١٧٧ |
| ڕێککەوتنی لۆنگ-بیرا نجیە( ٨ نیسانی ١٩١٩ ). | ١٨٧ |
| ڕێککەوتننامەی سان-ریمۆ بۆ دابەشکردنی نەوتی جیهان و باشووری کوردستان بە تایبەتی ( ٢٥نیسانی١٩٢٠ ). | ١٩١ |
| هەڵوێستی ئەمەریکا لەبەرامبەر هەردوو ڕێککەوتنی ( لۆنگ-بیرا نجیە ) و ( سان-ریمۆ ). | ١٩٨ |
| **باسی دووەم**: کاریگەری ململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی کەرکوك لەسەر هەردوو ڕێککەوتننامەی ( سێڤر )و( لۆزان ): | ٢١٠ |
| ڕێککەوتننامەی سێڤر و پرسی نەوتی ویلایەتی موسڵ. | ٢١١ |
| دامەزراندنی حکومەتی عێراق و ڕاگەیاندنی خاوەندارییەتی نەوتی ویلایەتی موسڵ. | ٢١٩ |
| نزیکبوونەوەی بەریتانیا لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. | ٢٢٦ |
| کۆنگرەی لۆزان( ١٩٢٢/١١/٢٠-١٩٢٣/٧/٢٤ ) و پرسی نەوتی ویلایەتی موسڵ. | ٢٣٨ |
| **بەشی چوارەم**// بەرژەوەندیی ململانێی زلهێزەکان لە پێناو لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی کەرکوك وپەرە پێدانی لە ( ١٩٢٤-١٩٢٧ )دا : | ٢٥٩ |
| **باسی یەکەم**: ئیمتیازی نەوتی کەرکوك لە بازنەی کێشەی ویلایەتی موسڵ و وتوێژەکانی حکومەتی عێراقیدا( ١٩٢٤-١٩٢٦ ): | ٢٦٠ |

| | |
|---|---|
| وتوێژەکانی نێوان( TPC ) و حکومەتی عێراق لە پێناو ئیمتیازی نەوت. | ٢٦٢ |
| کاریگەری پرسی نەوت لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵدا. | ٢٩٤ |
| باسی دووەم: کۆمپانیای نەوتی تورکی و پرۆسەی دۆزینەوە و هەڵێنجانی نەوت لە کەرکوك( ١٩٢٧ ): | ٣١٤ |
| ١- چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان وڕێکخستنەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی. | ٣١٥ |
| ٢- پرۆسەی پشکنین وگەڕان لە لایەن کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ناوچەوکانی ئیمتیاز. | ٣٢٣ |
| ٣- پرۆسەی هەڵکەندنی بیرەکان. | ٣٢٥ |
| ٤- هەڵێنجانی نەوت لە باباگوڕگوڕ. | ٣٣٦ |
| ئە نجام. | ٣٤٣ |
| لستی سەرچاوەکان. | ٣٥٤ |
| پاشکۆکان. | ٣٧٧ |
| پوختەیەك بەزمانی عەرەبی. | ٤٠١ |
| پۆختەیەك بە زمانی ئینگلیزی( Abstract ). | ٤٠٨ |



هەوالنامەی کتێب

# پێشەکی

سەرگوزشـــتەی ململانێـــی زلهێزەکـــان بـــۆ کـــۆنترۆڵکردنی نـــەوتی کـەرکوك(١٨٩٠-١٩٢٧)، لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نوزدەهـەم تـاکو چارەگەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەم، ماوەیـەکی مێـژوویی گرنگـە لـە جیهـان بەگشـتی و رۆژهـەلاّت و کوردسـتان بەتایبـەتی، ئـەویش لەبـەر ئـەو گۆڕانکارییـە سیاسـی وسـتراتیژییانەی لـە رۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـت وکوردسـتاندا روویانـدا، تەنانـەت گرنگی ئەم ماوەیە لە بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی وکاریگـەریی لەسـەر جیهـان وڕووخـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لێدەکەوێتـەوە. هـەمان کـات کۆتایـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم لـە مێـژووی پەرەسـەندنی ئـابووری وسیاسـی نێودەوڵەتیدا بە دەستپێکی قۆناغێکی نوێی ئیمپریالستی دادەنرێت و قۆنـاغی نـوێی هەڵکشـانی زلهێزەکانـە بـۆ ناوچـەکانی رۆژهـەلاّت و ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی.

بێگومـان کـەرکوك لەگـەڵ شـارەکانی تـری کوردسـتان وەك بەشـێکی نێـو نەخشـەی سیاسـی وکـارگێری ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لەگـەڵ ڕووخـان و دارمانیـدا، ئـەم خاکـەش ببـوو بـە پارووێـەکی چـەوری تـری تـەماحکارو چاوتێبڕێنی ئەو زلهێزانەی ناو ململانێی گۆڕەپانی ئەو سەردەمە، کە لە هەوڵی بەردەوامی دەستبەسەراگرتنی ناوچە ستراتیژ وئابوورییە گرنگەکان دابوون، هاتنە دەرەوەی نەوتی خاو لە باشووری کوردستان و بەتایبەتی لە کەرکوك کە مێژوویێکی کۆنی هەیە، سەرنجی زۆر لـە گەڕیدە ئەوروپایی وناوچەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. ئەم سامانە گرنگە لە یاداشتەکانیان، تۆمارکراو بە جیهان و دەوڵەتە زلهێزەکانیان،ناسێنرا.

بایـەخ و ڕۆڵ وبـەکارهێنانی نـەوت، بـە شـێوەیەکی بازرگـانی وئـابووری لـە نێوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەی سەند و بۆ جیهان بە دەرکەوت، ئەم کەرەستەیە چ توانایەکی هەیە بۆ گەشەسەندنی ئابووری. بۆیە بەدەستخستن و چـۆنییەتی بەدەسـتهێنانی، تـا ئـەمڕۆش بووەتـە هۆیـەکی سـەرەکی ململانێـی

سیاسی و سەربازی لە نێوان دەوڵەتانی جیهاندا، ڕووداوەکانی مێژووی نوێی هاوچەرخ، ئەوە دەردەخەن،کە نەوت پاڵنەری نوێی هێزی کۆلۆنیالستی جیهانی بووە بۆ دەستبەسەراگرتنی مەیدانەکانی نەوت، هەروەها هۆکاریکی سەرەکی بەرپابوونی چەندین جەنگ بووە و بڕیاردەری چارەنووس وگۆڕینی چەندین گەلان وفەرمانڕەوایەتی بووە لە نەخشەی جیهاندا. ئەمە جگە لەوەی هۆکاری نەوت ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانیدا و کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییە زلهێزەکاندا هەبوو لە دوای جەنگدا. تەنانەت هۆکاری نەوت ڕۆڵی لە زۆربەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە، لەوانە:(ڕێککەوتنی لونگ-بیرانجیە١٩١٩،ڕێککەوتنی سان-ریمۆ١٩٢٠، پەیمانی سیڤر١٩٢٠، کۆنگرەی لۆزان١٩٢٣... )، هەروەها هۆکاری یەکلاکەرەوە بووە لە کێشەی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی بە دەوڵەتی عێراقی نوێوە.

تۆێژینەوەی (نەوتی کەرکوک و ململانێ زلهێزەکان) باس لە مێژووی شاری کەرکوک ناکات لە ماوەی دیاریکراودا، بەڵکو تۆێژنەوەیەکە لە گرنگی هۆکاری نەوتی کەرکوک و باشووری کوردستان لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە وکاریگەرییان لەسەر بارودۆخەکە نیشاندەدا، هەروەها ململانێی زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە، تەنها بۆ دەستبەسەراگرتنی نەوتەکەیدا .

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** ململانێی زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتی کەرکوک ڕێچکەیەکی مێژوویی هەیە، لە ناکۆکی وململانێی نێوان تورک،ئەڵمان، فەرەنسا،ئینگلیز،هۆڵەنداو ئەمریکییەکاندا، ئەم ململانێیە نزیکەی ٣٧ ساڵی خایەند، تا گەیشتەنە ڕێککەوتنێك بۆ وەبەرهێنانی ئەم کێڵگە نەوتیانە بە هاوبەشی، بۆیە بە گرنگمان زانی تۆێژنەوەیەکی مێژووی زانستی لەسەر ئەم بابەتە بنووسین، چونکە تاکو ئێستا تۆێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ئابووری لەم ماوەیەدا لەسەر ڕۆڵ وبایەخی نەوتی کوردستان لەسەر ڕووداوە سیاسیەکاندا نەنووسراوە، بەتایبەتی ڕووداوەکانی دوای جەنگی یەکەمی

جیهانی،کـە دابەشـکردنی کوردسـتانی بەسـەر چـوار دەوڵـەتی هەرێمیـدا، لێکەوتـەوە، ئـەم قۆناغـە لـە مێـژووی کـورددا جێگـای پرسـیار و لێکۆڵێنـەوەی مێژوونوسـان و توێژەرانـە، بـۆ گـەڕان بـەدوای هۆکارەکـانی درووسـتنەبوونی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی مافەکانی جێگیربـوو لـە پـەیمانی سێڤر و لەلایـەن زلهێزەکانـەوە بـەڵێنی جێبـەجێکردنی درا. هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەت بۆ خستنە ڕووی فاکتەری(نـەوت) وەك هۆکـارێکی سـەرەکی لـەپاڵ هۆکارەکـانی تـری دروسـتنەبوونی دەوڵـەتێکی کوردی لە کوردستان، یاخود بەلانی کەمەوە لە باشووری کوردستاندا.

راستییەکەی ساڵی(١٨٩٠) بـۆ دەسـتپێکی ئـەو ململانێـی یـە دیاریکراوە، چـونکە لـەو سـاڵەدا سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم فـەرمانێکی شـاهانە دەردەکات،کە هەموو زەوییە نەوتییەکانی باشووری کوردستان دەگوازێتـەوە بۆ (خەزینـەی تایبـەتی شـاهانەی سـوڵتان)، وەك مـوڵکێکی تایبـەتی خـۆی. لـە ساڵی(١٩٢٧)دا گەیشتنە ئەنجامێك کاتێك کۆمپانیای نـەوتی تورکی،کە پشکی سـەرجەم ولاتـە زلهێزەکـانی تێـدابوو، دوای ئـەو لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە ئیمتیـازی نـەوتی ویلایـەتی موسـڵی پـێ بەخشـرا، کۆمپانیـا دەسـتی کـرد بـە پرۆسەی هەڵکەندنی بیری نەوت لە ویلایەتی موسڵ، تەنها لە بیری ژمارە(١) لە باباگوڕگور نەوت بەشێوەیەکی بازرگانی وئابووری دۆزرایەوە.

دەشـێ لـە خوێندنـەوەی ئـەم توێژینەوەیـەدا، پرسـیارێك لای خوێنـەر سەرهەڵبدات، کە لە ناو ئەو بەڵگە و ڕاپۆرت و یادداشت و سەرچاوانەی، کە ئـەم توێژنەوەیـە پشـتی پێـی بەسـتووە، ڕاسـتەوخۆ ئامـاژە بـە نـەوتی کـەرکوك یاخوود باشووری کوردستان نەکراوە ، بەڵکو ئاماژە بە نەوتی(ویلایەتی موسڵ وبەغدا)و(نەوتی میزۆپۆتامیا) یان(نەوتی عێراق) کراوە. بەلاّم ئێمە بە درێـژایی لاپـەرەکانی تۆێژینەوەکـە هـەوڵمان داوە بـۆ خسـتنەڕووی چـەند بەڵگەیـەك، کـە ململانێیەکە تەنها لەسەر نەوتی باشووری کوردستان بووە، بەتایبەتیش نـەوتی کـەرکوك. لـە ئـەنجامی ئـەم ململانێیـەدا لـە کـاتی دەسـتپێکردنی پرۆسـەی هەڵکەندنی بیری نەوتدا، تەنها لە ولایەتی موسڵ ئەنجامدرا، ئەمە جگە لـەوەی

تەنها لە بیرەکانی کەرکوك نەوت دۆزرایەوە بە شێوەیەکی بازرگانی وەك ئەوەی لە باباگوڕگوڕ ئەنجام درا. هەروەها چەندین بەڵگە و ئامار لەبەردەستدایە لە دوای ماوەی تۆێژنەوەکەمان، کە بەڕاشکاوانە ئەم بووچوونەی ئێمە ڕوون دەکاتەوە، کە لەساڵی١٩٢٧ تەنها نەوت لە کەرکوك دۆزراوەتەوە ، ولە ساڵی ١٩٣٤ تۆڕێکی بۆری دامەزرێنرا بۆ گواستنەوەی نەوتی کەرکوك بۆ سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و لە هەمان ساڵدا نەوتی کەرکوك هەناردەی جیهان کرا، تاکو ساڵی ١٩٥١ تەنها لە کێڵگەکانی کەرکوك نەوت بەرهەم دەهێنراو داهاتی دارایی بۆ دەوڵەتی عێراق دابین دەکرد، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەمی نەوتی خانەقین، ئەمە جگە لەوەی تاکو هەمان ساڵ نەوت لە بەشەکانی تری عێراق بەرهەم نەهێنرابوو، نەوتی موسڵ لە ساڵی ١٩٥١ بەرهەم هێنرا، ونەوت لە ناوچەی زوبیری شاری بەسرا لە ١٩٥١ دۆزرایەوە و نەوتی رومێلە لە ساڵی ١٩٥٣ دۆزرایەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین تەنها نەوتی کەرکوك و بڕێکی کەمی نەوتی خانەقین داهاتی دارایی بۆ دەوڵەتی عێراق دابین دەکرد، بۆیە هەر دەستەواژەیەك لەم تویێژینەوەیەدا کە هاتووە دەربارەی نەوتی(ویلایەتی موسڵ وبەغدا)،(میزۆپۆتامیا)یاخود(عێراق) مەبەست لێی تەنها نەوتی کەرکوکە.

**ئامانجی توێژینەوە:** لەڕاستیدا زۆرجار کورد بەوە تۆمەتبار دەکرێت، کە چاوی تەماحی بڕیوەتە نەوتی ئەم شارە، بۆیە پێ داگری دەکات لە کوردستانییەتی کەرکوك. من لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمەوێ بەخستنە ڕووی بەڵگە مێژووییەکان پێچەوانەی ئەوە بسەلمێنم، کە ئەوەی چاوی بڕیووەتە نەوتی ئەم شارە تورك وعەرەب و وڵاتانی زلهێزی وەك (ئینگلیز، فەرەنسا، ئەمریکا، هۆڵەندییەکان و تارادەیەك ئەڵمانەکانیش)، ئەمانە هەریەکە بەجیا مێژوویێکی تەماحکاری و چیرۆکێکی پڕ لە ناکۆکیان لە پێناو گەیشتنە نەوتی ئەم شارەدا هەبووە. لەم پێناوەدا چەندین کۆمپانیای نەوتی خاوەن سەرمایەی گەورە بۆ ئەم مەبەستە دامەزراون، جگە لەوەی ڕێگە و شێوازی تریان گرتۆتە بەر. ئەمە لە کاتێکدا بووە، کە کورد ئەوەی جێی سەرنج نەبووە لای..نەوت بووە، بەڵکو خەمی خاك..هاندەری خەباتی بۆ لەسەر ئەم شارەدا.

ئەوەش زیاتر بۆ من وەك كوردێك جێی سەرنجە لەم باسەدا كە نووسەرە عەرەبەكان، هەرچی ململانێی زلهێزەكانە بۆ كۆنترۆڵكردنی نەوتی كەركوك بۆ بەرژەوەندی دۆخی سیاسی عەرەبی بەكاریان هێناوە، وەك چاوتێبڕینێكی رۆژئاوایی بۆ نەوتی عەرەبی وێنایان كردووەو وەك هێرشێكی كۆلۆنیالستی بۆ سەر خاكی عەرەبی نیشانیان داوە، ئەمە لە كاتێكدا كە دەوڵەتی عێراقی وەك پێكهاتەیەكی سیاسی هێشتا دروست نەبوو بوو، بۆیە پێمان وایە ڕوونكردنەوەی ئەم خاڵە وچەندین خاڵی تر بەپێی ئەو بەڵگەو ڕووداوانەی لەو سەردەمەدا ڕوویانداوە، سەلماندنی پێچەوانەكەی بۆ لایەنی ئەكادیمی وزانستی زانكۆكان بایەخدارە، لە كاتێكدا دەبینین لە ئەمرۆدا بوونی ئەو زانیارییانە خزمەتێكی زۆر بە دۆخی سیاسی ئەمڕۆی كورد دەكات.

**ڕێبازی توێژینەوە:** جگە لەوەی سوودێكی زۆرمان لە چەندین ڕێبازی جیاواز وەرگرتووە بۆ گەیشتن بەڕاستییە مێژوویەكان و ئەنجامدان وشیكردنەوەی بابەتەكە، بەلام زۆر سوودمان لە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی مێژوویی وەرگرتووە لەسەر بنەمای شیكردنەوە و تەتەڵەكردنیان، ئەمش لەڕێگای خستنەڕووی بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەكانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەكەمان، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە زانستە سیاسی وئابوورییەكاندا .

**پێكهاتەی توێژنەوەكە:** ئەم توێژنەوەی لەبەردەست دایە پێكهاتووە لە دەروازەیەك وچوار بەش بەم شێوەیەی خوارەوە هاتوو:

**دەروازە:** لە ناوەڕۆكەكەیدا بایەخ وكاریگەریی نەوت لەسەر ژیانی مرۆڤ خراونەتە ڕوو، لەگەڵ پێناسەكردنی نەوت وچۆنییەتی دروستبوونی وتایبەتمەندییەكانی،هەروەها گەڕانەوە بۆ مێژووی كۆن بۆ گەیشتن بۆ زانیاری دەربارەی پێگەو ڕۆڵی نەوت لە شارستانییەتە كۆنەكاندا وچۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم كەرەستەیە، كە لە زۆر جێگەدا بە شێوەیەكی سروشتی هاتووەتە سەر زەوی، جگە لەوەش ئاشنابوونی دانیشتوانی كوردستان ودەوروپشتی بەم كەرەستەیە و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لێی بە تایبەتی نەوتی كەركوك، كە زۆر جار وەك سەرچاوەیەكی ڕووناككردنەوە وگەرمكردنەوە

وهەنـدێك جـاریش بـۆ پێداویسـتییەكانی بیناسـازی بـەكارهاتووە، ڕاپـۆرت ونووسینەكانی گەڕیدە ئەوروپاییەكان لە سەدەی هەژدەهەم تاكو كۆتاییەكانی سـەدەی نۆزدەهـەم دەربـارەی بـوونی نـەوت لـە كـەركوك وكوردسـتان بەگشـتی خراونەتە ڕوو. جگە لە باسكردنی سەرەتای سـەرهەڵدانی پیشەسازی نـەوت لـە ئەمریكا و ڕوسیا بۆ یەكەم جار وكاریگەریی دۆزینەوەی ئەم كەرەستەیە لەسەر ئابووری جیهان و بارە سیاسییەكەیدا....

**بەشـی یەكـەم:** ئـەم بەشـە بـاس لـە ململانێـی نێودەوڵـەتی دەكـات، لەسـەر نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ لـە نێـوان سـاڵانی ١٨٩٠-١٩٠٨، بەسـەر دوو باسـدا دابەشكراوە:

باسـی یەكـەم: بـاس لـە گرنگـی نـەوتی كـەركوك دەكـات لـە چوارچـێوەی پەیوەنـدی و گرێبەسـتەكانی نێـوان ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی و ئـەڵمانیادا. لە مـاوەی دەسـاڵی كۆتـایی سـەدەی نۆزدەهەمـدا، ئـەم باسـە زیـاتر بایـەخی بـە سیاسـەتی ئـەڵمانیا داوە وهەڵكشـانی بـەڕووی ڕۆژهـەڵات وئیمپڕاتۆرییـەتی عوسمانی. بایەخێكی تری ئەم باسە لە خستنەڕووی فەرمانی شاهانەی سوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم بـۆ گواسـتنەوەی زەوییـە نەوتییـەكانی باشـووری كوردستان بۆ سەر گەنجینەی تایبەتی خۆیی لە ١٨٩٠، دوای ئـەوەی زانیاری تـەواوی دەسـتدەكەوێت لەسـەر بـوونی بڕێكـی زۆر نـەوت لـە ویلایـەتی موسـڵ ودەوروپشـتیدا. هـەروەها ئـەم باسـە بایـەخ دەدات بـە ژیـانی كەسـایەتی بـەناوبانگی بـواری نـەوت(كالوسـت سـەركیس گۆڵبـەنكیان)، كـە بەدرێـژایی توێژنەوەكـەمان ڕۆڵێكـی گرنگـی دەبێـت بـۆ ڕاكێشـانی زلهێزەكـان بـۆ دەستبەسەراگرتنی نەوتی كەركوك لە كۆتاییشدا پشكی٥٪ نەوتی كەركوكی بۆ دابین دەكرێت. هـەروەها لـەم باسـەدا ئـەو ڕاپـۆرت و زانیارییانـەی پسـپۆڕانی بـواری نـەوت وجیۆلۆجییـەكان ئامـادەی دەكـەن لەسـەر زەوییـە نەوتییـەكانی باشووری كوردستان، بە تایبەتی توێژنەوەی كاپتن ماونسڵ باسكراون.

باسـی دووەم: لـەم باسـەدا زیـاتر هـەوڵی دەرخسـتنی پەیوەنـدیی نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ بـەو ئیمتیـازە نەوتیـەی كـە لـە سـاڵی١٩٠١ لـە ئێرانـدا بـە

سەرمایەداری بەریتانی ولیم دارسی بەخشرابوو، هەروەها هەوڵ و سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا لە ڕێگای ئەم ئیمتیازەوە،بۆ گەیشتن ودەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.خاڵێکی گرنگی تری ئەم باسە لەوەدایە هەوڵ وسیاسەتی ئەڵمانیا بخاتەڕوو بۆ گەیشتن ودەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی ولایەتی موسڵ لە ڕێگای پرۆژەی گرنگی هێڵی ئاسنی (هێڵی ئاسنی بەرلین-بەغدا)، تا لە ناوچەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دابمەزرێت و بە خاکی کوردستانیشدا تێدەپەری تاکو کەنداوی فارس، کە مافی کارکردنی درابوو بە دەزگایەکی دارایی ئەڵمانیا (دۆیچە بانگ) لە١٩٠٣. گرنگی ئەو پرۆژەیە لەوەدابوو، لەپاڵ دامەزراندنی هێڵی ئاسن، مافی دەرهێنانی کانزاکان لەو ناوچانەی کە هێڵەکە پێدا دەڕۆیشت، بە درێژایی ٢٠کم، بە هەردوو لای هێڵەکەدا پێ بەخشرابوو. بۆیە ئەم پرۆژەیە بووە خاڵێکی ناکۆکی وململانێی زلهێزەکان، هەر بەرژەوەندیی نەوتیش بوو بۆ هۆی هاتنی سەرمایەداری ئەمریکی بۆ دەوڵەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی هاوشێوەی پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین-بەغدا.

**بەشی دووەم:** باس لە سەرگوزشتەی ململانێی زلهێزەکان دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨-١٩١٨ دا، کە بۆ دوو باس دابەشکراوە:

باسی یەکەم: باس لە ململانێی کۆمپانیا نەوتییەکانی زلهێزەکان دەکات لە پێناو بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوت لەخاکی ویلایەتی موسڵ، پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە. یەکەم هەوڵ لە لایەن سەرمایەداری ئەمریکی(کۆلبی چیستەر) خرایەڕوو بۆ دامەزراندنی هێڵێکی ئاسنی، کە بایەخی لەوە دابوو ڕاستەوخۆ بە شاری موسڵ وکەرکوك وسلێمانیدا تێدەپەری، هەروەها سیاسەتی ئەمریکا لەپشت ئەم پرۆژەیەدا بوو، لە بەرامبەر ئەم پرۆژەیەی ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا سەرکەوتوو بوون بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تایبەت (کۆمپانیای نەوتی تورکی)بۆ دەستەبەرکردنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ لەلای دەوڵەتی

هەولێرنامەی کتێب

عوسمـــانی، هـــەروەها ســـەرکەوتووبوون بـــۆ ڕاکێشـــانی بەرژەوەندییـــەکانی ئەڵمانیا(دۆیچە بانگ) بۆ بەشداریکردنی لەم کۆمپانیایەداو هەوڵەکان یەك بخەن بۆ هەمان ئامانج، تاکو لە ١٩ ئاداری ١٩١٤ گەیشتنە ڕێککەوتنێك بە ناوی ڕێککەوتنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، کە بەریتانیا توانیوویەتی پشکێکی زۆر بۆ خۆی مسۆگەر بکات، هەروەها کارەکان چڕکرانەوە لە ٢٨ حوزەیرانی ١٩١٤ بەڵێنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدایان وەرگرت لە سەدر ئەعزەمی عوسمانی.

باسی دووەم: ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ بایەخ ورۆڵی کەرەستەی نەوت لە جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی ونەوتی ویلایەتی موسڵ بەشێوەیەکی تایبەتی لە هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی. هەروەها باس لە هەوڵەکانی زلهێزەکان دەکات بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچە نەوتییەکان لە جیهاندا و بەتایبەتی زەوییە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ لە کاتی جەنگدا، لەگەڵ تایبەتمەندی هەوڵەکانی بەریتانیا لە بواری کۆکردنەوەی زانیاری جیۆلۆجی لەسەر زەوییە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ تاکو لە کۆتاییدا بڕیاری دەستبەسەراگرتنی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ دەدات، لەگەڵ خستنەڕووی چەندین زانیاری دەربارەی بوونی نەوت لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵدا.

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە باس لەو گۆڕانکارییە سیاسیانە دەکات، کە لە ناوچەکە وجیهاندا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویانداوە، هەروەها باس لە هەوڵی بەردەوامی هەوڵی زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵکردن ودابەشکردنی نەوتی ویلایەتی موسڵ دەکات وکاریگەریی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی زلهێزەکان لەسەر دۆزی کورددا لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٣ دەخاتەڕوو ، ئەم بەشەش بۆ دوو باس دابەشکراوە:

باسی یەکەم: باسی هەوڵ وململانێی هەردوو هێزی براوەی جەنگ (بەریتانیاو فەرەنسا)دەکات لە دەستبەسەراگرتن و دابەشکردنی نەوتی باشووری کوردستان لە ڕێگای هەردوو ڕێککەوتنی لونگ-برانجیە لەساڵی ١٩١٩و ڕێککەوتنی سان-ریمۆ لە ٢٥ نیسانی ١٩٢٠. لە ئەنجامدا ئەم دوو

زلهێزە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی فەرەنسا دەستهەڵگرێت لە ویلایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا، لەبەرانبەردا پشکی ٢٥٪ نەوتی ئەم ویلایەتەی مسۆگەر کرد لەلایەن بەریتانیاوە. هەروەها ئەم باسە هەوڵەکانی ئەمریکا لەم بارەیەوە دەخاتەڕوو، کە نارەزایی نیشان دەدات لەسەر ئەم دابەشکردنەی بەریتانیا وفەرەنسا بۆ دەستکەوتنی پشکێك لە نەوتی ویلایەتی موسڵ، بەڵام بەپێی سیاسەتی (دەرگای کراوە)دا.

باسی دووەم: ئەم باسە بەردەوامی سیاسەت و ململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی کەرکوك و کاریگەریی ئەم ململانێیە لەسەر هەردوو ڕێککەوتننامەی سێڤر و لۆزان دەخاتەڕوو. هەروەها ڕۆڵی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی زلهێزەکان ئاشکرا دەکات لە ناو ئەم دوو ڕێککەوتنەدا و کاریگەرییان لەسەر مافەکانی کورد، کە بە پێی پەیمانی سێڤر دانی پێدانرابوو. ئەمە جگە لەوەی سیاسەتی بەریتانیا وفەرەنسا وئەمریکا بەڕاشکاوانە دەخاتەڕوو لە جێبەجێ نەکردنی خاڵەکانی سێڤر و پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی نوێی تورکیا ودامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عەرەبی لە عێراقدا و هەوڵی لکاندنی باشووری کوردستان بەم دەوڵەتەوە، ڕۆڵی بەرژەوندییە نەوتییەکانی زلهێزەکان بەڕوونی لە کۆنگرەی لۆزاندا دەخاتەڕوو.

**بەشی چوارەم:** ئەم بەشەش باس لە بەرژەوەندی ململانێی زلهێزەکان دەکات لە پێناو لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، تەنها بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی کەرکوك و پەرەپێدانی لە پرۆسەیەکی ئابووریدا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤-١٩٢٧، ئەم بەشەش بۆ سەر دوو باس دابەشکراوە:

باسی یەکەم: هەوڵەکانی بەریتانیا و کۆمپانیای نەوتی تورکی دەخاتەڕوو بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە، بەپێی خواست و مەرجەکانی کۆمپانیاکە، کە لە ئەنجام دا لە ١٤ ئاداری ١٩٢٥ حکومەتی عێراق ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ بە کۆمپانیای نەوتی تورکی دەبەخشێت ، ئەمە جگە لەوەی زلهێزەکان ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق

ئەویش بە دەست وەردانەی ناو ئەو لیژنە سنوورییەی کۆمەڵەی گەلان دەست نیشانی کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە وباسکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ، هەروەها ڕۆڵی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی زلهێزەکان نیشان دەدات لە پشتگیری و لایەنگەری داواکارییەکانی دەوڵەتی عێراق لە ویلایەتی موسڵدا تەنها لە پێناو وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت دا، هەڵویستی دەوڵەتی تورکیا بۆ دەستهەڵگرتن لەسەر داواکردنی ویلایەتی موسڵ، ئەویش لە ڕێگای بەخشینی ڕێژەی ١٠٪ ئەو داهاتەی دەوڵەتی عێراق لە نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆی تەرخان کرابوو ، کە بڕی ٤ شلن بوو بۆ هەر تەنێکی نەوتی بەرهەم هێنراو.

باسی دووەم: باسی پرۆسەی دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت دەکات، لە کەرکوك ساڵی ١٩٢٧، لە لایەن کۆمپانیای نەوتی تورکییەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئیمتیازی نەوتی ئەم ناوچانەی پێی دەبەخشرێت، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ١٦کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ بڕیاری خۆی دەردەکات بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، لە ساڵی١٩٢٧ کۆمپانیای نەوتی تورکی دەست دەکات بە ڕێکخستنەوەی خۆی لە نێوان بەشداربووانی بە شێوەیەکی یەکسانی لە پشکەکانی (بەریتانیا، فەرەنسا، هۆڵەندا،ئەمریکاو کۆڵبەنگیان)، بڕیار دەدات بەدەست پێکردنی پرۆسەی هەڵکەندن وەبەرهێنانی نەوت لە بیرەکانی نەوتی ویلایەتی موسڵ بە تەنها، بەڵام لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا ولە ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ هەموو هەوڵی زلهێزەکان بە ئەنجام دەگات و نەوت بە شێوەیەکی بازرگانی وئابووری لە شاری کەرکوك لە بیری ژمارە(١) لە باباگوڕگور دەردەهێنرێت .

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** بۆ نووسینی ئەم توێژنەوەیە پشت بەچەند بەڵگەنامەیەکی بلاٌونەکراوە و بلاٌوکراوەدا بەستراوە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی جیاجیادا، کە بە زمانەکانی کوردی وعەرەبی و ئینگلیزی وئەڵمانی وتورکی نووسراون.

ئەو بەڵگەنامانەی بۆ یەکەم جار لەم توێژینەوەیەدا بلاٌودەکرێنەوە، چەند بەڵگەیەکی لە (دار الکتب والوثائق/بغداد) لە دۆسییەکانی(البلاط الملکي)

وەرگیراون ، کە چەند زانیارییەکی سوود بەخشی دەربارەی گفتوگۆگانی کۆمپانیای نەوتی تورکی و حکومەتی عێراقی لەسەر ئیمتیازی نەوت، لەگەڵ چەند نووسراوێك لە نێوان دیوانی پاشایەتی وئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی تر دەربارەی پرسی نەوتی تێدایە. هەروەها سوودمان لە دۆسییەی وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە،کە چەندین ڕاپۆرتی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوە وئەشغال وڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی خراونەتەڕوو، ئەوانیش دەربارەی پرۆسەی پشکنین وهەڵکەندنی بیرە نەوتییەکانن لە زەوییەکانی ویلایەتی موسڵ و باباگوڕگوڕ بە تایبەتی، ئەو یارمەتیانەی پێشکەش کراون، کە لەلایەن دەزگاکانی حکومەت لە کەرکوك بۆ کۆمپانیا لە کاتی دەرهێنانی نەوت لە ناوچەکەدا دراون، لەگەڵ پێدانی چەند زانیارییەك لەسەر کاریگەریی دەرهێنانی نەوت لەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا. بێگومان ئەم زانیارییانە بۆ یەکەم جار لە ڕێگای ئەم بەڵگەنامانەوە دەخرێنە ڕوو، هەروەها زۆر سوودمان لە چەند بەڵگەنامەیەك بە زمانی ئینگلیزی لە دۆسییەی (الاستثمارات النفطية في العراق وحصة بريطانيا)دا، تێیدا چەندین زانیاریمان بەدەست کەوتووە بۆ باسی دووەم لە بەشی چوارەم بەکارهاتوو، بەتایبەتی هەڵوێستی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا لە مەڕ سەرنەکەوتنی پرۆسەی وەبەرهێنان لەسەرەتاکانی ساڵی١٩٢٧دا.

دەربارەی بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانیش، کە زۆر بە سوود بوون ئەوەبوون، کە لە خانەی حیکمە(بيت الحكمة/بغداد) دەستمان کەوتن، کە هەموو بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی داگیرگەکان(وزارة المستعمرات) وفەرمانگەی ڕۆژهەڵات وفەرمانگەی نەوت لەوەزارەتی داگیرگەکانی بەریتانیا، لە دووتویی چەند بەرگێکدا لە نێوان ساڵانی١٩١٤-١٩٦٦، بە ناونیشانی (Records of Iraq,1914-1966) کۆکراونەتەوە، لە هەموو بەرگێکدا شوێنێکی تایبەت بۆ ئەو بەڵگانەی پەیوەندی بە پرسی نەوت هەیە بە ناونیشانی(Petroleum affairs) تەرخان کراوە ، کە چەندین بەڵگەی تێدابوو، بۆ یەکەم جار ئەم زانیاریانە دەخرێنە ڕوو دەربارەی نەوتی ویلایەتی

موسڵ. ئەو بەرگانەی سوودمان لێوەرگرتوون، بەرگی یەکەم(١٩١٤–١٩١٨)و لە گرنگترین ئەو بەڵگانەی لەم بەرگەدا هاتبوون ڕاپۆرتی پسپۆرانی جیۆلۆجی بەریتانیایە، کە لە ١٩١٨/٢/٢ بە ناوی(یادنامەی ڕاپۆرتی کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا وبەشی فارسی) ئامادەکرابوون، کە چەندین ناوچەی گرنگی نەوتی دەستنیشان کردبوو لە ویلایەتی موسڵدا. بەرگی دووەمی لە نێوان ساڵانی(١٩١٨–١٩٢١)دا، کە سوودمان لە بەشی ساڵانی١٩١٩–١٩٢١ وەرگرت، کە هەموو ئەو بەڵگانەی پەیوەندییان بە نامەگۆڕینەوەی نێوان وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبوو، دەربارەی پرسی نەوتی میزۆپۆتامیا، جگە لەوەی دەقی ڕێککەوتنی لونگ–بیرانجیە و ڕێککەوتنامەی سان–ریمۆ تێدا بوو، زۆر سوودمان لێی بینی. هەرچی بەرگی سێیەم(١٩٢١–١٩٢٣)یە، تەنها ڕاپۆرت وبەڵگەنامەکانی ساڵانی(١٩٢٣–١٩٢٤)ی تێدابوو، ئەم بەرگەش بۆ باسی دووەم لە بەشی سێیەم بە سوود بوو وبۆ گفتوگۆکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی وحکومەتی عێراق و هەڵوێستی هێنری دوبس دەربارەی پرسی نەوت وئیمتیازی بۆ باسی یەکەمی بەشی چوارەم سوودمان لێوەرگرت. بەڵام لە بەرگی چوارەم، کە تایبەت بوو بە ساڵی١٩٢٧، سوودێکی باشی بەخشی بە بەشی چوارەمی توێژینەوەکەمان بە تایبەتی دوو بەڵگەنامەی تێدابوو، یەکەمیان دەربارەی ڕێککەوتنی بەشداربووانی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ١٩٢٧/١٠/٣ لەسەر دابەشکردنی پشکەکانی کۆمپانیا بە یەکسانی، دووەمیان دەربارەی ڕاپۆرتی مانگی حوزەیرانی١٩٢٧ی کۆمپانیای نەوتی تورکی، لەسەر پرۆسەی هەڵکەندنی بیرە نەوتییەکانی ناوچەی موسڵ، کە دوو ڕاپۆرتی گرنگ بۆ یەکەم جار زانیارییەکانی بڵاودەکرێتەوە. هەروەها سەرچاوەی هیورتز (J.C.Hurrewitz) (Diplomacy in the Near and Middle East) بە هەردوو بەرگەکەی، کە سەرچاوەی ئەو بەڵگەنامەیەیە. ئەو بەڵگەنامانەی بەزمانی عەرەبی لەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون وێنەی ئەو گرێبەستەی لەنێوان حکومەتی عێراق وکۆمپانیای نەوتی تورکی لە ١٩٢٥/٣/١٤ بەسترا ، لە ساڵی١٩٢٦ ئەم

**ڕێککەوتنە لەچاپدراوە، گرنگی زۆری هەبوو بۆ گەڕانەوە بە بڕگەکانی ئەو ئیمتیازەی بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بەخشرابوو، هەروەها کتێبی قاسم ئەحمەد عەباس بەناوی(وثائق النفط في العراق)، تێیدا زۆربەی بەڵگەنامەی تایبەتی بە نەوت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەگەڵ زۆربەی زۆری بەڵگەنامە نەوتییەکانی حکومەتی عێراقی خستووتەڕوو، کە سوودێکی باشی بەخشیوە بە توێژینەوەکەمان .**

**بۆ نووسینی ئەم توێژنەوەیە پشت بە ژمارەیەکی زۆر لە کتێب بە زمانە جیاجیاکاندا بەستراوە ،ئەو کتێبانەی بە زمانی ئینگلیزی بەکارهێناوە، کە پەیوەندیداربوون بە بابەتی توێژینەوەکەمان، لە گرنگترین ئەو کتێبانە، کتێبی بنجامین شودران** B.Shwadran (The Middle East,Oil and the Great Powers)**، هیلمەت میتچر** H. Mejcher (Imperial Quest for oil Iraq 1910-1928)**، ویلیەم ئەنگلەند** W.Eangdahl (A century of war Anglo-American Oil Politics)**، ویلیەم ستیڤرس** W.Stivers (International politics and Iraq Oil,1918-1928)**، جون دینوڤو** J.A.Denovo (American Interests and Policies in the Middle East,1900-1939)**، هەروەها چەندین سەرچاوەی تر، کە پشتیان بە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا وئەمەریکا بەستووە بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبانە و سوودێکی ڕاستەوخۆی هەبوو بۆ بابەتی توێژینەوەکەمان، هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تری ئینگلیزی کە بەردەوام بەکارمان هێناوون، وەك ستیڤن هەمسلی لۆنگریك** S.H.Longrigg (Oil in the Middle East)**، کە ئەفسەرێکی سوپای بەریتانیابوو وبۆ ماوەیەك بەرپرسیارێتی شاری کەرکوك–ی وەرگرتبوو، لە نووسینی ئەم کتێبەیدا چەندین زانیاری زانستی وجیۆلۆجی وسیاسی و مێژووی وئابووریی خستۆتەڕوو، بە درێژایی بەشەکانی توێژنەوەکەمان سوودمان لێوەرگرتووە.**

**هەروەها نووسەر دانیاڵ یەرگین**(D.Yergin) **نووسەری کتێبی**(The Prize)**، کە کتێبێکی گرنگە لە بواری سیاسەتی نەوتی وبەشێکی تایبەتی لەم کتێبەی تەرخان کردووە بۆ ململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ، نووسەر**

خۆشی پسپۆڕێکی بواری نەوتە لە یەکێك لە زانکۆکانی کەنەدا. هەروەها توێژنەوەی کاپتن ماونسێل (F.R.Maunsell) لە گۆڤاری جیۆلۆجی لە ١٨٩٧کە دەربارەی(The Mesopotamian Petroleum Field) گرنگی ئەم توێژنەوەیە لەوەدایە، دەربارەی کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیایە لە لایەن ئەفسەرێکی بەریتانی ئەنجام دراوە بۆ یەکەم جار نەخشەی تایبەتی ئامادەکردووە بۆ زەوییە نەوتییەکانی باشووری کوردستان، کە سوودێکی زۆری بە توێژنەوەکەمان بەخشیوە. لەو سەرچاوە گرنگەی بەزمانی ئەڵمانی کە سوودی بە توێژنەوەکەمان بەخشیوە، سەرچاوەی نووسەری(Dietrich Eichholtz) بە ناوونیشانی( Die Bagdadbahn, Mesopotamien und die deutsche Ölpolitik 1918)، دەربارەی(هێڵی ئاسنی بەغدا،وڵاتی میزۆبۆتامیاو سیاسەتی نەوتی ئەڵمانیا تاکو ساڵی١٩١٨)، نووسەری ئەم کتێبە پرۆفیسۆرێکە تاکو ئێستا لە بانکی ئەڵمانی(دۆیچە بانگ)کاردەکات، ئەم کتێبە چەندین بەڵگەنامەی بەکارهێناوە بۆ یەکەم جار بڵاودەکرێتەوە، هەروەها سیاسەتی نەوتی ئەڵمانیا دەردەخات لەسەر ململانێی بۆ دەستبەسەراگرتنی پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین–بەغدا، هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ نەوتی ناوچەکەدا، بۆ بەشی یەکەم ودووەمی توێژنەوەکەمان سوودی لێ وەرگیراوە.

ئەو کتێبانەی بەزمانی عەرەبی نووسراون وپشتیان بە بەڵگەنامە بەستووە بۆ توێژنەوەکەمان بەسوود بوون، ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان، کە تایبەت بوو بە کێشەی موسڵ بە ناوی(تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة بحل النزاع التركي–البريطاني حول ولاية الموصل...)، زانیارییەکانی گرنگن بۆ کێشەی موسڵ. ڕاپۆرتی لیژنەی بازرگانی فیدراڵی ئەمریکی لەسەر قۆرخکردنی نەوتی نێودەوڵەتی، بەشی چوارەمی تەرخانکرابوو بۆ ڕۆڵی قۆرخکردنی نەوتی نێودەوڵەتی لە عێراق بەناوی(دور احتكار النفط الدولي في العراق(وهو الفصل الرابع من تقرير لجنة التجارة الاتحادية الاميركية عن احتكار النفط الدولي))، سوودی هەبوو بۆ سیاسەتی ئەمریکی لەسەر پرسی نەوتی ویلایەتی موسڵ ولە چەندین بەشی ئەم توێژنەوەیەدا بەکارهاتووە. هەروەها هەر سێ بەرگی

کتێبی(عبدالحمید العلوجي وخضیر عباس اللامي:الاصول التأریخیة للنفط العراقي)، چەندین زانیاری وبەڵگەنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و دیوانی پاشایەتی و رۆژنامەکانی ئەوکاتەی تیادایەو سوودی لیَ بینراوە. هەروەها سوودمان لەو سەرچاوە عەرەبیانەی وەرگرتووە ، کە ساڵی بلأوکردنەوەیان نزیك بووە لە ماوەی توێژینەوەکەمان و زانیاری بەنرخیان تێدابوو لەوانە(یوسف ابراهیم یزبك: النفط مستعبد الشعوب) و(عبدالفتاح ابراهیم:علی طریق الهند)و(میربصري:مباحث في الاقتصاد العراقي)، هەروەها سوودێکی زۆرمان لە سەرچاوەکانی(عبدالرزاق الحسني: تأریخ الوزارات)،هەروەها چەند سەرچاوەیەك کە بابەتەکانی تایبەت بوون بە سیاسەتی نەوتی زلهێزەکان لەناوچەکە وجیهاندا، لەوانە(اندره نوسشي: الصراعات البترولیة في الشرق الاوسط) و(هارفي اوکونور:الازمة العالمیة في البترول)و(راشد البراوي:حرب البترول في الشرق الاوسط). سەبارەت بە مێژووی کورد زۆر سوودمان لە کتێبەکانی م.س.لازاریف (المسألة الکوردیة ...)وکتێبەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر(کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر...، أضواء علی قضایا دولیة في الشرق الاوسط...)، کتێبەکانی حامد محمود عیسی(المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط...، القضیة الکردیة في العراق من الاحتلال الی الغزو الامریکي...)، کتێبی جرجیس فتح الله(یقظة الکرد) . سوودمان لەو سەرچاوانەش وەرگرتووە کە بە زمانی کوردی نووسراون، لەوانە کتێبی دکتۆر عەبدوڵلا غەفور(جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا...)، کتێبی کامەران ئەحمەد محەمەد(کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی وناوچەییدا...).

بۆ ئەم توێژنەوەیە چەند تێزێکی دکتۆرا وماستەر بەکارهێنراون، بەلأم لە گرنگترین ئەو نامەی دکتۆرانەی کراوون بە کتێب، تێزی دکتۆرای نوري عبدالحمید خلیل بە ناوی (التاریخ السیاسي لامتیازات النفط في العراق)، کە توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسەتی ئیمتیازی نەوتە لە عێراق، زۆربەی زۆری سەرچاوەکانی بەڵگەنامەکانی بەریتانیای تێدا بەکارهاتوو و سوودێکی زۆری بە توێژنەوەکەمان بەخشیوە، تەنانەت لە زۆربەی زۆری لاپەرەکانی ئەم

هەولێرنامەی کتێب

توێژنەوەیەدا بەکارهاتوو، لەبەر گرنگی بابەتەکانی. نامەی دکتۆرای فازل حوسێن بە ناوی(مشکلة الموصل)، کە توێژینەویەکە دەربارەی دبلۆماسیەتی عێراقی-بەریتانیای-تورکی، دەربارەی پرسی نەوت زانیاری تەواوی تێدایە کە سوودێکی باشمان بینی بۆ بابەتی نەوت وکێشەی موسڵ.

لەم لێکۆڵینەوەیە سوودمان لە چەندین توێژینەوە و وتار وەرگرتووە لە بڵاوکە خولییەکان وگۆڤار ورۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام گرنگترینیان گۆڤاری(اوراق موصلية)، توێژینەوەیەکی دکتۆر خەلیل عەلی موراد بە ناوی(التنافس الدولي على نفط ولاية الموصل قبل الحرب العالمية الاولى)، سوودێکی باشی هەبوو لە بەشی یەکەم ودووەمی توێژنەوەکەمان. گۆڤاری(الثقافة الكردية)، توێژنەوەیەکی پارێزەر جرجیس فتح الله بە ناوی(النفط قرر مصير كوردستان السياسي)، سوودی هەبوو بۆ بەشی سێیەم، چونکە پشتی بەچەند بەڵگەنامەیەکی بەریتانی بەستووە، گۆڤاری(اهل النفط)، کە سوودێکی زۆرمان لێوەرگرت بۆ هەموو ڕووداوەکان لە کاتی هەڵهێنجانی نەوت لە باباگوڕگوڕ. هەروەها گۆڤاری (النفط والتنمية)، چەندین بابەتی نەوت وبەڵگەنامەی تێدا وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی سوودێکی بەخشیوە بە توێژنەوەکەمان.

بێ گومان هیچ کارێك بێ گرفت وکۆسپ نابێت،ئەم توێژنەوەیەش لە کاتی نووسینی چەند گرفت وکۆسپێك هاتنە ڕێگای. ئەم توێژنەوەیە، لەبارەی سیاسەتی زلهێزەکان وململانێ لەسەر نەوتی کەرکوك پێویستی بە زانیاری وبەڵگەی تەواو هەبوو، لە ئەرشیفەکانی ولاتانی وەك ئەمریکا وبەریتانیا وتورکیا، بەڵام واپێدەچوو تاکو ئێستا ئەم ڕێگایە خۆش نەکراوە بۆ توێژەری ئەکادیمی تاکو سوود لەم ئەرشیفانە وەربگرێت. گرفتی دووەم بە بۆچوونی توێژەر, کە زانیاری وبەڵگەی تەواوی دەستدەکەوێت لە ئەرشیفەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور, کە بارەگای لە شاری کەرکوك بووە، یان وەزارەتی نەوتی عێراقی، بەڵام بە سەردانمان بۆ ئەم دەزگایانە داوای یارمەتی وڕێگا پێدان لێیان کرد، بەڵام وا دەرکەوت کە ئەوەی جێگای سەرەنج نەبوو لەلای ئەم

لایەنانە توێژنەوەیەکی ئەوها، چونکە ڕێگایان نەدا پێمان وەهیچ یارمەتیکیان نەداین بە بیانووی ئەوەی هەموو ئەرشیفەکان لە ڕووداوەکانی ساڵی١٩٩١ وساڵی ٢٠٠٣ بە تالان چووەنە. هەروەها توێژەر تووشی گرفتی نەبوونی کتێبخانە بوو لە شارەکەی خۆی (کەرکوك) تەنها کتیبخانەی گشتی کەرکوك هەیە، ئەوەیش لە ساڵی(٢٠٠٩)وە نۆژەن دەکرایەوە تا ئێستاش تەواو نەبووە، ئەمە جگە لەوەی توێژنەوەیە لە پرسی نەوت زۆربەی زۆری زانیارییەکان لە سەرچاوە بیانییەکان دەستدەکەوێت، بۆیە ناچار بووین بە وەرگێرانی ئەم سەرچاوانە، کە کاتێکی زۆری لێی بردین.

لە کۆتاییدا دەبێت زۆر بە ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین، کە ئەم توێژنەوەیە بێ کەم وکورتی نییە، یاخود هەموو گۆشەو کەلێنەکانی بابەتی پرسی نەوتی پڕنەکردۆتەوە، بەڵکو بە باوەڕەی ئێمە ئەم توێژنەوەیە دەسپێکێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی نەوت، چونکە ئەم بابەتە چەندین توێژینەوەی تر لە خۆدەگرێت ئەگەر بەوردی لە ڕووداوەکانی بکۆڵێنەوە، بەلاّم هیوادارم توانیبێتم بە هۆی ئەم توێژینەوەیە ئەرکێکی زانستی بە سوودم پێشکەش کردبێت.

# دەروازە

ئەمڕۆ نەوت بایەخێکی گەورە و سوودێکی ماددی بەرزو بێ سنووری هەیە، لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا. نەوت بەشێوەیەکی تایبەت کەرەستەیەکی ستراتیژی سەرەکییە و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئابووری لە جیهاندا، لە کاتی ئاشتی و جەنگدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بایەخی ئەم کەرەستەیە بەرزدەبێتەوە، بە هۆی زۆری وفرەیی بەکارهێنانی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.[1] گرنگترین تایبەتمەندییەکانی نەوت لەو ڕاستیانە سەرچاوەیان گرتووە،کە سەرچاوەیەکی سەرەکی وزەیەو بە پلەی یەکەم دێت لە ناو سەرچاوەکانی تردا. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فرەبەکارهێنانی ئەم کەرەستەیە لە بواری گەرمکردنەوە و گواستنەوەدا، وێڕای ئەوەش کەرەستەیەکی ماددی خاوە لە چەندین پیشەسازی کیمیایی و پترۆکیمیایی بە کاردێت. هەرزانترین سەرچاوەی وزەیە.[2] نەوت تاکو ئەمڕۆ هۆیەکی سەرەکی ململانێی سیاسی و سەربازی بووە لە نێوان دەوڵەتانی جیهاندا. ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخ ئەوە دەردەخەن، کە کەرەستەی نەوت هۆکاری سەرەکی بەرپابوونی چەندین جەنگ بووەو بڕیاردەری چارەنووسی گەل وچەندین فەرمانڕەوایەتی لە نەخشەی جیهاندا گۆڕیوە[3]. بەهۆی بەکارهێنانی نەوت لە بواری گواستنەوەی دەریایی وئاسمانی و وشکانیدا،بایەخی ستراتیژیی وڕۆڵی

---

[1] بڕوانە:محمد ازهر سعيد السماك واخرون:جغرافية النفط والطاقة،بغداد،١٩٨١،ص٦٣.

[2] بڕوانە:ادوارد مورس واخرون:النفط والاستبداد(الاقتصادالسياسي للدولة الريعية)،بغداد،٢٠٠٧،ص٩;هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گرنگی نەوت لە بواری ئابووری پیشەسازیدا بڕوانە:شارل عيساوي ومحمد يغانه:اقتصاديات نفط الشرق الاوسط،ت/حسن احمد سلمان،بغداد،١٩٦٦،ص ص٣-٤.

[3] محمد ازهر سعيد السماك واخرون:المصدر السابق،ص٦٤;هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کاریگەریی کەرەستەی نەوت لە بەرپابوونی جەنگ لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا وکاریگەریی لەسەر چارەنووسی گەلاندا بڕوانە: يوسف ابراهيم يزبك: النفط مستعبد الشعوب ،بيروت،١٩٣٤،ص ص٧-١٩.

بەرز دەبینێ لە پەیوەندیی ئابووری وسیاسی نێودەوڵەتیدا[١].بەهۆی گرنگی نەوتەوە، سەدەی بیستەم بە سەدەی نەوت ناوبانگی دەرکرد[٢]. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەوت هۆکاری بەربەرەکانی و ململانێ بوو لە نێوان کۆمپانیاکان ومۆنوپوڵەکانی نەوتی جیهاندا، بە هۆی ئەو قازانج وسوودە زۆرەی لە بواری پیشەسازی نەوتدا دەست دەکەوت ولەبەر ئەوەی هیچ پیشەسازییەکی تر لە توانایدا نەبوو ڕکابەری بکات لە جیهاندا[٣]. نەوت لەلایەن دەوڵەتانی خاوەن پیشەسازی گەورە، گرنگی پەیدا کرد و بەردەوام لە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی مەیدانەکانی نەوت دا بوون، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە بێ نەوت بوون، وەك بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا. هەرچەندە یەکەم پیشەسازی نەوت بە ڕێژەی بازرگانی و ئابووری لە وڵاتانی ئەمریکا و ڕوسیا درووستبوون ، بەڵام ئەم وڵاتانەش دوور نەبوون لە بازنەی ململانێی، لە هەوڵی کارکردن بوون بۆ دەستکەوت وئیمتیازی نەوت لە شوێنەکانی تری جیهاندا، بۆیە گرنکی نەوت پاڵنەری نوێی هێزی کۆلۆنیالیستی جیهان بوو بۆ کونترۆڵکردنی ناوچە نەوتییەکان[٤].

زاراوەی پترۆڵ(petroleum)لاتینییە لە ساڵی ١٥٢٦ بەکارهاتووە[٥]، لە دوو برگە پێکهاتووە (Petra) بە مانای(بەرد) و(Oleume) بە مانای(ڕۆن یان

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حربي محمد: الاستراتيجية النفطية الغربية في الخليج العربي، ط١،بغداد،١٩٧٤،ص٧.

[٢] محمد احمد الدوري:مبادىء اقتصاد النفط،ليبيا،٢٠٠٣،ص٧.

[٣]حربي محمد:المصدر السابق،ص٧.

[٤]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: راشد البراوي:حرب البترول في الشرق الاوسط، ط٣،القاهرة، ١٩٥٠،ص١٧.

[٥]محمد ازهر سعيد السماك واخرون:المصدر السابق،ص٦٦. عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي:الاصول التاريخية للنفط العراقي،ج١،بغداد،١٩٧٣،ص١٧.

**چەوری)[١]. کەواتە وشەی پترۆلیۆم (petroleum) بە مانای (ڕۆنی بەرد) دێت. (petroleum) بە شێوەیەکی گشتی بە کاردێت بۆ هەموو کەرەستە هایدرۆکاربونییەکان، کە بە شێوەیەکی سروشتی پێك هاتوون، بەلاّم بەمانا بازرگانییەکەی بە بەشی شلەمەنی دەگوتریت(ڕۆن) یان(نەوتی خاو) و بە بەشی بەستوویی دەگوتریت قیر(Bitumen) یان زفت (Asphalt)[٢]. ئەوکاتەی نەوت بۆ یەکەمجار لەژێر زەوی دۆزرایەوە کە لەنێو شێوەی بەردێکی وەك ئیسفەنج وابوو، ئاوی هەڵمژیووە و پڕ بووە لە نەوت، ئەوا وشەی پترۆڵ بلاّوبووەوە [٣].**

**زاراوەی نافثا (Naphtha) ئەویش لە لایەن یۆنانی وگریکە کۆنەکاندا بەکارهاتووە [٤]. بەلاّم (طە باقر)مێژوونووس،کە پسپۆرە لە بواری مێژووی کۆنی عێراق دەڵێت:" سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەم زاراوەیە وشەیەکی بابلی کۆنە بە وشەی (نپطو) یان (نفطو) هاتووە،ئەم زاراوەیەش لە دەقە کۆنەکانی بابلیدا هاتووە کە مێژووەکەی بۆ (٢٠٠٠)ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەم وشەیە لە وشەی(نپاطو) کە مانای(گڕی گرت،داگیرسا،کڵپەی گرت)" وەرگیراوە. بۆچوونەکانی خۆی پشت ئەستوور دەکات بەوەی چۆن بە زۆرترین کات نەوتی خاو لەگەڵ گازی سروشتی گڕدەگرێت، بالاّی ئاگری باباگوڕگوڕیش بە نموونە دێنێتەوە،هەروەها دەڵێت:" دانیشتوانی دۆڵی**

---

**[١]بایزید حسن عبدالله: سامانی نەوت وگازی عێراق،سلێمانی،٢٠٠٨،ل١٢; صلاح نعمان عیسی: دراسات في الاقتصاديات والسياسات النفطية،بغداد،١٩٨٢،ص٦; عزيز حسن الخفاف:دراسات عن الذهب الاسود(البترول)،بغداد،١٩٦٩،ص١٩.**

**[٢]محمد ازهر سعيد السماك: اقتصاد النفط والسياسة النفطية اسس وتطبيقات،الموصل، ١٩٨٧،ص١٩.**

**[٣]حكمت سامي سليمان: نفط العراق(دراسة اقتصادية سياسية)، بغداد،١٩٧٩،ص١٠.**

**[٤]بە بۆچوونی طە باقر گریکەکان ئەم وشەیەیان لە زمانی فارسی کۆندا وەرگرتبێت، هەروەها دەڵێت: وشەی(نفط)لە زمانی عارەبی بەکارهاتووە دوور نییە لە دوو سەرچاوەیە وەرگیرابێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: طە باقر: النفط في حضارة وادي الرافدين،مجلة العاملون في النفط،العدد٣٧،اذار ١٩٦٥،ص٢-٣.**

**رافیـدین نـاوی قیرِیـان هێنـاوه ب(ادی) وه بـه ڕۆنـی قیرِیشـیان گوتـوه (شمـن- ادی)" [1]. هـەروەها زاراوەی نافثـا(Naphtha) کـورت کراوەتـەوه بـۆ نـەوت یـان نەفت (Naft) ، له لایەن فارس و عەرەب و گریك و سلافییەکان، بۆ ئاماژەکردن بۆ پترۆڵی خاو بەکاردەهێنرێت [2].**

**له زمانی کوردیشـدا نـەوت یـان نـەفت بـەکاردێت، بەتایبـەتی لـه باشـوور و رۆژهـەلاّتی کوردسـتاندا، بـەلاّم لـه بـاکوور و رۆژئـاوای کوردسـتان مـازۆت یـان پترۆڵ بەکاردێت [3]. له دوای ئەوەی نـەوت بـوو بـه کەرەسـتەیەکی بنچینـەیی بـۆ زۆر پیشەسـازی نـاوی لێنرا(زێـڕی ڕەش)، ئـەو زێـڕەش پێکهاتەیـەکی ڕەشـی خەسته توانای ئاگرگرتنی هەیه [4].**

**نـەوت مادەیـەکی ئاسـان و ئاوێتەیـه لـه هـەمان کاتـدا، ئاسـانه، چـونکه پێکهاتووه لـه دوو تـوخمی کیمیایی (هایـدرۆجین و کاربۆن) و ئاوێتەیـه بـەپێی جیاوازی له تایبەتمەندی و بەرهەمەکانی [5]. نەوت به دوو شێوەیه، یەکەمیان له شێوەی ڕۆنـی شل وەك (نـەوتی خـاو)، کـه بـوونێکی تایبـەتی هەیـه و لینجێکـی تێدایـه و رەنگـی سـاده نییـه، یـان ڕەشـه مەیلـەو سـەوزه یـان قاوەییـەکی دەمـار زەرده [6]. بەلاّم به شێوەیەکی گشتی نەوتی خاو پێکهـاتووه له(ڕێـژەی نێـوان٨٤ بۆ ٨٧٪ له کاربون،١١بۆ ١٤٪ له هایدرۆجین،٠,٦بۆ ٢٪ له سلفوور،٠,١بـۆ٢٪ لـه**

---

(1) **طه باقر:المصدر السابق،ص٣.**

(2) **عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي:المصدر السابق،ص١٧;هارفي اوكونور:الازمة العالمية في البترول،ت/عمر المكاوي،القاهرة،١٩٦٧،ص٣٧.**

(3) **کاوه نادر قادر: ڕۆڵی نەوت له چارەنوسی گەلی کوردستاندا،سلێمانی،٢٠٠٨،ل١٥.**

(4) **عبدالحميـد العلـوجي وخضيراللامي:المصـدر السـابق،ص١٨;محەمـەد میرگەسـۆری:پترۆڵ وتێڕوانینێك بۆ ئاینده،پێداچونەوەی: جەزا تۆفیق، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل ١٢.**

(5) **صلاح نعمان عيسى:المصدر السابق،ص٦.**

(6) **عەبدوڵلا غەفور:جوگرافیای ئابوری نەفت له کوردستاندا،چ١،سلێمانی،٢٠٠٢،ل١٣.**

**نترۆجین،١,٠بۆ١٪ لە ئۆکسجین)[1]. بەشی دوومیان بە شێوەی گازی سروشتی دەبێت، کە ئەویش بوونێکی تایبەتی هەیە ، لە چەندین جۆری گاز پێکهاتووە لە وانە(گازی ئیپیلین، پروییلین،نیترۆجین،تیوپیلین،گۆگرد،دووەم ئۆکسیدی کاربون)، ئەم پێکهاتە هایدرۆکاربۆنانە لە نەوتی خاو هەن، لە پالاوگەدا جیادەکرێنەوە لە ژێر بارێکی وردی تاقیگەدا ئەنجام دەدرێت، بە شێوەکی گشتی جۆرەکانی نەوتی خاو هەمان پێکهاتەیان هەیە، بەلام جیاوازی هەیە لە نێوان پێکهاتەکاندا لەڕووی بڕ و جۆردا[2]. چەند ڕێژەی گۆگرد و خەوشن زیاد بێت لە نەوتی خاودا، ئەوا نرخی ئابووری کەم دەکاتەوە، پێچەوانەش ڕاستییەکەیتی. هەروەها نەوتی خاو وگازی سروشتی یان بە جووتە یان بە تەنیا، لە کێڵگەکانی نەوتدا(oilfields)دێن. نموونەش بە جووتە لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك هەیە، بەتایبەتی لە کێڵگەی نەوتی باباگوڕگوڕدا[3]. نەوت یان پترۆڵ کۆمەڵێك بەرهەمی دەرهاتووی هەیە, کە بە پێی شوێنەکان ناوی جۆراوجۆری پێ دەگوتری[4].**

**تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، تەنها یەك پێوەر هەبوو ئاماژە بە بوونی نەوت بکات، ئەویش سەرهەڵدانی نەوت بوو بەشێوەیێکی سروشتی لەسەر ڕووی زەویدا، بەلام گەشەکردنێکی خێرا دەستی پێ کرد بۆگەڕان بە دوای نەوت ودەرهێنانی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، پاڵی نا بە مرۆڤ بۆ توێژینەوەی زیاتر لە بواری نەوتدا. لەسەرەتادا مرۆڤ باوەڕی وابوو، کە پەیوەندی هەیە لە نێوان مەیدانەکانی نەوت لەژێر زەویدا لەگەڵ بۆشایە**

---

[1] Norman J.Hyne: Nontechnical Guide to Petroleum Geology, Exploration,Drilling and Production, 2nd edition, Penn Well Corporation,Tulsa-Oklahoma-2001,p1.

[2] **بایزید حسن عبدالله: سەرچاوەی پیشوو،ل١٣-١٤.**

[3] **عەبدوڵلا غەفور: سەرچاوەی پیشوو،ل١٣.**

[4] **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

S.H.Longrigg:Oil in the MiddleEast,Oxfort,London,1955, pp.284-285.

گەورەكانی زەویدا، وەك ئەشكەوتەكان یان پەیوەندی بە شەقارەكانی زەوی هەیە[1]، بەلاّم دوابەدای هەوڵەكان، چەندین توێژینەوە و تیۆری جیۆلۆجی نویٚ لەلایەن پسپۆڕان و زانایانی بواری نەوت هاتنە كایەوە ، بەلاّم تا ئێستا لەسەر یەك بنچینەی دروستبوونی نەوت كۆك نیین، هەروەها لە گرنكترین ئەو تیۆرانە دوو تیۆری هەن:

١- تیۆری نائەندامی(Non-organic Theory): ئەم بیرۆكەیە لەلایەن تۆماس گوڵد(Thomas Gold) گەردووونناسی سەری هەڵدا، ئەمیش پشتی بە لێكۆڵینەوەی زانای رووس نیكۆلای كوردیاڤچیڤ بەست. لەم تیۆرەدا هاتووە، كە هایدرۆكاربۆنەكان سەرچاوەیەكی جیۆلۆجیانەیان هەیە لە گۆی زەویدا[2]

٢-تیۆری ئەندامی(Organic Theory): ئەم تیۆرە زۆربەی زۆری پسپۆڕانی جیۆلۆجی لە خۆدەگرێت. وای دادەنێن، كە نەوتی خاو وگازی سروشتی لە مادده ئەندامییەكان دروستبوون، چونكە ئەو مادده ئەندامیانە لە سەردەمێكی جیۆلۆجیدا كەوتوونەتە ژێر پەستان وپلەی گەرمی.نەوت لە پاشماوەی ئەو زیندەوەرە دەریایی و قەوزانە(ئاژەڵی ورووەكی)دروست بووە، كە لە ژێر دەریاكاندا(یان دەریاچەكاندا) بە بڕێكی ئێجگار زۆر نیشتوون و لە ژێر بارودۆخێكی كەم ئۆكسجیندا بوون، لە ئەنجامدا ڕووەكی سەر زەوی گۆڕاون بۆ خەڵووز، ئەم خەڵووزە لەگەڵ قوڕ تێكەڵ بووە لە سەردەمێكی جیۆلۆجیداو كەوتووتە ژێر چینە نیشتووەكانی زەوی. هەروەها ئەم ماددەیە بەهۆی كاریگەریی پلەی گەرمی وپەستانی زۆرەوە گۆڕانی كیمیایی بەسەردا هاتووە و بووە بە مادەیەكی مۆمی، كە بە كیرۆچین(kerogen) ناسراوە. ئەم ماددەیەش لەناو چینە قوڕەكانی ناو كانە نەوتییەكاندا هەیە. پاشان ئەمەش بەهۆی

---

[1] ا.باكیروڤ : الاسس النظریة للبحث والتنقیب عن البترول والغاز،ت:سمیر ریاض ،موسكو، د.ت،ص٢٢.

[2]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بایزید حسن عبدالله: سەرچاوەی پێشوو،ل١٧; عەبدوڵلا غەفور: سەرچاوەی پێشوو،ل١٣.

کاریگـــەریی پلـــەی گـــەرمی زیـــاترەوە گۆڕانکـــاری بەســـەردا هـــاتووەو بـــۆ هایدرۆکاربۆنی شل وگاز گۆڕاوە، واتە نەوت وگاز. لەم تیۆرەشدا پسپۆران دابەش دەبن بەسەر دوو دەستە. هەندێککیان پێیان وایە، سەرچاوەی نەوت لاشـــەی ئـــەو ئاژەڵانەیـــە وەك(جومبوری،ئاسکابۆری،فۆرامانفیرا،قشـــریەکان وسەدەفییەکان)لاشەکانیان رزیوە لەناو دەریادا، بەڵام دەستەکەی دیکە پێیان وایە پاشەڕۆکی بوونەوەرەکانی ئۆرگانی ڕووەکی جیاوازن، بە پێی بۆچوونە بێت نزیکەی ٩٠٪ سەرچاوەی نەوت لەجیهاندا ئاژەڵییە[١]. بەهەر حاڵ تیۆری ئەندامی زۆر باوەو بەنوێترین تیۆر دادەنرێت. چەندین هۆی تریش هەن، کە ئەم تیۆرە بە ڕاست دادەنێن[٢].

مێژووی شارەزابوونی مرۆڤ بە نەوت وشێوەکانی، مێژوویەکی کۆنە. بۆ یەکەم جار نەوتی خاو وشێوەکانی بەتایبەتی(زفت وقیر) لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە بەکارهێنراوە، کە دامەزرێنەری سەرەتای شارستانی بوون، وەك شارستانی میزۆپۆتامیا و شارستانی میسر و شارستانی هێلینی و شارستانی چین و ژاپۆن وئەمریکای باشوور، هەروەها دانیشتوانی فارس و مادەکان و عەرەبە کۆنەکان[٣]، بەڵام ئەم مرۆڤانە هەریەك بە پێی زانیاری و توانای خۆیان بەکاریان هێناوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا(بۆ ڕۆناکی، گەرمکردنەوە، سووتاندن، لـــەبواری پزیشـــکی و چارەســـەرکردنی نەخۆشـــی، لـــەبواری پیشەســـازی و فەرشکردنی ڕێگاوبانەکان، هەروەها بۆ ڕووپۆشکردنی کەشتییەکان، یان بۆ

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوڵلا غەفور: سەرچاوەی پێشوو ،ل١٣-١٤;محمد ازهر السماك واخرون:المصدر السابق،ص٦٨.

[٢] بۆ زیاتر ئاشنابوون بە وهۆکارانەی ڕاست ودروستی تیۆری ئەندامی دەردەخەن بڕوانە: بایزید حسن عبدالله: سەرچاوەی پێشوو،ل١٦-١٧; محمد ازهر السماك واخرون:المصدر السابق،ص٦٨.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:عزیز حسن الخفاف:المصدر السابق،ص١٩-٢٠; میربصري: مباحث في الاقتصاد العراقي، بغداد،١٩٤٨،ص٥٧-٥٨.

مۆمیاکردنی مردووەکان وچەندین بواری تر) [١]، ئەتوانین بڵێین مرۆڤ نەوتی وەك هەموو ماددە و کەرەستەکانی تری ژیان لە کۆنەوە بەکارهێناوەو کەڵکی لێوەرگرتووە، بەڵام بۆ چەند مەبەستێکی تایبەت و هەندێك پێداویستی ژیان بە کاریهێناوە،نەك بۆ مەبەستی پیشەسازی یاخود بازرگانی.ئەو سەردەمەش کە ئەم بەرهەمە بەکارهێنراوە یاخود لە بەردەستبووە، لەئەنجامی چالاکی مرۆڤ نەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر ڕووی زەوی کۆبۆتەوە، لە هەمان کاتدا درکی بە گرنگی نەوت لە ڕووی بازرگانی و پیشەسازی نەکردووە،یاخود ئەوەندە شارەزا نەبووە, تاکو بزانێت لە زۆربەی بوارەکاندا بەکاری بهێنێت[٢].

گرنگی وڕۆڵ و بەکارهێنانی نەوت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەی سەندو بۆ جیهان بە دەرکەوت ئەم کەرەستەیە چ توانایەکی هەیە بۆ گەشەسەندنی ئابووری بەکارهێنانی ئەویش لە ڕێگای دوو فاکتەری سەرەکی بوو:

یەکەم / سەرهەڵدان وگەشەپێدانی هونەری هەڵکەندنی بیرە نەوتییەکان و دەرهێنان و پاڵاوتن و گواستنەوە و دابەشکردنی نەوت. لە سەرهەڵدانی کۆمپانیای گەورەی کارا لەم بوارەدا، دەبنە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ زیاتر گەڕان و دۆزینەوەی نەوت.ئەوە بوو ڕۆمانیا یەکەم وڵات بوو لە ساڵی(١٨٥٧)دا نەوتی بەرهەمهێنا، کە بەرهەمەکەی ٢٠٠٠ بەرمیل بوو، بۆ ماوەی یەك ساڵ بڕەکەی دووجابوو[٣]، یەکەم بەرهەمهێنانی نەوتی بازرگانیش لە ئەمریکای باکوور لە(ئۆنتاریۆ)ی کەنەدا بوو، لە ساڵی(١٨٥٨) لەلایەن(جەیمز ولیەمز James M.Williams)[٤].

---

[١] بڕوانە:ریتشارد سیلي:اساسيات جيولوجيا البترول،ت/فاضل السعدني،الاردن،١٩٩٤،ص١ ; صلاح نعمان عيسى:المصدر السابق،ص٦.

[٢] بڕوانە،ميربصري:المصدر السابق،ص٧٤.

[٣] حربي محمد: المصدر السابق،ص١٧.

[٤] Ayhan Demirbas : Biofuels :Securing the Planet's Future Energy Need (London-2009) p.5; Hyne: op.cit،p.195.

پیشەسازی نەوتی خاوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بە(ولیم دەریك)* دەست پێدەكات. لە ساڵی (١٨٥٩) بیرێكی نەوتی لێدا بە قوڵایی ٢١ مەتر لە پێنسلڤانیا[1] لە سەر بووجەی كۆمپانیای (پێنسلڤانیا رۆك ئۆیل.Penslvanian Rock Oil com)، كە ڕۆژانە(٢٥-٣٠) بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا. بەرهەمی نەوت لە ئەمەریكا ساڵ بە ساڵ لە زیادبووندا بوو، لە ساڵی(١٨٦٢) بەرهەمی ساڵانە لە ٣ملیون بەرمیلەوە زیادی كرد بۆ ٦,٥ ملیون بەرمیل لە ساڵی (١٨٧٢)دا. لە كاتێكدا قوڵایی بیرەكانی (دریك) ٦٩,٥ پێ بوو، لەساڵی (١٨٧٢) بوو بە ١٦٠٠ پێ بەهۆی پێشكەوتنی ئامێرەكانی هەڵكەندن. دەرهێنانی نەوت لە ئەمریكا زۆر ناوچەی گرتبووە [2].

ساڵی (١٨٧١)، نەوت بە ڕێژەیێكی بازرگانی بەرز لە باكۆ(Baku) لە ئیمپراتۆریەتی رووسا دۆزرایەوە، ئەم دۆزینەوەیەش بۆ هیمەتی كەسایەتی بەرزی(لودونیج نۆبل) دەگەڕێتەوە، كە ناسراوە بە(روكفلری رووسی). بەهۆی نۆبیلەوە بەرهەمی نەوتی رووسی لە ساڵی(١٨٨٥) گەیشتە یەك لەسەر سێی بەرهەمی ئەمریكا ولە ساڵانی دواتریش زیاتربوو، بەرهەمی كەڵەكەبووی نەوتی رووسی هەناردەی دەرەوە دەكرا، ئەمیش لە ڕێگای ئەو هێڵە شەمەندەفەرەوە، كە لە باكۆ بۆ باتوم، لە سەر دەریای ڕەش دروستكرابوو، ئەوە بوو ئاسانكاری دەكرد بۆ گەیشتنی نەوتی رووسی بە بازاڕەكانی ئەوروپا، ئەم پێشكەوتنەی

* ئەم كەسایەتییە گرنگەی بواری نەوتی ئەمریكا،لە ساڵی١٨٨٤ كۆچی دوای دەكات لە بارودۆخێكی ناهەموارو هەژاری دا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: راشد البراوي:المصدر السابق، ص١٣-١٤.

[1] Hyne: op.cit،p.195.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:مصطفى خليل:تطور الصراع نحو السيطرة على البترول العالمي، اسكندرية،١٩٧٠،ص٤٧-٤٩.

**نۆبیل لەبواری نەوتی رووسیدا بە یارمەتی فەڕەنسا بوو،لە ڕێگای کۆمەڵێك بانكی فەڕەنسی**(Rothschild) [1].

**بەم پێ یە بەرهەمهێنانی پیشەسازی نەوت پێشكەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی نەك تەنها لە ئەمریكا و ڕوسیا، بەڵكو لە هەموو جیهاندا، پاڵنەرێكی بەهێز بوو بۆ دەوڵەتانی ئەورووپی بۆ گەڕان بە دوای نەوت لە جیهاندا، هەروەها ئەمریكا تاكو كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم توانیی دەست بەسەر نەوتی خاوی جیهاندا بگرێت بەهەموو شێوەكانیەوە. هەروەها بە هۆی ئەو قازانجە زۆرو زەوەندەی لە پیشەسازی نەوت پەیدا بوو، پێداویستی بۆ ئەم ماددەیە زیاتر بوو، كەئەمەش بووە هۆكاری دروستبوونی كۆمپانیای نەوتی گەورە، كە توانرا لە ماوەیەكی كەمدا قۆرخكردنی پیشەسازی و بازرگانی ودەرهێنانی نەوت بۆ خۆیان مسوگەر بكەن. یەكەم كۆمپانیای نەوت لە جیهاندا لە ساڵی(١٨٧٠) لە ئەمریكا لە لایەن جون.د.روكفلر* دروست بوو، دامەزراندنی كۆمپانیای(ستاندارد ئۆیل اوهایو**–Standard Oil Company of Ohio) [2] **بە**

---

[1] **انتوني سامبسون،الشقيقات السبع: شركات البترول الكبرى والعالم الذي صنعته،ت/سامي هاشم،١٩٧٦،ص٧٣ ; بەڵام** Rothschild: **كۆمەڵێك بانكی فەڕەنسی بوون كە دەمێك بوو دامەزرابوو لە ماوەی كارەكانی رابردووی یارمەتی چەندین حكومەت و جەنگ وپیشەسازی دا، خاوەنی پالاوگەی نەوت بوو بە ناوی**(fiame) **لە دەریای ئەدریاتیك دا،هەروەها لەم دواییەدا توانی دەست چەندین كێڵگەی نەوت وپالاوگە لە باكۆ بەكرینی، بۆ پێشبڕكیی لەگەڵ كۆمپانیای نۆبل بكات. هەروەها توانیوویەتی نەوتی رووسی فراوان بكات تا بگاتە بەریتانیا،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە،ريتشارد هاتنبرغ: سراب النفط،ت/انطوان عبدالله، ط١،لبنان،٢٠٠٥،ص٩٥.**

* **جون.د.روكفلر كەسایەتی بە هێزی بواری نەوت بوو لە ئەمریكا، بەڵكو لە هەموو جیهاندا،بەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەم روكفلر دەبێتە گەورەترین ودەوڵەمەندترین كەسایەتی لە جیهاندا، سەرمایەكەی ٢,٥ ملیار دولار دەبێت، زیاتر لە ٩٠٪ پیشەسازی نەوت قۆرخ دەكات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، میر بصری:المصدر السابق،ص٦٢.**

[2] **ئەم كۆمپانیە كارەكانی وا فراوان كرد لە مەیدانەكانی بەرهەمهێنانی نەوت وپالاوتنی و گواستنەوەو دابەشكردنی،تا گەیشتە ئەو ئاستەی بووبە كۆمپانیایەكی جیهانی بەناوبانگ،=**

سەرمایەی یەك ملیۆن دۆلار، بەلاّم ئەم كۆمپانیایە توانیوویەتی لەسەر دەستی روكفلر لە ١٨٨٢/٨/٥ هەموو كۆمپانیاكانی تری ئەمریكا كۆبكاتەوە لە یەك كۆمپانیای گەورەدا بەناوی(كۆمپانیای ستاندارد ئۆیل ئۆۆ نیوجەرسی) بە سەرمایەی ٧٠ ملیون دۆلار[1].

لە ساڵی (١٨٧٨) لودڤیگ ایمانویل نۆبل(Ludwig E.Nobel) لەگەڵ هەردوو برای رۆبەرت والفرید(خاوەن خەلاّتی نۆبلی بەناوبانگ)كۆمپانیایەك دادەزرێنن بە ناوی(كۆمپانیای نەوتی برایەتی نۆبلی رووسی– Nobel Brothers Naphtha Co.of Russia)، هەروەها ئەم كۆمپانیایە بۆ چەند ساڵێك توانی پێشبڕكێیەكی بەهێزی كۆمپانیای ستاندارد ئۆیلی ئەمریكی بكات[2].

لەساڵی(١٨٩٠) كۆمپانیای (شێڵRoyal Dutch Shell)ی هۆڵەندی بۆ وەبەرهێنانی نەوت لە دوورگەكانی هیند هۆڵەندی دامەزرا، كە مافی دەرهێنانی لەلایەن حكومەتی هۆڵەندی وەرگرتبوو، لە نێوان ساڵانی دامەزراندنی تاكو ساڵی ١٨٩٧ قازانجێكی زۆری بەدەستهێنا. ئەم پێشكەوتنەش لە بواری پیشەسازی نەوت، كۆمپانیای ئەمریكی ناچار كرد لە بازاڕەكانی ئەوروپا ڕكابەری بكات ، بەلاّم سەركەوتوو نەبوو، چونكە كۆمپانیای شێڵی هۆڵەندی بە

---

= سوودو قازانجی گەورەی بە دەستهێنا،هەروەها ئەم كۆمپانیایە بەشێوەیەكی تر ریكخرایەوە بە پێی بلاّوبوونەوەی فەرمانی شیرمان(Sherman Act)، كە بەرهەڵستی قۆرخكردن بوو،لەلایەن كۆنگریسی ئەمریكا لە ساڵی ١٨٩٠ دەرچوو،هەروەها ئەم كۆمپانیایە لە ساڵی ١٩١١ رووبەڕووی هەمان تۆمەت بووەوە، بۆیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی درا،بەلاّم لە دواییدا كۆمپانیای نویّ بە ناوی ستاندارد ئۆیل نێوجەرسی( Standard Oil of New Jersey ) دامەزرا، كە كۆنترۆڵی هەموو لقەكانی تری كۆمپانیای ستاندارد ئۆیل اوهایو پێشووتری كرد،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Louis Vallenilla،Oil :The Making of A New Economic Order (New York-McGraw-Hill Book Co.-1975)p.4.

[1] حربی محمد: المصدر السابق،ص١٧;هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: انتونی سامبسون، المصدر السابق،ص ٤٢–٤٧.

[2] Louis Vallenilla:op.cit،4.

**سەرمایەی روتچیلد ولیهاتوویی بەڕێوە بەرەکەی لەبواری دارایی یەوە(هێنری دیتردنگ-Henry Deterding) پشت ئەستوور بوو**[1].

**لە ساڵی ١٨٩٧ کۆمپانیای (شێڵ بۆ بازرگانی وگواستنەوە- The Shell Transporting&Trading Co.) لە لایەن (مارکۆس سامۆیل-Marcus Samuel) لە شاری لەندەن دامەزرا، کە کۆنترۆڵی گواستنەوەی نەوتی کرد لە ئۆقیانووسی هیندی**[2]. **ئەم ململانێیەی نێوان کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان، بووە هۆکارێکی زیاتر گەڕان ودۆزینەوەی نەوت، هەروەها چاویان بڕیبووە بازار و ناوچەکانی رۆژهەلاَت، هەروەها ببوونە هۆکاری دروستبوونی کۆمپانیای تر لە سەدەی بیستەمدا.**

**دووەم/ لێکۆڵینەوە ودۆزینەوەی زانستی و پیشەسازی لە بواری نەوتدا بووە هۆی بەرزترکردنی توانای چالاکی ئەم کەرەستەیە، وەك هێزێکی وزەی بەرز بەکاربهێنرێت، هەروەها ئەم داهێنانەی خوارەوە زیاتر روون و ئاشکرای دەکەن:**

**١- ئەبراهام بنیو کیسنر-Abraham Pineo Gesner(١٧٩٧-١٨٦٤) لە شارۆچکەی کورنوالیس لە ئاقاری نوڤاسکوتیا Nova Scotia لە کەنەدا، لە ساڵی (١٨٤٦) دەستی کرد بەکرداری جیاکردنەوەی نەوتی سپی(Kerosene) لە خەڵووز**[3].

---

[1] **بڕوانە:راشد البراوي:المصدر السابق،ص ص٢٢-٢٣; انتوني سامبسون،المصدر السابق، ص ص٧٢-٧٦.**

[2] **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:راشد البراوی:المصدر السابق،ص ٢٣; هەروەها لە ساڵی ١٩٠٧ کۆمپانیای رویاڵ دۆچ/شێڵ.The Royal Dutch-Shell Oil Co دامەزرا، لە ئەنجامی تێکەڵبوونی کۆمپانیای رویاڵ دۆچی هۆڵەندی(هێنری دیترنگ)سەرۆکایەتی دەکرد لەگەڵ کۆمپانیای شێڵی بەریتانی(مارکۆس سامویل) سەرۆکی بوو، هەروەها پشکەکانی کۆمپانیا دابەشکرا بە شێوەی ٦٠٪ بۆ بەرژەوەندیەکانی هۆڵەندی و ٤٠٪ بۆ بەرژەوەندیەکانی بەریتانی بێت،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مصطفى خليل:المصدر السابق،ص ص٦٥٤-٦٦١.**

[3] Ayhan Demirbas: op.cit،p.5;**٢٠بایزید حسن: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل**

٢- له ساڵی (١٨٤٧) زانای ئینگلیزی(جیمس یۆنگ-James Young) توانی له کارێکی زانستیدا دەست بکات به دڵۆپاندنی خەڵووز و بەدەست هێنانی نەوت[١].

٣- لەم کاتەدا کەسایەتییەکی ئەڵمانی له بواری پیشەسازییدا، به ناوی(ستوڤاسرStohwasser) توانیوویەتی چرایەکی نویٚ دروست بکات بۆ ڕووناکی، که هەمان ئەو ڕۆنەی بەکارهێنابوو، که (یۆنگ) دۆزی، ئەمەش قۆناغێکی گرنگ بوو له پیشەسازی نەوتدا، بۆ یەکەم جار چرای(پارافین) له هەموو ناوچەکانی ئەوروپادا به شێوەیەکی فراوان بلاٌوبۆو [٢]، هەرچەندە ئەوە بوو له ساڵی (١٨٨١)ز تۆماس ئەدیسوون T.Adison توانی هێزی کارەبا دروست بکات، که جێگای ڕۆنی نەوتی گرتەوە،کە ئەویش بەکارهێنانی چرای(پارافین)بوو[٣].

٤- میرزۆیڤ Meerzoeff لەساڵی (١٨٦١)دا له ناو زەوییه نەوتییەکانی باکۆدا یەکەم پالاٌوگەی نەوتی دروست کرد [٤].

٥-گرنگترین داهێنان، که زیاتر بایەخی به نەوتدا، دروستکردنی بزوێنەری سووتاندنی ناوەکی بوو له ساڵی (١٨٦٠)، که ڕاستەوخۆ بەسەرچاوەی ( fuel oil) کاری دەکرد وهێزی میکانیکی بەرهەمهێنا. ئەمەش شۆڕشێکی گەورە بوو له جیهانی پیشەسازیدا، هەروەها کاریگەریی هەبوو له سەر ئایندەی پیشەسازی نەوت و داهێنان وبازاڕی نوێتری هێنایه کایەوە[٥]،ئەوە بوو لەساڵی

---

[١] راشد البراوي:المصدر السابق،ص١١.

[٢] المصدر نفسه،ص ص١١-١٢.

[٣] حربي محمد:المصدر السابق،ص١٦.

[٤] Ayhan Demirbas:op.cit،p.5;٢٠ بایزید حسن: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل

[٥] شارل عیساوي ومحمد یغانة: المصدر السابق،ص٢.

(١٨٨١-١٨٨٢) ئەنـــدازیاری ئـــەڵمانی(گوتلیت Gottliet)* تـــوانی ئـــامێر وبزوێنـەری ئاسـان دروسـت بکـات، کـە بـەهێزی بـەنزین دەسـووڕایەوە[1]. ئـەم داهێنانـە قۆنـاغییێکی گـرنگ بـوو لەمێـژووی نەوتـدا، سـەرەتای بەگەڕخسـتنی ئامێرەکان بوو بەهێزی میکانیکی، لـەجیاتی هێـزی هـەڵم یـان خـەلۆز ئیشیان دەکرد[2].

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی،کە لـە پاڵ پێشکەوتنەکانی بواری ئابووری وبازرگـانی هۆکـاری سـەرەکی گەشەسـەندنی هـەموو لایـەنێکی ئـەو ڕۆژگارانـە بـوون، ئـەم هۆکارانـەی سـەرەوەش ڕێـژەی نـەوتی لـە جیهانـدا بـەرزکردەوە. گەشەسـەندنی بەرهـەمهێنانی نـەوت لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەمـدا، تـاکو کۆتاییەکانی سەدە بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە گۆڕانکاری بەسەردێت:-

| ساڵ | بڕەکان |
|---|---|
| ١٨٦٠ | ٧١,٠٠٠ |
| ١٨٦٥ | ٣٧٠,٠٠٠ |
| ١٨٧٠ | ٣٨٦,٠٠٠ |
| ١٨٧٥ | ١,٣٦٥,٠٠٠ |
| ١٨٨٠ | ٤,١٠٤,٠٠٠ |

* گرنگـی دەرهێنـانی نـەوت دەگەڕێتـەوە بـۆ داهێنانی(گوتلیـت)ی ئـەڵمانی کـە پیشەسـازی نـەوتی رزگارکرد،هـەروەها ژمـارەی ئۆتۆمۆبیـل لـە ئـەمریکا تـاکو سـاڵی ١٨٩٩ تـەنها ٦٠٠ ئۆتۆمۆبیـل بـوو، بـەڵام بەتێپـەڕبوونی تـەنها دەسـاڵ ژمـارەی ئۆتۆمۆبیـل تـەنها لـە ئـەمریکا گەیشتە ملیۆنێك ،هـەروەها لـە مـاوەی جـەنگی جیهـانی یەکـەم ژمارەکـەی گەیشـتە ملیۆنـەها ئۆتۆمۆبیل لە هەموو وولاّتاندا زۆر بوو وبەکارهێنانی بلاّوبوو لە هەموو جیهاندا، بۆ زانیـاری زیاتر بڕوانە: راشد البراوي:المصدر السابق،ص١٤.

[1]المصدر نفسه،ص١٤.

[2]بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تایبەتمەندی نێوان هێزی خەڵووز ونەوت،بڕوانە: حربي محمد: المصدر السابق،ص٦.

| | |
|---|---|
| ٥,٠٥٧,٠٠٠ | ١٨٨٥ |
| ١٠,٢٦٠,٠٠٠ | ١٨٩٠ |
| ١٤,٠٦٩,٠٠٠ | ١٨٩٥ |
| ١٩,٨٥٧،٠٠٠ [١] | ١٩٠٠ |

بەرهەمی نەوت لە جیهان تاکو ساڵی ١٩٠٠(بڕ بەتونی مەتری[٢])

بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە، لە ساڵی ١٨٦٠ بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا بەرز بۆتەوە تاکو ساڵی ١٩٠٠ بە ٢٧٩,٦ جار زیادی کردووە، ئەم بەرهەمەش تەنها هی نەوتی ئەمریکا وڕووسیا و ڕۆمانیا و هەندێك دوورگەی بچووکی بەریتانیایە.

بەم پێیە بەرهەمهێنانی پیشەسازی نەوت پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لە جیهاندا، شۆڕشی پیشەسازی نەوت چەند ساڵێکی بەسەردا نەڕۆیشت تا بە هەزاران کرێکار کاریان لێدەکرد وملیۆنەها دۆلار لە پرۆژەی نەوت و وەبەرهێنانی نەوت لەم ناوچەیەدا خەرج دەکرا. دروستکردنی تۆڕێکی شەمەندەفەری فراوان لەم ناوچانە دروست کرا بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو بۆ پاڵاوگە و کارگەکان ، لە دوایشدا بڵاوکردنەوی بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات و دەرەوەی وڵات[٣].

ئەم گۆڕانکاری وپێشکەوتنە بەردەوامانەی کەرەستەی نەوت و گەشەپێدانی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و داخوازی زیاتر بۆ نەوت، پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ دەوڵەتان و کۆمپانیا نەوتییەکان، بۆ لێکۆڵینەوە وگەڕان بە دوای مەیدانەکانی نەوت لە جیهاندا .هەروەها لە هەوڵی ئەوەدا بوون دەستکەوت وماف ئیمتیازاتی نەوت وڕێگاپێدان بۆ بەکارهێنانی، لە لای ئەو حکوماتانەی مەزەندەی بوونی

---

[١] راشد البراوي:المصدر السابق،ص ١٤.

[٢] یەك توون مەتری نەوت یەکسانە بە ٧,٨ بەرمیل نەوت.

[٣] مير بصري:المصدر السابق،ص٦١.

نەوت لە ناو سنووری دەوڵەتەکانیان دەکرا. دەوڵەتی عوسمانی چەقی سەرەکی ناو بازنەی ململانێ و ڕکابەری بەهێزی کۆمپانیای زەلهێزەکان بوو، بۆ دەست بەسەراگرتنی نەوتەکەی[1]، بەشێوەیەکی تایبەت ململانێکە لەسەر ویلایەتی موسڵی عوسمانی بوو[2]. لەساڵی ١٨٧٩ئەم ویلایەتە پێکهاتبوو لەسێ لیوا (سنجاق) موسڵ وکەرکوك وسلێمانی وهەموو یەکە ئیدارییەکانی دەوروبەری، بەواتایەکی تر پێکهاتبوو لە هەموو باشووری کوردستان، تەنها چەند ناوچەیەك نەبێت، کە لەژێر دەسەڵاتی ئیداری ویلایەتی بەغدا بوو وەك(مەندلی وخانەقین وبەدرە...)[3]. بێگومان باشووری کوردستان وەك بەشێکی نێو نەخشەی سیاسی و ئیداری ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ ڕووخان وداڕمانی ئیمپڕاتۆریەتییەکەی، ئەم خاکەش ببوو بە شوێنی چاوتێبڕینی تەماحکارانەی ئەو دەوڵەت و ڕکابەرانەی ناو ململانێ و گۆڕەپانی ئەو سەردەمە لە هەوڵی بەردەوامی جێگیرکردنی پێی خۆیان بوون[4].

لە مێژووی کۆنی شارستانی میزۆپۆتامیادا نەوتی خاو و شێوەکانی پێگەیەکی گرنگ و بایەخداری هەبووە، چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر بەگوێرەی قسەکانی هێرودۆتس، کە لە لایەن (دیۆدۆرس)ەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە[5]، جگە لەوەش چەندین پاشماوەی کۆن لەم شارستانیەتە بەدەستەوەیە بۆ بوونی نەوت، سۆمەرییەکان ماددەی ئەسفەلت و

---

[1] بڕوانە،اندره نۆسشي:الصراعات البترولية في الشرق الاوسط،ت/ اسعد محفل،ط١،بيروت، ١٩٧١،ص ص١٩-٢١.

[2] بڕوانە:خليل علي مراد: التنافس الدولي على نفط ولاية الموصل قبل الحرب العالمية الاولى،مجلة اوراق موصلية ،العدد٤ ،٢٠٠٣ ، ص ص١٨-٣٥.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:ستيفن هيمسلي لونكريك:اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث،ت/جعفر خياط، ط٣،بغداد،١٩٦٢، ص٣١٨.

[4] جبار قادر: التركيب الاثني لسكان كركوك خلال قرن(١٨٥٠-١٩٥٨)،گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١٥) ،٢٠٠٣،ل١٧٩.

[5] بایزید حسن:سەرچاوەی پێشوو،ل١٩.

قیریان(Bitumen،Asphalt) یان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی دیوار وقوولەکانی شاری بابل[1]، ئەم ماددەیەیان لە ناوچەی (کفری)یەوە هێناوە و سەرچاوەی ئەم زانیارەش لە دەقە کۆنەکانی هەواڵی فەرمانڕەوایی سۆمەری( گودیە=گۆتی) لە دەوروبەری ساڵی (٢٣٠٠ پ.ن) وەرگیراوە، کە باس لە کانەکانی قیر و ئەسفەلت لە ناوچە شاخاوییەکان دەکات[2] و دانیشتوانی (لەگەش)یش[3] سوودیان لەم ناوچانە وەرگرتووە، بەتایبەتی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك ئەم کەرەستانەیان لە ڕێگای ڕووباری عوزێمەوە گواستووتەوە[4] و سۆمەرییەکان سوودیان لە کەرستەی ئەسفەلت وەرگرتوە لە ناوچەی (هیت)* لە بواری بیناسازی بەکاریبهێنن، هەروەها بۆ مۆمیاکردن و پیشەسازی کەشتی، بەکاریان هێناوە... [5].

سەرچاوە مێژووییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە بابلییەکان لە بوارەکانی بیناسازی وپیشەسازی کەشتیدا سوودێکی زۆریان لە نەوت و شێوەکانی وەرگرتووە، هەروەها بۆ فەرشکردنی ڕێگاکان و بۆ درووستکردنی پەیکەرو کۆتەڵەکانیان بەکاریان هێناوە. پاشماوەکانی شاری بابل تا ئێستاش ئاسەواری بەکارهێنانی ئەسفەلت وقیر لە بیناکانیاندا ماوە،وەك پەرستگای نەبوخزنەسەرو تاوەری بابل،شوێنەواری تا ئێستا ماوە بە قیر لەیەکتر بەستراوە[6]

---

[1] بایزید حسن:سەرچاوەی پێشوو،ل١٩.; عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص٣٨.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:طه باقر:النفط في ....،ص٣.

[3] شارێکی بەناوبانگی سۆمەرییەکان لە دۆڵی میزۆپۆتامیا.

[4] عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص٣٨.

* وشەی (هیت)بەمانای قیر دێت لە زمانی بابلی دا ،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:طە باقر" المصدر السابق،ص٣.

[5] عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص٣٨ .

[6] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەکارهێنانی نەوت وشێوەکانی لەلایەن بابلییەکانەوە، بڕوانە=

لــه دەوروبــەری(٦٠٤-٦٥٢ پ.ز) لــە ســەردەمی نەبووخزنەســەر(٦٠٤-٥١٦پ.ز) بابلییەکان بە نەوت وئەسفەلت ئاگریان بەرداوتە ئاگردانی ئاتوون و بلێسەی نزیکەی ٤٩ پێ بەرزبووەتەوە [١].زانای رۆمانی (پلینۆسی گەورە(٢٣-٧٩ پ.ز)) ڕووداوێکی سەیر لە کتێبی(مێژووی سروشتی) دەگێڕێتەوە، دەڵێت:"ئامیش کچی پاشای میدییەکان هەروەها ژنی نەبوخزنەسەر بوو،دۆستی پیاوەکەی بە نەوت تەڕدەکات کاتێك دەچێت بۆ لای نەبووخزنەسەر بۆ کرنووش بردن و بە ئاگری ئاگردان دەسووتێت"[٢].

لە سەردەمی ئاشورییەکانیش نەوت و شێوەکانی بۆ ناوپۆشکردنی پەرستگاکان و کەشتییەکان بەکارهاتووە. پاشا سەنحارییب لە دەوروبەری(٧٠٠ پ.ز) سیستەمێکی نوێی بەکارهێناوە بۆ جۆگەلەی رووبارەکان لە کوردستان بۆ ڕێکخستنی ڕێرەوی ئاو،قیری بەکارهێناوە بۆ ئەم کارە. لە بواری پزیشکی بەکاریان هێناوە بەتایبەتی لە نەشتەرگەریدا، هەروەها بۆ سزادانی تاوانبارانیش بەکاریان هێناوە بە چۆڕاندنەوەی قیری گەرم بەسەریاندا.لە دەوروبەری ساڵی(٦٥٠پ.ز) دەقێکی ئاشووری هەیە, کە هاوچەرخە لەگەڵ پاشا ئاشوور پانیپاڵ، ئاماژە بە بوونی سەرچاوەیەکی نەوتی لە جۆری سپی دەکات [٣].

کتێبی پیرۆزی (تەورات)یش ئامارژەی بە بوونی نەوتی خاوو شێوەکانی کردووە ، هەروەها بەکاریش هێنراوە لە لایان مرۆڤەوە. لە ئامارژەیەکدا تەورات[٤]دەڵێت"پێغەمبەر نووح ئەسفەلت و قیری بۆ ناوپۆشکردنی کەشتیەکەی بەکارهێناوە"هەروەها لە ئامارژەیەکی تردا باس لە چونیەتی

---

=:عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص٣٩; هارڤی اوکونور:المصدر السابق،ص٣٧.

[١] العهد القدیم، سفر نبی دانیال-فصل ٣.

[٢]بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص٤١-٤٢.

[٣]عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص٤٣.

[٤]العهد القدیم، سفر تکوین-فصل٦.

دروستکردنی تاوەری بابل دەکات، کە چۆن خشت لە جیاتی بەردو قیر لە جیاتی قۆڕ بەکارهاتووە[1].

عەرەبەکان لە سەردەمی نەزانی(الجاهلي) پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ نەوت وشێوەکانی نەبوو، تەنانەت زۆر جار بە سەرچاوەی ئەنجامی خەراپ و شەڕ دادەنرا [2]، بەلاَم لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا لە جەنگ وئاشتیدا بەکارهاتوە، سوودیان لە چەکی ئاگری گریك(Greek fire)[3]وەرگرتووە، تەنانەت دەڵێن کەعبەی پیرۆز،لە ساڵی(٦٤ك/٦٤٤ز)، لە شەرِي نێوان عەبدوڵلاَی کوڕی زوبێرو یەزیدی کوڕی معاوییە بە هەمان چەك سووتێندراوە [4].

لەسەردەمی عەباسییەکاندا لە بواری جیاجیادا زیاتر بەکارهاتووە، بەتایبەتی لە ڕووناکردنەوەی شارەکاندا، هەروەها فانۆسی عەلاددین، کە لە شاکاری(الف ليلة وليلة) ناوی هاتووە هەر بە نەوت بەکارهاتووە[5]. لەسەردەمی هاڕۆن ڕەشیددا زیاتر لە بواری جەنگ و سوپادا بەکارهاتووە، زۆر بەتوندی لە دژی دوژمن و ناحەزان بەکار هێنراوە. تیپێکی تایبەتی هەبوو بۆ ئەم کارە بە ناوی(زراقون)، تەنانەت تەرمی یەحیای بەرمەکیان بە نەوت سووتاندوە[6].

---

[1]العهد القديم، سفر تكوين–فصل١١.

[2]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص٤٩–٥١.

[3](Greek fire): ئەم ئاگرە پێك هاتبوو لە هەندێك ماددە کە، خێرا گڕدەگرێت وەك نەوت و قیر وکبریت هەندێك جۆری دیکە لە نێو پارچە قوماشێکی کەتان داخراو بە ئاگرەوە یان بە تۆپەڵ لە ناو لوولەیەکی کانزایی دەهاوێژرا، ئەو ئامێرەی ئەم جۆرە ئاگرەی دەهاوێژت بە زمانی عەرەبی پێی دەڵێن (النفاطة)یاخۆ (الزراقة)،هەروەها بە تیر یان مەنجەنیقیش بەکاریان هێناوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محسن محمد حسين:الجيش الايوبي في عهد صلاح الدين، اربيل ، ٢٠٠٢،ص١٨١.

[4]بڕوانە: ابن الاثير:الكامل في التاريخ،ج٣،دار الكتب العلمية،بيروت،٢٠٠٦،ص ص٤٦٣–٤٦٤.

[5]احمد سويلم العمرى: صراع البترول في العالم العربي، د.م،١٩٦٠،ص٧.

[6]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:ابي جعفر بن جرير الطبري: تاريخ الطبري، ج٤، بيروت، ٢٠٠٥،ص٦٦٣.

کۆمەڵێك هەبوون بەناوی(نفاطين) ڕۆڵێکی یەکجار گەورەیان بینی لە ناکۆکی نێوان ئەمین و مەموندا، تەواوی تۆمارگەکانی دەوڵەتیان سووتاند[١]. خەلیفە (موعتەسەم) ئامیرێکی لە ئاگر ونەوت بەکارهێنا بۆ جەنگی (عەمووریە٢٢٣ك/٨٠٣ز)* لە دژی ڕۆم. تەنانەت سەرچاوەیەك ئاماژە دەکات، مەغۆلەکان لە کاتی داگیرکردنی شاری بەغدا(٦٥٦ك/١٢٥٨ز) چەکی(مەنجەنیق)یان بەکارهێناوە، کە تۆپەڵە قیری دەهاوێشت، ئەم قیرەشیان لە ناوچەکانی کەرکوك و موسڵ هێنابوو[٢]. لە ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز) میر عیزەدین مەسعوودی زەنگی، کە میری شاری موسڵ بوو، بارێکی زۆر لە نەوت وقیری ناوچەی موسڵ دەنێرێت بۆ سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی بۆ بەکارهێنانی لە جەنگی بەرامبەر بە خاچ درووشمەکان [٣].

بڕێکی زۆر لە نەوت لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوونی هەبووە،بە پێی زانستی ئارکیلۆژی وشوێنەواری ئەوکەلوپەلانەی لە ناوچەکانی کوردستاندا دۆزراوەتەوە،(قیر وئەسفەلت) لە(شوش) ٥-٦هەزار ساڵ پێش زایین بەکارهاتوون[٤].

---

[١]عبدالحميد العلوجي: نصوص نفطية من التراث العربي،مجلة العاملون في النفط، بغداد، العدد٤٤،تشرين الاول ١٩٦٥،ص ص٢٢-٢٣; هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕۆڵی نەوت لە ناکۆکی نێوان ئەمین ومەئموون،بڕوانە: ابي جعفر بن جرير الطبري: المصدر السابق،ج٥،ص٧٤.

* جەنگی عەمووریە(٢٢٣ك) لە نێوان خلیفەی موسوڵمانەکان(موعتەسەم) وپاشای ڕۆم(تۆفیل میخائیل) ڕووی دا، لەم جەنگەدا موسلمانەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، لە فەتحی شاری عەمووریە، تەنانەت سەرچاوەکان دەڵێن نزیکەی ٣٠هەزار لە ڕۆمەکان کوژراون، بڕوانە:جلال الدين السيوطي،تاريخ الخلفاء، بيروت،٢٠٠٤، ص٢٩٢.

[٢]بڕوانە :محمد هادي الدفتر و عبدالله حسن،المصدر السابق،ص١٩٥.

[٣]بڕوانە:محسن محمدحسين: المصدر السابق،ص١٨٥.

[٤]بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بوونی نەوت لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا وبەکارهێنانی لای دانیشتوانەکەی،بڕوانە: عەبدوڵلا غەفور: سەرچاوەی پێشوو،ل٥٩.

لــە هــەزارەی پێنجــەمی پــێش زایینیــدا لــە ناوچــەکانی باشــووری کوردستانیشــدا نــەوتی خــاو وشــێوەکانی بــوونی هــەبووە وزانــراوە وبەکارهێنراوە[1]،تەنانەت هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ پێش ئەم مێژووەش[2]. هەنـدێك سەرچـاوەی تـر دەگەڕێنـەوە بـۆ چـاخەکانی پـێش مێـژووش. بـەپێی دۆزینــەوەی شــوێنەواری لــە ناوچــەکانی گونــدی (چــەرموو)دا*، کــە هەنــدێك پاشمــاوەی لــە کەرەســتەی کشــتوکاڵی،(قیر و ئەســفەلت) بەشــێك بــووە لەپێکهاتـەکانی[3]. بـەڵام بەشێوەیەکی ئاشکرا، بـوونی نـەوت و شێوەکانی لـە ناوچەی زاخۆدا هەبووە، بەردەوام لە هەڵقوڵیندا بووە، لە سەرچاوەیەکە لە سەر رووبــاری خــاپوردا[4]. هــەروەها بــوونی بتیــومین(قیر یــان زفــت) لــە ناوچەکانی(گەیارە) لە نزیك شاری موسڵ هەبوو تەنانـەت ناوی(قیـارە) بـەزمانی عەرەبی لە وشەی قیر هـاتووە[5]. هـەروەها لـە ناوچـەی(نەفتخانە)ش بڕێکـی زۆر نەوت هەبووە، جگە لەوە ناوچەی کفری و خوورماتوو بیری نـەوت وبڕێکـی زۆر لــە قــیر و ئەســفەلت هــەبووە، کــە ســوودی زۆری بــە ناوچــەکانی باشــووری میزوبۆتامیادا گەیاندووە[6].

---

[1] حکمــت ســامي سليمان:المصــدر الســابق،ص٦٠; کمــال مجيــد:النفط والاکــراد، ط٢، لندن،١٩٩٧،ص١٩.

[2] بڕوانە :محمد هـادي الـدفتر و عبـدالله حسن، العراق الشمالي،ج١،بغداد،١٩٥٨ ،ص١٩٣; عبــدالرزاق الهلالــي:معجم العــراق،ج٢، بغــداد،١٩٥٦،ص٦; مــير بصري:المصــدر الســابق، ص٧٣;نــوري عبدالحميــد خليــل: التــاريخ السياســي لامتيــازات الــنفط في العــراق(١٩٢٥-١٩٥٢)،بيروت،١٩٨٠،ص١٩; عبدالفتاح ابراهيم:على طريق الهند، بغداد،٢٠٠٤،ص١٧٧.

* چـەرموو بـە کـۆنترین نیشـتەجێی کشـتوکاڵی و جوتیـاری چـاخی بـەردینی نـوێ لەقەڵـەم دەدرێت.

[3] روفائيل ميناس:النــاروالنفط-الغاز والکبريت في کرکوك،مجلة الاخاء،العدد٩-١٠،بغداد، ١٩٨٢،ص١٣.

[4] عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص٣٦.

[5] عزيز حسن الخفاف:المصدر السابق،ص٢٠.

[6] مير بصري:المصدر السابق،ص٥٧; نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص١٩.

نـەوتی خـاو وشـێوەکانی لـە ناوچـەی کـەرکوك بەتایبـەتی لـە(باباگوڕگوڕ) بوونێکی بەرچاوی هەبووە، لە شێوەی گازە سروشتییەکانیدا ڕووە وئاسمان هەڵچووە وئاگر گڕی گرتووە[1].هەندێکش دەیگەڕێننەوە بۆ هـەزارەی پێنجەمی پـێش زایـینی[2] لـە سـەردەمی سـۆمەرییەکاندا دانیشـتوانی (لەگـەش)،بۆ دروسـتکردنی شـاری(بەرزی بابل)سـوودیان لـە نـەوت وشـێوەکانی ناوچـەی کـەرکوك و دەوروبـەری وەرگرتـووە[3]. هـەروەها لەسـەردەمی (گودیـا)ی پاشـای لەگەش لە دەوروبەری(٢١٢٠ پ.ز)، کەوا گوتیوم(کەرکوك و دەوروبەری دەکات)

---

[1]لـە ڕاسـتیدا نـەوت لـە قووڵایـەکی زۆر لـە ژێـر زەویـدا لـە نێـوان چـینە بۆشـایەکانی و بەردیینەکاندا،ناسراوە بە مەیدانی نـەوت لە ناوچـەی یەکـەم، زۆر جار پێدزە دەکات بۆ نـاو خانە و شەقارەکانی چینەکانی زەویدا، جێگیر دەبێت لە ناوچەیەکی تر پێی دەڵێن ناوچەی پلە دووەم،بەڵام بە یارمەتی قورسایی چینەکانی زەوی و فشاری گازەکانی ناوچـەکەدا نـەوت دزەدەکات،نزیـك دەبێتـەوە لـە ئاسـتی زەویـدا، وەك ناوچـەکانی(باباگوڕگوڕ)،لە کـەرکوك و مەسجدی سلێمان و ناوچەی شووش لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران و هەندێك ناوچەی تر وەك خانەقین و مەندەلی و خوورماتوو و کفری ...هی تر،هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە ئاگرێك لە گـازی سروشـتی بـەرز بێتـەوە لـەم ناوچـانەدا، بەتایبـەتی لـە ناوچـەی باباگوڕگوڕ، ئـەوەی سەرسـوڕهێنەرە لـە کێڵگـەکانی باباگوڕگوڕدا، ئەوەیە(ئەگـەر بـە پەنجـەکانی دەسـت یـاخود بەهـەر هۆکـارێکی تـر خاکەکـەی هـەڵکۆڵین دەبیـنین یەکسـەر ئـاگر دەردەچێت لـە شـوێنێکی تر،ئەگەر بتەووی بەری بگری بەخۆڵ ئەوە لەجێگەی تـر سـەر هـەڵ دەدات، ئـەو خاکـەش، کە ئەم ئاگرەی لێدەردەچێت پێکهاتووە لە گۆگرد و گـازی سروشـتی و نـەوت هـەر ئـەم ئاگرەش بوو ئاشکرای کرد، کە نەوت لە دێرزەمانەوە لەم ناوچەیەدا بوونی هەیە،بڕوانە: محمد هـادي دفتر وعبدالله حسن:المصدر السابق،ص١٩٤; حكمت سامي سليمان:المصدر السابق،ص٦٠; صلاح نعمان عيسى:المصدر السابق،ص١١; كمال مجيد:المصدر السابق، ص١٩.

[2]عبدالحميد العلوجي وخضير الامي:المصدر السابق،ص٣٥;ازاد نقشبندي:(اثر نفط كركوك علـى ترحيـل الكـرد مـن كركـوك وتعريبهـا)،بحوث المـؤتمر العلمـي حـول كركوك،اربيـل، ٢٠٠١،ص٣٠

[3]عبدالحميد العلوجي وخضير الامي:المصدر السابق،ص٣٨.

چەندیی جۆری کانزای بۆ سۆمەریەکان رەوان کردووە[1]،هەروەها دانیشتوانی شاری کەرکوك لەو باوەڕدان، کە ئەم ئاگرە ئەزەلییە لە گەشتەکەی(دانیال پێغەمبەر–سفر دانیال النبی) باسی لێوەکراوە[2].

لەسەردەمی مادەکاندا ئاگری باباگوڕگوڕ بایەخێکی تایبەتی هەبووە، بەو پێیەی، کە ئاینی زەردەشتی پیرۆزی تایبەتییان هەبوو بۆ ئاگر وئاینی مادەکان بوو، بۆیە نازناوی باباگوڕگوڕ لەلایەن مادەکانەوە ناوی لێنراوە، لەم بوارەشدا دکتۆر جمال رەشید بە روونی،دەڵێت"لە ژێر تیشکی زانستی ئیتومۆلۆژیدا نازنێوی ئەم شارە بەشێوەی کەرکوك،بێ گومان پەیوەندێکی توندی لەگەڵ وشەی کورکورت گورگور هەیە, کەلە لایەن مادەکانەوە...بەکارهاتووە،ئەوجا وەك(کورکور+ەك)لەلایەن ئەمانەوە بڵاوبۆتەوە، نازناوەکەش لە زۆربەی زمانە ئێرانیەکاندا پێوەندی بە ئاگری پیرۆزی زەردەشتییەکانەوە هەیە"[3].

هەندێك لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە نەوتی خاو وئاگری ئەزەلی باباگوڕگوڕ دەکەن، کە بوونێکی بەرچاوی هەیە لە سەردەمی

---

[1] جمال رشید:( کرکوك في العصور القدیمة)،بحوث المؤتمر العلمي حول کرکوك،اربیل، ٢٠٠١،ص٦١.

[2] لە گەڕانەوەمان بۆ کتێبی تەورات(العهدالقدیم) لە گەشتی دانیال پێغەمبەر لە بەشی سێهەم ودوازدەهەم چەندین جار باس لە ئاگرێکی ئەزەلی(اتون النار المتقده) دەکات، کە لە ئاخاوتنی نێوان خۆی ونەبوخەزنەسەر دووبارە دەبێتەوە،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە العهد القدیم،سفر نبی دانیال–فصل٣و١٢،هەروەها هەندێك سەرچاوە ئەم ئاگرەی لە گەشتەکەی دانیال پێغەمبەر هاتووە،بە ئاگری ئەزەلی باباگوڕگوڕ ناو دەبەن،بڕوانە: عبدالرزاق الحسني:عراق قدیماً وحدیثاً ،ط٣،صیدا،١٩٥٨،ص٢٢١; عزیز حسن الخفاف:المصدر السابق،ص١٩; س.جي.ادموندز: کرد وترك وعرب،ت/جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧١،ص٢٤٠ ; ازاد نقشبندي:المصدر السابق،ص٣٠ .

[3] جمال رەشید ئەحمەد:کەرکوك و ناوچەی گەرمیان وماڤی کۆنترۆڵ کردنیا لەلایەن کوردەوە، دهۆك ، ٢٠٠٨، ل٢٩.

نەبووخزنەسـەر(٦٠٤-٥١٦پ.ن)دا[١]، هـەروەها بـاوەڕێكیش هەیـە، كـە دەڵـێن نەبووخزنەسەر سێ جولەكەی فڕێداوەتە ناو ئەم ئاگرە و سووتاندوونی[٢].

هێـروودوتس* مێژوونووسی گـەورەی یۆنـانی (٤٨٤-٤٢٥پ.ن) ئاماژەی بـە بوونی نەوت كردووە وباسی ئاگری ئەزەلی باباگوڕگوڕی كردووە ودەڵێت"دوو شوێنەواری گەورە هەیە لە شاری كەركوك یەكەمیان ئەو گۆڕەیە،كە ناسراوە بە مـەزاری(دانیال)و مەبەسـت لـە ئـاگری ئـەزەلی باباگوڕگورە...دووەمیـان ئـەو تاوەرەیـە، كـە مێژووەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی سـەلجوقیەكان... "، هەروەها ئاماژەی بە هەندێك لەو سەرچاوە نەوتیانە كردووە، كە دانیشتوانی شارە كە بە ئامرازی سەرەتایی دەریان دەهێنا...[٣].

هــەروەك بــەپێی نووســراویكی مێژوونووســی بــەناوبانگی یۆنــانی بەناوی(پلۆتارخۆس(٤٥ز-١٢٥ز))، كە باس لە تێپەڕبوونی مەكەدوونیەكان بە شـاری(ئەڕابخا)[٤] بـەرەو بابـل لـە سـاڵی (٣٣١ پ.ن) دەكـات و دەڵێت"كـەوا لـە ئەشـكەوتێكدا ئـاگر دێتـە دەرەوە و لـە نزیكیـدا سەرچـاوەیەكی نـەوتی رەشـی تێدایە"[٥].

---

[١]عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص٣٥.

[٢]عبدالفتاح ابراهیم:المصدر السابق،ص١٧٧.

* هێروودوت مێژوونووسی گەورەی یۆنانی، كە ناسراوە بە(باوكی مێژوو) گەشتێكی كردووە بە ناوچـەكانی جیهانـدا و كۆمـەڵێك زانیـاری جوگرافی و مێـژوویی گرنگـی كۆكردووتـەوە لـە پەرتوكیدا، بە گرنگترین ژێدەری مێژوویی هەژماردەكرێت.

[٣]بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: س.جي.ادموندز:المصـدر السـابق،ص٢٤٠;هـەروەها، جـرجیس فتح الله: (كركوك النزاع حول تكوینها الاثني ومحاولة تعریبها)، بحوث المؤتمر العلمـي حـول كركوك،اربیل،٢٠٠١،ص٢٤٤.

[٤]ئـەڕبخا=Arpahi یـان لـە تۆمارەكـانی بتلیمـوس بم شـێوەیە هـاتووە(Arrhapa) بـە پێـی سەرچاوە مێژووییەكان كەركوك ناوی زۆری لێنراوە ئەمەش یەكێك بوە لەو ناوانـە، ئێسـتاش لـە كـەركوك ئـەم نـاوە بـە كاردێـت كـە نـاوی گەڕەكێكـە (عەرفـە) نزێـك كۆمپانیـای نـەوتی كەركوكە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.جمال رشید: كركوك في العصور القدیمە...، ص٧٥.

[٥]جمال رەشید ئەحمەد:كەركوك و ناوچەی گەرمیان...،ل٣٠.

بەپێی ئەم سەرچاوە مێژووییانە هەبوونی نەوتی خاو وشێوەکانی لە ناوچەی کەرکوك، شوێنێکی تایبەتی خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابووری هەبووە بۆ دانیشتوانی شارەکەو و کوردستان و میزۆپوتامیاو وڵاتانی دەوروبەری. لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان پەیوەندییەکی توونـد هەبوو لە نێوان ئاگری هەمیشەیی باباگوڕگوڕ و ئاینی زەردەشتی، کە لە سەردمی مادەکانەوە تاکو هاتنی بنەماڵەی ساسانییەکان، کە ئاینی زەردەشتی ئاینی دەوڵەت بووە، بەردەوام بووە. تەنانەت کوردەکانی سەر بە ئاینی زەردەشتی لەسەردەمی ساسانی نویَ دا ناوی باباگوڕگوڕیان داهێناوە[1]، هەر لەبەر پیرۆزی ئاگری باباگوڕگوڕ بەلای خەڵکی زەردەشتیەوە ناوچەی گەرمیان وهەولێر وکەرکوك ودەوروبەری دەپەرسترا، یاخود بە پیرۆزی ڕادەگیرا وبەیانیان زوو دەهاتن لە چواردەورەی ئەم ئاگرە کۆدەبوونەوە بۆ نوێژو وێردکردن لە سەدەی شەشەمی زایینیدا[2]. لە بواری ئابووریشدا سوودێکی زۆری هەبوو بۆ دانیشتوان وناوچەکانی دەوروبەری، بۆ زۆر پێداویستی بەکاریان هێناوە، شەوانی تاریکیان پێی ڕۆناك کردووتەوە، نەخۆشی پێستیان پیَ چاك کردووتەوە، هەندێك کەرەستەی کشتوکاڵیان پیَ دروستکردووە، هەروەها ناو ماڵیان پیَ ناوپۆش کردووە، هەندێك جاریش بازرگانیان پێوە کردووە، ئەم کارانەش لە چەندین سەرچاوەی مێژوویی ئامـاژەی پیَ کراوە، بەتایبەتی بۆ بەکارهێنانی قیڕ لە فەرشکردنی ڕێگا وبانەکانی شاری(ئور،بابل،لەگەش) یان بۆ دروستکردنی(تاوەری بابل) لەلایەن لەگەشەکان بەکارهاتووە، بەتایبەتی لە باباگوڕگوڕ و خوورماتوو و کفری و نەفتخانە, لە ڕێگای ڕووباری عوزیمەوە بۆ ئەو شارانە بردراوە[3]، تەنانەت

---

[1] جمال رەشید ئەحمەد:کەرکوك و ناوچەی گەرمیان...،ل٣٠.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاشم عاصی سەعید: کەرکوك وکوردستان و چەند سەرچاوەیەك، گۆڤاری کەرکوك،ژمارە٤، ساڵی ٢٠٠٣،ل ل٧٢-٧٣.

[3] بڕوانە،عبدالحمید العلوجي وخضیر عباس اللامي:المصدر السابق،ص٣٨.

بازرگانی هەرێمیشی پێوە کراوە وەك میسریە کۆنەکان سوودیان لیٚ وەرگرتووە لەسەردەمی فیرعەونەکان نەوتی ڕەش و قیرِیان بەکارهێناوە بۆ مۆمیاکردنی مردووان،کە لە ناوچەی هییت و گەیارە براون[1]. لە رووی سووپایشەوە نەوت وشێوەکانی ناوچەی کەرکوك و دەوروبەری سوودێکی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی چەك وهەندێك ئامێری جەنگی، کە زۆربەی هەرە زۆری هۆزەکانی میزۆپۆتامیا سوودیان لیٚ وەرگرتووە[2]. لە رووی سیاسییەوە بەهۆی هەبوونی نەوت وشێوەکانی لە کەرکوك کەوتبووە بەردەم هێرشی بەردەوامی هۆزەکان و هەمیشە لە ژێر فشاری هیرشی داگیرکەردا بووە، ئەوەتا کاتێك فارسەکان بەم ئاگرەی باباگوڕگوڕیان زانیوە، یەکسەر داگیریان کردووە[3].

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٦دا ناوچەی عێراق(ئێستا) بەگشتی وکەرکوك بەتایبەتی، کەوتنە ژێر دەسەلاٚتی دەوڵەتی عوسمانی[4]، بۆیە ئەم ناوچەیە لە رووی سیاسی وکارگێڕی وئابوورییەوە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی مایەوە، تا کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨، بەریتانیا دەست بەسەر

---

[1] يوسف ابراهيم يزبك: المصدر السابق،ص٢٥.

[2] عەبدوڵلاٚ غەفور: سەرچاوەی پێشوو،ل٥٩.

[3] بڕوانە :محمد هادي الدفتر و عبدالله حسن،المصدر السابق،ص١٩٣.

[4] كەركوك نزيكەی چوار سەدە لە ژێر دەسەلاٚتی عوسمانی مايەوە،هەروەها كەوتە ژێر كاريگەريی ململانێی عوسمانی و سەفەوی تاكو سەدەی هەژدەهەم، بەتايبەتی لە دوای داگيركردنی سەفەويی دووەم بۆ بەغدا لە ساڵی ١٦٢٣ لەلايەن شا عەباسی گەورە(١٥٨٨-١٦٢٩) بۆيە كەركوك كەوتە ژێر كۆنتڕۆڵی داگيركەری سەفەوی(١٦٢٣-١٦٢٤)،بۆ زانياری زياتر بڕوانە:سعدي عثمان حسين:كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشروالثامن عشر،السليمانية،٢٠٠٦، ص٢٨٤-٢٨٥. لە كاتی داگيركردنی كەركوك لە لايەن هێزی فارسيەوە تاوانی كوشتن وتالاٚنی ودزی وێرانكردن وكاولكردن لە شارەكە ئەنجام درا، بۆ ماوەی دووجار لە نيوەی يەكەمی سەدەی ١٨دا، يەكەميان لە ساڵی ١٧٣٣و دووەميان لە ساڵی ١٧٤٣بوو، بۆ زانياری زياتر بڕوانە: علي شاكر علي:تاريخ العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٧٥٠،الموصل،١٩٨٤،ص ص ١٨٤-١٩٦.

**کەرکوك دەگرێت[١]. بە هۆی گرنگی کەرکوك لە رووی ئیداری وجوگرافی و ئابووری و سیاسییەوە[٢]، دەوڵەتی عوسمانی بە چاوێکی بڕ بایەخەوە تەماشای کەرکوکی کردووە، بەردەوام هەوڵی داوە دەسەڵاتی خۆی لەم شارەدا بەسپێنێ، بۆیە دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەستیان کرد بە پاڵپشتی کردنی هەندێك بنەماڵەی دەوڵەمەند لە شاری کەرکوك، کە چەندین پلەی گرنگ وئیمتیازی تایبەتیان پێی سپێردرا بوو[٣]، لەو بنەماڵانەش کە ئیمتیازی نەوتی باباگوڕگوڕیان پێ سپێردرا بوو، بنەماڵەی نەفتچی زادە بوو[٤]،بەفەرمانێکی**

---

[١] صلاح الدين انور قيتولي: كركوك في حقبة الصراع الصفوي والعثماني حتى الحاقه بالملكة العراقية(١٦٣٨-١٩٢٤)، گۆڤاری کەرکوك،ژمارە١، ٢٠٠٤،ل١٦٥.

[٢] کەرکوك بە درێژایی مێژووی جێگای چاوتێبڕینی داگیرکەربووە، لەلایەن ئەو هێزو دەسەڵاتدارانەی کە بەردەوام لە هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتیاندا بوون لەسەر ئەم شارە،هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی گرنگی ئەم شارە، کە لەسەر رێگای ستراتیژی بووە،ناوچەکانی دەریای رەش وناوەڕاست دەبەستێتەوە بەکەنداوو ڕێگای کۆنی ئاوریشم(حرير) بەروو ئاسیای ناوەڕاست وچین دا، هەروەها دەوڵەمەندی ئەم شارە لەرووی ئابوورییەوە، هۆکارێکی تربووە بەتایبەت هەبوونی نەوتێکی زۆر.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:جبار قادر:سەرچاوەی پێشوو،ل ١٧٩.

[٣] بەختیار سەعید مەحمود: کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا(لێکۆلینەوەیەکی ڕامیاری وئابووری)، سلێمانی، ٢٠٠٩،ل٧٣.

[٤] هەندێك سەرچاوە ڕەچەڵەکی ئەم بنەماڵیە بۆ کورد دەگەڕێنەوە،ئەوەتا سی.جی.ئەدمونز دەڵێت"بنەماڵە ناودارە ئەریستۆکراتەکان لە کەرکوك یان تورکن یان خۆیان بە تورك دادەنێن، بەڵام رەچەڵکیان کوردە سەر بە هۆزی زەنگەنەن،وەك بنەماڵەی نەفتچی زادە:بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سي جي ادموندز: المصدر السابق،ص٢٤١;هەروەها رۆژهەلاتناسی سۆفیتی ئەلبیرت منچاشفیلی دەلێت"بەشێك لە بنەماڵە ئەرستۆکراتەکانی شاری کەرکوك لە رەچەڵکی کورد بوونە، هەرچەندە خۆیان بەتورك دادەنێن وەك نەفتچی ویەعقوبی زادە، کە دەگەڕێنەوە سەر خێڵی زەنگەنە کوردی..."بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ا.م.منتشاشفیلی:کورد،و/عیزەدین مستەفا ڕەسوول ،سلێمانی،١٩٩٩،ل٤٨.

هـــەمایونی ســاڵی(١٨٧٢)[1]،بـۆ دەرهێنـانی نـەوت لــە پارچــە زەوییـــەکانی باباگوڕگوڕ ئەم بنەماڵەیەش بە هۆکاری ساکار دەستیان کرد بوو بەدەرهێنانی نەوت وئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوشاریان دەکرد، تەنانەت هەندێك جار بۆ شاری بەغداش رەوانەیان دەکرد[2].

بە کارهێنانی نەوت لە کەرکوك وناوچەکانی تری عێراق لەبوارێکی تەسکدا بووە، نەیان توانیوە کەڵکی زۆری لیّ وەرگرن، بەکارهێنانەکەش بە شێوەکی سادە وساکار بووە. ئامرازی ئاوکێشانی وەکو کوندەو مەشکە وگۆزە وتەنەکە بـــەکاردەهێنرا بـــۆ دەرهێنـــانی نەوت،لەســــەر پشـــتی وڵاخـــەکانیان گواستویانەتەوە[3]، بەڵام هیچ شێوازێکی نوێی بەکارنەهێنرا بۆ گەشەسەندنی نـەوت وپـاڵاوتنی لـەم ناوچـەیەدا، تـاکو دامەزراندنی مدحـەت پاشـا وەك والیـی بەغـدا(١٨٦٩-١٨٧٢)، بەیارمـەتی هەنـدێك لـە پسـپۆرانی ئـەڵمانیی پـاڵاوتنی نــەوت لــە بەعقوبــە دامــەزرا، بــۆ پــاڵاوتنی نــەوتی دەرهــاتوو لــە ناوچــەی مەندەلی[4]،لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩دا، لەلایەن پسپۆرانی فەرەنساوە هەوڵ درا پـەرە بـە زەوییـە نەوتییـەکانی گـەیارە بـدرێت، هـەروەها هـەولیش درا بـۆ زیادکردنی بەرهەمی هەردوو ناوچەی خورماتوو و باباگوڕگوڕ [5].

---

[1] بڕوانــە پاشــکۆی ژمــارە(٤)، هــەروەها هەنــدێك سەرچــاوە ئیمتیــازی نــەوت لەلایــەن عوسمانییەکانەوە بۆ بنەماڵەی نەفتچی زادە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٦٣٩،بەڵام لە ڕاستیدا نـە خۆیـان وێنـەی ئـەم بەڵگەنامـەیان دەست کـەوتووە، نـە هـیچ سەرچاوەیەکی مێـژوویی تـر ئاماژەی پیّ کردووە،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اوقات عطا ترزي باشي:کرکوك بترول تاريخي، قارداشلق،العدد ٣،بغداد،١٩٦١.

[2]مير بصري،المصدر السابق،ص٧٤; عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق، ص٦٨; ازاد نقشبندي: اهمية حقول كركوك النفطية،مجلة متين،العدد ٦٦،ص١٠٩.

[3]عەبدوڵڵا غەفور: سەرچاوەی پێشوو،ل٥٩.

[4] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص١٩.

[5]محمد عصفور سلمان: العراق في عهد مدحت باشا١٨٦٩-١٨٧٢،رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب جامعة بغداد، ١٩٨٩،ص١٧٢; S.H . Longrigg,op.cit, p.14

هەڵقوڵانی نەوتی خاو لە باشووری کوردستان(باباگوڕگوڕ)و ناوچەکانی تری عێراق بە شێوەیکی سروشتی، سەرنجی زۆر لە گەڕیدە وگەڕۆکەکانی ئەوروپی و ناوچەیی لە سەدەی ١٨دا بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەوانیش لەنامەی تایبەتی ڕۆژانە و لە یاداشتەکانیاندا ئاماژەیان بەم سامانە گرنگە کردووە و بە جیهان ناساندووە.

م.ئوتەر(M.Oter) لە ساڵی (١٧٣٦) لە گەشتەکەیدا گەیشتووەتە شاری کەرکوك وئاماژەی بەبوونی نەوت کردووە لە باباگوڕگوڕ ودەڵێت"دانیشتوان، کە دەچن بۆ ئەم ناوچەیە، بۆ هەڵکەندنی چاڵێك یەکسەر ئاگر دەردەچێت و بەرز دەبێتەو بۆ سەرەوە،هەروەها ئاوی ئەم ناوچەیە پلەیکی بەرزی گەرمی هەیە...هەروەها سێ سەرچاوەی(منزات)تایبەت هەیە بۆ هەڵقوڵانی نەوت،کە ناڵەیەکی لێ دەردەچێت بێزارت دەکات، هەروەها ئەگەر پارچە قوماشێك فڕێ دەیتە ناوی یەکسەر گڕدەگرێت، ئەمەش شوێنێکی سەیرە سەرنجی گەشتیاران ڕادەکیشێ بۆ سەیرکردنی"[1].

گەڕیدەی دانیمارکی کارستون نیبور(C.Niebuhr) کە لە ١٠-٣-١٧٦٦، دەگاتە شاری کەرکوك و دەوروبەری، باس لەو سامانە سروشتیانە وقیڕ دەکات و دەڵێت"لە نزیك شاری کەرکوك سەرچاوەی نەوت وقیڕ هەیە،هەروەها شوێنێك هەیە بەناوی باباگوڕگوڕ زۆر سەرسوڕهێنەرە... بەتایبەتی خاکەکەی زۆر گەرمە تەنانەت دەتوانی گۆشت و هێلکەی پێ ببرژێنی..."هەروەها بەردەوام دەبێت ودەڵێت "مرۆڤ پێویستی بە هەڵکەندنی زۆر نیە بۆ گەیشتن بەو ماددانە..."هەروەها دەڵێت"چەندین کەس بۆیان گێڕاوەتەوە، کە ئاگرێکی بەرز گڕی گرتووە بەڕووی ئاسمان وخەڵکی زۆر دەڕۆن بۆ سەیرکردنی"[2]، نیبور لە

---

[1]م.ئوتەر(M.Oter) لە ساڵی(١٧٤٣) زانیارییەکانی لە ناو کتێبێك بڵاوکردۆتەوە بە ناوی(گەشتێك لە تورکیا و ئێراندا)،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالحمید العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص٦٣.

[2]رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر،ت/محمود حسين الامين،بغداد،١٩٦٥،ص٨٦.

گەشــتەكەيدا بــە شارۆچــكەی خوورمــاتوو تێپــەڕیووە و ئامــاژە بــەبوونی سەرچاوەی نـەوت وقیڕ دەكـات، ودەڵێـت "نـەوت لـەم شـوێنەدا زۆر بە نرخـە و دانیشتوانەكەی بەكاری دەهێنن بۆ ڕووناكردنەوەی چراكانیان لە جیاتی (ڕۆن)، نەوتی سپییش بەكاردەهێنرێت بۆ چارەسەركردنی هەندێك نەخۆشی"[1].

لـە سـاڵی(١٧٧٩)دا گەڕیـدەی فەرەنسـی م.د..دانفیـل(M.D.Danville) لـە گەشـتەكەی دا دەربـارەی شـاری كـەركوك دەڵێت"هەنـدێك بـەرد هەيـە لـە نزيـك كـەركوك هـەڵگری ئـەو نەوتەيـە، كـە دانیشـتوانەكەی لـە كێڵگـە جۆراوجۆرەكـان دەريدەهێنن "[2]،هـەروەها دانفیـل لەسـەری دەڕواو دەڵێت"زانستی جوگرافیـای توركیا ئامارژەی بە ئاگری باباگوڕگوڕ كردووە، كە چەند گەرمە ودەتوانێت ئاوی لەسەرگەرم بكرێ"[3].

دواتر گەڕیدەی فەرەنسی ئۆلیڤیە(G.A.Olivier) لە سالأنی(١٧٩٤-١٧٩٦) ئامارژەی بەبوونی نەوت لەشاری كەركوك كردووە و دەڵێت:"... تەپۆڵكەيـەكمان بريـی كـە لـە خـۆڵ وبـەرد پێكهـاتبوو، هـەروەها پاشمـاوەی گەچـی سـپیكاريمان بـینی ولـەژێر نـەوت رێچـكەی بەسـتبوو لـە زۆر جێگـەدا، دانیشـتوانی شـارەكە بيريان هەڵدەكەند بە قوڵأيی ٥ تا ١٢ پـێ، رۆژانـە نـەوتيان دەردەهێنـاو هـەروەها كۆيانــــدەكردەوە و دەيانگواســــتەوە لەســــەر پشــــتی ولأخــــەكانيان بــــۆ كەركوك...هەروەها ئەو قەشەيەی هاورێيەتيمانی دەكرد پێی ڕاگەياندبووين كـە بـە دووری يـەك فەرسـەخ لـەو شـوێنەی لێبـووين بـەرەو ئاراسـتەی باشـووری رۆژهەلأت لە شوينێكی فراوان،گڵپەی ئاگرێك دەردەچێت..."[4]

---

[1] رحلة نيبور الى العراق ... ،ص ص٨٣-٨٤.

[2] لە ساڵی(١٧٧٩)دا گەڕیـدەی فەرەنسـی م.د..دانفیـل(M.D.Danville) سـەردانی هـەموو ناوچــەكانی مێژۆپۆتاميــا دەكــات، لەگەشــتەكەيدا هــەموو زانيارييــەكانی تۆمــاركردووە بەناونيشانی(گەشـتێك دەربـارەی فـورات وديجلـە )، بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: عبدالحميـد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص٦٤.

[3] المصدر نفسه،ص٦٤.

[4] رحلة اوليفييه الى العراق ١٧٩٤-١٧٩٦،ت/يوسف حبي، بغداد،١٩٨٨،ص٦٧.

**ج.جاكسـون(J.Jackson)ی ئینگلیـزی دەربـارەی بـوونی نـەوت لـە کـەرکوك دەڵێت" لە کاتی گەڕانمان بە ناو ئەم شارەدا گەیشتینە زنجیرەیەك بەرزایی, کە لە نزیکیدا چەند کێڵگەیکی نەوتمان بینی، قولاّیی هەریەك لەو چالاّنە ٣ پێ بووە و نەوت بەبڕێکی زۆر بوونی هەیە وەك شلەمەنیەکی سەخت و بۆنێکی توندی هەیە وەك ئەوقارەی لە خەڵوزی بەردینی دەردەچێت..." [١].**

**(جیمس سیلك بگنهام James Silk Buckingham)[*]، لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا ئاماژە بە گەیشتنی بۆ شاری کەرکوك دەدات لە رۆژی ٦ تەموزی ساڵی (١٨١٦)دا دەڵێت " لێرەدا بیستوومە کە، ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگەی نەوت هەیە لەم شارەدا، بوونی زەوییەك کە ئاگرێك بەرز بووتەوە لە ناویدا بەڕووی ئاسماندا...هەروەها بوونی ئەم ئاگرە و نەوتە لەم ناوچەیەدا ئەوە بەخشندەیی خوایە بۆیان"[٢].**

**لە سەدەی نۆزدەهەم کلۆدیوس جیمس ریچ(C.J. Rich)[**]، بە دەوروبەری شاری کەرکوك تێدەپەڕێت لە رۆژی ٢٨ نیسانی ١٨٢٠ ئاماژەی بە سەرچاوەی**

---

**[١]لەسەردەمی والی بەغدا سلێمان پاشای گەورەی مەملوکی (١٧٨٠-١٨٠٢)، بە ژمارەیەکی زۆر لە گەڕیدەی بیانی و ئینگلیز ڕێگا درا بە ئازادی هاتووچۆ بکەن، لە ناو عێراقدا بەبێ سنوور، لەسەروی ئەمانەوە ج.جاکسون(J.Jackson)ی ئینگلیزی بوو، کە دانیشتوانی شاری کەرکوك بە چاووی خۆیان لە ٢٤ تەموزی(١٧٩٧) لە شاری کەرکوك بینیویانە، گەشتی وردی بە ناو شارەکەدا کردووە، بڕوانە: ج.جاكسون: مشاهدات بريطاني عن العراق سنة ١٧٩٧،ت/خالد فاروق عمر،لبنان،٢٠٠٠،ص١١.**

**[*] فەرمانبەرێکی بە ناوبانگی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاّتە (English East India Company)، گەشتێك دەکات بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق، بڕوانە: جمس بكنغهام: رحلة الى العراق،ت/سليم طه التكريتي،ج١، بغداد،١٩٦٥،ص١٤٣.**

**[٢]جمس بكنغهام: المصدر السابق،ص١٤٣.**

**[**] کلودیوس جیمس ریچ(C.J. Rich) نوێنەری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاّت( English East India Company) دەبێت، هەروەها نیشنگەی بەریتانیا بووە بەردوام لە بەغدا لە نێوان ١٨٠٨-١٨٢١، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كلوديوس جميس ريج: رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠،ت/بهاءالدين نوري،ج١،بغداد،١٩٥١،ص٢٠.**

نەوت کردووە لە خوورماتوو، هەروەها دەڵێت" بیرێك هەیە لەناو زوورگەکانی ئەم شارەدا کەوتووتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە. ئەو بیرە دوور بووە و قووڵاییەکەی نزیك ١٥ پێ بووە و ١٠ پێیش ئاوی تێدا بووە...ڕۆژانە دوو گۆزەی لێ پڕکراوە، کە هەریەکەیان شەش حۆقە* بووە، لە دەرەوەی شارەکەش لەسەر ڕێگای کفری لە ناو زوورگەکاندا، هەندێك لای باشووری بیرەکەی یەکەم، چەند بیرێکی تر هەنە ژمارەیان پێنج شەش دانە بوونەو بەرهەمیشیان لەناوچەکە پێشوو زۆرتر بوو"[(١)].

کەسایەتی بەناوبانگی عەرەبی، مەحەمەدی کوڕی سەید ئەحمەد، کە ناسراوە بە(المنشيء البغدادي) لە ساڵی (١٨٢١) گەشتێك بەناو کوردستان دەکات بە شاری خوورماتووش تێ دەپەڕێت ودەڵێت"لەنزیك چیا نزیکەکانی ئەم شارە نەوتی ڕەش هەیە" [(٢)].

لەساڵی(١٨٤٢)دا (مێژەر بولتۆن) سەرنجی مەسەلەی سامانی نەوتی داوە لە کوردستاندا ، لەو وتارەی کە لە کۆڕی پاشایەتی عوسمانیدا خوێنرایەوە، سەرنجی گوێگرەکانی بۆ گرنگی نەوتی کوردستان ڕاکێشاوە[(٣)].

گەڕیدەی هۆڵەندی لیکلاما لە ساڵی(١٨٦٥) دا باسی سەرچاوەی نەوت وئاگری ئەزەلی باباگوڕگوڕی کردووە[(٤)].

گەڕیدە (ژاك ڕێتۆری)* فەڕەنسی لە گەشتەکەیدا لە ٢٥ حوزەیرانی ١٨٧٨ دەگاتە شاری کەرکوك، باسی ئاگری ئەزەلی باباگوڕگوڕ دەکات، ئاماژە بەبوونی

---

* یەك حۆقە دەکاتە٢,٥ باتمان،بەپێوەری ئینگلیزی(٠,٥٦٨ لتر دەکات)،کلودیوس جمیس ریچ: المصدر السابق ، ص٢١.

(١) المصدر نفسه،ص ص ٢٠-٢١.

(٢) محمد بن احمد الحسيني المنشي البغدادي:رحلة المنشي البغدادي الى العراق،ت/عباس العزاوي،بيروت،٢٠٠٨ ،ص٧٨.

(٣) عزیز شەمزینی:جوڵانەوی رزگاری نیشتمانی کوردستان،و/فەرید ئەسەسەرد،چاپی٤، سەنتەری لیکولینەوەی ستراتیجیی ،سلێمانی،٢٠٠٦،ل٢٥

(٤) بەختیار سەعید مەحمود: سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٦.

نـەوت دەكـات لـەم شـارەدا و دەڵێت"شـارەكە واپـێ دەچـێت لەسـەر زەوییێكـی بوركانـاوی دروسـتكرابێ، لـە دەرەوەی شـوورەكانی شـارەكە، لـە نزیـك ئـەو گردانەی كە لە نزیك شارەكەن، بەشقاری زەوییەكـەدا، لە زۆر جێگـەدا ئاگرێكی شـینباوی لـێ بـەرز دەبێتـەوە، كـە بـەزمانی بـازاڕی پێـی دەلـێن بابەگوڕگوڕ،لـە دووری یـەك كاتـژمێر ڕێ لـە چـەقی شـارەكە، لەسـەر ڕێگـەی ئـاڵتوون كـۆپری، ژمارەیـەكی گـەڵی زۆر سەرچاوەی نـەوتی لێیـە ولـە كۆنـدا لەلایـەن زەینەفۆنـەوە ناوی براوە..." [1].

لـە ١٦ تشـرینی یەكـەم (١٨٨٥)گەڕیـدە هنـری بندیـە دەگاتـە ناوچـەكانی شـاری موسـڵ وئامـاژە بـەوە دەكـات، كـە بەچـاوی خـۆی،مـاددەی زفـت وقـیری بینیووە لە ناوچەكەدا، بۆ نەوتی خاویش دەڵێـت" لەسـەر كەنارەكانی ڕووبـاری دیجلە، كە بە زۆربـەی ناوچەكانی دۆڵـی میزۆپۆتامیا تێدەپـەڕێت، سـەرچاوەی نەوت وقیر بوونیان هەیە..." [2].

بـەپێی ئـەو ڕاپـۆرت و زانیاریانـەی، كـە گەڕیـدە و پسـپۆران لەسـەر ئـەو ناوچـەیە تۆماریـان كردبوو، ولاتـانی ئـەوروپی بەتایبەتی(ئـەڵمانیا وبـەریتانیا) ولاتانی تر، كە خوازیاری سیاسەتی بە كۆڵنیالكردنی ناوچەی ڕۆژهەلات بوون، دەستیان كرد بەناردنی تیم وشاندی پسپۆری دیكەی تایبەت بۆ گـەڕان بـەدوای دۆزینەوەی نەوت ودەست نیشانكردنی ناوچە نەوتییـەكانی ویلایـەتی موسـڵ و بەتایبەتیش كەركوك.

---

* ژاك ڕێتـۆری(١٨٤١-١٩٢١) گەڕیدەی فەرەنسی سـەردانی ناوچەكانی كوردستان باشـوری دەكات و هەواڵی گەشتەكەی لە ناوچەی كەركوك وسلێمانی لە (١٨٧٩-١٨٨٠)، لـە گوتـاری (سـاڵنامەی دۆمینكـان) بـەزمانی فەرەنسـی بلاوكردووتـەوە...، بڕوانـە: ژاك ڕێتـۆری: گەشـتنامەی مسیۆنێریك بـۆ ناوچـەكانی كـەركوك وسـلێمانی،ور/ نـەجاتی عەبدوڵلا، بنكـەی ژین،سلێمانی،٢٠٠٨،ل٣٣.

[1] هەمان سەرچاوە پێشوو،ل٣٣.

[2] هنري بنديه: رحلة الى كردستان في بلاد مابين النهرين سنة ١٨٨٥،ت/يوسف حبي، اربيل، د.ت، ل٩٨.

له ساڵی(١٨٧١) یەکەم تیمی ئەڵمانی سەردانی ناوچەکەیان کرد، هەروەها هەردوو ویلایەتی موسڵ و بەغدایان پشکنی، ڕاپۆرتێکیان پێشکەش کردبوو، تیایدا ئاماژیەن بەوە کردبوو، کە نەوت بە ڕێژەیەکی زۆر لەو ناوچەیەدا هەیە[1]، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بە نەبوونی هێڵی گواستنەوەی نەوت بۆ سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، هیچ کۆمپانیایەکی نەوت ناتوانێت لە دەرهێنانی ئەم نەوتانە سەرکەوتوو بێت، ئەگەر بیەوێت کێبڕکێی نەوتی ئەمەریکا و ڕوسیای پێبکات[2].

هەر لەم ساڵانە بۆ یەکەم جار بەریتانیا ئیمتیازی نەوت بەدەستدێنێت لە ئێران لە ڕێگای هاووڵاتی بەریتانی جولیوس دی رۆیتەر، ئەویش بەهۆی ڕەزامەندی ناسرەددین شا(١٨٤٨-١٨٦٩) بە پێدانی ئیمتیازی نەوت لە ساڵی (١٨٧٢) لە بەرامبەر٤٠ هەزار جونی ئەسترلینی، ئەم ئیمتیازە هەموو ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە، هەروەها هەموو کانزاکان، تەنها ئاڵتون و زیوو و بەردی بەنرخ نەبێت، بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ بوو، بەڵام شای ئێران لە دواییدا پەشیمان دەبێتەوە بەهۆی دەست تێوەردانی ڕوسیا لە کارەکانی ئێران. لەساڵی(١٨٨٩) جارێکی تر شا ئیمتیازێکی تازە دەکاتەوە بۆ رۆیتەر، بەڵام ئەم جارەیان بۆ ماوەی ٦٦ ساڵ بوو لە بەرامبەر پشکی ١٦٪ بۆ دەوڵەتی ئێران بێت. رۆیتەر مافی دامەزراندنی بانکی پێدرا[3].

دوای ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦-١٩٠٩) زانیاری تەواوی بەدەستەوە دەبێت بە بوونی بڕێکی زۆر لە نەوت لەشاری موسڵ و کەرکوك بەتایبەتی،ئەم هۆکارە پاڵ بە سوڵتان دەنێت لە سەردمی والی عەبدولڕەحمان

---

[1] بڕوانە:الحزب الديمقراطي الكردستاني (المكتب السياسي)مكتب الدراسات والبحوث المركزي: نفط كوردستان العراق،ج١،ط١،هەولێر،١٩٩٧،ص١٢ ; S.H.Longrigg : op. cit ,pp13-14

[2] عبد الرزاق الحسني:العراق قديما وحديثا...،ص٤; عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي: المصدر السابق،ص ٧٠.

[3] ابراهيم خليل احمد وخليل علي مراد:ايران وتركيا(دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر)، الموصل،١٩٩٢،ص٨٨-٨٩.

پاشا له(١٨٧٩) موسڵ بکا به ویلایەت، که له سێ سەنجەق پێکهاتبوو (موسڵ، کەرکوك،سلێمانی)[١] بەمەش کەرکوك لە مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور کرا بەسەنجقیك له ویلایەتی موسڵ، ئەویش لەبەر هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی دابوو. کەرکوك لە دوای ئەم مێژووەوە دەبێتە ئامانجی سەرەکی تەماحەکانی زلهێزەکان، بەردەوام لە ژێر پشکنینی تیمە زانستی و جیۆلۆجییەکاندا بوو، ئەوە بوو لە ساڵی(١٨٨١)دا شاندێکی زانایانی جیۆلۆجی گەیشتنە کوردستان ولە ناوچەی کەرکوك دەستیان کرد بە گەڕان و پشکنین، لە ئەنجامدا ڕاپۆرتێکیان لەو بارییەوە ئامادە کرد دایانە کاربەدەستان ودەسەڵاتدارانی عوسمانی وئەڵمانی،کە تیایدا گوتراوە" کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری گۆڕەپانێکی مەزنی شاراوەی نەوتە، زۆربەی کانە نەوتییەکانی لەسەر رووی زەوییەوە نزیکن، زۆر جار بووەتە هۆی جووڵەی هیواشی زەوی، ئەگەر هاتوو دەست کرا بە هەڵکەندنی نەوت لەم زەوییانەدا، ئەگەری بەهێز هەیە بۆ دروستبوونی بوومەلەرزەی بەهێز"[٢].

بە هۆی ئەنجامی ڕاپورتی ئەم تیمەوە، لە ساڵی (١٨٨٢) سوڵتان عەبدولحەمید چەند کارێکی ئیداری دەکات، لە وانەش دەست بەسەراگرتنی رووبەرێکی زۆر لە زەویە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ بۆ سەر مۆڵکی تایبەتی خۆی لەوانەش (گەیارە) بە بەرامبەر بڕێك لە پارەی زۆر کەم، بە بیانوی ئەوەی لە دەست بەسەراگیرانی لە لایەن بێگانەوە پارێزگاری دەکات، بۆ سوودی دەوڵەت لە دوارۆژدا بەکاریدەهێنێت[٣].

لە نێوان ساڵانی١٨٨٠-١٨٨٥ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم زۆر هەوڵیدا بۆ دروستکردنی هێڵی ئاسنی لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا[٤].لە

---

[١]عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص ٧٥.

[٢]حکمت سامي سلیمان: المصدر السابق،ص٧٤.

[٣]یوسف ابراهیم یزبك :المصدر السابق،ص٧٧; نوري عبدالحمید خلیل،المصدر السابق، ص٢١.

[٤]اندره نؤسشي: المصدر السابق،ص٢١.

بەرامبەردا ئەڵمانەكانیش زۆر بە پێویستیان دەزانی هێڵی ئاسنی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بكرێت، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی ئەو برە پارەیەی نەبوو بۆ جێبەجێكردنی ئەم پرۆژەیە، تەنها رێگا بۆ جێبەجێكردنی ئەوە بوو، دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئیمتیازی ئەم پرۆژیە رێككەوێت، ئاسانكاری بكات لە بڕی باجەكان، ئیمتیازی گەڕان و دەرهێنانی كانزاكان ونەوت لەگەڵی بدات[1].

بەم پێیە هاوپەیمانیەتی و دۆستایەتی دروست دەبێت لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی وئەڵمانیا لەسەر حیسابی خاك ومیلەتەكانی ناو قەوارەی دەوڵەتی عوسمانی. بەرژەوەندیەكانی ئەڵمانیا بۆ جێبەجێكردنی ئەم پرۆژیە دوو ئامانجی هەبوو، یەكەمیان دەیویست بەرژەوندیی ئابووری دەستكەوێت، دووەمیان بۆ ئەوە بە كەنداوی فارس بگات و كۆنترۆڵی رێگای ڕووباری دیجلە وفورات و ناوچەی رۆژهەلآت بە گشتی بكات، بەلآم بەرژەوەندیی تایبەتیی بەریتانیا وفەڕەنسا و هۆڵەندا و ئەمریكا ئاڵۆزبوو لە ململانێ وكێبركی لەسەر ئیمتیازی تۆڕەكانی هێڵی ئاسنی و ئیمتیازی نەوت لە ناوچە دواكەوتەكانی دەوڵەتی عوسمانی و رۆژهەلآتی ناوەڕاست، بەلآم لە ڕاستیدا ململانێی سەرەكی لە نێوان كۆمەلێك كۆمپانیای ئەڵمانی وفەڕەنسی و بەریتانی و هۆڵەندی و ئەمریكی بوو، كە بە وردی چاویان لە گرنگی گەورەی ئیمتیازی هێڵی ئاسنی ئەنادۆل و هێڵی ئاسنی بەغدا بوو، هەروەها ململانێ و كێبركی زلهێزەكان بۆ بەدەستهێنانی ماف بەكارهێنانی سەرچاوە نەوتییەكان بە تایبەتی لە ناوچەی ویلایەتی موسڵ بوو[2]، ئەوەتا گەورە پیاوی دارایی ئەڵمانیا(باول روهەر باك) گرنگی ئەم ناوچەیە دووپات دەكاتەوە لەگەڵ بەرژەوندیە نەوتییەكانی ئەڵمانیا، دەڵێت"ئایندەی ئەڵمانیا لە رۆژهەلآت دایە لە ئاسیای بچووك و سوریا و میزۆپۆتامیا و فەلەستین، چونكە گرنگترین و دەوڵەمەندترین

[1] حكمت سامي سليمان: المصدر السابق،ص٦٦.

[2] المصدرنفسه،ص ص٦٩-٧٠.

مەیدانی نەوتی لە جیهاندا لە وێدایە (موسڵ) هەر هێڵی ئاسنی بەغدا–بەرلین بەوێدا تێدەپەڕێت"[1].

بۆیە یەکەم هەنگاو کە چالاکی سیاسی و ئابووری ئەڵمانیا لە دەوڵەتی عوسمانی زیادکرد ئەو سەردانەی قەیسەری ئەڵمانیا(ولیەمی دووەم) لە ساڵی(١٨٨٨)بوو، کە گەیشتە ئەستەمبوڵ بۆ مەبەستی فراوانکردنی هاوپەیمانێتی نێوانیان، هەروەها رێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەخشینی ماف کرین و جێبەجێکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوانیان[2].

هەروەها سوڵتان عبدولحەمیدی دووەم بێئاگا نەبوو لە بابەتی نەوت و ململانێ نێودەوڵەتییەی لە سەرێدا، بۆیە بڕیاریدا هەنگاوێکی گرنگ بنێت لە ساڵی(١٨٩٠) کە زەنگی بایەخدانە بە نەوتی کەرکوك(لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بە ووردی باسی لێوەدەکەین).

---

[1] محسن الموسوي: النفط العراقي(دراسة وثائقية من منح الامتياز حتى التأميم)، بغداد، ١٩٧٣،ص٢٠.

[2] نوري عبدالحميد خليل،المصدر السابق،ص٢١.

## بەشی یەکەم

## ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ تا کودەتای ( ١٩٠٨ )

### باسی یەکەم

### نەوتی کەرکوك لە چوارچێوەی پەیوەندی وگرێبەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی وئەڵماندا ( ١٨٩٠-١٩٠٠ )

### باسی دووەم

### نەوتی کەرکوك لە نێوان ئیمتیازی ( دارسی )و هێڵی ئاسنی ( بەرلین-بەغدا )دا ( ١٩٠١-١٩٠٨ )

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم

## نەوتی کەرکوك لە چوارچێوەی پەیوەندی و گرێبەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی وئەڵمانیا (١٨٩٠-١٩٠٠)

لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تووشی کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و سەربازی وئابووری جیاجیا بوو، بە جۆرێ کە گەیشتبووە ئاستی نابوود بوون، هەموو سەرچاوەکانی داهاتی کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵ و دەست تێوەردانی زلهێزەکان، ببوە ئامانجی هاتنەناوەی و دەست تێوەردانی زلهێزەکان لە ڕێگای سیستەمی ئیمتیازی بیانی(Capitulations)و پێدانی قەرز و ئیمتیازی هێڵی شەمەندەفەر، ئیمتیازی هاتووچۆی دەریایی، پرۆسەی وەبەرهێنانی سەرمایەو بانکەکانەوە[1]. بانکی عوسمانی * کە بانکێکی هاوبەش بووە لە نێوان فەڕەنسا وبەریتانیا لە ساڵی١٨٦٣ چالاك تر بووە بۆ ناردنی سەرمایە بۆ ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، هەروەها لە دوای کردنەوەی چەندین لق لە ناوچە جیاجیاکانی دەوڵەتی عوسمانی، لە سالی١٨٩٣ لە ویلایەتی بەغدا لقێکی ئەم بانکە کرایەوە، لە ساڵی ١٨٩٤ لە ویلایەتی (موسڵ)یش لقێك کرایەوە، هەروەها ئەم بانکە

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تێپەڕبوونی سەرمایەی ئەورووپی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩دا ، تاکو جەنگی جیهانی یەکەم، بڕوانە: خليل علي مراد:"تغلغل الراسمال الاجنبي في الدولة العثمانية ١٨٥٤-١٩١٤" ، دراسات تركية،العدد٢،السنة الاولى، كانون الاول١٩٩١،ص ص١٣٣-١٦٤.

* لە ڕاستیدا ئەم بانکە لە ساڵی ١٨٥٦، لە دەوڵەتی عوسمانی دامەزرا، بە ناوی(بانکی عوسمانیOttoman Bank) بەسەرمایەی ئینگلیزی بەبڕی یەك ملیۆن پاوەنی ئەسترلینی، لە ساڵی ١٨٦٣ بە فەرمانێکی سوڵتانی عوسمانی ئەم بانکە گواسترایەوە بۆ بانکی دەوڵەت بەناوی(بانکی شاهانەی عوسمانی)، هەروەها سەرمایەکەی بەرزبووەوە بۆ ١٠ملیون پاوەن،لە دوای بەشداربوونی فەڕەنسا لەم بانکە،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:المصدر نفسه،ص ص١٥٢-١٥٣

ئیمتیـازاتی فـراوان وگرنگـی دارایـی لـه هـەموو بوارەکانـدا لـه نـاو دەوڵـەتی عوسمـانی پێـدرا، گـرنگترین ئـەو ئیمتیازانـەش پـرۆژەی هێڵـی ئاسـنی بـوو[1]. حکومـــەتی هینـــدی بـــەریتانی کـــە لـــە دوای کۆمپانیـــای هینـــدی رۆژهـــەڵات نۆێنەرایـەتیی سیاسـەت و سـتراتیژییەتی بـەریتانیای دەکـرد لـە ناوچـەکەدا، بەردەوام سـەرمایەی بەریتانی لـە عێـراق بڵاودەکرایـەوە، ئەمـەش تـەنها لـە بـەر داگیرکردنـی ناوچەکە بوو، بە بیانووی ئـەوەی عێـراق کەوتووەتـە سـەر ڕێگـای هیند وبڕێکی زۆر لە نەوتی هەیە[2].

ئـەو کێشـە قورسانەی تووشـی لایـەنی دارایـی دەوڵـەتی عوسمـانی هـاتبوو، زیاتر بارودۆخـی دەوڵەتی ئاڵوز کردبوو، بۆیـە دەبینن دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەتی عوسمـانی بیر لـە دەوڵـەتی ئـەڵمانی کـردەوە، خـۆی لـیٚ نزیـك کـردەوە، لـە بـەر ئەوەی هیچ متمانەیەکیان بە بەریتانیا وفەڕەنسا و رووسیا نەمابوو و بۆ ئەوەی لـە دژی پیلانـەکانیان بوەسـتێتەوە[3]، هـەروەها لـە ئـەنجامی ئـەو گۆڕانکاریـە سیاسـییانەی لـە دوای کـۆنگرەی بـەرلین(١٨٧٨) بەسـەر دەوڵـەتی عوسمانیـدا هاتبوون، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم خۆی لە بەردەم دوو کێشـەی سـەرەکی بینیـوە، یەکـەمیان نـاپوود بـوونی خەزێنـەی دەوڵـەت بـوو، کـە پێویسـتی بـە بناغەیـەکی دارایـی جـێگیر هـەبوو،دووەمیان سـوپای عوسمـانی هەسـتی بـەوە دەکـرد زۆر پێویسـتی بـە راوێـژ وئامۆژگـاری رۆژئـاوایی، بۆیـە سـوڵتان بـاوەڕی وابوو، هاوکاریکردنی ئەڵمانیا، ئەم کێشانە چارەسـەر دەکـات[4]. بۆیـە سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم نێردەیـەك بـە سـەرۆکایەتی(عەلی نـەزمی) دەنێرێـت بـۆ

---

[1] غانم محمد علي: النظام المالي العثماني في العراق(١٨٣٩-١٩١٤)،رسالة ماجستير،كلية الاداب،جامعة الموصل ، ١٩٨٩،ص١٩٠.

[2] محسن الموسوي: المصدر السابق،ص ١٩.

[3] محمد سهيل طقوش: تاريخ العثمانين (من قيام الدولة الى الانقلاب على الخلافة)، ط٢، بيروت،٢٠٠٨،ص ص٤٦٣-٤٦٤.

[4] Jonathan S.McMurray،Distant Ties:Germany،the Ottoman Empire and the Construction of the Baghdad Railway-London-2001، p. 17.

بـەرلین تـەنها بـۆ هانـدانی سـەرمایەدارەکانی ئـەڵمانیا، رازییـان بکـا بـۆ دروستکردنی کۆمپانیایەك بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی بەناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لە بەرامبەر ئاسانکاری زۆر لەلایەنی دەوڵەتی عوسمانیەوە[1].

ئەڵمانیا دەوڵەتێکی بەهێزی ئەوروپا بوو، لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە رووی سەربازی وئابوورییەوە دەرکەوت، هەروەها زیاتر بەهێز بوو لە دوای ئەنجامدانی یەکێتی ئەڵمانیا لە ١٨٧١، کە کاریگەری هەبوو لەسەر پێشکەوتن و گۆڕانکارییان لە ئەوروپا[2]، ئەڵمانیا لە سەردەمی گەشەسەندن وپەرەسەندنی ئابووری وپیشەسازی دەژیا، دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوو کە لایەنگر وپشتگیری لە ئابووری نیشتمانی وپیشەسازی دەکرد. لە گرنگترین نیشانەکانی پێشکەوتنی ئابووری لەئەڵمانیا لە بواری پیشەسازی وبازرگانی دەرەوە وبانکەکان وسەرمایەی نیشتمانیدا بوو، لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨-١٨٦٤ بەرهەمی خەڵوزی بەردینی لە ئەڵمانیا دووجابوو، هەروەها بەرهەمی ئاسن سێ جار وچوارجار بوو لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠-١٨٧٠، پیشەسازییە قورسەکانی ئەڵمانیا بەرزبوونەوەیەکی چۆنایەتی نوێیان تۆمارکرد لە ساڵانی ١٨٧٩-١٨٨٢، هەروەها بازرگانی دەرەوە لە ئەڵمانیا گەشەی سەند بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی١٨٧٥-١٩٠٠، بەڵام پێشکەوتنی ئەڵمانیا لە بواری تۆڕی هاتووچۆی ئاسنی، سێ جار زیادی کرد لە ساڵانی ١٨٥٠-١٨٧٠و درێژەی هەبوو بە ١٩,٥٠٠کم، ئەم جۆرە تۆڕانەی هاتووچۆی ئاسنی لە ئەڵمانیا تەنها هاوشێوەی لە ئەمریکا وبەریتانیا هەبوو[3].

---

[1] کامەران ئەحمەد محەمەد:کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی وناوچەییدا(١٨٩٠-١٩٣٢)، سلێمانی،٢٠٠٠،ل٥٥.

[2] کاظم هاشم النعمة: العلاقات الدولية ،الموصل،١٩٨٢،ص١٢٢.

[3] عبدالرؤوف سنو: المانيا والاسلام في القرنين التاسع عشر والعشرين،بيروت،٢٠٠٧،ص ص٣٩-٤٠; هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێشکەوتن وگەشەسەندنی ئابووری لە بوارە جیاجیاکان لە ئەڵمانیا،بڕوانە:- William Eangdahl: Acentury of war, Anglo-American Oil Politics and the new world order, London,1992,pp.10-15.

**له پاڵ ئەم پێشکەوتن وگەشەسەندنە بەرچاوەی لە کەرتی بانکەکان ڕوویان دا، بانکی گەورە دروستبوون وەك بانکی دیسکاونت گێزێلشافت** ( Discount Gesellshaft) **له بەرلین ١٨٥١، دارمشتادتر بانك** (Darmstadter bank) **لەساڵی ١٨٥٣، هەروەها بەرلین هاندلر گێزێلشافت**(Berlin Handler Gesellschaft) **لە ساڵی ١٨٥٦ لەگەڵ دۆیچە بانك**(Deutsche Bank) **لەساڵی ١٨٧٠، هەروەها درێسدنەر بانك** (Dresdner bank) **لە ساڵی ١٨٧٢. ئەم بانکانە لە پاڵ کارەکانی خۆیان پرۆژەی داراییان لە دەرەوەی وڵاتاندا جێبەجێ دەکرد، بوونی ئەم بانکانەش قەبارەی سەرمایەی ئەڵمانی بۆ دەرەوەی وڵات زیاد کرد، لە ساڵی ١٨٩٤ تاکو ١٩٠٠ لە ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ ملیۆن مارکی ئەڵمانی ساڵانە زیادی کرد**[١].

**بەڵام ئەم پێشکەوتنانە بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، ئەڵمانیای خستە ژێر کۆمەڵێك تەنگژەی ئابووری و داراییەوە لە ساڵانی ١٨٧٢-١٨٩٥ لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان، ئەم کێشانە بوونە هۆی بەرزبوونەوەی داخوازی لە ناوخۆی ئەڵمانیا بۆ بەهێزکردنی هەناردەکان و کارکردن بۆ سیاسەتێکی کولۆنیالی گۆرجوگۆڵ،بۆیە دەوڵەتی عوسمانی ورۆژهەلات بەگشتی بووە ناوچەیەکی چالاکی (مجال حيوي)بۆ چارسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی ئەڵمانیا** [٢]**، هەروەها خاوەن دەسەلات و سەرمایەدارەکان کاریان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی ژەنەڕاڵ فون موڵتکە* کرد، ئەویش بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاسنی بوو.**

---

[١] **عبدالرؤوف سنو:المصدر السابق،ص٤٠.**

[٢] **المصدر نفسه،ص٤٠.**

* **هیلموت ڤون مولتکە: سەرکردەیەکی سەربازی برووسی ئەڵمانیا بوو(١٨٠٠-١٨٩١)،لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ڕاپورتێکی بلاوکردەوە و پێشنیاری دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەری کرد، کە زەویەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ببەستێتەوە بە ئەڵمانیا، هەروەها دەسەلاتی بگاتە ئاسیای بچووك، هەروەها بۆ گەیشتن بە قەفقاس ومیزۆپۆتامیا وکوردستان و هیند...، بۆ زانیاري زیاتر بڕوانە: عبدالحميد العلوجي وخضير الامي:المصدر السابق،ص ٧٢.**

قەیسەری ئەڵمانیا ولیەمی دووەم(Wilhlem II) ١٨٨٨-١٩١٨ بە پێویستی زانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەڵمانیا ودەوڵەتی عوسمانی بەهێز بکا، باوەڕی وابوو ئەم پێوەندیانە چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی ئەڵمانیا دەکەن، بۆیە چاویان بڕیە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی وڕۆژهەڵات بە گشتی، لە ڕێگای هاندانی تیمە زانستیەکانی شوێنەوار وگەڕان بە دوای نەوت، هاندانی سەرمایەی ئەڵمانی بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی، بانك وکۆمپانیای گەورە، بۆ ئەم مەبەستە دامەزرا لەگەڵ دامەزراندنی هێڵێکی گواستنەوەی دەریایی لەنێوان ئەستەنبوڵ وهامبورك، ئەم سیاسەتە نوێیەی ئەڵمانیا لە نزیکبوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی ناسرا بە "ئاراستە بەرەو ڕۆژهەڵات"[1].

سەردانەکەی قەیسەری ئەڵمانیا(ولیەمی دووەم لەساڵی ١٨٨٩) بۆ دەوڵەتی عوسمانی یەکەم ڕووخساری دۆستایەتی بوو، لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، هەروەها هۆکارێکی نوێ بوو لە پەیوەندییەکانیاندا، بەڵام بووە هۆی دڵەڕاوکێی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپا[2].

جێگیر بوونی چالاکیی ئابووریی ئەڵمانیا لە دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی سەرەکی پرۆژەکانی هێڵی ئاسنی گرتەوە، چونکە بە باوەڕی

---

[1]محمد سهيل طقوش: المصدر السابق،ص٤٦٤; ئەم زاراوەیە(ئاراستە بەرەو ڕۆژهەڵات Drang Nach Osten) لە ڕوانگەی ئەو سیاستە نوێیەی، کە ئەڵمانیا باوەڕی پێی بوو،بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی ١٨٩٠-١٩١٤ کە هێزو دەسەڵاتەکەی لە ئەوروپادا بەرچاوکەوت، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٨-١٩٤١، بەتایبەتی کاتێك حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئەڵمانیاباوەڕیان بە سیاسەتی(فراوانخوازی بەرەو ڕۆژهەڵات)هەبوو.بڕوانە، Michael Graham Fry& Others: Guide to International Relations and Diplomacy,London,2002,pp.420-423. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئامانج لە فراوانخوازی بەرەو ڕۆژهەڵات لە قۆناغی یەکەم ١٨٩٠-١٩١٤بە پلەی یەکەم بەرەو دەوڵەتی عوسمانی بوو بەڵام، لە قۆناغی دووەم ١٩٣٨-١٩٤١ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو یەکێتی سۆڤیت ئامانجی سەرەکی فراوانخوازی عەقلی ئەڵمانیا بوو.

[2]حكمت سامي سليمان: المصدر السابق،ص٦٤.

ئەڵمانیای سەرمایەدار ئەم پرۆژەیە تاقە ڕێگایە، کە دەستەبەری سەلامەتی بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا دەکات لە کاتی ئاشتی وجەنگدا، بڕبڕەی پرۆژە ئابوورییەکانە لە دەوڵەتی عوسمانیدا[1]، بەڵام ئەو دەزگا داراییە هەڵسا بەدراوپێدانی ئەم چالاکیە لە ڕێگای بانکی ئەڵمانییەوە(Deutsche Bank)، کە لە ٤-تشرینی یەکەمی ١٨٨٨، ئیمتیازی گرنگی لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێدرا،بە پێی ئەم ئیمتیازە ماف کڕینی هێڵی ئاسنی ئەستەنبوڵ- ئەزمیدی درا بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ، لە پاڵ ئەوەشدا دروستکردنی هێڵی ئاسنی ئەزمید-ئەنقەرەی پێدرا [2].

پاش ئەوە لە ٤-ئاداری-١٨٨٩ کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ (Anatolian Railway Co.) لە لایەن بانکی ئەڵمانییەوە(Deutsche Bank) دامەزرا. ئەو کۆمپانیایە یەکەم کۆمپانیای ئەڵمانی بوو، کە ماف جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی ئاسنی لە دەوڵەتی عوسمانی پێدرا[3]،ئەم بانکە لە ساڵی ١٨٩٠ بە پێی نووسراوێك لە لایەن سەدری ئەعزەم(سەرۆك وەزیرانی عوسمانی)*

---

[1] عبدالفتاح ابراهیم: المصدر السابق،ص٩٨.

[2]لەڕاستیدا دۆیچە بانك تەنها نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی خۆی نەکرد لە پرۆژەی هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ،بەڵکو نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانیا و لقەکانی تری پیشەسازی ئەڵمانی دەکرد،وەك پیشەسازی کانزاکاری(تعدین)و دروستکردنی ئامێرەکان و کۆمپانیاکانی بیناسازی،لەپرۆژەی درووستکردنی هێڵی ئاسنی بەغدا بەشدار دەبێت،بڕوانە: Dietrich Eichholtz: Die Bagdadbahn، Mesopotamien und die deutsche Ölpolitik 1918، Leipziger Universitätsverlag-2007،p.5.

[3]Jonathan S.McMurray، op.cit، p.22.

* لەو کاتەدا سەدری ئەعزەمی عوسمانی (محەمەد کامل پاشا قوبرسی) بوو کە دەسەڵاتی بەرزی وەرگرت لە ٢٥ ئەیلولی١٨٨٥ و تاکو سەرەتای ئەیلولی ١٨٩١ خایاند، بڕوانە، یلماز اوزتونا: تأریخ الدولة العثمانیة، ت/عدنان محمود سلمان،المجلد ٢،استانبول،١٩٩٠، ص١٢٦.

مامڵـەی تایبـەتی لەگـەڵ کـرا بـۆ دەسـتکەوتی مـاف کانزاکـاری لـە دەوڵـەتی عوسمانی[1].

## سۆڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و نەوتی کەرکوك:

بلاّوبوونەوەی وتار ولێکۆڵینەوەی چەند زانا وگەڕیدەی ئەوروپی لە سەدەی هەژدەهەمەوە تاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەڵگەی گرنگ بوون بۆ هەبوونی نەوت بەشێوەیەکی سروشتی، کە لە خۆیەوە هاتووتە سەر زەوی وبووەتە گۆمی کۆبونەوە بەبڕێکی زۆر، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ. مەبەستی سەرەکی ئەو وتار ولێکۆڵینەوانی ئەو زانایانە ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتەکانیان بوو، بەلای نەوتی ویلایەتی موسڵ وگرنگی شوێن ودوارۆژی ناوچەکە،بۆیە بەردەوام نوێنەری کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان لە ئەستەنبوڵ کۆبونەوە لە پێناو وەرگرتنی ماف وئیمتیازی دەرهێنانی نەوت لەم ناوچەیەدا و لەلایەن گەورە دبلۆماسی ووڵاتەکانیان لە ئەستەنبوڵ پشتگیری دەکران. تەنانەت سەردانەکەی قەیسەری ئەڵمانیاش بۆ هەمان مەبەست بوو، ئەم جموجۆڵەی زلهێزەکان لەناو دەوڵەتی عوسمانی لە پێناو وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت هانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی دا بۆ دەرکرتنی فەرمانێکی شاهانە لە ٥/رجەبی/١٣٠٦ك بەرامبەر بە ٦/نیسانی/١٨٩٠ز[2]

---

[1] حکمت سامي سليمان: المصدر السابق،ص٧٩.

[2] بەرواری ئەم فەرمانە جیێ ناکۆکی بوو لە نێوان مێژووناسانی بواری نەوت،هەندێك مێژوونوس دەیگەڕێننوە بۆ ساڵی ١٨٨٨ز،بڕوانە،فاضل حسين: المصدر السابق،ص٣٠٣;هەروەها عبدالفتاح ابراهيم:المصدر السابق،ص١٧٨، هەندێکی تر پێیان وایە لە ساڵی١٨٨٩ز دەرچووە،بڕوانە : يوسف ابراهيم يزبك: المصدر السابق،ص٧٧،بەلاّم بەپێی راپۆرتی لیژنەی بازرگانی فیدرالی ئەمریکی(Federal Trate Commission U.S.) کە لە ٢٣ ی ئابی ١٩٥٢ بلاّوکراوەتەوە دەربارەی کارتەلی جیهانی پەترۆڵ (International Petroleum Cartel) وا بۆی دەچێت، کە ئەم فەرمانە لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٩٠ تۆمارکراوە،بڕوانە: دور احتكار النفط الدولي في العراق(وهو الفصل الرابع من تقرير لجنة التجارة الاتحادية الاميركية عن احتكار النفط الدولي)،بغداد،=

دەربارەی ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ, کە مافی ئیمتیازی و دۆزینەوەی نەوت لەم ناوچەیە تایبەتە بە خەزێنەی سوڵتان، هەروەها مۆڵکی تایبەتی خۆیەتی،دەقی فەرمانەکە بەم شێوەیە هاتووە ودەڵێت:"هەرچەندە هەندێك سەرچاوەی نەوت دۆزراونەتەوە لە موڵکەکانی شاهانەی خۆم بەتایبەتی لە ویلایەتی موسڵ، بێجگە لەو کێڵگانەی باسکراون و زانراون لە موڵکەکانم، کە ئەمەش ناوچەکانی تریش دەگرێتەوە لەم ویلایەتەش، لەگەڵ مۆڵەتی گەڕان وپشکنین وئیمتیازو وەبەرهێنانی نەوت، بەناوی خەزێنەی شاهانە بەستراوەتەوە"[1].

سوڵتان بیانوی هێنایەوە بۆ ئەم فەرمانە ودەڵێت:"بۆیە ئەم فەرمانەم دەرکرد، تەنها بۆ پاراستن وپارێزگاری نەوت لە دەست بەسەراگیران وداگیرکرانی لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، هەروەها ئەم کەرستەیە بە موڵکی عوسمانی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە دوارۆژ سوودی بۆ وڵات هەبێت"[2].

ئەم فەرمانەی سوڵتان عەبدولحەمید لەساڵی ١٨٩٠ گەورەترین بەڵگەیە، کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی بایەخێکی زۆریان بە نەوتی ویلایەتی موسڵ داوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، هەروەها یەکەم دەستبەسەراگرتنی ناوچە نەوتییەکانی کوردستانە لە لایەن دەسەڵاتدار وحاکمی ئەو سەردەمەوە[3]. هەرچەندە لەو سەردەمەدا دەوڵەتی عوسمانی هیچ دەزگایەکی نەوتی یاخود

=١٩٦٠،ص٨.هەروەها هاوڕای ئەم بۆوچونە ، اندرە نۆسشی:المصدر السابق،ص ٢٢.; قاسم احمد العباس:وثائق النفط في العراق،ج١،بغداد،١٩٧٥،ص ٥٩.;حکمت سامي سليمان: المصدر السابق،ص٧٣.

[1] دەقی وەرگێرانی ئەم فەرمانە لە زمانی تورکی بۆ زمانی عەرەبی وەرگیراوە لە، یوسف ابراهيم يزبك: النفط مستعبد الشعوب،ص ص٧٧-٧٨، بەڵام دەربارەی دەقی فەرمانەکە بە زمانی تورکی بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٥).

[2] بڕوانە: سليم طه التكريتي:معركة النفط في العراق،ج١،بغداد،١٩٥٢،ص ص ١٢-١٣.

[3] بڕوانە:ليام اندرسن وغاريث ستانسفيلد:ازمة كركوك(السياسة الاثنية في النزاع والحلول التوافقية)،ت/عبدالاله النعيمي ، بيروت،٢٠٠٩،ص ٣٧

کۆمپانیایەکی بۆ دەرهێنانی  نەوت نەبوو، تا وەبەرهێنان بکات لەم بوارەدا، بەڵام بوونی نەوت بە بڕێکی زۆر گرنگی پەیدا کردبوو لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی[1].

ئامانجی سوڵتان لە دەرکردنی ئەم فەرمانە بلۆککردنی کاری نەوت لەم ناوچەیە ودانانی سنووریك بوو بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان تا دەوڵەتی عوسمانی خۆی توانا پەیدا بکات ولە دوایشدا خۆی ئەم کارە بکات، هەروەها بۆ رای گشتی ڕایگەیاند هیچ ولاٌتێك بۆی نییە، بەشوێن سەرچاوەی نەوتدا بگەڕێت لەم ناوچەیەدا، لە بەرامبەر ئەم کارەی سوڵتان بڕێکی پارە دەدات بە خەزێنەی دەوڵەت وەك خەملاٌندنی نرخەکەی ، بەم پێیەش ڕێگا لە کۆمپانیا تایبەتەکان گیرا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی نەوت لەم ویلایەتەدا[2].

لە ٢حوزەیرانی١٨٩٠ ئاهەنگێکی گەورە لە ئەستەنبۆڵ ئەنجام درا بەبۆنەی بەستنەوەی ڕێگەی ئاسنی(ئەستەنبۆڵ–ئەزمیت–ئەنقەرە)،کە جۆرج فون سیمنس(G.Von.Siemens) بەڕێوبەری بانکی ئەڵمانی(Deutsche Bank) بەشداربوو ولەلایەن دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوبەری ئەشغالی گشتی (رەئوف پاشا) بەشداربوو، لە وتارێکیدا بەم بۆنەیەوە داخوازی خۆی ودەوڵەتی عوسمانی دەربڕی بەوەی ئەم هێڵە تا بەغدا بڕوات، هەروەها ئەم ئاهەنگە بۆنی نەوتی لێوەهات، چونکە ئامانجی سەرەکی بانکی ئەڵمانی چاوی بڕینە نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا بوو[3].

بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی بازرگانی فیدراڵی ئەمریکی، کە لە ساڵی ١٩٥٢ بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە دەکات کە گرنگیدان بە وەرگرتنی ئیمتیازاتی نەوت لە ڕۆژهەلاٌت لە بەرزبوونەوەدا بووە لەم کاتەدا، هەروەها بەربەرەکانی وململانێی

---

[1] S.H . Longrigg ،op.cit، pp.13-14.

[2] فاضل حسين:مشكلة الموصل(دراسة في الدبلوماسية العراقية–الانگليزيه–التركية وفي الرأي العام) ،ط٣،بغداد،١٩٧٧،ص٣٠٣.

[3] عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص ٩٠.

لە نێوان کۆمپانیاکان چڕتر بۆتەوە لە وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت وهێڵی ئاسنی، لە ئاماژەیەکی ئەم راپۆرتەدا هاتووە دەڵێت:" لە ساڵی ۱۸۹۰ ئەڵمانەکان لە ڕێگای بانکی ئەڵمانی(Deutsche Bank) ئیمتیازی درێژەپێدانی هێڵی ئاسنی بەغدایان وەرگرت[1]، بەڵام لە راستیدا لە ساڵی ۱۸۸۸ کۆمپانیای ڕێگەپێدراو لەلایەن بانکی ئەڵمانی کۆمەڵێك بۆند وگرێبەستی ئیمتیازی هێڵی ئاسنی دەستکەوت لە حەیدەر-ئەنقەرە، هەروەها لە ئەستەنبوڵ-ئەزمیر،لە دوایدا ئەم دەزگا یاە لە ئاداری ۱۸۸۹ وەك کۆمپانیایەکی کارا لە ژێر ناوی(کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ) ڕێکخرایەوە و یەکسەر گفتوگۆی دورودرێژ دەستیپێکرد لەگەڵ حکومەتی عوسمانی، لە ساڵی ۱۸۹۳ گفتوگۆکان چوونە ناو قۆناغێکی چالاك تر و لە ۱۸ئاداری ۱۹۰۲ گەیشتنە کۆتایی بە وەرگرتنی مافی ئیمتیازی هێڵی ئاسنی (بەرلین-بەغدا)، واتە درێژەدانی هێڵەکە لە کۆنیەوە بۆ بەغدا تاکو کەنداوی فارسی بە درێژایی ۱۰۰۰ میل، بۆ ئەم مەبەستەش لقێکی تایبەت لە کۆمپانیا لە ساڵی۱۹۰۳ لە ژێر ناوی (کۆمپانیای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ هێڵی ئاسنی بەغدا) دامەزرا [2]، ئەڵمانەکان سووربوون لەسەر فراوانکردنی مافی ئیمتیازی هێڵی ئاسنی بەغدا، بەڵام گواستنەوەی مۆڵکایەتی ئەم زەوییانە بۆ خەزێنەی تایبەتی سوڵتان هەوڵەکانیانی سستکردەوە، چونکە لەو کاتەی ئەوان مافیان پێ درا، فەرمانەکەی سوڵتان دەرچوو، بۆیە تەنها کارەکانی ئەڵمانەکان لەوە نەوەستا، کە لە توانایاندا نیە، مافی ئەوەیان نییە بەدوای کانزادا بگەڕێن لەم ناوچەیەدا بۆیە، بەباشیان زانی هیچ فشارێك نەخەنە سەر سوڵتان لەم کاتەدا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی تر لە ناوچە تایبەتەکاندا، لە پاڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا

---

[1] دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص٨.

[2] ز.ي. هرشلاغ: مدخل الى التأريخ الاقتصادي الحديث للشرق الاوسط،ت/مصطفى الحسيني، بيروت،١٩٧٣،ص٦٦.

نووسراوێکیان وەرگرتبوو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی، کە پەسەندێتی پێدەدات لە بواری ماڤ گەڕان بەدوای کانزاکان"[1].

لەڕاستیدا سەدری ئەعزەم لە ساڵی ١٨٩٠ تەنها بەڵێنی بە بانکی ئەڵمانی دا بوو، کە لاری نەبوونی دەردەبڕی بەرامبەر ئەوەی ماڤ گەڕان بەدوای کانزایان پێبدات [2]،بەلاّم سەرمایەدارانی ئەڵمان ئەمەیان بە بەڵگەی ماف پێدان هەژمارکرد و ماف دان بە کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ، کە ماڤ کانزاکاری لە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی[3].

## ڕۆڵی کالوست گوڵبەنکیان و نەوتی کەرکوك:

کالوست سەرکیس گوڵبەنکیان(Calouste Sarkis Gulbenkian) لە دایك بووی ٢٣ی ئاداری ١٨٦٩[4] لە ناوچەی سکوتاری نزیك ئەستەنبۆڵ، باوکی دەسەلاّتداری عوسمانی بووە لە شاری تەرابزوون،گوڵبەنکیان بەرەچەڵەك ئەرمەنی ژێر دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانی بوو[5]، هەروەها باوکی ومامی (سیروت) لە دەوڵەمەندەکان بوون، کە بازرگانی هاوردەکردنی نەوتی باکۆیان بۆ ئەستەنبۆڵ دەکرد[6]. گوڵبەنکیان خوێندکارێکی خۆشەویست نەبوو، لە کاتی لاوی زیاتر کاتی پاش قوتابخانەی لەچوونە بازارو سەوداکردن دا بەسەر دەبردو بەوردی سەرنجی دەدایە ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان سەوداکاراندا دەکرا. جارجارە خۆشی هەندێك سەودای بچووکی ئەنجام دەدا، لەم ڕێگایەوە

---

[1] دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص٨.

[2] اندره نؤسشى :المصدر السابق ،ص٢٣.

[3] لە ڕاستیدا لە ساڵی ١٩٠٣ ماف دەدرێت بە ئەڵمانیا بەپێی ڕێککەوتنێك لەسەر پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا، کە لە باسی دووەم بە روونی ئاماژەی پێی دەکەین،بڕوانە: حكمت سامي سليمان:المصدر السابق،ص ص٧٩-٨٠.

[4] عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص٨٦.

[5] حكمت سامي سليمان:المصدر السابق،ص ص٧٢.

[6] هارڤی اوكونور:المصدر السابق،ص٣٧٠.

ئەزموونی لە بارەی دانوستاندن وسەوداکاریی پەیوەندیدار بەمامەڵەی شێوە ڕۆژهەلاتییەوە بەدەستهێنا[1]، کالوست خوێندنی سەرەتای لە خۆێندگای یوسفی فەرەنسی تەواو کرد ،لەساڵی ١٨٨٣ گەشتێك دەکات بۆ مەرسیلیا بۆ فیربوونی زمان وخوێندنی فەرەنسی ولەساڵی دوایی پەیوەندی بە کۆلێژی پاشایەتی(King's College) دەکات لە لەندەن، لە ساڵی ١٨٨٧ بە پلەی نایاب کۆلێژی ئەندازیاری تەواو دەکات، تێزی خۆی لە بارەی تەکنەلۆجیای پێشەسازیی نەوتەوە نووسی[2]،لە ساڵی ١٨٨٨لەسەر داوای باوکی دەگەڕێتەوە ئەستەنبۆڵ وکۆچ دەکات بۆ کارکردن لە کۆمپانیەکانی نەوتی باکۆ،کە ئەو کاتە بەدەستی گرووپی ڕۆتچیڵد ونوبیلەوە بوو[3].

گوڵبەنکیان لە گەشتەکەی زانیاری وئەزموونی باشی پەیدا کرد لە چۆنییەتی بە کارهێنانی تواناکانی نەوت لە دەوڵەتی عوسمانی، دوای گەڕانەوەی کالوست لە باکۆ، لەساڵی ١٨٨٩ دەستی کرد بەنووسینی زنجیرە وتارێك لە گۆڤاری فەرەنسی بەناوی(Revue des Deux Mondes) (دوورگەی ئبیشروت ونەوتی روسی) هەروەها ئەم وتارانەی کۆکرانەوە لە ساڵی ١٨٩١ لە دوو توێی کتێبێکی شایستەی ناوداردا بلاْوکرانەوە بەناوی(لەپشت قەوقاز ونیمچە دوورگەی ئبیشروت)، ئەمە وایکرد گوڵبەنکیانی تەمەن ٢١ ساڵ وەك پسپۆڕێکی نەوت لەسەر ئاستی جیهان ناو دەربکات[4]. هەروەها سەرنجی

---

(١) Daniel Yergin،The Prize:The Epic Quest for oil،money&power،New York،1992,pp.185-186

(٢) مؤسسة كالوست غولبنكيان قسم الجماعات الارمنية :كالوست سركيس غولبنكيان الرجل والماثر(كراسة صادرة بمناسبة الذكرى المئة والثلاثين لولادته (١٨٦٩-١٩٩٩))، ،لشبونة،١٩٩٩،ص١٠; Daniel Yergin :op .cit ,p.186

(٣) عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص٨٧.

(٤) Edwin Black: Banking on Baghdad, Inside Iraqs 7000 Years History of War, Profit and Confflict-2004،P.103.

کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی ڕاکێشا بەتایبەتی وەزیری کانزاکان یەکسەر داوایــان لێکــرد چــەند توێژینەوەیــەك دەربــارەی گەنجینــە نەوتییــەکانی میزۆپۆتامیا (ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی)ئەنجام بدات. ئەمیش بۆ ئەنجامدانی ئـەم کـارە خـۆی مانـدو نـەکردو سـەردانی ناوچـەکەی نـەکرد، بـەڵکو کەوتـە کۆکردنــەوەی ســەرجەم ئــەو لێکۆڵینەوانــەی خــەڵکانی تــر لــە بــارەی نــەوتی ناوچـەکەوە کردبویـان و ڕاپـۆرتێکی تێروتەسـەلی ئامـادەکرد. راوێـژی لەگـەڵ ئەندازیارانی ڕێگای ئاسنینی ئەڵمانیاش کردبوو. گوڵبـەنکیان لـە راپۆرتەکـەی ئامـاژەی کـردوە، کـە میزۆپۆتامیا(ویلایـەتی موسـڵ بەتایبـەتی) گەنجینەیـەکی شـاراوەی نـەوتی ئێجگـار گرنگـە، بۆیـە ئـەم ڕاپۆرتـە بـەجارێ کاربەدەسـتانی دەوڵەتی عوسمانی وروژاند، لە دوای ئەمە گوڵبـەنکیان بۆ ماوەی زیاتر لـە ٦٠ ساڵ خۆی بۆ نەوتی میزۆپۆتامیا تەرخان کرد(١). هـەروەها ئەم کەسایەتیە ڕۆڵ و هەنگاوی گەورە دەنێت لە ناو ئەو ململانێیەی لەسەر نەوتی ویلایـەتی موسـڵ دەکرێـت لـە لایـەن زلهێزەکـان، هـەمان کـات ئـەم کەسـایەتیە پەیوەنـدیی باشـی دەبێت لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، لە بەرامبەر ئەوەش پەیوەندی لەگـەڵ نوێنـەری کۆمپانیـای ڕۆتچـێلد(Rothschild) بـۆ کاروبـاری نـەوت فریـد لـین(Fred Lane) بـاش دەبێـت، کـە لـە ڕێگـای ئـەم پیـاوە پەیوەنـدی لەگـەڵ کەســایەتی گــەورەی نــەوتی هۆڵەنــدی (هنــری دیتردنــگ H.Deterding) دروستدەکات (٢). هـەروەها گوڵبـەنکیان ناسراوە بەوەی شارەزاییەکی زۆری لـە نهێنییەکانی دبلۆماسـی وسیاسـەتی هەندەرانـدا هـەبوو، تەنانـەت بە تـالێرانی*

---

(١) Daniel Yergin :op .cit ،p.186; Edwin Black، op .cit ،p. 103.

(٢) اندره نؤسشی :المصدر السابق ،ص٢٨.

* شــارەل مــۆریس تــالیران_Talleyrand Charles Murice (١٧٥٤-١٨٣٨)، سیاســەتمەدارو پیــاویی ئــاینی فەرەنســا بــوو، بــە ژیــر و لیهــاتوو لــە بــواری سیاســەتدا ناسراوە،چەندین پوستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرتەوە لە حکومەتە جیاجیاکانی فەرەنسا هــەر لــە ســەردەمی شۆرشــی فەرەنســیەوە تــاکو ســاڵی ١٨٣٥، بــەڵام ڕۆڵ ولیهــاتووی ئــەم کەسایەتییە دەرکەوت لـە کۆنگرەی ڤیەنەو پـەیمانی پاریس،کە توانییـەتی پاریزگـاری لـە=

نەوت ، دواتریش بە مستەر(٥٪) ناوی دەرکرد چونکە، ڕۆڵێکی گەورەی لە گفتوگۆکانی نێوان کۆمپانیاکانی نەوتی بێگانەکاندا هەبوو بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی تورکی وپشکی لە ٥٪ پێدرا[1]. هەروەها نوێنەرایەتی دام ودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی کردووە لە دەرەوەی وڵات و هەموو ژیانی لە هاتووچۆکردن لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڕۆژئاوادا بەسەر بردووە، لە لەندەنەوە دەستی پێی کرد لە ساڵانی(١٨٩٧-١٩١٤)هەروەها ڕەگەزنامەی بەریتانی وەرگرت لەدوای دامەزراندنی نووسینگەیەکی تایبەت بەخۆی لەم شارەدا، لە نێوان ساڵانی(١٩١٥-١٩٤٠) لە فەرەنسا ژیانی بردە سەر لە دوای ساڵی ١٩٤٠ تا کۆچی دوای دەکات لە ٢٠ی تەمووزی١٩٥٥ لە شاری لشبونە ژیان بەسەر دەبات[2].

گوڵبەنکیان ناوی لە هەموو ئەو پەرتووکانەدا هەیە، کە پەیوەندیان بە مێژووی سیاسی نەوتی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی نەوتی کەرکوك هەیە،چونکە ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی دەبێت لە دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵی عوسمانی لە هەمان کاتدا ناوبژیکەرو دەلاڵێکی زیرەك دەبێت لە نێوان دەوڵەتانی زلهێزو کۆمپانیاکانیان کاتێك لە ململانێی دەبن لەسەر وەرگرتنی

---

=پێگەی فەرەنسا بکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕۆڵ ولیهاتووی تالێران لە سیاسەتی نێودەوڵەتی،بڕوانە، ئەحمەد نەقیب زادە:مێژووی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان (١٦٤٨-٢٠٠٤)،و/مستەفا مەعروف، هەولێر ، ٢٠٠٨،ل ل ٦٣-٧٨.

[1] حكمت سامي سليمان:المصدر السابق،ص٧٣.

[2] مؤسسة كالوست غولبنكيان قسم الجماعات الارمنية : المصدر السابق،ص١٠; گوڵبەنکیان لە دوای خۆی ٧٠ ملیون دۆلاری نەختینە بەجی دەهێڵێت،هەروەها مێژوونووسان لە دوای مردنی گرنگی بە چالاکییە نەوتییەکانی دەدەن وەك (ڕالیف هیونز Ralf Hewins)، لە ساڵی١٩٥٧ کتێبێك بە ناونیشانی(Mr .Five Percent) دەردەکات، کە چیرۆکی کالوست گوڵبەنکیانی تیا تۆمارکراوە لە نیویۆرك لە چاپدراوە.بڕوانە، عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص٨٩.

ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ،بۆیە هەموو ڕووداوەكان ڕۆڵی گرنگی ئەم كەسایەتییە تۆماردەكەن،بۆیە لەم توێژینەوەیە بە شێوەی زنجیرەیی ڕۆڵی ناوبراو لە ڕووداوەكانی ململانێی زلهێزەكان بۆ كۆنترۆڵكردنی نەوتی كەركوك باس دەكەین.

لەكۆتاییەكانی سەدەی نوزدەهەم ویلایەتی موسڵ و بەتایبەتیش كەركوك جێی بایەخ و گرنگیدان بووە لە لایەن دەسەڵاتداران وكەسایەتی تایبەت وجیۆلۆجییەكان و ڕۆژنامەوانان و ئەفسەرانی سوپای زلهێزەكان[1]، كە چەندین ڕاپۆرت و زانیاری تەواویان داوە بەدەستەوە، هەروەها كاتێك بەرزیان كردووتەوە بۆ سەرووی خۆیان و ئاماژەیان كردووە بە بوونی نەوت بە ڕێژەیێكی بەرچاو و زۆر لەم ناوچانەدا، هەروەها نەخشەی تایبەتیان ئامادەكردووە بۆ مەیدانەكانی نەوت لە كوردستان و میزۆبۆتامیا،هەروەها ئاماژەیان بەوە كردووە، كە بڕێكی زۆر لە نەوت هەیە تەنانەت دەڵێن"ئەم ناوچەیە لەسەر دەریایەكی نەوت دایە"[2].

ئەو ڕاپۆرتانەی گوڵبەنكیان لە نێوان ساڵانی(١٨٩١-١٨٩٤) دەربارەی گرنگی گەنجینەی نەوتی میزۆپۆتامیا پێشكەش بە دەوڵەتی عوسمانی كردبوون سەرنجی سوڵتان عەبدولحەمیدی ڕاكێشا [3].

جگە لەوەی چەندین نێردەی جیۆلۆجی و لێكۆڵەری نوێ هاتنە ناوچەكە لە ناویاندا زانای فەرەنسی (جان دی مورگان J. De. Morgan) لە ساڵی(١٨٩٢)، كە بەڕوونی باس لە دەوڵەمەندی كێڵگە نەوتییەكانی باباگوڕگوڕ دەكات[4]،هەروەها توانیوویەتی تێكڕای حەوزی نێوان كەركوك-خانەقین-شاخی كوێخا لە قەسری

---

[1] خلیل علي مراد: التنافس الدولي...،ص١٩.

[2] عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص ٧٠.

[3] هارڤ اوكونور: المصدر السابق ،ص٣٧٠;نوري عبدالحمید خلیل:المصدر السابق، ص٢٠.

[4] S.H. Longrigg : op. cit ،p14.

**شيرين به ٣٠٠ كيلۆمەتر لە قەڵەم بدات[1].**

**(وستال A.F.Stahl) لە ساڵی١٨٩٣، کە ئەندازیارێکی ئەڵمانە، دەربارەی نەوتی میزۆپۆتامیا راپۆرتێك بلأودەكاتەوە ئامارژەی بەوە كردووە، كە كێڵگە نەوتییەكانی كوردستان بەگشتی و ناوچەی كەركوك بەتایبەتی كێڵگەی سەرسوڕهێنەرن، ناش خەملێندرێن، هەروەها كاریگەری وهاندان وچاوتێبرینی لێ دەكەوێتەوە[2].**

**لە ساڵی ١٨٩٥ هەندێك ئەندازیاری فەرەنسی كاریان كرد بە رەزامەندی سوڵتان عەبدولحەمید بۆ بەرزكردنەوەی بەرهەمەكانی نەوتی خاو لە ناوچەكانی خورماتوو و باباگوڕگوڕ، بەلأم ئەم تیمە سەركەوتوو نەبوون لە كارەكانیان، بەهۆی پێشهاتە سیاسییەكانی ئەو سەردەمە وچالاكی ململانێی نێودەوڵەتی، كە لە نێوان كۆمپانیاكانی جیهان ودەوڵەتی عوسمانی لە پێناو وەرگرتنی ئیمتیازتی نەوت وپرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا دەستی پێكردبوو. ئەم ململانێیە بەتایبەتی لە نێوان بەریتانیا وئەڵمان بوو بە شێوەیەكی تایبەت ولە نێوان دەوڵەتە ئەوروپییەكان بوو بە شێوەیەكی گشتی[3].**

**لەساڵی ١٨٩٦ لە نێوان ئەو ڕووداوانەی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی ڕوویاندا كە ژمارەیەكی زۆر لە ئەرمەن بوون بە قوربانی، گوڵبەنكیان بەرەچەڵەك ئەرمەنیەو لە ئەستەنبۆڵەوە بەرەوو میسر رایكرد ولە میسر بە هاوكاری ی دوو ئەرمەنی بەدەسەلأتی تر، كە یەكێكیان ملیۆنیرێكی خەڵكی باكۆ بوو وئەوەی تر(نۆبار پاشا) بوو، گوڵبەنكیان لەسایەی پەیوەندیی نێوان خۆی و ئەم دوو كەسە توانی هەم دەروازەكانی نەوت وهەم داهاتی دارایی لەسەر ئاستی جیهان بۆ خۆی ئاوالا بكا، بە خێرایی بووە نوێنەری فرۆشتنی نەوتی باكۆ لە لەندەن**

---

(1) **كمال مظهر احمد:كردستان في السنوات الحرب العالمية الاولى،بغداد،١٩٧٧، ص٢١-٢٢.**

(2) S.H. Longrigg : op. cit ،p14; **حكمت سامي سليمان:المصدر السابق،ص٧٠ .**

(3) **حكمت سامي سليمان:المصدر السابق،ص٧٤.**

وهەر لەوێش جێگیر بوو. بە درێژایی مانەوەی لە لەندەن، گوڵبەنکیان چاوی بە برایانی ساموێل و دیتردنگ کەوت، کە دوو کەسایەتی گرنگی بواری نەوت بوون، هانی دان بێنە ناو ململانێکەوە لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵی عوسمانی(١).

کاپتن ماونسیل (F.R.Maunsell)* لە ئایاری ساڵی ١٨٩٧ ڕاپورتێك بلأودەکاتەوە بەناوی کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا لە گۆڤاری جوگراف تیایدا بە روونی ڕیشەو بنەچەی نەوت لەم ناوچانە لەسەر نەخشە دیاریدەکات، ئەوەی دەردەکەوێت بوونی نەوت لەم نەخشەیەدا، کە لە شێوەی پشتێنێك وایە لە زاخۆ شۆڕدەبێتەوە بەرووی ناوچەکانی کەرکوك (باباگوڕگوڕ) و دوای ئەوە درێژدەبێتەوە بەرەو خوورماتوو تا دەگاتە ناوچەی کفری،لەم نەخشەیەدا بەرروونی مەیدانەکانی نەوت لە شێوەی پشتێنێك وایە، کە لە باکووری ڕۆژهەلأت شۆڕدەبێتەوە بەرەو دۆڵی دیجلە تا دەگاتە باشووری ڕۆژهەلأت(٢)، ئەم پشتێنەیە چەندین ناوچەی بترۆڵی لە خۆ دەگرێت لە وانە (زاخۆ-حەمام

---

(١) Daniel Yergin : op .cit ،p187.

* کاپتن ماونسیل(F.R.Maunsell)،کە ئەفسەرێکی سوپای بەریتانیا بووە، لە ساڵی (١٨٨٨) دەستی کردووە بەگەڕان بە کوردستان وباکووری میزۆپۆتامیا،لە ساڵی(١٨٩٢) سەردانی دهۆك وئامێدی وناوچەی زێبار وهەولێر وموسڵی کردووە،لە دواییدا بووە بە کونسوڵگەری بەریتانیا لە وان(Van)، لە ساڵی(١٩٠١) بووە بە پاشکۆی سەربازی لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە ئەستانبۆل, هەروەها پسپۆر بووە لە کاروباری ئەرمەنی وکوردیدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Roger Adelson: Mark Sykes A portrait of an Amateur(London-1975) pp.66-100. هەروەها، خليل علي مراد:(رحلات الانكليز الى الموصل في القرن التاسع عشر ومطلع القرن العشرين)،مجلة افاق عربية، العدد٣/٤،اذار-نيسان ٢٠٠١،ص ٥٠.

(٢) F.R.Maunsell: The Mesopotamian Petroleum Field، The Geographical Journal، Vol.9 ،No.5 (May،1897)،p.528.

عـەلی- بابـاگوڕگوڕ-خوورمـاتوو-نـەوت داغ-قەسـری شـیرین) [١]. هـەروەها ماونسیل لە ڕاپۆرتەکەیدا سوودی لە جان دی مورگان وەرگرتووە لە گەشتە زانستیەکەیدا سەبارەت بە وڵاتی فارس [٢].

ماونسـیل لـە ڕاپۆرتەکەیـدا ئامـاژە بـە گرنگـی نـەوتی باشووری کوردسـتان بەگشـتی و کـەرکوك بەتایبـەتی دەکـات ودەڵێـت:"گرنگترین هێڵـی نـەوت لـە کێڵگەکانی نەوتی میزۆپۆتامیا ئەو هێڵەیە، کە لە موسڵ درێژدەبیتـەوە بـەرەو کـەرکوك تـا دەگاتـە مەنـدەلی، کـە درێژیەکـەی ٢٢٠ میلـە و پانییەکـەی ٦٠ میلـە"[٣]. ئەم پشتێنە نەوتیە بە درێـژترین هێڵی نەوت لە جیهان دادەنرێت. هەروەها ولیم دارسی لە ساڵی١٨٩٩ لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە [٤].

هـەروەها هێڵـی تـر هـەبوون پسـپۆران ئاماژەیـا پێـدابوو، کـە لـە باشـووری کوردستان دەستپێدەکات لە شارۆچکەی گەیارە لە موسڵ ، ئەم ناوچەیەش لە لایەن جیۆلـۆجی ئـەڵمانی رایخ(Reich) دۆزرایـەوە لـە سـاڵی ١٨٣٦، هـەروەها لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـرد[٥]، ئـەم پشـتێنەیە ڕووبـاری دیجلـە دەبڕێـت و بـە ناوچەی کفری دەڕوات و لە چیاکانی حەمرین کۆتایی دێت.

---

[١] بڕوانە نەخشەی کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا کە لەلایەن کاپتن ماونسیل ئامادکراوە لە پاشکۆی ژمارە(١).

[٢] F.R.Maunsell: op. cit , p.528.

[٣] Ibid ,p.532.

[٤] محمـد هـادي الـدفتر و عبـدالله حسـن: المصـدر السـابق ،ص١٩٥; عبدالمجيـد فهمـي حسن:دليل تاريخ مشاهيرالالوية العراقية(جزء لواء كركوك) ،بغداد،١٩٤٧،ص٤٩;عبدالرزاق الهلالي: المصدر السابق،ص٥-٦;مير بصري:المصدر السابق،ص٧٣;عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي: المصدر السابق،ص٣٠.

[٥] محمد هادي الدفتر و عبدالله حسن: المصدر السابق،ص١٩٥; عبدالمجيد فهمي حسن: المصدر السابق،ص٤٩.

هێڵێکی تر لە ناوچەی (حضر) لە باشووری ڕۆژئاوای شاری موسڵ دەستپێدەکات و لە باکووری شاری مەندەلی کۆتایی دێت[1]، ئەم هێڵەش لە ساڵی١٨٧٤ لەلایەن پسپۆڕێکی بواری نەوت لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە بە ناوی(ماینز) [2].

لە ئەنجامی بوونی نەوت لەم هێڵانەی باسمان کرد، بە پێی زانیارییەکانی ناو نەخشەکەی ماونسیلدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بوونی مەیدانەکانی نەوت لە میزۆپۆتامیا هەمووی دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەلاّتی ڕووباری دیجلە، لەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە زۆربەی مەیدانەکانی نەوت لە میزۆپۆتامیا بە پێی ڕاپورتی جیۆلۆجییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، هەمووی دەکەوێتە ناوچەی باشووری کوردستان، بە پێی ئەم زانیارییانە گرنگترین مەیدانەکانی ناوچەی کوردستانی باشووریش کێڵگە نەوتییەکانی باباگوڕگوڕە لە کەرکوك، ئەگەر لە سنووری باشووری کوردستانیش تێپەڕین تەنها ناوچەی (حضر) نەبێت لە موسڵ لەگەڵ هەندێك ناوچە لە تکریت بوونی نەوتی پێوە دیارە، هیچ ناوچەیەکی تر دیاری نەکراوە بە پێی نەخشەکەی ماونسیل[3].

هەرچەندە دەسەلاّتی ئەڵمانیا لە ناو دەوڵەتی عوسمانی زیادی کردبوو، بەلاّم سەرمایەدارانی ئەڵمانیا زۆر لە دەست تێوەردان وچاوتێبڕینی دەوڵەتانی ئەوروپا دەترسان، بۆیە قەیسەری ئەڵمانیا لە تشرینی دووەمی ١٨٩٨سەردانی ئەستەنبۆڵ دەکات ، ئەم سەردانەی سەرکەوتنێکی دبلوماسیەتی ئەڵمانیا بوو لە دوای سەردانەکەی ساڵی ١٨٨٩ لەناو ئەو ململانێ توندەی لەسەر

---

[1] بڕوانە: میر بصري:المصدر السابق،ص٧٣; محمد هادي الدفتر و عبدوالله حسن: المصدر السابق ،ص١٩٥; عبدالمجيد فهمي حسن: المصدر السابق،ص٥٠; عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي:المصدر السابق،ص٣٠;عبدالرزاق الحسني:المصدر السابق،ص٥٣.

[2] بڕوانە: محمد هادي الدفتر و عبدالله حسن: المصدر السابق ،ص١٩٥; عبدالمجيد فهمي حسن: المصدر السابق،ص٥٠.

[3] بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١).

ئیمتیازی هێڵی ئاسنی دەکرا[1]، هەروەها دوای گەڕانەوەی قەیسەری ئەڵمانیا بۆ بەرلین، یەکسەر ناوەندی سیاسیی ئەڵمانیا پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین– بەغدا یان بڵاوکردەوە، کە کاریگەری گەورەی هەبوو لە سەر رەوشی سیاسی ئەوکاتەی ئەوروپا وتەنانەت ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای وڕوژاند، چونکە هەمووان دەیانزانی هێڵی ئاسنی تەرکرابوو بە نەوتی ویلایەتی موسڵ"[2]، هەر هەمان ساڵ ١٨٩٨ کۆنسلی ئەڵمانیا لە بەغدا(فردريك روزن Friedrich Rosen) لە رۆژی ٣١ی ئادار بە ناوچەی هیت تێدەپەڕێت ولە یاداشتەکانی خۆی گرنگی ئەم ناوچەیە تۆماردەکات لە بوونی بڕێکی زۆر لە نەوت وقار، هەروەها ئاماژە دەکات، کە ئەم ناوچەیە لە دێرزەمانەوە بایەخ دارە بە قیر، لە تەوراتیش(العهد القديم) لە بەشی (سفر تكوين) باسی لێوە کراوە[3].

دوا بەدوای ئەم ڕووداوانە جارێکی تر نەوتی ویلایەتی موسڵ گرنگی خۆی نیشاندەداو دەبێتە جێگای چاوتێبڕینی داگیرکەران، هەروەها ساڵی(١٨٩٩)ش ساڵێکی گرنگ دەبێت لە مێژووی ئیمتیازاتی نەوتی ئەم ویلایەتە، چونکە ململانێی لەسەر ئەم ناوچەیە قوڵتر دەبێت، هەروەها ئەمجارەش تەماحەیی عوسمانیەکان و زلهێزەکان دووبارە دەبێتەوە.

ئەوەتا سەرمایەدارەکانی ئەڵمانیا لە ئەستەنبوڵ ڕەزامەندیی خۆیان نیشان دەدەن بە پێدانی پارە بۆ پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا، رێژەیەکی زۆر لە پشکەکانی ئەم پرۆژەیە بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن، کۆنترۆڵی بەرێوبەردنی ئەم کۆمپانیایە دەکەن[4].

تەنها باس لە ناوەندی دارایی دەوڵەتە زلهێزەکان لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ بوو، چونکە ئەم ویلایەتە بەڵگەی زۆر

---

[1] يوسف ابراهيم يزبك: المصدر السابق،ص٨٠.

[2] المصدر نفسه،ص٨٠.

[3] نجدة فتحي صفوت: العراق في مذكرات الدبلوماسيين الاجانب،بيروت،١٩٦٩،ص٥٥.

[4] عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص ٩٦.

بوو بۆ بوونی نەوت لەم ناوچەیەدا، ئەوەتا لەم ساڵەدا توێژەری ئەڵمانی بارون ماکس فون ئۆپێنهایم M.V.Oppenheim (١٨٦٠-١٩٤٦) تۆیژینەوەیەکی چڕوپڕ دەنووسێت لە سەر نەوتی ویلایەتی موسڵی عوسمانی[(١)].

لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٩ مەتران ئەدی شیر[*] کۆمەڵێك زانیاری گرنگ لەسەر ناوچەی باباگورگوڕ بڵاودەکاتەوە ، کە جێگیری ئەسقەف بووە لە ئەبرەشی کەرکوك وناسراوە بە "ادی ابراهینا صلیبا"، ناوبراو دەربارەی گرنگی ناوچە نەوتییەکانی باباگوڕگوڕ دەڵێت:" لە باکووری رۆژئاوای کەرکوکەدا، لە دووری نیو کاژێر بیرێك هەیە نەوتی لێدەردەچێت، لە تەنیشتی شوێنێك بەناوبانك هەیە پێ دەڵێن باباگوڕگوڕ، چەند جارێك بیستوومە، کە ئاگرێگی بەرزی هەیە... ولە ٩ تشرینی یەکەمی سەرلەبەیانی سەردانی ئەم ناوچەیەم کرد... و بۆ ماوەی کاژێرێك ونیو گەیشتینە بیرە نەوتێك، کە ئاگرێك نزیکی هەیە و نەوتێکی زۆر تێکەڵ بە ئاو بووە، لەم ناوچەیەدا سەرچاوەی نەوت زۆرن... لەساڵی ١٨٩٧ دانیشتوانەکەی نەوتیان دەردەهێنا و دەیان خستە ناو کوندە وبەکاریان دەهێنا بۆ پێداویستی ڕووناکردنەوە... هەروەها خۆڵی ئەم ناوچەیە زۆر مزرە بەدەمی خۆم تامم کردوە ودانیشتووان دەیان فرۆشت بە منداڵان وهەندێك جار بەکاری دەهێنن لە جیاتی ترش (سماق) چونکە زۆر مزر بوو...، کرێکارێك لە بواری ئەم نەوتە پێی ڕاگەیاندم، کە خەڵکانیکی زۆر سەردانی ئەم مەزارەیان کردووە بۆ چاککردنەوەی هەندێك

---

(١) S.H Longrigg:op. cit,p14.; اوبنهایم مێژوونووس و زانای شوێنەوار ویەکێك بوو لە پیاوانی هەواڵگری ئەڵمانیا،لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠-١٩٤٦ ژیانی بەسەر بردووە، یەکێك لە بە ناوبانکترین کتێبەکانی بەناو(کۆچەر)بوو، کە ئینسکلۆپیدیاکی فراوانە و تەنیایە لە بارەی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵەکانی رۆژهەلاتی عەرەبی و ئەنادۆڵ، هەروەها ئەم کتێبە وەرگێراوتە سەر زمانی عەرەبی لە سێ بەرگدا.

* مەتران ئەدی شیر: لە پیاوانی لاهوتی کلدان بوو، لە ساڵی ١٨٦٧ لە دایك بووە لە ناوچەی شەقلاوە، لە ساڵی ١٩١٥بەدەستی تورکەکان کوژراوە لە یەکێك لە گوندەکانی سەعرەت ، بڕوانە ، عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص٩٨.

نەخۆشی،...،هەروەها دەڵێت زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە پیرۆزی دادەنێن، رۆژانی چوارشەمە سەردانیان دەکرد وقوربانیان بۆ دەهێنا..." [١].

ئەو زانیاری و ڕووداوانەی سەرەوە ئەنجامی گرنگی لێکەوتەوە، گرنگترینیان دەرکردنی فەرمانی شاهانەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو لە ساڵی ١٨٩٩، کە ئەمجارەیان ویلایەتی بەغداشی گرتەوە لەگەڵ ویلایەتی موسڵی عوسمانی، ئەم فەرمانە خاوەنداریەتی گشتی زەوییە دەوڵەمەندەکان بە نەوت وقیر لە ناوچەکانی مەندەلی وخورماتوو وباباگوڕگوڕی گۆڕی بۆ خاوەنداریەتی تایبەتی سوڵتان، هەموو کارەکانی وەستاند بۆ گەشەکردن وپێشخستنی سەرچاوەکانی نەوت وچاکردنی لەم ناوچانەدا [٢]،ئەم فەرمانە هەمان کاریگەرییەکەی فەرمانی ساڵی ١٨٩٠ لەسەر ململانێی زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵکردن وئیمتیاز وەرگرتنی ئەم ناوچانە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، ئەوتا لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٨٩٩ سوڵتان عەبدولحەمید ڕێککەوتنێکی بنچینەیی لەگەڵ کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ بەست بۆ بەستنەوەی کونیە بە بەسرا وکەنداو [٣].

ئەم ڕێککەوتنەی نێوان سوڵتان و کۆمپانیای ئەڵمانی بووە جێ دڵەراوکێی دەوڵەتە زلهێزەکان ولە بەرامبەردا هەوڵەکانیان چڕترکردەوە بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز بۆ خۆیان لەلای دەوڵەتی عوسمانی. ئەوەتا هەندێك لە کۆمپانیەکانی بەریتانی وهۆڵەندی سەرقاڵ بوون بە هەوڵدان بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی میزۆپۆتامیا لەلای سوڵتان عەبدولحەمید لە ماف پێیدان بە بەشداریکردنی لە پرۆژەی هێڵی ئاسنی،بەڵام هەوڵەکانی بەریتانیا وهۆڵەندا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە دەسەڵاتی ئەڵمانیا لە دەوڵەتی عوسمانی بەهێزتر بوو [٤].

---

[١] لە ڕاستیدا مەتران ئەدی شیر لە ساڵی ١٩٠٠ ئەم زانیارییانەی لە وتارێکدا بەناونیشانی (سەرچاوەی نەوت لە باباگوڕگوڕ لە گۆڤارێکی بیروتی بە ناوی (المشرق) بلآوکردووتەوە ،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، المصدر نفسه،ص ص٩٩-١٠٠

(یر) S.H.Longrigg:op.cit،p13; دەربارەی دەقی فەرمانی سوڵتان لە ساڵی ١٨٩٩،بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٦).

[٣] حكمت سامي سليمان،المصدر السابق،ص٦٩. ; بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٨).

[٤] المصدر نفسه،،ص٨٠.

له ساڵی ١٩٠٠دا حکومەتی ئەمریکا کۆلبی میتچێل چستەرColby Mitchel Chester) ئەدمیرالی خانەنشینی خۆی، کە سەرکردایەتی باریجەی کنتاکی (Kentucky) دەکرد، ناردە ئەستەنبۆڵ بۆ فشارخستنە سەر سوڵتان عەبدولحەمید بۆ قەرەبووکردنەوەی موڵك وماڵی هاوڵاتیانی ئەمریکی، کە لە کاتی قەتلوعامکردنی ئەرمەنەکان ١٨٩٦ وێران کرابوون، ئەو بڕە پارەیەی چستەر داوای دەکرد، تەنها ٩٥ هەزار دۆلار بوو، ئەویش بڕێکی کەم بوو[١]، بەڵام لەڕاستیدا ناوبراو تەنها دەیویست فشار بخاتە سەر دەوڵەتی عوسمانی ،هەروەها خوازیاری پشك بەدەستهێنانی ئەمریکا بوو لە پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین–بەغدا لەگەڵ مافی گەڕان بەدوای کانزاو نەوت بە درێژای ٢٠کم لە هەردوو لایەنی هێڵەکە[٢].

---

[١] Edward W. Chester: United States Oil Policy and Diplomacy ،Greenwood publishing Group، United States،1983 ، p. 216.

[٢] سلوى سعد الغالبي: العلاقات العثمانية الامريكية(١٨٣٠–١٩١٨م)،القاهرة،٢٠٠٢،ص ص٢٢٥–٢٢٦.

## باسی دووەم

## نەوتی کەرکوك لە نێوان ئیمتیازی( دارسی )و هێڵی ئاسنی( بەرلین-بەغدا )دا

## ( ١٩٠١-١٩٠٨ )

لە سەرەتای سەدەی بیستەم ،نەوت بایەخێکی زیاتری پەیداکرد،چونکە بەکارهێنانی فراوانتر بوو لە بواری پیشەسازی جیاجیادا، کاریگەری لە بواری سیاسی وستراتیژی دا هەبوو، بەتایبەتی کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کۆڵونیالزمی دەوڵەتە زلهێزەکان لە بەرامبەر ناوچە کۆلۆنیالەکاندا هەبوو، چونکە ئامێرو وکەرستە جەنگییەکان وپیشەسازیەکانی زلهێزەکانی بەهێزتر کرد، بۆیە نەوت بوو بە کەرەستەی ستراتیژیی یەکەم لە چاو کەرەستەکانی تردا، فاکتەرێکی کاریگەر بوو لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی کۆلۆنیالستەکان، بازاڕی جیهانی نەوت لەم سەردەمەدا پاوانکرابوو لە لایەن کۆمپانیاکانی ئەمریکا، هەرچەندە بەرهەمی نەوتی رووسیش هەبوو، بەلاّم بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی ئەمریکا کەم بوو.ئەم قۆرخکردنەی نەوت کاریگەری نیگەتێڤانەی لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دەبێت، کە خۆی بە گەورەترین زلهێزی کۆڵونیالزمی جیهان دەزانی، دەبوایە نەوت وبەرهەمەکانی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ دابین بکرێت، بۆیە دەبینین بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم تەنها لەوە چەقی نەگرتبوو، کە بازرگانی بکات لە کەنارەکانی دەریا وەك ناوچەیەکی گرنگی سەربازی وستراتیژی بۆ کەشتییەکانی بەریتانیا وسەروەری لە ئۆقیانووسی هیندی، کە کۆنترۆڵی ڕێگای هیندی پێی دەکرا، بەلاّم لەم سەردەمەدا نەوت وەك فاکتەرێکی گرنگ لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیادا بوو[1].

---

(1) هارفی اوکونور: المصدر السابق،ص٣٧٧; وزارة الاعلام: بدايات الصراع الاستعماري على نفط المنطقة ،العراق ، ١٩٧٢،ص١٢.

مێژووی شارەزابوونی بەریتانیا بە نەوت وگرنگی ئەم کەرستەیە لە بوارە جیاجیاکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٢، کاتێك ئامۆژگارییەکانی لۆرد فیشەر(Lord Fisher) * بلاوکرایەوە دەربارەی گرنگی بەکارهێنانی نەوت،کە دەڵێت :"بەکارهێنانی نەوت لە جێگای خەڵوز وەك کەرستەیەکی وزە بۆ کەشتییە جەنگییەکانی هێزو تواناییان بەرزدەکاتەوە، ئەدمیرالی بەریتانیا هەر لە ساڵی ١٩٠١ دەستی کرد بە هەڵبژاردنی جۆرێك لە کەشتی، کە بە نەوت کاری دەکرد، لە ساڵی ١٩٠٤،ئەدمیرالی لیژنەیەك پێکدەهێنا بۆ تۆیژینەوە وکارکردن لەسەر ئەم بابەتە. لیژنەکەش گەیشتە بڕیاری کۆتایی بە بەکارهێنانی نەوت وەك سەرچاوەیەکی وزە بۆ هێزی دەریای بەریتانیا، بەلاّم تاقە کێشەی بەردەمی ئەوەبوو،کە تا چ ڕادەیەك پێداویستە نەوتییەکان دەست دەکەون، هەرچەندە ئەدمیرالی ئەم خواستەی جێگیرکرد، بەهۆی دەسەلاّت گرتنەدەستی پارتی ئازادیخواز (احرار) لە بەریتانیا لە ١٩٠٥ ئەم بریارە جێبەجیّ نەکرا.چونکە ئەم پارتە لە دژی وەستا، بەلاّم لە دوای گەرانەوی پارتی پارێزگاران (المحافظين) بۆ دەسەلاّت لە تشرینی دووەمی ١٩١١ ئەدمیرالی

---

* لورد فیشەر: لە ساڵی ١٩٠٤ دەبێتە سەرۆکی دیوانی دەریایی بەریتانیا،هەروەها زیاتر جەخت لەسەر بلاّوکردنەوەی گرنگی بەکارهێنانی نەوت دەکاتەوە و سەرنجی کاربەدەستانی بەریتانیا ڕادەکێشیّ بۆ گرنگی نەوت بەتایبەتی کاتێك لە چنگی کۆمپانیاکانی ئەمریکا زیاتر لە ٣٠ ملیون بەرمیل نەوت لە کۆیی ٣٥ ملیون بەرمیل نەوتی دەرهاتوو، ئەم ئامۆژگاریانەی فیشەر پاڵی نا بە سیاسەتی بەریتانیا بۆ ئەوەی بەشداربێت لەو جەنگەی لەسەر نەوت دەکرا لە جیهاندا، هەروەها دەست پێیشخەری لورد فیشەر بوو بۆ هەڵبژاردنی کەسایەتی نەوتی جیهان(هێنری دیترونگ)، کە ناوبانگی دەرکردبوو بە ناپلیۆنی نەوت، هەروەها ئەم کەسایەتییە بەکارهێنرا بۆ پارستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکان لەم جەنگەدا لەلایەن دەسەلاّتدارانی بەریتانیا، لە دواڕۆژدا ونستۆن چەرچل پەیوەندیی دەکات، بەم دوو کەسایەتییە بەشدار دەبێت لەم جەنگەدا،بۆیە ئەم سیّ کەسایەتییە بەرەیەکی سەرمایەداری بەریتانی دروست دەکەن بۆ کۆنترۆڵی نەوتی جیهان، بۆ زانیاری زیاتر،بڕوانە،عبدالفتاح ابراهيم:المصدر السابق، ص ١٧٢-١٧٣.;William Eangdahal :op.cit,pp.18-19

دەستی کرد بە دانانی پلان بۆ جێبەجێکردنی بابەتی بەکارهێنانی نەوت وەك سەرچاوەی وزە بۆ هێزی دەریایی بەریتانیا[1]، بۆیە کێشەی نەوتی ولاتی میزۆپۆتامیا گرنگی زۆری پەیداکرد، بەتایبەتی کاتێك ئەدمیراڵی بەریتانی بڕیار دەدات، بەوەی نەوت سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ وزە، هەر ئەمەش بوو بەریتانیەکان بەردەوام هەستیان بە نائارامی دەکرد لە بەرامبەر هەر پێشکەوتنی وهەولێکی ئەڵمانیا لەم بوارەدا[2].

یەکەم دەرگا بەریتانیا هەڵیدەبژێرێت لە ناوچەی ڕۆژهەلات بۆ دەستپێکردنی جەنگ لە پێناوی نەوتدا ولاتی ئێران بوو، ئێران لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەم بە سەردەمی دەسەلات وئیمتیازاتی بیانی هەژماردەکرێت،بەتایبەتی لەدوای گەشەسەندنی سەرمایەداری لە ئەوروپا[3].

بەریتانیاو رووسیا ڕۆڵیکی گەورە دەبینن لەدەست تێوەردانی بارودۆخی سیاسی ئێران لەو سەردەمەدا. بەریتانیا لە دوای پەیماننامەی پاریسی (١٨٥٧)، کە لەدوای جەنگی ئێرانی-بەریتانی(١٨٥٦-١٨٥٧) بەسترا، بەریتانیا چەندین ئیمتیازی ئابووری بە دەست دێنێت لە ناو ئێران، وەك ئیمتیازی هێڵی تەلگراف لە ساڵی ١٨٦٣، هەروەها لە ساڵی ١٨٧٢ ئیمتیازی رۆیتەرزی بەناوبانك مان هەیە، لە ساڵی١٨٩٠ دەسەلاتدارانی ئێران ئیمتیازی(تەنباك) بە هاوولاتیەکی ئینگلیزی(میجەر تالبوت G.Talbot) دەبەخشن، بەلام رووسیا لە دوای پەیماننامەی(ئاغاڵ) لەگەڵ ئێران لە ساڵی ١٨٨١ چەندین ئیمتیازاتی ئابووری وبازرگانی بەدەست دێنێت لە ناو ئێران،

---

(1) Brian Stuart McBeth: British Oil Policy(1919-1939)،London،1985 ، p.9.

(2) Joseph Heller:British Policy Towards the Ottoman Empire(1908-1914)،London،1983، p.91.

(3) حسن كريم جاف: الوجيز في تاريخ ايران(دراسة في التاريخ الساسي)، ج٣، اربيل،٢٠٠٨ ،ص٢٤٩.

**بەلاّم لە گرنگترین ئیمتیازەکان، ئەو هێڵە ئاسنیە بوو، کە بە ناو خاکی ئێراندا دەڕۆیشت[١].**

## ئیمتیازی دارسی١٩٠١:

**لە ساڵی ١٩٠٠ جەنەڕاڵێکی گەورەی ئێران بەناوی(ئەنتوان کیتباچی خان)،کە بەڕێوبەری گومرکی ئێران بوو، ماڤ چەند ئیمتیازێکی نەوتی بۆ خۆی بە دەستهێنابوو، هەر لە هەمان ساڵ سەردانی لەندەن وپاریس دەکات،بۆ خستنە رووی کالاّکەی لە بازاڕەکانی ئەم ولاّتانەدا، هەروەها بۆ رازی کردنی ئینگلیز وفەرەنسیەکان بۆ کڕینی ئەم ئیمتیازە، لە هەمان کاتدا ئەم جەنەڕاڵە کالاّکەی خستە بەردەم کالوست گۆڵبەنکیان، بەلاّم ناوبراو ئامادەی کڕینی نەبوو[٢]، بۆیە کیتباچی ناچاربوو بە دوای کەسانی تر بگەڕێت تاکو کالاّکەی لێ بکڕن، بە هاوکاری باڵیوزی بەریتانیا درومونـد وولف(D. Wolf) کەسایەتی ولیەم نۆکس دارسی(Williom Knox D'arcy) ناسی*.**

---

[١] بڕوانە،ابراهيم خليل وخليل علي مراد:المصدر السابق،ص ص٨٨-٩١.

[٢] هۆکاری رەتکردنەوەی گۆڵبەنکیان ئەم ئیمتیازەی ئێران وەك خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت"هۆیەکەی ئەوە بوو، کە مەسەلەکە زۆر سەرەڕۆیانە دەهاتە بەرچاو، تەنانەت مەترسییەکانی ئەم پرۆژەیە زۆرتر بوو، بەشداربوونمان و خۆتێوەگلانی زیاتر وەك توشبوونی قوماربازێکە "، بەلاّم پاش ئەوەی گولبەنکیان ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنە سەیرەی کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا وئێرانی بینی،گەیشتە ئەو ڕایەی کە"هەرگیز لە ژیاندا هیچ ئیمتیازێکی نەوت لەدەست نەدات"بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Daniel Yergin:op,cit,p.187.

* ولیەم دارسی(١٨٤٩-١٩١٧):بەوە ناسرابوو کە پێشتر پێش بڕکێکاربوو لە پرۆژەکانی کانزاکاری لە ئوستراليا،هەرچەند دارسی یەکەم کەس بوو لە رۆژهەلاّت دەستی کرد بە دەرهێنانی نەوت،بەلاّم پێش کارکردنی لە نەوتدا لە چیاکانی باکووری کوردستان، بەتایبەتی لە شاخە بەرزەکانی ئارارات لە هەوڵی گەڕان بوو بەدوای نەوت لەم ناوچەیەدا، بەلاّم کارەکانی هەمووی مایە پووچ دەرچوو تا لە دواییدا ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانی بەجێدەهێڵێت،تا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەلاّت،بەلاّم ئەمجارە بۆ=

بەپێی داواکارییەك ولیەم دارسی داوای لە شای قاجارکرد بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت لە ٢٨ی ئایاری ١٩٠١، ئیمتیازی نەوتی ئێرانی پێ بەخشرا بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ بە پانتایی ٥٠٠٠هەزار میل چوارگۆشە، کە پێنج لەسەر شەشی رووبەری ئیمبراتۆری ئێرانی گرتەوە[١]، بەڵام ئەم ئیمتیازە تەنها پێنج ویلایەتی باکووری ئێرانی نەگرتەوە (ئازەربیجان ،گەیلان ،مازەندەران، ئەستراباد،لەگەڵ خوورەسان) هۆکاری نەگرتنەوەی ئەم ناوچانەش لە ئیمتیازەکەی دارسی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم ناوچانە جێگەی ناکۆکی وکێشەی نێوان زلهێزەکان بوون، بەتایبەتی رووسیا،چونکە بە ناوچەی دەسەڵاتی خۆی دەزانی بۆیە شای قاجار ئەم ناوچانەی دوورخستەوە لە ئیمتیازەکە[٢]

هەندێك سەرچاوە هۆکاری رازی بوونی شا موزەفەرەدین قاجاری(١٨٩٦–١٩٠٧) بۆ پێدانی ئیمتیازی دارسی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی خەزینەی دەوڵەتی ئێران لەو رۆژگارەدا بەتاڵ بوو لە پارە وپول، کە ئەنجامێکی خەراپی لەسەر رەوشی سیاسی حکومەت هەبوو ،ئەمە جگە لەو هەژارییەی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، بەڵام ئەو ژیانە دەستبلاوەی شا دەیکرد بە تایبەتی لە گەشتکردن بۆ ئەوروپا هۆکاری سەرەکی بوو بۆ رازی بوونی بەم ئیمتیازەی دارسی،چونکە دارسی بەڵێنی بە شای ئێراندا بوو ئەگەر رازی بێت ئەوا بڕی ٢٠ هەزار پاوەنی ئەنگلیزی پێ دەدات وساڵانە پشکی١٦٪ بۆ خەزینەی حکومەت دابیندەکات[٣]. ئیمتیازەکەی دارسی،کە لە نێوان خۆی شای ئێران مۆرکرا،پێکهاتبوو لە١٨ بڕگە[٤].

---

= ئێران، بۆ دەسکەوتنی نەوت، بڕوانە، سلیم طه التكريتي:معركة النفط في ايران،بغداد، ١٩٥١،ص٨; اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص ص ٢٨–٢٩.

(١) S.H. Longrigg : op. cit ،p17.

(٢) مير بصري: المصدر السابق،ص٧٠.

(٣) سليم طه التكريتي: معركة النفط في ايران...،ص١٣ .William Eangdahal:op.cit,p21.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بڕگەکانی ئەم ئیمتیازە بەزمانی عەرەبی،بڕوانە: یوسف =

ولیــەم دارســی زانییــاری تــەواوی هــەبوو بــەبوونی نــەوت لــە ناوچــەکانی ئێراندا،ئەم زانییارانەی دارسی لە ڕێگای سەرچاوە مێژوویییە کۆنەکانەوە بوو، کـە باسـیان لـە ئـاگرێکی بـەرز دەکـرد کـە بـەرەو ئاسمـان گـڕی گرتـووە لـەو ناوچـانەدا ، پـیرۆزی ئـەم ئـاگرە لـە نـەریتی کۆمـەڵگای ئێرانـدا لـە کتێبـە مێژوویەکان زۆر باسی لێوە کرابوو، پرۆژە سەرکەوتووەکانی رووسیا لە بواری نـەوت لـە ناوچـەی باکۆ نیشانەی تـر بـوون بـۆ دارسـی، لەگـەڵ ئـەوەی دارسـی زانیاری تەواوی پەیدا کردبوو لە ڕوانگەی ئەو ڕاپۆرتانـەی جان دی مۆرگـان لـە بارەی نەوتی ئێران ئامادەی کردبوو، ئەم نیشانانە هەمووی دارسیان هانـدا بـۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکات لە بواری نەوتی ئێراندا[1].دوای ئەوەی دارسی مۆڵەتی وەرگرت لە حکومەتی ئێران، کۆمپانیاکانی دەستیان کرد بە توێژینـەو وگـەڕان بـە دوای نـەوت لـە ناوچـەکانی نزیـك سـنووری دەوڵـەتی عوسمـانی بـە پێـی ڕاپۆرتی جان دی مۆرگان کە دەوڵەمەندی ناوچەکە دەردەخات لە بوونی نـەوت [2].

ئیمتیـازی دارسـی، لـە جیهـانی نەوتـدا دەنگێکـی گـەورەی دایـەوە ،هـەروەها لەلایـەن نوێنــەری کۆمپانیاکــانی ئــەمریکی وهۆڵەنــدی وئینگلیــزی هەوڵــەکان چڕتڕکرانەوە بۆ بەشداریکردنی ئەم ئیمتیـازە، تەنانـەت حکومـەتی بـەریتانیا لـە

---

= ابراهیم یزبك: المصدر السابق،ص ص٢٥٠–٢٥٧; سلیم طه التكریتي: معركة النفط في ایـران...،ص ص١٠٣–١٠٨; عبدالحمید العلـوجي وخضـیر اللامـي: المصـدر السـابق،ص ص١٠٣–١٠٨; بە زمانی کوردی،بڕوانە:عبدوالله غفور،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٨–٣١.

[1] سلیم طه التكریتي: معركة النفط في ایران...، ،ص٩

[2]جـان دی مورگـان لـە گەشـتە زانسـتیەکەی بـۆ وولاّتـی فـارس دەڵێت:"پشـتینەیەکی نـەوت نزیك شاری موسڵ دەستپێدەکات ودرێـژ دەبێتـەوە بەرەو ئاراسـتەی باشووری رۆژهـەلاّت لـە سنوورێکی فراوان دا، ئاوەڕێك لە ناوچە کوردیـەکان وفارس تا دەگاتە ناوچـەی شـوش...، هەروەها جۆرێك لـە بـەردی قیڕ هەیـە کـە زۆر روونـە لـەم ناوچـەیەدا، کـە بەدرێـژایی سـنووری فـارس وتـورکی بـوونی هەیـە وبـە پانتـایی٢٠میـل..."، بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: F.R.Maunsell: op. cit ,p.529.

هەوڵـە زۆرەکـانی بـۆ وەرگـرتنی ئـەم ئیمتیـازەی دارسـی ڕێگـای جۆراوجـۆری گرتەبـەر، بۆیـە دەزگاکـانی هـەواڵگری بـەریتانیا کەوتنـە دانـانی پـلان وڕێگـای جۆراوجۆر بۆ دەستکەوتنی ئەم ئیمتیازە، تەنانـەت هەنـدێك بیریـان لـە کوشـتنی کردبووەوە و هەندێکی تر بیریان لە دزینی جانتاکەی کردبووە بـۆ دزیـنی دەقـی ئیمتیازەکە، بەڵام لـە کۆتـایی بـە ڕێگـای فڕوفێـل وتەڵەکـەبازی بەریتانیەکانـەوە، توانی قەناعەت بە دارسی بهێنێن، کە بەشداریان بکات لەم ئیمتیازە[1].

گرنگی ئیمتیازی دارسـی لـەوەدا بـوو، کـە بـۆ یەکـەم جـار توێژینـەوە وگـەڕان کـرا بـە دوای نـەوت لـە ناوچـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت وکوردسـتان بەتایبەتی[2]، هەروەها یەکەم ئیمتیازی نەوت بـوو، لـەم ناوچـەیەدا وکاریگـەریی لەسـەر کۆمپانیاکـانی نـەوتی جیهانـدا هـەبوو، هەرچـەندە ئـەم ئیمتیـازە بـوو بـە بناغەیەکی خراپ بۆ هەموو ئەو ئیمتیازانەی مۆرکران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا لـە دوارۆژ[3].

ئەم ڕووداوانە لەسەر نەوتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی قاجاردا بوون، بەڵام لە دەوڵەتی عوسمانی ڕووداوەکان بەرەو نزیك بوونەوەیەکی پتەوتر دەڕەۆیشتن لە نێوان ئـەڵمانیاو دەوڵـەتی عوسمـانی، ئـەوەتا سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم ڕێگا خۆشدەکات لە ساڵی ١٩٠١ بۆ تیمێکی زانستی وپسپۆڕان و ڕۆژنامـەوانی

---

[1] لە ڕاستیدا حکومەتی بەریتانیا لە ڕێگای کەسایەتی ئاینی بەناو(سدنی)، کە هاوڕێیـەتی دارسـی دەکرد لـە گەشتەکەی بۆ ئـەمریکا، ئەم پیاوە ئەنـدامێکی هـەواڵگری بـەریتانیا بـوو، بـەڵام پـەردەی ئـاینی پۆشـی بـوو، هـەر لـە ڕێگـای ئاینـەوە تـوانێتی قەناعـەت بـە دارسـی بکات،چونکە دارسی ئامۆژگاری ئاینی زۆر کاری تێی دەکرد،بۆیـە یەکسـەر بـاوەڕی هێنـا بـە سدنی،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سليم طه التكريتي:معركة النفط في ايران...، ص١٦-٢٠ ; William Eangdahal: op,cit,p.21

[2] یەکەم هەڵکەندنی بیر بەمەبەستی دۆزینـەوەی نـەوت لـە چیای سورخ(باکووری ڕۆژئاوای قەسر شیرین)دا، دەستی پێکرد لـە نۆڤمبـەری ١٩٠٢ بـوو، بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانە،عەبدوڵلا غەفور: سەرچاوەی پێشوو،ل٦١.

[3] سليم طه التكريتي: معركة النفط في ايران...،ص١٣.

ئـەڵمانی بـۆ ئـەوەی تۆێژینـەوەی وورد بکـەن لەسـەر مەیدانـەکانی نـەوتی میزۆپۆتامیـا، ئـەم شـاندە ڕاپـۆرتێکی فراوانییـان بـەرزکردەوە بـۆ حکومـەتی ئەڵمانیا، کە هانی حکومەتی دا، بۆ کۆنترۆڵ کردنێکی ڕاستەوخۆی ناوچەکانی میزۆپۆتامیا بۆ ئەوەی دەست بەسەر ناوچە نەوتییەکاندا بگرن، چونکە ئەم شـاندە لـە ڕاپۆرتەکەیانـدا وا باسـی ناوچـەکانی میزۆپۆتامیـا دەکـەن، کـە دەریاچـەیەکی ڕاستەقینەیە لـە نـەوت، بڕێکـی زۆر لـە نـەوت وپتێـومین وگـازی سروشتی هەیە، زۆر دەوڵەمەندە لەچاو ناوچەکانی باکۆدا[(١)].

بەهۆی کاریگەری ئەم راپۆرتـەی حکومـەتی ئەڵمانیا لـە ساڵی١٩٠١بە پاوڵ روهـەرباخ(Paul Rohrbach) تویژینـەوەی باری میزۆپۆتامیای بەگشتی کرد لەبواری جوگرافی وئابووریدا و سەردانی شاری کەرکوکی کرد بە تایبەتی کە لـە ناوەڕۆکیدا هاتبوو:" گرنگترین ناوچەی میزۆپۆتامیا، کە گەورەترین شوێنی پترۆڵ وقاری تێدایە، کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکن..."، هـەروەها لـە درێـژەی ڕاپۆرتەکـەی ئامـاژە دەکـات بـەوەی کـە "...لـە قـولایی ٤-٥ مـەتر نـەوت دۆزراوتـەوە، کـە ڕاسـتەوخۆ نـەوتێکی خـاوێن بـەبڕێکی زۆر هەڵـدەقوڵێت، هەرچـەند بـە شـێوەیەکی سـەرەتایی بەرهـەم دەهێنرێت،بـەلأم بڕێکـی بەشـی دانیشـتوانی شـاری کـەرکوك دەکـات، کـە نزیکـەی ١٥هـەزار کـەس دەبن..."،هـەروەها ئاماژەدەکات:" بـەو وێنـە سەرسـوڕهێنەرەی لـە باباگوڕگوڕ هەیە لە بەرز بوونەوەی ئاگرێکی ئەستوونی لەنەوت وگـازی هایدرۆکاربۆنی... ئاماژە بەوە دەکات کە مەترسی هەیە لەوەی ئەڵمانیا ئەم جارەش دواکەوێت لـە ئامادەبوونی لەم ناوچەیەدا "[(٢)].

---

[(١)] بڕوانـە: سلیم طـه التكريتي: معركـة النفط في العراق... ،ص ص ١٤-١٥; هـارفي اوكونـور: المصدر السابق ،ص٢٧٠.

[(٢)]ئەم زانیارییانە لە ناوەرۆکی ڕاپۆرتی پاوڵ روهەرباغ هاتوون، کە لە ١٩٠٠-١٩٠١ ئامادەی کردبوو لە کاتی سەردانی بۆ ناوچەی باباگوڕگوڕ، بۆ زانیاری زیاتر،بڕوانە،پاشکۆکان وێنەی ڕاپۆرتی باول روهەرباخ بەشی تایبەتی کەرکوك لە پاشکۆی ژمارە(٧) بە زمانی ئەڵمانی.

پسپۆران و جیۆلۆجییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەم باوەڕیان وابوو, کە مەیدانەکانی نەوت لە ژێر زەویدا لە شێوەی دەریاچەیە، هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە، کە مەیدانەکانی نەوتی میزۆپۆتامیا و نەوتی ولاتی فارس یەك مەیدانە و بەیەك دەگەن لەگەڵ مەیدانەکانی باکۆ لە رووسیا، جان دی مۆرگان لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی قەسری شیرین و شووش لە نزیکەوە ئەم کێڵگانەی بینیوە، لێکۆڵینەوەی وردی کردووە لە پێکهاتەی جیۆلۆجی ئەم چاڵە نەوتیانە،گەیشتووتە ئەو باوەڕەی، کە ئەمانە بەشێکن لە پشتێنەیەکی نەوت لە ناوچەکەدا لە لوڕستان (پشتکوە)دەستپێدەکات کێڵگەکانی باباگوڕگوڕ لە خۆ دەگرێت بەرەو ناوچەی شووش و قەسری شیرین دەڕوات، تا دەگاتە ناوچەی ئەهواز وبەندر عەباس[1].

بۆچوونی ئەم پسپۆرانە کاریگەری هەبوو لەسەر تەماحەکانی ولیەم دارسی بۆ فراوانبوونی ئیمتیازەکەی، کە مەیدانەکانی نەوتی میزۆپۆتامیاش بگرێتەوە، بۆیە لەساڵی ١٩٠١ دارسی نوێنەری خۆی(ماریۆتMarriot) ڕەوانەی ئەستەنبۆڵ کرد بۆ گفتۆگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی هەردوو ویلایەتی موسڵ وبەغدا، لە ساڵی ١٩٠٣ ئەم داواکاریەی دارسی دووبارە دەبێتەوە بە ناردنی نوێنەرێکی تر بەناوی نیکۆلاس(H. E. Nichols)*، ئامانجەکانی دارسی لەم گفتۆگۆیانە جێبەجێ

---

(١)F.R.Maunsell: op. cit ، p528.

بەڵام دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەم بۆچوونە راستکرایەوە وڕوونیان کردووە، کە مەیدانەکانی نەوت هیچ پەیوەندییەك نیە لە نێوانیاندا، بەڵکو نەوت لەژێر زەویدا لە شێوەی قوبەی تایبەت دایە و هەر قوبەیێك جیاوازە لەوەی تر، ئەم تێورەش بە تێوری قوبە ناسراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ا.باکیروف: الاسس النظریة للتنقیب... ،ص ص٢٢-٢٤;ریتشارد سیلي: اساسیات جیولوجیا البترول... ،ص ص٦-٩.

* ئەم کەسایەتیە H.E.Nichols لە دوارۆژدا دەسەڵاتی خۆی دەچەسپێنی لەسەر بەڕێوبەردنی کۆمپانیای نەوتی تورکی، هەروەها کۆمپانیای ئەنگلو_ فارسی،بڕوانە:
S.H. Longrigg : op.cit,p.28.

نەبوو بەهۆی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لەسەر دەوڵەتی عوسمانی[1]،ئەوەی کە دارسی لە هەنگاوەکانیدا دەستی دەکەویت تەنیا نووسراوێك بوو لەلایەن سەدری ئەعزەم[2]، کە بەڵێنی پێی دابوو، کە سوڵتان هەوڵەکانی خۆی رێك دەخات لە دوارۆژدا بۆ بەخشینی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ [3]، بەلاّم دارسی بێ هیوا نەبوو لە وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ، بۆیە لە ساڵی ١٩٠٤ هەنگاوێکی تریش نا، ئەگەرچی ئەمجارەشیان سەرکەوتوو نەبوو[4]،بەلاّم هەوڵەکانی دارسی کاریگەریان هەبوو لەسەر پەکخستنی چالاکییەکانی ئەڵمانیا لەم ململانێیەدا، چونکە ماوەی هەڵبژێردراو بۆ کارکردنی کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ تەواو بوو، حکومەتی عوسمانی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ کۆمپانیا مۆر کردبوو لە ١٧ تەموزی ١٩٠٤ بە هەڵوەشاو دادەنرا[5]،گفتوگۆکانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ بە ئاراستەی دارسی رۆیشت و لە ساڵی ١٩٠٦ دووبارە بووەوە[6].

لە ڕاستیدا دارسی لەم کاتەدا، لە لایەن دەسەلاّتدارانی بەریتانیا لە ئەستەنبۆڵ پشتگیری لێدەکرا. ئەوەی شایەنی باس بێت بەریتانیا لەم کاتەدا بەدوای هەندێك ئامانجی دیاریکراو دەگەڕا، لە گرنگترینیان دوورخستنەوەی ئەڵمانیا بوو لە ناوەندی رۆژهەلاّت، تادەست بەسەر نەوتی میزۆپۆتامیادا بگرێت بۆ ئەوەی بەربەستێك بۆ ئەڵمانیا دابنێت وسوود لە نەوتی میزۆپۆتامیا وەرنەگرێت[7]، لەلایەکی ترەوە دارێژەری سیاسەتی بەریتانیا هۆی ئەم

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٢٣.

[2] محەمەد فەرید پاشا افلونیالی(١٩٠٣-١٩٠٨) پۆستی سەدری ئەعزەمی وەرگرتبوو لە ئەمپراتۆریەتی عوسمانی،بڕوانە، یلماز اوزتونا، المصدر السابق،ص١٢٦.

[3] دور احتكار النفط الدولي في العراق... ،ص٨.

[4] قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ص٦٠.

[5] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٢٣.

[6] قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ص٩٥.

[7] حكمت سامي سليمان:المصدر السابق،ص٨١.

پشتگیرییە دەگەڕێنیتەوە بۆ ئەو گرنگییە دبلوماسی وستراتیژییەی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ هەیەتی، لەبەر ئەوەی ناوچەکانی ئیمتیازی دارسی هاووسنوورن لەگەڵ ناوچە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا،بۆیە گرنگە بۆیان ڕێگا نەدەن بەهەر بەرژەوەندییەکی بیانی کۆنترۆڵی نەوتی ئەم ناوچەیە بکات، لە ستراتیژیی بەرژەوەندیی بەریتانیا نەبوو ئەم ناوچەیە کۆنترۆڵ بکرێت لە لایەن هێزێکی بیانی[1].

لەلایەکی ترەوە حکومەتی بەریتانیا پشتگیری لە دارسی دەکرد لە ناوچەی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی کاتێك کۆمپانیاکانی دارسی سەرکەوتوو نەدەبوو لە دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەی قەسری شیرین، ئەویش دوای خەرجکردنی بووجەیەکی زۆر، تەنانەت خەزینەی پرۆژەکانی بەتاڵ دەبێت لە پارە، بۆیە حکومەتی بەریتانیا هاوکاری وئامۆژگاری دارسی کرد، کە دەست لەم ئیمتیازە هەڵنەگرێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست کۆمپانیا بیانیەکانەوە، بۆیە بە هاوکاری بەریتانیا کۆمپانیای بۆرما ئویل کۆمپانی(Burmah Oil Co.) بە سەرۆکایەتی ستراسکۆنا(Strathcona) وسیر جون کارجیل(Sir John Cargial) بۆ رزگار بوونی دارسی بەشداری لە پرۆژەکانی دۆزینەوەی نەوتی ئێران لەگەڵ دارسیدا کرد. وله ئاياری ١٩٠٥ کۆمپانیای (Concession Syndicate Ltd.) دامەزرا ئەم کۆمپانیایە لە هەمان سەرچاوەوە بەپارە بارپۆن کرا [2]، دەستیان کرد بە توێژینەوەی نوێ لە ناوچەی ماماتون (Mamatain)*،بەلاَم ڕووداوە سالَی سیاسییەکانی ئێران لە سالَی ١٩٠٦ کارەکانی دارسی دواخست، تاکو ١٩٠٨[3].

---

[1] خليل علي مراد: التنافس الدولي... ،ص٢٢.

[2] اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص ص٣١-٣٢.

* ئەم ناوچەیە ١٣کم لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی رامهورموز دووره،لە ٢٢ئابی ١٩٠٦ دا دەست بە بیرلێدان کرا ودوای سێ هەفتە ولە قولَایی ١٢٠ پێ، گەیشتە ئاو، بەلاَم نەوتی تیا نەدۆزرایيەوە، بڕوانە، عەبدوڵلا غەفور: سەرچاوەی پێشوو،ل٦٢.

[3] لە سالَی ١٩٠٥ لە ولاَتی ئێراندا شۆڕشێکی جەماوەری دەستی پێکرد لە دژی حکومەت =

کاتێك کۆمپانیاکانی دارسی درکیان به لەدەستدانی نیوەی سەرمایەکانیان کرد، بێ ئەوەی یەك دڵوپ نەوتیان دەستکەوتبێ، بەڵام لە بەیانێکی پڕ لە نائومیدی رۆژی ٢٨ ئابی١٩٠٨ کاتێك پسپۆرێکی جیۆلۆجی بەریتانی بەناوی جۆرج رینولدز(G.Renolds) لە ناو جێگای حەوانەوەی خۆی هەستی بە جولانەوەی زەوی و دەنگی شتێك کرد کە لە زەوی هەڵدە قولا ، ئەم هەواڵە موژدەی بە دارسی دا کە نەوت لە شوێنی کارکردنی کۆمپانیاکانیدا هەڵدەقوڵێ[1] بەتایبەتی لە ناوچەکانی مەسجدی سلێمان[2].

## ئیمتیازی هێڵی ئاسنی بەرلین-بەغدا ١٩٠٣:

پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین-بەغدا یەکێك بوو لەو پرۆژانەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەم ناکۆکی خستبوە ناو ولاتە ئیمپریالسیتەکانەوە، هۆیەکی سەرەکی بیرکردنەوەی بەریتانیا بوو لە

---

=وچەندین ساڵی خایەند، لە مێژووی نوێ وهاوچەرخی ئێران بە شۆرشی دەستووری (مەشرووتە) ناسراوە،بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی رووداوەکانی ئەم شۆرشە بڕوانە،ابراهیم خلیل احمد وخلیل علي مراد،المصدر السابق،ص ص١٠١-١٠٦.

[1] روجر هاورد: نفط ایران(دورة في تحدي نفوذ الولایات المتحدة)،ت/ مروان سعدالدین، ٢٠٠٧ ،ص١٣.

[2]مەسجدی سلێمان دەوروبەری شارۆچکەی شووشتەر دەکات،هەروەها مەیدانی نەفتوونی پێ دەڵێن،لەدواییدا دەگۆڕێت بۆ مەسجدی سلێمان،ئەوەی شایەنی باسە نزیکەی دوو هەفتە بەر لە دۆزینەوەی نەوت لەم ناوچەیدا،لە ١٤ ئابی ١٩٠٨دا، جۆرج رینۆڵدز نامەیەکی لە بەرێوەبەرایەتی سەندیکای ئیمتیازەکانی دارسی پێ گەیشت،پێی ڕادەگەیەنێت بە زووترین کات دەست لەکار هەڵگرێت،چونکە هیچ ئەنجامێکی نابێت لە دۆزینەوەی نەوت لەم ناوچەیدا، کۆمپانیا کە چی تر لەتوانایدا نەماوە پارەی بۆ خەرج بکات،ئەم نامەیە لە کاتێکدا بوو قولایی بیرەکان گەیشتبوون١٥٠٠-١٦٠٠ پێ،بەلام رینۆڵدز گوێی بەقسەکانیان نەدا،شەوو رۆژ نەدەسرەوت تا بە ئەنجام گەیشت، بڕوانە، عەبدوڵلا غەفور: سەرچاوەی پێشوو،ل٦٢.

داگیرکردنی کوردستان ومیزۆپۆتامیا[1]،مەبەست لە رۆیشتنی ئەم پرۆژیە بە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی ، بەستنەوەی هەموو بەشەکان بوو کە هەر لە سنوورەکانی نەمسا ومەجەر وباشووری رۆژهەلاتی لە ئەوروپا تا ناو زەوییەکانی سنووری ئێستای عێراق بەرەو ناوەوە رووە و شاری بەغدا وبەسرە، تا کەنارەکانی کەنداوی فارس لە باشووری رۆژهەلاتی ئاسیادا بڕوات[2].

ئەم پرۆژەیە لە لایەن ئەڵمانیاوە جێبەجێدەکرا وبە چەندین قۆناغدا تێپەڕی. قۆناغی یەکەم لە ساڵی ١٨٨٨ تاکو ساڵی ١٨٩٣ درێژەی کێشاوە و پەیوەندیدار بوو بە دامەزراندنی هێڵێك لە حەیدەر پاشا، تاکو ئەنقەرە، وقۆناغی دووەم لە ساڵی ١٨٩٣ دەستی پێکرد، تاکو ساڵی ١٨٩٦ وپەیوەندی بە بەشی ئاسکی شەهەر–قۆنیە لەسەر ڕێگای ئافیون قەرە حەسارەوە هەبوو، قۆناغی سێهەم لە ساڵی ١٨٩٩ز تاکو ١٩٠٣ کۆتایی پێ دێت ئەم قۆناغە ئیمتیازی کۆتایی پێدرا، تاکو بەغدا–بەسرە بە کەنداو ببەستێتەوە[3].

تەنها ئەڵمانیا نەبوو کە بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی ئەم هێڵە ئاسنیە ململانێی دەکرد، بەڵکو دەوڵەتانی زلهێزی تری ئەو سەردەمە لە ریزی پێشەوە بوون بۆ دەستکەوتنی ئەم ئیمتیازە بۆ بەرژەوەندیی ولاتەکانیان ، یاخود ئەگەر دەستیان نەکەوێت، ئەوا ببنە کۆسپ لە بەردەم بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا لەم

---

[1] عبدالفتاح ابراهيم:المصدر السابق،ص ١٠٧.

[2] ئەم پرۆژەیە ئەو ناوچە گرنگانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەگرتەوە، کە لە ئەستەنبوڵ وئەنادۆل لە نێوان دەریای رەش وکەنارەکانی دەریای ناوەڕاست بوو، هەروەها ئەم پرۆژیە ناوچەی سوریا ومیزۆپۆتامیا دەگرتەوە، کە ناوچەی دووریانی ڕێگای هاتووچۆی نێوان ئاسیا وئەوروپا بوو، هەروەك نیمچە دوورگەی سینا وناوچەکانی ئەنادۆڵ وکوردستانی دەگرتەوە کە هاوسنوور بوون لەگەڵ وولاتی قەوقاز وئێران،هەروەها وولاتی عەرەب بەپانتایی باشووریەوە سنوورەکانی کەنارەکانی دەریای سوور وئۆقیانوسی هیندی وکەنداوی فارسی دەگرتەوە،بڕوانە:.Dietrich Eichholtz: op . cit,p.6

[3] اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص٢٢.

پرۆژەیە،یەکەم دەوڵەت،کە پیلانی گێڕا وکاری کرد بۆ ڕێگا گرتن لەم پرۆژیە، بەریتانیا بوو،ئەوەتا لە ٢٣ی کانونی دووەمی١٨٩٩ ڕێککەوتنێك مۆر دەکات لەگەڵ شێخی کوێت، تەنها بۆ مسۆگەرکردنی دەسەلاتی خۆی لەکوێت و تا ڕێگا لەهێڵی ئاسنی بەغدا بگرێت ، کە بگاتە کەنداو، تاکو بەریتانیا بتوانێت مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت، ئەنجا ڕێگا بدات ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت[١]. بۆیە کۆمەلێکی زۆر لە کۆمپانیاکانی جیهان ئامادەیی خۆیان نیشاندا لە بەردەم حکومەتی عوسمانی و داواکارییان پێشکەشکرد بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی بەغدا. یەکەم کۆمپانیا داواکاری خۆی پێشکەشکرد کۆمپانیایەکی رووسی-نەمساوی بوو، لە ساڵی ١٨٩٨ داوای کرد ڕێگای پێ بدرێت بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی، کە تەرابلس وشام بە بەندەرێك لەسەر کەنداوی فارس ببەستێتەوە، دوو لقی هەبوو کە بەغدا بە خانەقین ببەستێتەوە،بەلام حکومەتی عوسمانی هیچ وەلامێکی ئەم داواکارییەی کۆمپانیای رووسی نەمساوی نەدایەوە، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەوڵەتی عوسمانی مەترسی هەبوو لە بلاوبوونەوەی دەسەلاتی رووسیا لە ناو ولاتەکەی، هەروەها پالیۆزی هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو ئەڵمانیا ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە ناڕەزایی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر پرۆژەی رووسی نەمساوی[٢].

لە ساڵی ١٨٩٩ ژمارەیەك لە سەرمایەدارانی فەرەنسا داواکارییان پێشکەشکرد بۆ دروستکردنی پرۆژەی دامەزراندنی هێڵی ئاسنی، کە کەنارەکانی سوریا بە کەنارەکانی کەنداو ببەستێتەوە،ئەم پرۆژەیەی فەرەنسا ڕەزامەندی بانکی ئەڵمانی (Deutsche Bank) لێکەوتەوە لە دەرفەتێکدا دەستیان کرد بە گفتۆگۆ لەگەڵ یەکتر، لە هەمان ساڵدا پرۆژەیەکیان خستەروو،

---

[١] ماریان کنت: النفط والامبراطورية(السياسة البريطانية ونفط بلاد مابين النهرين١٩٠٠-١٩٢٠)،ت/قاسم احمد العباس،مجلة النفط والتنمية، العدد٦،اذار١٩٧٨،بغداد،ص ٧٢.

[٢] عبدالفتاح ابراهيم:المصدر السابق،ص ١١٢.

کە پشکەکانی وا دابەشکرا بوون، کە هەر یەك لەوان ٤٠٪ وەرگرن، ئەو ڕێژەیەی مابووەوە بدرێت بەو کەسانەی لە دەوڵەتی عوسمانی خوازیاری بەشدارین لەم پرۆژیەدا، هەروەها رازی بوون بە بەشدارکردنی بەریتانیا بە ڕێژەیەکی یەکسان ئەگەر خوازیاری بەشداری کردن بوو[١].بەڵام لە بەرامبەردا لە ساڵی ١٨٩٩ ژمارەیەك سەرمایەداری بەریتانی هەمان داواکارییان پێشکەشکرد بە دەوڵەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازەکە تەنها بۆ خۆیان. پرۆژەکەیان پێك هاتبوو لە دامەزراندنی تۆڕێکی ئاسنی، کە ناوچەکانی ئەسکەندەرونە–بەغدا–کەنداوی فارس بەیەك بەستێتەوە[٢]، بەڵام لە ئەنجامی سەردانی دووەمی قەیسەری ئەڵمانی ولیەمی دووەم (Wilhlem II)لە ساڵی ١٨٩٨ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا لە دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنێك لە سوڵتان وەردەگرێت، کە ماف وئیمتیازی بە بانکی ئەڵمانی بدات بۆ دامەزراندنی تۆڕێکی ئاسنی، کە لە (کۆنیە)وە دەست پێی بکات، تاکو بەغدا وبەسرا بەکەنداوی فارسەوەی ببەستێتەوە، ئەم بەڵێنە بەپێی ڕێککەوتنێکی سەرەتایی مۆرکرا لە ٢٤ی کانوونی یەکەم ١٨٩٩[٣].

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو خالانەی بەرژەوەندییەکانی فەرەنساو ئەڵمانیا ڕێککەوتن لەسەر ئەم پرۆژیە، بڕوانە:

Edward Mead Earle: Turkey، The Great Powers، and The Baghdad Railway، A Study in Imperialism، the Macmillan Company،(New York- 1924)،pp. 58-59.

[٢] Ibid، p.60.

[٣] بۆ وێنەی ئەم ڕێککەوتنە سەرەتاییە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٨) ،جۆرج سیمنس( Georg Siemens) کە بەڕێوبەری بانکی ئەڵمانی(دۆیچە بانك)بوو،پێش مردنی لەساڵی١٩٠١ بەشداری کرد لە مۆرکردنی گرێبەستی پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا لە١٨٩٩/١٢/٢٤ لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئیمتیازە سەرەتاییەی بە کۆمپانیای هێڵی ئەنادۆل درابوو لە١٨٩٩/١١/٢٦ لە لایەن سوڵتان، بڕوانە، Dietrich Eichholtz: op.cit, p.10.

ئەگــەر بڕوانینــە ئــەو ســنوورەی کــە پــرۆژەی هێڵــی ئاســنی بەغــدای پێدادەڕوات، ئەوا هۆکاری سەرەکی ململانێی زلهێزەکان وبەتایبەتی ئەڵمانیا لەســەر وەرگــرتنی ئیمتیــازی کــارکردنی ئــەم پرۆژەیــە مــان بــۆ ڕوون دەبێتەوە،چونکە بە ناوچەیەکی ستراتیژی وئابووری گرنگدا دەڕۆیشت، بە تایبەتی کوردستان سامانێکی سروشتی زۆری تێدایە بەتایبەتی نەوت، هەروەها ئەڵمانەکان زانیاری پێشوەخت و ئامادەیان هەبوو لە گرنگی ئەم ناوچەیە، بۆیە پێیان لەسەر بە دەستهێنانی ئیمتیازی هێڵی ئاسنی بەغدا دادەگرت. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش،جێی خۆیەتی ئەو خاڵە گرنگانەی لە ڕاپۆرتەکی دکتۆر پاول روهەرباغ دەربارەی گرنگی ناوچەکانی کەرکوك لە رووی سامانی نەوت،بخرێنەڕوو،کە دەڵێت:" ئەگەر پرۆسەی هەڵکەندن هەبێت لە کەرکوك بێ گۆمان گەنجینەیەکی گەورە لە نەوت دەستدەکەوێت، بۆیە بەلایەنی کەمەوە دەتوانرێت سوود لە داهاتی ئەم ناوچانەی دەکەونە تەنیشت پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا وەبگیرێت، بۆ گەیشتن بە دەوڵەتەکانی کەنداوی فارسی وهەندێك شوێنی دوور وەك هیندو رۆژهەلاّتی ئاسیا، لە ڕێگای کەشتی بارهەڵگری نەوت، کە دەتوانین گەڕیان بخەین بە هۆی گەشەسەندنی بەرهەمی نەوتی کەرکوك وبەسرە، لە ڕێگای شەت ولعەرب،چونکە ئاسان تر وخێراترە لە ڕێگای کەنارەکانی ئەتلەنتی ئەمریکا، یاخود ئەگەر بە باکۆدا بڕۆین...، بەلاّم دەبێت ئامێر وکەرەستەی هێڵی ئاسنی بەغداو هێڵە لاوەکییەکانی ئایندە، کە بۆ گەیشتن بە کەرکوك دروستدەکرێن، کە ژمارەیەکی پێویست لە فارگۆنی گواستنەوەی نەوت لەگەڵ دابێت بۆ جێبەجێکردنی پێداویستەکان، هەروەها دەبێت ئەم بیرۆکەیە سەرنجی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەڵمانی پێی ڕاکێشین، کە چەند گرنگە...، ئەگەر خۆمان بە لیپرسراو بزانین لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە زۆر سوودمەند دەبین بە هۆی ئەو ئاسانکارییانەی هەن لە بەرهەمهێنانی نەوت لە کەرکوك بەگەڕخستنی هێڵی

ئاسنی لە ئەستەنبۆڵەوە بۆ کەنداو قازانجێکی زۆری دەبێ"[1]، هەروەها گرنگی ستراتیژی ئەم ناوچەیە هۆکارێکی تر بووە،بەڵام گرنگی ناوچەی نێوان بەغدا- کەنداو تەنها ئامانجی سەرەکی بۆ گواستنەوەی کەرەستەی خاو بوو تا لە رێگای کەنداوەوە بۆ دەرەوەی وڵات بنێردرێت، بەتایبەتیش نەوتەکەی، جگە لەم هۆکارانە هۆکاری تری ئابووری وسیاسی وسەربازیشی هەبوو، هەر بۆ یەش کە زلهێزەکان ململانێی توونديان لەسەر ئەم پرۆژەیە دەکرد.

ئەگەر سەیری هەموو قۆناغەکانی ڕاکێشانی پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا- بەرلین بکەین، دەبینێن هەموو جارێك، کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەڵێنی بە کۆمپانیاکانی ئەڵمانی دەدات بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز وکارکردنی لەم پرۆژیەدا، لەگەڵ ئەم بەڵێنانەدا سوڵتان فەرمانی شاهانەی خۆی دەرکردووە بۆ گواستنەوەی موڵکایەتی ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ بۆ خەزینەی تایبەتی خۆی، ئەوەتا سوڵتان لە ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٠٣ فەرمانێکی شاهانە دەردەکات بەهەمان چەشنی فەرمانەکانی تر،بەڵام ئەمجارەیان هۆکاری گواستنەوەی ئەم ناوچانە ڕوون دەکاتەوە ودەڵێت:"لەبەر ئەوەی کانە نەوتی زەبەللاح لە موڵکەکانی ناو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەکەم لە ویلایەتی موسڵ هەڵدەقوڵێ " [2].

لە ٥ی ئاداری ١٩٠٣ سوڵتان بەڵێنی خۆی جێبەجێدەکات و ئیمتیازی کۆتایی بە بانکی ئەڵمانی دەدات بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی بەغدا. لە دانشتنێکدا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی(زهنی پاشا) وەزیری ئەشغاڵ وبازرگانی ئامادەبوو[3]، لە لایەن ئەڵمانیا نوێنەرەکانی کۆمپانیای ئاسنی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆکان ڕاپۆرتی باول روهەرباخ بەشی کەرکوك لە پاشکۆی ژمارە(٧) بە زمانی ئەڵمانی.

[2] اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص ٢٤.

[3] Valentine Chirol: The Middle Eastern Question or Some Political Problems of Indian defence ، London، 1903، p. 200.

**ئەنادۆڵ وبەغدا وبانکی ئەڵمانی ئامادەبوون بۆ مۆرکردنی ئەم ئیمتیازە[1]، هەروەها بڕیار درا هێڵەکە لە کۆنیەوە دەست پێی بکات تا کەنداوی فارس، لەگەڵ ماف بەخشینی چەندین ئیمتیاز لەبوارەکانی تر، بەڵام لە گرنگترین ئەو بڕگانەی هاتبوو لەم ئیمتیازەدا لە پاڵ ڕاکێشانی هێڵەکە بە ناوچەکانی کوردستان وگەیشتنی بە کەنداوی فارس، ئیمتیازی بەکارهێنانی ئەو ناوچە کانزایی ونەوتییانەی تێدابوو، کە ئەم خاڵە زیاتر پەیوەندیدارە بە بابەتی توێژینەوەکەمان، یەکێك لە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە بڕگەی یەکەمی ماددەی ٢٢بوو کە ئاماژەی بۆئەوە کردبوو:"ماف دەدرێت بە خاوەن ئیمتیاز، کە هەموو کانگاکان بەکاربهێنێت لە کاتی دۆزینەوەی بۆ سوودی خۆی لەو ناوچانەی هێڵەکە پێیان تێدەپەڕێت بە پانتایی٢٠کم لە هەردوو لایەنی هێڵەکەوە..."[2]، بەمەش ئەوناوچە نەوتییانەی کەوتبوونە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەوە، کەوتە ژێر دەسەڵاتی خاوەن ئەم ئیمتیازە.**

**لە١٧ی تەموزی ساڵی١٩٠٤ وەزیری تایبەتی سوڵتان(ئۆهانیس ئەفندی ساکسیان**Ohannes Effendi Sakisian**) وبەڕێوبەری گشتی هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ(کورت تزاندر) ڕێککەوتنێکی بەناوبانك مۆردەکەن بۆ بەخشینی ماف وئیمتیازی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی هەردوو ویلایەتی موسڵ وبەغدا. ئەم ڕێککەوتنە ناسراوە بە(ڕێککەوتنی زاندر)،کە بەڵگەیەکی زۆر گرنگ بوو،چونکە بانکی ئەڵمانی بە ئیمتیاز**

---

(1) **لە ئامادەبووانی سەرمایەدارەکانی ئەڵمانی لەم ڕێککەوتنە ئارسەر ڤۆن کفنەر(** Arthur v.Giwinner**) بەڕێوبەری بانکی ئەڵمانی، وکورت زاندر(**Kurt Zander**) بەڕیوبەری کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ، هەروەها ئیدورد هوگینین(**Edouard Huguenin**) بەڕیوبەری کۆمپانیای هێڵی ئاسنی بەغدا بوون. بڕوانە،** Dietrich Eichholtz:op.cit,p12.

(2) Helmut Mejcher:Imperial Quest for oil Iraq (1910-1928) ,London, 1976,p.4.

**هەروەها بڕوانە، اندرە نۆسشي: المصدر السابق،ص ٢٣; هەروەها بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٩) بەزمانی ئەڵمانی.**

سەرەتایی بۆ ماوەی٤٠ ساڵ بۆ دەست بەسەراگرتنی کانە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیاهەژمارکرد [١]، لە برگەی یەکەمی ئەم ڕێککەوتنەدا هاتووە:" کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵی لە سەر ئەرك وبووجەی خۆی لە ماوەی ساڵێك لە مێژووی ئاڵوگۆڕکردنی بەڵگەکانی ئەم ڕێککەوتنە،کۆمپانیا کە هەڵدەستێت بە توێژینەوەیەکی سەرەتایی وجیۆلۆجی ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ و بەغدا، کە خاوەنداریێتی ئەم ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی تایبەتی سوڵتان بەپێی فەرمانەکانی ساڵانی (١٨٩٠,١٨٨٩,١٩٠٣)"، هەروەها لە برگەی دووەمدا هاتووە :"ئەگەر ئەم کۆمپانیایە کۆتایی هێنا بە توێژینەوەکەی، ئەوا لەسەر ئەرکی خۆی ئەم کێڵگە نەوتیانە بەکاردەهێنێت، بۆ ماوەی٤٠ ساڵ ماف پێدەدرێت بە پێی ڕێککەوتنامەیەکی تایبەت،کە بە پێی خواست و ڕەزامەندی حکومەتی عوسمانی بێت،ئینجا ڕێگا دەدرێت بۆ بەکارهێنانی ئەویش بە هاوکاری وسەرپەرشتی وەزارەتێکی تایبەتی حکومەتی عوسمانی بێت"[٢] .

دەوڵەتی عوسمانی وئەڵمانیا کۆنترۆڵی تەواو دەکەنە سەر پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین–بەغدا، بەپێ ڕێککەوتنەکە، بڕیاردرا، کە کۆمپانیای ئاسنی ئەنادۆڵ بێ لایەن بێت لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، وکۆمپانیای هێڵی ئاسنی بەغدا دامەزرا، کە بەپێی یاسای کۆمپانیاکانی عوسمانی، بە سەرمایەی ١٥ ملێون فرەنك(کۆمپانیای ئاسنی ئەنادۆڵ پشکی ١٠٪ هەبوو لە کۆمپانیا نوێیەکە)،هەروەها لە ناو بەندەکانی ئەم ئیمتیازە بەندێکی تایبەت دانرا پەیوەندیی بە هەیکەلی ئەم کۆمپانیایە هەبوو، تیایدا ئامازەی بۆ دەستەی بەڕێوبردنی ئەم کۆمپانیایە کردبوو،کە دەبێ لە ١١ ئەندام پێك بێت، سێ ئەندامی لە کۆمپانیای ئاسنی ئەنادۆڵ هەڵدەبژێردرێت وبەلانی کەم سێ

---

[١] Dietrich Eichholtz: op.cit, p.12.

[٢] اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص ص ٢٤–٢٥.

ئەندامی تر لە رەعیەتی دەوڵەتی عوسمانی بێت[1]، هەروەها بڕیار درا ئەم هێڵە دەست بە کارەکانی بکات، لە ناوچەی کۆنیەوە تا دامێنی چیاکانی تۆروس بگرێتەوەوە بە ناوچەکانی کوردستانی باکوور تێپەڕێت تا دەگاتە کوردستانی باشوور، ئەم پرۆژەیە لقێکی لێ دەبێتەوە، کە ئەدەنە بە مەرسین لەسەر دەریای ناوەڕاست دەبەستێتەوە،هەر لەم ڕێگایەشەوە کار دەکات تا دەگاتە حەلەب، کە بە تۆڕی سوریای دەبەستێتەوە، پاشان حەمس وحەمما وتەرابلس شام وبەیروت ودیمەشق ویافا و قودس بە یەك دەبەستێتەوە، هەروەها ئەم هێڵە لە حەلەب دەردەچێت بە ئاراستەی رۆژهەلاّت دەڕوات بەرەو نەسیبین وموسڵ بە لقێکی تر، کە دامێنەکانی چیاکانی ئەرمینیا بە دیاربەکر وخەربۆت دەبەستێتەوە، ئەم هێڵە درێژەی پێدەدرێت لە موسڵ تا دۆڵەکانی دیجلە تا دەگاتە بەغدا، دوای ئەوەی بە شارەکانی تکریت وسامەرا ولە دوای ئەوە بە باشووری میزۆپۆتامیا دەڕوات، تا دەگاتە بەسرا لەوێشەوە تا کەنداو، ئەم پرۆژەیە زۆر گرنگ بوو وەك ڕێگایکی هاتووچۆ، چونکە بەرلینی بە بەغدا دەبەستایەوە [2].

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەڵمانیا دەبێتە دەوڵەتێکی پشکنەر وبەکارهێنەری نەوت،بە هۆی ئیمتیازی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر بەرلین– بەغدا و هەموو مافەکانی بەکارهێنانی کانزاکان لە ناوچەی ئیمتیازەکە. ئەوەی شایەنی باسە ئەو ئیمتیازەی کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ بەدەستی هێنا بۆ بەرژەوەندی و حیسابی بانکی ئەڵمانی بوو[3]، ئەم بانکە بوو بە دەستە

---

[1] Edward Mead Earle: op.cit،p.69; عبدالفتاح ابراهيم:المصدر السابق،ص١١٥–١١٦.

[2] Valentine Chirol:op.cit،p.201;Edward Mead Earle: op.cit،pp.71-72 ; عبدالفتاح ابراهيم:المصدر السابق، ص ص ١١٦–١١٧

[3] چونکە هەموو ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ لەژێر دەسەلاّت وخاوەنداریەتی خەزینەی سوڵتان بوو بەپێی ئەو فەرمانانەی دەریکردبوو،هەروەها دوای ئیمتیاز وڕێککەوتنی ساڵی١٩٠٣ بانکی ئەڵمانی بوو بە هاوبەشی ڕاستەقینە وتەنها سوڵتان لەم جۆرە وەبەرهێنانە، بڕوانە،.Dietrich Eichholtz: op . cit,p.12

**ڕاستی دەوڵەتی ئەڵمانی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە کۆلۆنیالستەکان، هەروەها بەرژەوەندیی نەوتی بۆ دابین دەکرد، بۆیە لە ساڵی ١٩٠٤ دەست بەسەر نیوەی پشکی کۆمپانیای ستیوا رۆمانا(Steaua Romana)دا گرت، کە بەرهەمەکانی بە کۆمپانیای رۆیاڵ دۆچ دەفرۆشرا ، هەروەها ئەم بانکە کۆمپانیای پەترۆڵی ئەڵمانی (Deutsche Petroleum co.) دامەزراندن، هەرچەندە ئەم کۆمپانیایە سەرقاڵ بوو بە نەوتی رۆمانیاوە، بەڵام خۆی ئامادە کردبوو بۆ جەنگ لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ شکاندنی قۆرخکردنی کۆمپانیاکانی ئەمریکا لەسەر نەوتی جیهاندا... [١].**

**پڕۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین–بەغدا پڕۆژەیەکی گەورە بوو لە ناوچەی رۆژهەڵات،هەروەها ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە بووجەیکی زۆر بوو، ئەڵمانیا ئەم برە پارەیەی نەبوو بۆ جێبەجێکردنی، هەروەها ئەم پڕۆژەیە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنییەوە کەوتە ناو بازنەی ململانێی زلهێزەکانەوە لەسەر ناوچەی رۆژهەڵات[٢]، بەتایبەتی کاتێك ئەم پڕۆژەیە ئیمتیازی بەکارهێنانی کانە نەوتییەکانی درایە پاڵ، بۆیە زیاتر ململانێی زلهێزەکان لەسەر ئەم پڕۆژەیە قوڵ تر بوو ، بڕگەیەك لەم ڕێککەوتنە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر ئەم کۆمپانیایە لە ماوەی ساڵێك نەیتوانی کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات ئەوە ئیمتیازەکەی لێ**

---

**[١] عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص١٢٠.**

**[٢] لەڕاستیدا دوو کۆمپانیا ماف دامەزراندنی ئەم پڕۆژەیان هەبوو: کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ وکۆمپانیای هێڵی ئاسنی بەغدا،کە هەردووکیان لە ژێر دەسەڵاتی دویچە بانك بوون، وتاکو کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٧ ئەم دوو کۆمپانیایە تەنها ٢٠کم ی جێبەجێکردبوو لەم پڕۆژەیە لە کۆی ٣٣٠٠کم کە دانرابوو دامەزرێت، هۆکارەکەشی تەنها بۆ ململانێی زلهێزەکان دەگەڕێتەوە لەسەر ئەم پڕۆژەیە،تاکو ١٥ یولیوی١٩٤٠ ئەمجا ئەم پڕۆژەیە ئەنجام درا کە ٣٦٠کم لە نێوان موسڵ–سامەڕا،٥٦٠ کم لە نێوان بەغدا–بەسرە ئەنجام درا،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ثريا فاروقي،بروس ماك غوان،دونالد كواترت، شوكت باموك: التأريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية(١٦٠٠–١٩١٤)،مجلد٢،ت/قاسم عبدة قاسم،بيروت،٢٠٠٧،ص ص ٥٥١–٥٥٨;** Dietrich Eichholtz: op . cit,pp.6-7;

دەسێندرێتەوە، بۆیە ئەڵمانیا بە باشی زانی دەوڵەتانی زلهێز بەشدار بکات لەم پرۆژەیەدا[1]، لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆژەیە ناڕەزایی ومەترسی بەریتانیا وفەرەنسای لێکەوتەوە،چونکە ئەڵمانیا دەبووە مەترسی لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەم وڵاتانە لە رۆژهەڵات وبەتایبەتی لە میزۆپۆتامیا، بۆیە بەریتانیا گەیشتە ئەوە قەناعەتەی چی تر ناتوانێت بەربەرکانی وململانێی ئەڵمانیا بکات لەسەر ئەم پرۆژەیە، ناوەندی بڕیاردەری سیاسی بەریتانیا بە باشی زانی بەشداربێت لەم پرۆژەیە نەك دژایەتی بکات[2].ئەم نزیك بوونەوەی بەریتانیا بووە مایەی دڵخۆشی وپێشوازی دام ودەزگاکانی ئەڵمانیا،چونکە هەروەکو پێش تر ئاماژەمان پێکرد سەرمایەی ئەڵمانیا لە توانایدا نەبوو باربۆی دارایی ئەم پرۆژەیە لە ئەستۆی خۆی بگرێت، چونکە زۆر گەورە بوو، وتەیەك هەیە دەربارەی ئەم نزیکبوونەوەیە دەڵێت:" بەرلین دەیەوێت کاربکات ولەندەن لە توانایدا هەیە"[3].

بۆیە لە ساڵی ١٩٠٤ حکومەتی ئەڵمانیا پلان و نەخشەی نوێی خستەروو بۆ بەشداربوون لە کۆمپانیای هێڵی ئاسنیٚ بەغدا بە دروستکردنی ئەنجوومەنێکی دەستەی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی بەنکی نیشتمانی ئەڵمانی، هەروەها ئەو کۆمەڵانەی، کە پێویست بوو بەشداری بکەن لەم بانکە پێك هاتبوون لە(گرووپی ئەڵمانی بە پشکی٢٥٪، گرووپی بەریتانی بە پشکی٢٥٪، گرووپی فەرەنسی بە پشکی٢٥٪، پشکی ١٠٪ بۆ کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ، لە ١٥٪ بۆ کۆمەڵێك بەرژەوەندی تر)، بەڵام بەهۆی کشانەوەی گرووپی بەریتانی وفەرەنسی لەم بانکە ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو نەبوو لە پلانەکەی[4].

---

[1] Valentine Chirol: op. cit، p. 200.; اندره نؤسشي:المصدر السابق،ص٢٥

[2] Helmut Mejcher: op. cit، p.4.

[3] اديث وَ ائي،ايف،بينروز: العراق(دراسة في علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ١٩١٥–١٩٧٥)،ت/عبدالمجيدحسيب القيسي،بيروت،١٩٨٩،ص٦٨.

[4] حكمت سامى سليمان: المصدر السابق،ص٨٥.

بەریتانیا بەردەوام ئەم پرۆژەیەی ئەڵمانیای بە هەڕەشە دەزانی لەسەر بەرژەوەندیی سیاسی وئابووری لە ناوچەی رۆژهەڵات وهیند، بۆیە بە توندی لە دژی وەستا[1]، لە ئەنجامی ئەمەدا ململانێیەکی کۆلۆنیالستی لە نێوان ئەم وولاتانە روویدا، پاشماوەی ئەم ململانێیە لە ململانێی توندی بەرژەوەندییە نەوتییەکان سەری هەڵدا لە بەریتانیا و ئەڵمانیا وهۆڵەندا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ، ئەمیش لە ڕێگای پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی دارسی بوو،بەتایبەتی لە ساڵی١٩٠٤ [2]، هەر لە هەمان ساڵ کۆمپانیای ئەڵمانی دەستی کرد بە توێژینەوە لەسەر ئەو زەوییانەی ئیمتیازەکە دەیانگرێتەوە بەتایبەتی لە ویلایەتی موسڵ لەڕێگای ناردنی تیمێکی پسپۆڕانی جیۆلۆجی بەسەرۆکایەتی دکتۆر پورۆ(Dr.Porro)[3]،

---

[1] کاریگەری پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا لەسەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بەباوەری ناوەندی سیاسی بەریتانیا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە(ئەگەر هاتوو ئەم پرۆژەیە جێبەجێکرا ئەوا بەرژەوندیەکانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا دەکەویتە ژێر هەڕشەیەکی گەورەتر لەهەر پرۆژەی تر، ئەم پرۆژەیە بەچەند ناوچەیەك دەرۆیشت، پێشتر لە ژێر دەسەلأت وکۆنترۆڵی بازرگانی بەریتانیا لەسەر ڕێگای هیندی بۆماوەیەکی زۆر، لەگەڵ ئەوەی هەڕەشەیەك بوو لەسەر ماف دەریاوانی بەریتانیا لە هەردوو ڕووباری دیجلە وفورات و کەنداو، ماف کانزاکاری لە پرۆژەیدا ببووە کێشە وئەستەنگ لەبەردەم هیواو وئاواتەکانی بەریتانیا لە نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا، هەڕەشەش بوو لە بەرژەوەندییەکانی گواستنەوەی بەریتانیا،بەو بەڵگەیەی کە ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی راستەوخۆ بوو بۆ هیند.بۆیە بەریتانیا درکی کرد، کە ئەم هێڵە ئاسنیە هەڕەشەیەکی ستراتیژیە،چونکە بەریتانیا دەسەلأتی لە دێرزەمان هەبوو لەسەر بەندەرەکانی ئاوی کەنداوی فارس،بۆ زانیاری زیاتربڕوانە، ماریان کنت: المصدرالسابق ،ص ص٧٠-٧١.

[2] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص٢٢.

[3] ماريان كنت: النفط والامبراطورية،ت/قاسم احمد العباس،مجلة النفط والتنمية، العدد٥،شباط ١٩٧٩،بغداد،ص ١٨٢; بانکی ئەڵمانی ئەندازیاری ئیتاڵی دکتۆر سیزر بورۆ(Ceasare Porro) وەك سەرۆکی ئەم شاندە هەڵبژارد،هەروەها دوو پرۆفیسوری تر ناویان لە ڕاپۆرتی ئەم شاندە هاتبوو کە پرۆفیسۆر کیسلنك(Kissling)دانیشتووی شاری=

پاشان دەستی کرد بەنەخشەی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەرەکە، بۆئەوەی لە بەکارخستنی ئەو ناوچەکانزایی ونەوتییانە کەڵك لە مافەکانی خۆی وەربگرێت. ئەمیش خۆی لە خۆیدا بایەخێکی نێودەوڵەتی تر بوو لەمەڕ ئەو ئیمتیازەی نەوتییەی هێنایە ئاراوە وگفتوگۆو مشتومڕی زیاتری دەوڵەتی عوسمانی وکۆمپانیا ئەڵمانییەکەی لێکەوتەوە[1].

دەقی گرێبەستی تزاندر کە لە ڕێکەوتی ٤ی حوزەیرانی ١٩٠٤ لە نێوان خەزینەی تایبەتی تورکی وکۆمپانیای عوسمانی بۆ هێڵی ئاسنی ئەنادۆل بەسترا، بەپێی ئەم ئیمتیازە، دەبوایە کۆمپانیا کە پشکنینی سەرەتایی دەربارەی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا ئەنجام بدات و ئەنجامەکانی پشکنین بە هاوپێچی لەگەڵ لیستێك لە خەرجیەکانی پشکنین بۆ خەزێنەی تایبەت بنێرێت، وەك دەسپێکێك بۆ چوونە ناو گفتۆگۆ دەربارەی ئیمتیازە نوێیەکەی. لە مانگی شوباتی تاکو مانگی نیسانی ساڵی١٩٠٥ تیمێکی زانستی لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ مانەوە ویەکەم ڕاپۆرتی خۆیان لە کۆتایی مانگی تەموزی١٩٠٥ بە ناوی( چەند تۆژینەوەیەك دەربارەی کانە نەوتی وئەسفەلتییەکان لە ناوچەکانی دیجلە وفورات) پێشکەش کرد و لە ٢٦ اغسطس ساڵی١٩٠٥ ڕاپۆرتی کۆتاییان پێشکەش کرد،کە لە ناوەرۆکی دا هاتبوو: " ... ناتوانین جەخت لەسەر هەبوونی نەوت لە قوڵایی ناوچەی گەیارە دابکەین، هەروەها ئامۆژگاری نادەین بە پرۆسەی هەڵکەندن، چونکە زۆری تێدەچێت،... ئەو ناوچانەی تر، کە سەردانمان کردوون وەك باباگوڕگوڕ، توزخورماتو، بڵکانە، گیل، کفری و هەموو ناوچەکانی تر نەوتێکی زۆریان لێ نیە هەرچەندە باباگوڕگوڕ لە هەموویان باشترە...، بەڵام ئامۆژگاری نادەین،

---

بێرنی سویسری بوو،هەروەها پرۆفیسۆر هۆگو بوکنگ( Hugo Bücking)کە دانیشتووی ستراسبۆرك بوو، لەگەڵ نوێنەری بانکی ئەڵمانی دکتۆر کفاونت(Dr. Quandt).

Dietrich Eichholtz: op.cit,p.15

[1] گۆران ابراهیم صالح: کەرکوك لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا(١٨٧٦-١٩٠٩)، سلێمانی،٢٠٠٧،ل١٧٥.

چـونكه دەبێـت كـاری هەڵكـەنین بـە قولاّییـەكی زۆر بكرێـت بـۆ زانـینی ئـەو پرسیارەی ئایا نەوت بوونی هەیە لەم ناوچەیە؟"[1]، لەڕاستیدا ئەم تیمە هیچ كـارێكی هەڵكەنـدنی بـیری دۆزینـەوە(استكشـافية) بـۆ مەبەسـتی رومـاڵكردن ئەنجام نەدا، تەنها هەندێك نموونەی لە خاكی ناوچەكە وەرگرت لەگەڵ كێشانی نەخشە ووێنەی فۆتۆگرافی لە پێكهاتـەی تۆبـۆگرافی لـە زەوی ناوچـەكە وەرگـرت، ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەكی قـورس بوو،چـونكە ڕێگاوبـان هـیچ باش نـەبوو بۆ گەیشتن بە ناوچە گرنگەكان، دابینكردنـی ئـامێری هەڵكەنـدن وگـەڕان زۆر دژوار بوو بەهۆی بوونی چەند ڕووبارێك و بەربەستی جوگرافیـەوە، ئەمـە جگـە لـەوەی ئەندامانی تیمەكە یەك ڕانەبوون لـە بۆچونەكانیانـدا، بۆیـە ئـەو ڕاپۆرتـەیان، كـە پێكهاتبوو لە ١٠٠ لاپەرە هیچ هاندەر نەبوو[2].

بەلاّم لە حوزیرانی ١٩٠٥ ماوەی ئەم پشكنینە كۆتـایی پـیٚ دەهـات ،چـونكە ساڵێك بەسەری تێدەپەڕی، بەلاّم كۆمپانیا هیچ ئەنجامێكی پشكنینی نەنارد بـۆ خەزینە، بۆیە خەزینە نامەیەكی ئاراستەی كۆمپانیاكە كرد و بە بیری هێنایەوە، كـە كۆمپانیـا گفـتی داوە، بۆیـە ئـەم نامەیـە بـوە سـەرەتای ئـاڵوگۆڕی چـەندین نامەگۆڕینـەوە لـە نێـوان خەزینـەی تایبـەت وكۆمپانیـا، كـە بـەردەوام بـوو تـاكو مارتی ١٩٠٧[3].

---

[1] Dietrich Eichholtz: op. cit، p.16.

[2] Ibid, pp.15-16.

[3] لـە ڕاسـتیدا تـەنها ١٢نامـە ئـاڵوگۆڕكرا لەنێوانیـدا،بۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی دەقـی ئـەم نامانـە بڕوانـە، ماریـان كنـت: الـنفط والامبراطوريـة، ت/قاسـم احمـد العباس،مجلـة الـنفط والتنميـة، العـدد٥،شـباط ١٩٧٩،بغـداد،ص ص ١٨٢–١٨٣; هـەروەها ئـەو خـەم سـاردیەی بەرژەوەندییـەكانی ئـەڵمانی بـۆ بەگەڕخسـتنی ئـەم جـۆرە وەبەرهێنانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەند هۆكارێك،لەوانـە كۆمپانیـای هێڵـی ئاسـنی توانـاو ئـەزموون و خواسـتی پێویسـتی نـەبوو بـۆ بەڕێوبەردنی ئەم جۆرە پرۆژەیە، لە دەسەلاّت و ئەزموونی ئەو بەدەر بوو،هەروەها دەنگوباس هـەبوو بـەوەی كۆمپانیـا تـەنها ئـەم گرێبەسـتە مـۆركرد بـوو وبـە تـەمابوو ئـەم پرۆژەیـە بخاتـە ئەسـتۆی كۆمپانیایـەكی تایبـەت بـەم كارە،ئـەم جـۆرە پرۆژەیـە پێویسـتی بـە چـەند سـاڵێك =

لـه ئەنجامـدا ئـەم مشـتومڕەی نێـوان خەزینـەی تایبـەتی عوسمـانی و کۆمپانیای ئاسنی ئەنادۆل، کۆمپانیا داواکاری دا بە وەزیری خەزینەی تایبەت و پێـی ڕاگەیانـد، کـە بـە پێـی مەرجـەکان مـافی خۆیـەتی تێچـوونی تۆێژینـەوە جیۆلۆجیـەکان لەسـەر ئـەم ناوچـەیە کردوویانـە بـۆ مـاوەی سـاڵێك قـەرەبوو کردنـەوەی کـە بـە (٢٠) هـەزار پـاوەن ئەسـترلینی مەزەنـدەکرێ بخاتـە ئەسـتۆی خەزێنەی تایبەتەوە.[1] لە کۆتایی دا وەزیری خەزێنەی تایبەت لە ٢٦ی کانونی دووەمـی ١٩٠٧ نامەیـەك ئاراسـتەی کۆمپانیـا دەکـات پێـی ڕادەگەیـەنێت، کـە مـاوەی سـاڵێك ونیـوە بەسـەر بەڵێنـەکانی کۆمپانیـا تێپەڕیوە،دەبوایـە ڕاپـۆرتی لیژنەی پشکنینی بناردایە، بەڵام جێبەجێی نەکردووە بۆیە هیچ گفتوگۆیـەك لـە نێوان هەردوولا بە پێویست نـەماوە، کۆمپانیـاش لـە ٩ی شـوباتی هـەمان سـاڵدا نامەیەك بۆ وەزیر دەنێری وەڵامێکی توونـدی تێـدابوو، هـەروەها پێـی ڕاگەیانـد هـەموو مافـەکانی کۆمپانیـا بـەپێی ڕێکـەوتن دەبێـت بـدرێت، بۆیـە کۆمپانیـا ڕایگەیاند، کە ئیمتیازەکەیان تەواو نەبووە،چونکە قەرەبوو نەکراونەتەوە[2].

---

=هەبوو(٢-٣ ساڵ) بەلانی کەمەوە بۆ پرۆسەی گەڕان وپشکنین ودۆزینـەوەی وئامادەکردنی زانیـاری پێویسـت بـۆ سـەرکەوتنی، هـەروەها بەرپرسـیارییەتی دەکەوێتـە ئەسـتۆی بەڕێوبرەکانی بـانکی ئـەڵمانی وەك کیفینـز و ئەوانـەی تـر کـە هیچ گرنگیـان نـەدا بـەم جـۆرە ئیمتیازە تاکو لە کۆتایی هەڵوەشایەوە، بڕوانە،

Heinz Lemke: Die Erdolinferessen der Deutschen Bank in Mesopotamien in den Jahren 1903-1911، Jahrbuch fur Geschichte، Berlin، 1981، p.41.

[1] S.H.Longrigg: op.cit،p28; Habibollah Atarodi :Great Powers، Oil&The Kurds in Mosul (Southern Kurdistan / Northern Iraq 1910-1925)، New York، 2003،p.32.

هەروەها بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١٠)،کە لیسـتی خـەرجیەکانی لیژنـەی توێژینـەوە وپشـکنین نێـردراو بـۆ ناوچـە نەوتییـەکانی ویلایـەتی موسـڵ لەلایـەن بـانکی ئـەڵمانی( Deutsche Bank)، پێشکەش کراوە لە تەمووزی ١٩٠٦.

[2] ماریان کنت:المصدر السابق،ص١٨٣.

ئـەوەی بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، کـە کۆمپانیـا هـیچ حیسـابێکی بـۆ وەزیـر ودەسـەڵاتدارانی عوسمـانی نـەکردبوو، بۆیـە وەڵامـی چـەندین لـەو نامانـەی نەداوەتـەوە، کـە لەلایـەن وەزیـری خەزێنـەوە ئاراسـتیەی کرابـوو، لـە بەرامبـەردا دەسـەڵاتدارانی عوسمـانی زۆر بـەگرنگیان دانـەنابوو، چارەسـەرێکی گونجـاو وراستەوخۆی ئەم کێشانە بکەن، زۆرجار ئەمانیش سست ولاواز بوون لە وەڵام دانـەوە، هەنـدێك جاریش حـەوت مـانگ بەسـەر نامـەیك ڕۆیشـتووە ئینجا وەڵام داوەتـەوە، ئـەوەیش تـەنها ئـەوە دەگەیـەنێت، کـە فشـاری زۆر لەسـەریان بـووە لەلایەن زلهێزەکانی تر بۆ هەڵوەشانەوەی ئیمتیازی ئەڵمانەکان، کاریان بۆ ئەوە کردبوو کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئەم ئیمتیازە ڕاکێشن،وەك گرووپی دارسی.

حکومـەتی عوسمـانی ڕایدەگەیـەنی، کـە ئیمتیـازی نـەوتی کۆمپانیـای هێڵـی ئاسنی بەغدا لەگەڵ خەزینـەی تایبـەتی هەڵوەشاوەتەوە لـە ٥ کانوونی دووەم ١٩٠٧ ولـە ٤ ئادار ١٩٠٧ ئـەم بڕیارەی پەسـەند کـرد[1] ، حکومـەتی عوسمـانی بەرەو گفتوگۆ ڕۆیشت لەگەڵ گرووپی دارسی لەسالآنی ١٩٠٦-١٩٠٧ [2].

لە پاڵ ئەڵمانیا وبەریتانیا کۆمپانیای نـەوتی ڕۆیـاڵ دۆچ/شێڵ ( The Royal Dutch-Shell Oil Co.)[3]، هەوڵی بەدەست هێنـانی ئیمتیـازی نـەوتی ویلایـەتی موسڵی دەدا،بـە هاوکـاری ویارمـەتی یـەکێك لـە لقـەکانی کۆمپانیـا، لـە لەنـدەن تۆمارکرابوو ئەویش کۆمپانیای ئـەنگلۆ_ساکسۆن (The Anglo-Saxon Oil Co.)

---

[1] Dietrich Eichholtz: op. cit، p.16.

[2] فاضل حسين:المصدر السابق،ص٣٠٤; قاسم احمد العباس:المصدر السابق،ص٩٥.

[3] هـەر لـە هـەمان سـاڵ کۆمپانیـای ڕویـاڵ دۆچ/شێڵ.The Royal Dutch-Shell Oil Co دامـەزرا لـە سـاڵی ١٩٠٧ لـە ئـەنجامی تێکـەڵبوونی کۆمپانیـای ڕویـاڵ دۆچـی هۆڵەنـدی بـە سەرۆکایەتی (هێنری دیترنگ) لەگەڵ کۆمپانیای شێڵ بەریتانی بە سەرۆکایەتی (مارکۆس ساموێل)، پشکەکانی کۆمپانیا کە دابەشکرا بە شێوەی ٦٠٪ بۆ بەرژەوەندیـەکانی هۆڵەنـدی و ٤٠٪ بـۆ بەرژەوەندیـەکانی بـەریتانی ،بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: مصـطفی خلیل:المصـدر السابق،ص ص٦٥٤-٦٦١.

بوو، گوڵبەنکیان ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە هاندانی ئەم کۆمپانیایە کە بایەخ بە ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ بدات لە ساڵی ١٩٠٧[١].

دوای سەردانەکەی ئەندازیاری بەلجیکی(پول جرو سکوبس) لە ساڵی ١٩٠٧ بۆ ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ دەستی کرد بە پێوانەکردنی زەوی ئەم ناوچەیەوە، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت، کە نەوتێکی زۆر لەم ناوچانە بوونی هەیە. کۆمپانیای بەلجیکی دروستبوو،دەستیکرد بە داواکاری لەلایەن حکومەتی عوسمانی، کە مافی ئیمتیازی نەوتی ئەم ناوچانەی پێ ببەخشی"[٢].

پێش ڕوودانی کودەتای ژوون تورکەکان لەساڵی ١٩٠٨، بۆ جاری دووەم ئەمریکیەکان هاتنە ناو مەیدانی ململانێی لەسەر ویلایەتی موسڵ، بەتایبەتی کاتێك لەساڵی ١٩٠٨ پەرلەمانی عوسمانی باسی دامەزراندنی هێڵێکی کردبوو، لەباکووری کوردستانەوە بێت و پاشان بۆ موسڵ ولەوێوە بەرەو کەرکوك بڕوات، کۆمپانیای وایتی ئەمریکی (J.G.White Company) جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو[٣]. لە هەمان کاتدا حکومەتی ئەمریکا نوێنەری خۆی ئەدمێراڵ کولبی مایکل چێستەر(C.M.Chester) نارد بۆ کۆنگرەی نێودەوڵەتی حەوتەم لە جنیف، لە کۆتایی ئەم کۆنگرەیە ، چێستەر یەکسەر بەرەزامەندی وەزارەتی دەرەوە و دەریایی ئەمریکا بەرەو ئەستەنبوڵ ڕۆیشت بۆ توێژینەوە لەسەر تواناکانی وەرگرتنی چانسی وەبەرهێنانی ئەمریکی لەم ناوچەیەدا، بەشێوەی نوێنەری ژووری بازرگانی لە بوستن ونیویۆرك ودەستەی بازرگانی نیویۆرك هاتبوو[٤]،چێستەر بەختەوەر بوو لە پشتیوانی سەرۆکی ئەمریکی تیۆدور ڕۆزفلت Theodor Roosevelt (١٩٠١-

---

(١) S.H.Longrigg : op. cit، p28 ; Daniel Yergin : op. cit،p187.

(٢)نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص٢٢.

(٣) كمال مظهر احمد: اضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط، بغداد،١٩٧٨،ص ٣٧.

(٤) John A.Denovo: American Interests and Policies in the Middle East 1900-1939 (Minneapolis -1963) p.61;Edward W.Chester،op.cit، p. 216.

۱۹۰۹) لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەلیهو روت (Eliho Root)[1]. ئەمە دووەم سەردانەی چێستەر بوو بۆ ئەستەنبۆڵ ، چێستەر زیاتر زانیاری پەیداکردبوو کاتێك ئاسەر مور(Arther Moore)* لە ساڵی ۱۹۰٦ سەردانی دەوڵەتی عوسمانی کردبوو، و پلانی پرۆژەی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی لە حەلەب بۆ کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە ئەسکەندەرونە لەگەڵ خۆی هێنا بوو، ئارسەر مور قەناعەتی بە کولبی چێستەر** هێنابوو، تا بەشداری بکات لە پرۆژەکەی، ئەم دوو کەسایەتییە لە لایەن ئەدمێراڵ چێستەرەوە پشتگیریان لێ کرابوو ، باوکی مور هاوبەش بوو لە کۆمپانیای کەرەستەو ئامێرەکانی ڕێگای ئاسنی، ئەمیش یارمەتیدەدان[2].

چێستەر پەیوەندییە سەرەتاییەکانی ڕێکخست لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید، هەندێك سەرچاوە ئاماژەدەکەن بەوەی چێستەر ڕێزوحورمەتی زۆری لێگیرا لەلایەن گەورە پیاوان و دەسەڵاتدارانی حکومەتی عوسمانییەوە، سوڵتان دەستخۆشی لێکرد وڕێگای دا بە هاتنەناوەوەی سەرمایەی ئەمریکی بۆ دەوڵەتی عوسمانی [3]، گفتوگۆ و هەوڵەکانی نێوان چێستەر دەوڵەتی عوسمانی فراوان تر دەبێت لە دوای کودەتایی ژوون تورکەکان لە ساڵی ۱۹۰۸.

هەرچەندە دەوڵەتانی زلهێزی وەك بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ڕوسیا وئەمریکا لە ململانێی دابوون بۆ وەرگرتنی ماف کارکردنی پرۆژەی هێڵە ئاسنییەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لەم قۆناغەدا بەرژەوەندی تایبەتی ئەڵمانیاو ئەمریکا لە وەرگرتنی ئەم جورە پرۆژانە تەنها بۆ دەسکەوتنی ئیمتیازی نەوتی باشووری کوردستان وبەتایبەتی کانە نەوتییەکانی کەرکوك

---

(۱) Brian Stuart McBeth: op. cit، p. 7.

* ئارسەر مور میردی کچی ئەمیراڵ کولبی چێستەر بوو.

** کولبی چێستەر کوری ئەمیراڵ کولبی چێستەر بوو .

(۲) John A.Denovo: op. cit، p.60 ; سلوى سعد الغالبي: المصدر السابق،ص٢٢٦

(۳) سلوى سعد الغالبي: المصدر السابق،ص٢٢٦.

بــوو، جگــه لــەوەش سیاســەتی بــەریتانیا زۆر بــە ئاشــکرا دەردەکــەوێت بــۆ دەسـکەوتنی کانـە نەوتییـەکای ویلایـەتی موسـڵ دوای لایـەنگیری وپشـتیوانی کردنی لە هەوڵەکانی دارسی بۆ دەسکەوتنی ئیمتیـازی نـەوتی ئـەم ناوچانە لـە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە.

## بەشی دووەم

## ململانێی زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتی کەرکوک دا ( ١٩٠٨-١٩١٨ )

### باسی یەکەم

### ململانێی کۆمپانیای زلهێزەکان بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی کەرکوک( ١٩٠٨-١٩١٤ )

### باسی دووەم

### نەوتی کەرکوک لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهاندا( ١٩١٤-١٩١٨ )

# باسی یەکەم

## ململانێی کۆمپانیای زلهێزەکان بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی کەرکوك( ١٩٠٨-١٩١٤ )

لــە ئــەنجامی هــەولّ و تەقــەللای دەیــان ســاڵی خــەباتی ئاشــکراو ونهــێنی کۆمەڵــەی(ئیتحاد وتــەرقی)، کودەتایــەك لــە ٢٣ی تــەموزی ١٩٠٨ لــە دەوڵــەتی عوســمــانی ڕوویـــدا، کـــە بەرهەڵســـتکارەکان پایتـــەختیان گـــرت وســـوڵتان عەبدولحەمیدیان ناچارکرد کار بە دەستووری هەڵپەسێردراوی ساڵی(١٨٧٦)ی بکـات[1]، کاتێـك سـوڵتان ملـی بـۆ داوای ئیتیحادییـەکان کـەچ کـرد، لـە هـەموو شــوێنیکدا دەســت بــە هوتــاف ودڵخۆشــی کــرا، چــونکە ســەرکردەکانی ئیتحادییـەکان بـەردەوام لـە وتارەکانیانـدا باسـی یەکسـانی وداد و برایـەتیان دەکرد،دوروشمـی ئـەویان بـەرزدەکردەوە ، کـە پـرۆژەی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری جێبەجێدەکــەن، تەنانــەت ئــەوروپاش بــاوەڕی پــێ کــردن وچــاوەڕوان بــوو دەوڵـەتێکی شارسـتانیی دیمـوکرات و ئـازادیخواز سـەر هەڵبـدات[2]. هەرچـەندە کاتێك ئیتحادییەکان گەیشتنە دەسەڵات لـە ئەستەنبوڵ تێزو پلانـی نوێـان پـێ بــوو بــۆ دەوڵــەتی عوسمــانی وەك گەشــەپێدانی ئــابووری لــە چوارچــێوەی پرۆژەکـانی هێڵـی ئاسـنی و ڕێگـاو بەنـدەرو پـرۆژەی ئـاودێری وبـەکارهێنانی سامانی سروشتی وەك نەوت[3]، بەڵام سیاسەتێکی نوێیان پەیڕەو کرد بەرامبەر بە زلهێزەکـان چالاك تـر بـوو بـۆ کـۆنترۆڵی ئـەو ئیمتیازانـەی، کـە لـە سـەردەمی سوڵتان درابوو پێیان، چونکە هەستیان کردبوو بەوەی زلهێزەکان تەنها بـەدوای

---

(1) Gábor Ágoston and Bruce Masters: Encyclopedia of the Ottoman Empire، (New York-2009)،pp.604-606.

ئــەوەی شــایەنی بــاس بێــت ســوڵتان هــەر لــە مێــژووی ١٣ شــۆباتی ١٨٧٧ کــارکردن بــە دەستووری هەڵواسیبوو وپەرلمانی عوسمانی لە کارخستبوو.

(٢) بڕوانە، بلەج شیرکوە: القضیة الکردیة،ط٢، ١٩٨١،ص٦٦.

(3) John A.Denovo: op. cit، p.60.

بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەڕۆن، هیچ حسابێك بۆ پێداویستییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دانانێن[1].

یەکەم هەڵوێستی ئیتحادییەکان گوماناوی بوو بەرامبەر بە هێڵی ئاسنی بەرلین–بەغدا، چونکە باوەڕیان وابوو، جگە لەوەی گەورە دەوڵەتێکی ئەورووپی بوو، لە هەمان کاتدا رۆلێکی گەورەو بەرچاوی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو، هاوڕێیەتی نێوان سوڵتان و قەیسەری ئەڵمانیا هۆکاری تربوو، ماف پێدانی ئەم ئیمتیازە بە ئەڵمانیا، کە تەنها بەرژەوەندییەکانی خۆی لە بەر چاو بوو[2]. لە یەکەمین دانشتنی پەرلمانی عوسمانی لە دوای کودەتاکەدا ئیتحادییەکان راستەوخۆ ڕەخنەیان لە پرۆژەی هێڵی ئاسنی گرت، تەنانەت نوێنەری کورد، ئسماعیل حەقی بابان* پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئیمتیازەی کرد، چونکە ئەم پرۆژەیەی بە هەڕەشە دەزانی بۆ سەر قەوارەی ئابووری وسیاسیی دەوڵەت، هەروەها بڕیاری ئەم پرۆژەیە بڕیارێکی تاکڕەوانە بوو و پرسیان بەگەل نەکردبوو[3].

لە بواری سامانی سروشتیدا حکومەتی نوێی تورکیا هیچ متمانەی بەو کۆمپانیا بیانیانە نەبوو، کە سوڵتان ئیمتیازی نەوتی پێ بەخشیبوون لە ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی، بە تایبەتی لە ویلایەتی موسڵ، بۆ چارەسەری ئەم کارەش ئتیحادییەکان دوای لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید لە ١٩٠٩ لە سەر تەختی شاهانە ، راستەوخۆ بڕیاریان دەرکرد لە ٤ی مایسی ١٩٠٩ بە گەڕانەوەی ناوچە نەوتییەکان، کە سوڵتان لە سالأنی (١٨٩٠و١٨٩٩و١٩٠٣) خستبوویە سەر خەزێنەی تایبەتی خۆی، بۆ سەر خەزێنەی وەزارەتی دارایی

---

(1) اديث وَ ائي،ايف،بينروز: المصدر السابق،ص٧٠.

(2) عبدالفتاح ابراهيم:المصدر السابق،ص ١٣٧.

* ئسماعیل حەقی بابان: کوڕی مستەفا زەهنی پاشا بوو، ساڵی ١٨٧٦ لە بەغدا لە دایك بوو ولە سەر لیستی ئیتحاد وتەرەقی خۆی پالأوت و وەك نوێنەری بەغدا هەڵبژێردرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عباس العزاوي: تاريخ العراق بين احتلالين،ج٨،بغداد، ١٩٥٦ص١٦٥.

(3) عبدالفتاح ابراهيم:المصدر السابق،ص ١٣٨.

دەوڵەتی عوسمانی[1]. بەم شێوەیەش گفتوگۆ تایبەتەکانی بە ئیمتیازاتی نەوت لـە گـەڵ دەوڵـەتی عوسمـانی دەکـرا نـەك لەگـەڵ خەزێنـەی تایبـەتی سـوڵتان، هەرچەندە لـە تـەموزی ١٩٠٨ تـاکو مارسی ١٩٠٩ بـە هـۆی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی، هیچ گفتوگۆ دەربارەی ئیمتیازاتی نەوت نـەکرا، بـەڵام لـە دوای ئـەم مێـژووەوە ململانێـی زلهێزەکـان چـڕتربوو بـۆ وەرگـرتنی ئیمتیازی نەوت وئەم ئامانجە بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسی لێوەدەکرا، هـیچ هێزیـك لـە زلهێزەکـان پاشەکشـێیان نـەکرد لـە نـاو ئـەم ململانێیـە، بـەڵام هەندێك دەسەڵاتی ئەڵمانیا بەرەو لاوازی ڕۆیشت بە هۆی گۆڕینی سوڵتان وئەو دۆستاییەتیە نەما لەگەڵ قەیسەری ئەڵمانیا[2]، لە بەرامبەریشدا هێزو دەسەڵاتی هەریـــەك لـــە بـــەریتانیاو ئـــەمریکا و فەرەنســـا و ڕوســـیا زێتربـــوو، بـــەڵام ئیتحادییـەکانیش وەك سـوڵتان دەسـتیان کـرد بـە دابەشـکردنی ئیمتیـازات، بەشێوەیەکی یەکسان لە نێوان زلهێزەکان بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی هێزەکان بۆ ئـەوەی هـیچ دەوڵـەتێك تاکڕەوانـە دەسـەڵاتی لـە سـەر تورکیـا نـەبێت، لەلایـەکی تریش بۆ ئەوەی هەندێك بەرژەوەندی بۆ تورکیا مسۆگەر بکەن[3].

## پرۆژەی چێستەر-Chester:

لەم قۆناغە نوێیەی دەوڵەتی عوسمانی جارێکی تر ئەدمیرال چێستەر چالاك تربـوو بـۆ وەرگـرتنی ئیمتیـازی هێڵـی ئاسـنی، بەتایبـەتی بـۆ کـەڵك و سـوود وەرگـرتن لـە سـامانی کـانزایی و نـەوت ، چێسـتەر لـەو بـاوەڕەدا بـوو، کـە هـەر هێڵێکی ئاسنی بە ڕۆژهـەڵاتی ئەنادۆڵ بڕوات، لـە کۆتـایی دا سـوودێکی زۆری دەبێت بۆ وەبەرهێنان، چونکە ئەم پرۆژەیە لەسەر ئەو زەویانە جێبەجێدەکرێن، کە بـەهیچ شـێوەیەك بەکارنەهێنرابوون ودەوڵەمەندبوون بـە سامانی سروشـتی وەك کانزای(مس،جیوە،زەردە،خەڵۆز،ئاسـن،زیو، قوڕقوشـم،خوێ ونەوت).جگـە

---

(1) S.H.Longrigg : op. cit ،p. 29.

(2) Dietrich Eichholtz: op. cit، p.18.

(3) اديث وَ ائي،ايف،بينروز: المصدر السابق،ص٧٠.

**لەوەی نرخێکی کشتوکاڵیی زۆری هەیە[1].چێستەر پێش ئەوەی داواکاری پێشکەش بکات لەلای دەوڵەتی عوسمانی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی ئاسنی،زانیاری تەواوی هەبوو لە دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیەدا[2]،چێستەر تەنها بۆ گەیشتن ودەستکەوتنی نەوتی ویلایەتی موسڵ ( کە زۆرینەی باشووری کوردستانی دەگرتەوە)سەرمایەیەکی زۆری تەرخانکرد بۆ وەبەرهێنانی پرۆژەکەی[3].**

**لە کۆتاییەکانی هاوینی ١٩٠٩ چێستەر داواکاریەکی پێشکەش کرد بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز و دامەزراندنی تۆڕێك لە هێڵی ئاسنی بە درێژایی سێواس لە ناوەڕاستی ئەنادۆل، تاکو سنوورەکانی باشووری کوردستان، کە بە خەربوت و دیاربەکر و موسڵ و کەرکوك تاکو سلێمانی لە نزیك سنوورەکانی وڵاتی فارس، هەروەها ئەم پرۆژەیە چەندین لق و پەلی لە سەر هێڵی سەرەکی هەبوو، لە بەندەری ساسون لە سەر دەریای رەش،هەروەها لە شاری حەلەب، تاکو دەریای ناوەڕاست دەڕۆیشت، لە وان(Van)، درێژەی ئەم هێڵە زیاتر لە ٢٠٠کم بوو، کە بە سەرمایەیەکی زیاتر لە ١٠٠ ملیون دۆلار مەزەندەدەکرا[4]. ئەم پرۆژەیە بە چەندین ناوچەی دەوڵەمەندا تێدەپەڕی، هەروەها پرۆژەی چێستەر بڕگەیەکی لە خۆگرتبوو تایبەت بوو بە مافی گەڕان و پشکنین بەدوای کانزا لە ماوەی ٢٠کم**

---

(1) Lawrence Martin: The Chester Concession،Materials and Foodstuffs in the Commercial Policies of Nations، Sage Publications، Inc. (Mar.، 1924)، p187.

(2) Edward W. Chester: United States Oil Policy and Diplomacy،A Twentieth Century Overview Contributions in Economics and Economic History،Greenwood Publishing Grou,( United States – 1983)، p. 217.

(3) Lawrence Martin: op. cit، p.187.

(4) John A.Denovo : op. cit، p.61;**سلوى سعد الغالبي: المصدر السابق،ص٢٧٢**

لەسەر هەردوو لایەنی هێڵەکە بە درێژایی پرۆژەکەدا[1]. ئەوەی شایەنی باس بێت لەم بەروارەدا چێستەر تێبینییەکی تایبەتی تۆمارکردبوو بە بوونی نەوت بە بڕێکی زۆر لە ناوچەیەکی فراوانی نزیك شاری سلێمانی و لە تەنیشت سنوورەکانی وڵاتی فارس دا[2]، شایەنی باسە تەنها چێستەر نەبوو خوازیاری ئەم پرۆژەیە بێت، بەڵکو چەندین کۆمپانیای تری ئەمریکی لە هەوڵی دەست کەوتنی ئەم پرۆژەیەدا بوون. ئەوەتا لە تەموزی ١٩٠٩دا دکتۆر بروس کلاسکۆ(B. Glasgow) پرۆژەیەکی هاوشێوەی پرۆژەی چێستەر دەخاتە روو، کە نوێنەری کۆمپانیای وایت(J.G.White Company) کە کۆمپانیایەکی ئەنگلۆ_ئەمریکییە، کلاسکۆ لەلایەن فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە ئەستەنبوڵ پشتیوانی لێدەکرا، بەلاّم وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی مەترسی لا پەیدا بوو، کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی ململانێ و رکەبەری لە نێوان کۆمپانیا ئەمریکییەکان پشتگوێ بخرێن، بەلاّم ئەمە بەردەوام نەبوو، چونکە لە هاوینی ١٩٠٩ پرۆژەکە بەلای ئەدمیرال چێستەر شکایەوە،چونکە بەرژەوەندی باشتری تێدا بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی[3]. هەرچەند لە سەرەتادا پرۆژەی چێستەر تووشی ناڕەزایی سەدری ئەعزەم (حەقی پاشا) بووبوو،چونکە پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا هەموو مافەکانی دامەزراندنی لق وپەلەکانی پرۆژەی چێستەری تێدابوو،بەلاّم لە کۆتاییەکانی ١٩٠٩ ئارسەر چێستەر لە وەرگرتنی بڕیارێکی گونجاو دەربارەی هێڵێك کە درێژایی٧٠٠میل بوو لەلایەن لیژنەی پەرلەمانی عوسمانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا [4].

---

[1] کمال مظهر احمد: اضواء على القضايا...،ص٣٨.

[2] خليل علي مراد: التنافس الدولي على نفط ولاية الموصل...،ص٢٤.

[3] John A.Denovo : op. cit، pp. 62-63.

[4] سلوى سعد الغالبي: المصدر السابق،ص ٢٢٨.

لـه ئـەنجامی ئـەم چالاكیانەدا و لـە تشـرینی دووەمـی ۱۹۰۹بـۆ وەرگـرتنی ئیمتیـــازی ئـــەم پرۆژەیـــە ئـــەدمیرال چێســـتەر كۆمپانیـــای پەرەپێـــدانی ئەمریكی_عوسمانی(The Ottoman-American Development Co.)دامەزراند، هـەروەها دەسـتیان كـرد بـە جموجـوڵ بـۆ كۆكردنـەوەی پشـتیوانی لەلایـەن واشـنتۆن، لـە بەشـداربووانی سـەرەكی ئـەم كۆمپانیایـە هەریـەك لـە سـەرۆكی كۆمپانیـای ماكسـویل و مـۆر (Maxwell and Moore Co.)، و بەڕێوەبـەری كۆمپانیای پۆڵای ئەمەریكی، ئەدمیرال چێستەر، و هـەردوو برایـان مـاك ئارسـەر (Mac Arthur) لەگەڵ چەندین كۆمپانیای بچووك بوون[1].

لـە نێـوان سـالأنی(۱۹۰۹–۱۹۱۱)دا ئـەم كۆمپانیایـە هـەوڵێكی زۆریـدا بـۆ بەدەستهێنانی ئەم پرۆژەیە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی یەوە، هەرچەند چێستەر گەیشتبووە ڕێككەوتنێكی سەرەتایی لەگەڵ وەزیری ئەشغاڵی گشتی عوسمانی لە ۹ی ئاداری ۱۹۱۰[2]، هەروەها(۲۰)هەزار لیرەی توركی لە یەكێك لە بانكەكانی ئەسـتەنبوڵ دانـا [3]،بـەلأم هەوڵـەكانی چێسـتەر بـۆ وەرگـرتنی مـافی ئیمتیـازی پرۆژەكـە شكسـتی هێنـا لـە نێـوان سـالأنی(۱۹۱۰–۱۹۱۱)بـە تایبـەتی كاتێـك پـەرلمانی عوسمـانی لـە رۆژی ۱حـوزەیرانی۱۹۱۱ بـە زۆرینـەی دەنـگ ئـەم پرۆژەیەی دواخست[4].

ناوەندی سیاسیی ئەمریكا لە سەردەمی ولیەم تافت W. H. Taft (۱۹۰۹–۱۹۱۳) لەگـەڵ وەزیـری دەرەوە، فلانـدر نـۆكس( Ph.Knox) پشـتیوانیان لـە چالاكی كۆمپانیـا و دەزگـا داراییـەكانی ئـەمریكی دەكـرد لـە دەرەوەی ولأت لـە

---

(۱) JohnA.Denovo:op.cit،pp.64-65;سلوی سعد الغالبي:المصدر السابق،ص۲۲۸–۲۲۹

(۲) كمال مظهر احمد: اضواء على قضايا...،ص۳۸.

(۳) John A.Denovo : op. cit، p. 66.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەوڵەكانی چێستەرو هەڵویستی پەرلمانی عوسمانی لەسەر ئەم پرۆژەیەدا بڕوانە:.John A.Denovo:op. cit , pp.72-77

چوارچێوەی سیاسەتی( دبلوماسیەتی دۆلار)[1]. لە ساڵی ١٩١٠ سەرۆك ولیام تافت بە ئاشکرا دەڵێت، کە حکومەتی ئەمریکا پاڵپشتی چێستەر بوو لە رابردوودا بۆ دانانی پلانی دامەزراندنی هێڵی ئاسنی لە تورکیا، هەر لە هەمان ساڵدا یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی تورکیا دەکات، کە ئامانجی نهێنی سەردانەکەی بۆ ئەوە بوو کە هانی چێستەر بدات لە پرۆژەکەدا. وەك دەشڵێن وەزیری دەریاوانی نامەیەك بۆ چێستەر دەنێرێت، هانی دەدات بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت لە دەوڵەتی عوسمانیدا، پشتیوانی حکومەتیشی بۆ دووپاتدەکاتەوە[2]. پشتیوانی ناوەندی سیاسیی ئەمریکا تەنها بە هاندانی چێستەر نەوەستا،بەڵکو چەند جارێك ڕاستەوخۆ دەستی خستە ناو ئەم کارەوە، لە هاندانی حکومەتی تورکیا بۆ پێدانی ئیمتیاز بە چێستەر، تەنانەت هەندێك جار فشاری دەخستە سەر حکومەتی عوسمانی، بەڵام لە سەرەتادا هەوڵی دەدا قەناعەت بە حکومەتی عوسمانی بکات، چەندین ڕێگای گرتەبەر، لەوانە: بەڵێنی بە حکومەتی عوسمانی دا بەزیادکردنی ڕێژەی باجی گومرکی لە ٧٪ بۆ ١١٪، هەروەها فرۆشتنی چەندین کەشتیی جەنگی بە حکومەتی عوسمانی لەگەڵ پێدانی قەرز. یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هنگتون ویلسون (H.Wilson) نووسراوێك بۆ بەرپرسێکی عوسمانی دەنێرێت لە

---

(١) تاکۆ ساڵی ١٩١٣ ڕێژەی دانیشتووانی ئەمریکا بەردەوام لە زیادبوون دابوو، بۆیە پێویست بوو ئەمریکا سیاسەتی پیشەسازی و فراوان خوازی بەکاربهێنێ و ئاراستەی سیاسەتی (Open Door Policy) و دبلوماسیەتی دۆلار لە ناوچەکانی ئەمریکای لاتینی و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بکات، بۆ گەیشتن بە ناوچە کشتوکاڵییەکان، لەگەڵ پیشەسازی گۆڕین، لەگەڵ دارایی، هەروەها گەیشتن بە کەرەستە خاوەکان (وەك نەوت) بۆیە یەك لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو...، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە،
Simon Payaslian:United States Policy Toward the Armenian Question and the Armenian Genocide، America، 2005، p.3.

(٢) Edward W. Chester: op. cit، p.217.

واشنتون له ١٥ی مارسی ١٩١٠ زۆر ڕاشكاوانه دەڵێت:" ئەمریكا رازی دەبێت بە زیادكردنی باجی گومركی بە زووترین كات، ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی ئیمتیازی پرۆژەی چێستەر جێبەجێ بكات"(١).

سەرنەكەوتنی پرۆژەی چێستەر لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ هەڵوێستی نێگەتیڤانەی ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە، چونكە ئەڵمانیا دەسەلاتی زۆر بوو لە ناو دەوڵەتی عوسمانی، ئەڵمانیا ئەم ئیمتیازەی بە مافی كۆنی خۆی دەزانی، ئەوەتا لە ٣٠ی مایۆی ١٩١٠ هەندێك لە پیاوانی ئەڵمانیا لە دەوڵەتی عوسمانی زانیاری بەرزدەكەنەوە بۆ بەرلین، پێیان ڕادەگەیەنێن، كە پرۆژەی چێستەر بەڕوونی بەرەوپێش دەچێت، تەنانەت ئاماژە دەكەن، كە هەندێك لە پەرلەمانتارەكانی عوسمانی لە وانەیە ڕەزامەندی دەربڕن لە سەر ئەم ئیمتیازە، بۆیە فەرمان بۆ باڵیۆزی ئەڵمانیا دەرچوو، كە ڕێگری و كۆسپ وتەگەرە بخاتە سەر ڕێگای پرۆژەی چێستەر(٢).لەلایەكی ترەوە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا هۆكاری سەرەكی بوو بۆ هەڵوێستی(حەقی پاشا) لە خۆدزینەوەو سستی نواندن بەرامبەر پرۆژەكەی چێستەر(٣). تەنانەت هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەكەن، كە ئەڵمانەكان نزیكەی(١٥٠)هەزار پاوەندیان خەرجكردبوو بۆ كاربەدەستە توركەكان وەك بەرتیل، بڕێكش لەو پارەیە دراوە بە خودی سوڵتان(٤)، ئەڵمانەكان چێستەریان تەنها بە ڕووكەشی ئەم پرۆژەیە دەزانی و باوەڕیان وابوو كە كۆمپانیای(ستاندرد ئۆیل_نیوجەرسی) ئەمریكی لە پشتەوەی ئەم پرۆژیە دایە، چونكە ئەم پرۆژەیە مەبەستی بەكارهێنانی نەوتی ئەم ناوچەیە بوو، كە لە پرۆژەكەدا هاتووە(٥)، تەنانەت ئەڵمانەكان مەترسی ئەوەیان هەبوو،

---

(١) John A.Denovo : op. cit، pp. 66-67.

(٢) Edward W. Chester: op. cit، p.218.

(٣) John A.Denovo : op. cit، p. 68.

(٤) Ibid، p.72.

(٥) Ibid، p.68; Chester، Edward W.: op. cit، p.218.

كە بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا لە پشت كۆمپانیای ستاندرد ئۆیل_نیوجەرسی بێت، وەك (قۆچی قوربانی) لە دژی ئەڵمانەكان بەكاریبهێنن[1].

تەنها ئەڵمانیا مەترسی نەبوو لەم پرۆژەیەدا، بەڵكو گرووپی دارسی لە ٨ی ئیلولی ١٩٠٩ نووسراوێك بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەرزدەكاتەوە كە ئاماژە بە هەندێك تێبینی دەكات، كە بە مەترسی دەزانێ لەسەر بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا و خۆی لەسەر ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا، ئەم زانیاریەشی لە بەرێز نیكۆلاس پێ گەیشتبوو كاتێك نێردرابوو بۆ گفتۆگۆكردن لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی ئیمتیازی نەوتی هەردوو ویلایەت،دەڵێت:"پرۆژەیەك لەلایەن د.كلاسكۆ (Brace N. Glasscow) لەسەر كۆمپانیای وایت(J. G. White) پێشكەش كراوە لە ئەستەنبوڵ، بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاسنی كە بە چەندین ناوچەی گرنگ لە میزۆپۆتامیا تێدەپەڕێت، مافی هەموو كانزاكاریەكی لەگەڵ دایە بە درێژایی هێڵەكە بە پانتایی ٢٠كم لەم بەرو ئەو بەری هێڵەكەدا"، ئاماژە دەكات و دەڵێت:" كە ئارسەر چێستەر هاوشێوەی ئەم پرۆژەیەی خستووتە ڕوو لە ئەستەنبوڵ، تەنها هەندێك جیاوازی لە وردەكاریدا هەیە لەگەڵ پرۆژەی كۆمپانیای وایت"[2]. لە نۆفەمبەری ١٩١٠ دارسی بە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕادەگەیەنێت كە گۆڕانكاری گرنگ لەسەر گرێبەستی چێستەر كراوە، بۆیە مەترسی هەیە، كە خاوەن ئیمتیاز لە توانای دا هەیە گەڕان و پشكنین لەسەر هەندێك بەشی گرنگ و بەنرخی زەوییە نەوتییەكانی موسڵ بكات، بە باوەڕی دارسی ئەمە ئامانجی سەرەكی چێستەر بوو لەم پرۆژەیەدا، بۆیە كاریگەری دەبێت لەسەر ناوچەی ئیمتیازی ئەودا[3].

---

(١) John A.Denovo : op. cit، p. 68.

(٢) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 1909-1918، pp.653-654.

(٣) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 1909-1918، pp. 654.

بۆیە نووسەری کتێبی (The Struggle for Petroleum) لەم قۆناغەدا دەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە ململانێی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا بۆ گرنگی نەوت دەگەڕێتەوە، ململانێیکە تەنها لە نێوان کۆمپانیاکانی نەوتی جیهاندا نەبوو، بەڵکو لە نێوان ناوەندی سیاسیی حکومەتدا بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی سامانی نەوت[1].

لەبەرامبەردا ئەمریکاییەکان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی، کە ئەڵمانەکان ڕێگرن لەبەردەم پرۆژەی چێستەر لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا، بۆیە ناوەندی سیاسیی ئەمریکا داوای لە نوێنەرەکانی کرد لە وڵاتی ئەوروپا (بەرلین، پاریس، ڕۆما، لەندەن، سانت پێتەرسبورگ...) بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکەن، دەربارەی ئەوە ئایا ڕاستە باڵیۆزی ئەڵمانیا لە ئەستەنبوڵ(ڤۆن بابرشتاین Von Bieberstein) کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری لەلایەن هاورێکانی بۆ دژایەتی کردنی پرۆژەی چێستەر؟،ئەوەتا ڤۆن بابرشتاین لە ئاهەنگێکی نان خواردنی ئێوارانی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عوسمانی، دەڵێت:"کە پرۆژەی چێستەر بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی زەرەرمەندیی تورکیای تێدایە، ئەمریکا تەنها بۆ مسۆگەرکردنی زەوییە نەوتییەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بۆ کۆمپانیای(ستاندارد ئۆیل.Standard Oil Co) هاتووە"[2].

چێستەر جارێکی تر هەوڵەکانی خۆی دەخاتەوە گەڕ لەساڵانی ١٩١٢-١٩١٤، بەڵام ئەم هەوڵانەش تووشی شکست بوون بۆ ئەنجامدانی وەرگرتنی ئیمتیازی ئەم پرۆژەیە[3].

---

(1) Stanley K. Hornbeck،Edward Grigg: The Struggle for Petroleum ،Sage Publications ،Inc ، (Maryland،1924)،p.162.

(2) John A.Denovo : op. cit، pp. 69-70; Benjamin Shwadran: The Middle East،Oil and the Great Powers،(Frederick A. Pracger -New York)، 1955،p. 198.

(3) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەوڵەکانی چێستەر لە نێوان ساڵانی ١٩١٢-١٩١٤ز، بڕوانە، John A.Denovo : op. cit، pp. 82-84.

**هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی پرۆژەی چێستەر:**

١- سەرمایەی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی کەمتر بایەخی بە پرۆژەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دابوو لەبەرامبەر سەرمایەی ئەوروپیدا[1]،ئەمە یەکێك بوو لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاسیای بچووك،بەتایبەتی لە بەرامبەر دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی [2].

٢- کاریگەری باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و دژایەتیکردنی ئەم پرۆژەیە، لەگەڵ کاریگەری لەسەر کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی[3].

٣- تەنها پرۆژەی چێستەر لە بواری هێڵی ئاسنی لە دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، بەڵکو پرۆژەی هاوشێوەی تر هەبوون، لەوانە ئیمتیازی هێڵی ئاسنی بەغدا لە ساڵی ١٩٠٣، کە بەرژەوەندیەکانی ئەڵمانیای جێبەجێدەکرد، ئیمتیازی هێڵی ئاسنی فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٣، لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا لە رۆژهەڵاتی تورکیا، لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە کەنداو وباشووری میزۆپۆتامیا، ڕێگربوون بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە [4].

٤- بەرپابوونی جەنگی عوسمانی-ئیتاڵی لە ئەیلولی( ١٩١١-١٩١٢)،جەنگی بەڵکان( ١٩١٢-١٩١٣)، وهەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان، کاریگەریان هەبوو بۆ سەرنەکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە[5].

٥- ڕاستە پرۆژەی چێستەر لە سەرەتادا لەلایەن ناوەندی سیاسی ئەمریکا پشتگیری لێدەکرا، پاشان ئەم پشتگیرییە زۆر لاواز بوو[6].

---

[1] کمال مظهر احمد: اضواء علی قضایا...،ص٣٨.

[2] John A.Denovo : op. cit، p. 80.

[3] Ibid، p.79.

[4] Lawrence Martin: op. cit، p.187.

[5] John A.Denovo : op. cit، pp. 80.

[6] Ibid، p.80.

**دامەزرانــدنی کۆمپانیــای نــەوتی تــورکی(Turkish Petroleum Co.) و هەوڵــەکانی بەریتانیا:**

کودەتـای ئیتحادییـەکان(١٩٠٨) لـە دژی دەسـەلأتی سـوڵتان عەبدولحەمیـد هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بـوو بـۆ گەڕانـەوەی پەیوەنـدیی باشـی نێـوان بـەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی[١]، بەریتانیا پێشوازی لـەم گۆڕانکارییـە نوێیـە لـە دەوڵـەتی عوسمانیدا کرد، بۆیە بـەریتانیا بەهـەلی زانـی دەسـەلأتی خـۆی بـەهێز بکـات لـە ناوچـە نەوتییـەکانی ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمانی(ویلایـەتی موسڵ و بەغـدا)، بـۆ ئـەوەی ئـەم ناوچـانە بخاتـە بـەردەم کۆمپانیاکـانی بـەریتانیا، بـێ ئـەوەی هـیچ گومانێك دروستبکات لەلای عوسمانیەکان، یەکەم هەنگاوی بەریتانیا ئەوە بوو، کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوەستێت، کە لە پرۆژەی چێستەر خـۆی دەنواند وسەرکەوتوو بوو لەم هەنگاوەدا بە هۆی شێواز و دبلۆماسیەتی نهێنی، کە سیاسەتی ئینگلیز لەسەری بەند بوو [٢].

بەهۆی هەڵقوڵانی نەوت لە ئایاری ١٩٠٨ لـە ناوچـەی مسـجدی سلێمان بـە شـێوەیەکی بازرگـانی، کـە دامەزرانـدنی کۆمپانیـای نـەوتی ئـەنگلۆ_فارسـی (Anglo-Persian Oil Co.) * لێکەوتـەوە لـە ١٤ی نیسـانی ١٩٠٩، لـە لایـەن

---

[١] مەبەست لەو پەیوەندیانەی ڕابردوو بوو لەنێوان بەریتانیا و دەوڵـەتی عوسمـانی کە لـە ساڵی ١٨٨٢ پچـڕا ، هۆکارەکەشـی بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە بـەریتانیا میسـری داگیرکـرد، دەسـتی لـە نـاو دەوڵـەتی عوسمـانی وەردەدا لـە پشـتیوانیکردنی مەسـیحیەکان، هاوکـاری شێخی کوێت و شێخەکانی کەنداو لە دەژی دەوڵـەتی عوسمـانی، بۆیـە دەوڵـەتی عوسمـانی باوەری وابوو کە بەریتانیا پیلانێکی کۆلۆنیالستی هەیە دژ بە دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەتی لە کەنداو عێراق دا، بەریتانیاش شـپرزە بوولـە نزیك بوونـەوەی نێـوان ئـەڵمانیا و دەوڵـەتی عوسمـانی، مەترسیەکەشـیان لـەو ڕوانگەیـەوە بـوو کـە دەوڵـەتی عوسمـانی ببێتـە پاشـکۆی ئەڵمانیا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازیدا، بڕوانە، حکمت سامي سليمان: المصدر السابق،ص٨٧.

[٢] المصدر نفسه،ص٨٨.

* کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی، چەند جارێك ناوی گۆڕاوە، لە ساڵی ١٩٣٥ بوو بە =

گرووپی دارسی، کە پێکهاتبوو لە هەردوو کۆمپانیای بەختیاری( Bakhtiari Oil) و کۆمپانیای ئیکسپلۆریشن(Exploration Oil)، سەرمایەکەشی یەك ملیۆن پاوەن بوو، لۆرد ستراسکونا (Lord Strathcona) کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبەردنی، دارسیش وەك بەڕێوبەری کاروبارەکانی[1].

دوای ئەو گۆڕانکاریە نوێیە دەوڵەتی عوسمانی گرووپی دارسی یەکسەر ئیچ.ئی.نیکۆلز(H. E. Nicholes) نوێنەری کۆمپانیای(APOC) ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کرد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی دارایی عوسمانی بۆ نوێکردنەوەی داواکاری مافی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ[2]. لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانەدا گرووپی دارسی لە بەهاری ١٩٠٩دا نزیك بووە لە مۆرکردنی ڕێککەوتنێك لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید، بەڵام بەهۆی فشاری ئیتحادییەکان بە لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید لە نیسانی١٩٠٩دا ئەم ڕێککەوتنە سەری نەگرت[3].دوای ئەوە سوڵتان محەمەدی پێنجەم هاتە سەر تەخت، بەڵام لە توانایدا نەبوو هەموو قەرزەکانی سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەم بکاتەوەو نەشیتوانی قەرەبوی کارەکانی ئەڵمانیا بکاتەوە، بەڵام هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە، سوڵتانی نوێ لە بەردەم دوو ڕێگا دابوو، یان ماف بدات بە ئیمتیازی چێستەر، یاخود بەردەوام بێت لەگەڵ

---

=کۆمپانیای ئەنگلو_ئێرانی سنووردار،چونکە رەزا شا ناوی وڵاتی فارسی گۆڕی بۆ ئێران لەهەمان ساڵدا،لە ساڵی ١٩٥٤ بوو بە کۆمپانیای پترۆلی بەریتانی هەتاکو ئیستاش ئەم ناوە بەردەوامە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە،

John V. Mitchell، Valerie Marcel: Oil Titans Notional Oil Companies in the Middle East، London، 2006، p.16.

(١) بڕوانە: اندره نؤسشي: المصدر السابق،ص٣٢.

(٢) S.H.Longrigg : op. cit ،p. 29.

(٣) فاضل حسين:المصدر السابق،ص٣٠٣; دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق، ص٩.

**بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا بە تایبەتی(دویچە بانك). هەرچەندە ئەدمیراڵ چێستەر ئامادە بوو هەموو ئاسانکاریەك بکات بۆ سوڵتان لە پێناو وەرگرتنی فەرمانێکی سوڵتان دەربارەی پرۆژەکەی [1]، بەڵام گوڵبەنکیان لە لەندەن حکومەتی بەریتانیای هاندا بوو بۆ وەرگرتنی ئەم ئیمتیازە لە دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگای هاندانی کەسایەتی ئیرنست کاسل(**Sir E. Cassell**)* بۆ دامەزراندنی بانکێك بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی بەریتانیا لە دەوڵەتی عوسمانی[2]، ئیتحادییەکان پێشوازیان لەم کارەی ئیرنست کاسل کرد و لە ساڵی ١٩١٠ بانکی نیشتمانیی تورکی(**Turkish National Bank**) بەسەرمایەی ئینگلیزی دامەزرا. هەروەها ئەم بانکە یارمەتی دارایی دا بە حکومەتی ئیتحادییەکان[3] و ئیرنست کاسل گوڵبەنکیانی هەڵبژارد وەك راوێژکاری خۆی، گوڵبەنکیان ئامۆژگاریدا بە ئیرنست کاسل، کە گرنگی بدات بە نەوت لە ناوچەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، زۆر باشترە لە کاروباری بانکی، هەروەها کاری کرد بۆ نزیك بوونەوە لە نێوان بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە لایەك و بەرژەوەندیەکانی ئەڵمانیا(دویچە بانك) لە لایەکی ترەوە[4]، گوڵبەنکیان هەستی کردبوو، کە ئەڵمانیا تا چ ڕادەیەك گرنگی دەدات بە نەوتی میزۆپۆتامیا بە پێی ئەو بەڵێنەی بە دویچە بانك درابوو لە ساڵی (١٨٩٠)وە، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوت، کە گونجاندن بکات لە نێوان بەرژەوەندی**

---

(١) **جاك دولوناي وجان ميتشيل شارليه: الجانب الخفي من تاريخ البترول،ت/محمد سميع السيد، ط١،د.م، ١٩٨٧،ص٢٤.**

* **ئیرنست کاسل بە بنەچە ئەڵمانی یە، بەڵام پیاوێکی مصرفی بوو لە ئینگلتەرا، هەروەها بەڕێوبەری بانککێك بوو لە لەندەن ، هەروەها خاوەنداریەتی چەندین پرۆژە وکۆمپانیا بوو لە جیهاندا، بڕوانە،** Dietrich Eichholtz: op. cit,p.21.

(٢) **نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق، ص٢٦.**

(٣) **سليم طه تكريتي: معركة النفط في العراق...،ص٢٤.**

(٤) **قاسم احمد العباس: المصدر السابق،٦١;** S.H. Longrigg : op. cit ‹p. 29;

بەریتانیا و بەرژەوەندی ئەڵمانیا و بەرژەوەندیە نەوتییەکانی تردا[1]، نمونەش کۆمپانیای ڕۆیاڵ دۆچ/شێڵ بوو،هەروەها گوڵبەنکیان پەیوەندی باشی هەبوو لە ڕووی هاوڕێیەتی و کارکردن لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا، لە هەمان کاتدا ناوبراو زۆر نزیك بوو لە دیترنیگ سەرۆکی کۆمپانیای ڕۆیاڵ دۆچ/شێڵ، کە سەرکەوتووانە توانیویەتی بەڕێوبردنی خریدێکی بەسوود ئەنجام بدات بە کۆکردنەوەی مافی نەوتی ڕۆتچیلد لە ڕوسیا بۆ خاوەندارێەتی هەر یەك لە دیترنیگ ومارکوس سامویل سەرۆکی کۆمپانیای شێڵ[2].

ئەو ئیمتیازەی چێستەر، کە لەلایەن ئیتحادییەکانەوە بەڵێنی پێدرابوو لە پاڵ پرۆژەی هێڵی ئاسنی مافی کانزاکاری پێدرابوو، کە جێگای مەترسی و دڵەڕاوکێی هەریەك لە ئەڵمانیا و بەریتانیا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێککەوتن بۆ ئەوەی لە دژی بوەستن، بۆیە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاو ئەڵمانیا کەسایەتی (ئیرنست کاسل)یان هەڵبژارد بۆ پێکهاتن و ڕێککەوتنی بەرژەوەندیەکانی هەردوو وڵات لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا[3]، لە ئەنجامدا گفتوگۆ ڕوویدا لە نێوان بانکی نیشتمانی تورکی وبانکی ئەڵمانی(دویچە بانك)، کە لە ژێر کونترۆڵی کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادوڵ و کۆمپانیای هێڵی ئاسنی بەغدا

---

(1) لە ڕاستیدا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا چوار لایەن هەبوون لە گۆڕەپانی ململانێدا، لایەنی ئەڵمانیا کە دویچە بانك نوێنەری بوو،لەگەڵ گرووپی دارسی لە کۆمپانیا(APOC) نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیای دەکرد، هەروەها کۆمپانیای ڕۆیاڵ دۆچ/شێڵ لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_ساکسون(Anglo-Saxon Oil Co.)، هەروەها لایەنی ئەمریکی کە گرووپی چێستەر نوێنەرایەتی دەکرد، بەڵام سێ گرووپی یەکەم کە هێزی ئەوروپایان پێك دەهێنا سووربوون لە سەر ئەوەی گرووپی چێستەر دوور بخەنەوە لە ململانێ کەدا، بڕوانە: Benjamin Shwadran: op. cit ,p.194;

ليام اندرسن و كاريث سانسفيلد: المصدر السابق،ص.٣٩

(2) خليل علي مراد: التنافس الدولي على نفط الموصل...،ص٢٦.

(3) سليم طه تكريتي: معركة النفط في العراق...،ص٢٥; نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق، ص٢٦.

**بــوو، دوای چــەندین گفتوگــۆ هــەردوو لایــەن گەیشــتنە ڕێککــەوتنێك بــۆ دامەزراندنی کۆمپانیای سنووردار، بەلاَم بە ڕەگەزی بەریتانی بێت، بۆیە لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩١١ لە لەندەن کۆمپانیای ئیمتیازاتی ڕۆژهەلاَتی و ئەفریقی سنووردار**(The African and Eastern Concession,Ltd.) **دامەزرا**[1]، **سەرۆکی بەڕێوبردنی کۆمپانیا درا بە بابنکتۆن سمس (** Sir.H.Babington Smith)، **کە سەرۆکی بانکی نیشتمانی تورکی بوو، ئەندامانی ئەنجومەن پێك هاتبوون لە**[2]:

**١- دیترنیگ وفردریك لین لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_ساکسون.**

**٢- دکتۆر کلایمك لەلایەن دوێچە بانك.**

**٣- یارینگ دوایتل لەلایەن بەنکی نیشتمانیی تورکی.**

**٤- گولبەنکیان نوێنەری خۆی بوو.**

**هەروەها گولبەنکیان ئامۆژگاری ئیرنست کاسلی کرد،کە پشکەکان بە هاوبەشی دابەش بکا لە نێوانیان دا:**

**١- ٢٠,٠٠٠ پشك بۆ دوێچە بانك کە نزیکەی ٢٥٪ بەشکەکانی دەکرد.**

**٢- ٢٨,٠٠٠ پشك بۆ بانکی نیشتمانی تورکی(ئیرنست کاسل) کە نزیکەی ٣٥٪ لە پشکەکانی.**

**٣- ٣٢,٠٠٠ پشك بۆ گولبەنکیان کە نزیکەی ٤٠٪ پشکەکانی دەکرد.**

**گولبەنکیان ٢٠,٠٠٠ لە پشکەکانی خۆی بە هەندێك لە هاورێکانی لە کۆمپانیای رۆیال دۆچ/شێلی هۆلەندی (ساموێل و دیترنیگ لە کۆمپانیای ئەنگلۆ_ساکسون)فرۆشت ، گولبەنکیان تەنها ١٢,٠٠٠ لە پشکەکانی مایەوە لە**

---

(١) **یوسف ابراهیم یزبك: المصدر السابق،ص٢٨٩ ،هەروەها لە نێوان سالأنی ١٩١٠-١٩١٤ ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا بەریتانیەکان خۆیان تۆمارکرد لە لەندەن تەنها بۆ بەرژەوەندی بازرگانی وئابووری نەوتی میزۆپۆتامیا،چونکە باش دەیانزانی بەریتانیا دەست هەلناگرێت لەسەر بەرژەوندی هێلی ئاسنی و ئیمتیازی نەوت لە میزۆپۆتامیا،بڕوانە،** S.A.Cohen: Birtish Policy in Mesopotamia1903-1914،(London-1976)p.188.

(٢) S.H.Longrigg : op. cit ،p. 29 .

کۆمپانیادا. گوڵبەنکیان تەنها بەم کارەوە نەوستا، بەڵکو جموجۆڵی زیادکرد گەیشتە ئەستەنبۆڵ بۆ دابەشکردنی (بەرتیل) بۆ هەموو کارمەندان و فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی تەنانەت سەرچاوەیەك دەڵێت "هەر لە دەرگاوان تاکو پاشا بەرتیلی وەرگرتووە" [1].

لە دەقی ڕێککەوتنی دامەزراندنی کۆمپانیای ئیمتیازاتی ڕۆژهەڵاتی وئەفریقی سنووردار هاتووە، کە ئامانج لە دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە بۆ دەستکەوتنی مۆڵەتی گەڕان و پشکنینی نەوت لە هەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە شێوەیەکی گشتی و ئیمتیازی فراوان بۆ پەرەپێدانی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدایە بە تایبەتی[2].

بەلاّم بە بۆچوونی ئێمە مەبەستی دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە تەنها بۆ ویلایەتی موسڵ بوو، ئەوەتا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٢ چەند زانیارییەکی پێدەگات، کە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ڕێککەوتنەی نێوان دویچە بانك وبانکی نیشتمانی تورکی بۆ دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە ئامانجی دەستکەوتنی خاوەنداریەتی ئیمتیازی کارکردن و بەکارهێنانی سامانی نەوتی ویلایەتی موسڵ و ناوچەکانی دەوروپشتییەتی[3].

بە هاتنی ساڵی ١٩١٢ ئەڵمانیا گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە نەوت کەرەستەیەکی گرنگی ستراتیژییە بۆ ئایندەی ئابووری ئەڵمانیا، هەروەها ئەڵمانیا لەم کاتەدا لە ژێر کۆنترۆڵ وقۆرخکردنی کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا بوو(کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل)، نزیکەی لە ٩١٪ نەوتی هاوەردە بۆ ئەڵمانیا هی کۆمپانیاکانی ئەمریکی بوو، تەنها ٩٪ دویچە بانك دابینی دەکرد لە ڕێگای (Petroleum Verkauf Gesell Schaft)، بۆیە ئەڵمانی سەربەخۆ نەبوو لە بواری

---

[1] جاك دولوناي وجان ميتشيل شارليه: المصدر السابق،ص٢٤.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە، بڕوانە، قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ص ص ٦١-٦٢.

[3] Petroleum affairs، in ،R.O.I، Vol 1909-1918، pp. 655.

نەوتدا[1]، لە پاڵ ئەم هۆکارە، هۆکاری تر هەبوو بۆ بەشداری کردنی ئەڵمانیا لە کۆمپانیـای ئیمتیـازی رۆژهـەڵاتی و ئـەفریقی سـنووردار. هـەر لـەم سـاڵانەدا ئەڵمانیا تیمێکی زانستی جیۆلۆجی بۆ پشکنینی ناوچەکانی نێوان (موسڵ وبەغدا)ی سەر بە پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا نارد، لە ئەنجامدا بڕێکی زۆر نەوتیان لەم ناوچانەدا دۆزییەوە، کە گۆڕانکاری گەورەی بەدواوە بێت بۆ ئایندەی ئابووریی نەوتی ئەڵمانیا[2].

ئەوەی شایانی باس بێت لەم بوارەدا ئەوەیە، کە دامەزراندنی هەیکەل لەم کۆمپانیایەدا، بوونی گرووپی دارسی و کۆمپانیای ئەنگلۆ_فارسی(APOC) دیار نەبوو، کە گرووپێکی سەرەکی بوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم چاوی بڕیبووە ئیمتیاز لەم ناوچەیەدا، بەڵام دوای چەند مانگێك حکومەتی بەریتانیا هەوڵی بەشداربوونی کۆمپانیای ئەنگلۆ_فارسی دا لە کۆمپانیا، ئەوەتا لە ٢٣ی ئابی ١٩١٢ ژمارەیەك نامە گۆڕینەوە لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئەنجام درا لە نێوان هەردوو کەسایەتی ئەڵوین بارکر(Alwyn Parker) و مستر گرینـــوەی(Mr.Grennway) پرســـیار دەکـــەن ودەڵێن:"ئایـــا کۆمپانیـــای ئەنگلۆ_فارسی و گرووپی دارسی ئامادەیە بەشدار بێت لەم گرووپەدا..."[3].

بەڵام لە وەڵامی نامەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، کە ئاماژەی پێکرا لە لایەن بەرێز گرینوەی لە ٢ی ئەیلولی ١٩١٢ دەڵێت:" دارسی ئامادەنیە بەشداری بکات بە یەکسانی لە پشکەکان لەگەڵ دویچە بانك و بانکی نیشتمانی تورکی و کۆمپانیا نەوتی رۆیل دۆچ/شێل، تاکو بەلانی کەم نیوەی پشکەکانی نەدرێتێ لە کۆمپانیاکەدا..."، لە لایەکی ترەوە دارسی ئامادەیی خۆی نیشان دەدا بە وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت تاکڕەوانە ودەڵێت:" ئامادەم ئیمتیازی نەوتی

---

(1) William Eangdahl: op. cit، p.25.

(2) Ibdil، p 25.

(3) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 1909-1918، pp. 655.

ویلایەتی موسڵ و بەغدا لە ئەستۆی خۆم بگرم بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەگەر حکومەتی بەریتانیا پشتیوانیم لێبکات"[1].

لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩١٢ کۆمپانیا کۆبونەوەیەکی ڕێکخست و بڕیاری دا ناوی کۆمپانیاکە بگۆڕێت بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی TPC، لە ٢٣ تشرینی یەکەم ١٩١٢ ڕێککەوتنی کۆتایی لە نێوان کۆمپانیای TPC و دویچە بانک مۆرکرا، گرنگترین ئەو خاڵانەی لەسەر دویچە بانگ بوو بۆ جێبەجێان بکات:

١- دەست هەڵگرتن لە هەموو ماف و بەرژەوەندیەکی بانکی ئەڵمانی لە کانە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا.

٢- هەموو ئەو زانیاری وتوێژنەوە وراپۆرت ونەخشە تایبەتی وپلانانەی، کە پەیوەندیان بە کانە نەوتییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هەیە لەلای بانکی ئەڵمانی دەبێت بدرێن بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆ ئەوەی خاوەنداریەتی هەبێت لەسەری.

٣- هەموو داواکاریەك دەربارەی مافەکانی بانکی ئەڵمانی لەلایەن حکومەتی تورکی، دەبێت لە ڕێگای کۆمپانیای نەوتی تورکییەوە بێت.

٤- بەرامبەر بەو مەرجانە بانکی ئەڵمانی ٢٠,٠٠٠ پشکی دەست دەکەوێت لە کۆی ٨٠,٠٠٠ پشکی کۆمپانیا، کە ڕێژەی٢٥٪ پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی دەکات[2].

بۆ ئەوەی دەست لە ماف ئیمتیازی هەردوو کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ و هێڵی ئاسنی بەغدا هەڵبگرێت ، پێویستە بە خۆڕایی بەشداری لە کۆمپانیاکەدا بکات. لەلایەکی ترەوە بەشداربووان لە کۆمپانیاکەدا بەڵێنیان دا، کە ململانێی و کێبڕکێ لەگەڵ کۆمپانیاکەدا بە داواکاری ئیمتیازی نەوتی ئەو ناوچانە، کە خرابوونە ناو بازنەی کارکردنی کۆمپانیا بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا، هەروەها بەڵێنیان دا بەهیچ شێوەیەك مافیان نیە،

---

[1] Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 1909-1918، pp. 655.

[2] Dietrich Eichholtz: op. cit، p.24.

داوای وەرگــرتنی ئیمتیــازی نــەوت بەتایبــەتی لــە چوارچــێوەی دەوڵــەتی عوسمانیدا بکەن [1].

ڕێنمایییەکی نویٚ لە ٦ کانونی یەکەمی ١٩١٢ لە ناوەندی سیاسیی بەریتانیا نێـردرا بـۆ باڵیۆزخانـەی بـەریتانیا لـە ئەسـتەنبۆڵ بـۆ فشـارکردن و داواکـاری ئیمتیــازی نــەوتی میزۆپۆتامیــا بــۆ گرووپــی دارســی لەســەر پێشــنیازی جی.لۆسەر(G.Lowther) ومستەر ستۆك (Mr.Stock) کە جێگری دارسی بوون، هەروەها بەرێز گرینوەی نێردران بۆ ئەستەنبۆڵ بۆ ئەوەی گفتوگۆ نویٚ بکەنەوە لە ئەستەنبۆڵ لەگەڵ وەزیری کانزاکاری، لە هەمان کاتدا وتووێژ لەگەڵ باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە لەندەن بکرێت. نوێنەری گرووپی دارسی لە وتووێژدا جەختیان لەسەر هەمان بەڵێنەکانی دەوڵەتی عوسمانی کردەوە بۆ گرووپی دارســی لــە ســاڵی ١٩٠٩ [2]. ئــەم هەڵوێســتەی حکومــەتی بــەریتانیا لــە پشتیوانیکردنی گرووپی دارسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە حکومەتی بەریتانیا دەستی هەڵگرت لە پشتیوانیکردنی لە کۆمپانیای ئەنگلۆ_ساکسون لە گرووپی رۆیاڵ دۆچ/شێڵ، چونکە بەرژەوەندیەکانی هۆڵەندا لەم کۆمپانیایەدا بەبڕی ٦٠٪ پشــکەکانی هــەبوو، بــەڵام کۆمپانیــای (شــێڵ)ی بــەریتانی تــەنها ٤٠٪ پشــکەکانی هــەبوو بۆیــە کــۆنترۆلی کۆمپانیــا لــە دەســت بەرژەوەندیــەکانی هۆڵەندەدا بوو، بەڵام هۆکاری تریش هەبوو [3].

دابینکردنــی سەرچــاوەی نــەوتی هــەرزان بــۆ هێــزی دەریــای بــەریتانیا لــە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بایەخێکی گەورەی هەبوو لەلایەن ناوەندی سیاسیی بەریتانیاوە، بەتایبەتی لە لای ئەدمیرالی(وەزارەتی دەریــاوانی) و وەزارەتــەکانی دەرەوە ودارایــی وئەنجومــەنی بازرگــانی لــە ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەمدا، بۆیــە سیاســەتی پشــتگیری ولایــەنگری لــە

---

(1) Benjamin Shwadran:op.cit،p.194; قاسم احمد العباس:المصدر السابق،ص٦٢

(2) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 1909-1918، pp. 656.

(3) نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٢٥.

کۆمپانیاکانی بەریتانیا دەگرتەبەر، کاتێك لە بەربەرەکانیدا بوون بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕێگای بەشداربوونی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بە شێوەیەکی زۆر لە ساڵی١٩٠٢، حکومەت پشتیوانی لە کۆمپانیای بازرگانی شێڵ(مارکوس ساموێل) دەکرد، بەڵام حکومەتی بەریتانیا تەنها پشتیوانی لەم کۆمپانیایە نەدەکرد، بەڵکو پشتیوانی لە هەموو کۆمپانیا نەوتییەکان دەکرد، تەنانەت کۆمپانیاکان خۆیان هەوڵی بەشداربوونی حکومەتیان دەدا بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩١٢-١٩١٤، وەك کۆمپانیای دوورگەی هۆڵەندی (Newfoundland) ومیسری (Egypt) ونایجیری (Nigeria) وسکوتلندی(Scottish)، لە ساڵی ١٩١٣ کۆمپانیای نەوتی مەکسیك( The Maxican Eagle Oil Co.) داوای قەرزی ٥ ملیۆن پاوەنی لە حکومەت، بەڵام گرنگترین کۆمپانیا کۆمپانیای ئەنگلۆ_فارسی(APOC)بوو[1]، کە حکومەتی بەریتانیا پشتیوانی لێدەکرد، نەك تەنها لە ڕووی سیاسیەوە بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا،بەڵکو هاوکاری داراییشی پێشکەش کرا لە ڕێگای وەرگرتنی بۆند و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ بەرهەمەکانی، تاکو گەیشتە ئەو ئاستەی حکومەت بڕیاری ڕاستەوخۆی دا بە بەشداریکردن لە سەرمایەی کۆمپانیا لە ڕێگای کڕینی پشکی نوێی کۆمپانیا لە لایەن ئەدمیرالیەوە[2].

لە لایەکی تر ونستون چەرچڵ، پاش ئەوەی لە نێوان ساڵانی ١٩١٢-١٩١٥ پۆستی وەزارەتی دەریاوانی وەرگرت، یەکسەر بیرو بووچونەکانی لۆرد فیشەری هەڵگرت، لە هەمان کاتدا کەشتیگەلەکانی بەریتانیا وەك جێگرەوەیەك،

(1) G.Gareth Jones: "The British Government and the Oil Companies (1912-1924) The Search for an Oil Policy"، The Historical Journal، Hreat Britian، 1977، pp. 647-648.

(2) J.C.Hurrewitz: Diplomacy in the Near and Middle East (A Documentary Record:1535-1914)، Vol I، (D.Van Nostrand Company ،INC.) ،(New Yourk-1956)، p.278.

لەباتی خەڵوز نەوتیان بەکار هێنا[1]. لیژنەیەکی پاشایەتی بۆ کەرەستەی نەوت(Feul) بە سەرۆکایەتی لۆرد فیشەر دامەزرا ، کە بە نهێنی بۆ مەبەستی نەوت کاری دەکرد[2]، هەروەها پشتیوانی چەرچڵ ئاراستەکانی بەرەو گەڕان دەڕۆیشت بەدوای سەرچاوەی نەوت بۆ کۆنترۆڵکردنی، ئەوەتا یەکسەر لیژنەیەك لە پسپۆڕانی جیۆلۆجی بە سەرۆکایەتی(سیر ئەدموند **سلید** Admiral Sir Edmond Slade) بۆ ماوەی سێ مانگ لە کۆتایەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩١٣ تاکو کۆتایەکانی مانگی کانوونی دووەمی ١٩١٤ لە وڵاتی فارس مایەوە ،کارەکانی ئەم لیژنەیە بۆ ڕوماڵکردن و توێژینەوە دەربارەی توانای نەوتی سنووری کۆمپانیای ئەنگلۆ_فارس(APOC)، لە ئەنجامی کارکردنی ئەم لیژنەیەدا، دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە یەدەکی نەوت لەم ناوچەیەدا زۆرە و بەشی پێداویستە گشتیەکانی بەریتانیا دەکات[3].

لە ١٧ تەمووزی ١٩١٣دا ونستون چەرچڵ لە پەرلەمانی بەریتانیا ڕایگەیاند، سیاسەتی نەوتی بەریتانیا دەبێت بەم شێوەیە بێت:" دەستەی ئەرکانی دەریایی دەبێت خاوەندار وسەربەخۆ و بەرهەمهێن بێت بۆ پێداویستەکانی لە نەوت"، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ لەشکرکێشی و کونترۆڵکردنی نەوتی وولاتی فارس و میزۆپۆتامیا[4]، بۆیە چەرچڵ هەوڵی دا کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی(APOC) مافی ئیمتیازی نەوتی میزۆپۆتامیا وەرگرێت. لە یەکەم هەنگاویدا چەرچڵ بۆ ئەم مەبەستە فشاری خستەسەر ئیرنست کاسل، بۆ ئەوەی دەست لە پشکەکانی خۆی هەڵگرێت, کە(٢٨,٠٠٠)پشك بوو لە کۆمپانیای (ئیمتیازاتی ڕۆژهەلات و ئەفریقی

---

(١) نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٤١.

(٢) William Eangdahl: op. cit ،p. 28.

(٣) Helmut Mejcher: op.cit p.15; هنري فوستر:نشأة العراق الحديث،ت/سليم طه التكريتي،ج١،بغداد،١٩٨٩،،ص١١

(٤) نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٤١.

سنووردار) بۆ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی(APOC)، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چەرچڵ زۆر مەترسی هەبوو لە کۆمپانیای رۆیاڵ دۆچ/شێڵ، هەرچەندە ئەم کارە ئێرنست کاسلی نیگەران کرد، بەلاّم بەهۆی هاوکاری گوڵبەنکیانەوە، کە نزیکەی (٨,٠٠٠) لە پشکەکانی خۆی فرۆشت بە ئێرنست کاسل، بۆ ئەوەی پشکەکانی شێڵ یەکسان بێت بەرامبەر بە پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو_فارسی(APOC) [١]، هەروەها ئەدمیرالی بە زووترین کات گرێبەست دەکات لەگەڵ کۆمپانیای(بۆرما.Burmah Oil co) بۆ دابینکردنی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، لە ٢٠ ئایاری ١٩١٤ ڕێککەوتنێك لە نێوان خەزینە وئەدمیراڵی بەریتانی لەگەڵ کومپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی مۆر دەکرێت، بە ئامادەبوونی هەریەك لە جون ولیام کوولاند( John William Culland)و هێنری ویب(Webb Henry)، ئەم دوو کەسایەتیە ئەندامی پەرلەمان بوون لەگەڵ ئەوەی نوێنەری باوەڕپێکراون لەلایەن خەزینەی خاوەن شکۆ، لە گرنگترین ئەو خالاّنەی لە ناو ئەم ڕێککەوتنەدا هاتبوو، ئەدمیرالی کونترۆڵی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی دەکات، چونکە ٥١٪ لە پشکەکانی دەستکەوت بەرامبەر بە ٢,٢٠٠,٠٠٠ پاوەند لەگەڵ ماف پێدان بە دامەزراندنی دوو بەڕێوبەر لە ئەنجومەنی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی (APOC)دا[٢]، بە هۆی ئەم هەولاّنەی ونستون چەرچڵ و ئەدمیرالی مەرامەکانیان ئاشکرا دەبێت دەربارەی قەبارەی نەوتی میزۆپۆتامیا. ئەوەی شایەنی باس بێت ونستون چەرچڵ لە هەموو سیاسەتمەدارانی بەریتانیا زیاتر گرنگی داوە بە پەیوەندیی نێوان نەوتی ولاّتی فارس و نەوتی میزۆپۆتامیا، هەروەها ئاشکرای کرد، کە

---

[١] جاك دولوناي وجان ميتشيل شارليه: المصدر السابق، ص ص٢٤-٢٥ .

[٢] بۆ زانیاری دەربارەی دەقی بەڵگەنامەی مۆرکراوی ئەم ڕێککەوتنە، بڕوانە J.C.Hurrewitz:op .cit,VolI,pp.278-281

;هەروەها بۆدەقی وەرگێڕاوی بەڵگەنامەی مۆرکراوی ئەم ڕێککەوتنە بە زمانی عەرەبی، بڕوانە، ج .س.هيروتز:الدبلوماسية في الشرق الادنى والاوسط،ج١،ت/قاسم احمد العباس، مجلة النفط والتنمية، العدد٨،ايار ١٩٧٨،بغداد،ص ص١٨٤-١٨٦.

چەند نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا گرنگ و نرخێکی بەرزیان هەیە[1].ئەم هەوڵانەی بەریتانیا بەگشتی، بێ گومان، بۆ دابینکردنی پێداویستەکانی نەوت بوو لە جیهاندا، چونکە بەریتانیا لەو سەردەمەدا بە تەنگژەی ئابووریدا دەڕۆیشت ولە توانایدا نەبوو ململانێی و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا ببوژێنێتەوە[2]. بۆیە ئەم هەوڵانەی بەریتانیا لە پێناو دەست بەسەراگرتنی نەوتی جیهاندا بوو و ڕێرەوی مێژووی جیهان دەگۆڕێت ئەمەش بە ڕوونی لە بەشەکانی داهاتووی توێژینەوەکەماندا دەردەکەوێت.

بەریتانیا هەر بەم کارانەی سەرەوە نەوستا، تەنانەت ناوچەی تری ئیمتیازی نەوتی بۆ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ _فارسی(APOC) فراوان تر کرد، ئەوەتا بەشێك لە زەویەکانی میزۆپۆتامیا دەگەڕێنێتەوە، بەهۆی ئەو ناکۆکیەی لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وفارسیدا هەبوو لەسەر سنوورەکانیاندا، بڕیار وابوو کە بەشێك لە زەویەکانی ئیمپراتۆریەتی فارسی بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بگەڕێتەوە، بۆیە بەریتانیا ئەم ناکۆکییە دەقۆزێتەوەو پشتیوانی لە لایەنی عوسمانی دەکات بۆ گەڕانەوەی ئەم زەویانە بە تەماحی ئەوەی ئەم ناوچانە بۆ خۆی بەکاربهێنێت، لەلایەکی تریشەوە خۆی نزیك بکاتەوە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەوە بوو لە ١٧ تشرینی دووەمی ١٩١٣ پرۆتۆکۆڵێك مۆرکرا بۆ دەستنیشان کردنی سنوورەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەت، کارەکان بە لیژنەیەك سپێردرا، کە نوێنەرایەتی هەریەك لە سەدری ئەعزەمی عوسمانی(سعید حلیم) بە ئامادەبوونی باڵیۆزی بەریتانیا و ڕوسیا لە ئەستەنبۆڵ. بەپێ ئەم ڕێککەوتنە ناوچەیەکی بچووك گواسترایەوە بۆ ناو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە نزیکەی ٨٠٠ میل چوارگۆشە دەبوو، ئەم ناوچەیە ناسراوە بە (زەویە گواستراوەکان Transferred Territories)، ئەوەی شایەنی باس بێت ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی نەوتی بوو، کە هەریەك

---

(1) Stuart.A.Cohen: op. cit ،p. 190.

(2) William Eangdahl: op. cit ،p. 29.

لە(نـەفت شـا، نـەفت داغ و خانـەقین) بـوو، هـەروەها گۆڕەپـانی کـارکردن و ئیمتیازی کۆمپانیای گرووپی دارسی بوو لە ناوچەکانی فارسیدا، بەڵام بەپێی ئەم پروتۆکۆڵە بڕیار درا، کە هەر کۆمپانیای دارسی ئەم ناوچەیە بەکاربهێنێت، هەروەها بەندێکی تر لەم ڕێککەوتنەدا هەبوو، تیایدا دەوڵـەتی عوسمانی بەڵێن دەدات، کە هەمان ئەو ئاسانکارییە بۆ دارسی بکات، کە لە وڵاتی فارسیدا بۆی کرابوو، هـەروەها حکومـەت ڕێگـا بـە دارسـی دەدات بـۆ گواستنەوەی نـەوت بـە هۆی بۆڕی لەم ناوچەیەدا بۆ سەر کەنداوی فارس[1].

ئەوەی جێی بایەخ پێدانبێت، ئەم بڕگانەی لە ناو ئەم پرۆتووکۆڵەدا هاتبوون دەربـارەی بەڵێنـەکانی حکومـەتی عوسمـانی بـە گرووپـی دارسـی، هۆکـاربوون بەدەسـت دارسـییەوە، کـە جـاڕی ئـەوە بـدات، کـە مـاف لـە زەویـە نەوتییـەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هەیە، هەروەها ڕێگا خۆش کەردبوو بۆ گرووپی دارسی، کە داوای بڕی ٥٠٪ پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی بکات[2].

لەلایەکی تر گفتوگۆکان لـە نێوان بـەریتانیاو ئـەڵمانیا بـەردەوام بـوون لەسـەر هێڵی ئاسنی بەغدا، بەڵام چەندین کوسپ هاتنە سـەر ڕێگـای ئـەم گفتوگۆیانـە و لە ئەنجامدا ڕێکنەکەوتن، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی بەریتانیا ئەوە بوو، کە لـە کێشـەی هێڵـی ئاسـنی بەغـدا داواکـاری پێشـکەش بکـات بـۆ وەرگـرتنی ئیمتیازی دامەزراندنی هێڵێك لەسەر ڕووباری دیجلە. هەرچی ئـەڵمانیاش بـوو دەیویست لەسەر ڕووباری فورات ئـەم پرۆژەیـە جێبـەجێبکات، بـەڵام حکومـەتی عوسمانی ئەم داواکاریەی بەریتانیای ڕەتکردەوە، بۆیـە سیاسـەتی بـەریتانیا لـە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی گۆڕانکاری بەسەرهات[3].

---

[1] بۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی دەقـەکانی ئـەم پرۆتووکۆڵـە، بڕوانـە، عبدالحمیـد العلـوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ص ص١٥٣-١٥٩; قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ج٢ ، ص ص ٢٨٥-٢٨٩.

[2] البرت منتشاشفیلي: العراق في السنوات الانتداب البریطاني،ت/هاشم صالح التكریتي، بغداد، ١٩٧٨، ص٢٤٩.

[3] S.A.Cohen:op.cit،p.71;Helmut Mejcher: Imperial Quest for oil…، p.14.

یەکێك لەو کارانەی بەریتانیا کردی، فشارخستنه سەر حکومەتی عوسمانی بوو، ئەوە بوو کە ناچاری کرد کە ڕێککەوتنێك مۆر بکات لە تەمووزی ١٩١٣ لە نێوان خۆی و دەوڵەتی عوسمانیدا تا ئوتۆنۆمی بە شێخەکانی کوێت بدات، بۆ ئەوەی بەریتانیا هەموو کەلوپەلەکانی خۆی ئازادانە لەسەر هێڵی ئاسنی بەغدا بگوازرێتەوە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ ڕێز لە مافی دەریاوانیی بەریتانی لێ بگیرێت لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە وفورات، بەم پێیەش بەریتانیا ڕەزامەندی دەردەبڕێت بەرامبەر بە دامەزراندنی پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا، هەروەها بەریتانیا مەرجێکی دانابوو، ئەویش ئەوەبوو ئەم پرۆژەیە تەنها بگاتە بەسرا نەك تا کەنداوی فارسی[١].

ئەوەی شایەنی باس بێت، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سیر ئەدوارد گرای (E.Grey (١٩٠٥-١٩١٦))، هەر لەساڵی ١٩١٢ ئاگاداری حکومەتی عوسمانی کردبوو، کە هیچ ئیمتیازێکی نەوتی هەردوو ولایەتی موسڵ و بەغدا بەکەس نەدا، تاکو ڕەزامەندی حکومەتی بەریتانیای لەسەر نەبێت[٢]، لە لایەکی ترەوە بەریتانییەکان ڕاشکاوانە دەوڵەتی عوسمانیان ئاگادار دەکردەوە، کە دەبێت گرووپی دارسی پشکی ٥٠٪ لە کۆمپانیای نەوتی تورکی پێبدرێت لە ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا، ئەگەر ئەم داواکاریە قبووڵ نەکرێت لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە، ئەوا ڕەزامەندی بەریتانیا وەرناگرێت بۆ زیادکردنی باجی گومرکی، هەروەها ئامۆژگاری حکومەتی عوسمانی کرد، ئەگەر ئەم داواکاریەی دارسی جێبەجێ نەکات ئەوە ڕۆژێك دێت بەرلین و لەندەن ڕێککەون لەسەر کێشەی نەوت[٣].

---

(١) M.S.Anderson:The Great Powers and The Near East 1774-1923، Edward Arnold Publishers.Ltd.،London-1970 ،pp.146-147.

(٢) Helmut Mejcher: Oil and British Policy Towards Mesopotamia 1914-1918،Taylor and Francis، Ltd، 1972، p.337; S.A.Cohen:op. cit ،p. 253.

(٣) Helmut Mejcher: Imperial Quest for oil…، p.16.

حکومەتی بەریتانیا ڕاستەوخۆ گفتوگۆ دەکات لەگەڵ(دویچە بانك) بۆ سەر لە نوێ دابەشکردنی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ڕێگای پەیوەندیکردنی فەرمی لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانیا، لەڕاستیدا ئەو سەردەمە بارودۆخی نزیك بوونەوە و تێگەیشتن لە نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا لە ئارادابوو، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عوسمانی لایەنگری هیچ لایەنێکی نەکرد، هەروەها هەردوو لایەن خوازیاری ڕێککەوتن بوون. لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی گرووپی تر لەسەر گۆڕەپانی ململانێیەکەدا هەڕەشە بوو بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانیاو ئەڵمانیا، وەك داواکاری باڵیۆزخانەی ڕوسیا لە ئەستەنبوڵ، کە نوێنەرایەتی چەند سەرمایەدارێکی ڕوسی دەکرد بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت لەلایەن وەزارەتی کانزاکاری عوسمانی، هەروەها باڵیۆزخانەی ئەمریکا هەمان داواکاری بۆ کۆمپانیای ئۆیل ستاندارد_نیوجەرسی، ئەم هۆکارانە کاریان کردە سەر نزیك بوونەوەی ئەڵمانیا و بەریتانیا، ئەڵمانیاش یەکسەر ڕێنمایی دویچە بانکی کرد بۆ ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی نوێی پشکەکان[١].

## ڕێککەوتنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ئاداری ١٩١٤:

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا داوای لە لایەنە بەشداربووەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی کرد بۆ کۆبوونەوە لە ١٩ ئاداری ١٩١٤ لە بارەگای وەزارەتی بەریتانیا بۆ تاوتۆکردنی دۆسییەی بەشداربوونی گرووپی دارسی لە کۆمپانیای نەوتی تورکی، بە بەشداربوونی هەریەك لە نوێنەرانی حکومەتی بەریتانیا ، حکومەتی ئەڵمانیا، بانکی نیشتمانیی تورکی، کۆمپانیای ئەنگلۆ_ساکسۆن، گرووپی دارسی، کۆمپانیای ئەنگلۆ_فارسی، بەشداربووان لە هەمان ڕۆژدا ڕێککەوتن لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، هەروەها ئەم ڕێککەوتنە بە ڕێککەوتنی وەزارەتی دەرەوە(Forign Office Agreement)

---

[١] خليل علي مراد: التنافس الدولي على نفط الموصل...،ص٢٨.

ناسرا [1]. به پێ ئەم ڕێککەوتنە بەریتانیا داواکارییەکانی خۆی جێبەجێکرد، بۆیە گرووپی دارسی(APOC) ٥٠٪ پشکەکانی پێدرا و ٢٥٪ بۆ بانکی ئەڵمانی(دویچە بانك) و٢٥٪ بۆ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_ساکسون بوو، هەروەها ڕێککەوتنەکە ٥٪ پشکەکانی بۆ گوڵبەنکیان دانا لە پشکەکانی گرووپی دارسی و کۆمپانیای ئەنگلۆ_ساکسون بە یەکسانی[2]:

| | |
|---|---|
| گرووپی دارسی(APOC) | ٤٧,٥٪ پشکەکان |
| بانکی ئەڵمانی(دویچە بانك) | ٢٥٪ پشکەکان |
| کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_ساکسون | ٢٢,٥٪ پشکەکان |
| گوڵبەنکیان | ٥٪ پشکەکان |

گرنگترین ئەو خاڵانەی لەم ڕێککەوتنەدا هاتبوون:

١-سەرمایەی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ٨٠,٠٠٠ پاوەن بۆ ١٦٠,٠٠٠ پاوەن زیاد دەکرێت، نرخی هەر پشکێك ١ پاوەن دەبێت .

٢-ئەم ٨٠,٠٠٠ پشکە نوێیە دەبێت بە سەرمایەی کۆمپانیا و گرووپی دارسی دابینی دەکات وەك مەرجی بەشداری کردنی بە ٥٠٪ پشکەکانی کۆمپانیا.

٣- ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا لە ٨ ئەندام پێك دێت، کە ٤ ئەندامی لە لایەن گرووپی دارسی دەبێت، ٢ ئەندام لە گرووپی دویچە بانك، و٢ ئەندام بۆ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_ساکسون.

٤- سەرمایەی نوێی کۆمپانیای نەوتی تورکی تەنها بۆ کاری هەڵکەندن و گەڕان و تاقیکردنەوە تەرخان دەکرێت بۆ ئەو زەوییە نەوتیانەی دەستنیشان کراون

---

(١) Benjamin Shwadran: op. cit ،p. 195.

(٢) Edward Mead Earle:The Secret Anglo-German Concession of 1914 Regarding Asiatic Turkey،The Academy of Political Science,1923,pp. 26-26; هەروەها بڕوانە، قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ج١،ص ص ٦٣-٦٥.

(مەبەستی ویلایەتی موسڵ و بەغدا)یە.

٥- دەبێت لایەنە بەشداربووەکان لە کۆمپانیادا بەڵێن بدەن، کە نابێت هیچ بەرژەوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان هەبێت لە بەرهەمهێنان یان پیشەسازی نەوت لە دەوڵەتی عوسمانی، تەنها میسر وکوێت نەبێت، ئەویش دەبێ بەهاوکاری کۆمپانیای نەوتی تورکی بێت [1]. هەروەها نوێنەری بەشداربووانی کۆمپانیاکان لەم ڕێککەوتنە لە حکومەتی ئەڵمانی (R.Von.Kuhlmann)وحکومەتی بەریتانیا (Eyre.A.Growe) وبانکی نیشتمانیی تورکی (H.Babington Smith)و کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_ ساکسۆن (W.Deterding&Walter H.Samuel) ودویچە بانك (C.Bergmann)و گرووپی دارسی (C.Greenway & H.S.Barnes) پێك دێت[2].

ئەم ڕێککەوتنە سەرکەوتنێك بوو بۆ بەریتانیا، چونکە مەرامەکانی خۆی جێبەجێکرد لە دەست بەسەراگرتنی زیاتر لە ٧٥٪ پشکەکانی ئەم کۆمپانیایەدا بەرامبەر بە تەنها ٢٥٪ بۆ بەرژەوندییەکانی ئەڵمانیا، کە خاوەن ئیمتیاز بوو[3]، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی یەك پشکی بەرنەکەوت هەرچەند خاوەن دەسەڵات و سەروەریی هەبوو لە ناوچەی ئیمتیاز، هەروەها کۆمپانیاش بە ناوی تورکی بوو، هەر تەنیا دەوڵەتی عوسمانی بێ پشك نەبوو، بەڵکو ئەمریکاش مایە پووچ دەرچوو لەم ململانێیەدا، هەرچەندە هەوڵیکی زۆریاندا، دوای خەرجکردنی بووجەیەکی زۆر لە پێناو وەرگرتنی ئیمتیازەکەدا [4]. ڕێککەوتنی وەزارەتی

---

[1] Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 1909-1918، pp. 660-661.
هەروەها لەسەر چەندین خاڵی تر ڕێککەوتن،بۆ زانیاری زیاتر،بڕوانە، اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص ص ٤٧-٥٠.

[2] Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 1909-1918، p. 661.

[3] Edward Mead Earle:The Secret Anglo-German Concession…، p.27

[4] بڕوانە، جاك دولوناي وجان: المصدر السابق، ص٢٧; خليل علي مراد: التنافس الدولي على نفط الموصل...،ص٢٩.

دەرەوەی بەریتانیا ڕێگا خۆشکەربوو بۆ دەستپێکردنەوەی هەوڵی نوێی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیای نەوتی تورکی .

سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە نێوان بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی، کە سیاسەتمەدار و سەرۆکی کۆمپانیاکانیان بەشداریان تێداکرد ئاستی ململانێکەی سەر نەوتی ویلایەتی موسڵی بەرزتر کرد و بەپلەی یەکەم گرنگی بەم خاڵە درا لەگەڵ ئەوەی بە پلەی دووەم هەوڵ درا چارەسەری کێشەی هێڵی ئاسنی بەغداش بکرێت لە نێوان بەرژەوندیەکانی زلهێزەکان لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی[1] . زۆرینەی کێشەکان ڕاستەوخۆ پێوەندیان بە پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغداوە هەبوو، هەرچەند ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکی ئابووری بوو، بەڵام بەهۆی ململانێی زلهێزەکانەوە لەسەری، سیمایەکی سیاسی وستراتیژی وەرگرت، بۆیە لە ئەنجامی ململانێیەکی دورودرێژ لە نێوان زلهێزەکان لەسەر ئەم پرۆژەیە ولە کۆتاییدا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا وئەڵمانیا، لە ١٥ حوزەیرانی ١٩١٤ ڕەشنووسی ڕێککەوتنێکی کۆتایی لێدەکەوێتەوە، لەسەر پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا، لەلایەن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا(سیر ئەدوارد گرای) و بالیۆزی ئەڵمانیا لە لەندەن (کارل ماکس فۆن لیشنۆفسکی) مۆرکرا، ئەم ڕەشنووسە بە سەرکەوتنێکی گەورە هەژمار دەکرێت بۆ بەریتانیا، چونکە ئەڵمانیا بە ئاشکرا دانی بە بەرژەوەندی ودەسەڵاتی بەریتانیا لە کەنداوی فارسی و میزۆپۆتامیا دانا، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە بەریتانیا مافی دوو بەڕێوەبەری دەستکەوت لە ئەنجومەنی بەڕێوبەردنی کۆمپانیای هێڵی ئاسنی بەغدا، ئەوەشی مسۆگەری کرد کە کۆتایی هێڵەکە بگات بە شاری بەسرا ، ڕەزامەندی ئەڵمانیای وەرگرت، کە هەر هێڵێك دامەزرێت لە نێوان بەسرا و کەنداوی فارسی دەبێت ڕەزامەندی و بەرژەوەندی بەریتانیای

---

(1) Dietrich Eichholtz: op. cit، p.25.

تێدا بێت، بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا هەمان مامەڵەی یەکسانی لەگەڵ بکرێت لە هەر پرۆژەیەکی ئاسنی لە خاکی تورکیای ئاسیاییەوە، لەلایەکی ترەوە مۆڵەت درا بەو هێڵە ئاسنییەی بەریتانیا لە نێوان سمیرنا(ئەزمیر)_ ئایدن درێژیەکەی زیاد بکرێت بە ٥٠٪ لەگەڵ ماوەی ئیمتیازی بۆ ساڵی١٩٩٩، و چەندین مافی تر[1].

لە١٨ حوزەیرانی ١٩١٤ هەردوو بالیۆزخانەی بەریتانیا وئەڵمانیا لە ئەستەنبوڵ بەیەکەوە داواکاری پێشکەش دەکەن و داوای ئەوە دەکەن، کە مافی ئیمتیاز بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بدرێت بۆ وەبەرهێنانی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا. ئەو داواکاریەی لە ١٢ برگە پێکهاتبوو، کە ناوەرۆکەکەی بەشێوەیەك نووسرابوو وەك ئەوەی پەیمانی براوەی جەنگ بەسەر لایەنی دۆڕاودا بسەپێنێت، چونکە لە ناوەڕۆکەکەیدا ئەوە هاتبوو کە دەبێت پەرەپێدانی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ بەپێی هیچ مەرجێك بۆ ماوەی ٩٩ساڵ بەسەربەخۆییەکی تەواو وبەبێ هیچ هاوبەشییەك بدرێت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی، کە کۆمپانیا مافی پێدرا درێژە بە تۆڕی بۆری بۆ گواستنەوەی ئەم نەوتە بدات، ئەمە جگە چەندین مافی تر...[2]، بێ گومان ئەم پێداگرییەی هەردوو باڵیۆزی بەریتانیا وئەڵمانیا، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو لاوازی ودارمان دەڕۆیشت بە تایبەتی دوای شەڕەکانی بەڵکان١٩١٢-١٩١٣، کە زیاتر دەوڵەتی عوسمانی لاواز کردبوو، پێداگریی هەردوو باڵیۆزخانە بۆ مسۆگەرکردنی نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی سەرچاوەی لەو زانیاریانە وەرگرتبوو، کە بە پێی ئەو نەخشەی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەقی رەشنووسی ڕێککەوتنی نێوان ئەنگلو_ئەڵمانی ١٥حوزیرانی١٩١٤،بڕوانە: .J.C.Hurrewitz:op. cit, Vol I, pp.281-286; هەروەها بۆ دەقی وەرگێڕاوی رەشنووسی ڕێککەوتنی نێوان ئەنگلۆ_ئەڵمانی ١٥حوزیرانی١٩١٤بڕوانە، هیروتز: المصدر السابق،العدد١،تشرين الاول ١٩٨٧،ص ص ١٨٤-١٨٦.

(٢) Dietrich Eichholtz: op. cit، pp. 25-26

ئامادەکرابوو لەسەر زەوییە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا لە ٢٣ ئایاری ١٩١٤, کە بەروونی ویلایەتی موسڵ زۆرینەی زەوییە نەوتییەکانی تێدایە لەچاو ناوچەکانی تر[١].

سەدری ئەعزەمی عوسمانی(سەعید حەلیم پاشا) لە ٢٨ حوزیرانی١٩١٤ وەڵامی بۆ هەردوو باڵیۆزی بەریتانیا وئەڵمانیا لە ئەستەنبوڵ نارد، دەڵێت:" هەرچەندە وەزارەتی دارایی جێگای خەزینەی تایبەتی گرتۆتەوە، بەرامبەر سامانی نەوتی دۆزراوە و ئەوەی دەدۆزرێتەوە لە ئایندەدا لە ولایەتی موسڵ وبەغدا، بۆیە ڕەزامەندی دەردەبڕێ لەسەر بە کرێدانی ئەم سامانە بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی، بەلآم ماڤ بەشداربوونی بۆ خۆی تێدابوو ومەرجی بۆندکردنی(مقاولات) گشتی دانا، هەروەها کۆمپانیا کە بەڵێن بدا بە قەرەبووکردنەوەی لایەنی سێیەم لە کاتی پێویستدا، کە پێوەندی هەبێت بە سامانی نەوت لە ویلایەتی موسڵ وبەغدا"[٢].ئەم وەلآمەی عوسمانی تەنها بەڵێن بوو بە ئیمتیاز بەلآم لەسەر ووردەکارییەکانی پرۆژەکە وگفتوگۆکان نەگەیشتنە ڕێکەوتنێکی کۆتایی، لە ٢٢ تەمووزی ١٩١٤ حکومەتی عوسمانی بە حەقی پاشای نوێنەری لە لەندەن ڕاگەیاند کە دەبێت نوێنەری کۆمپانیا ئامادەبن لە ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی لەسەر هێڵە گشتیەکان لەگەڵ وەزارەتی دارایی عوسمانی وباڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و بەریتانیا ڕێککەون [٣].

حکومەتی ئەمریکا بەفەرمی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی ڕەتکردەوە، لەسەر زاری باڵیۆزی ئەمریکا لە بەریتانیا جۆرج هارڤی (G.Harvey)، نامەیەکی (لۆرد کرزن)ی ئاراستەی وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاڕووباری دەرەوە کرد کە تیایدا، دەڵێت:" لە وەلآمی سەعید حەلیم پاشا لە ٢٨ حوزیرانی ١٩١٤ دا،

---

[١] بڕوانە وێنەی نەخشە لە پاشکۆی ژمارە(٢).

[٢] Benjamin Shwadran:op.cit،p.196;J.C.Hurrewitz: op،cit،VolI، p.286.

[٣] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ٣٠; خليل علي مراد: التنافس الدولي على نفط الموصل...،ص٢٩.

ناتوانین به ڕێککەوتنێکی کۆتایی یاخود بەکرێدانی تەواو هەژمار بکرێت، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە لە ئەنجامی گفتوگۆ بوو لەنێوان کۆمپانیای نەوتی تورکی وحکومەتی تورکیدا"[1]. بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، ئەم گفتوگۆیانە لە نێوان حکومەتی عوسمانی و باڵیۆزخانەی هەریەك لە ئەڵمانیاو بەریتانیا راگیرا، بۆیە کۆمپانیاکە ئیمتیازی دەستنەکەوت[2].

سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاو ئەڵمانیا بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە سیاسەتمەدارو سەرۆکی کۆمپانیاکانیان بەشدارییان تیاداکرد ئاستی ململانێی لە سەر نەوتی ویلایەتی موسڵ زیاتر کرد لەلایەك، لەلایەکی تردا و لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان بەریتانیا وئەڵمانیا لە ٢٨ حوزەیران١٩١٤ بەڵێنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ مسۆگەر کرا بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی.

---

(1) Edward W.Chester: op. cit، p.219.

(2) Helmut Mejcher: Imperial Quest for oil…، p.16.

## باسی دووەم

## نەوتی کەرکوك لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهاندا( ١٩١٤-١٩١٨ )

لە ٢٨ تەمووزی ١٩١٤ دا جەنگی یەکەمی جیهانی، لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا)، وڵاتانی ناوەند(Central Powers) پێکهاتبوو لەهەر یەك لە ئیمپراتۆرییەتی(ئەڵمانیاو عوسمانی و نەمساو مەجەر) هەڵگیرسا [1]، ئاگری ئەم شەڕەش بە هۆی کوشتنی وەلی عەهدی نەمسا فیردیناند لەسەر دەستی کەسێکی سڕبی(جافریلۆ بریست) هەڵگیرسا [2]، بەڵام هۆکاری سەرەکی تر لە پشت ئەم جەنگەوە هەبوون ، کە تا ساڵی ١٩١٨ بەردەوام بوو، لە وانەش تێکچوونی بارسەنگی هێزبوو لە جیهانی سەرمایەداری ڕۆژئاوادا، بەتایبەتی دوای یەککگرتنەوەی ئەڵمانیاو سەرهەڵدانی ئەمریکا وەك زلهێزێك[3]. لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی سەر لەنویٚ جیهان دابەش بکەنەوە، بەپێی خواست و ویستی خۆیان نەك بە خواستی گەلانی داگیرکراو، زلهێزەکان چاویان بڕیبووە موڵکەکانی عوسمانی بە ئەڵمانیای دۆستیشیەوە،

---

[1] ئەوەی شایەنی باس بێت لایەنی تریش بەشدارییان لەم جەنگەدا کرد، وەك ئیتاڵیا، کە دوای ماوەیێکی کەم لە هەڵگیرساندنی جەنگگە بەشداریکرد، ئەمریکاش لە ساڵی ١٩١٧ لەپاڵ هاوپەیمانان بەشداریکرد، هەروەها بولگاریا لە پاڵ وولاتانی ناوەند بەشداربوو ،بۆ زانیاری زیاتر،بڕوانە، بهيج بحليس:احداث القرن العشرين(الحرب العالمية الاولى ونتائجها)، ج١، بيروت،٢٠٠٤،ص ص ٥٨-٨١.

[2] بڕوانە، عبدالعزيز سليمان نوار ومحمود محمد جمال الدين: التأريخ الاوربي الحديث(من عصر النهضة حتى نهاية الحرب العالمية الاولى)،القاهرة، ١٩٩٩،ص٤٤٧; محمد غريب جودة: موجز تاريخ العالم،القاهرة،ب س،ص٢١٥.

[3] كمال مظهر احمد: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى،ت/محمد الملا عبدالكريم،بغداد،١٩٧٧،ص ص٢٠-٢١; هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکارەکانی جەنگی یەکەمی جیهان بە گشتی، بڕوانە، عمر عبدالعزيز عمر: تأريخ أوروبا الحديث والمعاصر(١٨١٥-١٩١٩)،القاهرة،٢٠٠٠،ص ص ٢٤٢-٢٥٠.

کوردستان و میزۆپۆتامیا وەك بەشێكی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی جێگای چاوتێبڕینی زلهێزەکان بوو، خاڵێکی گرنگ بوو لە پلانەکانیاندا[١].

ڕۆڵی زیندووی نەوت لەم جەنگەدا زۆر ڕوون تر بوو لەهەر کاتێکی تر، لە ڕووی گرنگی بەکارهێنانی سەربازی و ستراتیژییەوە، ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە سەرەتای سەدەی بیستەم تاکو بەرپابوونی ئەم جەنگە کە تا ئاستێك بەرزببووەوە تەنانەت لەساڵی ١٩٠٠ بەرهەمهێنانی نەوت ١٩,٨٥٧,٠٠٠ تەن مەتری بوو[٢]، بەڵام تاکو ساڵی ١٩١٥ ڕێژەکەی گەیشتە ٥٩,٥٥٦,٠٠٠ تەن مەتری. هۆکاری ئەو بەرز بوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری دۆزینەوەی نەوت لە هەموو جیهاندا، کۆمپانیای جیهانی بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە[٣] ، هەروەها لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئامێری زۆر بەرهەمەکانی نەوت ڕۆڵی گرنگیان بینی لە جەنگی جیهانیدا، کەرەستەی نەوت تەنها سوودی بۆ هێزی دەریایی نەبوو، بەڵکو لەسەر زەوی و ئاسمانیش، بۆ ئامێرەکانی ئۆتۆمبیل و تانك و زرێپۆش و فرۆکەی ئاسمانی بەکارهات ، جگە لەوانەش هەندێك لە بەرهەمەکانی نەوت، بۆ پیشەسازی تەقەمەنیەکان بەکارهات [٤]، بۆیە بە هۆی کەرەستەی نەوت ئامێری چەکی جەنگی نوێ داهێنرا، بەپێی ئامارە فەرمییەکانی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە بووە هۆی ١٦ –٢٠ ملیۆن لە کوژراو و بریندار و بێکار لێ کەوتەوە، بۆیە نەوت بوو بە فاکتەرێکی سەرەکی و پاڵنەری زلهێزەکان بۆ دەست بەسەراگرتنی ناوچە نەوتییەکانی ڕۆژهەلات بەتایبەتیش ناوچەی ویلایەتی موسڵ [٥].

---

(١) کمال مظهر احمد: کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولى...،ص٣٠٢.

(٢) یەك تەن مەتری یەکسانە بە ٧,٨ بەرمیل نەوت.

(٣) بڕوانە، راشد البراوي: المصدر السابق،ص ص ١٤–١٦.

(٤) اندره نؤسشي: المصدر السابق،ص٥٥.

(٥) ئەحمەد نەقیب:سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٧ ; William Eangdahl:op.cit,p.29.

له سەرەتای بەرپابوونی جەنگدا، هەموو نەتەوە ژێر دەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی لایەنگری دەوڵەتی زلهێزی ئەڵمانیا بوون لە جەنگدا، چونکە ئەڵمانیا لەو سەردەمەدا هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، دەوڵەتێکی زلهێزی جیهان بوو،زۆر گەشەی کردبوو لەبواری ئابووری وسەربازیدا، ئەڵمانیا لە ڕێگای پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا بەتەمابوو هەموو ناوچەکانی رۆژهەڵات بە ئەوروپا بلکێنییێت[1].

کاتێك جەنگ لە نێوان بەریتانیا و ئەڵمانیادا هەڵگیرسا، یەکسەر بەریتانییەکان خۆیان ئامادە کرد بۆ داگیرکردنی میزۆپۆتامیا لە پێناو پاراستنی دەزگاکانی نەوتی وڵاتی فارس(عەبادان)، بۆ ئەوەی ڕێگا لە ئەڵمانیاو دەوڵەتی عوسمانی بگرن، نەوەك دەست بەسەر ئەم ناوچانەدا بگرێت[2]. لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ هێزێکی بەریتانیا نێردرا بوو بۆ ئەوەی جێگیربێت لە بەحرین وکەنداوی فارسدا[3]. لە ٥ تشرینی دووەم ١٩١٤ بەریتانیا بە فەرمی شەڕی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند، بۆ رۆژی دواتر ٦ی تشرینی دووەم هێزەکانی بەریتانیا دەستیان بەسەر فاو داگرت،هەمان هێز پێشرەویان کرد بۆ شاری بەسرا و لە ٢٢ی تشرینی دووەم ١٩١٤ داگیریان کرد و کونسوڵی ئەڵمانیاش لەم شارە دەستگیرکرا[4]، ئەو بڕیارانەی، کە ئەم هێزە پێگەی شتبوو لە سەروخۆیانەوە، دەبوو پارێزگاری لە پاڵاوگە و کۆگە و سەرچاوەکانی نەوت بکەن ، هەروەها پێوەندی بە دانشتوانی ئەو ناوچانە بکەن و پێیان ڕاگەیەنن، کە بەریتانیا ئامادەیە هاوکاریان بکات لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، هەر بۆیە لە نهێنییەکانی جەنگ دەست بەسەراگرتنی ناوچە

---

(1) Arthur Goldschmidt Jr، Lawrence Davidson: A Concise History of the Middle East، Oxfort،2006،p.210.

(2) عبدالفتاح ابراهيم: المصدر السابق،ص١٨٥.

(3) نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ٤٣.

(4) عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي الحديث،ج١،ط٧،بغداد، ١٩٨٩،ص ٦٥.

نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا بوو، چونکە ئەم ناوچەیە بایەخێکی زۆری هەبوو، ململانێیکە تەنها لە نێوان دوو لایەنی زلهێزدا نەبوو، بەڵکو بۆ یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیە نەوتیەکان بوو لە نێوان هەموو زلهێزەکاندا، جگە لەوەش ئەم ناوچەیە بوو بە گۆڕەپانی جەنگ[1].

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ هەموو گفتوگۆکان دەربارەی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا وەستان، بێ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن، لایەنە پێوەندیدارەکانی بەریتانیا یەکسەر دەستیان بەسەر پشکەکانی بانکی ئەڵمانیا گرت لە کۆمپانیای نەوتی تورکی بە بیانووی ئەوەی ئەڵمانیا لە بەرەی جەنگ دایە لە دژی بەریتانیاو بەدرێژای جەنگەکە بەریتانیا دەستی بەسەریدا گرت[2]، بەڵام ئەڵمانیا هەر لە سەرەتادا دەسەڵاتی هەبوو لە ناو دەوڵەتی عوسمانی و بەردەوام پرۆژەکانی هێڵی ئاسنی بەغدا لە ژێر کارکردنی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا دابوون، هیچ گوێی بەم بڕیارەی بەریتانیا نەدا، بۆیە ئەڵمانیا بەردەوام بوو لە کارکردن لە ناوچە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا، ئەوەتا لە نێوان کانونی یەکەمی١٩١٤ تاکو نیسانی ١٩١٥ بەردەوام تیمی پسپۆرانی نەوتی ئەڵمانیا خەریکی گەڕان و هەڵکەندنی بیرە نەوتییەکان بوون لە ناوچەی هیت لە کاتی بەگژ یەکداچوونی هێزەکانی تورکیا و بەریتانیا لە گۆڕەپانی جەنگی کوت عمارە تاکو لە ٣٠ ئەیلولیدا ١٩١٥ بەریتانیا داگیری کرد [3].

لەوکاتەی بەریتانییەکان دەست بەسەر پشکەکانی سەرمایەی ئەڵمانیا لە کۆمپانیای نەوتی تورکی گرت، ئەڵمانەکان کۆمپانیایەکی نوێی سەربەخۆیان دامەزراند بۆ بەکارهێنانی نەوت لە ناوچەکانی ناو سنووری ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی، ئەویش بۆ ڕێگاگرتن لە نیازەکانی بەریتانیا بوو.

---

(1) John V. Mitchell، Valerie Marcel: op. cit ،p.17.

(2) دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص١٢ ; حكمت سامي سليمان: المصدر السابق، ص٤١.

(3) سليم طه التكريتي: معركة النفط في العراق...،ج١،ص٣٨.

هەوڵەکانی ئەڵمانیا بۆ دەستکەوتنی نەوتی میزۆپۆتامیا هیچی لە هەوڵەکانی بەریتانیا کەمتر نەبوو ، بۆیە هەوڵێکی یەکجار زۆریاندا بۆ پاریزگاری کردنی نەوتی میزۆپۆتامیا و بەکارهێنانی تەنها بۆ خۆیان، تەنانەت رۆژنامەیەکی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩١٦دا بابەتێکی بڵاوکردەوە لەسەر گرنگی نەوتی میزۆپۆتامیاو دەڵێت:" لە دوای گرنگی گەورەی کەناڵی سوێس، بە پلەی دووەم لە گرنگیدا ناوچە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا دێت بەتایبەتی سنورەکانی باشووری تورکیا (مەبەستی کوردستانی باشوورە)، هەروەها پارێزگاکانی ولاتی فارس(لوڕستان و شووش ...)، بەلام لە گرنگترین ئەم ناوچانەش، قەسری شیرین لە فارس و کەرکوك لە تورکیا و ئەم ناوچانە بە هەزاران ساڵ لەمەوبەر نەوتی تیدابووە..." جگە لەم زانیاریانە رۆژنامەکە باس لە گرنگی نەوت دەکات کە بۆ ئایندە چەند گرنگە[1]، ئەم ململانێیە لەسەر نەوتی میزۆپۆتامیا بوو کە لە ساڵی ١٩١٦ ئەڵمانیا دەستیکرد بە دامەزراندنی کۆمەڵەی کەرەستەی گڕگرتوو (Brenhstoff-Kommandos Arabin) لە پێناو نەوتی ولایەتی موسڵدا، باشترین ئەندازیاری جیۆلۆجی هاورد بۆ کارکردن لە بواری نەوتەکەیدا، ئەم تیمە زانستیە دەستیانکرد بە هەڵکەندنی بیری نەوت لە گەیارە و زاخۆدا و نەوتیان بەرهەمهێنا. ڤۆن سیدل، کە یەکێك بوو لەم تیمەدا، لە نووسینەکانیدا بەناوی(پشکنینی نەوت لە عێراقدا)ئاماژەی بەوە کردووە، کە بیرێك لە زاخۆ نزیکەی ٧تەن نەوت بەرهەمدەهێنی لە رۆژێکدا[2]. هەروەها سەرچاوەیەکی تر ئاماژە دەکات بەوەی لە ساڵی١٩١٦ چەند پسپۆرێکی نەمساوی لە بواری هەڵکەندنی بیری نەوت، دەست بە هەڵکەندنی بیرەکانی ئەم ناوچەیە دەکەن، بە قولاییەکی زۆرتر و لەئەنجامدا بڕێکی نەوت بۆ پێداویستی رۆژانە بەرهەمدەهێنن، پسپۆڕانی ئەڵمانیا هەوڵی تریاندا لەم بوارەدا تەنانەت توانیان قولایی بیرەکان تاکو٤٠٠-٥٠٠ مەتر هەڵکەنن لە ناوچەی گەیارە،

---

(1) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 1909-1918، p. 664.

(2) یوسف ابراهیم یزبك: المصدر السابق، ص ص١٧٠-١٧١ .

دەستیان کرد بەهەڵکەنینی بیر ودرووستکردنی تونێل بۆ کۆکردنەوەی نەوت لە کەرکوك وزاخو وخوورماتو، تەنانەت دەڵێن ڕێگایان خۆشکرد و بۆری پێویستان ئامادەکرد بۆ گواستنەوەی نەوتی ئەم ناوچەیە بۆ سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست. ئەم سەرچاوەیە وای بۆ دەچێت، کە یەکەکانی سوپای ئەڵمانی ئەو کارانەیان کردووە و یارمەتی پسپۆڕانی دەزگای کانەکانی بروسی لەگەڵ بانکی ئەڵمانی وهەندێك تیمی رۆمانییان داوە [1].

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە نەوت ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە داگیرکردنی باشووری میزۆپۆتامیا لە لایەن بەریتانیا، کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی، کە زۆربەی زۆری پشکەکانی لە لایەن حکومەتی بەریتانیا کڕابوو پشتیوانی زۆری لێدەکرا، بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بۆ خاوەن کۆمپانیای نەوتی تورکی، چونکە بەپێ دابەشکردنی پشکەکانی لە ڕێککەوتنی ١٩ئاداری ١٩١٤ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی خاوەن پشکی ٤٧,٥٪ بوو، لە کاتی جەنگدا پشکەکانی دویچە بانك، کە ٢٥٪ی بۆ خۆی زەوتکرد، بۆیە پشکەکانی بوو ٧٢,٥٪ لە کۆمپانیاکەدا، لە ساڵی ١٩١٥ دیترنیگ رەگەزنامەی خۆی گۆڕی بۆ بەریتانی و بارەگای کۆمپانیای رۆیاڵ دۆچ/شێلی گواستەوە بۆ بەریتانیا و پشکەکانی ئەم کۆمپانیایە، کە ٢٢,٥٪ کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، بۆیە بەریتانیا لە کۆتاییدا پشکەکانی گەیشتە نزیکەی ٩٥٪ لە کۆمپانیای نەوتی تورکی و کۆنترۆڵی کرد و تەنها ٥٪ پشکەکان مابوو بەدەستی گوڵبەنکیان ئەویش رەگەزنامەی خۆی گۆڕی بوو بۆ بەریتانی[2]. بەڵام کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی(APOC) زۆر مەترسی هەبوو لە ڕێککەوتنی ١٩ئاداری ١٩١٤،چونکە بە بۆچوونی ئەم ڕێککەوتنە، ئەگەر مافی یاسایی

---

(1) Dietrich Eichholtz: op. cit، p. 33.

(2) Edward W. Chester: op. cit، p.219;

هەروەها بڕوانە، حارث الزهاوي: كردستان و مواردها الاقتصادية، مجلة الثقافة الكردية، عدد١، تشرين الاول،لندن،١٩٨٨، ص٨٨.

هـەبێت، ئـەوا ئـەڵمانیا یەکسـەر مـاف کۆمپانیـای هێڵـی ئاسـنی بەغـدا دێنێتـە مەیدان، بەڵام حکومەتی بەریتانیا لە ٢٣ تشرینی دووەمی ١٩١٥ بە کۆمپانیـای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی راگەیاند، کە ڕێککەوتنی ١٩ ئادار هیچ مافێکی یاسایی نەماوە، بۆیە دەبێت دەست بکات بە چالاکی خۆی کە پێشتر باسی لێوە کرابوو. لـە ٦ شـوباتی ١٩١٦ ئـەنگلۆ_فارسـی ڕاگەیانـد، کـە دۆزینـەوەی جیۆلـۆجی جێبەجێکردوە بە ڕووبەری ١٠٠میل لەسەر هێڵی شەتولعەرەب، کە ناوچەکانی نێـوان کوێـت تـاکو شـاری ئـوڕ لـە میزۆپۆتامیـا دەگرێتـەوە، ئەنجامـەکانیش ئـەوەیان خستـەڕوو، کـە توانـا و ئیمکانیـاتی دۆزینـەوەی نـەوت لـەم ناوچـەیەدا زۆرە[1].

کێشـەی ئاینـدەی زەوییـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرییـەتی عوسمـانی لــەدوای هەڵگیرسـانی جــەنگ، بابــەتی زینــدووی گفتوگــۆ بــوو لــە نێــوان هاوپەیمانانـدا، هـەر یـەك لـەم زلهێزانـە کاریـان بـۆ جێبـەجێکردنی خواستـەکانی ڕابردوویان دەکرد، هەروەها هـەوڵیان دەدا بـۆ وەرگـرتن و دەسـت بەسـەراگرتنی (ناوچــەی گــرنگ لــە ئاینــدەدا)، ڕوسـیا بڕیـاری دابـوو، کــە دەســت بەســەر ئەسـتەنبۆڵ و تەنگـەکانی تورکیـا بگرێـت، بـەڵام فەڕەنسـا لـەو بووچـوونەوە دەیویست مەرامەکانی ڕابردووی، کە دەسـەڵاتدار و حـاکمی ڕۆژهـەڵات بێت لە ڕێگـای دابەشـکردنی ئیمپراتۆرییـەتی عوسمـانی، بـەڵام ئامـانجی سـەرەکی سیاسەتی بەریتانیا لە داگیرکردنی میزۆپۆتامیاو ویلایەتی موسڵی عوسمـانی، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی سـەر بـە بـەریتانیا بـوو، ئەمـەش بـەپێی ئـەو بەڵێنـەی، کـە لـە ساڵی ١٩١٥دابووی بە شـەریفی کوڕی حوسێن،بە تێڕوانینی بەریتانیایـە بەسـتنەوەی ئـەم ناوچـانە بـە تـەوەری ئیمپراتۆریـەتی بـەریتانی

---

(1) Petroleum affairs، in ،R.O.I،Vol 1909-1918، p.658; Helmut Mejcher: Oil and British Policy Towards Mesopotamia (1914-1918) …،p.378.

باشترین زەمانەتە بۆ درێژدان بە ئاسایشی ئیمپراتۆریەتەکەی[1]، ئەنجامی ئەم بۆچوونانەش چەندین ڕێککەوتننامە لە نێوان زلهێزەکانی لێکەوتەوە وەك ڕێککەوتننامەی ئەستەنبۆڵ لە ساڵی ١٩١٥ و ڕێککەوتننامەی سایکس_پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ .

لە پایزی ١٩١٥ دا مارك سایکس(Sir Mark Sykes) لەلایەن بەریتانیا و جۆرج پیکو(Georges Picot)ی فەرەنسی، سەرەتای پلانی دابەشکردنی موڵکەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیان داڕشت، کە تەواوی ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی گرتەوە. لەسەرەتای ساڵی دواتر مارك سایکس و جۆرج پیکو گەیشتنە پترۆگراد، هەندێك دەستکاریان لەو پرۆژەیەدا ئەنجامدا بە ئاگاداری و هاوکاری سازانۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕوسیا، وبەپێ بەرژەوەندی هەرسێ لایەن دوای ئەوەی ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیایان وەرگرت، سایکس و پیکۆ گەڕانەوە لەندەن لە ئایاری ١٩١٦ لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی هاوبەش و دووبارە دابەشکردنی جیهانی ڕۆژهەڵات بەڵگەنامە پێوەستەکانی نێوان بەریتانیا و فەرەنسایان لەگەڵ یەکدا گۆڕیەوە، هەروەها لە ١ ئەیلولی ١٩١٦ ڕوسیاش دواین ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕاگەیاند[2]. ئەم ڕێککەتننامەیە لە ١٢ خاڵ پێکهاتبوو [3]، بە پێی ئەم ڕێککەوتنە، دەوڵەتی عوسمانی، کە بەشی هەرە زۆری کوردستانی لە ژێر دەست دابوو، بە پێی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان نەخشەو پیلانی دابەشکردنی کێشرابوو، فەڕەنسا دەبوو دەست بەسەر شارەکانی ئینتاب و ئورفا و ماردین و دیاربەکر و ویلایەتی موسڵ و هەروەها لوبنان، کەناری ناوەڕاستی دەریای سوور، ئەدەنە وکلیکادا بگرێت، کە بە ناوچەی شین ڕەنگ

---

(١) Benjamin Shwadran: op. cit ‹p. 199.

(٢) کمال مظهر احمد: کردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى...،ص٣٠٦; م.س.لازاريف واخرون: تاريخ كوردستان ، ت/عبدي حاجي، ط١،اربيل،٢٠٠٦،ص ص١٨٢-١٨٣.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتننامەی، بڕوانە،:
J.C.Hurrewitz: op. cit ,Vol II,pp.18-22

**کرابوو لەسەر نەخشەی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا، یاخود ناوچەی (A)[1]، بەڵام بەریتانیا کونترۆڵی ناوچەی(B) بکات، کە بە ڕەنگی سوور ڕەنگ کرابوو، ئەویش ناوچەکانی بەشی باشووری ڕۆژھەڵات وەك ئۆردن و میزۆپۆتامیا، کە ھەردوو ویلایەتی بەغدا وبەسرای لە خۆدەگرت، ھەروەك کوێت و بەندەرەکانی حیفا وعەکاش دەگرتەوە، مافی دامەزراندنی ھێڵی ئاسنی لە بەندەری حیفا بۆ ناوچەکانی فەڕەنسا دەڕۆیشت بۆ گواستنەوە[2]، دەبووایە ڕوسیا دەستبەسەر پارێزگاکانی ئەرزەڕۆم-ترابزۆن، وان(Van)، بتلیس وموش وسیرت لەگەڵ جەزیرەی ئیبن عومەر (بۆتان) ،ئەو ھێڵە بەرزەی بەسەرعەمادیەو مەرگور دەڕوانێت، لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دیکە لە ڕۆژھەڵاتی باشووری ئاسیای بچووکدا، بگرێت[3]**

**بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە بڕیاردرا، کە بەریتانیا و فەڕنسا مافیان ھەبێت بە بیٚ جیاوازی لە پرۆژەکانی ناوچەی یەکتردا، فەڕنساش مافی دەستکەوتن وسەروەری ھەبێت لە ویلایەتی موسڵ دا [4]، کە گرنگترین ناوچە نەوتییەکانی کوردستان بوو، بەڵام پرسیاریك لێرە دمروژێت ، ئایا بەریتانیا چۆن دەست لە ویلایەتی موسڵ ھەڵدەگرێت بۆ فەڕنسا، لەکاتێکدا باش دەزانێت ناوچەیەکی نەوتاویی گرنگە؟ ھەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەرژەوەندی ستراتیژیی بەریتانیا لەم سەردەمەدا وای پێویست بوو، کە دەست لە**

---

**[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ئازاد نەقشبەندی: ڕێککەوتن نامەی سایکس پیکۆ و کورد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٧)ئابی(١٩٩٨)، ساڵی دووەم، ل٥; م.س.لازاريف: المسألة الكوردية(١٨٩١-١٩١٧)،ت/اكبر احمد ،السليمانية ،٢٠٠١، ص٤٨٠; حامد محمود عيسى: القضية الكوردية في تركيا، القاهرة،٢٠٠٢،ص١٠٨.**

**[2] بڕوانە، فاضل حسين: المصدر السابق،ص٧;**William Eangdahl: op. cit ,P.42

**[3] بڕوانە، ئازاد نەقشبەندی: سەرچاوەی پێشوو،ل٦;سعد بشير اسكندر: من التخطيط الى التجزئة(سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣)، السليمانية،٢٠٠٧ ،ص٦٦.**

**[4] هارڤ اوكونور: المصدر السابق،ص٣٧٢.**

ناوچەیەكی دەوڵەمەندی نەوتی وەك موسڵ هەڵبگرێت بۆ فەڕەنسا[1]، هەندێكی تر دەڵێن بەریتانیا جگە لەوەی زانیاری تەواوی هەبوو بە بوونی نەوت لەم ناوچەیەدا، بەڵام تەنها بۆ ئەوەی دووربكەوێتەوە لە پێكدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دووژمنی سەرەكی، ڕوسیای قەیسەری، دەستی لەم ناوچەیە هەلگرت بۆیە فەرەنسای خستە نێوانیان[2]، بەڵام ئەمە تەنها ئامانجێكی تەكتیكی كاتی بوو لە لایەن بەریتانیا، كە پلانێكی دارێژراوی هەبوو بۆ كۆنترۆڵكردنی نەوتی جیهان. هەرچەند زۆری نەبرد ناكۆكی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا پەیدا بوو لەسەر ئەم ناوچەیە لە پێناو دەست نیشانكردن و كۆنترۆڵی بەرژەوەندیەكانیان لەم ناوچەیەدا، ئەو لایەنی ئەم ناكۆكیەی وروژاند كۆمەڵێك لە ناوەندی پیشەسازی و دارایی بوون، كە بەرژەوەندی نەوتیان هەبوو لەم ناوچەیەدا[3]، هەرچەند لەو نامە نهێنییەی لە ١٥ مایسی ١٩١٦ لەلایەن (پۆل كامیون) باڵیۆزی فەڕەنسا لە لەندەن بۆ (Sir Edward Gray)، كە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو نیردرا،لەوە دڵنیای دەكاتەوە، كە بەرژەوەندیەكانی هەردوولا لە ناوچەكەدا پارێزراوە، فەڕەنساش دانی بەهەموو ئەو ئیمتیازانەدا داناوە، كە بۆ بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا هەر وەك خۆی دەمینێتەوە[4].

هەرچەندە بەریتانیا شاری كەركوكی خستبووە ناو بازنەی ناوچەی سووری ژێر دەسەڵاتی خۆی(B)، كە مەزەندی بڕێكی زۆری نەوتی لێدەكرا [5]،

---

(١) William Eangdahl: op. cit ،p.43.

(٢) درية عوني: عرب واكراد (خصام ام وئام)، دار الهلال،القاهرة ،١٩٩٣،ص٥٩.

(٣) عبدالحميد العلوجي واللامي:المصدر السابق،ص١٧٧; Daniel Yergin:op.cit,p188

(٤) Benjamin Shwadran: op. cit ،pp. 199-200.

(٥) كمال مظهر احمد: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير(دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق)،ج١، ،د.ت، ص ص١٧٥-١٧٦; سعد بشير اسكندر: المصدر السابق،ص٦٨; فوئاد حەمە خورشید: كەركوك لە بەڵگەنامەكاندا ، ور/نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو،هەولێر،٢٠٠٧،ص٧٩; هەروەها بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نەخشە، بڕوانە پاشكۆی ژمارە(٣).

بەلاّم بەردەوام ئەدمیراڵی بەریتانیا ڕەخنەی لە چۆنیەتی دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ لە نێوان فەرەنسا وبەریتانیادا دەگرت، چونکە ئەدمیراڵی دەیویست تەنها خۆی کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی نەوتی ناوچەی باکووری ڕووباری زێی بچووك، تاکو باشووری،بکات [1].

کاتێك کە جەنگ دەستی پێیکرد لە ساڵی ١٩١٤، هەر سێ کیشوەری ئەوروپا و ئاسیا و ئەفەریقای گرتەوە، بۆیە گۆڕەپانی ئەو ئامێر و کەشتیگەلانەی کە بەنەوت کاریان دەکرد فراوان تربوو، هەرچەند لە سالأنی جەنگی جیهانی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینی بە ڕێژەی ٢٠٪[2].

بە هۆی بەشداری دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناو جەنگ لە پاڵ بەرەی ئەڵمانیا لە تشرینی یەکەمی ١٩١٤، هاوپەیمانان ڕێگایان لێگیرا، کە سوود لە نەوتی ناوچەکانی ڕۆمانیا و ڕوسیا وەرگرن، تاکو داگیرکردنی لەسالی ١٩١٦،هەموو ئالۆگۆڕەکانی نەوتی ئەم ناوچەیە بەدەستی کۆمپانیای ڕۆیاڵ دۆچ/شێل بوو، بۆیە تاکە سەرچاوەی ئامادەکردنی نەوت بۆ هاوپەیمانان کۆمپانیاکانی ئەمریکا بوو، بە تایبەتی ستاندرد ئۆیل_نیوجەرسی، کە زۆربەی زۆری بەرهەمی نەوت لە جیهاندا، لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەمریکا بەرهەم دەهێنرا بە ڕێژەی ٦٧٪ ی کۆی بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا[3]،کەشتیگەلەکانی کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمریکا تاکو ساڵی ١٩١٦ سەرکەوتوانە نەوتیان دابین دەکرد بۆ هاوپەیمانان، بەلاّم بە هۆی بەرپابوونی جەنگی توندی کەشتییە ژێرئاوییەکان(غواصات)،کە تەگەرەیان لەبەردەم گواستنەوەدا دروستکرد[4]. لە هەمان ساڵدا ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا ئاماژەیەکی بەمە کرد ، کە زۆربەی زۆری کێڵگە نەوتییەکانی ئەمریکا لە ئاستێکی بەرهەمهێنانی نزم دانە، بەهۆی

---

(١) سعد بشیر اسکندر: المصدر السابق،ص٦٨.

(٢) راشد البراوي:المصدر السابق،ص١٥; نفط كوردستان العراق،المصدر السابق،ج٢،ص١٣

(٣) Helmut Mejcher: Oil and British Policy…،pp.384-385.

(٤) اندره نؤسشي: المصدر السابق، ص٥٦.

بەرزبوونـەوەی بـە کارهێنـانی نـەوت، هـەروەها ئاماژەیـان بـەوە کـرد، ئەگـەر بـەم شێوەیە بڕوات ئەوە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵی تر نەوت تەواو دەبێت، بۆیە پێشنیازی کرد کە کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا هەناردەکردنی نەوت کەمبکەنەوە، چونکە ئەنجوومـــەنی پـــیران رازی نابێـــت ســـامانی نـــەوتی ئـــەمریکی بکەوێتـــە مەترسییەوە[1]. دوای ئەوەی ئەمریکا هاتە ناو جەنگ لە بەهاری ١٩١٧ ڕێژەی هەناردەکردنی نەوت بۆ هاوپەیمانان کەم بووەوە، بە هۆی ئـەوەی بـەکارهێنانی نـەوت بۆ سـوپای ئـەمریکا گـرنگتر بـوو، ئەمـەش بـووە هۆکـاری ئـەوەی تەنگـژە دروسـت بێـت لـە بـواری نەوتـدا بـە تایبـەتی لـە نـاو سـوپاکانی فەڕەنسـا کـە لـە کۆتاییـەکانی سـاڵی ١٩١٧ئەمـە سـەری هەڵـدا، سـەرۆك وەزیرانـی فەرەنسـا کلیمانسۆ(Clemenceau)* ڕاپۆرتێکی گرنگی لەلایەن هێنری بیرانجیە ( Henry Berenger) پێگەیشـت، کـە نوێنـەری سـەندیکای نـەوتی فەرنسـا بـوو، پێـی ڕاگەیانـد، کـە بـڕی نـەوت لـە کۆگاکانـدا بەشـی پێداویسـتەکانی هاوپـەیمانان ناکات، تەنانەت بۆ چەند هەفتەیەك بەش ناکات، بە هـۆی قۆرخکردنی ئـەمریکا

(1) Helmut Mejcher: Oil and British Policy…،p.384.

* جۆرج کلیمانسـۆ(١٨٤١-١٩٢٩): لـە شـاری لامینـزی فەرەنسـی لـە دایـك بووە،دەرچـووی کۆلێـژی بزیشـکی بوو،لەسـاڵی١٨٧٠ بـوو بەسـەرۆکی شـارەوانی ناوچـەی مونمـارتر لـە پاریس،لە ساڵی ١٩٠٣ بۆ بە ئەندامی پەرلـەمانی فەرەنسی،لە مانگی ئادری ١٩٠٦ بوو بـە وەزیـری کاروبـاری نـاوخۆ، لـەمانگی تشـرینی یەکـەمی هـەمان سـاڵ بـوو بـە سـەرۆك وەزیـران وحکومەتەکـەی بـەردەوام بـوو بـۆ مـاوەی ٢سـاڵ و ٨مـانگ کـە بەدرێـژترین مـاوەی حکومـەت داندرا، لە سەردەمی کۆماری سێیەمی فەرەنسا، لە تشرینی دووەمـی ١٩١٧ جارێکی تر کرا بە سـەرۆك وەزیـران، کـە بـە حکومـەتی لاواز نـاوی دەرکرد،بـەلاَم کلیمانسۆ لـە ئاداری ١٩١٨ توانیویـــەتی پاریزگـــاری لـــە یـــەکێتی خـــاکی فەرەنســـا بکـــات ، لـــە تشـــرینی دووەمـــی ١٩١٨سەرکردایەتی ولاَتی فەرەنسای کرد بەرەو سەرکەوتن ،هەروەها سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاشتی کرد لـە ساڵی١٩١٩ ،بـەلاَم بەهۆی فشـاری پـەرلمانی فەرەنسـا، کـە نـەرمیی دەنوێنێـت بەرانبـەر ئـەڵمانی حکومەتەکـەی ڕووخـا، ڕووخـانی سیاسـی ئـەم کەسـایەتییە لـە کـانوونی دووەمـی بـەدواوە بـوو ١٩٢٠. بڕوانـە،آلان بالمر:موسـوعة التـاريخ الحـديث١٧٨٩-١٩٤٥، ج١،ت/سوسن فيصل السامر ويوسف محمد، بغداد، ١٩٩٢،ص ص ١٩١-١٩٢.

بۆ نەوت، کلیمانسۆ هانا بۆ ئەمریکا دەبات، داوا لە سەرۆکی ئەمریکا وودرو ولسون (W.Wilson)* ، دەکات، کە رۆڵی هەبێت بۆ هاندانی بازرگانەکانی نەوت بۆ ئەوەی بڕی نەوت دابین بکەن بۆ هاوپەیمانان، ئەگەر دەیانەوێت هاوپەیمانان سەرکەون لەم جەنگەدا، دەبێت بڕی پێویست لە نەوت دابین بکەن بۆ هێزەکانی فەڕەنسا، هەروەها کلیمانسۆ وتەیەکی بە ناوبانگی هەیە، دەڵێت:" هەر دڵۆپێك لە نەوت یەکسانە بە دڵۆپێك لە خوێنی هەر سەربازێك"[1]،هەندێك لە سەرچاوەکان ئەم ووتەیەی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا بە یەکەم دانپێدانی فەرمی دادەنێن لەسەر بەگرنگی نەوت لە بواری سەربازیدا.

لە ئەنجامەکانی تەنگژەی نەوت، فەرەنسا دەستیکرد بە دامەزراندنی دەستەیەکی تایبەت (کۆمیسەری گشتی بترۆڵ Commissioner General of Petroleum)بە سەرۆکایەتی ئەندامی ئەنجوومەنی پیران(هنری بیرانجیە) [2].

---

* وودرو ولسون(W.Wilson):لە دانشتووانی ویلایەتی ڤیرجینا بوو،هەروەها بەردەوام بوو لە خوێندنی یاساو فەلسەفە مێژوویی لە هەردوو زانکۆی کۆلۆمبیاو برنستۆن تاکو بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفە بەدەست دێنێ ،دوای ئەوە بەردەوام دەبێت لە کاری ماموستایی لە زانکوکانی هۆیکنز و برانز و فیلادلفیا، لە نێوان ساڵانی ١٩٠٢-١٩١٠،وەك سەرۆکی زانکۆی برنستون دەستبەکاردەبێت، لەنێوان ساڵانی١٩١٠-١٩١٢ دەبێتە حاکمی ویلایەتی نیوجەرسی، بەلام لە ساڵی ١٩١٣ وەك پاڵێوراوی پارتی دیموکراتی ئەمریکا گەورەترین سەرکەوتن بەدەست دێنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، دەبێتە (٢٨)سەرۆکی ئەمریکا، لە ٢ نیسانی ١٩١٧بڕیاری بەشداربوونی ئەمریکا لەپاڵ هاوپەیمانان لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەدات، تاکو ساڵی ١٩٢١ لە دەسەلات دەمێنێتەوە،بەلام بەهۆی خراپی تەندروستی لەساڵی١٩٢٤کۆچ دەکات، بڕوانە، بهیج بحلیس: احداث القرن العشرین(قادة واعلام(٢))،ج٩،بیروت،٢٠٠٤،ص ص ١٣٧-١٤١.

[1] جاك دولوناي وجان میتشیل شارلیە: المصدر السابق، ص ص٢٨-٢٩ ; احمد سویلم: المصدر السابق، ص٦٣.

[2] اندره نۆسشي: المصدر السابق، ص٦٤.

ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٧ تەنها گرنگی لەوەدا نەبوو کە تەنگژەی نەوتی لێکەوتەوە بەڵکو گرنگی زۆری هەبوو بۆ داگیرکردنی گەلان لەلایەن زلهێزەکان ولە لایەکی تر هەندێك زلهێزەکان بانگەشەی ماف گەلانیان دەکرد، گرنگی ئەم ساڵەش لە مێژووی میزۆپۆتامیا و کوردستان زۆر بەرچاوە، هەر لەم ساڵەدا لە ٢٥ شوبات ئینگلیزەکان دەست بەسەر شاری کوتدا دەگرن. لە ١١ ئاداردا هێزەکانی بەریتانیا بەغدا داگیردەکەن و لە ٢٨ ئەیلول ناوچەکانی رومادی خەنە ژێر دەسەلاّتی خۆیان، لە ٦تشرینی دووەم شاری تکریت دەگرن و زۆر نزیك دەبنەوە لە شاری کەرکوك[١]، لەلایەکی تر ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لە ڕوسیا و ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧، کە یەکێتی سۆڤییەت ویستی خۆی وەك ئاراستەیەکی نوێ پیشان بدات، کە سیاسەتیان جیاوازە لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکان، کەوتە ئیدانەکردنی فەڕەنساو بەریتانیا و بەندەکانی ڕێککەوتننامەیەی سایکس–پیکۆیان ئاشکرا کرد[٢]. لە سالی ١٩١٧ بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا خۆی بالاّدەست دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشڕەوەی هێزەکانی بوو تاکو ٧مایسی ١٩١٨ دەستیان بەسەر شاری کەرکوکدا گرت،بەلاّم تێکچوونی هەلوێستی باری سەربازی بەریتانی لە سەرجەم بەرەکانی جەنگ، بەتایبەتی لە قەوقاز و باکووری ڕۆژئاوای ئێران، بەهۆی زێدەبوونی چالاکیی سەربازیی تورکی لە کوردستاندا بەتایبەتی لە کەرکوك، ئەوە بوو هێزەکانی بەریتانیای ناچار کرد لە ٢٤مایسدا بکشێنەوە لە کەرکوك[٣]، بەلاّم لە ٢٥ تشرینی یەکەم ١٩١٨ بە یەك جاری شاری کەرکوکیان داگیر کرد[٤]. لە هەمان ساڵدا لە ٣٠ تشرینی یەکەم کەشتیگەلێکی بەریتانیا لە کەنارەکانی دەریاچەی ئیجە،

---

[١] عبدالرزاق الحسني: المصدر السابق، ص٦٨; عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي: المصدر السابق،ص١٨٢.

[٢] يوسف ابراهيم يزبك: المصدر السابق،ص٢١٣; عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات،ط٢،بغداد،١٩٨٥،ص١٥.

[٣] فوئاد حەمە خورشید: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

[٤] فاضل حسين:المصدر السابق،ص٣٠;فوئاد حەمە خورشید: سەرچاوەی پێشوو،ل ٨١.

ئاگربەستی (مۆدروس) لەگەڵ دەسەلاٌتدارانی عوسمانی مۆرکرد بۆ ڕاگرتنی شەڕ، لەم کاتەدا سوپای بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا گەیشتەبووە ناوچەکانی نزیك شارۆچکەی شەرگات*، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت، ئەم هێزە هیچ حسابیکی بۆ ئەم ئاگربەستە نەدەکرد و لە پێشڕەوی هێزەکانیدا بوو بۆ داگیرکردنی شاری موسڵ، جەنەراڵ مارشل بەپێی ئەو بڕیارانەی لە وەزارەتی جەنگی بەریتانیا پێی گەیشتبوو بەردەوام بێت لە هەڵکشان تاکو لە ٨ تشرینی دووەم شاری موسڵی داگیرکرد [١]. هەرچەندە سەرکردەی هێزی تورکیا نیگەرانی خۆی دەربڕی دەربارەی داگیرکردنی شاری موسڵ ،چونکە ئەم کارە دژ بە بەندەکانی ئاگربەستی نێوان هەردوو وڵات بوو[٢].

جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێهات بە ڕەزامەندی ئەڵمانیا لەسەر مەرجەکانی هاوپەیمانان بە پێی ئاگربەستی ڕۆتوند لە ١١ تشرینی دووەمی ١٩١٨دا، فەڕەنسا یەکسەر داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکات، کە دەستەبەریی

---

* شارۆچکەی شەرگات نزیکەی ١٠٤ کیلومەتەر لە باشووری شاری موسڵ دوورە،بڕوانە، جمال بابان: اصول اسماء المدن والمواقع العراقية،ج١،ط٢،بغداد،١٩٨٩،ص١٧٤.

(١) ڕای جیاواز هەیە دەربارەی ڕۆژی داگیرکردنی شاری موسڵ لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا،کەهی واهەن دەیگەڕێننەوە بۆ ڕۆژی ٣تشرینی دووەم،بڕوانە، سليمان صائغ الموصلي:تأريخ الموصل،ج١،مصر،١٩٢٣،ص٣٢٩ ;هەروەها سەرچاوەیەکی تر دەیگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژی ٧ تشرینی دووەم،بڕوانە،فيليب ويلارد ايرلند: العراق دراسة في تطوره السياسي،ت/جعفر خياط، بيروت،١٩٤٩،ص١١٤; بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان دەیگەڕێننەوە بۆ ڕۆژی ٨ تشرینی دووەمی ١٩١٨،بڕوانە،المس بيل: فصول في تأريخ العراق القريب١٩١٤-١٩٢٠،ت/جعفر خياط،بيروت،١٩٤٩،ص٦٨; فاضل حسين:المصدر السابق،ص٢.

(٢) عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص١٨٤; بەڵام بەپێ بەندی (٧)لە ڕێککەوتنی مۆدروس، کە ڕێگا دەدا بەهاوپەیمانان هەر ناوچەیەك داگیر بکەن کە بە گرنگی دەزانن لە ڕووی ستراتیژی لە دەوڵەتی عوسمانی..بۆیە بەریتانییەکان پشتیان بەم بەندە بەست بۆ داگیرکردنی شاری موسڵ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، هنري فوستر: المصدر السابق،ص ٢٠٨.

بەشداربوونی بکات بە یەکسانی لە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە نەوتییانەی هەنە، ئەم ڕێگایەش فەرەنسای ڕزای کرد، بەوەی گونجاو بێت لەگەڵ بناغەی گشتی سیاسەتی فەرەنسی–بەریتانیا، لە ٢١ تشرینی دووەم هێنری برنجیە سەفەر دەکات بۆ لەندەن بۆ بەشداریکردنی لەو ئاهەنگی لە( لانکسترهاوس) بۆ خەلاتکردنی نوێنەرەکانی هاوپەیمانان لە کۆنگرەی پترۆڵدا. بەشداربووانی ئاهەنگ لەلایەن بەرەی بەریتانیا جون کادمن(John Cadmann)، کە بەرێوبەری نووسینگەی کاراکردنی پترۆل بوو و سەرۆکی کۆنگرەش بوو، هەروەها لۆرد کاودرای(Lord Gowdray) بەرپرسی ڕاستەوخۆی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو_فارسی، سیر ماركوس، هنری دیترنیگ لە لایەن کۆمپانیای رۆیاڵ دۆچ/شێڵ، و سیر ئەرسەر گرینۆری لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی، لە پاڵ ئەمانەش ژمارەیەکی زۆر لە گەورە ئەفسەران کە پێوەندی نزیك و دووریان بە رۆژهەلات و پترۆڵەوە هەبوو، ئەم ئاهەنگە بە سەرۆکایەتی لۆرد کرزن (Lord G.N. Curzon) و یاریدەرەکەی سیر والتر لۆنگ(Walter Long)، کە وەزیری داگیرکەکان (مستعمرات) و پترۆڵ بوو، برنجیەی فەرەنسی وتەیەکی هەیە لەم ئاهەنگەدا دەڵێت:" با دەسەلاتدارەکان دادوەرانە مامەڵە بکەن ودان بەوەشدا بنیێن، کە هەموو بە دڵسۆزی کارمان کردوە لە کاتی جەنگدا، بابینە هاورێی هەتاهەتایی،... با جامی بادە بەرزبکەینەوە بۆ خۆشیی سەرکەوتنی سیاسەتی پترۆڵی هاوپەیمانان، ئەو سیاسەتەی گەیشتە ئەنجامی ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتانی پیشەسازیدا[١]. هەر لەویٚ وتەی بەنرخ دەربارەی نەوت زۆر وترا لەوانە" هاوپەیمانان بە خوێنی سەربازەکانیان سەرکەوتن، بەلام سەرکەوتن بەردەوام نەدەبوو، ئەگەر ئەو خوێنەی تر نەبوایە ئەویش نەوتە "، هەروەها شایستەی کۆمپانیا نەوتییەکانی کرد لەوانە کۆمپانیای شێڵ، کۆمپانیای نەوتی ئاسایی(Asian Oil Co.)، کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل، کۆمپانیای مکسیکان (Mexican Oil Co.)و کۆمپانیای ئەنگلۆ_فارسی،

---

[١] اندره نؤسشي: المصدر السابق، ص٦٥.

هەروەها ستایشی سەرۆکەکانی ئەم کۆمپانیایان کرد، وتیان" نەوەکانمان ئەم کەسایەتیانە لە بیرناکەن، کە لە پێشەوەی رزگارکەری مەدەنیەت بوون" [1]

بە هۆی چەند بەڵگەیەکی نوێ و چەندین توێژینەوەی نوێ، کە لەلایەن توێژەرانەوە ئاماژەی پێکراوە، کە ڕۆڵی نەوت هیچی کەمتر نەبووەو لە پاڵ ئەو فاکتەرە ستراتیژیانەی رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە هاندانی بەرپرسانی بەریتانیا بۆ یەك لاکردنەوەی داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ وکەرکوك بەتایبەتی لە دوای ئاگربەستی مۆدروس لەنێوان هاوپەیمانان و هێزی ناوەندی دۆڕاودا[2].

بەڕێوبەری ئیدارەی نەوتی ئەمریکی ل.فانینگ (L.Fanning) لە راپۆرتێکی فەرمی لەسەر رۆلی سیاسەتی نەوتی لەسەر لەشکرکێشی رۆژهەلأت دەڵێت:" کارە سەربازییەکانی بەریتانیا لە ساڵی١٩١٤ لە عێراقدا،لە ڕووی دەرەوەی وادیار بوو،کە پارێزگاری لە ڕێگای هیند بکات،بەلأم لە ڕاستیدا بۆ تەگبیرکردن و پاراستنی نەوتی ناوچەکە بوو، بۆ ئەوەی لەلایەن ئەڵمانیاو دەوڵەتی عوسمانی داگیر نەکرێت، دەڵێت هێزەکانی بەریتانیا هێڵی ئاسنی درێژەپێدەدات لە میسرەوە بۆ فەلستین،تاکو باکووری عێراق،تەنها بۆ پارێزگاری کردنی نەوتی ئێران نەبوو،بەڵکو بۆ دەست بەسەراگرتنی نەوتی ویلایەتی موسڵ بوو"[3].

بۆیە چەند داگیرکردنی بەسرە گرنگ بوو بۆ بەریتانیا بۆ پاراستنی دەزگاکانی نەوتی ولأتی فارس ئەوەندش ولایەتی موسڵ گرنگ بوو بۆ بەریتانیا، چونکە مەزەندەی بڕێکی زۆری نەوتی لێدەکرا. لۆرد کیرزن، کە سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی بەریتانیا بوو،لە ساڵی ١٩١١ لەبەردەم ئەنجوومەنی لۆردانی بەریتانیا زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە دەکات و دەڵێت:" کە

---

[1] یوسف ابراهیم یزبك: المصدر السابق،ص٢٣٠.

[2] Helmut Mejcher: op. cit ‹pp. 29-40.

[3] یوسف ابراهیم یزبك: المصدر السابق،ص١٢٩.

هەڵەیە باس لەوەبکەین، کە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی بەریتانیا تەنها لە ناوچەی کەنداو دایە، یاخود لە نێوان بەغدا و بەسرا دایە، بەڵکو بەرژەوندییەکانی بەریتانیا تاکو باکووری بەغداش دەڕوات"[1] بێ گومان مەبەستی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بوو، وادیاربوو ئەم وتارەی لۆرد کرزن بوو بە سەرچاوەیەك بۆ داواکاری جێگیرەی کۆنسوڵی بەریتانیا لە موسڵ(هۆنی)، کە داوای لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردبوو لە نیسانی١٩١٣، کە لەکاتی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئامادەکاری بکرێت بۆ دەستبەرکردن ودانانی هەرێمی موسڵ لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتی بەریتانیا [2].بۆیە وتارەکەی لۆرد کیرزن بەیەکەم دانپێدانانی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا دادەنرێت دەربارەی تەماحەکانی بەریتانیا لە ویلایەتی موسڵ.

ئەرنوڵد ولسن (Arnold Wilson)* دەنووسێت، ڕێککەوتنێك هەبوو لەنێوان

---

[1] صالح خضر محمد: الدبلوماسية البريطانية في العراق،دراسة تأريخية(١٨٣١-١٩١٤) ، دمشق،٢٠٠٨،ص٣٠.

[2] جوزيف هللر: سياسة بريطانيا ومصالحها في بلاد وادي الرافدين قبيل الحرب العالمية الاولى،ت/مصطفى نعمان احمد، مجلة دراسات تأريخية،بيت الحكمة،العدد(٢١)،السنة الثامنة،بغداد،٢٠٠٩،ص٢٩.

* ئەرنوڵد ولسن (١٨٨٤-١٩٤٠): وەك بەرپرسێکی بەریتانی کاری کردووە لە کەنداوی عەرەبی و وولاّتی فارسی و خوزستان ولۆرستان،هەروەها لەگەڵ لەشکرکێشی بەریتانیا بۆ سەر عێراق لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی وەك یاریدەری یەکەمی ئەفسەری سیاسی کاری کردوە، لە دوای داگیرکردنی بەغدا تاکو ساڵی١٩٢٠ بەوە بە یاریدەرەی حاکمی گشتی لە بەغدا، وبیروبۆچۆنەکانی زۆر گرنگ بوونە بۆ ناوەندی دەسەڵاتی بەریتانیا،تەنانەت ڕۆڵێکی گرنگ هەبوو لە لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی١٩٢٠ لە عێراق دوورخراوەتەوە،بڕوانە،سر ارنلد تي.ويلسون: بلاد مابين النهرين بين ولاءين،ت/فؤاد جميل،بغداد،١٩٧٢،ص ص٢٩٧-٢٩٨;ديفيد كورن:(رجلان اقحما الاكراد بالعراق،مناورات كوكس-ولسن)،ت/حميد عبدالملك،جريدة الاتحاد،السليمانية،العدد٣٢٦، ٩-٧-١٩٩٩.

جەنەراڵ مارشل وحکومەت بۆ فراوانکردنی ئۆپراسۆنی جەنگی لە میزۆپۆتامیا بـۆ ئـەوەی ویلایـەتی موسـڵ داگـیر بکـات، هـەروەها ئامـاژە دەکـات و دەڵێـت هەرچۆنێك بێت هەیکەلی حکومەتی عێراق لە کۆتایی دا دامەزرێت زۆر گرنگە ویلایەتی موسڵ بخرێتە پاڵ هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا، بۆ ئەوەی هێڵی جوگرافی عێراق تەواوبێت و ئەو سامانە سروشتییەی تێدایە کە زۆر پێوست بوو بۆ قەوارەی عێراقی ئابووری ولە پاڵ ئەمانەشدا بەریتانیا دەتوانێت دەست بەسەر ئەو سەرچاوە گرنگانەی نەوتدا بگرێت [1].

نیشـانەکانی لەشکرکێشـی بـەریتانیا بـۆ سـەر میزۆپۆتامیـا ئامـاژەی بـۆ ئـەوەدەکرد، کـە خواسـتەکانی بـەریتانیا بـۆ کـۆنترۆڵکردنی کانـە نەوتییـەکانی ناوچـەکە بوو،چـونکە لەگـەڵ ئـەم لەشکرکێشـیە ژمارەیـەك لـە پسـپۆران و فەرمانبـەرانی کۆمپانیـای نـەوتی ئـەنگلۆ_فارسـی و کۆمپانیـای شـێڵی لـە خۆگرتبوو،ئەو جێولۆجیانە جل و بەرگی سەربازییان لەبەربوو هەروەها خاوەن پلە و پایەی سەربازی بوون تەنانەت هەندێکیان سیاسەتمەدار بوون، بۆیە هەر شار وشارۆچکە و گوندێکیان داگیر بکردایە یەکسەر دەستیان دەکرد بە گەڕان بەدوای نەوت دا، یەکێکیان، کەوا دکتۆر ا.هـ.پاسکو (E.H.Pascoe) لە کانونی یەکەمی ١٩١٨ سێ راپۆرتی ئامادەکرد لەو هەوڵ وگەڕانـەی لەسەر دۆزینـەوەی نـەوت لـە ناوچـەکانی نێـوان چیای حـەمرین و چیای مـەکحول، بـەریتانیا، کـە خاوەن زۆرینەی پشکەکانی نەوتی تورکی بوو، بەردەوام هەمان کۆمپانیا ئەو بەڵێنـەی سـەدری ئـەعزمی دووبـارە دەکـردەوە، دەربـارەی ئیمتیـازی نـەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا لە کاتی جەنگدا[2].

هەر لەژێر سایەی دەسەڵاتی بەریتانیا، کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی لە ساڵی ١٩١٦ دەستی کرد بە روپێوکردنێکی جێولۆجی فراوان لە ناوچەکانی

---

[1] سـر ارنلـد تي.ويلسـون: بـلاد مـابين النهـرين بين ولاءين(خـواطر شخصـية وتأريخيـة)، ت/فؤاد جميل ،ج٣، ط٢، بغداد، ١٩٩٢،ص ٨-٩.

[2] سليم طه التكريتي: معركة النفط في العراق...،ج١،ص ص ٧٠-٧٣.

نێوان شەتولعەرەب وکویت ،تاکو ئور ، توێژینەوەی لەسەر توانای فراوانبوونی ناوچەی ئیمتیازاتی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی کرد، کە تا ویلایەتی بەغدا و موسڵ بگرێتەوە[1]. هێزەکانی بەریتانیا زۆر سوودیان لە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی بینی تا لەوناوچەیەدا نەوت بۆ هێزەکانیان دابین بکەن، چونکە کۆمپانیا دەستی کردبوو بە دەرهێنانی نەوت لەو هێڵە نەوتیانەی، کە لە شاری گەیارە دەستی پێ دەکرد تاکو لە چیای حەمرین نزیك کفری کۆتایی پێدەهات، بۆیە حکومەتی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٧ ڕەزامەندی لەسەر هاوردەکردنی پالأوگەی نەوت لە لایەن کۆمپانیاکەوە بۆ دامەزراندنی لەم ناوچە نەوتییانەدا بە تایبەتی لە نزیك ڕووباری دیالە دەربڕی[2]. بەریتانیا هەر لە پێشتر بڕێك پارەی باشی خەرج کردبوو بۆ دامەزراندنی هەندێك دەزگای هەمیشەیی،وەك درێژە پێدانی هێڵی بۆریەکان وهێڵی ئاسنی وپالأوگەوکارکردن لە بواری کێڵگە نەوتیەکان، کە سوودی زۆری هەبوو بۆ کۆمپانیاکانی نەوت[3].

تاکو جەنگ کۆتایی پێهات پسپۆڕانی جیۆلۆجی بەریتانیا کۆمەڵێك ڕاپۆرتی فراوانیان ئامادەکرد بۆ هەموو ناوچەکانی نەوت لە ویلایەتی موسڵ وبەغدا دا، ئەوەتا لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، کە لە ٢ شوباتی ١٩١٨ تۆمار کراوە بە ناونیشانی (یادنامەی ڕاپۆرتی کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا و بەشی فارسی)، زۆر بە ڕوونی هەموو مەیدانە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەشێك لە ولاتی فارسی دەست نیشان کردووە، ئاماژەی کردووە، کە لە پاڵ ئەو زانیارانەی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی ئامادەی کردووە، سوودیان لە هەندێك ڕاپۆرتی کۆنی پسپۆڕانی ئەڵمانیش وەرگرتوە، کە پێشتر ئەم ناوچانە بە دەستی ئەوان دابوو، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، کە ناوچە نەوتیەکان لە میزۆپۆتامیا درێژدەبێتەوە لەسەر ڕووبەری نزیکەی (٦٥٠)میل

---

(١) Petroleum affairs،in،R.O.I،Vol 1909-1918، p. 658.

(٢) نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٤٥.

(٣) قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ص٧٨.

له باکوورەوە تاکو باشوور، بەپانتایی (٨٠)میل و رووبەری نزیکەی (٥٠)هەزار کیلۆمەتر دووجایە، هەروەها نەوتێکی زۆر لە ناوچەکەدا هەیە ولە زۆر جێگا چاڵی بچووك هەڵکەنراوە بۆ دەرهێنانی نەوت، ئەم راپۆرتە ئاماژەی کردووە بە داواکاریی نەوتی میزۆپۆتامیا، کە دەگەڕێتەوە بۆ خەزینەی سوڵتان، خاوەندارێتی ئەم ناوچانە لە لایەن سوڵتانەوە دراوە بە چەند کەسێکی ناوچەکە بۆ کارکردن تێیاندا، لە گرنگترین ئەو ناوچانەی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەی پێکردون، کە نەوتێکی زۆریان تێدایە ئەمانەی خوارەوەن:

١- گرنگترین ناوچە نەوتییەکانی باکوور لە زاخۆدایە، کە لە دووری ٦٠ میل لە باکوور و باکووری رۆژئاوای شاری موسڵ هەڵکەوتووە، لە لایەن هاولاتییانەوە چەندین بیری تێدا هەڵکەنراوە، کە نزیکەی ٣٠ بیر دەبێت و جۆری نەوتەکەی زۆر باشە، قورساییەکەی نزیکەی ٩ پەلە.

٢- کۆمەڵێك لە رشوحات لە ناوچەکانی گەیارە لە باشووری شاری موسڵ دایە، کە نزیکەی ٥٠میل نەوتەکەی دوورە لێوەی، ڕاپۆرتەکان ئاماژەدەکەن، کە گرنگترین کەرەستەی نەوت لەم ناوچەیەدا هەیە، ساڵانە بە بڕی ٢٥٠(لیرەی تورکی ) بە دانیشتووانی ناوچەکە بە کرێدراوە ، جۆری قورسایی نەوتەکەی نزیکەی ٨ پەلەیە.

٣- نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەسەر کەنارەکانی هەردوو لایەنی ڕووباری دیجلە و لە خواروی رووبارەکەدا، نزیکەی ٥٠ میل خوارەوە، کە بە فەتحە ناسراوە، ناوچەیەکی گرنگی هەبوونی نەوتە.

٤- نیشانەی زۆر بە هێز هەیە بۆ بوونی نەوت لە شاری کەرکوك، هەروەها بەرهەمی رۆژانەی هەیە بەپێی هەڵقولانی بۆ سەر زەوی، کە رۆژانە نزیکەی ٣ بەرمیل لە ناوچەی (گیل) بەرهەم دەهێنرێت و لە ناوچەی خورماتوو رۆژانە نزیکەی ٤ بەرمیل بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام زۆر ناوچەی تر هەیە لە کەرکوك کە بوونی نەوتی پێوە دیارە، لەلایەکی ترەوە ڕاپۆرتەکان دەڵێن، کە ئەم ناوچەیە لە نەوتدا زۆر دەوڵەمەندە .

٥ – له شاری کفریش له پاڵ ئەوەی نەوت بە شێوەیەکی زۆر هەڵدەقوڵێت، بۆشایەکی گەورەش هەیە لە دەرچوونی گازی سروشتی لە ژێر زەویدا، هەروەها خەڵوز لەم ناوچەیدا زۆر دۆزراوەتەوە.

٦– کۆمەڵێك له کانەی نەوتی زۆر گرنگ لە ناوچەی مەندەلی و خانەقین هەیە، که بەرهەمیان زۆرە، راپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەم ناوچەیە لە ناو بازنەی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو–فارسی دایە، ئاماژە بە ناوچەی چیای سورخ دەکات، کە پێش تر لەلایەن چەندین جیۆلۆجی تاقیکردنەو و دۆزینەوەی بۆ کراوە و نەوتی لێدەرهێنراوە، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە ناوچەکانی تریش دەکات وەك مەیدانی نەفتوون،نەفت خانە،ئەبو جیلان وپشتکووی... [1].

دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا ویلایەتی موسڵ و بەتایبەتیش کەرکوك داگیردەکەن ودەست بەسەر ناوچە نەوتییەکانی دەگرن،هەروەها دوای ئەوەی دەست بەسەر پشکەکانی دۆیچە بانك دەگرن، لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش هەوڵی نوێ دەدەن بە تایبەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی درووستکراوی خۆیان لە هەرسێ ویلایەتی میزۆپۆتامیا بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەستەبەری بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ مسۆگەر بکەن.

---

[1] Petroleum affairs,2/2/1918,in,R.O.I,Vol1,1909-1918,pp. 663-664.

## بەشی سێیەم

## گۆڕانکارییە سیاسییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان و کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر دۆزی کورد( ١٩١٨-١٩٢٣ ).

### باسی یەکەم

### ململانێکانی بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ و هاتنەناوەوەی ئەمریکا بۆ ململانێیەکە.

### باسی دووەم

### کاریگەری ململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی کەرکوك لەسەر هەردوو ڕێککەوتننامەی سێڤر و لۆزان.

## باسی یەکەم

## ململانێکانی بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ و هاتنەناوەوەی ئەمریکا بۆ ململانێیەکە.

دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهـان بـەریتانیا دەسـتی دایـە خۆدزینەوە لە خاڵەکانی پەیمانی (سایکس– بیکۆ)، کەوا بریاڕ بوو ویلایەتی موسڵ لە ژێر سەروەری و دەسەڵاتی فەرەنسا بێت، بەڵام بەریتانیا لـە تشرینی دووەمـی ١٩١٨ یەکسـەر شـاری موسـڵ داگـیر دەکـات، دوای چـەند رۆژێـك لـە وەسـتانی جـەنگ بـەپێی ئاگربەسـتی مـودرۆس*، بـەم شـێوەیەش ویلایـەتی موسڵ(باشـوری کوردسـتان) وەك چارەنووسـی هـەردوو ویلایەتەکـەی تـری میزۆپۆتامیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی بەریتانیاوە [1]، بەریتانیا تەنها لەم ناوچەیەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی عوسمانی نەهێنابوو، بەڵکو گوورزی خۆی لـە جیهانی عەرەبیشدا لە سوپاکانی عوسمانی لـە ناوچەکانی (سوریا، فەلستین، رۆژهەڵاتی ئەردەن) وەشاندبوو، بەڵام عێراق گرنگتر بوو بۆ بەریتانییەکان، بە دەوڵەمەنـدترین دەسـتکەوتی جـەنگ مەزنـدەدەکرا، ئـەویش بـەهۆی بـوونی ئـەو کانزا زۆرانەی، کە هێشتا بەکار نەهێنرابوون لەم ناوچـەیەدا بەتایبـەتی یـەدەکی نـەوت. ئـەو یەدەکـە گەورەیـەی، کـە لەسـەر زاری (ئەرسـەر بلفـور A. Balfour)

---

* ئاگربەستی مۆدرۆس لە٣٠تشرینی یەکەمی١٩١٨ لە دوورگەی لیرمنۆس لـە دەریـای ئیجـە مۆرکرا،لـەم کاتـەدا بەریتانییـەکان گەیشـتبوونە ناوچـەی ئـاڵتون کـۆپری لـە باشـووری کوردسـتان،بەڵام هێزەکـانی بـەریتانیا هـیچ گرنگیـان نـەدا بـە مەرجـەکانی مـۆدرۆس، بـەڵکو لەپێشرەوەی دابوون بەرەو باکوور بە ئاراستەی شاری موسـڵ–زاخۆ ولـە ١٠ تشرینی دووەم پلانەکانیان تەواو بوو، ئەم گوێنەدانەی بەریتانییەکان بە ئاگربەستی مۆدرۆس بۆ ئـەوو دوو خاڵە دەگەڕێتـەوە کە لـەناو ئاگربەستی مۆدرۆس هاتبوو(بڕگـەی ١٦و٧)، کـە ئامـاژە دەکـات بەوەی مافی هێزەکانی هاوپەیمانە بە داگیرکردنی هەر ناوچەیەکی ستراتیژی لـە نـاو دەوڵـەتی عوسمانی،بڕوانە، فؤاد حەمـە خورشـید: القضـیة الکردیـةفي المـؤتمرات الدولیـة، ط١، اربیـل، ٢٠٠١،ص٧.

[1] جرجیس فتح الله: یقظة الکرد، تاریخ سیاسي١٩٠٠–١٩٢٥ ،اربیل،٢٠٠٢ ،ص ١٣٢.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا هاتبوو کە دەڵێت:" نزیك بوونەتەوە لە گرنگترین کانە نەوتییەکانی جیهان"[1].

زلهێزە سەرکەوتووەکانی جەنگ بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە ڕێگای چەندین ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەیەکدا، جەختیان لەسەر مافی چارەی خۆنووسینیان دەکرد و بەڵێنی ئەوەیان دابوو، دان بنێن بە مافی دیاریکردنی گەلانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا[2]، بۆیە هاوکات لەگەڵ دەست هەڵگرتنی ژەنەراڵی عوسمانی(ئیحسان حەقی پاشا) لە بە دەستەوەدانی شاری موسڵ بۆ هێزەکانی بەریتانیا، هەردوو حکومەتی بەریتانیا وفەرەنسا ڕاگەیاندنێك بڵاودەکەنەوە دەربارەی چارەنووسی ئەو ناوچانەی داگیرکراون لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە ناوەڕۆکیدا هاتووە: "...هەریەك لە بەریتانیا وفەرەنسا بڕیاریان دا بە پاڵپشتی و هاوکاریکردن بۆ دامەزراندنی چەند حکوماتێك و بەڕێوەبردنی نیشتمانی لە سوریاو سێ ویلایەتی میزۆپۆتامیا و ئەو ناوچانەی، کە هاوپەیمانان ئازادیان کردبوون، ئەمە ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە، کە هێشتا ئازاد نەکراون...، فەرەنسا وبەریتانیا ئارەزووی ئەوەیان نیە، کە هیچ کەسێك لە دانشتووانی ئەم ناوچانە بخاتە ژێر هەر جۆرە دەسەڵاتێك، کە خۆیان هەڵیان نەبژاردووە..."[3] .

---

(1) William Stivers: International Politics and Iraq Oil،(1918-1928)، A study in Anglo-American Diplomacy، Harvard College، The Business History Review، Vol. 55، No. 4 (Winter، 1981)، p.517.

(2) هنري فوستر: المصدر السابق، ص ص ١٣٦–١٣٧.

(3) ئەم وتارەی بەریتانیا وفەرەنسا لە ٧ تشرینی دووەمی ١٩١٨ بڵاوکراوە،بە چەند بروسکەیەك لەلایەن وەزراەتی هیند بڵاوکرایەوە لەرۆژی دواتر، گەیشتە کوردستان وەك چۆن هەر چواردە بەندەکەی ویڵسونی سەرۆك ئەمریکا دەربارەی (ئازادی گەلان) گەیشتبوو، بە شێوەیەکی چڕتر بڵاوکرایەوە لە لەندەن و پاریس و نیویۆرك و قاهیرە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەموو ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیەدا،بڕوانە،جرجیس فتح الله:یقظة الکرد..،ص١٣٩ ; فؤاد حمه خورشید مصطفی: القضیة الکردیة في المؤتمرات الدولیة...

ئـەوەی شـایەنی بـاس بێـت ئەوەیـە دوای داگیرکرانـی ویلایـەتی موسـڵ بەتـەواوەتی کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی داگیرکـەری بـەریتانیاوە، لێـرە بـەدواوە قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی کورد_بەریتانیا دەستپێدەکات[1]، دوایی ئەوەی شێخ مەحمود ئاشنا بوو بەو بلاوکراوەی (فەرەنساو بەریتانیا)، راستەوخۆ دەستی کرد بە پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، جەختی کردەوە لەسەر داواکاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو،کە بەلای کەمەوە ناوچە کوردییەکانی ویلایەتی موسڵ و چەند بەشێکی لە کوردستانی رۆژهەڵات بگرێتەوە[2]،بەریتانیەکان لە سەرەتادا دەیانویست ئاشتی وئارامی لە ناوچەکەدا بەرقەراربێت، بۆیە یەکسەر بەدەنگ داواکارییەکانی شێخ مەحمود هاتەن[3]،لەگەڵ شێخ مەحمود رێککەوتن بەپێدانی حوکمداریەتی باشووری کوردستان، کە هەرێمەکەی پێکهاتبوو لە لیوای سلێمانی وکەرکوك وقەزای هەولێر[4]، لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەغدا میجر نۆئیل دەنێرن بۆ سلێمانی وەك ڕاوێژکاری شێخ مەحمود لە کاروباری حکمداریەکەیدا، هەروەها ئەرنۆڵد ولسن حاکمی مەدەنی گشتی بەریتانیا سەردانی سلێمانی دەکات و پشتیووانی دووپات دەکاتەوە بۆ حکمدارییەکەی شێخ و بەڵێنی فراوان بوونی ئەم دەسەڵاتەی کورد دەدات،

---

،ص١٥; بیار= =مصطفى سيف الدين: السياسة البريطانية تجاه تركيا و اثرها في كوردستان ١٩٢٣-١٩٢٦، اربيل،٢٠٠٤،ص ص ٦٠-٦١.

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان کورد-بەریتانیا،بڕوانە، المس بيل:المصدر السابق،ص ص ١٨٠-١٨٥.

[2] فواد حمه خورشيد: القضية الكردية في المؤتمرات الدولية...،ص١٥.

[3] وليد حمدي: الكورد و كوردستان في الوثائق البريطانية دراسة تاريخية وثائقية، لندن،١٩٩١،ص٢٢.

[4] بڕوانە،م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، لەندەن،١٩٩٠،ل ل١٦٢-١٦٣.

لەگەڵ ئەوەی شێخ مەحمود لەم کاتەدا دەبێتە نوێنەری بەریتانیا لەم ناوچانەدا و پشتیووانی بەریتانی لێدەکرێت[1].

ناوەندی سیاسیی بەریتانیا(وایتهووڵ) هەر لە مێژە بوو لە هەوڵی پلانی قۆرخکردنی ئەم ناوچانەیدا بوو، بەتایبەتی لەلایەن ئەو کەسایەتییانەی، کە دانەری سیاسەت بوون لە حکومەتی لۆید جۆرج Lloyd George(١٩١٦-١٩٢٢) بۆ دانانی پلانی پەیوەست بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوتی ویلایەتی موسڵ تەنها بۆ بەریتانیا، ئەوەتا لە ١٢/ئاب/١٩١٨ سیر مۆریس هانکی(Maurice Hankey) وەزیری دەسەڵاتداری کابینەی جەنگی بەریتانیا بە بلفۆری ڕاگەیاند:" لە جەنگی ئایندەدا، نەوت هەمان ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە خەڵوزی بەردین لەم جەنگەی ئێستادا بینیویەتی، تاکە سەرچاوەی نەوت، کە بتوانین بیخەینە ژێر رکێفی خۆمانەوە سەرچاوەکانی باکووری میزۆپۆتامیان، بۆیە لەم گۆشە نیگایەوە بەدەستهێنانی سەرچاوە و گەنجینەکانی نەوت، بە ئامانجێکی جەنگی بەریتانیا دادەنرێت"[2]، لە ١٣/ئابی/١٩١٨بلفۆر بەوەزیری داگیرگەکان (مستعمرات) بەریتانیای ڕاگەیاند:" لەو گۆشەنیگایەوە، کە میزۆپۆتامیا بە ویلایەتی موسڵیشەوە بۆی هەیە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بەریتانیا، پێویستە ڕۆڵی لەندەن لە میزۆپۆتامیا وەك(ڕۆحی ڕێنوێنکەر) لەقەڵەم بدرێت، من گوێ بەوە نادەم، کە دەبێ لە سایەی چ سیستەمێکدا نەوت بەدەست بهێنن، بەڵام ئەم خاڵە بە باش و بەڕوونی دەزانم، کە نەوت وەك کەرەستەیەکی پێویست، دەبێت لە ژێر دەستماندا بێت، بۆ مسۆگەر کردنی. هێزە بەریتانییەکانی شوێنەکانی تر، چ لەناو یا لە دەرەوەی میزۆپۆتامیا، پاش مۆرکردنی ئاگربەست لە گەڵ تورکیا، موسڵ داگیر

---

[1] المس بيل: المصدر السابق،ص١٩١; فؤاد حمه خورشيد: القضية الكردية في المؤتمرات الدولية...،ص١٧.

[2] Petroleum affairs،in،R.O.I،Vol 1909-1918، pp. 665.

دەکەن"[١]،هەروەها لۆید جۆرج لە میانەی ئەم بابەتەدا دەڵێت:" من لە پێناو بەرژەوەندیە باڵاکاندا هەڵکشام بەرەو موسڵ پێش ئەوەی جەنگ کۆتایی پێبێت"[٢]. ئەم وتانەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە بەریتانیا بایەخی تەواوی دابوو بە بابەتی نەوتی ویلایەتی موسڵ، هەر لە مێژیش بوو پلانی داگیرکردنی ئەم ویلایەتە داڕێژراوە،هۆکارەی سەرەکیش تەنها بۆ بایەخی نەوت دەگەڕێتەوە، ئەوەتا ژەنەراڵ(لۆندروف(١٨٦٥-١٩٣٧))ی ئەڵمانی لە یادداشتەکانیدا ئەوەی تۆمارکردوە،کە هاوپەیمانان ،بۆیە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا،چونکە خاوەن نەوت بوون[٣]،لۆرد کرزن لە ٢١ تشرینی دووەمی ١٩١٨ لە ئاهەنگی دەستەی هاوپەیمانەکانی نەوت کە لە کۆشکی لانکستر هاوس سازدرا، وتارێکی دەربارەی بایەخی نەوت پێشکەش کرد،دەڵێت:" هاوپەیمانان لەسەر پشتی نەوت ڕووەو سەرکەوتن چوون"[٤].

لە ڕاپۆرتێکی فەرمی بەریتانیا ڕاستییەك خراوەتەوە ڕوو ئاماژەیەکی ڕوونی تێدایە، کە بەریتانیا هەوڵ و قوربانی زۆری داوە بۆ دەستکەوتنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك، دەڵێت:" گیانێکی زۆرمان لە جەنگی(١٩١٤-١٩١٨) کردە قوربانی بۆ ئامانجی بنەڕەتیمان، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەدا بوو، کە بوار بەهیچ دەوڵەتێکی دووژمن نەدرێت، هەڕەشە لە ڕێگاکانی گواستنەوەی ئیمپراتوریەتەکەمان بکات،بەریتانیا بەرژەوەندییەکی ئابووری زۆر فراوانی لەو دەڤەرەدا هەیە، گرنگترینیان نەوتی کەرکوکە"[٥]، واپێ دەچێت

---

[١] Daniel Yergin: op .cit ،p. 189; Habibollah Atarodi: op. cit، p.51.

[٢] Habibollah Atarodi: op. cit، p.51.

[٣] یوسف ابراهیم یزبك: المصدر السابق،ص٣ ;عبدالرزاق الحسني: تاریخ الوزارات، ج٣،ط٢،صیدا،١٩٥٣،ص٧٢.

[٤] المصدر نفسة،ص ص ٣-٤; راشد البراوي: المصدر السابق،ص ٣١; هنري فوستر: المصدر السابق،ص٢١٣

[٥] ئەم راپۆرتە لە لایەن فەرماندەی هاوبەشی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق و ئێران بەرز کراوەتەوە بۆ سەرووی خۆی دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانی لە سالی ١٩٤٨، بڕوانە: =

پلانەکانی بەریتانیا لە پێش جەنگ دوورخستنەوەی دوژمنەکانی بوو لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك وباشووری کوردستان، بەڵام لەدوای جەنگ بەریتانیا هەوڵی دا هاوپەیمانە نزیکەکانی وەك فەرەنسا لەم ناوچەیەدا دووربخاتەوە.

یادداشتێکی(مۆریس هانکی) لە ٦ تشرینی دووەم ١٩١٨ هەیە،کە وتارێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە لەو بارەدا، دەڵێت: " لۆید جۆرج هەڵوێستی زۆر ئازایانەی ناوەو هەوڵی داوە بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی(سایکس-بیکۆ) بۆ ئەوەی فەلەستین وویلایەتی موسڵ بگەڕینێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆمان،لەوەش زیاتر بۆ ئەوەی بەهەر ڕێگایەك بێت فەرەنسییەکان لەم ناوچەیەدا دووربخاتەوە ..." [1].

بەریتانیا تەنها بەوە نەوەستا، کە بەهێزی سوپا ویلایەتی موسڵ داگیر بکات لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسی دەریبێنێ، بەڵکو ڕێگای دبلۆماسیەتیشی بەکارهێنا. ئەوەتا لە ڕۆژی یەکی کانونی یەکەمی ١٩١٨ کاتێك جۆرج کلیمانسۆG.Clemenceau(١٩١٧-١٩١٩) سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا سەردانی لەندەن دەکات بەمەبەستی دانیشتنێك لەگەڵ لۆید جۆرج لە بارەگای سەرۆك وەزیران(١٠داونیگ ستریت (10Downing Street)) پێش دوو مانگ بەر لە بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، لە ئەنجامی ئەم کۆبونەوەیەدا لۆید جۆرج توانیوویەتی والە کلیمانسۆ بکات دەستبەرداری زۆر شتی گرنگ بێت، دەربارەی ناوچەکانی موسڵ و فەلەستین،لە بەرامبەر ئەوەی بەریتانیا پاڵپشتی فەرەنسا بێت لە کێشە و گرفتەکانی لە ئەورووپادا وبەتایبەتی لەگەڵ ئەڵمانیادا[2]. بەم شێوەیەش بەریتانیا ئەو پلانە درێژەی بۆی دێتەدی، کە

---

= عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي الحديث...،ج١، ص٧٦.

[1] جرجيس فتح الله: يقظة الكرد...،ص١٢٩.

[*] Elizabeth Monroe: Britain's Moment in the Middle East 1914-1956، John Hopkins Press ، (Baltimore،London-1963)،p.101.

ئەوەی شایەنی باس بێت ئەم کۆبۆنەوەیەکی زۆر سەیر بوو جونکە هیچ لە ووتەکانی تۆمارنەکرابوو، تەنانەت تەنها لۆید جۆرج نەبێت ئاشکرای کرد لە یادداشتەکەی لە =

**دایڕشتبوو بۆ دەستبەسەراگرتنی نەوتی میزۆپۆتامیاو بەتایبەتیش ویلایەتی موسڵ، دەستدەکات بەکاری ڕووپێوکردنی ناوچەکان و پسپۆری جیۆلۆجی بۆ ئەم ناوچانە دەنێرێت.**

**هەموو ناوەندە سیاسییەکانی بەریتانیا بەشدارییان کردبوو لەو پلانە دوورودرێژەی، کە دایڕشتبوو بۆ دەستبەسەراگرتنی نەوتی میزۆپۆتامیا (ویلایەتی موسڵ)، ئەوەتا لە ٢٦ شوباتی ١٩١٩ بەشی هەواڵگری بەریتانیا یادداشتێك پێشکەشدەکات، کە پڕە لە ئامۆژگاری و زانیاری تەواو دەربارەی کێڵگە نەوتییەکانی وڵاتی فارس و میزۆپۆتامیا، لە ئەنجامی ڕاپۆرتەکەدا چەند خاڵێك ڕوونکراوەتەوە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا سیاسەتی نەوتی بەریتانیا کار بکات لەسەری، لەو ئامۆژگاری و داواکارییانەدا هاتووە: "ئاسایشی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی چەند ناوچەیەکی نەوتی هەیە لە جیهاندا، چونکە پێداویستییەکانی ئیمپراتۆریەت بەردەوام لەزیاد بووندایە، بەڵام ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست دایە وا پێ دەچێت لە تەواوبوون دابن، هەروەك ئامارژە دەکات بەو سەرچاوە گرنگانەی،کە هێشتا بەکار نەهێنراون لە جیهاندا،دەڵێت تەنها یەك ناوچە لەبەردەست ولەژێر کاریگەریمان دایە، ئەویش کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیاو وڵاتی فارسە، هەرچەندە**

---

**=کۆنگرەی ئاشتی دا، ئاخاوتنی نێوان کلیمانسۆ و لۆید جۆرج دەربارەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەم شێوەیەدا هاتبوو: کلیمانسۆ پرسیاردەکات: بەریتانیا خواستی چ هەمواركردنێك دەکات لە فەرەنسا؟، لۆید جۆرج وەڵامی دەداتەوە دەڵێت:"موسڵ"، کلیمانسۆ دەڵێت: موسڵ بۆ تۆ دەبێت، چی تر؟، لۆید جۆرج دەڵێت: فەلەستین؟، کلیمانسۆ دەڵێت: ئەمەش بۆ تۆ. هەروەها سەرچاوەکان ئاماژەدەکەن کە گوایە لەو کاتەی کلیمانسۆ دەست هەڵ دەگرێت لە موسڵ، یەکێك لە راوێژکارانی پێی رادەگەیەنێت کە واز لە موسڵ ناهێنێت چونکە نەوتێکی زۆری تێدایە، کلیمانسۆ وەڵامێکی زۆر سەیری دەداتەوە دەڵێت:" ئەمە چی یە؟ من ئەگەر نەوتم پێویست بێت ئەوە دەچم بۆ دەرمانخانە بۆ کرینی". واپێ دەچێت ئەوکاتە نەوت لە دەرمانخانە فرۆشرابێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، کمال مظهر احمد: اضواء على قضايا...،ص١٥١; جرجيس فتح الله: يقظة الكرد...،ص١٣٩.**

کێڵگـەکانی میزۆپۆتامیـاو وڵاتـی فـارس لـەرووی جیۆلـۆجی وجـۆگرافی یـەك ناوچـەی پترۆڵین،بـەڵام تـاکو ئێسـتا تـەنها ناوچـەی فـارس لـەژێر دەسـەڵاتی بـەریتانیا دایـە وناوچـەکانی میزۆپۆتامیـا ناکۆکییـان لەسـەرە، بۆیـە ئێسـتا لـە گرنگترین هـەنگاوەکانی سیاسـەتی بـەریتانیا دایـە، بـۆ ئـەوەی ئـەم کێڵگـەیـە بـە تەواوەتی بگەڕێنێتەوە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا"[١].

دەرچوونی ویلایەتی موسڵ لە بازنەی دەسەڵاتی فەرەنسا بۆ ژێر کونترۆڵی بـەریتانیا بـەپێی ڕێککـەوتنی لۆیـد جـۆرج و کلیمانسـۆ، قـەیرانی سیاسـی لێکەوتەوە لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، لە بەهاری ١٩١٩دا لە میانەی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس زنجیرەیەك گفتوگۆو ناکۆکی پڕ لەقسەی زبرو توندو یەکتر تاوانبـارکردنی بـەدوادا هـات [٢]، لـە کۆبوونەوەیەکـدا کـە هەرسـێ زلێهزەکـەی

---

[١] Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 2 1919-1921، pp. 47-48.

[٢]کۆنگرەی ئاشتیی لە پاریس بەسترا کە ماوەی یەك ساڵی خایەن لەنێوان ١٨ کانوونی دووەمـی١٩١٩تـاکو٢١ کـانوونی دووەمـی ١٩٢٠،ئـەم کۆنگرەیـە لـە پێنـاو دیـاریکردنی چارەنووسی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا وهاوپەیمانەکانیان بوو و گەلانی ژێر دەسەڵاتیان،کە لایەنی دۆراوو بوون لەجەنگی جیهانی بەرامبەر بە سەرکەوتووانی جەنگ کە پێك هاتبوون لە(فەرەنسا وبەریتانیاو ئەمریکاو ئیتاڵیا) و ناکۆکی و ململانێیە کە بوو لەم کۆنگرەیەدا، قووڵتر بووەوە کە زۆرجار هەڕەشی کشانەوەی شاندی ئەمەریکی و ئیتاڵیای لێدەکەوتەوە، هەروەها کۆنگرە نەگیشتە بڕیاری کۆتایی سەبارەت بەو بابەتانەی پەیوەندیان بە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت هـەبوو، بـەڵام لـە بەیاننامـەی کـۆنگرەدا دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان بڕیـاری جیاکردنـەوەی( ئـەرمینیا، کوردسـتان، سـوریا، میزۆپۆتامیـا، فەلەستین،نیمچـە دوورگەی عەرەبی)یان دا لـە ئیمپراتۆری عوسمـانی، لـەم کۆنگرەیـەدا ژەنـەراڵ شـەریف پاشا وەك نوێنەری کورد بەشداری کرد و دوانامەیەکی گرنگی بە نـاوی گـەلی کـوردەوە پێشکەش کرد، داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی نێونەتەوەیی کرد بۆ ئەوەی لە دۆزی کورد بکۆڵنەوە وئـەو سـنوورانەی، کـە زۆربـەی دانیشـتووانی کـوردن لـە چوارچێوەی دەوڵـەتێکی کوردیـدا یـەك بخەن،هـەروەها ئـەم داواکارییانـەی کـورد دەبێتـە بنەمایـەکی بـەهێز بـۆ ڕێککـەوتنی سێڤر، بڕوانـە، کمـال مظهـر احمـد: کردسـتان في سـنوات الحـرب العالميـة الاولى...،ص٣٠٣; م.س.لازاریـف واخـرون: تـاریخ کوردسـتان...،ص ص ١٩٤–١٩٥; حامـد محمـود عیسـی:=

جیهان بەشداربوون (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا) باس لە مەسەلەکانی سوریا و نەوت کرا. کلیمانسۆ و لۆید جۆرج بەوپەڕی کینەوە دژی ڕێککەوتنی لەندەنی نێوان خۆیان قسەیان کرد و چەندین جار دژایەتی خۆیان بۆ ئەو ڕێککەوتنە دووپات کردەوو و یەکتریان بە پەیمانشکێن تاوانبار کرد، بەجۆرێك کە دانوستاندنەکانی کۆبوونەوەکە گۆڕا بۆ ململانێ و پێکدادانی زۆر توند، ئەگەر ویلسۆن سەرۆك کۆماری ئەمریکا نەبوایە، لەوانەبوو بەکردەوە لە یەکتریان بدایە[1]. ململانێکەش تەنها لەسەر ویلایەتی موسڵ بوو، کە کلیمانسۆ دەستی لێهەڵگرتبوو بۆ لۆید جۆرج بەپێی چاوپێککەوتنەکەی لەندەن، شاندی فەرەنسا لە کۆنگرە پاریس ڕایدەگەیەنێت، کە کلیمانسۆ بەرامبەر سێ مەرج دەستی لەم ناوچانە هەڵگرتووە، کە ئەمانەن: (فەرەنسا پشکێکی لە نەوتی موسڵ دەست کەوێت، دووەم فەرەنسا پاڵپشتی تەواو وەرگرێت لەدژی ناڕەزایەتییەکانی ئەمریکا، سێیەم ئەگەر سیاسەتی ماندێت جێبەجێکرا، ئەوە ناوچەکانی سوریا لوبنان دەبێت لە ژێر ماندێتی فەرنسا بن) [2]. هەر لە میانەی ئەم بابەتەدا ئەندامی پەرلمانی فەرەنسا(تاریدیۆ) دەڵێت:" لە کاتی دانیشتنە گەرمەکانی کلیمانسۆ و لۆید جۆرج لە ڕۆژانی ٢١-٢٢ مایسی ١٩١٩دا، کلیمانسۆ بە هاوڕێ بەریتانیەکەی دەڵێت، ئەگەر تۆ لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩١٨دا، پێت بگوتمایە، کە دەست هەڵگرتنی من لە موسڵ، هەرلە بەر کێڵگە نەوتییەکانی نەبوو، بەڵکو دەستمان لە زەوی و زارێکی یەکجار زۆریش هەڵگرت... ئەگەر ئەو ڕۆژە ئەوەت پێ بگوتمایە، من بە هیچ جۆرێك بڕیاری

---

=القضية الكردية في العراق من الاحتلال الى الغزو الامريكي(١٩١٤-٢٠٠٤)،ط١،القاهرة، ٢٠٠٥،ص ص ١٠٢-١٠٩; عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، اربيل،٢٠٠١،ص١٤; مارف عومەر گوڵ: مەسەلەی کورد لە ڕێککەوتن نامە نێودەوڵەتییەکانی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٢،ساڵی چواردەهەم،سلێمانی، ئابی ٢٠٠٦،ل ل ٩٦-٩٨.

[1] Daniel Yergin :op .cit ،p. 184.

[2] ويلسون: المصدر السابق،ج٣،ص١٠; Habibollah Atarodi: op. cit, p.62

**وازهێنانم لە موسڵ نەدەدا بە تۆ !!..."[1].**

**بەریتانیا تەنها لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی نەدا پاشگەز بێتەوە لەو بەڵێنانەی کە لەسەر ویلایەتی موسڵ دابووی بەتایبەتی لەگەڵ فەرەنسا، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکەشدا پاشگەز ببووەوە لەو بەڵێنانەی بە دانیشتوانی کوردی دابوو، بە تایبەتی هەوڵیدا بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحمودو حوکمدارییەکەی لەڕێگای چەندین پلاندا، کە ئەنجامەکەی گەیشتە ئەوەی شێخ مەحمود هەوڵی گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆیدا و دەستی کرد بە هێرش کردنە سەر هێزەکانی بەریتانیای داگیرکەر،بۆ ئازاد کردنی سلێمانی لە ٢٣ئایاری ١٩١٩دا، توانی سووپای ئینگلیزی دەرکا لە شارەکەدا، لە ئەنجامدا لە ناوچەی دەربەندی بازیان هێزەکانی شێخ وبەریتانیەکان لە١٨حوزەیران پێکیان دادا،کە لە ئەنجامدا سوپای شێخ تێکشکا وشێخیش دەستگیرکراو نەفی کرا بۆ هیند[2].**

---

[1] **ویلسون: المصدر السابق،ج٣،ص١١;ئەحمەدعوسمان ئەبوبەکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و/موحەمەد نوری تۆفیق، سلێمانی، ٢٠٠٠،ل٢٠; بەلاَم لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی، کە پێشتر لە دەروازەی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێ کرد،کە گەریدە فەرەنسییەکان هەر لە سەدەی هەژدەهەمەوە بابەتی بوونی بڕێکی زۆری نەوت لە ویلایەتی موسڵ وبەتایبەتیش لە کەرکوك دەخەنە روو، کاتێك خۆیان سەردانی ناوچەکە دەکەن، تەنانەت سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم فەرەنسا خۆی هاوکار بووە لە گەشەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوچەکانی گەیارە وخورماتوو وباباگوڕگوڕ، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕێگەی تێناچێ کلیمانسۆ بەو هەموو وریایی وبە ئاگایی وزانیارییەوە, وەك سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا بێ ئاگا بووبێ لەو راستییە مێژوویانەی وکەسیش نەبووبێ لە فەرەنسادا ئاگاداری بکاتەوە لەو بارەیەوە و ڕێنومایییەکی بکات!!! بۆیە دەبێت ئەو وتەیەی کلیمانسۆ وەك راستییەکی بێ گرێ وەرنەگیرێت و بێ لێکدانەوە جێگەی متمانە نەبێت بەڵکو وەك هەوڵدانێك بۆ چاوبەستکردنی گەلانی ناوچەکە وچەواشەکردنی ڕای گشتی وڵاتەکەی خۆی لێکبدرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە، بڕوانە: دلێر ئیسماعیل حەققی شاوەیس: (راستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژوویی)، ئەکادیمی کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان،ژمارە(٤)،هەولێر،٢٠٠٦،ل ل ١-٦.**

[2] **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، س.جي.ادموندز:المصدر السابق،ص ص ٤٩-٥٢;علاءالدين =**

## ڕێککەوتنی لونگ_بیرا نجیە( ٨ نیسانی ١٩١٩ ):

لە ژێر کاریگەری ڕێککەوتننامەی لەندەن و ئەو بارودۆخەی، کە تەنگژەی لە بواری نەوتدا لە نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان بە تایبەتی لەنێوان بەریتانیا وفەرەنسادا دروستکرد، گفتوگۆ نارەسمیەکان دەستیپێیکرد لە نێوانیاندا. هەر لە ٦ کانوونی دووەم ١٩١٩ حکومەتی فەرەنسی داواکاری پێشکەشکرد بەدەستپێکردنی گفتوگۆکان دەربارەی کێشەی نەوت بەشێوەیەکی رەسمی،بەریتانیا ئەم ئامادەیی نیشاندا، چونکە مەترسی لەوە هەبوو،کە ئەگەر داواکارییەکەی بکرێتەوە،فەرەنسا نزیك بێتەوە لە ئەمریکا وبەرەیەك دروست بکەن لەدژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا،بۆیە لە ١٥کانوونی دووەمی١٩١٩ئەنجوومەنی وەزیرانی بەریتانیا بڕیاریدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو بەپەلە دەست بە گفتوگۆکان،بکاتەوە [1].

هێنری بیرانجیە (کە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسا و سەرۆکی لیژنەی نەوتی گشتی فەرەنسا بوو لەو کاتەدا)، نوێنەری فەرەنساش بوو لە گفتوگۆی نێوان فەرەنسا وبەریتانیا لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ، پێشنیازێکی خستەڕوو بۆ ئەوەی فەرەنسا جێگای پشکەکانی بانکی ئەڵمانی بگرێتەوە کە ٢٥٪ پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی هەبوو، بۆ ئەم داخوازییەش فەرەنسییەکان پشتیووانی و لایەنگری هەریەك لە گوڵبەنکیان و کۆمپانیای ڕۆیاڵ دوچ/شێڵ دەستکەوتبوو، چونکە ئەم دوو لایەنە مەترسییان هەبوو، کە گرووپی دارسی و کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی دەست بەسەر

---

=سجادی: شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق،بەغدا ،١٩٥٩،ل٦٣; کمال مظهر احمد: کرکوك وتوابعها...،ص١٦٦; عبدالمنعم الغلامي: ثورتنا في شمال العراق ١٩١٩-١٩٢٠،ج١، بغداد،١٩٦٦،ص ص٩٩-١٠٠. ئەوەی شایەنی باس بێت دوابەدوای ئەم ڕووداوانە، بەریتانیا دەستی دایە بانگەشەی خودمختاری بۆ کوردستان و بەدوای سەرکردیەکی دیکەی کورد دەگەڕا لە جێگای شێخ مەحمود بگرێتەوە، بڕوانە، فواد حمه خورشید: کەرکوك لە بەڵگەنامەکاندا...،ل٨٣.

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق، ص٣٢; Habibollah Atarodi: op. cit, p.72

پشکەکانی بانکی ئەڵمانی بگرێت، کە بەشێوەیەك لە دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت، کۆمپانیای رۆیاڵ دوچ/شێڵ دەیویست بازاری فەرەنسا لە نەوت بۆ خۆی رابکێشێت لەگەڵ بەشداریکردنی لەو کۆمپانیایەی، کە فەرەنسا بەتەمابوو دایمەزرێنێت بۆ دەست بەسەراگرتنی نەوتی میزۆپۆتامیا[1].

گفتوگۆکانی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا کۆتایی پێی هات بە یەکەم یادداشتی رێککەوتن لە ٨ نیسانی ١٩١٩ لە لایەن هێنری بیرانجیە سەرۆکی شاندی فەرەنسا ولایەنی بەریتانی والتەر لۆنگ (W.Long)، کە وەزیری داگیرگەکان(مستعمرات)و کاروباری نەوتی بەریتانیا بوو، ئەم رێککەوتنە لە مێژوودا ناسراوە بە رێککەوتنی(لۆنگ_بیرانجیە)[2] ئەم رێککەوتنە هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی بەریتانیاو فەرەنسای بە هاوبەشی کێشا, بە تایبەتی لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ فراوان تر بوو و بە ئاراستەی جیاجیا دەرۆیشت، گرنگی ئەم رێککەوتنەش لەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

١- بەشداربوونی فەرەنسا لە کۆمپانیای نەوتی تورکی و دەستکەوتنی پشکی(٢٠-٣٠٪).

٢- لە بەرامبەردا فەرەنسا بە تەواوی دەستی لە ویلایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا هەڵگرت، هەروەها فەرەنسا رێگای بۆ دامەزراندنی تۆرێکی بۆری بۆ گواستنەوەی نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ سەر دەریای ناوەراست بۆ نزیك بوونەوە لە بازارەکانی جیهان خۆشکرد. ئەم تۆرە بۆریەش بە ناوچەکانی ژێر ماندێتی فەرەنسا تێدەپەرێت، تاکو بگاتە سەر دەریای ناوەراست.

٣- بە هۆی ئەم رێککەوتنە سەر لە نوێ نەخشەی دابەشکردنی ناوچەکانی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا دارشتنی نوێی بەخۆوەبینی لەسەر سیاسەتی ماندێت،هۆکارەکەشی تەنها نەوت بوو[3].

---

(1) S.H.Longrigg : op. cit ،p. 29; اندره نؤسشي:المصدر السابق،ص٦٥.

(2) فاضل حسين:المصدر السابق،ص٩.

(3) اندره نؤسشي: المصدر السابق،ص٦٧;Habibollah Atarodi: op. cit, p.73

ڕێککەوتنی لۆنگ_بیرانجیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە،کە بەریتانیا بەڵێن دات لەکاتی جێبەجێکردنی ماندێتی بەریتانیا لەسەر عێراق، هەوڵ بدات لەلای حکومەتی ئایندەی ناوچەکەدا بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوت بۆ کۆمپانیای(TPC)یاخو هەر کۆمپانیایەك کە جێگای دەگرێتەوە، ئەم کۆمپانیایە لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی بەریتانیا دەمێنێتەوە، هەروەها ئەم ڕێککەوتنە ٧٠٪ پشکەکانی کۆمپانیای(TPC)دا بە حکومەتی بەریتانیاو٢٠٪ بۆ بەرژەوەندییەکانی فەرەنساو١٠٪ بۆ حکومەتی ئایندەی ناوچەکە[1].

جگە لەوەی پرسی نەوت بەهیچ شێوەیەك جیاناکرێتەوە لەو کۆمەڵە کێشانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە زۆر ئاڵۆزبوون لە پەیوەندی فەرەنسا و بەریتانیا لەلایەك، لە نێوان ئەم دوو زلهێزە و گەلانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی ڕووخاو(تورك، عەرەب، كورد) لەلایەكی تردا، بۆیە ڕێککەوتنی ٨ نیسان وەك مەرەکەبی سەرکاغەز مایەوە. لەو کاتەوە، تاکو کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ، قەیرانێك دروستبوو لە پەیوەندییەکانی بەریتانیا وفەرەنسادا، هەرچەندە بە رواڵەت پەیوەندی بە سوریاوە هەبوو، بەلاّم ڕاستییەکەی پەیوەندی بە پرسی نەوتەوە هەبوو[2]، هۆکاری پەسەند نەکردنی ئەم ڕێککەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ ڕازی نەبوونی فەرەنسا لەسەر دامەزراندنی تۆڕێکی بۆڕی بە گواستنەوەی نەوت لەسەر ناوچەکانی سوریا ئەگەر بەریتانیا زەمانەتی نەداتێت بە ماندێتی فەرەنسا لەسەر سوریا و لوبنان [3]. لە ٢٢ تەمووزی ١٩١٩

---

[1] لە راستیدا ئەم ڕێککەوتنە بە ڕێککەوتنی دوورودرێژ ناسراوە لە مێژوودا و چەندین جار دەقی ئەم ڕێککەوتنە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هەموارکراوەتەوە نزیکەی شەش جار پێش ئەوەی پەسەند بکرێت، هەروەها پێنج دەقی جیاوازی ئەم ڕێککەوتنە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ماریان کینت: اتفاقیات النفط، مجلة النفط والتنمية،ت/قاسم احمد العباس، العدد الثامن،١٩٧٧، ص ص١٦٩-١٧١; هەروەها بڕوانە،نفسه المصدر ،العدد العاشر،١٩٧٧،ص ص ١٦٦-١٦٩.

[2] اندره نؤسشي: المصدر السابق،ص٦٩.

[3] J.C.Hurewitz: op. cit، Vol II، p.75.

دا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەفەرمی بە باڵیۆزی فەرەنسا ڕادەگەیێنێت، کە ڕێککەوتنی نێوانیان پووچەڵکراوەتەوە، فەرەنسییەکان هەستیان بە ئارەزووی بەریتانییەکان کردبوو بۆ بەردەوام بوون لە دەستبەسەراگرتنی نەوتی ویلایەتی موسڵ بەتەنها[1]،بۆیە فەرەنسا زیاتر توند بوو لەسەر داواکاریەکانی. لە ١٢ کانوونی یەکەمی ١٩١٩سوور دەبێت لەسەر ئەوەی دەبێت پشکەکانی لە نەوتی ویلایەتی موسڵ یەکسان بێت لەگەڵ پشکەکانی بەریتانیا بەرامبەر بەوەی دەست لە ویلایەتی موسڵ هەڵبگرێت[2]، بەلاَم سەرچاوەیەك ئاماژەدەکات بەوەی بیرانجیە ئامۆژگاری دەدات بە حکومەتی فەرەنسا بەوەی زۆر توند نەبێت لە داواکارییەکانی لە دژی بەریتانیا، بەڵکو هەوڵ بدات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەریتانیا، لە پێناو دەستەبەری پشکێك لە نەوتی موسڵ"[3].

گفتوگۆ لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا دەستیپێکردەوە، لە ئەنجامدا ولە ٢١ کانوونی یەکەم ١٩١٩ یادداشتێکی ڕێککەوتنی نویٚ واژووکرا لە نێوان سیر گرینوود (Sir.Greenwood) وەزیری بەریتانیا بۆ کاروباری نەوت و بیرانجیە لە لایەن فەرەنسا، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە هەندێك لە کێشەی هەرێمەکان خرانە لاوە، بەلاَم ئەو بڕیارە گرنگانەی لەم ڕێککەوتنە دران بەرزکردنەوەی پشکی فەرەنسی لە کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆ ٢٥٪ پشك بەرامبەر بە ڕەزامەندی فەرەنسا بۆ درێژەپێدانی ئەو دوو هێڵە بۆڕییە و هێڵی ئاسنی بۆ گواستنەوەی نەوت لە ناوچەکانی وڵاتی فارس و میزۆپۆتامیا بۆ سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست بوو، بەڕەزامەندی هەردوو لایەن پشکی حکومەتی ئایندەی میزۆپۆتامیا بەرزبکرێتەوەو بۆ ٢٠٪، بەڕێوبەردنی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ژێر دەسەلاَتی بەریتانیادا مایەوە[4].

---

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق، ص٣٣.

[2] Habibollah Atarodi: op. cit، p.77-78.

[3] Benjamin Shwadran: op. cit ،p.201.

[4] اندره نؤسشي: المصدر السابق،ص٧٠; Habibollah Atarodi: op. cit, p.78

له ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا، ڕاستە فەرەنسا پشکەکانی بەرزبووەوە لە کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆ ٢٥٪، بەڵام سەرکەوتنی گەورە لەم ڕێککەوتنە بۆ لایەنی بەریتانیا بوو، بەتایبەتی لەو دوو خاڵەی، کە جەختی لەسەر مانەوەی کۆمپانیاکە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دەکردەوە، چەسپاندنی دامەزراندنی دوو هێڵی بۆڕی وئاسنی بۆ گواستنەوەی نەوتی وڵاتی فارس و میزۆپۆتامیا بۆ سەر دەریای ناوەڕاست، ئەم پلانەی گواستنەوەی نەوتی فارس و میزۆپۆتامیا پلانێك بوو هەر لە زووەوە لە لایەن بەریتانیا داڕێژرابوو، ئەوەتا لە ئەنجامی ڕاپۆرتی نهێنی بەشی هەواڵگری لە ٢٦ شوباتی ١٩١٩ دا هاتووە، کە ڕێگای ئەڵتەرناتیڤی گواستنەوەی نەوتی فارس و میزۆپۆتامیا لە دوای ڕێگای بەندەری عەبادان-شەتولعەرەب-کەنداوی فارس،کە چەند ڕێگایەکی سروشتی هەیە بۆ سەر دەریای ناوەڕاست، وەك:

١- لەسەر ڕێگای هێڵی ئاسنی بەغدا بڕوات.

٢- لەسەر ڕێڕەوەی ڕووباری فورات بڕوات.

٣- ڕێگای بەرە و ئەسکەندرونە لە بەندەری کۆنی-ئەنادۆڵ-سیواس بۆ بەیروت بڕوات.

٤- لەسەر ڕێگای بیابانی تاکو دەگاتە حەیفا. (١)

**ڕێککەوتننامەی سان_ریمۆ بۆ دابەشکردنی نەوتی جیهان و باشوری کوردستان بە تایبەتی( ٢٥نیسانی١٩٢٠ ):**

ئەو ڕێککەوتنەی نێوان کرینوود- بیرانجیە بناغەیەك بوو،بۆ بەستنی پەیمانێکی نێودەوڵەتی لە نێوان فەرەنسا وبەریتانیا وبە شداریکردنی هێزەکانی تری سەرکەوتووی جەنگ. ئەم پەیمانە تەنها بۆ ئەوە بەسترا، کە ئەو ڕێککەوتنەی نێوان فەرەنسا وبەریتانیا دەربارەی نەوتی ویلایەتی موسڵ جێگیر بکەن لەناو پەیمانێکی نێودەوڵەتیدا لەگەڵ بەرژەوەندییە نەوتییەکانی تری جیهان، هەروەها بەمەبەستی سەر لەنوێی دابەشکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە

(١) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 2 1919-1921، p.39.

**ئیمپراتوریەتی عوسمانی دابڕابوون (میزۆپۆتامیا، سوریا، رۆژهەڵاتی لوبنان، ئوردەن،فەلەستین) لە نێوان هەردوو ماندێتی بەریتانیا وفەرەنسا**[1]**،ئەم جۆرە بەرژەوەندییانەی زلهێزەکان لە کۆنفرانسێك جێگیر بوون بە ناوی سان_ریمۆ (San-Remo) لە ١٩–٢٥ نیسانی ١٩٢٠ لە ئیتاڵیا، ئەو هۆکارەی زیاتر ڕێگای خۆش کرد بۆ بەستنی، بە تایبەتی لە نێوان فەرەنسا بەریتانیا ،ئەوە بوو کە بەریتانیا وەلامی داواکارییەکانی فەرەنسای دایەوە، بەبەخشینی ماندێتێکیی فراوان لەسەر سوریا و ناوچەکانی دەوروپشتی**[2]**، داڕشتن و ئامادەکردنی دەقەکانی ئەم ڕێککەوتنە لە ٢٤نیسانی ١٩٢٠ کۆتایی پێهات،لەلایەن فلیپ برسیلو(Philippe Berthelot) بەڕێوبەری کاروباری سیاسی و بازرگانی لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بوو، هەروەها لەلایەن بەریتانیا سیر جون کادمان John Cadman (١٨٧٧–١٩٤١)* کە بەرپرسی بازنەی نەوتی بەریتانیا بوو لەم کاتەدا، ئەم ڕێککەوتنە لە رۆژی دواتر ٢٥ نیسانی ١٩٢٠ بەفەرمی واژووکرا لەلایەن سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا و بەریتانیا**[3]**.**

**ئەم ڕێککەوتنە، کە لەلایەن بەرپرسانی هەردوو وڵات واژووکرا، لە ١٧ خاڵ پێکهاتبوو کە هەمووی پەیوەندی بە بابەتی دابەشکردنی نەوتی جیهانەوە هەبوو،بەلأم لەهەمووی گرنگ تر خاڵێکی تایبەت بە دابەشکردنی نەوتی باشووری کوردستان ومیزۆپۆتامیای تێدابوو،لە ناوەڕۆکی ئەم خاڵانەدا هاتووە:**

---

**[1]نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق، ص٣٣.**

**[2]ملف عن المفاوضات مع شركات النفط الاجنبية،ط١،عراق،١٩٧٢،ص٣١.**

* **سیر جۆن کادمان** John Cadman**(١٨٧٧–١٩٤١): پرۆفیسور لە بواری ئەندازیاری کانگاکانی لە زانکۆی برمنگهام و کاری کردبوو وەك ڕاوێژکاری نەوت لە وەزارەتی داگیرگەکان بەریتانیا،بوو بە سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ–فارسی، لە دوایدا بوو بە سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی تورکی، بڕوانە ،نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق، ص٣٤.**

[3]Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 2 1919-1921، p.39; **يوسف ابراهيم يزبك: المصدر السابق،ص٢٢٨**

لـه خـاڵی یەکـەم ودووەم دا هـاتووە، بـەپێ فـەرمانی هـەردوو حکومـەتی فەرەنسـا وبـەریتانیا نوێنـەرانیان کۆبوونەتـەوە بـۆ ڕێکخسـتنی ڕێککـەوتنێك لەسـەر بنـەمای پەیوەنـدیی هاوکـاری وهاوڕێیـەتی دەربـارەی یـەکبوونی بەرژەوەندییەکانی هـەردوو وڵات لەسـەر نـەوتی ئـەم ناوچـانە (ڕۆمانیا،ئاسیای بچووك،زەویە کۆنەکانی ئیمپراتۆریـەتی ڕوسیا،کالسیا، ناوچـە کولۆنیالـەکانی فەرەنسا وبـەریتانیا)، دەتوانرێـت ئـەم ڕێککەوتنـە فـراوان بکرێـت بـە خواسـتی هەردوو لایەن، تا ناوچەی تر بگرێتەوە.

لە خاڵی سێیەم تاکو خاڵی شەشەم پەیوەندیی بە نەوتی ناوچەکانی ڕۆمانیا و روسیاوە هەیە، بەڵام لە خاڵی حەوتەمدا، کە پەیوەندیی بە میزۆپۆتامیاوە هەیـە، هـاتووە:" حکومـەتی بـەریتانیا بـەڵێن دەدات، یـاخود هـەر کەسـێك نوێنەرایەتی دەکات بەپێدانی پشکی ٢٥٪ لە پووختەی بەرهەمی نەوتی خاو بەنرخی بازاڕ لەو کاتەدا پێ ببەخشێت، ئەوەی حکومەتی بەریتانیا دەستی دەکـەوێت لـە کانـە نەوتییـەکانی میزۆپۆتامیـا، لـە کاتێکـدا ئـەم بەکارهێنانـەی نـەوتی ئـەم ناوچـەیە لەلایـەن حکومـەتی بـەریتانیا بێـت یـان کۆمپانیایـەك دامەزرابێت بۆ وەبەرهێنانی کانە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا، لەسەر حکومەتی بەریتانیا پشکی ٢٥٪ لە پشکەکانی سەرمایەی ئەو کۆمپانیایە بخاتە بەردەم حکومەتی فەرەنسا، ئەو نرخەی کە دەدرێت لە جیاتی بەشداربوونی فەرەنسا نابێـت هـیچ جیـاوازی هـەبێت لـە نرخـەکانی تـری بەشـداربووانی کۆمپانیاکـە، هـەروەها ئـەو کۆمپانیایـە لـە ژێـر چاودێری و دەسـەڵاتی حکومـەتی بـەریتانیا بمێنێتەوە".

لە بڕگەی هەشتەمدا هاتووە ئەگـەر ئەم کۆمپانیایە دامەزرا دەبێت پشکی ٢٠٪ ی سـەرمایەی کۆمپانیـا بـۆ بەرژەوەندییـە نیشـتمانییەکانی ئـەم ناوچـانە بێت. لە بڕگەی نۆیەمدا هاتووە، کە حکومەتی بەریتانیا رازی بێت و پاڵپشتی بکات لەوەی حکومەتی فەرەنسا بڕێك لە نەوتی وڵاتـی فارسـی دەستکەوێت کە هەناردە دەکرێت بە تۆڕی ئەو بۆڕیانەی بە ناوچەکانی ژێـر دەسـەڵاتی فەرەنسا دەڕوات بـۆ سـەر کـەنارەکانی دەریـای ناوەڕاسـت لـە لایـەن کۆمپانیـای نـەوتی

ئەنگلۆ_فارسی.هەروەها لە بڕگەی دەیەم تاکو سیازدەهەم دا هاتووە، کە لەبەر ئەم مەرجانەی سەرەوەدا هاتووە حکومەتی فەرەنسا ڕازی دەبێت لەسەر دامەزراندنی دوو هێڵی بۆڕی و هێڵی ئاسنی جیاواز، کە بۆ گواستنەوەی نەوتی ولاٚتی فارس و میزۆپۆتامیا دادەمەزرێت، تا بە ناوچەکانی ژێر دەسەلاٚتی فەرەنسادا بڕوات بەرەو بەندەرەکانی لەسەر دەریای ناوەڕاستدا. فەرەنسا بەڵێن دەدات لە کاتی دامەزراندنی ئەم هێڵاٚنەدا بۆ ئاسانکاری، هیچ جۆرە گومرکێك وەرنەگرێت، ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی کۆگا و عەمبار و تۆڕی هێڵی ئاسنی وپالاٚوگەو شووستەو...لە کۆتایی هێڵەکەدا دەکات، وە ئەگەر کۆمپانیاکە خوازیاری دامەزراندنی تۆڕی بۆڕی بوو لە ناوچەکان تاکو سەر کەناری کەنداوی فارس، ئەوا بەریتانیا لەسەر ئەستۆی خۆی دەبێت. بڕگەی چواردەهەم و نۆزدەهەم پەیوەندی بە ناوچە کۆلۆنیالەکانی بەریتانیا وفەرەنساو جەزائیروە هەبوو.

لە بڕگەی حەڤدەهەمدا داهاتوو ئەم ڕێککەوتنە پەسەند ناکرێت لەسەر ئەو ئیمتیازاتانەی دەبێتە بابەتی گفتوگۆو دانوستاندن لە نێوان بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا وبەریتانیا، ئەم ڕێککەوتنە لە لایەن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لۆید جۆرج و میلێراند (Millerand) سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا، لە رۆژی ٢٥نیسان ١٩٢٠ واژووکرا [١].

بەپێی ئەم ڕێککەوتنە فەرەنسا پشکی(دوێچە بانکی) وەرگرت، وفەرەنسییەکان ڕەزامەندیان دەربڕی بەرامبەر بەوەی درێژە بە هێڵی بۆڕی بدەن بۆ گواستنەوەی نەوتی ئەم ناوچانە بۆ سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، ئەم

---

[١] Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 2 1919-1921، pp.54-55.

هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەقی وەرگێڕاوی ئەم ڕێککەوتنە بە زمانی عەرەبی، بڕوانە، قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ص ص٦٦-٦٩ ; ملف عن المفاوضات مع شركات النفط الاجنبية...،ص ص ٣٢-٣٣; عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص ص٢٠٥-٢٠٨.

دەست کەوتانەی فەرەنسا بە هەوڵ وکۆششی پیشەسازگەری فەرەنسا(ئەرنست مەرسیە)ئەنجامدرا[1].

لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا دەوڵەتانی کۆلۆنیالستی بڕیاریان دا بەدامەزراندنی چەند دەوڵەتێك لەوانە(عێراق، سوریا، لوبنان، ئوردن، عەرەبستان، فەلەستین)وە خرانە ژێر ماندێتی بەریتانیا و فەرەنساوە[2]، بەلاّم ئامادەنەبوون چارەنووسی کوردستان دیاری بکەن، تەنانەت بڕیار لەسەر پڕۆژە مەرجکراوەکانی بەریتانیاش بدەن، چونکە بوونی کوردستانێکی یەکگرتوو لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابووری وستراتیژییەکانی ئەوان نەدە گونجا[3].

ڕێککەوتننامەی سان_ریمۆ لە ٢٥ نیسانی ١٩٢٠ وەك ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی هەژماردەکرێت، هەر لە ئەنجامی ئەوەدا ماندێت لەسەر عێراق چەسپا، دەبێت حکومەتی ئایندەی عێراق ڕازی بێت لەسەری، بۆیە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە بەسەر سێ لایەن بەریتانیاو فەرەنساو حکومەتی عێراقی ئایندە،جێبەجێ بێت[4].

لە مانگی ئایاری ١٩٢٠ ولەسەر داواکاری حکومەتی فەرەنسا، حکومەتی

---

(١) دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص١٢.

(٢) محسن محمد المتولي:كرد العراق في المؤتمرات والمعاهدات والاتفاقيات الدولية، مجلة سردم العربي،العدد ١٠، السليمانية،٢٠٠٦،ص ص ٨٧-٩٠.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پرسی کوردستان لە کۆنگرەی سان_ریمۆ ١٩٢٠ بڕوانە،حامد محمود عیسی، القضية الكردية في العراق...،ص ص ١١٠-١١٩; هەروەها سەبارەت بەکاریگەری کۆنگرەی سان_ریمۆ بەسەر دۆزی کورد ئیسماعیل بێشکچی بەم شێوەیە ڕوونی دەکات و دەڵێت:" کێشەی سەرەکی کورد وکوردستان لە کۆنگرەی سان_ریمۆ١٩٢٠ دەستپێدەکات ئەگەر ئەو سەردەم ماندێتی کوردستان سەر بە ئینگلیز یان سەر بۆ فەرەنسا دامەزرایایە، ئەوا مەسەلەی کورد تاکو ئەمڕۆ بەبێ چارەسەرکردن نەدەمایەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی،ژمارە٢،سلێمانی،مایسی ٢٠٠٥،ل١٧٩.

(٤) جورج لنشوفسكي: الشرق الاوسط في الشؤون العالمية،ت/جعفر خياط،ج٢، بغداد، ١٩٦٥،ص١١.

بەریتانیا بەڵێن دووپاتدەکاتەوە لەسەر زاری نوێنەری خۆی جون کادمن بەم خاڵانەی خوارەوە:

١-حکومەتی بەریتانی هەڵدەستێت بەدەست نیشانکردنی کێڵگە دۆزراوەکان یاخود ئەوانەی دەدۆزرێنەوە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا، کە لە ناوچەی ژێر ماندێتی بەریتانیا دان، لەم ڕێگایانەدا، ئەو کێڵگانەی بە درێژایی هێڵی ئاسنی بەغدا بوونیان هەیە ولە نێوان ئەو پارچە زەویانەی، کە بە پانتایی ٢٠کم لەهەموو لایەنی هێڵی ئاسنیەکەدایە، بەپێ ئەحکام و بڕیارەکان مۆڵەتی ئیمتیازی هێڵی ئاسنی بەغدای پێشوو، ئەو کێڵگە پترۆڵیانە، کە پێشووتر خاوەندارێتی خەزینەی تایبەت بە سوڵتانی عوسمانی بوون لە هەردوو ویلایەتی موسڵ وبەغدا، کێڵگەکانی ئەو ناوچانەی(نەوت خانە)، کە خاوەندارێتی گوازراوەتەوە بۆ تورکیا لە ساڵی ١٩١٣دا.

٢- مافەکانی حکومەتی فەرەنسا پێکهاتبوو، لە ٢٥٪ نەوتی خاوی هەناردەکراو لەو کێڵگانەی کە پێشووتر دەستنیشانکرا بوون، بەڵام کاتێکدا ئەم پشکەی دەست دەکەوێت،کە لەلایەن دەزگایەکی حکومی بەکاربهێنرێت بە شێوەیەکی بازرگانی،هەروەها دەستنیشانکردنی نرخی پشکی فەرەنسا بەپێی نرخی تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتەکە دەبێت، لە کۆتایی دەمی هەردوو هێڵی بۆڕیەکەدا، کە لەسەر دەریای ناوەڕاست یاخود لەسەر کەنداوی فارس کۆتایی درووست دەکرێت، بەڵام بەزیادکردنی ڕێژەیەکی گونجاو و لە قازانجێکی دادوەرانە بۆ سەر سەرمایەی بەکارخستراودا، بۆ ئەو کەرەستە و ئامێرانەی، کە لەسەرەتادا بۆ کاری گەڕان وگواستنەوە لەم ناوچانەدا بەکارهاتوون لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا.

٣- لە حاڵەتێك ئەگەر کۆمپانیای تایبەت دامەزرا یاخود زیاتر لە کۆمپانیایەك بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەم کێڵگانە، ماف دەپارێزرێت بۆ حکومەتی فەرەنسا یان نوێنەرەکەی بە ماف بەشداربوونی بەرێژەی ٢٥٪ لە سەرمایەی گشتی[1].

---

[1] لە ڕاستیدا ئەم وەڵامەی حکومەتی بەریتانیا لە مانگی ئایاری ١٩٢٠ وەك پاشکۆی =

ئەوەی شایەنی باس بێت ئەم کۆمپانیایە باسی لێوە کراوە لە گفتوگۆکانی سان_ریمۆ دەربارەی پرۆژەی پەرەپێدانی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا،هەر هەمان کۆمپانیای نەوتی تورکییە، کە لە ساڵی ١٩١٤ ماف ئیمتیازی ئەم ناوچانەی پێ بەخشرابوو لە لایەن حکومەتی عوسمانییەوە، بۆیە لۆنگریك ئاماژە دەکات بەوەی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی بەپێ ڕێککەوتنی سان_ریمۆ بەم شێوەیە دابەشکرابوو:( کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_ساکسۆن ٢٢,٥٪، کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی ٤٧,٥٪، حکومەتی فەرەنسا٢٥٪، گوڵبەنکیان ٥٪)[1].

لە ڕێککەوتنی سان_ریمۆ و پاشکۆکەیدا فەرەنسا سوودێکی باشی پێبەخشرا، هەروەها لەم گەمەیەدا تەنها فەرەنسا وبەریتانیا بەشداربوون، بەڵام لایەنە دۆڕاوەکانی وەك ئەڵمانیا وتورکیا هیچ حسابێکیان بۆ نەکرا، روسیا بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ململانێیەکدا دوورکەوتەوە، بەڵام ئەوەی زۆر سەیر بوو، کە ئیتاڵیا لەم دەستکەوتانەدا بێبەشکرا، هەرچەندە ئەم ڕێککەوتنە لە ئیتاڵیا ئەنجامدرا ، ئەوەی زۆر سەیر تر بوو دوورخستنەوەی ئەمریکا بوو بە بیانوی ئەوەی ئەمریکا لەجەنگدا لە دژی دەوڵەتی عوسمانی شەڕی بەرپانەکردووە، بۆیە هیچ مافێکیان نیە دەست بخەنە ناو ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان تورکیا و دژەکانیەوە[2]، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمریکا و ئیتاڵیا، کە دوو زلهێزی گەورەبوون و کاریگەری گەورەیان هەبوو لە سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە جەنگدا،غافڵ و بێئاگا بوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم جۆرە دابەشکردنەی فەرەنسا وبەریتانیا لە بەرژەوەندییە نەوتییەکان؟.

---

=ڕێککەوتننامەی سان_ریمۆ لەقەڵەم درا،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، اندره نۆسشي: المصدر السابق، ص٧٢.

[3] Oil in the Middle East،op.cit، p.44.

[2] اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص٧٣.

**هەڵویستی ئەمریکا لەبەرامبەر هەردوو ڕێککەوتنی ( لۆنگ_بیراجیه ) و ( سان_ریمۆ ) :**

هەرچـەندە حکومـەتی ئـەمریکا سیاسـەتی دوورەپـەرێزی پـەیڕەووکرد و خۆی بەدوورگرت لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی دا[1]، بەڵام لە دوای جەنگی (١٩١٤-١٩١٨) بنەمایەك سەریهەڵدا بە ناوی(یەکسانی نێودەوڵـەتی لـە بـواری ئـابووری)دا، بـۆ هـیچ دەوڵـەتێکی زلهێـز نەبوو وانیشان بدات، کە هەوڵ بدات بۆ چەسپاندن و کۆنترۆڵ کردنـی ئـابووری وبازرگـانی دەوڵـەتێکی تـر، بەتایبـەتی ئەگـەر ئـەو وڵاتـە ئـەمریکا بێـت، بۆیـە لـە دوای جـەنگ نـاکۆکی و ململانێیـەکی دووردرێـژ بەشـێوەیەکی قـووڵتر دەسـتی پێکـرد بـەوەوە و ململانێیـەکان چـەرتڕبوون لەسـەر دەسـتکەوتنی مەیدانـەکانی نـەوتی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و بەتایبـەتی ئـەو مەیدانانـەی لـە نـاو ویلایـەتی موسڵ دا بوون. ئەم ململانێیە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی کارەکانی دواخرا لە گەڕان و ڕووپێوکردن[2].ئەو گرنگـی دانـەی ئـەمریکا بەنـەوتی عێـراق وناوچـەکانی کوردسـتان بەتایبـەتیش دەگەڕێتـەوە بـۆ دوای ڕێککەوتننامەی سان_ریمۆ، هەروەها لە باوەڕی ئەمریکییـەکان چەندین هۆکـار هەیە لەپاڵ ئەم گرنگییەدا:

١- دوای ئـەوەی نـەوت جێگـایی خـەڵۆزی گرتـەوە لـەبواری گواسـتنەوە و کەشتیرانی.
٢- وا مەزەنـدە کرابـوو کـە ویلایـەتی موسـڵ، بڕێکـی زۆر نـەوتی تێدایـە، زیاتر لە ٤بلیون بەرمیل نەوت دەبێت.
٣- پسپۆڕانی جیۆلۆجی ئەمریکا ئاماژەیان کردبوو، کە یـەدەکی نـەوت لـە ئەمریکا لە کەم بوونەوە دایە.

---

[1] Benjamin Shwadran:op.cit،p.201; نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق، ص٣٤.

[2] جرجيس فتح الله: النفط قرر مصير كوردستان السياسي،مجلة الثقافة الكردية،العدد(٢) اذار١٩٩٠.لندن، ص١٢.

٤- بوونی خواستێکی شەڕانگێزی بەریتانیا لە جیهان لە پێناو کەرەستەی نەوت.

٥- هەروەها بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی ئەمریکا چالاکانە کاری دەکرد لە دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا[1].

لەڕاستیدا ئەمریکا لە بواری نەوتدا بە قەیرانی ئابووریدا دەڕۆیشت لە دوای جەنگی(١٩١٤-١٩١٨)، گومانی کەم بوونەوەی خێرای نەوت لە ئەمریکا لە ئارادابوو، ئەم قەیرانە هاوکات بوو لەگەڵ زیادبوونی رۆژ لە دوای رۆژ داواکاری لەسەر نەوت. لە نێوان ساڵانی ١٩١١-١٩١٨دا بەکارهێنانی نەوت لە ئەمریکا بەرێژەی ٩٠٪ زیادی کردبوو، هەروەها پێشبینی کرابوو، کە لە دوای جەنگ رێژەکە لە زیاد بوون دابێت، لە ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ ژمارەی ئۆتۆمبیل لە ئەمریکا زۆر زیادی کرد لە ١,٨ ملیۆن ئۆتۆمبیل گەیشتە ٩،٢ ملیۆن، بۆیە ترسی کەمبوونەوەی نەوت زۆر زیادی کردبوو، ئەم هۆکارانە وای لە سیناتۆرێکی ئەمریکی کرد، کە بە فەرمی پێشنیاز بکات، بەوەی هێزەکانی دەریایی ئەمریکا بگەڕێنەوە سەر وزەی خەڵوز، بەرپرسی بەڕێوبەری لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی، هەروەها پسپۆرانی ئەمریکی ئەم مەترسییەیان بە مەنتقی لەقەڵەمدا[2].

لە ساڵی ١٩١٩ سەرۆکی گشتی بەڕێوەبەرێتی کانەکانی ئەمریکا رایگەیاند:" لە ٢-٥ ساڵی داهاتوو، کێڵگە نەوتییەکانی ئەمریکا دەگاتە ئەو پەڕی توانای بەرهەمهێنانی خۆیان، لەم بەروارەدا قۆناغی دابەزینی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێت"، جۆرج ئۆنیس سیمیس(G.O.Smith) سەرۆکی گشتیی دەزگای لێکۆڵینەوە جیۆلۆجییەکانی ئەمریکا چەند پێشنیازیك لەم بارەیەوە بە حکومەتی ئەمریکا پێشکەش دەکات ودەڵێت:" پێویستە لەسەر

---

[1] هنري فوستر: المصدر السابق،ص ص ٢٢٥-٢٢٦.

[2] Daniel Yergin: op.cit ،p. 194;

هەروەها، أيان رتليدج: العطش الى النفط،ت/مازن الجندلي،بيروت،٢٠٠٦،ص٥١.

حکومەتی ئەمریکا لە ڕوی ئەخلاقییەوە پشتیوانی لە هەر جۆرە هەوڵێکی کۆمپانیای ئەمریکی بکات، بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانیان لە مەیدانەکانی بەرهەمهێنانی نەوت، لەهەر شوێنێکی جیهاندا بێت"، هەروەها ئاگاداری کردنەوە، کە سەرچاوە و گەنجینە ناوخۆییەکانی ئەمریکا بەتەواوەتی بەشی ٩ساڵ و ٣مانگی تر دەکات[١]. بەڵام ئەم پێشبینییانە زێدەڕۆیی زۆریان تیاکرا، چونکە دابەزینی نەوت بەو قەبارەیە نەبوو،هەرچەند ئەمریکا تووشی تەنگژەی بەرهەمهێنانی نەوت ببوو، بەڵام ئەگەری ئەوی لێدەکرا کە کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی نەوتی ئەمریکا لەپشت ئەم زانیاریانەوە بێت ئەویش بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی حکومەت بۆ پرۆژەکانیان لەدەرەوەی وڵات.

بەهۆی ئەم هۆکارانەو چەندین هۆکاری ترەوە، ئەمریکا لەسەرەتادا ناڕازی دەبێت لە دەست تێوەردانی بەریتانیا لە بەرژەوەندیە پترۆڵییەکانی کە لە وڵاتی فارس دەست پێکات، بەتایبەتی لە ئابی ١٩١٩ ڕێککەوتنیك لە نێوان حکومەتی بەریتانیا وحکومەتی ئێران مۆرکرا ، بۆ ئەوەی ئێران هانبدات بە دەست بەسەراگرتنی ئەوناوچە پترۆڵیانەی لە باکووری وڵاتدا هەبوون [٢]، بۆیە ئەمریکییەکان لەگەڵ فەرەنسییەکان و روسەکان بەتوندی دژی دەوەستن، بەتایبەتی ئەمریکا، چونکە دژبە بنەمای سیاسەتی (دەرگای کراوە Open Door Policy) یە، بەوجۆرەی ئەم بنەمایە حکومەتی ئەمریکی دەیویست سەرمایەو خاوەن پشەکانی ئەمریکا یەکسان بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تری جیهان لە بواری ئابووری وبازرگانی، بەتایبەتیش ماف یەکسانی هەبێت لەدەستکەوتنی سەرچاوەکانی نەوتی جیهاندا[٣]

ڕێککەوتنی لۆنگ_بیراجیەی نێوان فەرەنسا وبەریتانیا، ئەمریکیەکانی تووشی شۆك کرد، چونکە ئەمریکییەکان پێش کۆتایی بە ساڵی ١٩١٩ بێت

---

(١) Daniel Yergin: op.cit ،p. 194;.أیان رتلیدج: المصدر السابق،ص٥١

(٢) اندره نؤسشي: المصدر السابق،ص٧٥.

(٣) Daniel Yergin: op .cit ،p. 195.

خۆیـان خزانـدبووە نـاو ئـەو ململانێیـە لـە دژی بـەریتانیا لـە پێنـاو کـونترۆڵ ودەسـت بەسـەراگرتنی نـەوتی میزۆپۆتامیـا، ئـەم ململانێیـە وەك درێـژترین و ئاڵۆزترین کێشـە لـە نێوانیانـدا مایـەوە، لـە هـەموو کێشـەیەك زیـاتر کاریگـەری هەبوو لەسەر تێکچوونی پەیوەندی ئەنگلۆ_ئەمریکی[1]. جیاوازییەکانی نێوان بەریتانیا و ئەمریکا تـەنها لەسـەر نـەوتی رۆژهـەلأت نەبوون، بـەڵکو هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ جیـاوازی بـەریتانیا وئـەمریکا لەسـەر فەلسـەفەی ئـابووری نێودەوڵـەتی. پسـپۆرێکی بـواری ئـابووری بـەم شـێوەیە ڕوونـی دەکاتـەوە" ئـەو ڕێگایـەی کـە هەڵیانبـژاردبوو بـۆ کـۆنترۆڵ لەسـەر سـامانی نـەوت لـە نـاو دڵـی لـۆژیکی و کێشـەکان بـوو، کـە بەشـێوەیەك سیسـتەمی نێودەوڵـەتی گـۆڕی لـە سەدەی بیستەم دا"[2].

زۆر بەهەستێکی توڕەبوونـەوە ئەمریکاییـەکان چاویان بڕییـە گفتوگۆکـانی نێـوان فەرەنسـییەکان وبەریتانییـەکان بـۆ دابەشـکردنی نـەوتی ویلایـەتی موسڵ، کە بەهیچ شێوەیەك گرنگی ئەم نەوتە لە چاوی کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا کەم نەبوو، ئەندامانی شاندی ئەمریکا لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ناڕەزایی خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بەو گفتوگۆیانە[3]، کابتن ولیام ییل Yale یادداشـتێکی گرنگـی خسـتە بـەردەم شـاندی ئـەمریکی لـە کـۆنگرەی ئاشـتی لەبـەرواری ١مایسـی ١٩١٩ دەربـارەی گرنگـی نـەوتی میزۆپۆتامیـا. ئـەم زانیارییانەی بە پسپۆرییەوە پێشکەش کردبوو ،چونکە ماوەیەك کاری کردبوو لـە کۆمپانیـای نـەوتی سـتاندرد ئۆیـل نیوجەرسـی، بـە پێویسـتی دەزانـی کۆمپانیاکـانی نـەوتی ئـەمریکی بـۆ دەسـت بەسـەراگرتنی نـەوت بەشـداربێت، جـەختی کردبـوو کـە پـێش ئـەوەی عێـراق بخرێتـە ژێـر دەسـەلأتی مانـدێتی بـەریتانیاوە، دەبێـت بـەڵێن پێشـکەش بکـات بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـازادی

[1] John A.Denovo: op. cit، p. 173.

[2] Willam Stivers: op. cit، p.517.

[3] ابراهيم علاوي: البترول العراقي والتحرر الوطني، بيروت، ١٩٦٧،ص ٥١.

بەشداربوونی پیشەسازی نەوتی ئەمریکا، دوورخستنەوەی ئەم بەشداربوونە دەبێت ئەوەی هەڵوێستی بەرهەڵستی پەیدابێت لە دەست بەسەراگرتنی نەوتی ئەم ناوچانەدا، نابێت بە تەنها بۆ سوودی بەریتانیا کاری بۆ بکرێت[1].

ئەمریکاییەکان زۆر بە ڕاشکاوانە چاویان بڕیبووە نەوتی ڕۆژهەڵات بەگشتی و نەوتی ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی، کە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دابوو، بەڵام لە راستیدا دەروازەکانی ئەم ناوچانە بە ئاسانی بۆ ئەمریکاییەکان نەدەکرانەوە[2]. تەنانەت جارێکیان دوو جیۆلۆجی سەر بە کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل ئۆڤ نیوجەرسی توانیبوویان بۆ دۆزینەوەی نەوت، خۆیان بگەیەنە میزۆپۆتامیا، بەڵام کۆمیسەری مەدەنیی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا هەردووکیانی دەستگیرکردو تەسلیمی سەرۆکاییەتی پۆلیسی بەغدای کردبوون[3]، ئەمە لەو کاتەدا بوو، کە کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە هەوڵی دەستکەوتنی مۆڵەتی گەڕان (تنقیب) بەدوای نەوتی میزۆپۆتامیا دابوون، لە ڕێگای باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هیچ وەڵامێکیان نەدانەوە. لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩ کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل ئۆڤ نیوجەرسی ، سکاڵای پێشکەش کرد بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دژی دەسەڵاتی بەریتانییەکان، کە ڕێگا نادەن بە نوێنەرانیان دەستبەکاربن لە میزۆپۆتامیا، بەڵام لەبەرامبەردا ڕێگا درابوو بە کۆمپانیای شێڵ و کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی بە کارکردن لەم ناوچانەدا، بۆیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە باڵیۆزی خۆی کرد لە لەندەن، کە بە حکومەتی بەریتانیا ڕاگەیەنێت، کە پێشبینی دەکات پسپۆڕانی کۆمپانیاکانی ئەمریکا هەندێك ئیمتیازی نەوتیان لەم ناوچانە دەستکەوێت، کە هاوشێوەی ئیمتیازەکانی هاوولاتیانی بەریتانیا بێت[4]، بەڵام لە وەڵامی لۆرد

---

(1) John A.Denovo: op. cit، pp. 176-177.

(2) Daniel Yergin :op .cit ،p. 196.

(3) John A.Denovo: op. cit، p. 178.

(4) نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق، ص٣٦.

کرزن بە باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن رادەگەیەنێت لە تشرینی دووەمی ١٩١٩، کە هەموو کارەکانی گەڕان و ڕووپێوکردن وەستاون لە کاتی داگیرکردنی ئەم ولاّتەدا، تەنها ئەو پێداویستانە نەبێت، کە بۆ کاروباری سەربازی بەکارهێنراوون، بڕیاری بەخشینی ئیمتیازی نەوت بە جێهیشتراوە بۆ حکومەتی ئایندەی ئەم ناوچەیە، کە لە بواری دامەزراندن دایە[١]، هەروەها ئەو پێشنیازەی کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل ئۆڤ نیوجەرسی رەتکرایەوە، کە تیمێك لە جیۆلۆجی بۆ ڕووپێوکردن بۆ ولاّتی میزۆپۆتامیا ڕەوانە بکات لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە، تاکو بەتەواوی بارودۆخی سیاسی سەقامگیر دەبێت. هەوڵەکانی ئەمریکاییەکان نەوەستا، بەڵکو کۆمپانیا نەوتییەکانیان بە نهێنی لە هەوڵی کڕینی پشکی بانکی ئەڵمانیدا بوون، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوون[٢].

ساڵی ١٩٢٠ ساڵێکی گرنگ بوو لە مێژووی نەوتی ناوچەکانی کەرکوك ویلایەتی موسڵ بە گشتی، لە ١٤ کانوونی دووەم ١٩٢٠دا بە هاندانی کۆمپانیای نەوتی ستاندرد ئۆیل، سوڵتان محەمەدی شەشەم وەحیدین(١٩١٨-١٩٢٢)فەرمانێکی شاهانەی دەرکرد لە ڕێگایەوە هەموو ئەو ناوچانە و ئەو موڵك وماڵ و دەزگا و ئیمتیازانەی لە سەردەمی سوڵتان محەمەد رەشاد(١٩٠٩-١٩١٨) گوازرابوونەوە بۆ وەزارەتی دارایی لە ساڵی ١٩٠٩ بە گەڕانەوەی بۆ خەزینەی تایبەتی سوڵتان، ئەم بڕیارە بە فەرمانێکی یاسایی پاڵپشتی لێکرا، کە لە لایەن هەموو وەزیرەکانی حکومەتی تورکیا مۆرکرابوو[٣]. هەر لە بارەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ لە ناوەندی تورکیا لە ٢٨ کانوونی دووەمی ١٩٢٠ کەمالیستەکان لە ئەنجامی هەردوو کۆنگرەی ئەرزەرووم و سیواس* ، کە

---

[١] جرجيس فتح الله: النفط قرر مصير كوردستان...،ص١٢.

[٢]دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ص ١٤-١٥.

[٣] عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي:المصدر السابق،ص٢٠٢.

* کۆنگرەی ئەرزەرۆم لە ٢٣ تەمووزی١٩١٩،لەسەر داواکاری مستەفا کەمال ئەتاتۆرك بۆ کۆکردنەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی نویێ بەسترا، ئەم کۆنگرەیە چەند بڕیارێکی دەرکرد کە هەموو لە پێناو سەلامەتی ناوچەکانی ئەنادۆل بوون، هەروەها داوای لە گەلی تورکی وهێزە=

لـه (میسـاقی نیشـتمانی) بلاَوکرایـەوە، کـە ڕەنگدانـەوەی بیروبۆچـوونەکانی کەمالیستەکانی خستەروو دەربارەی چارەنووسی ویلایـەتی موسـڵ، دەڵێت:" میساق بڕیاری داوە بە ئازادی ماف چارەنووسی ناوچە عەرەب نشینەکان لە باشووری هێڵی ئاگربەستی ١٩١٨، بەلاَم ناوچە غەیرە عەرەبیەکان لە تورکیا بە هیچ شێوەیەك جیانانـەوە"[1]، بـێ گومـان مەبەسـت ویلایـەتی موسـڵ بـوو لـەو ناوچانە، کە زۆرینـەی دانیشتوانی کوردن، بۆیە ئەم میساقەی کەمالیستەکان یەکـەم داواکـاری دەوڵـەتی تورکیـای نوێیـە لەسـەر ویلایـەتی موسـڵ، هـەروەها ئاماژەیـە بـەوەی تورکـەکان کاردەکـەن بـۆ گەڕانـەوەی. لـە لایـەکی تـردا بلاَوبوونـەوەی هـەواڵی تایبـەت بـە مـۆرکردنی ڕێککەوتنامـەی سـان_ریمـۆ لـە ٢٥نیسانی ١٩٢٠ لە نێوان فەرەنسا وبەریتانیا بۆ دابەشکردنی نەوتی ویلایەتی موسـڵ وناوچـەکانی جیهان،بـە جارێـك حکومـەتی واشـنتۆن و کۆمپانیـا نەوتییـەکانی شـەڵەژاندو ولـە ڕۆژنامـەکانی ئـەمریکادا ڕووبـەڕووی دژایـەتی بـووەوە[2]، بەشـێوەیەك هەسـتی دوژمنایـەتی لـەدژی بـەریتانیای وروژانـد، کـە تۆمـەتی ئـەوەیان خسـتە پاڵیان،کـە ڕۆحـی سـەربازی بـۆ دەستبەسـەراگرتنی کێڵگـە نەوتییـەکان دەچەسـپێنێت، هـەردوو حکومـەت یادداشـتی تونـدیان ئاراستەی یەك کرد، و ململانێی دبلۆماسی ڕوویدا لە نێوانیان، کە بە توندترین ململانێی مێژووی کۆلۆنیالزمی ئابووری هەژماردەکرێت، بە ئاستێك کە خەڵك باسی ڕوودانی جەنگیان دەکرد لە نێوانیاندا[3].

---

=نیشـتمانییەکان کـرد بـۆ بەرگریکردن،لـە ٤ ئـەیلولی هـەمان سـاڵ کـۆنگرەی سـیواس بـۆ پەسەندکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزەرۆم بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا دەسەلاَتی کەسایەتی مستەفا کەمال باڵی کێشابوو بەسەریدا، لە١٩ ئاداری١٩٢٠ ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەی تورکی دامـەزرا، لـە٢٣نیسـانی١٩٢٠ یەکـەم کۆبوونـەوەی کـرد ومسـتەفا کـەمال وەك سـەرۆك هەڵبژێردرا، ابراهیم خلیل احمد وخلیل علی مراد:المصدر السابق،ص ٢٣٢.

[1] جرجیس فتح الله:یقظة الکرد...،ص٢٣٤.

[2] یوسف ابراهیم یزبك: المصدر السابق،ص٢٨٢.

[3] نوري عبدالحمید خلیل: المصدر السابق، ص ص ٣٦-٣٧.

کۆمپانیای نەوتی ستاندرد ئۆیل ئوڤ_نیۆجیرسی زۆر نیگەران بوو، دەترسا ئەم ڕێککەوتنەی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا ڕێککەوتن بێت لە نێوان هەردوو کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی و کۆمپانیای رۆیاڵ دۆچ/شێڵ لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ببێتە هۆی وەدەرنانی کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕەکانی خۆی لە سەرتاسەری جیهاندا، بۆیە ستاندرد ئۆیل ئوڤ_نیۆجیرسی زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆی بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاگەیاند، خوودی وەزارەتیش ئەم ڕێککەوتنەی بە پێشیلکردنی بنەماکانی سیاسەتی (دەرگای کراوە) لەقەڵەم دا[1]. کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکی شۆڕشێکی شێتانەیان وروژاند لەسەر فەرەنساو بەریتانیا، بەتایبەتیش بەریتانیا، هەروەها ڕۆژنامەکانی زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەیان بە پیاوانی نەوتی ئینگلیزی وفەرەنسی کرد بەوەی کە "دز وخۆپەرستن،کۆلۆنیالزمن...، بەڵێنیان داوە بە گەلانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی بە ئازادکردنیان، بەڵام بەڵێنەکانیان تەنها لەخشتەبردن ولە پێناو دزینی نەوتەکەیاندا بوو" [2].

هەڵوێستی ئەمریکا لەم ناکۆکییانەدا بەندبوو لەسەر بنەماکانی سیاسەتی (دەرگای کراوە)و پرنسیپەکانی ١٤ بەندەکەی ولسن هاتبوو، لەگرنگترین ئەو خاڵانەی ئەم سیاسەتە بەندبوو لەسەری مامەڵەکردنی یەکسانی بەرامبەر بە هاوڵاتییانی هەموو گەلان بەبێ جیاوازی لەبەردەم یاسا لەو ناوچانەی، کە ماندێت دەیانگرێتەوە، نابێت ئەو ئیمتیازە ئابووریانەی کە دەبەخشرێن لەو زەویانە ئیمتیازی فراوان بێت و تەنها بۆ یەك لایەن بێت، نابێت ئیمتیازی قۆرخکردنی هەر کەرەستەیەك ببەخشرێت، ئەمریکاییەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە هاوپەیمانان هەموو بەشداربوون لە سەرکەوتنی جەنگی

---

[1] Daniel Yergin: op .cit ،p. 195.

[2] یوسف ابراهيم يزبك: المصدر السابق،ص٢٨٢; عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي: المصدر السابق،ص٢١٤.

جیهانی، مافی هاووڵاتیانی هاوپەیمانانە، کە بەشداری بکەن لە دەستکەوتەکانی جەنگ. لەلایەکی ترەوە حکومەتی ئەمریکا ڕوونی کردەوە، کە ڕێککەوتنامەی سان_ریمۆ هیچ مافێکی بە هاوڵاتیانی ئەمریکا نەداوە، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە کۆمپانیای نەوتی تورکی هیچ مافێکی یاسایی نەماوە لە نەوتی میزۆپۆتامیا، ناکرێت ئەم ئیمتیازە شەرعیەتی بدرێتی تاکو حکومەتێکی هەڵبژێردراو لە ناوچەکەدا دانەمەزرێت و بەخشینی ئەم جۆرە ئیمتیازەش لە ئەستۆی ئەودا دەبێت.ئەم بۆچوونانەی ئەمریکا هەموو لە یادداشتێکی فەرمی لە١٢مایسی١٩٢٠ لەلایەن (جۆن دیفس)باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن پێشکەش بە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لۆرد کرزن کراوە، کە زیاتر لە ٩خاڵی پڕ لە ناڕەزایی و گلەیی لە هەڵوێستی ئەمریکا دەنوێنێت لەسەر ڕێککەوتنی سان_ریمۆ[١]. بەلاّم حکومەتی بەریتانیا هیچ وەلاّمێکی نەبوو بەرامبەر بە یادداشتی ئەمریکا، ولە مانگی تەموزدا حکومەتی ئەمریکا بە وردی چاوی خشاندەوە بە بڕگەکانی ڕێککەوتنی(سان_ریمۆ) ولە ٢٨ تەمووزی ١٩٢٠ یادداشتێکی تری دا بەدەست وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ڕێگای باڵیۆزی خۆی لە لەندەن، کە زۆر توند و تیژتر بوو لەوەی پێشوو، هەروەها ئاماژەی کردبوو بەوەی ڕێککەوتنامەی سان_ریمۆ دژ بە بنەماکانی یەکسانی مامەڵەکردنە، چونکە مەرجی یاسایی لە ڕەفتارکردن بە نەوتی میزۆپۆتامیاوە تیانیە، هەروەها مامەڵەی جیاوازی بە فەرەنسا بەخشیووە و چەندین ناڕەزایی تر[٢].

دوای ئەوەی هێرشی میدیاکان و ڕۆژنامەکان لە ئەمریکا توند تر بوو نەبوە لەسەر بەریتانیا، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ناچار بوو وەلاّمی یادداشتەکانی

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خاڵەکانی ئەو یادداشتەی باڵیۆزی ئەمریکا،بڕوانە، قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ص ص ٧٧-٨٠;عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي: المصدر السابق،ص ص٢١٦-٢٢٠ .

[٢] بڕوانە، قاسم احمد العباس: المصدر السابق، ص ص٨١-٨٢.

ئـەمریکا بداتـەوە[1]. لـە ڕێگـای یادداشـتێکەوە کـە لـە ٩ئـابی١٩٢٠ بـە باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن درا،لە ناوەڕۆکی ئەم یادداشتەدا هاتووە بە دوورخستنەوەی ڕاستی ئەو ڕاپۆرتانەی باس لـە کارکردنی بەریتانییـەکان دەکەن لـە کێڵگـەکانی نـەوتی میزۆپۆتامیـادا، بـە دوورخسـتنەوەی ئـەو بیروبۆچـوونانەی، کـە لـە ئـەمریکا بـاوبوون دەربـارەی سیاسـەتی نـەوتی بەریتانیا(کـە تـەنها خواسـتی چەسـپاندنی دەسـەلاَتە لەسـەر کانگاکـانی نەوتـدا)، لـۆرد کـرزن، دەڵێـت:" بـەریتانیا تـەنها ٤,٥٪ سەرچـاوەکانی نـەوتی کـۆنترۆڵکردووە لـە کـۆی گشـتی بەرهـەمی نـەوتی جیهانـدا، بـەلاَم ئـەمریکا زیـاتر لـە ٨٠٪ قـۆرخکردوە"، ئەمـە ئامـاژە دەکـات بـەوەی بەرهەمـەکانی نـەوت لـە میزۆپۆتامیـا پـارێزراوە بـۆ حکومـەتی داهـاتووی ئـەم ناوچـەیە، ئـەو پشـکەی بـە فەرەنسـاش دراوە لـە سـان_ریمۆ بەرامبـەر بەوەبوو، کـە فەرەنسییەکان دەست لـە ویلایـەتی موسـڵ هەڵبگرن و ڕەزامەندیان دەربڕیووە بۆ دامەزراندنی تۆڕی بۆڕی بۆ گواستنەوەی نـەوتی ئـەم ناوچـەیە بـۆ سـەر کـەنارەکانی دەریـای ناوەڕاسـت، ئـەم کـارەش یارمەتی حکومـەتی داهـاتووی میزۆپۆتامیا دەدات بـۆ گواسـتنەوەی نەوتەکـەی بۆبازاڕەکانی جیهان و بازرگانی کردن پێی[2].

وەزارەتـی دەرەوەی ئـەمریکا لـە ٢٠ تشـرینی دووەمـی١٩٢٠ بـە شـێوەیەکی زۆر توندتر لـە جاران وەلاَمـی یادداشـتی لـۆرد کرزنـی دایـەوە، و بـاوەڕی خـۆی پێشان دا، کە ماف خۆیەتی بەشداری بکات لەو قازانج و سوودانەی، کـە بەپێی سیاسەتی ماندێت دەستکەوتوون، چونکە، مـاف هـەر دەوڵەتێکـە، کـە بەشـداری کردبێـت لـە جەنگـدا، هـەروەها ئامـاژەی بـەوە کـرد، لـە پێـدانی پشـکی ٢٥٪ لـە

---

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق، ص ٣٨.

[2] بۆ پۆختەی خاڵەکانی ئەم یادداشتەی لورد کرزن لە ٩ئابی ١٩٢٠، بڕوانە:
Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 2 1919-1921، pp.56-58 ; B. Shwadran: op.cit ،pp. 206-207;

قاسـم احمـد العبـاس: المصـدر السـابق،ص ص ٨٢-٨٨;عبدالحميـد العلـوجي و اللامـي: المصدر السابق،ص ص٢٢٤-٢٣٠ .

نەوتی ویلایەتی موسڵ، دژایەتی لەگەڵ ئەو وتانەی بەریتانیا دەکات، کە دەڵێت (کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا پارێزراوە بۆ حکومەتی داهاتووی ناوچەکە)، زۆر سەریان لەوە سوڕما بوو، بەوەی بەریتانیەکان تاکو ئێستا ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی بەو بەڵێنەی سەدر ئەعزمی ساڵی ١٩١٤ لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا بەراست و دروست دەزانێت، چونکە بەپێ ئەو زانیاریانەی لە بەردەست حکومەتی ئەمریکا دایە، ئاماژە بەوە دەکەن، کە کۆمپانیای نەوتی تورکی هیچ مافییێکی ئیمتیازی نەوتی پێش جەنگی وەرنەگرتووە، حکومەتی ئەمریکا هیچ باوەڕی بەوە نییە کە حکومەتی بەریتانیا، دەڵێت قۆرخی کەرەستەی نەوت ناکا، بەلأم لە دەقی رێککەوتنامەی سان_ریمۆدا هاتوو، کە ئەو کۆمپانیایەی بۆ پەرەپێدانی نەوتی میزۆپۆتامیا دامەزراوە لەژێر چاودێری هەتا هەتای بەریتانیا بێت[1].

ئاڵوگۆڕکردنی تۆمەت دژ بەیەکتر لەنێوان هەردوو زلهێزی ئەوکات(بەریتانیا وئەمریکا) دەربارەی ڕێککەوتنی سان_ریمۆ نەوەستا، بەڵکو درێژەی دەبێت لە قۆناغەکانی تردا، هەمان رێککەوتننامە کاریگەری دووژمنایەتی بەریتانیای لێکەوتەوە لەلایەن زلهێزەکانی تر دەربارەی بە شدار بوونیان لە پەرەپێدان و وەبەرهێنانی نەوتی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ دا، جگە لەوە سان_ریمۆ کاریگەری هەبوو لەسەر جیهان و ئەمریکا بەتایبەتی، ئەوەتا هەر کاتی ئەم ڕێککەوتنامەیە بلأودەکرێتەوە، هەموو کۆمپانیا نەوتییەکان و مۆنۆپۆلەکان لە ئەمریکا و ئەوروپا، هانا بۆ یاساناسان دەبەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر یاسایی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی، کە لە ساڵی ١٩١٤ مافی پێ بەخشرابوو لە ویلایەتی موسڵ و بەغدا لە لایەن سەدر ئەعزمی عوسمانی [2]، بەم شێوەیە قۆناغێکی تر لە ئاژاوە دروست دەبێت لەسەر سیاسەتی نەوت وستراتیژیەتی بەریتانیا ڕوودەدات[3].

---

[1] بڕوانە،قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ص ص ٨٢-٨٨.

[2] یوسف ابراهیم یزبك: المصدر السابق،ص٢٨٢; G.Gareth Jones : op. cit,p.67

[3] G.Gareth Jones: op. cit،p.67.

به هۆی گۆڕانکارییه سیاسییه نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە ناوچەکەدا، ململانێیەکی توندی زلهێزەکان وبەتایبەتی ئەمریکا لەسەر دابەشکردنەوەی نەوتی میزۆبۆتامیا و ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی (لە نێوان بەریتانیا وفەرەنسا)، قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری ڕوودەدات لە سیاسەتی بەریتانیا لە ناوچەکدا، بە هۆی نەدۆڕانی بەرژەوەنییە نەوتییەکانی و ملکەچ دەبێت بۆ زلهیزەکان و دەوڵەتە نوێیەکانی ناوچەکەدا، بێگومان لەسەر حیسابی دۆزی کورد دەبێت.

## باسی دووەم

## کاریگەری ململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی کەرکوك و هەردوو ڕێککەوتننامەی (سێڤر)و(لۆزان)

گرنگی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەشێوەیەکی تایبەت نەوتی کەرکوك ڕۆڵیکی گەورەی دەبێت لە سەر هەردوو ڕێککەوتننامەی (سێڤر) و(لۆزان)دا، چونکە گرنگی ئابووری و ستراتیژی وەك دوو هۆکاری یەکلاکەرەوە دەبێت لە بەردەم رەوتی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە دۆزی کورد لە دوای چەسپاندی سیاسەتی ماندێت لە سەر ناوچەکەدا بە پێی ڕێککەوتنی سان_ریمۆ لە ٢٥نیسانی ١٩٢٠.

بوونی سامانی نەوت بە بڕێکی زۆر لە ناو خاکی کوردستان لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە مەترسی ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، ئەم دوو هۆکارە وای لە سیاسەتی بەریتانیا کرد، کە لە بەرامبەر پاڵپشتیکردن لە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بەگۆڕدرێت [1]، لە ڕاپورتێکی دەستەی ئەرکانی دەریایی بەریتانیا ئاماژە بە ڕاگەیاندنی (والتەر لۆنگ) لەبەردەم ئینستوتی تەکنەلۆجیایی پترۆڵ لە ٢٣ مارسی ١٩٢٠ کراوە کە دەڵێت:"...، ئەگەر بەریتانیا ئەم سوود و چانسەی لەبەردەست دایە، نەیقۆزێتەوە،کە لەسەر ئەو زەویانەی پڕ لە نەوت ولە ژێر دەستمانە، ئەگەر نەکرا، ئەوا لەم کاتە زێرینەدا ناتوانین بیخەینە سەر ئەستۆی(کەمتەرخەمی) و تەمەڵی لە کارەکانماندا ، چونکە لە سوودی نیشتمانی گەورەدایە، دەبێت بەبەرپرسیارێتی کاری بۆ بکرێت، هەروەها ئاوڕلێدانەوە و چاودێریکردنی باش بکرێت لە داگیرکردنی ئەم ناوچانەدا. هەندێکی تر دەڵێن وەك ئەوەبێت کە کلیلی چارەسەری پێبێت بۆ هەموو سەرکەوتن و خۆشگوزەرانی لە ئایندەدا"[2]، مەبەستی لۆنگ لەم ڕاپۆرتەدا ئەوەیە ناوچەی ویلایەتی موسڵ

---

[1] فواد حمە خورشید: کەرکوك لە بەڵگەنامەکاندا...،ل١٢٠.

[2] Stanley K. Hornbeck،Edward Grigg: op. cit، p.164.

لـەپاڵ ناوچـەكانی تـری میزۆپۆتامیـا وەك كلیلـی چارەسـەری سـەركەوتن و خۆشـگوزەرانییە بـۆ ئایندەی بـەریتانیا، بەرپرسـیارییەتی دەخاتـە ئەسـتۆی دەسـەڵاتدارانی بـەریتانیا بـۆ باشـتر كـۆنترۆڵكردنی، ئامـاژە بـە مامەڵـەی باشـتر دەكات بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە.

بۆیە ئەگەر سەیری سیاسەتی بەریتانیا بكەین بەرامبەر بە دۆزی كورد لە باشووری كوردستان لە راگەیاندنی هەردوو زلهێـزی بەریتانیا و فەرەنسا لـە ٧ تشرینی دووەمی ١٩١٨ بۆ ئازادیی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی تەنها كورد نـەبێت لـە نێـوان ئـەم گەلانـەدا كـە هـیچ ئازادییـەكی بەخۆوەنـەبینی بـۆ دروستكردنی دەوڵەتێك[١]، هەروەها لە كۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس ڕێگایان لە داخوازییـەكانی گـەلی كـورد لـە باشـووری كوردسـتان گـرت بگەیەنرێتـە كۆنفرانسەكە[٢]، لەوكاتەی سیاسەتی ماندێت چەسپا بە پێی سان_ریمۆ ١٩٢٠ زلهێزەكان ئامادەنەبوون باشووری كوردستانیش وەك ناوچەكانی تربخەنە ژێر ماندایێتی خۆیان[٣].

## ڕێككەوتننامەی سیڤر و پرسی نەوتی ویلایەتی موسڵ:

دوابـەدوای سـان_ریمـۆ ڕەوتـی ڕووداوەكـان دەگـۆڕدرێـت وجـارێكی تـر زلهێزەكـان بـەڵێن دەدەن بـە دانیشـتوانی كوردسـتان بـۆ ڕێگـا چـارەییێكی نەتەوەیی، بەڵام ئایا ئەم ڕێگایە بە قازانج و سوودی نەتەوەی كوردستان دەبێت یاخوود بەرژەوەندییە نەوتییەكانی زلهێزەكان لەم ناوچەیە ڕووداوەكان بەرەو پارچە پارچەبوونی دەبەن لە نێوان دەوڵەتە هەرێمییەكانی تازە دامەزراودا.

زلهێزەكانی جیهان جارێكی تر كۆدبەنەوە لە شاری سیڤر نزیك پاریس، بە بەشـداربوونی هەریـەك لـە (بەریتانیا،فەرەنسـا،ئیتالیا،ژاپۆن، بەلـژیكا،یۆنان، رۆمانیا، پۆرتوگال،چیك وسلۆڤاكیا،حیجاز،ئەرمینیا، لەلایەكی تریش دەوڵـەتی

---

[١] بیارمصطفی سیف الدین: المصدر السابق، ص ص ٦٠-٦١.

[٢] مارف عمر گوڵ : سەرچاوەی پیشوو،ل٩٦.

[٣]سعد بشیر اسكندر: المصدر السابق، ص ص٢٤٤-٢٤٦.

**عوسمانی) بۆ مۆرکردنی پەیمانێك بە ناوی(پەیمانی سیڤەر-Treaty of Sevres) لە ١٠ ئابی ١٩٢٠، کە لە ناوەڕۆکدا لە ١٣دەروازەو٤٣٣ بەند پێکهاتبوو[1].**

**دۆسییەی کوردستان یەکێك بوو لەو دۆسیانەی پەیمانی سیڤەر لە هەوڵی تاوتێکردنی بوو، تاکو لە کۆتایی دا بە شێوەیەك چارەسەرێکی بۆ دانرا لە سیستەمێکی سیاسی دیاریکراودا، بۆ خۆبەڕەێوبەردنی گەلی کورد بەپێی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەیەك، کە لەم پەیمانەدا بۆ کورد تەرخانکرابوو، خۆی لە بەندەکانی(٦٤,٦٣,٦٢)دا نواند[2]، کە ماف درابوو بە**

---

**[1] بڕوانە، کمال مظهر احمد: کوردستان في السنوات الحرب...،ص٣٤٤;لازاریف واخرِوون: تاریخ کوردستان...،ص ص ١٩٥-١٩٦; عبدالرحمن قاسملو:کردستان والکرد،دراسة سیاسیة واقتصادیة،ت/ثابت منصور،ط٢، السلیمانیة، ٢٠٠٨،ص٦٢;حامد محمود عیسی: القضیة الکردیة في العراق...،ص١٢٠.**

**[2] بەندەکانی(٦٤,٦٣,٦٢) کە پەیوەندی بە دۆزی کورد هەبوو بەم شێوەی خوارەوە هاتبوو: (٦٢): لیژنەیەك پێك دێت لەماوەی شەش مانگ دوای بەڕێوبەردنی ئەم پەیمانە کە نوێنەری هەر سێ زلهێز ئامادە دەبن لە ناویدا، پرۆژەیەکی خودمختاری بۆ ئەو ناوچانە، کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن ودەکەونە رۆژهەلاّتی فوڕات و باشووری سنووری ئەرمینیاو سەرووی سوریا ومیزۆپۆتامیا دادەڕێژن، ئەم پرۆژیە پێشکەش بەو دەوڵەتانە دەکرێت، کە ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە بەڕێوبەردنی ئەم ناوچانەدا...، هەروەها لیژنەیەك لە نوێنەرانی دەوڵەتانی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتاڵیا ئێران کوردستان پێکدێت، بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە، ئەگەر پێویست بوو پێداچوونەوەی تێدا دەکرێت،هەر ئاڵۆگۆڕێك، کە بەپێی ئەم پەیمانە لە سنووری تورکیا بکرێ، ئەوا ئەو ئاڵۆگۆڕانە لەگەڵ سنووری ئێران یەك دەخرێنەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، فاضل حسین: المصدر السابق،ص١٣; شاکر خصباك: الکرد والمسالة الکردیة، ط٢، بیروت،١٩٨٩،ص٤٠; فواد حمة خورشید: القضیة الکردیة في المؤتمرات الدولیة...،ص٥٧; گوینتەر دیشنەر: کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو،و/حەمە کریم عارف،چ٢،هەولێر،١٩٩٩،ل٧٤.**

**(٦٣): حکومەتی عوسمانی بەڵێن دەدات بە پەسندکردنی بڕیاری هەردوو لیژنەکان، کە لە بەندی(٦٢)هاتووە ولە ماوەی سێ مانگ دوای ڕاگەیاندنی فەرمی دەخرێتە بواری پراکتیزەکردنەوە، بڕوانە، کمال مظهر احمد: کوردستان في السنوات الحرب...،ص٣٤٥; =**

کورد بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە بەشی تورکیا، هەروەها کوردەکانی ویلایەتی موسڵ مافی ئەوەیان هەیە بەپێی خواستی خۆیان بچنە ناو ئەو دەوڵەتە کوردیەوە[1]،بەلأم بەریتانییەکان ئامادەنەبوون ڕێگا بدەن بە دانشتوانی ئەم هەرێمە بڕیاری خۆیان بدەن دەربارەی ئەم پرسە، هەروەها کرزن زۆر بە توندی هەڵوێست دەنوێنێت لە کاتی گفتوگۆکان دا لەگەڵ نوێنەرانی هاوپەیمانەکان، دەڵێت:"کوردەکانی باشوور ئارەزووی جیابوونەوەیان نییە لە ویلایەتی موسڵ دا"[2].

هەرچەند پەیمانی سێڤر بۆ یەکەمین جار لە مێژووی یاسای نێودەوڵەتیدا، بەڵگەنامەیەکی یاسایی و سیاسی، کە ڕاستەوخۆ باسی لە کێشەی کورد کردووە و نەخشە ڕێگای بۆ داناوە[3]، بەلأم لە بەندەکانی وا دەردەکەوێت، کە

---

=لازاریف واخرِوون: تاریخ کوردستان...،ص١٩٦; فؤاد حمە خورشید: القضیة الکردیة في ...،ص٥٧.

(٦٤): لەم بەندەدا هاتووە ئەگەر زۆرینەی کوردەکانی ئەو ناوچانەی لە بەندی(٦٢) ئاماژەیان پێکراوە داوای سەربەخۆییان کرد، هەروەها ئەگەر کۆمەڵەی گەلان گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کوردەکان شیاوی ئەم مافەن، دەبێت دەوڵەتی عوسمانی بەڵێن بدات ئەم راسپاردانە پەسەند بکات ودەست بەرداری هەموو مافەکانی خۆی بێ لەم ناوچەیەدا،هەروەها ماوەی یەك ساڵ دانرا بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەندە، ئاماژەش کرابوو ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی موسڵ ویستیان بە خواستی خۆیان بچنە پاڵ ئەم دەوڵەتە، نابێت هاوپەیمانان هیچ ڕێگرییەك بکەن لەم داواکاریەدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عبدالرزاق الحسني: تاریخ الوزارات العراقیة،ج١،ط٢،صیدا،١٩٥٣،ص٢٨٠; حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة في الشرق ، مصر، ١٩٩٢ ،ص٥٩; حسێن مەدەنی: کوردستان وستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم،هولێر،٢٠٠٩،ل ل ٢٣٣-٢٣٤; ارشاك سافراستیان: الکرد وکردستان،ت/احمد محمود الخلیل،ط١،دمشق،٢٠٠٨،ص١١٠.

[1] کامەران ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٤٦.

[2] سعد بشیر اسکندر، المصدر السابق، ص٢٢٧.

[3] م.س.لازاریف: المسألة الکوردیة(١٩٢٣-١٩٤٥) النضال والاخفاق،ت/عبدي حاجي،ط١، اربیل،٢٠٠٧،ص٧٧; فؤاد حمە خورشید: القضیة الکردیة في المؤتمرات الدولیة...،ص٥٨.

خوودی ئەم پەیمانە کوردستانی بەرەو دابەشبوون دەبرد و پارچە پارچەی دەکرد[1].

لە ئەنجامی پەیمانی سێڤر دا کەرکوك وەك لیوایەکی گرنگی ویلایەتی موسڵ مافی هەبوو وەك لە بەندی (٦٤) هاتبوو، کە دانیشتوانەکەی بە ئارەزووی خۆیان بچنە ناو ئەو دەوڵەتە کوردییەوە، بەڵام سیاسەتی بەریتانیا لەم ناوچەیە بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەم بەندە کاریان دەکرد[2].

هەرچەندە پەیمانی سێڤر بەفشار بۆ سەر حکومەتی عوسمانی لاوازی ئەوکاتەدا پڕکرایەوە ، بەلاّم ئەم پەیمانە بە شێوەیەکی یاسایی بە ڕێککەوتنی سان_ریمۆ وخاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنە دوورنەبوو لە دارشتنەوەی لەناو سێڤردا[3]. ئەوەی شایانی باس بێت لە بەشی چوارەمی ئەم پەیمانە و بەندەکانی ٣١٠-٣١٥ تایبەت بوون بە پرسی نەوت و بەتایبەت نەوتی کوردستان، کە لە ناوەڕۆکی بەندی(٣١٠) هاتبوو:" هەموو ئەو ئیمتیازانەی لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی دابوون، بە بڕیاری حکومەتی عوسمانی بەخشرابوون، پێش بەرواری ٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩١٤، هەمووی لە رووی یاساییەوە راست ودروستن ودەبێت بەردەوام بێت لە کاریگەری دا، هەروەها لە ئەستۆی حکومەتی عوسمانی دایە، کە موڵەتی کارکردنی ئەم ئیمتیازانەدا نوێی بەکەنەوە، کە لە کاتی جەنگدا وەستا بوون..."،هەروەها لە ناوەڕۆکی بەندی (٣١١) هاتبوو:" ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی بەر لە ٢٩ تشرینی یەکەم ١٩١٤، ئیمتیازی نەوتیان بەرێگەی

---

[1] مارف عومەر گوڵ: سەرچاوەی پێشوو،ل ٩٩.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیاسەتی بەریتانیا لەسەر ناوچەکانی کەرکوك ودەوروبەری لە دوای پەیمانی سێڤردا، بڕوانە، ولید حمدي: المصدر السابق،ص ٩٦; کمال مظهر احمد: کرکوك وتوابعها...،ص ص١٦٠-١٧٨ ; پشکۆ حمە تاهیر: شاری کەرکوك(١٩١٧-١٩٢٦) ،سلێمانی،٢٠٠٧،ل ل ١٧٩-١٨٠.

[3] فاضل حسین: المصدر السابق،ص ١٢-١٥; جرجیس فتح الله: یقظة الکرد...،ص٢٣٤.

یاسایی وەرگرتووە، دەبێت ڕێگایان پێبدرێت هەموو مافەکانی خۆیان بپارێزن، ئەو مافانەشیان بۆ دابین بکرێت، کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون"[1].

ئەم دوو بەندە زیاتر بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا و فەرەنسایان دەگرتەوە، بە پلەی یەکەمیش بەریتانیا، بەلآم ئەمریکییەکان لەم قۆناغەشدا خۆیان بە بەشخووراو دەزانی[2].

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەیمانی سیڤر بەو هەموو کەموکوڕی و گۆڕانکارییانەی تێیدا بوو،ململانێ و ناکۆکی لە نێوان ولآتە زلهێزەکان(بەریتانیا،فەرەنسا،ئەمریکا) زیاتر دەبوو، بەتایبەتی، کە بەریتانیا بەرژەوەندییەکانی سەقامگیر تربوو لە ناوچەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا، زلهێزەکانی تر لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمییەکان زیاتر زەرەرمەند بوون، بەتایبەتی لە نەوتی ویلایەتی موسڵ، لە ئەنجامدا سیاسەتی بەریتانیا لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست گۆڕانکاری گەورەی بەسەردێت، بەهۆی چەند کۆسپ و گرفتێك، کە لەلایەن زلهێزەکان و ڕووداوەکانی ناوچەکەدا، کە زیاتر مەترسی دەبێت لەسەر بەرژەوەندیی بەریتانیا لە ویلایەتی موسڵ و فاکتەرە نەوتەکەیدا. ڕووداوەکانی دوای پەیمانی سیڤر بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- لە هاوینی ١٩٢٠دانیشتوانی هەرسێ ویلایەتی میزۆپۆتامیا دەست دەکەن بە شۆڕش لەدژی دەسەلآتی بەریتانیای داگیرکەردا،کە تاکو پایزی هەمان ساڵی خایاندبوو، کۆسپ و گرفتی زۆری بۆ دەسەلآتدارانی بەریتانیا خستەوە لە ناوچەکەدا[3]، لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا لە عێراق مەندووبی سامی بەریتانیا

---

[1] اندره نؤسشي: المصدر السابق،ص ص١٢٨-١٣١ ;عبدالحميد العلوجي و اللامي: المصدر السابق،ص ص٢٣١-٢٣٢.

[2] کامەران ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٠.

[3] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکارەکانی بەرپابوونی شورشی ١٩٢٠ی بە ناوبانگ لە میزۆپۆتامیا، بڕوانە، سر المرهولدين: ثورة العراق ١٩٢٠،ت/فؤاد جميل، ط١، بيروت،٢٠١٠ ،ص ص ٩-١٢.

لـه رۆژی ٢٥ تشـرینی یەکـەمی ١٩٢٠حکومـەتی عێراقـی بـە سـەرۆکایەتی (عەبدولڕەحمان نەقیب) دامەزراند[١].

٢- سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کەمالستی، کە ڕابەرایەتی دەوڵەتی نوێی تورکیای دەکرد، وەك دەوڵـەتێکی بـەهێز سـەری هەڵـدا، بەتایبـەتی دوای بلاّوکردنـەوەی میسـاقی نیشـتمانی لـە ئـەنجامی هـەردوو کـۆنگرەی سیواس و ئـەرزەرووم، کـە دامەزراندنی حکومەتی لێکەوتەوە لە ئەنقەرە لـە نیسـانی ١٩٢٠ بەسـەرۆکایەتی مسـتەفا کـەمال پاشـا، کـە بەنـدەکانی پـەیمانی سـێڤری ڕەتکـردەوە، هـەروەها دانانی ڕەشنووسی پەیمانی هاوڕێیەتیٚ سۆڤیتی_تورکی لە ٢٤ ئابی ١٩٢٠، لـە ئـەنجامی ئـەو سـەرکەوتنە بەرچاوەی سوپای یۆنـانی لـە جەنگی(سـەقاریە) لـە ئـەیلولی ١٩٢٠ بەدەسـتیهێنا[٢]. ئـەم ڕووداوانـە کاریگـەری گـەورەیان هـەبوو لەسەر ئاراستەو خواستەکانی سیاسەتی بەریتانیا لە ناوچەکەدا[٣].

٣ – ئەمریکاییەکان جارێکی تر خۆیان بەبەش خوراو زانی لەو دەستکەوتانەی دوای جـەنگ لـە ناوچـەکانی رۆژهـەلاّت و بەتایبـەتیش لـە نـەوتی موسـڵ دا بەدەستهاتبوون، بۆیـە ئـەم جارە زۆر بـە تونـدی یادداشـتێکی نـاڕەزایی لـە ٢٠ تشــرینی دووەمــی ١٩٢٠ لەلایــەن وەزیــری دەرەوەی ئــەمریکا لــە ڕێگــای باڵیۆزەکەیەوە لە لەندەن(دیڤس) ئاراستەی(لۆرد کرزن)کرا, کە لـە نـاوەڕۆکی دا هـاتبوو" نـاتوانین نکـۆڵی لـەوە بکـەین کـە هـەوڵ و دەنگوباسـی سەرچاوەکانی پترۆڵ لە ویلایەتی موسڵ وەك بابـەتێکی ململانێـی ئـابووری، رای گشـتی ولاّتـە

---

[١] رجـاء حسـين الخطـاب: عبـد الـرحمن النقيب(حياتـه الخاصـة و اداءة السياسـي وعلاقتـة لمعاصـريه) ،ط١، بغـداد، ١٩٨٧ ،ص٢١; لەڕاسـتیدا هـەر لەئـەنجامی شۆرشـدا بەریتانیـەکان هەڵسان بە گۆڕینی حاکمی گشتی لە ١٩٢٠/١١/١١ لە ئەرنۆڵد ولسون بۆ پیرسـی کـۆکس، کـە بە مەزەنـدەی بەریتانییـەکان ئـەم کەسـایەتییە زیـاتر میانڕەوتـرە لـە مامەڵەکردن،بڕوانـە، عبـد الرزاق الحسني: العراق قديماً وحديثاً...،،ص٣١.

[٢]اندره نۆسشـي: المصـدر السـابق،ص٧٨; مجموعـة مـن البـاحثين السـوفيت: تـاريخ تركيـا المعاصر،ت/هاشم صالح التكريتي،سليمانية،٢٠٠٧،ص ص ٥٨-٥٩.

[٣]عبدالرحمن قاسملو: المصدر السابق،ص٦٤.

یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو ولأتانی تری سەرقاڵ کردەوە، ئەم سەرچاوانە بوونەتە دۆزێکی ئابووری هەڵپەسێردراو،کە سیستەمی ماندێتی لە پێناو دانراوە".لەم یادداشتەدا هاتووە، کە ئەمریکاییەکان ماندێتی سەر عێراق لەلایەن بەریتانیا رەتدەکاتەوە، ئەگەر بەریتانیا سیاسەتی (دەرگایی کراوە)پەیرەونەکات ودابینکردنی پشکێك بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا لە نەوتی ویلایەتی موسڵ مسۆگەر نەکات[1].

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە وەڵامی یادداشتەکەی ئەمریکا لە ٢٨ شۆباتی ١٩٢١ ئاماژە دەکات بەوەی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا لە لایەن حکومەتی عوسمانی بەخشراوە بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بە بەڵێنی فەرمی پێش جەنگ، هەروەها ئەم ئیمتیازە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە مادەی(٣١١) ڕێککەوتنی سیڤەردا جەختی لێوەکراوەتەوە. پاشان لە داهاتوودا حکومەتی عێراقی ئایندەدا سوودمەند دەبێت بە هۆی وەبەرهێنانی ئەم کەرەستەیە، چونکە مافی خاوەندارێتی هەیە لەم ناوچەیەدا، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو بەڵگەنامانەی، کە پێشتر ڕوون بۆیان کرانەوە [2].

بارودۆخ لەم کاتەدا هیچ یارمەتی بەریتانیا نادا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی بۆ دەستبەسەراگرتنی نەوتی میزۆپۆتامیا بە تەنها، کە لەلایەکەوە دەبوایە خاتری فەرەنسا رابگرێت بەرامبەر بەوەی دەست لە ویلایەتی موسڵ هەڵبگرێت،لەلایەکی تردا ئەمریکاییەکان بەردەوام داوای سیاسەتی(دەرگای کراوە)یان دەکرد،حکومەتی بەریتانیا دەیویست لە ڕێگای ماندێتی سەر عێراق دەستەبەریی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بکات، بەتایبەتی نەوت،بەڵام ئەو

---

[1] دەربارەی ناوەرۆکی ئەم یادداشتەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ لۆرد کرزن،بڕوانە،قاسم احمد العباس:المصدرالسابق السابق، ص ص٨٨-٩٣;یوسف ابراهیم یزبك:المصدر السابق ، ص٢٨٢.

[2] Petroleum affairs،in،R.O.I،Vol 3 1923-1924،pp.410-411;

قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ص ص ٩٤-٩٩.

**گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەو جیهاندا روویان دا، بەریتانیا گومانی لادروست بوو,کە لەڕێگای ماندێتەوە بتوانێت بەرژەوندییەکانی خۆی جێبەجێ بکات[1].**

**ئەوەی شایەنی باس بێت بەریتانیا تەنها بەرهەڵستی نەدەکرا لەلایەن هاوپەیمانانی لەسەر دەستەبەرکردنی نەوتی میزۆپۆتامیا، بەڵکو لە ناو ڕای گشتی بەریتانیا ناڕەزایی هەبوو، کە زیاتر ترسناك تر بوو بۆ بەریتانیا لە بەرهەڵستی دەرەوە. بەرهەڵستکارەکان لە سەر دوو ئاست کاریان دەکرد هەم لە پەرلەمان، هەم چەند رۆژنامەیەکی ناوخۆیی بەریتانیا بە تایبەتی(لۆرد نور سکلیف)، کە لە وتارەکانیدا درووشمی(دەست هەڵگرن لەسەر میزۆپۆتامیا) دەخستەڕوو[2]، بەڵام حکومەتی بەریتانیا توانیبووی دەنگی بەرهەڵستکارەکان کپ بکاتەوە بەو ئاماژەیەی، کە لە ژێر زەوی ویلایەتی موسڵ دەریاچەیکی نەوت هەیە، کە ژیانی کەشتیگەلەکانی بەریتانیا لە دەریای ناوەڕاست بەندە لەسەری[3].بۆیە بەریتانیا لە پلان وسیاسەتی لە ناوچەکەدا بیر لە گۆڕانگاری دەکاتەوە، هەروەها بیر لە دەست هەڵگرتنی سیاسەتی ماندێت دەکاتەوە، پەیوەندییەکانی لە گەڵ عێراق ڕێکدەخاتەوە بە شێوەیەکی نوێی تر, کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت بەکەمترین نرخ، لە ڕێگای دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی کە خۆی لە پشتییەوە بشارێتەوە بۆ جێبەجێکردنی تەماحە کۆلۆنیالستەکان[4].**

**بەریتانییەکان دەیانویست بە پەلە پلانەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، وەك نووسەرێکی بەریتانی ئامارەی کردووە ونووسیوویەتی" سیاسەتی کۆمپانیای**

---

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق، ص٤٧.

[2] جرجيس فتح الله: النفط قرر مصير كوردستان...،ص١٦; نفط كوردستان العراق، المصدر السابق،ج٢،ص١٨.

[3] عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي ...،ج١، ص٩٤.

[4] عبدالرحمن البزاز: العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، بغداد، ١٩٦٧،ص١٣.

نەوتی ئەنگلۆ–فارسی وسیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا، پێویستیان بەوەهەبوو شانشینی عێراق لەم سنوورەی ئێستادا دامەزرێنێت "[1].

**دامەزراندنی حکومەتی عێراق و ڕاگەیاندنی خاوەندارییەتی نەوتی ویلایەتی موسڵ:**

لە بەریتانیا وەزارەتێکی نوێ هاتەکایەوە بە ناوی وەزارەتی داگیرگەکان (Colonial Office) لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٠، لە جێگایی وەزارەتی هیند (India Office)، کە فەرمانگەیەکی تایبەتی بەناو(ڕۆژهەلآت) لێ دروست کرا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەموو ئەو ناوچانەی لە بازنەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست بوون. یەکێك لەو کێشانەی پێی سپێردرابوون بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق و بڕیاردان بوو لەسەر شێوەی دەسەلآت لەم ناوچەیەدا. لێپرسراویەتی ئەم وەزارەتەش درا بە (ونستون چەرچڵ)، کە سیاسەتمەدارێکی نوێ ولێهاتووی بەریتانیا بوو، کۆمەڵێك پسپۆری لێهاتووی لە دەوروپشتی کۆکردەوە وەك میجر نۆئیل(Majer Noel) و لۆرانسی عەرب ( Lawrence of Arabia) و رۆبڕت یۆنگ (R.Young)، هەوڵیاندا بەزووترین کات بەدانانی پلان بۆ دوو کۆنگرەی (لەندەن)و(قاهیرە)لە پێناو چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست و ڕێکخستنی و دیاریکردنی ئایندەیان[2].

ئامانج لە کۆنگرەی لەندەن بۆ ئەوە بوو لەگەڵ تورکەکان(کەمالیستەکان) بگەنە ڕێککەوتن,کە لە ٢١ شوباتی ١٩٢١ تاکو ١٤ئاداری ١٩٢١ خایاند، بەلآم ئەم کۆنگرەیە هەڵوەشایەوە و فەشەلی هێنا،ئەویش بە هۆی ناڕەزایی کەمالیستەکان بەرامبەر بە دوو کێشە، یەکەمیان ناڕەزایی بە ئامادەبوونی نوێنەری سوڵتان لە پاڵ نوێنەری کەمالیستەکان، دووەمیان ڕەتکردنەوەی داواکاری هاوپەیمانان بەوەی پەیمانی سیڤەر بکرێت بنەمایەکی گفتوگۆکان، هەرچەندە گۆڕانکاری لە هەڵوێستی بەریتانیا لە دۆزی کوردستان بەدیی دەکرا لەم کۆنگرەیەدا، بەلآم بەریتانییەکان سەرکەوتوو نەبوون بە ڕازی کردنی

---

[1] م.س.لازاريف: المسألة الكوردية(١٩١٧–١٩٢٣)،ت/عبدي حاجي،ط١،بيروت،١٩٩١،ص٥٤
[2] جرجيس فتح الله: يقظة الكرد...، ص٢٣٥.

تورکەکان بۆ دانانی بناغەیەکی ئاشتی[1]، ئەوەی شایەنی باس بێت لەو کاتەی تورکەکان لە کۆنگرەی لەندەن لە گفتوگۆدا بوون، سۆڤێتیەکان بەردەوام بوون لە گفتوگۆ لەگەڵ کەمالیستەکان، لە هەمان مانگدا گەیشتنە ئەنجامی مۆرکردنی ڕێککەوتنی دۆستایەتی وبرایەتی لە١٦ ئاداری١٩٢١[2].

کۆنگرەی قاهیرە، کە لە ماوەی ١٢ ئادار١٩٢١ تاکو ٣٠ ئاداری ١٩٢١ بەسترا، لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەدا چەرچڵ ئامانجەکانی بەستنی کۆنگرەی ڕوونکردەوە، زۆر بابەت خرانە ڕوو،بەلاّم تارادەیەکی زۆر کۆنگرە تەرخانکرابوو بۆ مەسەلەی میزۆپۆتامیا و کێشەی کورد[3]،گفتوگۆکان بەردەوام بوون دەربارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەتی نوێی عێراق و پەیوەندی دارایی ئەم دەوڵەتە بە بەریتانیا. ئامادەکاری کرا بۆ پاراستنی و لە کۆتاییدا بەشداربووان ڕێککەوتن لەسەردانانی فەیسەڵی کوڕی حوسێن لەسەر تەختی عێراق، بەو مەرجەی لەنێوان دانیشتوانی عێراقدا ڕاپرسی بکرێت بۆی[4].

بەشداربووان لە کۆنگرەدا کێشەی کوردستانیان تاوتوێکرد وهەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەم کۆنگرەیەدا (چەرچڵ) یادداشتێکی خستەڕوو، کە یادداشتی فەرمانگەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بوو، دەربارەی ئایندەی کوردستان پێشکەش بە لیژنەی سیاسی کرا بۆ تاوتێکردن و خستنەرووی ڕاو تێبینیەکان، ولە یادداشتەکەدا هاتبوو" باوەڕی بەهێزمان ئەوەیە، کە ئەو ناوچە کوردییانەی

---

[1]ئەحمەدعوسمان ئەبوبەکر: سەرچاوەی پێشوو،ل ل٩٦-٩٧;کامەران ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو،ل ل ١٤٩-١٥٠ ; فؤاد حمه خورشيد: القضية الكردية في المؤتمرات الدولية...،ص ص ٨٠-٨١.

[2] كمال مظهر احمد:اضواء على القضايا،ص٢٤٣ ;مجموعة من الباحثين السوفيت;تاريخ تركيا المعاصر،ص ص٦١-٦٤.

[3]سعد بشير اسكندر:المصدر السابق،ص٢٤٨;م.ر.هاوار: سەرچاوەی پێشوو،ل ل ٦٢-٦٣.

[4] بۆزانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی هەڵبەژاردنی شا فەیسەڵ لە لایەن بەریتانیا لەسەر تەختی پاشایەتی عێراق،بڕوانە، احمد رفيق البرقاوي: العلاقات السياسية بين العراق و بريطانيا (١٩٢٢-١٩٣٢)،بغداد، ١٩٨٠،ص ص٢٥-٣٢.

زۆرینەی دانیشتوانی کوردن نابێت بخرێنە ناو ئەودەڵەتە عەرەبییەی کە پێك دەهێنرێت لە میزۆپۆتامیا..."[1]، بەلاّم لە رۆژی ١٥ ئادار، کە لیژنە کۆبوونەوە سیر پیرسی کۆکس وتەیەکی خستەڕوو دەربارەی ناوەڕۆکی یادداشتی فەرمانگەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست دەڵێت:" کورد زۆرن لە دوو ناوچەی کەرکوك و سلێمانی و ناوچەکانی باکووری ویلایەتی موسڵدا، کە بەشێکە جیانابێتەوە لە عێراق"[2]، بەلاّم هربرت یۆنگ رەخنەی لێگرت و پێشنیازی کرد بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بە زووترین کات و بەبێ هیچ دواکەوتنێك و بخرێتە ژێر سایەی(وصایە) ڕاستەوخۆی مەندوبی سامی( High Commissoner) بەریتانیا لە عێراق دا، ونستۆن چەرچڵ بە باشی زانی، کە خودمختاریی تەواو بدرێت بە باشووری کوردستان کە زۆر سوودی دەبێت بە دروستکردنی دەوڵەتێکی جیاکەرەوە(عازل) لە نێوان فشارەکانی تورکیا لە (دەرەوە) ولە نێوان سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی عێراقی دژایەتی بەریتانیا بکات لە(ناوەوە)، ڕەزامەندی دەربڕی ئەم پێشنیازە هەریەك لە یۆنگ و میجەر نۆئیل، لە کۆتایی دا دەڵێن" هیچ ڕێگایەك نیە بیگرینە بەر بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا جگە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێی جیاکار (Buffer State) لە نێوان عێراق و تورکیادا [3].

لیژنە کۆتایی هێنا بە کۆبوونەوەکانی بە هەڵگری پێشنیازەکەی هەربرت یۆنگ" کە کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن مەندوبی سامیەوە بەڕێوەببردرێت و جیا لە عێراق بمێنێتەوە"، تەنها پیرسی کۆکس و مس بیل ڕازی نەبوون لەسەر ئەم بۆچوونە، کۆکس لە کۆتاییدا توانیوویەتی مەرجێك

---

[1] لە ڕاستیدا ئەو لیژنە سیاسییەی کە ئەم یادداشتەی پێشکەش کرابوو، پێکهاتبوون لە ونستۆن چەرچڵ وەك سەرۆك و ئەندامێتی هەریەك لە پیرسی کۆکس و مس بیل،لورانسی عەرەب، مێجەر یۆنگ، مێجەر نۆئیل وەك ئەندامی ڕاوێژکاری، بڕوانە، جرجیس فتح الله: یقظة الکرد...، ص ص ٢٣٦-٢٣٧.

[2] المصدر نفسه،ص ٢٣٧.

[3] المصدر نفسه، ص ٢٣٧.

دابنێت، کە کار بەم پرۆژەیە ناکرێت تاکو سێ ساڵ بەسەریدا تێنەپەڕێت تا ئەو کاتەی ڕای گشتی کوردی باوەڕپێکراو کاریگەر دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەن[1].

لە ئەنجامی کۆنگرەی قاهیرەدا ونستۆن چەرچڵ ڕێکەوت لەسەر دانانی فەیسەڵ لە سەر تەختی عێراق، دانپێدانی بەریتانیا بە سەربەخۆیی دەوڵەتی عێراق، کە بەڵێن بدات بە هەڵوەشاندنەوەی ماندێتی لە بەرامبەردا پەیمانێکی هاوپەیمانی ببەستن، کە دەستەبەری مافەکانی لە گەشەسەندن و وەبەرهێنانی ئابووری عێراق بکات، بەم پێیەش شا فەیسەڵ بەرهەڵستییێکی توندی نواند دژ بە ماندێت لە دوای دامەزراندنی لە سەر تەختی عێراق، داوای کرد بە گۆڕینی بە پەیمانی هاوپەیمانێتی، هەرچەندە لە سەرەتادا ئەم داواکارییەی شا فەیسەڵ جێگای پێشوازیکردن دەبێت، بۆ ئەوەی بە ئەمریکا و کومەڵەی گەلان نیشان بدەن کە جێبەجێکردنی ماندێت لەسەر عێراق قوورسە،بەلاّم لە کۆتاییدا وەزیری داگیرگەکان گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە بەریتانیا کۆتاییەك بە کێشەکانی نادۆزێتەوە لە ڕۆژهەلاّت ئەگەر ئەمریکایەکان بەشداری نەبن لە نەوتی عێراقدا[2]. هەر چۆنێك بێت سیاسەتی بەریتانیا بەرەو گۆڕان دەروات، کە زیاتر فشارەکانی ئەمریکای پێوە دیار بوو لەسەر کێشەی نەوتی ویلایەتی موسڵ ، ئەوەتا لەو سالاّنەی دوای کۆنگرەی قاهیرەدا بەریتانیا پەیرەوەی چەند سیاسەتێك دەکە:

١- کۆنترۆڵکردنی ئەو هەرێمانەی، ئەگەری بوونی نەوتییان هەیە، دەبێت لەژێر چەتری سیاسەتی ماندێتدا قۆرخ بکرێن لەلایەن بەریتانیاوە.
٢- ئەگەر دەوڵەتێك لە زلهێزەکان خواستی بەشداربوونی هاولاّتییانی هەبوو لەم بوارەدا، ئەوە بەریتانیا دەبێت ئاماژە بکات بۆ دەست هەڵگرتنی لە بەشێك لە بەرژەوەندییەکانی لە کۆمپانیا نەوتی تورکی بۆ مانەوەی پێگەی

[1] كمال مظهر احمد: كركوك وتوابعها...،ص١٢١.
[2] نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ص ٤٧-٤٨.

سەنتەری سیاسی، بەلاّم بەهەرجۆرێك بێت ڕێگا لە گەڕان(تنقیب)یاخود بەرهەمهێنان بگیرێت، چونکە ناکۆکی لەسەره تاکو چارەنوسی نێودەوڵەتی بەدیار دەکەوێت.

٣- پێدانی هەر ئیمتیازێکی نەوت لەم ناوچانەدا لەمەودوا دەبێت لەڕێگای حکومەتی عێراق و پەرلەمانەکەیەوە بێت[١].

بۆیە فەرمان بۆ پیرسی کۆکس (١٩٢٠-١٩٢٣)دەرچوو لە ٩ ئابی ١٩٢١بۆ ئەوەی داوا لە شا فەیسەڵ بکات،کار بکات بەپێی سیاسەتی ماندێت، لە کۆتاییدا وشەی ماندێت بخاتە ناو یاسای بنەڕەتی، لە ٢٠ ئاب داوا کرا بۆ شا فەیسەڵ ڕوون بەکاتەوە، کە بەریتانیا دەیەوێت بە شێوەیەکی یاسایی ڕێکخراو دەربارەی بەڵێنەکانی بەپێ میساقی کومەڵەی گەلان کار بکات، بەشێوەیەکی تایبەت ڕێککەوتنامەی سان_ریمۆی نەوت، بۆی ڕوون بکرێتەوە، کە داوای کۆتایی هێنان بە ماندێت چەند ترسناکە لەسەر ئایندەی عێراق، چونکە ئەمریکا کۆسب دەخاتە بەردەمی لە ڕێگایی کۆمپانیا نەوتییەکان، بەریتانیا ڕووبەرووی کۆسپی ترسناك دەبێتەوە لە ئەنجوومەنی(کومەڵەی گەلان)، ئەگەر ئەمریکاییەکان هاتنە پاڵ فەرەنسییەکانەوە لە دژی فەرمانی فەیسەڵ[٢]، چەرچڵ داوای لە کۆکس کرد، کە بەڵێنی نووسراو لە شا فەیسەڵ وەربگرێت لەسەر پەیمانی بەریتانی_عێراقی، کە شێوەی کۆتاییەکەی بە شێوەیەك بێت بەریتانیا بتوانێت هەموو بەڵێنە نێودەوڵەتیەکانی جێبەجێ بکات و دەستەبەری یەکسانی بازرگانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتە بیانییەکان تێدابێت،خشتەی ماندێتی بەریتانیا لە عێراقدا بە شێوەیەك دانرابێت، کە دەستەبەری بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بکات، هەروەها دەبێت سیاسەتی(دەرگای کراوە) جێبەجێ بکات[٣].

---

[١] جرجيس فتح الله: النفط قرر مصير كوردستان...،ص١٦.

[٢] نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٤٨.

[٣] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية...،ج١،ط٢،ص٢٧٩; بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گفتوگۆکانی نێوان بەریتانیا و دەسەلاّتدارانی عێراق لەسەر پەیمانی بەریتانی-=

حکومـەتی بـەریتانی دوای ئـەوەی ناڕەزاییـەکی زۆر بـەدی دەکـات لەلایـەن حکومـەتی ئـەمریکا بـەپێی ئـەو یادداشـتانەی لەلایـەن بـاڵیۆزی لـە لەنـدەن پێشکەش کردبوو، لە گرنگترین ئەو خاڵانەی تێدا، هاتبوو کە ئەمریکا گومانی هەیە ئەم ئیمتیازە لەلایـەن حکومـەتی نوێی عێراق ببەخشرێت بە کۆمپانیای نـەوتی تـورکی، بۆیـە بـەریتانیا بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە ئامۆژگـاری دەدات بـە حکومـەتی عێـراق بـۆ دەرکردنـی ڕاگەیانـدنێك لـە لایـەن وەزارەتـی بازرگـانی عێراقـەوە لـە ٢٩ حـوزەیرانی ١٩٢١، کـە لـە رۆژنامـەی (الاوقـات البصریە)و چەند رۆژنامەیەکی بەریتانی لە بەرواری تردا، کە داوای دەکرد لە هـەموو ئـەو لایەنانـەی ئیمتیازیـان پێبەخشـراوە لـە لایـەن حکومـەتی عوسمانی هەرچـی بەڵگـەیان بەدەسـتەوەیە پێشکەشـی بکـەن[1]، بۆیـە کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی هەوڵیـدا بـۆ وەرگـرتنی دانپێـدانی حکومـەتی عێراقـی بـۆ بـەڵێنی عوسمانییەکان، بۆ ئەوەی شێوەیەکی یاسایی ببەخشێت بە داواکاری لەسەر ئیمتیـازی نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ، لـە ڕێگـای ئارنۆڵـد تـی. ویلسون(A.T.Wilson)، کە بەڕێوبەری کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی بوو لە محەمەڕە(١٩٢١-١٩٢٤) داواکاری پێشکەش کرد بە نوێنەرایەتی کۆمپانیای نـەوتی تـورکی لـە ٢٨کـانوونی دووەمـی ١٩٢٢[2].ئـەم ڕاگەیاندنـەی وەزارەتـی بازرگانی عێراقی بە یەکەم ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراقی نوێ هەژماردەکرێت لە خاوەنداریی ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ .

وەزارەتـی داگیرگـەکان لـە ١١ شـوباتی ،١٩٢٢ داوا لـە (پێرسـی کۆکس)مەندوبی سامی دەکات، فشار بخاتە سەر شا فەیسەڵ بۆ وەرگرتنی بـەڵێنی بەخشـینی ئیمتیـاز بـە کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی، بۆیـە سیر پێرسـی

---

=عێراقی ساڵی ١٩٢٢،بڕوانە، فاروق صالح العمر: المعاهدات العراقیة-البریطانیة واثرها في السیاسة الداخلیة ١٩٢٢-١٩٤٨،بغداد، ١٩٧٧،ص ص ٢٧-٦٠.

[1]نوري عبد الحمید خلیل: المصدر السابق، ص ٦٦.

[2]سلیم طه تکریتي: معرکة النفط في العراق...،ص٧٤.

کۆکس یادداشتێك پێشکەش دەکات بە شا فەیسەڵ و داوای ڕەزامەندی دەکات لەسـەر بەخشـینی ئیمتیـازی نـەوتی موسـڵ وبەغـدا بـە کۆمپانیـای نـەوتی تورکی،هــەروەها ئــەوەی خســتەڕوو، کــە داواکــاری کۆمپانیاکــە بەنــدە بــەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حکومەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٤ کراوە، پەیمانی سێڤر بـەپێی بەنـدی(٣١١) پارێزگـاری کـردووە لـە هـەمان ئیمتیـازی کۆمپانیاکـە، یادداشـتەکە شـا فەیسـەڵی ئاگـادار کردۆتـەوە، کـە پابەنـد بێـت بـە بـەڵێنی عوسمانیەکانـەوە، چونکە ئەگـەر بە پێچەوانە کـار بکـات، ئـەوا ئیمتیـازی ئـەم ناوچـەیە دەگوازرێتـەوە بـۆ بـەردەم ناوبـژیوانی نێودەوڵـەتی، دەسـەڵاتدارانی بـەریتانی پێیـان باشـە حکومـەتی عێـراق ڕەزامەنـدبێت، چـونکە حکومـەتی بەریتانیا لە هەوڵی ڕێکخستنی بەرژەوندییەکانی بەریتانیا وفەرەنسا وئەمریکا دایـە، هـەروەها پێگـەی عێـراق پتـەو دەکـات، لەگـەڵ ئـەوەی حکومـەتی عێـراق دەتوانێت داوا لە کۆمپانیا بکات بۆ پێیدانی پشکێك لە بەرهەمی نەوت و قازانج و بەشێك لە پشکەکانی کۆمپانیا، دەشتوانی وەبەرهێنانی خێرا لە ناوچەکەدا دەســتەبەر بکــات و بڕێکــی نــەوتی هــەرزان بــۆ بــەکارهێنانی نــاوخۆیی دەستکەوێت، هەروەها بەشداربوون لە بەڕێوبردنی کۆمپانیا، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم ئیمتیازە لەناوچەیەکی دیاریکراو قەتیس بکرێت دوای گەڕان وپشکنین[1]. لە ئەنجامی گفتوگۆی زۆر لە نێوان پێرسی کۆکس وەزیری دارایی عێراق(ساسۆن حسقێل)، شا فەیسەڵ بە پێرسی کۆکس ڕادەگەیەنێت بە شێوەیەکی زارەکی کە عێراق دان دەنێت بە ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی بە مەرجیك حکومەتی بەریتانیا بەرژەوەندیەکانی عێراق دەستەبەربکات[2].

کۆکس تەنها بەم بەڵێنە زارەکییەی شا فەیسـەڵ ڕازی نـەبوو، بـەڵکو هەوڵیدا بە وەرگرتنی بڕیارێك لە ئەنجوومـەنی وەزیـران لـە ڕێگـای ساسـۆن حسـقێل، کـە بابەتەکە بخاتە بەردەم ئەنجوومـەنی وەزیـران بۆ ئـەوەی ڕەزامەنـدی ئەنجوومـەن

---

[1] نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ص٦٧-٦٨.

[2] المصدر نفسه، ص ٦٨.

وەربگرێت بۆ دەست پێ کردنەوەی گفتوگۆکان، بۆیە ساسۆن حسقێل نووسراوێك بە ژمارەی(٥٧٩)لە ١٧ کانوونی دووەم ١٩٢٣ ئاراستەی سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران دەکات، پێیان ڕادەگەیەنێت، کە گرنگی وەبەرهێنانی کێڵگە نەوتەکان یەکێکە لەو بابەتە زیندووانەی کە لە روانگەی حکومەتەوە، پێشنیازی بکات،کە ئەنجوومەنی وەزیران داوا لە کۆکس بکات،کە بە حکومەتەکەی ڕابگەیەنێت ئەگەر کۆمپانیای نەوتی تورکی نەیتوانی بە زووترین کات داواکارییەکەی بچەسپێنێت، ئەوا حکومەتی عێراق خواستی هەیە، وەبەرهێنانی نەوتی موسڵ و بەغدا بدا بە کۆمپانیایەك، کە لە ژێر چاودێری حکومەتی عێراق دابێت، کۆمپانیاکانی تر بۆ پرۆژەیەکی داشکانی ئاشکرا بانگهێشت بکرێت[1]. لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراق مشتومڕێکی زۆر درووست بوو لە نێوانی نوێنەرانی کۆمپانیا و حکومەتی عێراقی، بەلاَم وەزارەتی داگیرگەکان ئەم جۆرە مشتومڕەی پێ خۆش نەبوو لە سەر شەرعیەتی ئیمتیازی نەوتی ئەم ناوچانە، چونکە پێگەی لاواز دەکرد لە کۆمەلەی گەلان لە کاتی گفتوگۆکانی کێشەی موسڵ لە کۆنگرەی لۆزاندا،بۆیە داوا دەکات لە مەندووبی سامی نوێی هێنری دوبس Sir H.Dobbs (١٩٢٣-١٩٢٩) کۆتایی بێنێ بەم جۆرە ریۆرەسمانە[2].

## نزیکبوونەوەی بەریتانیا لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا:

ئەو هەولاَنەی بەریتانیا لە ناوخۆی عێراق دەیدا تەنها بۆ ئەوەبوو، کە چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ بەشداربوونی ئەمریکا لەپشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی،چونکە لە روانگەی وەزارەتی داگیرگەکانەوە کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل ئوڤ_نیوجەرسی وحکومەتی ئەمریکا هانی دانیشتوانی عێراقی دا بۆ ئەوەی شۆڕشی ١٩٢٠ بەرپابکەن لە دژی بەریتانییەکان، کە لەم هەوڵە

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی نامەیەی وەزیری دارایی عێراق،بڕوانە،قاسم احمد العباس:المصدر السابق،ص ١٧٦

[2] نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٦٩.

سەرکەوتوو نەبوون، دەستیان دایە یارمەتیدانی تورکەکان بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بگەڕێننەوە ئەمانیش لەم ڕێگایەوە ئیمتیازی نەوتیان دەستکەوت لەم ناوچانەدا، وەزارەتی داگیرگەکان تەنها مەترسی لە ئەمریکا نەبوو، بەڵکو فەرەنسییەکانش ببوونە دێوەزمەی بەریتانیا، چونکە یارمەتی فەرەنسا بۆ تورکیا لە دژی یۆنان بەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی موسڵ بوو[١].

ئەو بارودۆخە باشەی هاتەکایەوە لە پەیوەندیەکانی فەرەنسا-تورکیا بەهۆی مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی ئەنقەرە لە ٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢١ بوو، کە حکومەتی بەریتانیا و شا فەیسەڵی تووشی دڵەڕاوکێ کرد، چونکە فەرەنسییەکان پێشنیازیان کرد بۆ تورکەکان، ویلایەتی موسڵ داگیر بکەنەوە لە پێناو وەرگرتن و دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوت[٢].

بەریتانییەکان گەیشتبوونە قەناعەتێك، ئەگەر ڕێگا بدەن بە کۆمپانیاکانی ئەمریکا بۆ پێشخستنی ڕەوتی نەوتی هەردوو ویلایەتی موسڵ وبەغدا ئەوە کێشەی هەمیشەیی دروستدەکرد. لەمەش خراپتر، گرژی بەردەوامی لە پەیوەندیی نێوان ئەمریکاو بەریتانیا دروستدەکرد، بەڵام بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە پەرەپێدانی سەرچاوەکانی نەوتی هەردوو ویلایەت بە ئیمتیازێکی بەرچاوتری بەریتانیا بوو، چونکە حکومەتی لەندەن دەیویست ئەم پەرەپێدانەی مەیدانەکانی نەوتی موسڵ وبەغدا زۆر خێراتر ئەنجام بدرێت[٣]. کاربەدەستانی بەریتانیا پێیان باش بوو داهاتی پێویست بۆ حکومەتی دورستکراوی خۆیان لە ناوچەکەدا دابینبکەن و ئەوەندی دەکرێت بۆدابینکردنی خەرجییەکانی ئەم دەوڵەتە تازە دروستکراوەی میزۆپۆتامیا، بۆ ئەوەی گوشار نەخرێتە سەر دارایی بەریتانیا [٤].ئەوەتا لە

---

[١] نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق ، ص ٥٥.

[٢] فاضل حسين: المصدر السابق، ص ص ٢٥-٢٦.

[٣] Daniel Yergin : op .cit ،p.196.

[٤] Ibid، p.196.

ناوەندی سیاسی بەریتانیش دەنگوباس هەبوو بەوەی باشترین ڕێگا چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی هەن لەسەر نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میزۆپۆتامیا نزیک بوونەوە لە گەڵ ئەمریکا و بەرژەوەندی ئابووری بەریتانیا تێدایە، ئەوەتا لە کاتێکی نزیك دا ولە ٣ تشرینی دووەمی ١٩٢٠دا هەریەك لەتیلی(J.Tilley) و ئەرنست ویکلی(Earnest Weakley)، کە لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەرپرس بوون، ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی کە بەشداربوونی کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل ئوڤ_نێوجەرسی زۆر پێویستە بەنسبەت بەریتانیا، لە ڕووی ئابووریەوە سوود دەبەخشێت بە حکومەتی عێراق، ویکلی ئاماژەی کرد بەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی دەتوانێت پەرەپێدانی فراوان بکات لە کێڵگە نەوتییەکانی هەردوو ویلایەتی موسڵ وبەغدا، دەتوانرێت کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل ئوڤ نیوجەرسی ئەمریکی بانگهێشت بکرێت[1].جۆن کادمان لە ئیدارەی گشتی پترۆڵی بەریتانیا بە پێشنیازەکە ڕازی بوو،پێشنیازی کرد بەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی تەنها ناوچەیەك دەستنیشان نەکات بۆ کارکردن،بەڵکو چەندین ناوچەی جیاواز هەڵبژێرێت وبیخاتە بەردەم کۆمپانیاکانی تر لەسەر بناغەی سیاسەتی(دەرگای کراوە)[2].

گومانی تێدا نەبوو، کە سەرمایە و تەکنەلۆژیای ئەمریکا چالاکانە ڕەوتەکەی خێراتر دەکرد، بۆیە سەر ئەنجام بۆچونەکانی کۆمپانیای شێڵ هاتەدی، کە دەیوت بەشداریکردنی ئەمەریکییەکان دەستی کۆمپانیا نەوتییەکانی لە ڕووبەرووبوونەوەی گرفتە سیاسیەکانە، کە لەوانەبوو لەم بەشە نائارامەی جیهاندا ڕووبدا، بەهێزتر دەکا[3].

لەم کاتەشدا گالۆست گوڵبەنکیانیش دەنگی خۆی خستەپاڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوە نوێیانەو ئامۆژگاریی یارمەتیدەری بەردەوامی وەزارەتی دەرەوەی

---

(١) William Stivers: op. cit، p.524.

(٢) Ibid، p.524.

(٣) Daniel Yergin : op .cit ،p.196.

بەریتانیای کرد، کە لەجیاتی ئەوەی ئەمریکا لە سنووری ئیمتیازی میزۆپۆتامیا(لەدەرەوە) بهێڵێتەوە، ئەمریکاییەکان بۆ (ناوەوە) بانگهێشت بکا و رێ لە دژایەتی کردنی ئەو ئیمتیازە بوەستێنێت، لە ئەنجامدا یارمەتیدەری هەمیشەیی وەزارەتی دەرەوەی لە ژێر کاریگەری ئەم ئامۆژگارییەی گوڵبەنکیان دا، چالاکانە فەرمانی بە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی و کۆمپانیای رۆیاڵ دوچ/شێڵدا، کە بەرژەوەندیی سیاسەتی بەریتانیا لەوەدایە، کە بوار بە ئەمریکاییەکان بدرێت وئەم کارە پێوستە هەرچی زووترە ئەنجام بدرێت، پاشان نامەیەکی بۆ کۆلبەنگیان نووسی وداوای لێکرد وەك فاکتەرێك هەرچییەکی بۆ دەکرێت بۆ ڕاکێشانی پێی ئەمریکاییەکان بۆ ناوچەی میزۆپۆتامیا درێغی نەکات[1]. مەبەست لە ڕاکێشانی ئەمریکا بۆ ناوچەکانی میزۆپۆتامیا هەمیشە لەوەدایە، کە بەشداری بکات لە پەرەپێدانی نەوتی ناوچەکەدا لە ڕێگای بەشداری کردنیان لە کۆمپانیای نەوتی تورکی، چونکە لە ناوچەی ئیمتیازی ئەم کۆمپانیایەدا بوو.

ئەم گۆڕانە ١٨٠ پلەیە لە هەڵوێستی بەریتانیا ڕەووشێکی ئاشتیخوازانەی گرتە بەرو چرای سەوزی بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا لە میزۆپۆتامیا داگیرسان، بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٢١، کە ئیدارەی ئەمریکی نوێ وارین هاردینگ* لە ئەمریکای نوێ هاتە سەرتەخت. هیربرت هۆڤەریش ( Herbert Hoover) وەزیری بازرگانی ئەمریکا پێشنیازی ئەوەی کرد، کە بۆ دەستپێکردنی چالاکی لە میزۆپۆتامیا، ژمارەیەك سەندیکای پێکهاتوو لەسەرجەم کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا، پێك بهێنرێت، چونکە بە تەنها یەك

---

(١) Daniel Yergin : op .cit ، p.196.

* وارین هاردینگ (Warren Harding) وەك سەرۆك کۆماری نوێی ئەمریکا دەستبەکاربوو لە جێگای وودور ویلسون، لەسەردەمی ئەم سەرۆکەدا بارودۆخی نەوت زۆر چووە پێش بەجۆرێك حکومەتی تازە لە حکومەتەکانی پێش خۆی چالاکتر کەوتە بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئەمریکا، هەر لە مەکسیکەوە تاکو هیندی رۆژهەڵات و میزۆپۆتامیا، بڕوانە Ibid،p.196.

کۆمپانیا ناتوانێت پشتیووانی حکومەتی ئەمریکا بۆ خۆی مسۆگەر بکات، هەروەها جڵەوی ئەم ململانێیە بگرێتە ئەستۆی خۆی لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهاندا. وۆلتەر تێگل بەرێوبەری ستاندرد نیۆجەرسی بۆ ئەم مەبەستە کۆنسۆرتیوم(Consortium)ی تایبەتی لە کۆمپانیا گرنگەکانی نەوتی ئەمریکا پێکهێنا، هەرچەندە لەڕابووروودا ئەم جۆرە کۆکردنەوەی کۆمپانیا ئەمریکاییەکان تۆمەتبار دەکران بە قۆرخکردنی نەوتی جیهان، بەڵام بارودۆخی ئەم کاتە گۆڕابوو تەنانەت لە ناوخۆی ناوەندی ئەمریکا جۆرە کۆبونەوەیەك بە پاڵەوانیتی نەتەوەیی سەیر دەکرا، کە سیاسەتی (دەرگای کراوە)ی بۆ بەدەستهێنانی نەوت لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەمریکا جێبەجێ دەکرد[1]. ئەم کۆبوونەوەی کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا لە ٣تشرینی یەکەمی ١٩٢١ ڕاگەیاندرا،کە حەوت کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتی بەشدارییان تێدا کرد و لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢١ داواکاریان دا بە وەزیری دەرەوە ئەمریکا بۆ ئەوەی ئامادە باشی بکات بۆ ئەم کۆمەڵەیە بۆ ناردنی شاندێکی تر لە ئەندازیاران وپسپۆرانی جیۆلۆجی بۆ ئەوەی دەست بکەن بە ڕووپیوکردن لەسەر زەوی میزۆپۆتامیا[2]،بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەوڵی دا لە ڕێگایی فشاری زیاترەوە داواکاری کۆنسۆرتیوم کۆمپانیاکانی ئەمریکا جێبەجێ بکات، ئەمەش لەو یادداشتە ڕووندەبێتەوە کە باڵیۆزی ئەمریکا لە ١٧ تشرینی دووەمی ١٩٢١ لە لەندەن پێشکەشی کردبوو بە حکومەتی بەریتانیا، کە لە ناوەڕۆکیدا هاتبوو، ئەمریکا بە هیچ جۆرێك دان نانێت بە شەرعەیەتی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی، هەروەها داوا دەکات بە خستنەڕووی ئەم ئیمتیازە بۆ بەردەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی[3].

[1] John A.Denovo: op.cit،p.184;Benjamin Shwadran:op.cit،p.215; Daniel Yergin:op.cit ،p.196.

[2]دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ١٤ Benjamin Shwadran: op.cit ,p.215;

[3] ابراهيم علاوي: المصدر السابق، ص٥٦.

هـەر دوا بـەدوای ئـەم هەڵوێسـتەی ئـەمریکا، بەریتانییـەکان زۆر نیگـەران دەکـات، لــە ئیمتیــازی کۆمپانیــای نــەوتی تــورکی، دەیانخاتــە گومانــەوەو شـەپرزەیان دەکـات بـە چۆنییەتی چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتـە، لـە ڕاپـۆرتێکی نهـێنی وەزارەتــی داگیرگــەکانی بــەریتانیا دا هــاتووە:" بــەردەوام حکومــەتی بەریتانیای مەزن دەنگۆی ئـەوە دەکـات، کـە مـافی بەخشـینی ئیمتیـازی نـەوتی دراوە بـە کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی لـە هـەردوو ویلایـەتی بـاکووری عێراقـدا لەلایەن سەدری ئەعزەمی عوسمانی، حکومەتی خاوەن شکۆ هەستی بە لاوازی ئـەم داواکارییـەی کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی کـردووە ، لـەو کاتـەی ئـەمریکا لـە ساڵی ١٩٢١ تانە لە راستی و دروستی بەڵگەی کۆمپانیای نەوتی تورکی دا و فشاری کرد بۆ گواستنەوەی ئەم کێشـەیە بۆ ناوبـژیوانی سـەربەخۆی دادگـایی، بــەلاّم حکومــەتی خــاوەن شــکۆ هــیچ ئــەم ڕێگایــەی پێخــۆش نــەبوو بــۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە، لـە لایـەکی تـر هەسـتی کردبـوو بـەوەی ناشـێت بەریتانیا بەردەوام بێت لـە ڕەتکردنـەوەی داواکاری بەڕووی ناوبـژیوان، ئەگـەر حکومەتی ئەمریکا بەردەوام بێت لە پێناو ئەم چارەسەرکردنەدا"[1].

کۆتــایی ســاڵی ١٩٢١ جــۆن کادمــان، کــە بەرپرســی کۆمپانیــای نــەوتی ئەنگلۆ_فارسی بوو، لە ژێر پەردەی کۆنگرەی واشنتۆن بە بیانووی گەشتێکی زانستی بۆ دام ودەزگا پترۆڵییەکانی ئەمریکا گەشتێك دەکات بۆ ئەمریکا ،بەلاّم لە ڕاستیدا ڕاسپێرابوو بە دروستکردنی ئاشتی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا و ڕاکێشانیان بۆ بەشداربوون لە کۆمپانیای نەوتی تورکی دا،هەروەها بۆ پەرەپێدانی نەوتی میزۆپۆتامیا، مەبەستی جۆن کادمان لەو وتارەی خستیە روو لـە پـەیمانگای ئـەمریکی بـۆ پـترۆڵ(American Petroleum Institute) بەدەردەکەوێت، کە دەڵێت:" ئەو سەرمایە بیانییانەی پێویستە بۆ پەرەپێدان و

---

[1] د.ك.و، ملفات الاستثمارات النفطية في العراق و حصة بريطانيا، رقم الملف (٣١٠)،( Confidential Memorandum to be Returned to The Colonial Office in 1927)، و٤،ص ص١٦-١٧.

گەشەسەندنی سامانی پترۆڵ لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بە چاوێکی پربایەخ سەیر دەکرێن" ئەمیش ئاماژەیەکە بەوەی بەریتانیا خواستویەتی سیاسەتی (دەرگای کراوە) پەیرەو بکات[1].

جۆن کادمان بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی، تاکو ساڵی١٩٢٢، کە کار بکاتە سەر ناوەندی سیاسیی بەریتانیا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ستراتیژی کێشەی نەوت چارەسەر بکات لە نێوان بەریتانیا_ئەمریکا، بەتایبەتی لەو بۆچوونەی خستبویەڕوو لە لێکدانی(اندماج) هەردوو بەرژەوەندییەکان، یاخود بەشداربوونی کۆنسۆرتیوم کۆمپانیاکانی ئەمریکا دەبێتە گەورەترین پشك لە بەشداربوونی کۆمپانیای نەوتی تورکی و سوودێکی گەورە پێشکەش دەکات هەم لە ڕووی سەرمایەدا هەم لە ڕووی ئەزموونی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا، کە هەیانبوو لە بواری پیشەسازی نەوتدا[2].

ئەم هەنگاوانەی بەریتانیا تەنها لە پێناو ئەوە بوو، بە ئەمریکا ڕاگەیەنێت، کە نییەتی پاکە بەرامبەری. لەو هەنگاوە بەرچاوانەی کە بۆ ئەو مەبستەش نابووی هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانیەتی ئەنگلۆ-ژاپۆنی بوو لەبواری دەریایی، کە ئەمریکا بە هەڕەشەی دەزانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی، دووەم هەنگاو بەشداریکردنی بەریتانیا بوو لە کۆنگرەی واشنتۆن لە ساڵانی ١٩٢١-١٩٢٢ وەك خۆنواندنی ڕۆحی ڕێککەوتنی ئەنگلۆ_ئەمریکی، جگە لە وتەکانی پرۆفیسۆر جۆن کادمان، (ونستۆن چەرچل)یش هەوڵی ئاگادارکردنەوەی ناوەندی سیاسیی بەریتانیا دەدا بەوەی هیچ قۆرخکردنێك نەکرێت لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، چونکە کاردەکاتە سەر بەهێزکردنی هاوڕێیەتی ئەمریکا، بەپێچەوانەش چەرچڵ داوای هەوڵی زیاتر دەکات بۆ بەهێزکردنی

---

[1] S.H.Longrigg : op. cit ،p.46; William Stivers:op، cit، p.518;

اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص٧٨.

[2] William Stivers: op. cit، p.518.

هاوڕێیەتی ئەمریکا، چونکە بە باوەڕی ئەو پاڵپشتی ئەمریکا زۆر گرنگە بۆ ئاسایشی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا[1].

دوای هەڵوێستی ئەمریکا لە ١٧تشرینی دووەم١٩٢١ دەربارەی گواستنەوەی شەرعیەتی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆ بەردەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، بەریتانیا ناچار بوو بەدوای چارەسەرێکی کۆتایی بدۆزێتەوە بۆ ئەمریکا لە کانە نەوتەکانی ویلایەتی موسڵ دا، چونکە بە قەناعەتی بەریتانیا ، ئەمریکا ئەگەر بەشدار نەکرێت لەم نەوتەدا بە هیچ شێوەیەك واز لە داواکاری و دژایەتی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ناهێنێت لەم ناوچەیەدا، بۆیە بەرامبەر بە حکومەتی بەریتانیا سێ پێشنیاز هەبوو بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە:

١- دەست لە ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی هەڵگرێت،کە نەوتی ولایەتی موسڵ وبەغدا پێی بەخشرابوو.
٢- ئەم کێشەیە بخرێتە بەردەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی،کە خواستی ئەمریکا بوو.
٣- بەکارهێنانی چەند شێوازێك بۆ ئەوەی حکومەتی ئەمریکا دان بە شەرعیەتی ئیمتیاز بنێت.

ئەم پێشنیازانە خرانە بەردەم گفتوگۆ لە کۆبونەوەیەکی نا فەرمی، کە لە وەزارەتی داگیرگەکان لە ١٦ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ کە بە سەرۆکایەتی جۆن شکبرە (J.Shuckburgh) بەسترا، کە یاریدەری وەزیری داگیرگەکان بۆ کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو،لە نێوان سالانی(١٩٢١-١٩٣١)، هەروەها بەبەشداری نوێنەری وەزارەتی دەرەوە و فەرمانگای نەوت، تیایدا بڕیاریان دا بە دوورخستنەوەی پێشنیازی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و ڕەزامەندیان دەربڕی

---

[1] William Stivers: op. cit، p.526.

لەسەر ئەوەی کە کۆمپانیای نەوتی تورکی بدرێتە ئەمریکییەکان، گفتوگۆش لەگەڵ کۆمپانیای ستاندارد ئۆیل لەسەر بناغەی بازرگانی دەستپێبکات[١].

لە ڕاستیدا حکومەتی بەریتانیا ئامۆژگاری کرابوو بەوەی تاکە ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەم بەرهەڵستییەی ئەمریکا دەربارەی داواکارییەکەی کۆمپانیای نەوتی تورکی، هەوڵ بدات بەوەی جارێکی تر کۆمپانیا ڕێکبخرێتەوە لە پێناو بەشداریکردنی سەرمایەی ئەمریکی، هەروەها نابێت ئەم کارە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی بەریتانیا ئەنجامبدرێت[٢].

وەزیری داگیرگەکان چەرچڵ لە سەر ئەم پێشنیازە، بۆ دەسەلاّت پێدانی جۆن کادمان ڕاوێژکاری کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی، تا بچێتە ناو گفتوگۆی سەرەتایی لەگەڵ کۆمپانیای ستاندرد ئۆیل ئوۆ نیوجەرسی دەربارەی بەشداربوونی بەرژەوەندیی ئەمریکا لە کۆمپانیای نەوتی تورکی ڕازی بوو، بەلاّم دابەشکردنی پشکەکان دەبێت لە کۆنگرەی لەندەنەوە بکرێت و بە بەشداربوونی هەریەك لە هۆڵەندییەکان وفەرەنسییەکان، چونکە پشکیان هەبوو لە هەمان کۆمپانیادا[٣].

لە ٨ حوزەیرانی ١٩٢٢ چارلس گرینووی(Greenway)، کە بەڕێوەبەر بوو لە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی بە بێدفۆرد(A.C.Bedford) لەکۆمپانیای ستاندارد نیوجەرسی ڕادەگەیەنێت کە بە زووترین کات نوێنەر بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی بنێرێت[٤]. لەو کاتەدا، کە ئەم پێشنیازە خرایە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەزارەت بە چاوێکی گەشبینیەوە سەیری کرد و پێشنیازی کرد، کە ڕێگا لە چانسی بەشداربوونی کۆمپانیاکانی

---

[١] نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٥٦.

[٢] د.ك.و، ملفات الاستثمارات النفطية في العراق و حصة بريطانيا، رقم الملف (٣١٠)،(Confidential Memorandum to be Returned to The Colonial Office in 1927)، و٤،ص١٧.

[٣] John A.Denovo: op.cit، p.190; نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٥٦.

[٤] دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ١٥.

ئـەمریکی لـەم جـۆرە ئیمتیـازەدا نـەگیرێت ، بۆیـە هـیچ ڕەخنەیـەکی نـەبوو لـە پەرەپێـدانی کێڵگـە نەوتییـەکانی میزۆپۆتامیـا لـە ڕێگـای کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی، بـە مـەرجێك بەخشـینی شـەرعیەتی ئـەم ئیمتیـازە نوێیـە لـە ڕێگـای حکومەتی عێراقەوە بێت، هەروەها هەمان حکومەت دان بەم ئیمتیازە بنێت، کە لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمانیـەوە پێببەخشـراوە[1]. لـە٢٦ حـوزیرانی هـەمان سـاڵ بیدفۆرد وەڵامی نامەکەی گرینەوەی دایەوە، کە ڕەزامەنـدی وەزارەتـی دەرەوەی وەرگرتووە بۆ گفتوگۆکردن، بـە مـەرجێك لەسـەر بنـەمای(دەرگای کـراوە) بێـت و هیچ دانێك بەشەرعیەتی ئیمتیاز نانرێت، تاکو چارەسەری یەکسان بۆ کێشەکان نەکرێت و هەر ڕێککەوتنێك ئەنجام بدرێت دەبێت لـە لایـەن وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکاوە پەسەند بکرێت [2].

لـە مـانگی تـەمووزی ١٩٢٢ گفتوگۆ لـە نێـوان نوێنـەرانی کۆمپانیـای نـەوتی تورکی و نوێنەرانی گرووپی کۆمپانیاکانی ئـەمریکی لـە لەنـدەن دەسـتی پێکـرد بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا[3]. بەشداربووان لــە گفتوگۆکــان دوو گــرووپ بــوون، کــە واڵتــەر تیگــل(Walter Teagle)*،

---

[1] John A.Denovo: op.cit، p.190;.نوری عبد الحمید خلیل: المصدر السابق، ص ٥٧

[2] نوری عبد الحمید خلیل: المصدر السابق، ص ٥٧.

[3] دور احتکار النفط الدولي في العراق....،المصدر السابق،ص ١٨.

* والتـەر تیگـەل سـەرمایەدارێکی دیـاری پیشەسـازی نـەوتی ئـەمریکا بـوو، بۆچـوونەکانی دەربارەی نەوتی میزۆپۆتامیا بەم شێوەیە ڕوون بۆتەوە کاتێك لە ساڵی ١٩٢٠ هاوکات لەگەڵ پێنجەمین ساڵ ڕۆژی پێکهێنانی ستاندرد نیۆجیرسیدا تێکەڵ ستراتیژی نوێی خۆی بووبووە شێوەیە ڕاگەیاند:" سیاسەتی ئێستای ستاندرد نیۆجرسی ئۆیل ئەوەیە، کە بێ ئەوەی گوێ بەوە بدرێ لەکام ولاّتدایە، بایەخ بەهـەموو مەیـدانێکی بەرهـەمهێنان نـەوت بـدرێت، ستاندرد نیۆجیرسی بەنیازە لە هەموو خاڵێکی جیهان، کە ئەگەری بوونی نـەوتی لێبکرێت ئامادەیـە ، بڕوانە، Daniel Yergin :op.cit ,p.199.

**نوێنەرایەتی سەرجەم کۆمپانیا ناو کۆنسۆرتیومی* ئەمریکی دەکرد لەلایەك، لە لایەکی تر گرووپی دووەم پێکهاتبوون لە هەریەك لە هێنری دیتردینگ (کۆمپانیای نەوتی رۆیاڵ دۆچ/شێڵ) و چارلس گرینوەی (کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی) و کۆلۆنیل ئەرنست مرسیە** (Colonel Ernest Mercier) **(کۆمپانیای نەوتی فەرەنسی**C.E.P) ، **هەروەها لە ناو ئامادەبواندا کەسی دیاری بواری نەوتی وەك کالۆست گوڵبەنکیان هەبوو، کە لە هەمووان هەستیار تر ڕۆڵی دەبینی، سەرجەم نەیارانی والتەر تیگل لە کۆمپانیای نەوتی تورکیدا هاوبەشبوون و ئیمتیازی نەوتی (ویلایەتی موسڵ)یان لە دەستدابوو**[١].

**چەندین خاڵ لە ناو گفتوگۆکانی نێوان گرووپی کۆمپانیای نەوتی تورکی گرووپی کۆمپانیا ئەمریکی هەبوون، کە خاڵی ناکۆکی بوون، لە گرنگترینیان شەرعیەتی ئیمتیازی نەوتی کۆمپانیای نەوتی تورکی بوو، دابەشکردنی پشکەکانی کۆمپانیا لە نێوان بەشداربووان، یەکەم کێشە وادیار بوو، کە هەمووان ڕەزامەندبوون لەسەری ئەوەی دەبێت حکومەتی عێراق جارێکی تر شەرعیەتی بدات بە ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی لەسەر کێڵگە نەوتیەکانی ویلایەتی موسڵ وبەغدا. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پشکەکان لە کۆمپانیادا پێشنیازیك هەبوو، کە بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕێککەوتنامەی سان_ریمۆ هەمواربکرێتەوە خرابووەڕوو، داوای ئەو پشکانەی دەکرد، کە بۆ حکومەتی عێراق تەرخان کرابوو بەرامبەر پێشنیازی پێدانی بڕێکی پارە بۆ هەموو تەنێك لە نەوت بەرهەمبهێنرێت بدرێ بە حکومەتی عێراقی، یەکەم**

---

* **کۆنسۆرسیومی پێکهاتبوو لەم کۆمپانیایانەدا: اتلانتك ریفایننك**(Atlantic Refining)**و کۆمپانیای گولف ریفایننك** (Gulf Refining) **و کۆمپانیای نەوتی مەکسیك**( Mexican Petroleum) **و کۆمپانیای نەوتی سینکلر** (Sinclair Gonsolidated Oil) **و کۆمپانیای ستاندر ئۆیل ئۆڤ نیوجرسی و کۆمپانیای تکساس ئۆیل**(Texas Oil) **و کۆمپانیای سۆکۆنی موبیل**(Socony Mobil)**، بڕوانە، قاسم احمد العباس، المصدر السابق،ج١، ص١٠٠.**

[١] Daniel Yergin :op .cit ،p.197.

پێشنیاز خرایە ڕوو بۆ پشکی بەشداربوونی ئەمریکییەکان بە ڕێژەی ١٢٪، بەڵام ئەمریکییەکان ڕازی نەبوون بەم پشکە، چونکە داوای یەکسانیان دەکرد لە پشکەکان[1].

لە ٢٦ تەمووزی ١٩٢٢ جارێکی تر گفتوگۆکان دەست پێکرانەوە لە نێوان هەردوو گرووپ، کە پێشنیازێکی نوێی هاتەکایەوە، ئەویش پێکهاتبوو لەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی ژمارەیەك لە پارچە زەوەی نەوتی هەڵبژێرێت، کە لە ناو سنووری ئیمتیازدا بن، ئەو پارچانەی تر کە دەمێننەوە بخرێنە ڕوو بۆ (موزایەدە)ی ئاشکرا بۆ هەموو بەشداربووان، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی پشکەکانی حکومەتی عێراق هەڵوەشێتەوە بەرامبەر بەپێدانی بڕێکی پارە[2]. بەڵام بەهۆی دابەشکردنی پشکەکانی کۆمپانیاکە، کە گرووپی ئەمریکی ڕێژەی ١٢٪ ڕەتکردەوە، هەرچەندە ڕێژەکەی بۆ ٢٠٪ زیادکرا، بەڵام پێداگرتنی گرووپی ئەمریکا لە سەر پشکی یەکسانی، بەشداربووان نەگەیشتنە ڕێککەوتنێکی کۆتایی و گفتوگۆکان وەستان[3]، چونکە گۆڕانکاری ستراتیژی و سیاسی لە ناوچەکەدا هاتەکایەوە، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کەمالستی، کە سەرکەوتنی بەرچاوی بەسەر هێزەکانی یۆنانی بە دەستهێنابوو، وەك دەسەڵاتێکی نوێی خاوەن پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خۆی چەسپاند لە ناوچەکەدا. داوای گۆڕینی یاخود چاکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکەدا کرابوو بە هۆی پەیمانی سیڤەرەوە، ئەم بارودۆخە نوێیە کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕینی سیاسەتی وڵاتە زلهێزەکان بەرامبەر بە تورکیا، بەتایبەتی لە نێوان تورکیا و هەریەك لە فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەت و ئیتاڵیا و ئەمریکا،لە ئەنجامدا بە شێکی زۆر لە زلهێزەکان لە پەیمانی سیڤەر پاشگەز بوونەوە، ئەم بارودۆخە بەریتانیای ناچار کرد، کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت و بڕیاریدا،

---

(1) Benjamin Shwadran: op.cit ،p.216.

(2) نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٥٨.

(3) Benjamin Shwadran: op.cit ،p.216.

که پەیمانی سێڤر هەڵوەشێتەوە کار بۆ پەیمانێکی نوێ بکرێت بە ناوی لۆزان بۆ ئەوەی ڕێگایەکی ئاشتی بدۆزێتەوە لە نێوان تورکیا و زلهێزەکاندا[1].

**کۆنگرەی لۆزان(٢٠/١١/١٩٢٢-٢٤/٧/١٩٢٣) و پرسی نەوتی ویلایەتی موسڵ:**

لە٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دەست کرا بە کۆبونەوەکانی کۆنگرەی لۆزان بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەکانی نێوان تورکیاو یۆنان، هەروەها بۆ بەستنی پەیمانی ئاشتی نوێ لە نێوان زلهێزەکان و تورکیا لەلایەك، کە جێگای پەیمانی سێڤر(١٠ئاب١٩٢٠) بگرێتەوە، چونکە کەمالیستەکان ئەم ڕێککەوتنەیان ڕەتکردەوە، کێشەی ویلایەتی موسڵ یەکێك بوو لەو کێشە گرنگانەی، دەبوایە کۆنگرە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزیایەتەوە لە نێوان سنوورەکانی تورکیا وعێراقدا[2]. ئەو دەوڵەتانەی ئامادەبوون لە کۆنگرەدا بەدوای ڕێگای ئاشتی دەگەڕان، چونکە بەتەمانەبوون ئامانجەکانیان جێبەجێ بکەن لە بە کارهێنانی هێزدا، ئەمە جگە لەوەی نەوت ئامانجێکی تر بوو لە خواستەکانیان، کارتی نەوت ڕۆڵیکی یەك لاکەرەوەی بینی لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پلان و پرۆژانەی چارەنووسی گەلانی کورد و ئەرمن و یۆنانی پێ دیاری کرابوو لە ڕابردوویەکی نزیکدا، بەتایبەت لە دوای ئەوەی ئەمریکا لە ڕۆژی چوارەم بەشداری ئەم کۆنگرەیە دەکات[3]. یەکێك لەو کێشە نەوتییانەی ڕووبەرووی کۆنگرەی لۆزان بووە هەر لە ڕۆژانی سەرەتادا، بەشداریکردنی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا بوو لە پەرەپێدانی نەوتی ڕۆژهەڵات و ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی، جەخت کردنەوەی لایەنی بەریتانیا بۆ دەستەبەرکردنی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە،فؤاد حمە خورشید: القضية الكردية في المؤتمرات الدولية...،ص ص٦٥-٧٠.

[2] فاضل حسين: المصدر السابق، ص٢٩.

[3] وليد حمدي: المصدر السابق،ص٣٢.

داواكاريەكانی كۆمپانیای نەوتی توركی لەسەر ئەو ئیمتیازەی لە سالی١٩١٤ لەلایەن حكومەتی عوسمانیەوە پێیدرابوو[(١)].

هەرچەندە كێشەی هەرێمی ویلایەتی موسڵ لە نێوان توركیاو بەریتانیا كێشەیەكی هەمیشەییە، كێشەی نەوتی ئەم ناوچەیە و ئیمتیازی كۆمپانیای نەوتی توركی كێشەی دووەم بوو لە نێوان زلهێزەكان، ئەم دوو كێشەیە وای لێهاتبوو، كە نەدەكرا باس لە هەریەك لەم دوو كێشەیە بە جودا بكرێت، ئەوەی لە كۆنگرەی لۆزان بە دیار كەوت، ئەوەبوو كە گرنگی زیاتر بە كێشەی نەوت دەدرا لە نێوان زلهێزەكان بۆ یەك لاكردنەوەی پشكی بەرژەوەندییەكانیان لەم ناوچەویەدا[(٢)].

دواخستنی رێككەوتنی نێوان كۆمپانیای نەوتی توركی و گرووپی كۆمپانیاكانی ئەمریكا لە پێش ئەم كۆنگرەیەدا، تەنها ئەوە دەسەلمێنێت، كە بەریتانیا دەیویست ویلایەتی موسڵ لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی نوێدا بهێڵێتەوە، چونكە كۆنترۆڵ لەسەر كێڵگە نەوتییەكان ئاسان تر دەبێت لەوەی بخرێنە پاڵ توركیا، ئەم بۆچونەی بەریتانیا زیاتر لەو نامەیە ئاشكرا دەبێت، كە بە ناوی" كێڵگە نەوتیەكانی ولایەتی موسڵ"، لەلایەن وەزارەتی دەریایی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ٧ كانونی یەكەمی ١٩٢٢ بە ژمارەی (730/27/60792) ئاراستە كرابوو، وا دەردەكەوێت دوای چەند رۆژێك لە بەستنی كۆبونەوەكانی لۆزان ئاراستە كرابێت، لە ناوەرۆكیدا هاتووە" كێشەی

---

(١) John A.Denovo: op. cit، p.191.

(٢) جرجیس فتح الله: النفط قرر مصیر كوردستان...،ص١٦; ئەو ئاماژانەی زیاتر ڕوونە كە كۆنگرەی لۆزان گرنگی زیاتری داوە بە پرسی نەوت لە كێشەكانی تر. ئەوەی كە ژمارییەكی زۆر لە كەسایەتی بەناوبانگی بواری نەوت بەشدار بوون و ئامادەیەكی بەردەوامیان هەبوو لە دانیشتەنەكانی كۆنگرەدا بۆ ئەوەی پرس وڕایان لێوەربگیردرێت وەك ڕاوێژكاری بواری ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ج١،ص٢٨٩; ئازاد نەقشبەندی: كێشەی موسڵ یان كێشەی نەوت، گۆڤاری مەتین ،ژمارە(٥٧)،١٩٩٦،ل ل١٤-١٥.

سەرەکی لە ڕوانگەی ستراتیژیەوە ئەوەیە، کە بەریتانیا ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکا، کە کێڵگە نەوتییەکان لێیە،...ئەگەر هاتوو ئەم بۆچونە دەستەبەرکرا، ئەوا دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود کۆمپانیاکان، کە بۆ وەبەرهێنانی ئیمتیازی نەوت زۆر گرنگی نییە"[١].

بۆ ئەم مەبەستەش بەریتانیەکان خۆیان باش ئامادەکردبوو و چەندین پلان و پێشنیازیان ئامادەکردبوو، تەنها بۆ ئەوەی لایەنە بەشداربووەکانی کۆنگرە بۆ لای بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕابکێشن.بۆ چارسەرکردنی هەردوو کێشە سەرەکییەکانی (نەوت وسنوورەکانی ویلایەتی موسڵ) سەرۆکی شاندی بەریتانیا لەم کۆنگرەیەدا، وەزیری دەرەوە بوو (لۆرد کرزن)، کە باشترین ڕێگای بۆ خواستەکانی ئیتاڵیا ئامادەکردبوو، لە ١٦ کانوونی یەکەم ١٩٢٢ کرزن ڕایگەیاند، دوای یەکلایی کردنەوەی کێشەی موسڵ، ئیتاڵیا لە سوودو بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئەو ناوچانە بەشداربکرێت، بە تایبەتی گووتبووی" پشکێك لە نەوتی موسڵی" بدرێتی[٢]. تەنانەت سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە دەکات، سەرۆکی وەزیرانی ئیتاڵیا (بنیتۆ مۆسۆلینی) داوای کردبوو مافی ئیتاڵیا مسۆگەر بکرێت لە بەشداری نەوتی کوردستان[٣]، بەریتانیا ئەم پێشنیازەی خستەروو، تا ئیتاڵیەکان لە کۆنگرە پاڵپشتی بکەن، بۆ ئەوەی پێگەی بەریتانیا بەهێز بکرێت، کە پەیڕەوەی سیاسەتی(دەرگای کراوە) دەکات[٤].هەمان بەڵێن درابوو بە تورکیا بەرامبەر بە دەست هەڵگرتنی لەسەر

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە بە زمانی عەرەبی، بڕوانە،نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٥٩.

[٢] Petroleum affairs، in ،R.O.I، Vol 3 1923-1924، p. 414.

[٣] Edward Ingram: National and International Politics in the Middle East، First Published، Great Britian، 1986. p. 158.

[٤] نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٦٠; ئەوەی شایەنی باس بێت ئیتاڵییەکان داوای پشکیان دەکرد لە نەوت، چونکە یەکێك بوونە لە هاوپەیمانان وبەشداریان کردەوە لە سەرکەوتنەکان لە جەنگی جیهانیدا، هیچ دەستکەوتێکیان پێنەدراوە لە =

ویلایەتی موسڵ[1]، لەلایەکی تر دەبوایە بەریتانییەکان حکومەتی ئەمریکا ڕازی بکەن، کە پشکەکانی زیادبکرێت بۆ ٢٤٪ لە کۆمپانیای نەوتی تورکی بە مەرجێك ئەمریکا دانبنێت بە شەرعیەتی ئیمتیازی (TPC)، هەروەها داوای لە شاندی ئەمریکی کرد لە لۆزان، کە بەشێوەی چاودێر هاتبوون، پشتیووانی لە هەڵوێستی بەریتانیا بکەن، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا خۆی بە دوور ڕاگرت لەوەی هیچ بەڵێنیك بدات، لەوەش زیاتر جارێکی تر داواکاری خۆی دووپاتکردەوە لە سەر ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی، کە دەبێت لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ببەخشرێت[2]. لە لایەکی تر حکومەتی بەریتانی دەستیکرد بە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە لە پێش کۆنگرەدا هەردوو گرووپی کۆمپانیای نەوتی تورکی و گرووپی ئەمریکی لە گفتوگۆکانی لەندەن گەیشتبوونە ڕێککەوتنی چەند خاڵێك لە ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی، ئەو خاڵەی کە هەمووان هاودەنگ بوون لەسەری، هەڵوەشاندنەوەی پشکی حکومەتی عێراق بوو، کە بەپێی ڕێککەوتنی سان_ریمۆ ٢٠٪ پێدرابوو بگۆڕدرێت بۆ بڕێك پارە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵەش وەزارەتی داگیرگەکان لە ٢ کانوونی دووەم ١٩٢٣برووسکەیەك بۆ هێنری دۆبس دەنێرێت ،کە فشار لەسەر حکومەتی عێراق بکات، بۆ ئەوەی دەست لە پشکەکانی هەڵگرێت، کە لە ناوەڕۆکیدا هاتووە:" چونکە ئەم پشکە پێویستی بە بڕیی پارەی زۆر هەیە، کە یەك ملیۆن پاوەن دەبێت، حکومەتی عێراقیش ئەوەی پێدابین ناکرێت "، بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشبکرێت لە بەشداركردنی ئەمریکیەکان و ئیتاڵیەکان

---

=ڕێککەوتنی سان_ریمۆ، ئیتاڵییەکان لە کاتی مۆرکردنی سان_ریمۆ لە نێوان بەریتانیا وفەرەنسا ئەم ڕێککەوتنەیان ڕەتکردەوە، ڕایانگەیاند کە ئەم ڕێککەوتنە تەنها دژ بە خاڵەکانی کۆمەڵەی گەلان نیە، بەڵکو هەڕەشەیەکی توندە بۆ سەر دابینکردنی سەرچاوەکانی پترۆڵ بۆ ئیتالیا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە،

Edward Ingram: op. cit، pp. 148-149

(1) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 3 1923-1924، p. 414.

(2) Benjamin Shwadran: op.cit ،p.216.

وتورکەکان لە کۆمپانیادا کەدا، بەرامبەر بەوەی حکومەتی تورکیا دان بە سەروەری عێراقدا لەسەر ویلایەتی موسڵ بنێت. جگە لەوەش دەڵێن" لە کۆتایی خاوەندارێتیی ویلایەتی موسڵ، ئەم جۆرە قوربانییەی پێویستە، عێراق زۆر سوودمەنتر دەبێت، ئەگەر گرنگی بە سەروەری لە ویلایەتی موسڵ بدات، لەوەی گرنگی بدات بە پشکەکانی لە نەوتدا"[1].

دەربارەی ڕۆڵی ئەمریکا لە کۆنگرەدا، هەرچەندە چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەمریکا بە هێز و چالاکی زۆر بەشداری نەکردبوو لەم کۆنگرەیەدا[2]،دوایی چەند ڕۆژێك لە دەستپێکردنی کۆنگرەی لۆزان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا چارلس هیوز (C.Hughes) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی رایدەگەێنێت، ئەمریکا دەیەوێت پارێزگاری بکات لە مافەکانی و دەستەبەری سیاسەتی (دەرگای کراوە) بکات[3]،سەرۆکی شاندی چاودێری ئەمریکا لە کۆنگرەی لۆزان ریتچالد چایلد (R.Child) لە ٢٥ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ بەیاننامەکەی(هیوز)ی دا بە هەر سێ وڵاتی زلهێز(بەریتانیا،فەرەنسا،ئیتاڵیا)[4]، دەربارەی پرسی نەوت سێ بەرژەوەندی دیار و بەرچاوی ئەمریکی هەوڵی جێگیرکردنی مافەکانی ئەمریکا لە نەوتی ویلایەتی موسڵ دەدا، کە پێکهاتبوون

---

[1] نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٦٠; بەڵام بە هۆی سەرنەکەوتنی کۆنگرەی لۆزان و نەگەیشتنی بە ڕێککەوتنیك و چارەسەرێك بۆ کێشە سنوورییەکانی نێوان تورکیا_عێراق لەسەر ویلایەتی موسڵ، ئەم جۆرە قوربانیە لەلایەن حکومەتی عێراق نەدرا، هەروەها ڕازینەبوون لە سەری، ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لەسەر پشکی حکومەتی عێراق درێژەی دەبێت، تاکو ساڵی ١٩٢٥ لە نێوان حکومەتی عێراق و کومپانیای نەوتی تورکی، بڕوانە، جرجيس فتح الله: النفط قرر مصير كوردستان...،ص٢٠.

[2] بيتر جي.لامبرت: الولايات المتحدة والكورد(دراسة حالات عن تعهدات الولايات المتحدة)،مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق_جامعة دهوك،دهوك،٢٠٠٨،ص٣٩; Benjamin Shwadran: op.cit,p.220

[3] فاضل حسين: المصدر السابق، ص٢٨٤.

[4] المصدر نفسه، ص ٢٨٥.

له گرووپی یەکەم:  گرووپی حەوت، کە کۆمپانیای نەوتی زەبەلاحی ئەمریکا بوون و بەردەوامبوون لە گفتوگۆدا لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی، تەنها بۆ بەشداریکردنی ئەمریکا لە نەوتی ویلایەتی موسڵدا، دووەم گرووپ: (سەندیکای ئەدمیراڵ چێستەر) بوو، کە بەردەوام بوو لە گفتوگۆ لە ئەنقەرە لەگەڵ تورکەکان بۆ دەستکەوتنی پرۆژەی هێڵی ئاسنی و مافەکانی نەوتی ویلایەتی موسڵ لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا[١]. گرووپی سێیەم: میراتگرانی سوڵتان عەبدولحەمید بوون، کە داوای گەڕانەوەی ئەو ناوچە نەوتیانەیان دەکرد، کە سەر بە خەزینەی تایبەتی سوڵتان بوون، ئیتحادییەکان لە ساڵی ١٩٠٨ دەستیان بەسەریدا گرتبوو، ئەم داواکارانە پێکهاتبوون لە ٢٢ کەسایەتی لە (شازادە وشاژن) لە بنەماڵەی سوڵتان ، هەندێك بەرژەوەندی ئەمریکا پاڵپشتی ئەم میراتگرانەی دەکرد لە پێناو دەرکردنی ئیمتیازی نەوت لەم ناوچانەدا. سامۆیل ئینترمایر(S.Untermyer)، کە پارێزەرێکی ئەمریکی بوو و ڕاوێژکاری یاسایی بۆ ئەو لایەنە، کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا پێك دەهێنا[٢]. کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا پەیوەندیان کردبوو بە میراتگرانی سوڵتانەوەو

[١] John A.Denovo: op.cit، p.191.

ئەوەی شایەنی باس بێت گرووپی چێستەر چەند جارێ بانگهێشت کرابوو بۆ تورکیا بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکات دەربارەی ئەم پرۆژەیە، گرنگی ئەم پرۆژەیە لە ڕوانگەی ئەمریکاییەکان خۆی لەو پرسیارەدا دەبینێتەوە، کە( ئەگەر موسڵ گەڕایەوە بۆ تورکیا)،هەروەها تورکەکان زۆر گرنگیان بەم پرۆژەیە دەدا ،چونکە هەمان مەبەستیان هەبوو ئەگەر ویلایەتی موسڵ گەڕایەوە بۆ تورکیا چۆن وەبەرهێنان لە بواری نەوت لەم ناوچانە بکرێت ،بۆیە تورکەکان زۆر بەخۆشحاڵیەوە لە حوزەیرانی ١٩٢٠، جارێکی تر لە ساڵی ١٩٢١ ئەم گرووپە بانگهێشت کرا بۆ تورکیا بۆ هەمان مەبەست، لە ساڵی ١٩٢٢ گرنگی بەهێز بە پرۆژەی چێستەر لە ئەمریکا و کەندا دەدرا ، لە هەمان ساڵدا، کۆمپانیای پەرەپێدانی عوسمانی-ئەمریکی ڕیکخرایەوە،نوێنەرانی کۆمپانیا سەردانی تورکیایان کرد و گفتوگۆیان لەگەڵ وەزیری ئەشغاڵ لە ئەنقەرە کردبوو بۆ نوێ بوونەوەی ئیمتیازی چێستەری پێش جەنگی جیهانی، بڕوانە،Benjamin Shwadran: op.cit ,p.220.

[٢] John A.Denovo: op.cit، p.191.

بۆ ئەوەش پارێزەر ساموێل لە کۆنگرەی لۆزان داواکاری پێشکەش کردبوو، دەربارەی مافەکانیان و ئاماژەی کردبوو، کە کۆمپانیای نەوتی ستاندارد نیوجەرسی هەوڵی کڕینی مافەکانیانی داوە[1]، ئەم داواکارانە داواکاری تورکیا بوو بۆ گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ تورکیا، گرووپی حەوت کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا نیگەران کردبوو. ئەوەتا نوێنەریان واڵتەر تیگل،کە بەردەوام بوو لەگفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٢دا داوایەك پێشکەش بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەکات، دەڵێت:"وا بەباش دەزانم چاوێك بەم هەڵوێستانە بخشێننەوە" چونکە بە باوەڕی ئەو ئەگەر کەمالیستەکان پێیان لەسەر گەڕانەوەی موسڵ داگرت، ئیتر هیچ پێویست ناکات ئێمە بەردەوام بین لە گفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی، هەروەها داوای زانیاری تەواو دەکات لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام بیدفۆرد(Bedfort) وەزیری دەرەوە لە ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ وەڵامی واڵتەر تیگل دەداتەوە، کە ئیدارەی ئەمریکا هیچ بەرپرسیار نیە لەوەی زانیاری بدات بە گرووپێکی ئەمریکییەوە، کە پەیوەندیی بەنەوتەوە هەبێت[2].

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گرووپی ئەمریکا گەیشتنە ئەو قەناعەتە، کە باشترین ڕێگا ئەوەیە کە بەردەوام بێت لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی. لە ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا چەند زانیارییەك گەیشتبوون بە ناوەندی سیاسیی ئەمریکا کە ئامۆژگاری دەکات بەوەی دانبنێت بە ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆ دەستەبەرکردنی پشکی ئەمریکیەکان لەم ناوچەیەدا، چونکە ئەگەر

---

[1] ئەم گرووپە لە میراتگرانەی کۆمەڵێك کۆمپانیای بەریتانی لەپشتەوە بوو زۆر بە توندی داوای ئیمتیازی ئەم ناوچانەیان دەکرد، سەرچاوەیەکیش ئاماژە دەکات، کە وەزارەتی داگیرگەکان بەریتانیا پێشوازی لەم جۆرە گرووپە دەکرد، چونکە بە مەزەندەی بەریتانیا ئەڵتەرناتیڤێکی نوێ، ئەگەر هاتوو شەرعیەتی داواکاری کۆمپانیای نەوتی تورکی نەچەسپا، بڕوانە، نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٦١.

[2] John A.Denovo: op.cit، p.192; Benjamin Shwadran: op.cit ،p.221.

**هاتوو موسڵ گەڕایەوە بۆ تورکیا یاخود بەپێی بە بەشێك لەم ناوچەیەدا ئەوە مافی کۆمپانیای نەوتی تورکیە، هەم لەلای حکومەتی تورکی هەم لەلایەکی تر ئیمتیازی ئەم ناوچەیدا دەربکرێت، چونکە کۆمپانیا تاکو ئێستا دەستی بەسەر ئەم ناوچەیدا دەڕوات[1]. بۆیە لە ٢٣ کانوونی دووەمی ١٩٢٣ یەکسەر شاندی ئەمریکا بەیانامەیەکیان خستە بەردەم لیژنەی سەربازی و هەرێمی، کە تیایدا هاتبوو ناڕەزاییەکی توندیان دەربارەی وەبەرهێنانی سامانەکانی باشووری کوردستان دەربڕی وداوای بەرگرتن لە سیاسەتی(دەرگای کراوە) یان کرد[2]. ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا لە پەیرەوکردنی سیاسەتی دەرگای کراوە تەنها بۆ دەستکەوتی پشکێك بوو لە نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا وەك، لە وتاری رۆژنامەی ئەمریکی (**TheChristian Science Monitor**) لە ژمارەی ٢ شوباتی ١٩٢٣ هاتبوو[3].**

**شاندی تورکی وەك شاندی بەریتانیا لە کۆنگرەی لۆزان دەیویست دەست بەسەر ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵدا بگرێت، ئەویش بۆ ڕاکێشانی پاڵپشتی و لایەنگری دەوڵەتان بۆ لای دۆزی خۆی، کە بەپێی بنەماکان میساقی نیشتمانی تورکیا، داوای گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵی دەکرد بۆ ناو سنوورەکانی دەوڵەتی نوێی تورکیا و پێشتریش خۆیان ئامادەکردبوو، کە کێشەی موسڵ وەك کێشەیەکی سەرەکی دەبێت لە کۆنگرەدا باسبکرێت[4]، لە ٢٦ تشرینی دووەم ١٩٢٢ لەو رۆژەی کۆنگرە خەریکی تاوتوێی بابەتی کێشەی سنوور بکات لە نێوان تورکیا و عێراقدا، عیسمەت پاشا ئینینو سەرۆکی شاندی تورکی لە کۆنگرە، داوای لە لۆرد کرزن سەرۆکی شاندی بەریتانیا کردبوو گفتوگۆکان بوەستێنێ دەربارەی ئەم بابەتە و چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو**

---

(1) Benjamimn Shwadran: op.cit ،p.222

(2) هنري فوستر: المصدر السابق،ص٢٤٠.

(3) فاضل حسين: المصدر السابق، ص٢٨٨.

(4) Benjamin Shwadran: op.cit ،p.223

گفتوگۆیانە بکرێت کە لە نێوانیاندا دەکرا[١]، ئەمە تەنها لەبەر ئەوەبوو، کە تورکەکان هەوڵیان دەدا بە نهێنی کۆمپانیا بەریتانیەکان ڕازی بکەن، ئەوەتا کرزن ڕاشکاوانە لە دانیشتنێکی کۆنگرە بۆ تاوتوێکردنی بابەتی کێشەی موسڵ دەڵێت:" شاندی تورکی لە دواوە نوێنەری دەنێرێتە لەندەن، بۆ ئەوەی سەودا لەگەڵ ئیمتیازەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی بکەن، بۆ ئەوەی ئیمتیازی تریان لە نەوتی موسڵ بدەنێ، کە هی خۆیان نییە"[٢]. لە ٢٣ کانوونی دووەم ١٩٢٣ عیسمەت پاشا ڕایگەیاند، کە ئەو بیروبۆچوونەی حکومەتی تورکی دەربارەی بەشداریکردنی زلهێزەکان لە وەبەرهێنانی نەوتی ویلایەتی موسڵ کەس بێ بەشناکات لە جیهاندا لە نەوتی موسڵ، دوای گەرانەوەی بۆ سەر تورکیا، هەروەها بەڵێنی دا بەوەی هەموو ئاسانکارییەك بخاتە بەردەم جیهان بۆ ئەوەی سوودمەند بن لەم نەوتەدا[٣].

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی عیسمەت پاشا، لە هەمان ڕۆژدا ٢٣ کانوونی دووەم١٩٢٣ سەرۆکی شاندی بەریتانیا لۆرد کرزن ڕاپۆرتی خۆی دەخاتە ڕوو دەربارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ، لەپاڵ ئەم بابەتە باس لە گرنگی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی دەکات و هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا، کە قەناعەتی تەواوی هەیە بە شەرعیەتی ئیمتیازی کۆمپانیا، ئەوەشی ڕوون کردبۆوە، کە حکومەتی بەریتانیا وکۆمپانیاکە هەست دەکەن بەوەی نەوت کەرەستەیەکە بۆ بەرژەوەندی جیهانە بەگشتی، هەڵەیە ئەگەر هەوڵی قۆرخکردنی بدرێت. پاشان کۆمپانیاکە بەهاوکاری و زانیاری بەریتانیا دەستی کرد بە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی تر بۆ بەشداری بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی تر لەم ئیمتیازە و ئاماژەی کردبوو بەوەی هیچ پەیوەندێك نیە لەنێوان نەوتی موسڵ و چارەنووسی ئەم ویلایەتەدا، ئەگەر بگەرێتەوە بۆ ناو سنوورەکانی

---

[تr] بیار مصطفی سیف الدین:المصدر السابق،ص١٠٧; Benjamin Shwadran :op.cit, p.223

[٢] عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي:المصدر السابق،ج٢،ص ص ١٧–١٨.

[٣] نوري عبد الحمید خلیل: المصدر السابق، ص ٦٢.

عێراق. هەروەك ئاماژە بەوەش دەكات كە هیچ زانیارییەك نیە، سەبارەت بەبڕی نەوتی ئەم ویلایەتە، كە دەتوانرێت بەكاربهێنرێت. ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەركەوتنی تۆماركرد لەم بوارەدا لە عێراق ئەوە بێ گومان سوودمەندی گەورە، وڵاتی عێراق دەبێت، هەروەها وڵاتی توركیا سوود وەردەگرێت، لە كۆتاییدا دەڵێت :"ئەمە تەواوی ئەو مەسەلەیە كە پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە"[1]. لۆرد كرزن ئەوە ڕادەگەیەنێت كە بەریتانیا زۆر زەرەری كردوە لە هەڵوێستەكەی دەربارەی گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ سەر عێراق بە تایبەتی لە بواری نەوتدا[2]. وەڵامی ئەو پرسیارەی لۆرد كرزن تەنها بەگەڕانەوە بۆ ڕابردووی زیاتر لە ٢٠ ساڵ، كە لە بەشەكانی پێشووی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێكردووە، چەند ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بە هەموو دام ودەزگاكانییەوە هەوڵی كۆنترۆڵكردنی ئەم ناوچانەی داوە، تەنها لەبەر نەوت، دەربارەی نەبوونی زانیاری،كە چەند بڕ نەوت هەیە لەم ناوچانە، ئەوا بە سەدان ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی هیند، وەزارەتی داگیرگەكان، دەزگاكانی كۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی وەڵامی لۆرد كرزنیان دابووەوە .

ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا لە ئەنجامی ئەو هێرشە گەورەیەدا بوو، كە لەلایەن ڕۆژنامەكانی بەریتانی وجیهانی لە كاتی كۆنگرەدا بەرپا كرابوو، كە بەریتانیا تەنها لە پێناو بەرژەوندییە نەوتیەكەی ویلایەتی موسڵی دەوێت وتا بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر عێراق[3].لە كاتی كۆبونەوەكانی لۆزان پەیامنێری ڕۆژنامە(The Detroit News) لە لەندەن، جەخت دەكات لەسەر ئەوەی كە نەوت نەك هۆكاری سەرەكیە لە كێشەی موسڵدا، ڕوونیشی كردەوە كە گەورەترین كێڵگەی نەوت لە جیهاندا لە ویلایەتی موسڵ دایە و ئەنقەرە بەهەر نرخێك بێت دەستی لێهەڵناگرێت ، كە دەڵێت هیچ سەیر نیە، كە بەم شێوەیە ململانێی

---

[1] جرجیس فتح الله: النفط قرر مصیر كوردستان...،ص ص ١٧-١٨

[2] Benjamin Shwadran: op.cit ،p.224.

[3] Elizabeth Monroe: op. cit p.102.

لەسەر دەكرێت، چونكە كێڵگەكانی موسڵ دەوڵەمەندترین كێڵگە نەوتییەكانی جیهانن، كە زیاتر لە بلیۆنێك دۆلار مەزەندە دەكرێت، رۆژنامەی ( The Dayton News) دەڵێت:" ئەگەر بڕێكی زۆر لە نەوت لە ویلایەتی موسڵ نەبوایە، هیچ بەرژەوەندییەكی دبلۆماسی لەو وڵاتە بەم شێوەیە نەدەبوو". رۆژنامەی( The Baflof News) دەڵێت:" هەرچەندە كەشتییە جەنگییە نوێیەكان پێویستیان بە بڕێكی زۆر نەوت هەیە، بەڵام بە دۆڕاندنی كێڵگە نەوتییەكانی عێراق مەترسییەكی وای بۆ هێزی دەریایی بەریتانی هەیە كە وەك ئەوەیە لە شەڕێكی دەریایی گەورەدا دۆڕابێت..."[1]. رۆژنامەی ئەمریكی(The Chicago Tribune) لە ژمارەی رۆژی ٥ شوباتی ١٩٢٣ دەڵێت:" بەریتانیا بەڵێنەكانی خۆی جێبەجێ دەكات بەرامبەر عەرەب، ئەگەر هاتوو كار گەیشتە ئەوەی پارێزگاری بكات لە كێڵگە نەوتە دەوڵەمەندەكانی موسڵ..."[2]،رۆژنامە سۆسیالست وڕادیكالەكان نیگەرانیی خۆیان دەربڕی بەرامبەر هەڵپەی بەریتانیا، بۆیە رۆژنامەی (The Worker) دەڵێت:" كۆلۆنیالستی بەریتانی دەیەوێت جیهان بەرەو كوشتارگەیەكی نوێ بەرێت لە پێناو پارچەیەك زەویی لە ئاسیا، كە نەوتی لێ هەڵدەقولێت"[3].

بەریتانیەكان دەیانویست هەموو گومانێك لە خۆیان دووربخەنەوە، كە هەڵوێستی بەریتانیا لە لێكدانی ویلایەتی موسڵ هیچ پەیوەندییەكی نیە بەپرسی نەوتەكەیەوە،هەوڵیاندەدا خۆیان نیشان بدەن، كە داكۆكی لەسەر مافی گەلانی(عێراق)دەكەن،چونكە بەپێی بڕیارەكانی كومەڵەی گەلان ئەم ناوچەیە لە ژێر ماندێتی بەریتانیا دایە و لەسەر بەریتانیایە داكۆكی لە مافەكانیان بكات ، بەریتانیا بۆ ئەم مەبەستە هانی ڕاگەیاندنی عێراق دەدا،كە ئەم بابەتە بڕوژێنن وداكۆكی بكەن لەسەر ویلایەتی موسڵ.لە رۆژنامەی "العاصمة البغدادية" لە

---

[1] فاضل حسين: المصدر السابق، ص٢٨٦.

[2] المصدر نفسه،ص ص٢٨٦-٢٨٧.

[3] المصدر نفسه،ص ٢٨٧.

سەرووتاری ژمارەی٧کانوونی یەکەمی١٩٢٢ نووسیبووی :"بە باشی دەزانین لە کۆنگرەی لۆزان، ئاراستەی هاوپەیمانی بکەین، ئەوان هەڵەیەکی گەورە دەکەن گەر لە باوەڕیان دابێت ڕێککەوتن لەگەڵ مستەفا کمال بۆ دابەشکردنی عێراقە، چونکە عێراقیەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان تورکیا و خەڵکانی تر بەرامبەر ژیان و بەرژەوەندیەکانی تری عێراقیەکان. ئەوەی دەست درێژی بکاتە سەر بیرە نەوتییەکانمان، ئەوا بە دووژمنی گەورەی خۆمانی دەزانین،لەم بوارەدا جیاوازی نیە لە نێوان مستەفا کەماڵ و هاردنیگ و کرزن و پوانکارێ "[(١)].

لە بواری ڕۆڵی رۆژنامەکانی جیهانی و ناوچەکەدا لە کێشەی پرسی نەوتی ویلایەتی موسڵ لە کۆنگرەی لۆزان شایەنی باسکردنە، کە رۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لە ژمارەی(٦) لە ٢٧ کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ وتارێك بلأودەکاتەوە بە ناوی( ویلایەتی موسڵ لە لۆزان) دەڵێت: ئەگەر هەموو دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کورد بوون...بۆچی نەتەوەکانی تر داوای دەکەن...تورکەکان و عەرەب و ئاشوورییەکان بەهۆی ژمارەیەکی کەم لە نەتەوەکانیان لەم ناوچەیە دەژین، خۆیان بەو پشت ئەستوورییە داوای ئەم ناوچەیە دەکەن...بەلاّم داواکاری ئێمە تەنها بۆ پارێزگاری کەمینەیی نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی ماف و ژیانی گەلێکی گەورەو سەربەخۆ و خاوەن نیشتمانێك... [(٢)].

ئەم وتانەی لۆرد کرزن هیچی لە هەڵوێستی ئەمریکا نەگۆڕیی، بەڵکو لە هەمان رۆژی٢٣کانوونی دووەم١٩٢٣ناڕەزایی خۆی نیشان دا لە ڕاگەیاندنێکدا، کە دابووی بەدەست لۆرد کرزن بۆ وەبەرهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی ویلایەتی موسڵ لە ڕێگای قۆرخکردنییەوە، هەروەها ڕاگەیاندرا بوو، کە هەڵوێستی ئەمریکا پەیڕەوکردنی سیاسەتی(دەرگای کراوە)یە[(٣)]

---

[(١)] عبدالحميد العلوجي و اللامي:المصدر السابق،ج١،ص ٢٩٤; کامەران ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٢.

[(٢)] جەمال خەزنەدار: ڕۆژی کوردستان(١٩٢٢-١٩٢٣)،بەغدا،١٩٧٣،ل ل٣٧-٣٨.

[(٣)] هنري فوستر: المصدر السابق، ص٢٤٠.

هەرچۆونێك بێت قۆناغی یەكەمی كۆنگرەی لۆزان شكستی هێنا، بە هۆی ئەو ئاژاوە و ناكۆكی و ململانێیەی لە نێوان زلهێزەكان لەسەر دۆزی ویلایەتی موسڵ و پرسی نەوتەكەیدا هەبوو، كە زیاتر ململانێیەكە نێوان توركەكان و بەریتانییەكان لەلایەك و لە لایەكی تردا لە نێوان ئەمریكا و بەریتانیەكاندا بوو، بەڵام ئەوەی دیارە بەریتانییەكان توانیبویان ئیتاڵییەكان و فەرەنسییەكان بۆ لای خۆیان رابكێشن، ئەوەتا دەڵێن، كاتێك توركەكان هەوڵی راكێشانی فەرەنسییەكان دەدەن لە كۆنگرەدا، بەڵام وەڵامی فەرەنسیەكان بۆ توركەكان ئەوە بوو، كە لەگەڵ بەریتانییەكان ڕێكككەون زۆر باشترە بۆ توركەكان، چونكە ئەگەر ناكۆكی ڕووبدا لە نێوان توركیاو بەریتانیا، ئەوا فەرەنسا لایەنگری بەریتانیا دەكا[1].

كاتێك قۆناغی دووەمی كۆبونەوەكان لە لۆزان(٢٣نیسانی١٩٢٣)دەستیپێكرد ،توركەكان جارێكی دیكە سوودیان لە بەرهەڵستی وداواكارییەكانی ئەمریكا وەرگرت، تا بۆ لای خۆیانی ڕاكێشن و بەڵێنی بەشێكی گەورەی بدەنێ لەهەر پشكێك، كە دەستیان دەكەوێت لە لای دەوڵەتێكی تر لە نەوتی ویلایەتی موسڵدا، بەرامبەر بە پشتیوانی ئەمریكییەكان لە خواستەكانی توركیا، لە ١٠ نیسانی ١٩٢٣ ئەنجوومەنی نیشتمانی توركی باوەڕی بە ئیمتیازی چێستەر هێنا بە زۆرینەی ١٤١ دەنگ بەرامبەر بە ١٦ دەنگی ناڕەزایی[2]، هەروەها ئەم پرۆژەیە زۆر گرنگ بوو بە جۆرێك سێ ئەوەندەی ئیمتیازی پێشووتر بوو، كە خۆی لە پرۆژەی هێڵی ئاسنی و لەگەڵ ماف وەبەرهێنانی نەوتی موسڵ دا بوو[3]، بەریتانییەكان بە توندی لە دژی ئەم پرۆژەیەی چێستەر وەستان، چونكە دەیان گووت بە ناوچەكانی موسڵ دەڕوات، ئەم ناوچەیە لە ناوچەیەكی

---

[1] كامەران ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٢.

[2] Lawrence Martin: op. cit، p.188; Benjamin Shwadran: op.cit ،p.222.

[3] هنري فوستر:المصدر السابق، ص٢٤٢; نوري عبد الحميد خليل:المصدر السابق،ص ٦٢.

**عێراقی دایە[١]،فەرەنسییەکانیش ناڕازی بوون، چونکە داوای هەمان ئیمتیازیان دەکرد، کە پێش جەنگ پێیان درابوو لە لایەن عوسمانییەکانەوە[٢]، هەرچەندە ئەم ئیمتیازە وەك سەرکەوتنێکی سەرمایەداریی ئەمریکا هەژماردەکرا، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هیچ پشتیووانی لەم ئیمتیازە نەکرد، چونکە ئەمریکا پشتیووانی لە کۆمپانیا ئەمریکاییەکان نەدەکرد بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوت لە عێراق، هەر تەنیا بۆ خۆیان، بەڵام لە لایەکی تر کار دەکرا بۆ بەرژەوەندیی پیشەسازیی نەوتی ئەمریکا بە کۆمەڵ و لە ژێر سیاسەتی (دەرگای کراوە)دا[٣]**

**لە لایەکی تر پەیوەندییەکان بەردەوام بوون لە نێوان کۆمپانیای نەوتی تورکی و نوێنەرانی گرووپی ئەمریکی لە لەندەن و نیویۆرك، ئەوە پێشنیازی ئەمەریکییەکان بوو کە کۆنگرەیەك لە نیویۆرك لە ماوەی ٢٥ ئاداری بۆ ١٤ نیسان ١٩٢٣ ببەسترێت، هەردوو لایەن گەیشتنە شێوازێکی نوێ لە سیاسەتی(دەرگای کراوە) بە مەرجێك کۆمپانیای نەوتی تورکی ٢٤ پارچە زەوی نەوتاویی هەڵبژێرێت، کە هەریەك لەم پارچانە ٨ میل چوار گۆشە بێت، لە ماوەی دوو ساڵ بە پێی گرێبەستی رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، ئەو پارچانەی دەمێننەوە لە ناوچەکانی ئیمتیاز(پارچەی دەرەوە) بخرێنە بەردەم مزایەدەیەکی ئاشکرا لەلایەن کۆمپانیای نەوتی تورکییەوە، لە کاتی دیاریکراودا ، کە ئەمەش جگە لە کۆمپانیا هەموو بەرژەوەندی ولایەنەکان بگرێتەوە[٤].**

---

[١] John A.Denovo: op.cit، p.194.

[٢] Benjamin Shwadran: op.cit ،p.222.

[٣] **فاضل حسين: المصدر السابق، ص٣١٢; دوای ئەوەی کۆمپانیای پەرەپێدانی عوسمانی- ئەمریکی سەرکەوتوو نەبوولە پاڵپشتی ئەمریکا بۆ پرۆژەکەی، کێشەی موسڵ چارەسەری بۆ نەدۆزرایەوە لە لۆزان، حکومەتی تورکیا لە١٨کانوونی یەکەمی ١٩٢٣ ئیمتیازی چێستەری هەڵوەشاندەوە، بڕوانە،** Benjamin Shwadran: op.cit , p.223.

[٤] **قاسم احمد العباس:المصدر السابق، ج١، ص ص ٧٣-٧٦.**

گرووپی ئەمریکی داواکاری پێشکەش کردبوو بە دانانی ڕێککەوتنێك (Working Agreement) بۆ چاودێری کارەکانی کۆمپانیا و سیاسەتی ناوخۆیی، وەك مەرجێکی سەرەکی بۆ بەشداربوونیان لە کۆمپانیادا، هێڵە گشتیەکانی ئەم ڕێککەوتنە پێکهاتبوو لەوەی کۆمپانیا پرۆژەیەك بێت، تەنها قازانج ئامانجی نەبێت، بەڵکو هەر بەشداربووێك پشکی خۆی هەبێت لە نەوتی خاو بە نرخی تێچوون وکرێی گواستنەوە و قازانجێکی کەم[1]. بەلاّم بە شداربووان نەگیشتنە ڕێککەوتنێکی کۆتایی بەهۆی ناڕەزایی کۆلبەنگیان، چونکە ئەم جۆرە پێشنیازە زەرەربوو بووی، چونکە هیچ پالاّوگەو کەرەستەی پالاّوتنی نەوتی نەبوو، هەڕەشی کرد ئەگەر ئەم جۆرە ڕێککەوتنە ئەنجام بدرێت ئەوا سکالاّ لەسەر کۆمپانیاکە بەرز دەکاتەوە. ئەوەی شایەنی باس بێت زلهێزەکان ئەم جۆرە ڕێککەوتنەیان بە باش دەزانی، چونکە زۆرترین قازانجیان دەست دەکەوت[2]، ئەم هەڵوێستەی گوڵبەنکیان بەریتانیای زۆر نیگەران کردبوو، چونکە مەترسی هەبوو لە کاتی مۆرکردنی ڕێککەوتنێك لەکاتی عێراق و کۆمپانیا بەرەورووی دادگا بڕوات،ئەگەری کشانەوەی ئەمریکاییەکانی لێبکەوێتەوە، ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی داواکاری نویّ پێشکەش بکەن لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی ڕاستەوخۆ[3]،

---

[1]نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٦٣.

[2]دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ص ٢٧-٢٨.

[3]نوري عبد الحميد خليل: المصدر السابق، ص ٦٤; لەو ڕاپۆرتانەی لە ١٢ نیسانی ١٩٢٣ دەربارەی کۆمپانیای نەوتی تورکی دەست کەوتوو، ئاماژەدەکات بەوەی حکومەتی بەریتانیا دەسەلاّتی ڕەهای لەسەر کۆمپانیادا هەبوو، چونکە بەشداربووانی کۆمپانیا، کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی بوو نزیکەی ٧٦٠٠٠ سەهمی هەبوو،هەروەها بەریتانییەکان دەستیان بەسەر سەهمەکانی ئەڵمانیاش گرتبوو کە نزیکەی ٤٠٠٠٠ سەهم بوو، بۆیە لە کۆی گشتی سەهمەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی کە نزیکەی ١٦٠٠٠٠ سەهم بوو بەریتانیا بەتەنها ١١٦٠٠٠ سەهمی لە ژێر دەستا بوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Stanley K. Hornbeck,Edward Grigg: op.cit, p.160.

بەریتانییەکان مەترسییان لەوەش هەبوو چیتر ناتوانن فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق، پێدابگرن لەسەر ئەم ئیمتیازەدا، ئەگەر حکومەتی عێراق ئەم ئیمتیازەی ڕەتکردەوە بە بەخشینی کۆمپانیای نەوتی تورکی، ئەوە حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر بە حکومەتی فەرەنسی و ئەمریکی دەشڵەژێ، لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە زۆر نیگەران دەبێت لە بەرامبەر هەڵوێستی فەرەنساو تورکیا، چونکە ناچار دەبن بە قەرەبوو کردنەوە ئەگەر دەستمان لە ناوچەکانی موسڵ هەڵگرین [١].

دوای ئەوەی بەریتانیەکان توانیان گرووپی ئەمریکی بۆ ڕێککەوتنی سەرەتایی لەسەر پرسی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی ڕابکێشن ، هەموو مەرامەکانی تورکیا بۆ ڕاکێشانی لایەنی ئەمریکی بۆ سەر دۆسیەکەی هەڵوەشایەوە، سەبارەت بە کێشەی سنووری موسڵیش بەریتانیەکان توانیان سەرکەوتنێکی کاتی بەدەست بهێنن، بۆیە لۆرد کرزن زۆر بە ڕوونی ئاماژەی کرد لە کۆنگرەدا، کە ئەم جۆرە کۆبوونەوانە ناتوانن چارەسەرێك بۆ کێشەی ویلایەتی موسڵ بدۆزنەوە، بۆیە داوای کرد ئەم کێشەیە بەرزبکرێتەوە بۆ لیژنەی جێبەجێکار و سەربەخۆ لە بڕیارەکانی لەلایەن کومەڵەی گەلان[٢]، هەرچەندە شاندی تورکی ڕەتیکردەوە، کە کێشەکە ببردرێتە بەردەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، چونکە تورکیا مەهانەی دەهێنایەوە بەوەی هێشتا سەروەری لەسەر ویلایەتی موسڵ ماوە[٣].

سیر هۆراس رۆمبۆلد(S. H. Rumbold)، کە سەرۆکایەتی شاندی بەریتانیای دەکرد لە قۆناغی دووەمی کۆنگرەی لۆزاندا،پێشنیازی هەبوو لە ناو کۆنگرەی لۆزان بەرامبەر تورکیا،دەڵێت:"لە ئەستۆی من دایە، کە ئامۆژگاری بەدم بە هەموو ڕێگاکان،کە حکومەتی من(بەریتانیا)چاوی لە هەموو ئەو گرێبەست و

---

(١) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 3 1923-1924، pp. 427-428.

(٢) Benjamin Shwadran: op.cit ،p.226.

(٣) Ibid، p.226.

بەڵێنانەیە بە لەلایەن حکومەتی عوسمانی لە ساڵی١٩١٤،درابوون پێی،دەربارەی کۆمپانیای نەوتی تورکی ،پاراستنی بە هێزی ئەم داواکاریان بکات بەشێوەیەکی گەورەو شەرعیەت هێنانی لە ئەستۆی حکومەتی تورکی دایە،لەسەر هەموو ئەو ناوچانەی،کە هێشتا بە تورکی ماون دوای بەرپابوونی ئاشتی"[1].

کرزن زۆر بە توندی داوای ئەم پێشنیازە دەکات و بە ئامادەبووان ڕادەگەیەنێت، ئەگەر ئەم جۆرە چارەسەرە پەیڕەو نەکرێت، بارودۆخ بەڕووی جەنگ دەڕوات، چونکە هێزەکانی تورکیا جموجۆڵیان کردەوە لە ئەنقەرەوە بەرەو موسڵ، بۆیە دەبێت بڕیاری سیاسی دەربچێت[2].

چەندین هۆکار هەبوون لە هەڵوێستی تورکیا لە دژ گواستنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بۆ بەردەم(کومەڵەی گەلان) و لە ٢٤ شوباتی ١٩٢٣ عیسمەت پاشا پێشنیازی کردبوو، کە کێشەی موسڵ بسڕێتەوە لە ناو پرۆگرامی کۆنگرەدا، چونکە بۆ ماوەی ساڵێك لەوانەیە هەردوو لایەن تورکیا وبەریتانیا بگەنە ڕێگا چارەیەك بۆ ئەم کێشەیە، ئەگەر چارسەر نەکرا، ئینجا بگوازرێتەوە بۆ کومەڵەی گەلان، بەڵام لە کۆتاییدا شاندی بەریتانیا بە سەرۆکایەتی سیر هۆرس ڕۆمبۆلد جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی بڕیاریك تۆماربکرێت لە ناو کۆنگرەدا، ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت بۆ ماوەی ساڵێك ئینجا بگوازرێتەوە بۆ کومەڵەی گەلان[3].

کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی لۆزان لە ٢٤ تەمووزی ١٩٢٣ کۆتایی هات، کە چەندین کێشەی چارەسەرکرد و چەندین کێشەی بە بێ چارەسەری هێشتەوە لەوانە: لە ناوبردنی بڕگەکانی پەیمانی سێڤر،ئەو پەیمانەی کەمالیستەکان زۆر

---

[1] Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 3 1923-1924،p. 411.

[2] Benjamin Shwadran: op.cit ،p.226.

[3] Benjamin Shwadran: op.cit ،p.227; Stanley K. Hornbeck،Edward Grigg: op.cit، p.167.

بە توندی لە دژی وەستابوون، لۆزان کاری کرد بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان لە لایەك و لەگەڵ تورکیا لە لایەکی ترەوە لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دارایی و ئابوورییەکان[1].

دەربارەی پرسی نەوت و بەشداری زلهێزەکان لە کۆمپانیای نەوتی تورکی، کە ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ بە شەرعیەت زانی بەپێی دوو بڕگە لە بەشی یەکەم و بەشی دووەم:

بەشی یەکەم/ بڕگەی(١):"ئەو ڕێککەوتن و ئیمتیازانە وڕێککەوتنی دواتر، کە بەشێوەیەکی یاسایی ئەنجام دراوە پێش ٢٩/١٠/ ١٩١٤ لە نێوان حکومەتی عوسمانی(یاخود هەر دەسەڵاتێکی هەرێمی)لەلایەك و (هاولاٌتیانی وکۆمپانیاکان)دەوڵەتانی گریبەست(بێ تورکیا)لەلایەکی تردا،هەر بەکاریگەری دەمینێتەوە.

بەشی دووەم/بڕگەی(٩):"ئەو زەویانەی داماڵراون لە تورکیا بەپێی پەیمانی ئاشتی، کە لەم ڕۆژە مورکراوە،ئەو دەولەتانەی جێگای تورکیا دەگرنەوە لەو زەویانەدا بەرپرسن لە هەموو ماف وئەرکەکان بەرامبەر رەعیەتەکانی ئەو دەوڵەتانەی گرێبەستی دەکەن،بەرامبەر ئەو کۆمپانیایانەی کە سەرمایەکانیان لە هەمان هاووڵاتیانی ئەم دەوڵەتانەیە، ئەوانەی دەستکەوتی گرێبەستی ئیمتیازیان وەرگرتووە لە بەرواری ٢٤/١٠/١٩١٤ لە لایەن حکومەتی تورکیا یاخود لەلایەن هەر دەسەڵاتێکی هەرێمی ترەوە"[2].

کۆنگرە توانیوویەتی بۆ یەکەم جار گرووپی کۆمپانیا ئەمریکاییەکان ڕاکێشێت بۆ کۆبونەوەی فەرمی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دانپێدانێکی سەرەتایی ئەمریکایە بە شەرعیەتی ئیمتیازی کۆمپانیا، هەروەها فەرەنسیەکان دەستەبەری هەمان پشکیان کرد، کە بەپێی سان- ریمۆ

---

[1] اندره نۆسشي: المصدر السابق،ص٨٠.

[2] المصدر نفسه،ص ص١٣٢-١٣٣;عبدالحميد العلوجي واللامي:المصدر السابق،ج٢،ص ١٠٧.

پێیان درابوو، کە بناغەی دامەزراندنی سیاسەتی نەوتی لێکەوتەوە بۆ فەرەنسا و لە ئەیلولی ١٩٢٣ سەرۆك وەزیرانی فەرنسا رایمۆند پوانکاریێ( Raymond Poincare) ڕاسپێردرا داوا لە هەندێك سەرمایەداری فەرەنسی بكات بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەوتی بۆ ئەم مەبەستە، کۆنگرە توانیوویێتی ڕەزامەندی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی وەربگرێت بۆ ئەوەی پشکەکانی ئەمریکا لە ئایندەدا بخاتە ئەستۆی خۆی لەو پشکەی هەیبوو لە کۆمپانیای نەوتی تورکی، کۆنگرەش ماڤ بەخشی بە حکومەتی عێراق، کە توانای هەیە لە ئایندەیەکی نزیك ویلایەتی موسڵی بۆ بگەڕێنێتەوەو سوود لە وەبەرهێنانی نەوت وەربگرێت، ناوچەکە بکاتە شوێنی خزمەتی بەرژەوەندیەکانی حکومەتی نوێی عێراقی عەرەبی [١] .

دەربارەی کێشەی سنووری نێوان عێراق_تورکیا، کە لەسەر ویلایەتی موسڵ بوو، کۆنگرە بڕیاریدا لە مادەی سێی بڕگەی دوو بەم شێوەیە،" کێشە سنووریەکانی نێوان تورکیا و عێراق ڕێکدەخرێن بە پێی ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی لە نێوان بەریتانیا و تورکیا لە ماوەی ٩ مانگدا، ئەگەر لیژنە چارەسەری نەکرد لەم ماوەیەدا، ئەوا ئەم کێشەیە دەگوازرێتەوە بۆ بەردەم کومەڵەی گەلان،بە یەك شێوە مامەڵە لەگەڵ تورکیا و بەریتانیا دەکرێت، تاکو بڕیاری ڕێککەوتن دەردەچێت، هیچ چالاکی سەربازی ناکرێت بۆ گۆڕینی سنووری ویلایەتی موسڵ،تاکو چارەنووسی کۆتایی دیاری دەکرێت بە پێ ڕێککەوتنیك" [٢].هەروەها بە هۆی کۆنگرەی لۆزان پرۆژەی چێستەر هەڵوەشایەوەو هیچ حسابێك بۆ میراتگرانی سوڵتان نەکرا[٣].

دەربارەی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی، هەرچەندە بەریتانییەکان بەردەوام جەختیان لەسەر داواکاری کۆمپانیا دەکردەوە کە ماڤ نەوتی پێ

[١] اندره نؤسشي: المصدر السابق، ص٨١.

[٢] Benjamin Shwadran: op.cit ،p.227.

[٣] John A.Denovo: op.cit، p.195.

بەخشراوە لەسەر ناوچەکانی موسڵ، بەڵام تورکەکان بە پاڵپشتی ئەمریکا ئەم داواکارییەیان ڕەتدەکردەوە، لە ئەنجامی کۆنگرەشدا بەریتانیا نەیتوانی ئەم داواکارییەی کۆمپانیا بسەپێنێت بە سەر تورکیا، یاخود تورکیا بەدرێژایی کۆنگرە هیچ دانێکی بەم ئیمتیازە نەنا [1].

ئەوەی زۆر ڕوون بوو لە کۆنگرەدا، کە هەم کێشەی سنووری ویلایەتی موسڵ و هەم دانیشتووانی ناوچەکە، کە زۆرینەی کورد بوون هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزرایەوە لەم کۆنگەرەیەدا، بەڵام هەردوو دۆزەکە گوازرانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆکانی کۆمەڵەی گەلان، لەوەش زیاتر ئەو مافانەی ڕابردوو بە پێی پەیمانی سێڤردا پێیان درابوو، کرایە قوربانی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و لەبەر چاوی کاڵی مستەفا کەماڵ هیچ باسی لێوە نەکرا، تەنانەت ئەو بەڵێن و مافانەی درابوون لە لایەن بەریتانیا و تورکەکان هیچیان جێبەجێنەکرد، هۆیەکەشی تەنها بۆ بەرژەوەندییە نەوتییەکان دەگەڕێتەوە[2].

هەندێك سەرچاوە ئاماژە دەکەن بەوەی بەستنی پەیمانی لۆزان، سەرەتایەك بوو بۆ پلانەکانی بەریتانیا بۆ خۆدزینەوە لەو بەڵێنانەی دابوی بە گەلی کورد، کە لە بڕگەکانی پەیمانی سێڤر بە ئاشکرا پەشیمان بوونەوە ودەستیان کرد بە تەکتیك کردن بەرامبەر بە تورکەکان،هیچ مافێکیان نەدا بە کورد،هیچ باسێك نەکرا لە پەیمانی سێڤر لەگەڵ ئەوەی بەریتانییەکان بەردەوام بوون لە گفتوگۆ بۆ چۆنیەتی چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانی بە شێوەیەکی سیاسی و دبلۆماسی لەگەڵ تورکەکان [3].

---

[1] بيتر جي.لامبرت: المصدر السابق،ص ص ٤١-٤٢.

[2] Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 3 1923-1924،p. 427.

[3] هاوار: موقف الحكومة البريطانية ازاء احداث كردستان في العشرينات ودور(عصبة الامم)، مجلة الثقافة الكردية ، العدد (٣)شباط١٩٩٢،ص٨.

**بارودۆخی دوای جەنگی یەکەمی جیهان تا کۆتایی بە کۆنگرەی لۆزان١٩٢٣ دێت، بارودۆخێکی پڕ لە گۆڕانکاری لە سیاسەتی زلهێزەکاندا بەدی دەکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا، بەتایبەتی لەسەر چارەنووسی گەلی کوردستان، بۆیە دابەشکردنی کوردستان بەگشتی و یلایەتی موسڵ، کە زۆرینەی بەشەکانی باشووری کوردستانی دەگرتەوە، لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێزو بەرژەوەندییە بالآکان و بەتایبەتی بەرژەوەندی نەوت لە نێوان ولآتە زلهێزەکانی جیهان ودەوڵەتە هەرێمیەکانی وەك تورکیای نوێ و عێراقی عەرەبی نوێ دابەشکرا، فاکتەری بنچینەیی چاوتێبڕینی هەمووان بوو بۆ دەسکەوتنی پشکێك لە نەوتی ناوچەکە و بەتایبەتی نەوتی کەرکوکی چاوەڕوانکراو دەتوانین بڵێین کە چارەنووسی گەلی باشووری کوردستان لە رێککەوتن و بەڵێنەکانی زلهێزەکان کەوتە ژێر کاریگەری توندی مەسەلەی نەوتی ویلایەتی موسڵ و ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکییەوە.**

# بەشی چوارەم

## بەرژەوەندیی ململانێی زلهێزەکان لە پێناو لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی کەرکوک و پەرە پێدانی ( ١٩٢٤-١٩٢٧ )

## باسی یەکەم

### ئیمتیازی نەوتی کەرکوک لە بازنەی کێشەی ویلایەتی موسڵ و وتوێژەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ( ١٩٢٤- ١٩٢٦ )

## باسی دووەم

### کۆمپانیای نەوتی تورکی و پرۆسەی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە کەرکوک( ١٩٢٧ )

## باسی یەکەم

## ئیمتیازی نەوتی کەرکوك لە بازنەی کێشەی ویلایەتی موسڵ و تویژەکانی حکومەتی عێراقیدا(١٩٢٤-١٩٢٦).

لە١٢ نیسانی ١٩٢٣ هەر چوار گرووپ، کە چاویان بڕیبووە کۆمپانیای نەوتی تورکی، گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ گرووپی ئەمریکی، بەوەی کە کۆمپانیا بە زووترین کات دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵ حکومەتی عێراقی، بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك، کە مافی بەخشینی کۆمپانیای(TPC) لە پەرەپێدان و بەکارخستنی کێڵگە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ وبەغدا، لە ژێر سەروەری دەوڵەتی عێراقدا مسۆگەرکەن[1].

کۆمپانیای نەوتی تورکی لەلایەن خۆیەوە بۆ ئەم مەبەستە ڕەشنووسی ڕێککەوتنێکی ئامادەکردبوو، کە پێکهاتبوو لە (٤٠ بڕگە)، ئەم ڕەشنووسە ناسراوە بە ڕەشنووسی ڕێککەوتنی ١٥مایسی١٩٢٣، لە گرنگترین ئەو خاڵانەی تێیدا هاتبوو: کۆمپانیای نەوتی تورکی بەپێی یاساکانی بەریتانیا دامەزراوە ، لە لەندەن تۆمارکراوە، کارەکانی تەنها لە بواری نەوت دایە، خوازیاری ئیمتیازی نەوتە لە سنوورەکانی ویلایەتی موسڵ وبەغدا وبەسرە بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ، ئەمە لەگەڵ نەخشەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ ناوچەکانی ئیمتیاز بۆ تەواوکردنی کارەکانی ئامادەکردبوو[2].

هەرچەند کۆمپانیای(TPC) ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکەی خستەوە بەردەم حکومەتی عێراقی و مەندووبی سامی بەریتانیا لە عێراق، بەڵام بۆردیلۆن سکرتارییەتی مەندووبی سامی(B.H. Bourdillon) لە بەرواری ٨ ئابی ١٩٢٣ نوسراوێکی نهێنی بە ژمارەی(P.O-75) ئاراستەی سەرۆك وەزیران (عەبدولمحسن سەعدون) دەکات، کە لە ناوەڕۆکی دا هاتووە:" حکومەتی

---

[1] دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ١٩.

[2] عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي:الاصول التاريخية للنفط العراقي، ج٢،بغداد، ١٩٧٥،ص ص٨٧-١٠٠.

بەریتانیا باوەڕی تەواوی بە شەرعیەتی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی هەیە، کە لەلایەن حکومەتی تورکی لە ١٩١٤پێی بەخشراوە، بۆیە نابێت حکومەتی عێراق خۆی بدزێتەوە لەم ڕاستییە، بە تایبەتی کە کۆمپانیا هەوڵی کۆبوونەوی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وفەرەنسا و سەندیکاکانی بەریتانیا و هۆڵەندای داوە بۆ کۆکردنەوەی سەرمایەیەکی گەورە، تا کۆمپانیاکە بکاتە بەهێزترین کۆمپانیا لە جیهاندا، ئەم هەولأنەی کۆمپانیاش بۆ پەرەپێدانی نەوتی عێراقییە، کۆمپانیا ئامادەیە دەست بەکاربێت، لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی داگیرگەکان پێشنیازی کردەوە بە دەست پێکردنی گفتوگۆی سەرەتایی وەك ئەوەی لە زەویە گواستراوەکان(خانەقین) ئەنجام دراوە، حکومەتی بەریتانیا ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ پێشکەشکردنی هەر خزمەتگوزاریەیەك کە عێراق پێویستی پێی بیٚ، ئەگەر ئەم پێشنیازەتان قبوڵ کرد، ئەوا بە باشی دەزانین بەرێز ساسۆن حسقێل* وەك نوێنەری خۆتان بۆ گفتوگۆ ڕەوانەبکەن،..." (1).

سەبارەت بە داواکارییەکانی کۆمپانیای(TPC) راوێژکاری یاسایی عێراقی حکومەتی لەوە ئاگادار کرد بووەوە، کە (TPC) هیچ مافێکی ئیمتیازی نەوتی لە عێراقدا نەماوە، چونکە ئەو ماوەیەی حکومەتی عێراقی بۆی تەرخانکردبوو لە خستنەڕووی بەڵگەکانی، کە مافی ئیمتیازی پێی بەخشراوە لە لایەن دەوڵەتی

* ساسۆن حسقێل: یەکێك بوو لە بەناو بانکترین سەرکردە سیاسی ودبلۆماسییەکانی عێراق ، لە ١٨٦٠ لە دایك بووە لە بنەماڵەیەکی جولەکەی بە ناوبانکی عێراقی، خوێندنی لە ئەستەمبۆل وئەورویا تەواو کردبوو،لە ١٩٠٨وەك نوێنەری بەغدا لە پەرلەمانی عوسمانی هەڵبژێردراوە،لە ١٩٢١ بەشداری لە کۆنگرەی قاهیرە کردوە، یەکێك بوو لەو سێ ئەندامەی، کە وردبینی یاسای بنەڕەتی عێراقیان کرد لە ١٩٢٢، لە ساڵی١٩٢١-١٩٢٤ وەزیری دارایی عێراق بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥- ١٩٣٢ وەك ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو.بڕوانە، اديث وَ ائي،ايف،بينروز: المصدر السابق،ص١٥٣.

(1) بۆ درێژەی ئەم نووسراوە بڕوانە،قاسم احمد العباس:المصدر السابق،ج١،ص ص ١٧٧- ١٨٠.

عوسمانی بەسەرچوو[1]، بەڵام لە وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ١٣ ئابی ١٩٢٣ بەدوو بڕگە هاتبوو، یەکەمیان ئاماژەدەکات بەوەی حکومەتی عێراق هیچ دان نانێت بەو ئیمتیازەی (TPC) خستویەتییەڕوو، دووەمیان ڕەزامەندە بەوەی دەسەڵات بە ساسۆن حسقێل بدات لە لەندەن بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆکان لەگەڵ(TPC)، کە خوازیاری دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی عێراقە[2].

## وتوێژەکانی نێوان( TPC ) و حکومەتی عێراق لە پێناو ئیمتیازی نەوتدا :

ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی عێراق ونوێنەری کۆمپانیای(TPC) لە لەندەن، لە ٣٠ ئابی ١٩٢٣دا لە ڕێگای مەندووبی سامییەوە خرانە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی[3]. حکومەتی عێراقی چەندین لیژنەی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پێشنیازەکان، بەڵام بێ ئەنجام بوو. لە لەندەن دوو دانیشتنی لە٧و١٠ ئەیلولی ١٩٢٣کرا بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەی ڕێککەوتن وپێشنیازەکانی حکومەتی عێراقی، دانیشتنەکان بە ئامادەبوونی ساسۆن حسقیل و ڕاوێژکاری یاسایی مەندووبی سامی (N.Davidson)و نوێنەری کۆمپانیای نەوتی تورکی ئەدوارد هەربت کیلینگ(E.G Keeling)* و لەلایەن وەزارەتی داگیرگەکان میجەر یۆنگ ومستر کلوسن ومستر کلارک لە دەزگای

---

[1] سلیم طه التكريتي : معركة النفط في العراق...،ص ص ٧٤-٧٥.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە،بڕوانە،عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي: المصدر السابق،ج٢، ص ص١١٣-١١٤; محسن الموسوي: المصدر السابق،٣٥.

[3] بۆ ناوەڕۆك، بڕوانە،عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي: المصدر السابق،ج٢، ص ص١١٥-١١٦.

* ئەدوارد هەربت کیلینگ(Keeling): ئەفسەرێك بوو لە سوپای بەریتانیا لەگەڵ لەشکرکێشی بەریتانیا بۆ سەر خوارووی عێراق هاتبوو، لە جەنگی کوت بەدیل گیرا لەلایەن تورکەکان، هەروەها لە دواییدا بوو بە ئەندام لە پەرلەمانی بەریتانی، بڕوانە نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٧٢.

نـەوت لـە وەزارەتـی داگیرگـەکان ئـەنجام دران[1]، گەیشـتەنە ئـەو قەناعەتـەی کـە پێشـنیازەکانی لیژنـەی عێراقـی هاوشـێوەی پێشـنیازەکانی کۆمپانیایـە، بۆیـە داواکرا درێـژە بـە گفتوگۆکـان بـدرێت، تـاکو کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی دەگاتـە ڕێککـەوتنێك لەگـەڵ گرووپـی ئـەمریکی لەسـەر پشـکەکان. گفتوگۆکـان لـە ٢٦ حـوزیرانی ١٩٢٣ بـەردەوام بـوو، تـاکو ناوەڕاسـتی مـانگی ئـەیلول ١٩٢٣، لـە گرنگترین پێشنیازەکانی ساسۆن حسقێل ( ماوەی ئیمتیاز کەمبکرێتـەوە لـە ٩٩ سـاڵ بـۆ ٣٠ سـاڵ، ئیمتیـازی ویلایـەتی بەسـرا نەگرێتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی حکومـەتی عێـراق داوای دەکـرد کۆمپانیاکـە لـە عێراقدا تۆماربکرێـت، هـەروەها عێراق داوای ٢٠٪ پشکی کۆمپانیای کرد لەگەڵ مافی نوێنـەرێك لـە ئەنجوومـەنی کۆمپانیا )[2].

کۆمپانیای نەوتی تورکی بڕیاریدا بەوەی چاو بە پێشنیازەکانی حکومـەتی عێراقـی بخشـێنێتەوە و یەکسـەر داوای لـە حکومـەتی عێـراق کـرد بـۆ ئـەوەی نوێنـەری کۆمپانیـا بێـت بـۆ بەغـدا بـۆ درێژەپێـدانی گفتوگۆکـان، هــەروەها حکومـەتی عێراقـی بـەپێی دانیشـتنێکی ئەنجوومـەنی وەزیـران لـە ١٩ ئـەیلولی ١٩٢٣ ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەری(TPC)[3] .

بە گەیشتنی نوێنەری کۆمپانیا (کیلینگ) بۆ بەغدا، لـە ٢٠ تشرینی یەکەم ١٩٢٣دا ڕاستەوخۆ وتووێـژی نێـوان حکومـەتی عێراقـی و کۆمپانیـای (TPC) کە سەبارەت بە دانانی مەرجەکانی ئیمتیـاز بـوو دەسـتی پێیکـرد[4]، بـە هـاتنی ئەم کەسایەتییە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی لیژنەیێك پێکدەهێنێت لە وەزیـری دارایی(ساسۆن حسـقێل) و وەزیـری داد(نـاجی سـویدی) و وەزیـری گواسـتنەوە

---

[1] قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ج١،ص ص١٨٣-١٨٤.

[2] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ص٧٠-٧٢.

[3] بڕوانە، عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي: المصدر السابق،ج٢، ص ١٥١.

[4] حكمت سامي سليمان: المصدر السابق،ص١٢٤

وئەشغال(یاسین هاشمی) بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیاکە[1]، نوێنەری کۆمپانیا زۆر لێهاتوو تر بوو و زانیاری تەواوی هەبوو دەربارەی گرنگی نەوت لەگەڵ خۆیدا چەندین پسپۆری لێهاتووی نەوت و دارایی و یاسایی لە جیهاندا هێنابوو، بەڵام شاندی عێراقی جگە لە ساسۆن حسقێل، کەسێکی تێدا نەبوو کە سەروەدەری لە گرنگی گفتوگۆکردن لەسەر کەرەستەی نەوت هەبێ[2]. لە ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٢٣بە گەیشتنی کیلینگ کۆمپانیا پرۆژەیەکی (٣٨ بڕگەی) نوێی پێشکەشکرد، کە چەندین گۆڕانکاری و هەموارکردنی نوێی تێدابوو لەسەر پرۆژەی ڕێککەوتنی(١٥ ئایاری١٩٢٣) لە ژێر ڕۆشنایی گفتوگۆکانی لەندەن[3].

لە گفتوگۆکاندا ئەوە بەدی دەکرا، کە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی بەلای ئەوەدا دەڕۆیشت، کە پەسندکردنی ڕازیبوونی ئیمتیازی بگوازێتەوە بۆ ئەنجوومەنی تاسیسی، بەڵام کیلینگ داوای لە وەزیرەکان کرد، کە دەسەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن بەبێ هیچ بەربەستێك، ئاگاداری کردنەوە لە ئەگەری هاتنی حکومەتێکی نوێ، کە هیچ پابەند نەبێت بەم ئیمتیازەوە، داوای کرد مەرجەکان قورس نەکەن لەسەر کۆمپانیا بۆ ئەوەی بتوانێت سەرمایەی پێویست کۆبکاتەوە، هەروەها ماوەی ٩٩ ساڵ بدرێت بە ئیمتیاز، ویلایەتی بەسرەشی پێبدرێت، داوای کرد قەناعەت بە حکومەتی عێراق بهێنێت بەوەی ڕازیبێت بە (٤شلن)* بۆ هەر تەنێك لە نەوتی بەرهەمهێنراو لە جێگایی بەشداریکردن لە

---

[1] برِوانة، عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي: المصدر السابق،ج٢، ص ١٥٩.

[2] عبدالوهاب السلوم: قضية البترول العراقي،القاهرة،١٩٦٧،ص ٣٤;نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ٧٢-٧٣.

[3] بڕوانه،عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي: المصدر السابق،ج٢، ص ص١٦١-١٧٩.

* تاکو ساڵی١٩٧١ یەك پاوەندی ئەسترلیینی(Pound Sterling)شانشینی بەریتانیا پێکهاتبوو لە(٢٠شلن) وهەر شلنێك (١٢) پینس(Pence)ی دەکرد، بەڵام لەدوای ئەم بەروارەوە یەك پاوەند کرا بە(١٠٠)پینس و سیستەمی شلن هەڵوەشایەوە.

پشـكەكانی كۆمپانیـا، لەگـەڵ ئـەوەی كیلیـنگ ڕەتـی كردبـووە بـە تۆمـاركردنی كۆمپانیا لـە عێراق، بەو بیانوەی كە سـەرمایەدارەكانی بەشداربووی كۆمپانیا خوازیارن لە ژێر پارێزگاری یاساكانی بەریتانیا بمێننەوە[1].

ئـــەوەی زیـــاتر بـــەدی دەكـــرا كۆمپانیـــای (TPC) بـــەردەوام دەیویســـت مەرجەكانی خۆی بەسەر لایەنی عێراقیدا بسەپێنێت، هەرچەندە بە هۆی دەست لە كاركێشانەوەی حكومەت چەندین جار لیژنەی گفتوگۆی عێراقی گۆڕانكاری بەسـەر دەهـات، بـەڵام لەسـەر بیروبۆچـونەكانی خۆیـان هـەر بـەردەوام بـوون[2]، بەشـی فەرمانگـەی نـەوت لـە وەزارەتـی داگیرگـەكان ئـەم ناكۆكییـەی نێـوان عێراقیەكان و(TPC) دەگەڕێنێتەوە بۆ كەم ئەزموونی گفتوگۆكەرانی عێراقی لـە بـواری نەوتـدا، بۆیـە فەرمانگـەی نـەوت و وەزارەتـی داگیرگـەكان ناچـار بـوون دەسـت وەردەنـە نـاو گفتوگۆكـان لـە ڕیگـای مەنـدووبی سـامی بـەریتانیا لـە عێـراق[3]، ئـەوە بـوو لـە ٨ كـانوونی یەكـەمی١٩٢٣دا مەنـدووبی سـامی هێنـری دۆبس ئامۆژگاری شا فەیسەڵ دەكات بە قبوولكردنی پێشنیازەكانی كیلینگ بە بێ هیچ هەمواركردنێك، چونكە ئەمە لە بەرژەوەندی عێراق دایە[4]، هـەروەها لـە ڕێگـای خۆیـەوە شـا فەیسـەڵ بـە سـەرۆكی لیژنـەی گفتوگۆكـەری عێراقی(علـی جـودەت ئـەیوبی) ڕاگەیانـد:" كـە ئینگلیزەكـان ڕازی نـابن لـەوەی زیـاتر لە(٤شلن)بۆ عێراق تەرخان بكەن، هەروەها هەڕەشەی ئەوەیان كرد،كە ڕیگای تر بـۆ پارێزگـاری لـە مـافی كۆمپانیـای(TPC) دەگرنەبـەر، بەتایبـەت توركـەكان ئامادەن بۆ خستنەڕووی ئاسانكاری بۆ ئەم كێشەیە...، هەروەها كێشەی موسڵ و سنوورەكانی تاكو ئێستا چارەسەر نەكراوە"[5].

---

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ٧٣.

[2] المصدر نفسه،ص٧٥

[3] Willam Stivers: op. cit، p.522.

[4] بـۆ نـاوەڕۆكی نووسـراوی هێنـری دۆبـس بڕوانـە،عبدالحميـد العلـوجي واللامـي: المصدرالسابق،ج٢،ص ص٢٠٥-٢٠٧

[5] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٧٥.

لەلایەکی ترەوە وەزیری بەرگری عێراق(نوری سەعید) لە١٠کانوونی دووەمی ١٩٢٤ لە رۆژنامەی (استقلال)، بەباشی دەزانی حکومەتی عێراقی ڕەزامەندبێت بەبەخشینی ئیمتیازی نەوت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بە مەرجی پێدانی کۆمپانیا هەموو پێداویستەکانی عێراق لە نەوت بە نرخێکی گونجاو، ئاماژەدەکات بەوەی ئەم ڕێگایە باشترەو قازانجی زیاترە لەوەی بەشداربێت لە کۆمپانیا[1]، ڕاوێژکاری وەزارەتی دارایی عێراق(سلیتر)، کە هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵێکی گرنگی بینیبوو لەوەی قەناعەت بە لایەنی عێراقی بکات، بۆ ئەوەی دەستهەڵگرن لە بەشداریکرن لە کۆمپانیادا[2].

لە ئەنجامی ئەم فشارانە لەسەر لیژنەی گفتوگۆی وەزیران کرا بۆ دەستهەڵگرتن لە داواکاری بەشداریکردنی کۆمپانیا، لیژنە بە نوێنەری کۆمپانیای نەوتی تورکی ڕاگەیاند، کە ئامادەیە بەوەی پێشنیاز بکات بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، کە ڕازیبێت لەسەر(٤شلن)، بەڵام بە مەرجێك کۆمپانیا بەڵێن بدات بە فروشتنی هەموو پێداویستەکانی ناوخۆی عێراق لە نەوت، بەنرخی تێچوون، لەگەڵ کریێ گواستنەوە وپالأوتن، ئامادەی خۆی نیشاندا بەوەی ویلایەتی بەسرە بخاتە ناو سنووری ئیمتیازی کۆمپانیاکەوە، ماوەی ئیمتیازیش بکاتە (٩٩)ساڵ[3]. بە پێی ئەو نووسراوەی وەزارەتی داد(عدلیە) لە بەرواری ٢١ کانوونی دووەمی ١٩٢٤ بە ژمارەی(أ.ج،٩/١٤٥/١) ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووە لەسەر هەردوو بڕگەی (٣٧,٣٦)* لە ڕەشنووسی

---

[1] عبدالرزاق احمد النصيري: نوري السعيد ودوره في السياسة العراقية حتى عام ١٩٣٢، رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة بغداد،١٩٨٥،ص٢٢٢.

[2] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٧٥.

[3] عبدالحميد العلوجي واللامي:المصدرالسابق،ج٢،ص ص٢٥٨-٢٥٩.

* بڕگەی(٣٦): پەیوەندی بەدەستهەڵگرتنی ئیمتیاز هەبوو لەلایەن کۆمپانیا،یاخود بەخشینی ئەم ئیمتیازە بە کۆمپانیایەکی تر ولە ناوەڕۆکیدا هاتووە:"کۆمپانیا مافی هەیە دەستهەڵگرێت لەم ئیمتیازە یان پێ ببەخشێت بە کۆمپانیایەکی تر،بەڵام دەبێت پێش ٣مانگ بەرلەوەی دەستهەڵگرێت حکومەت ئاگادار بکات بۆ گواستنەوەی خاوەندارییەتی ئەو =

**ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکیدا، ئەوە دەردەکەوێت، کە چەندین بڕگە لە نێوان لیژنەی وەزیرانی عێراقی و نوێنەری کۆمپانیای نەوتی تورکی جێناکۆك و چارەســـــەر نـــــەکراوە ، لـــــەو بڕگانـــــەش (٢,٣,٦,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٨,٢١,٣١,٣٢,٣٣,٣٧)** [1].

**لــە ١٥ کــانوونی دووەمــی ١٩٢٤ هــەردوو لایــەن، حکومــەتی عێراقــی و کۆمپانیــای نــەوتی تــورکی بــەیانێکیان ئامــادەکردبوو بــۆ ڕۆژنامــەکان، کــە مەرجەکانی ئیمتیازی نەوتی تێدابوو، ئەوەی خستبەووە ڕوو، کە بڕی(٤شلن) زۆر باشترە لەوەی بدرێت بە حکومەتێکی تر، هەروەك ئاماژە بەوەش دەکات کە هەندێك مەرجی ئیمتیاز زۆر قوورسە لەسەر کۆمپانیاکە، حکومەت زۆر هەوڵی داوە بۆ پارێزگاری کردنی مافەکانی عێراقییەکان بە هەموو ڕێگایەك** [2].

---

=کەرستانەی لە بواری کارکردندان بی ئەوەی هیچ باجێك یان گومرکێك بدات،هەروەها نابێت حکومەت ڕێگریی بکات، بە هەر هۆکارێك بێت"، بەڵام وەزیری دارایی پێشنیازی هەبوو بەوەی ئەم بڕگەیە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و حکومەت مافی هەبێت لە پرسیارکردنی کۆمپانیا لە دەستهەڵگرتنی لە ئیمتیاز ئەگەر هۆکارەکان گونجاو نەبوون ئەوا حکومەت مافی دەبێت بە هەڵوەشانەوەی مەرجەکانی ئیمتیازی کۆمپانیا.

بڕگــەی(٣٧):پەیوەنــدی بــە(هێزی شــکێنەر،باڵا)هەبوو،کە ئامــاژە بــەوەی دەکــات هــەر کەمتەرخەمی یان گوێپێنەدان بە کارەکانی کۆمپانیا بەپێی ئەم ڕێککەوتنە،مانای لادان نیە لە سنووری ڕێککەوتن ئەگەر بەهۆی ئەم فاکتەرانەوە بێت(هێزی خواوەندی، کارەکانی حکومەت، ڕێگرتن لەلایەن میرەکان،حکومەت،میللەت یان هەردەسەلاّت دارێك،شۆڕشەکان، چەتەکانی دەریایی، جەنگەکان،مانگرتنی کرێکاران،بڵاوبوونەوەی نەخۆشی،پەتاو ولافاو، وەستانی هێڵی شەمەندەفەر یان هەر ڕێگایەکی گواستنەوە و تۆڕەکانی بۆری،کارەساتی ئاگری بەهێز، بوومەلەرزە، هەموو مەترسیەکانی دەریایی ودەریاچەکان. ...،چەندین فاکتەری تر لە ژێر دەسەلاّتی مرۆڤدا نەبی،بڕوانە ،قاسم احمد العباس:المصدر السابق،ج١،ص ص ٢٦٩-٢٧٣.

[1] د.ك.و،البلاط الملكي، رقم الملف (1665)،من وزارة العدلية الى وزارة المالية في ١٩٢٤/١/٢١،و١٠،ص ص١٥-١٩.

[2] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٧٦.

ئەو دەستەواژەیەی لە ڕاگەیاندنەکەی حکومەتی عێراق و کۆمپانیاکەدا هاتبوو(بڕی ٤ شلن زۆر باشترە لەوەی بدرێت بە حکومەتێکی تر)، بێ گومان مەبەست لە ویلایەتی موسڵ بوو، کە لە بازنەی ململانێی دابوو لە نێوان تورکیا و بەریتانیا وعێراق، چەندین جار دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هەڕەشەی گەڕانەوی موسڵیان دەکرد بۆ تورکیا ئەگەر عێراق ئیمتیازی نەوت نە بەخشێت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی[1]، بۆیە حکومەتی عێراق زۆر بە ئاشکرا ڕادەگەیێ،کە چەند دەستکەوت لەم ویلایەتە دەستکەوێت ئەوەندە قازانجی بۆ عێراقی عەرەبی تێدایە، چونکە باش دەزانن ئەم ناوچەیە هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان سەر بە جوگرافیای ویلایەتی بەغدا و بەسرە نەبووە، تاکو ئێستا بەریتانییەکان ئەگەر لەبەر بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئەم ناوچەیە نەبێت، نایلکێنین بە عێراقی عەرەبییەوە.

دوای چەندین دانیشتن و کۆبونەوە لە نێوان نوێنەری کۆمپانیای نەوتی تورکی و لیژنەی گفتوگۆکەری وەزیرانی عێراق بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لەسەر ئیمتیازی نەوت، لیژنەی وەزیرانی قەناعەت بە مەرجەکانی کۆمپانیا دێنی، لەوکاتەدا گۆرانکاری دێت بەسەر هەڵوێستی بەریتانیا، ناڕاستەوخۆ بە لایەنی عێراقی ڕادەگەیێنێت،کە مافی خۆیەتی لەبەشداریکردنی کۆمپانیا بەڕێژەی ٢٠٪،بۆیە لیژنەی وەزیرانی عێراقی یەکسەر ئەو پێشنیازو خاڵانەی کە گەیشتبوونە ڕێککەوتنێك لەگەڵ کۆمپانیا ڕەتدەکاتەوە[2]، هۆکاری ئەم هەڵوێستە نوێیەی بەریتانیا بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە ئەو ئیمتیازەی کۆمپانیای نەوتی تورکی وبەریتانیا دەیانویست، وەریبگرن لە حکومەتی عێراقی بە پلەی یەکەم چاویان بڕیبووە ویلایەتی موسڵ، چونکە زۆربەی نەوتی میزۆپۆتامیا لەو کاتەدا دەکەوتە سنووری ئەم ویلایەتەدا بەپێی

---

[1] بڕوانە،Helmut Mejcher: Imperial Quest for oil, p.154; محسن الموسوي: المصدر السابق،ص٣٧; اديث وَائي،ايف،بينروز: المصدر السابق،ص١٣١.

[2] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص٧٧.

ئەو زانیاری و نەخشانەی لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ئامادەکرابوون[1] ، هەر خودی ئەم ویلایەتەش لە بازنەی کێشەو ململانێدا بوو لە نێوان تورکیا وبەریتانیاو عێراق[2]، تاکو ئەو کاتەش زلهێزەکان، کە خوازیاری بە شداری بوون لە کۆمپانیای نەوتی تورکیدا، نەگەیشتبوونە ڕێککەوتنێکی کۆتایی لەسەر دابەشکردنی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی، هەرچەندە دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە تەنها لە پێناو دەستبەسەراگرتنی نەوتی ویلایەتی موسڵ بوو، بەتایبەتی لایەنی ئەمریکی ڕازی نەبوو بەو ڕێژەیەی بۆی دانرابوو، ئەوەتا هەر لە تەمووزی١٩٢٣ تاکو تەمووزی١٩٢٤ چەندین پێشنیازی بەریتانیا وفەرەنسای ڕەتکردەوە لەسەر دابەشکردنی پشکەکان و مەرجەکانی تر[3].

هێنری دۆبس هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی گفتوگۆکان فشاری زۆری خستە سەر حکومەتی عێراقی بۆ پابەندبوون بەهەموو مەرجەکانی کۆمپانیای (TPC)ەوە، بەڵام ئەم جارە هیچ هەڵوێستی نەبوو، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئامۆژگارییانەی پێی گەیشتبوو لەلایەن وەزارەتی داگیرگەکانەوە، بە هۆی ئەو فشارە زۆرەی لەسەر حکومەتی بەریتانیادا هەبوو لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە، کە پێوەندی بە ئیمتیازی کۆمپانیای (TPC)هەبوو، بەتایبەتی ئەمریکاو فەرەنساو ئیتاڵیاو تورکیا، لە ئەنجامدا دابەشبوونێکی زۆر بەدیدەکرا لە نێوان بەرژەوەندییە ئابوورییەکان وبەرژەوەندییە سیاسییەکانی بەریتانیا لە عێراقدا، چونکە لەوکاتەی وەزارەتی داگیرگەکان و مەندووبی سامی لە عێراق کاریان دەکرد بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنیکی خێرا لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیای(TPC)، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ٤ کانوونی یەکەم ١٩٢٣داوا لە وەزارەتی داگیرگەکان دەکات هیچ هەنگاوێك نەنێت بۆ مۆرکردنی ئیمتیاز تاکو کێشەی ویلایەتی موسڵ چارەسەر نەکرێت و کۆمپانیای (TPC)

---

[1] بڕوانە، پاشکۆی ژمارە(١)، پاشکۆی ژمارە(٢).

[2] Helmut Mejcher: Imperial Quest for oil…، p.150.

[3] بڕوانە،دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ٢٠-٢١.

بگاتە ڕێککەوتنێکی کۆتایی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تردا، بە تایبەتی ئەمریکا وفەرەنسا، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئیتاڵیاو تورکیا قبولّ بکرێت لە کۆمپانیادا[1].

وەزارەتی داگیرگەکان وەزارەتی دەرەوەی ئاگادار کردبووەوە، کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکەدا هەیە، چونکە زۆر بە قورسیان دەزانی چیتر بتوانن فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق بۆ دواخستن و مۆرکردنی ئیمتیاز بۆ کاتێکی نادیار،دوای ئەوەی هەوڵێیکی زۆردرا بە گەیشتنی هەردوو لایەن بە چەند خاڵێکی گونجاو لە نێوانیاندا[2]، لەسەر ئاستی عێراقدا چەندین کۆمپانیا هەبوون کە لەسەر وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت پێشبڕکێیان دەکرد، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق لە کۆتاییدا ناچاربێت لەگەڵ یەکێکیان ڕێککەوێت[3].

---

(1) نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ص٧٧-٧٨.

(2) Petroleum affairs،in ،R.O.I،Vol 3،1923-1924، p.427.

(3) لەسەر ئاستی عێراقدا چەندین کۆمپانیا هەوڵی دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتیان دەدا، هەروەها ئەم بارودۆخەیان قۆستەوە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ لایەنی عێراقی، لەوانە کاپتن چینی(J.G.Cheney) کە نوێنەری کۆمپانیای نەوتی( The Commercial Petroleum Co.)، کە لقێکی کۆمپانیای فینیکسی بەریتانی بوو، کە کاری نەوت و گواستنەوەی دەکرد،هەروەها دەڵێن بەریتانیا هانی دابوو بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی سەرقاڵ بکات لە مۆرکردنی ئیمتیاز نەوتی کۆمپانیای(TPC)،ئەم کۆمپانیایە لە١٢کانوونی یەکەمی١٩٢٣داواکاری پێشکەش کردبوو بە حکومەتی عێراقی، کە بڕی ٢٠٪ لە پشکەکانی کۆمپانیا بە خۆڕایی پێدەدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، S.H.Longrigg : op. cit ,p.69. هەروەها بەریتانیا ڕێگای دابوو بە کۆمپانیای تر بێتە ناو ئەم پێشبڕکێیەوە، ئەوەتا لە سەرەتاکانی مانگی شوبات ١٩٢٤ میجەر فرانك هۆلمز(F. Holmes) کە نوێنەری گشتی کۆمپانیای نەوتی ڕۆژهەڵاتی بەریتانیا بوو(The Eastern General Syndicate)گەیشتە بەغدا ولە١٧ئایاری ١٩٢٤ هولمز داواکاری پێشکەشکرد بە سەرۆك وەزیرانی عێراق،کە هەموو هێڵە گشتییەکانی ڕێککەوتن لەسەر ئیمتیازی نەوت بۆ ماوەی٨٠ ساڵ کە هەموو عێراقی دەگرتەوەو ڕێژەی(٢٢٪)ی پشکەکانی بۆ حکومەتی عێراق بە خۆڕایی تەرخان کردبوو،بڕوانە، نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ٧٩-٨٦.

بەلاّم وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا سوور بوو لەسەر هەلّویّستی خۆی، بە وەزارەتی داگیرگەکانی ڕاگەیاند لە ٢٣ کانوونی دووەم ١٩٢٤، کە حکومەتی عیّراق دەبیّت پابەند بیّت بە مادەی(٩) لە پروتۆکۆلی ئیمتیازات لە پاشکۆی ڕیّککەوتنی لۆزان(٢٤ تەمووزی ١٩٢٣)دا هاتووە، کە دان بنیّت بە ئیمتیازی کۆمپانیای(TPC) لە هەردوو ویلایەتی موسلْ وبەغدا، هەروەها ئەم بەندە ڕیّگرە لە هەر گریّبەستیّك کە حکومەتی عیّراق لەگەلْ کۆمپانیایەکی تر بیکا [1].

بە پیّی ئامۆژکاریەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هیّنری دۆبس بە قورسی زانی داوا بکات لە حکومەتی عیّراقی بۆ ئەوەی مۆرکردنی ڕیّککەوتن دوابخات لەگەلْ کۆمپانیای(TPC)، چونکە زۆر فشاری کردبووە سەر حکومەت بۆ ئەوەی ڕازی بیّت لەسەر پیّشنیازەکانی کیلینگ، بۆیە هەولّی دا لە ڕیگای ڕاویّژکارانی بەریتانیا لە عیّراق پلانەکەی جیّبەجیّ بکات. ئەوە بوو ڕاویّژکاران بە ئەندامانی لیژنەی وەزیرانی گفتوگۆکەری عیّراقیان ڕاگەیاندبوو،کە ئازادن لە داواکاری مافەکانیان،لەسەر ئەم پیّشنیازە، لیژنە جاریّکی تر داواکاری ڕیّژەی ٢٠٪ ی پشکەکان بۆ بەرژەوەندی عیّراق لە کۆمپانیاکەی خستەوەڕوو، لە ١٩ کانوونی دووەمی ١٩٢٤بە کیلینگ یان ڕاگەیاند، هەروەها هیّنری دۆبس بە وەزارەتی داگیرگەکانی ڕاگەیاند کە لیژنەی وەزیرانی عیّراقی لە هەلّویّستی خۆیان پەشیمان بوونەتەوە جاریّکی تر داوای ٢٠٪ی پشکەکان دەکەن بە پیّ ڕیّککەوتنی نیّودەولّەتیی سان_ریمۆ، کە پشکی٢٠٪ بۆ حکومەتی عیّراق تەرخان کردبوو[2].

لە لایەکی تر حکومەتی بەریتانیا فشاری خستبووە سەر کۆمپانیای (TPC) ، بۆ ئەوەی تاکو زووە ڕیّککەون لەگەلْ بەرژەوەندییەکانی تردا، لە

---

[1] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ٧٩-٨٦; بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی برگەی (٩) لە ڕیّککەوتنی لۆزاندا،بڕوانە، اندره نۆسشي، المصدر السابق، ص ص ١٣٢-١٣٣; هەروەها بڕوانە لاپەرە(١٣٤) لە بەشی سیّهەمی ئەم تۆیّژینەوەیە.

[2]سليم طه التكريتي : معركة النفط في العراق...،ص ص ٧٥-٧٦.

ترسی هەر گرفتێکی سیاسی لەسەر کێشەی موسڵ، لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیای (TPC) ڕازی بوو لەسەر ئەوەی پشکێك لە کۆمپانیاکە بە ئەمریکاییەکان بدات، بەڵام بەشداربوونی ئیتاڵیای ڕەتکردوە، هەروەها ڕوونیکردەوە، کە داواکاری ئیتاڵیا هیچ بنەمایەکی یاسایی و ئەخلاقی نیە لە بەشداربوون[1].

ئەوەی شایەنی باس بێت شا فەیسەڵ زۆر خوازیاری بەخشینی ئەم ئیمتیازە بوو بۆ ئەوەی بڕێکی دارایی جێگیری لە نەوت دەستکەوێت، بۆیە لە شوباتی ١٩٢٤ داوا لە هێنری دۆبس دەکات، کە ڕاوبۆچونی خۆی بدات لەسەر پرسی نەوت. لە ٢٥ شوبات ١٩٢٤دا دانیشتنێکی فراوان بەسترا، کە زۆرینەی نوێنەرانی هەردوو وەزارەتی داگیرگەکان ودەرەوە ئامادەبوون لەگەڵ فەرمانگەی نەوت ، بۆ تاوتێکردنی بابەتی نەوت، لەم دانیشتەنەدا وەزارەتی داگیرگەکان سەرکەوتوو بوو لە قەناعەت کردن بە وەزارەتی دەرەوە بۆ پێشخستنی گفتوگۆ لە نێوان عێراق و کۆمپانیای(TPC)، لە ٥ ئادار بە هێنری دۆبس ڕاگەیاندرا،کە هیچ نارەزایی یەك لە مۆرکردنی پرۆژەیەکی سەرەتایی لە نێوان هەردوولادا نیە، بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- بە هیچ شێوەیەك نابێت ناوی موسڵ بێت وەك شار یان ویلایەت لەم ڕێککەوتنەدا.

٢- ڕێگا نەدرێت بە کۆمپانیا بەوەی پرۆسەی گەڕان وپشکنینی جیۆلۆجی بکات لەم ناوچە ناکۆکەدا.

٣- دەبێت ڕێککەوتنی کۆتایی بخرێتە بەردەم حکومەتی بەریتانی پێش ئەوەی مۆربکرێت[2].

هەر لە ڕۆژی دووەم کیلینگ ڕێککەوت لەگەڵ هێنری دۆبس بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازێکی نوێ بۆ شا فەیسەڵ، کە تێیدا هاتبوو، بە پێدانی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە نەوت،کە کۆمپانیا بەرهەمیدێنێت بە مەرجێك ڕێگا

---

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ص٨١-٨٢.

[2] المصدر نفسه،ص ص٨٦-٨٧.

بدرێت بە کۆمپانیا بەکڕینی پشکی حکومەت بە نرخێك کە بە ڕەزامەندی هەردوو لایەن بێت، بەرامبەر بەوەی حکومەت کۆمپانیاکە لە خاڵە ناکۆکەکان ڕازی بکات، بۆ ئەم مەبەستە کیلینگ لە ٩ ئاداری ١٩٢٤چاوی کەوت بە شا فەیسەڵ و ڕێککەوتن لەسەر دەستنیشانکردنی پشکی حکومەت (١٨,٢٪) لە نەوت، حکومەت ئەم پشکەی خۆی بفرۆشێت بە کۆمپانیا بە(٢٢شلن) بۆ هەر تەنێکی نەوت، کۆمپانیا پێداویستەکانی حکومەت لە نەوت دابین بکات بە نرخی تێچوونی پالأوتنی و گواستنەوەیدا[1].

ئەم پێشنیازە لەسەر داواکاری وخواستی بەریتانیاو شا فەیسەڵ پێشکەشکرا بۆ دۆزینەوەی داهاتێکی دارایی لە نەوت بۆ بەهێزکردنی سوپای عێراقی وەك دەستپێکێك بۆ بەرگریکردن لە وڵات لە ئەستۆی حکومەت دابێت و لەسەر شانی حکومەتی بەریتانیا هەڵیگرێت[2]، چونکە بە پێی مادەی چوار لە ڕێککەوتنی سوپایی لە ٢٥ ئاداری ١٩٢٤ لەسەر حکومەتی عێراق بوو، کە بڕی ٢٥٪ ساڵانە لە داهاتەکانی وڵات تەرخان بکات لە پێناو پڕ چەککردنی سوپاو هێزی خۆجێی[3].

لە ١٢ ئاداری ١٩٢٤ لە چاوپێکەوتنێك لە نێوان هێنری دۆبس و شا فەیسەڵ بۆ مۆرکردنی ئەم پێشنیازە، وەزارەتی داگیرگەکان پرسی کرد بە وەزارەتی دەرەوە بۆ ئەوەی ڕەزامەند بێت لەسەری، بەڵام وەزارەتی دەرەوە ڕیگای نەدا مۆربکرێت و تاکو کێشەی سنووری ویلایەتی موسڵ چارەسەر نەکرێت ڕەزامەندی دەرنابڕێت، بۆیە هێنری دۆبس ناچار بوو بەگەڕانەوە بۆ فشارخستنە سەر عێراق، هەوڵیدا گفتوگۆکانی نەوت دوابخات بۆ کاتێکی نادیار، بەبیانووی مۆرکردنی پاشکۆی پەیمانی عێراقی_بەریتانی لەگەڵ

---

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق ،ص ٨٢.

[2] Willam Stivers: op. cit، p.522.

[3] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات،ج١،ط٢،ص٢٤٢;مجيد عزت:ايرادات الحكومة العراقية من النفط،بغداد،١٩٦٠،ص٤٦.

سەرۆك وەزیران(جەعفەر عەسكری) لە ٢٥ ئاداری ١٩٢٤، نوێنەری كۆمپانیای (TPC) لە ١٥ ئایاری ١٩٢٤ گفتوگۆكانی لەگەڵ حكومەتی عێراقی راگرت، كیلینگ عێراقی بەجێهێشت، لە ١٧ ئایار بۆ جەعفەر عەسكری ڕادەگەیێنێت، كە پێشنیازی كۆمپانیای هەڵوەشاندەوە لەدانی بڕی(١٨,٢٪) پشكی نەوت بدات بە عێراق [١].

وەزارەتی داگیرگەكان و كۆمپانیای(TPC) تووشی كێشەیەكی تر بوونەوە لەو كاتەی، كە ئەنجوومەنی تاسیسی عێراق* لە١٠ی تەمووزی ١٩٢٤دا بڕیار لەسەر پەسەندكردنی یاسای بنەڕەتی(القانون الاساسی)دەدات [٢] ،چونكە بڕگەی(٩٤) لە یاساكە جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی نابێت هیچ ئیمتیازێك ببەخشرێت بۆ وەبەرهێنانی هەر كەرەستەیەك لە سامانی سروشتی وڵات تەنها بە پێی یاسا نەبێت، هەر ئیمتیازێك سێ ساڵ بە سەریدا رۆیشتبێت، دەبێت ڕەزامەندی پەرلمانی لەسەر بێت، بڕگەی(١١٤) دەڵێت:" هەموو سیستەم و یاساكان، كە لە نێوان بەرواری ١٩١٤/١١/٥ دەرچوون تاكو بەرواری

---

[١] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ص٨٤-٨٥.

* دوای ئەوەی وەزارەتی عەبدولڕەحمان نەقیب تەواو بوو لە بلاْوكردنەوەی پەیمانی عێراقی_بەریتانی لە١٣تشرینی یەكەم ١٩٢٢،ئەنجوومەنی وەزیران كۆبوەوە لە١٧ی هەمان مانگ بۆ تاوتێكردنی هەڵبژاردنەكانی ئەنجوومەنی تاسیسی وبڕیاریان دا كە لە٢٤ تشرینی یەكەمی١٩٢٢ هەڵبژاردن بكرێت،بەلاْم بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناوخۆی عێراق، هەروەها ناڕەزایی لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە لایەن پیاوانی ئایینی ئەم پرۆسەیە وەستا وپەك خرا تاكو ساڵی ١٩٢٤ ، لە سەردەمی وەزارەتی عەبدول موحسن سەعدوون هەڵبژاردن ئەنجام درا وئەنجوومەنی تاسیسی یەكەم دانیشتنی كرد، لە ٢٧ئاداری ١٩٢٤ بە ئامادەبوونی٨٣ ئەندام لە كۆی ١٠٠ ئەندام،لە گرنگترین خاڵەكانی كارنامەی ئەم ئەنجوومەنە،چاوخشانەوەی بە پەیمانی عێراقی_بەریتانی ساڵی١٩٢٢،هەروەها دانانی دەستوور(یاسای بەنەرەتی)بۆ عێراق، لەگەڵ دانانی یاسای هەڵبژاردنەكانی ئەنجوومەنی نوێنەران،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي الحديث...،ج١،ص٢٥٦;احمد رفيق البرقاوي: المصدر السابق،ص ص٧٤-٧٥.

[٢] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...،ج١، ط٢ص ٢١٢.

جێبەجێکردنی یاسای بنەڕەتی کاریگەربێت"، بڕگەی(١٢٣)دەڵێت:" یاسای بنەڕەتی کاری پێدەکرێت لە بەرواری پەسندکردنی لەلایەن شای وولأت""[1]. بەم پێیەش دوای پەسندکردنی یاسای بنەڕەتی لە لایەن شا فەیسەڵ، بڕیاردان لەسەر بەخشینی مافی ئیمتیازی نەوت لە ئەستۆی پەرلەماندا دەبێت، ئەمەش زۆر قورسە بۆ بەریتانیەکان،چونکە پەرلەمان بیروبۆچوونی جیاوازی تێدایە، کە بەریتانیا ناتوانێت هەموویان ڕازی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەریتانیا و کۆمپانیای (TPC)هەموو هەوڵەکانی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا بە هیچ شێوەیەك نەخرێتە بەردەم پەرلەمانەوە[2].

دوای رۆژێك لە پەسەندکردنی دەستووری عێراق(القانون الاساسي)، وەزارەتی داگیرگەکان بە هێنری دۆبس ڕادەگەیێنێت، کە زۆر گرنگە ئیمتیاز ببەخشرێت، پێش ئەوەی ئەم یاسایە لەلایەن شا فەیسەڵ پەسند بکرێت، یاخود ئەگەر بکرێت، گفتوگۆکان لەگەڵ کۆمپانیای(TPC)، دەستپێبکاتەوە هەروەها کۆمپانیای(TPC) هەمان هەڵوێستی دەبێت ولە ١٦ تەمووز یادداشتێك دەداتە وەزارەتی داگیرگەکان بەوەی پەلە بکرێت لە هەوڵەکان بۆ بەخشینی ئیمتیاز، (هێنری دۆبس)یش لەلای خۆیەوە ئامۆژگاری دەدا بە حکومەتی عێراقی بۆ دەست پێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ کۆمپانیای (TPC)، هەمان کات بە کۆمپانیای ڕاگەیاند، کە پێویستە کیلینگ بگەڕێتەوە بۆ بەغدا بە زووترین کات[3].

بە هۆی بارودۆخی سیاسی ناوخۆی عێراقی ئەوکاتە، بە کورتی ماوەی حکومەت لەبەر هەر هۆیەك بێت، تەنانەت وەزارەتی جەعفەر عەسکەریش، لەبەر ئەوەی لە حکومەتی ئەودا پەیمانی عێراقی_بەریتانی مۆرکرا، بە حکومەتێکی

---

[1] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...،ج١، ط٢ ،ص ص ٢٧١-٢٧٥.

[2] عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي الحديث...،ج١،ص٢٥٨.

[3] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ص٨٩-٩٠.

لاواز دانرا، بۆیە فشار کرایە سەری بۆ ئەوەی دەست لەکاری حکومەت بکشێتەوە، هەروەها ناڕەزایی هەبوو لە ناوخۆی عێراق دا بە تایبەتی لە رۆژنامەکاندا، کە داوای حکومەتێکی بە هێزیان دەکردو جەختیان دەکردەوە لەسەر پرسی نەوت[١]، بۆیە هێنری دۆبس و شا فەیسەڵ بیریان لەوە دەکردەوە، کە وەزارەتێکی بە هێز بێت، کە هەم لایەنی ناسیۆنالستەکان پشتگیری لێبکات هەم بتوانێت ئیمتیاز ببەخشێت، بە شێوەیەك کە ئامانجەکانی بەریتانیا دەستەبەربکات، بۆیە بیریان بۆ (یاسین هاشمی) چوو، هەروەها بە باشترین کەسیان دانا بۆ ئەم (ئەرکە)، چونکە لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی عێراقی-بەریتانی ڕۆڵێکی گرنگی بینیبوو کە لەسەرەوە ناڕەزایی هەبوو،بە نهێنیش ئامۆژگاری دەدا بە ئەندامانی ئەنجوومەنی تأسیسی بۆ پەسەندکردنی[٢].

دوای پێکهێنانی وەزارەتی هاشمی گفتوگۆکان لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیای(TPC) دەستی پێکرد، نوێنەری کۆمپانیا کیلینگ گەڕایەوە بۆ بەغدا و لە ١٤ ئاب ١٩٢٤ بە ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە، لەم دانیشتنەدا داواکرا لە کیلینگ، کە بەڵێنی نووسراو پێشکەش بکات بۆ دەست پێکردنەوەی گفتوگۆکان، بەڵام ساسۆن حسقێل بە نوێنەری کۆمپانیا ڕاگەیاند، هەر ڕێککەوتنێك مۆربکرێت دەبێ ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی لەسەر بێت، لە هەمان کاتدا ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دامەزراندنی لیژنەیەکی وەزیران بۆ تاوتێکردنی پێشنیازەکانی کۆمپانیا، ئەم لیژنەیە لە سەرۆك(یاسین هاشمی)لەگەڵ نوێنەرایەتی ساسۆن حسقێل وەزیری دارایی و موزاحەم پاچەچی وەزیری گواستنەوە وئەشغال ورەشید گەیلانی وەزیری داد پێکهاتبوو[٣]،هەروەها لیژنەی وەزیرانی نوێ پێشنیازەکانی پێکهاتبوو لەوەی ماوەی ئیمتیاز لە٦٠ساڵ زیاتر نەبێت، دوورخستنەوەی ویلایەتی بەسرە لە

---

[١] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ص٨٩-٩٠.

[٢] Helmut Mejcher: Imperial Quest for oil…، pp.88-87.

[٣] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...،ج١،ط٢،،ص ٢٠٦.

سنووری ئیمتیاز، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پشکی عێراق، دەبێت ٢٠٪ بێت،بەلاّم ڕەزامەندی دەربڕا لەسەر تۆمارکردنی کۆمپانیا لە دەرەوەی ولاّت، بەرامبەر بەوە داواکرا عێراق نوێنەری هەبێت لە ئەنجوومەنی کۆمپانیا،بەلاّم ئەم مەرجانە،کە لیژنە خستیەڕوو دەربارەی ناڕازییە لەسەر سیستەمی پارچەیەی(نظام القطع)وداوایی کرد ئەو ناوچانە لەلایەن کۆمپانیا مامەڵەیان لەسەر بکرێت [1].

ئەم مەرجە نوێیە لە لایەن حکومەتی بەریتانیا بە عێراق ڕاگەیاندرابوو، چونکە بە مەزەندەی بەریتانیا سیستەمی پارچەیی کاردەکاتە سەر دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە بەرژەوەندیی بیانی لە عێراق، هێنری دۆبس هەستی کردبوو بەوەی وەزیرەکانی عێراق کەیفیان بە ئەمریکا، فەرەنسا،تورکەکان وبەلشەفیەکان نایێت، بەلاّم کۆمپانیا هەموو مەرجەکانی عێراقی ڕەتکردەوە جگە لە مەرجی کۆتایی،ئەویش لەبەر بەرژەوەندیی خۆی بوو [2].

لەو کاتەی هێنری دۆبس هانی لیژنەی وەزیرانی دەدا، کە دەستبەرداری چەند خاڵێك نەبێت، مەبەستیش ئەوە بوو، کە گفتوگۆکان درێژەی بکێشن لەبەر خواستی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا،بەلاّم لە لایەکی ترەوە پێیداگرت لەسەر وەزارەتی داگیرگەکان بەوەی زۆر پێویستە ئەم بابەتە یەك لایی بکرێتەوە، ئەوە بوو لە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ بە وەزارەتی داگیرگەکانی ڕاگەیاند، کە کۆمپانیا ئەوەی لە توانا یدا هەبوو پێشکەشی کردەوە، بەلاّم حکومەتی عێراقی بەدوای بیانوو دەگەڕێت، بۆیە داوای ڕەزامەندی کرد بۆ ووریاکردنەوەی حکومەتی عێراق لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- حکومەتی بەریتانیا ئەو مەرجانەی کۆمپانیای(TPC)خستویەتەڕوو بە یەکسان وپەسەند دەزانێت.

---

(١) بڕوانە، عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي: المصدر السابق،ج٢، ص ص ٣٤٣-٣٤٤.

(٢) نوري عبدالحمید خلیل: المصدر السابق،ص ص٩٢-٩٣.

٢- بە پێی ئەم مەرجانە دەبێت عێراق ئیمتیاز بەخشێت،جگە لە مەرجەکانی پەیمانی لۆزان و سان_ریمۆ.

٣- ئەگەر حکومەتی عێراق ڕەزامەندی دەربڕێت لەسەر ئیمتیاز، ئەوا حکومەتی بەریتانیا پرسی ئیمتیازی (TPC) دەباتە بەردەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە دوای کۆتایی هێنانی کێشەی موسڵ[1].

لە ٢١ تشرینی یەکەمی ١٩٢٤دا چەند بڕگەیەکی تر زیادکرا لە ڕاپۆرتێکی هێنری دۆبس بۆ وەزارەتی داگیرگەکان و پێیان ڕادەگەێنێت،کە تاکو ئێستا حکومەتی عێراقی دان نانێت بە ڕێککەوتنی سان-ریمۆو لۆزاندا لەگەڵ ئەوەی بڕگەی(١٧) لە پەیمانی عێراقی_بەریتانی لەسەر ئیمتیازی (TPC) هیچ ناچەسپێنێت، بۆیە داوای بەدیل دەکرێت، هەروەها پێشنیازی کرد بەوەی بڕگەیەکی تر پێشکەش بکرێت بەوەی حکومەتی بەریتانیا ناچار دەبێت بە ڕاگەیاندنی، کە هیچ ڕەزامەندی دەرنابڕێت بە بەخشینی هەر ئیمتیازێك نەوت لە هەردوو ناوچەی بەغدا و موسڵ بە هەر کۆمپانیایەك جگە لە کۆمپانیای (TPC)[2].

بەڵام وەزارەتی داگیرگەکان هیچ ڕەزامەندی دەرنەبڕی لەسەر پێشنیازەکانی هێنری دۆبس، لە ١٣ تشرینی دووەم ١٩٢٤دا پێی ڕاگەیاندن، کە بۆچوونەکانی بەریتانیا ئەوەیە، کە کۆمپانیای (TPC) خاوەندارییەتیی جێگیری هەیە لەم ئیمتیازەدا، هەرچەندە کۆمپانیا ڕازی بوو لەسەر چەند مەرجێك، کە پێشتر ڕەتیکردبووەوە، بەڵام دەبێت بگاتە ئەنجامێکی گونجاو بەزووترین کات دەربارەی خاڵە ناکۆکەکانی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- بەخشینی ئیمتیاز لە کاتی پەسەندکردنی دەستوور دوادەکەوێت.

---

(1) Petroleum affairs، 10/10/1924، in، R.O.I،Vol 3،1923-1924، pp. 435-436.

(2) Petroleum affairs، 21/10/1924، in،، R.O.I،Vol 3،1923-1924، pp.428-429.

٢- لـه ئـەنجامی ئەمـەدا حکومـەتی عێراقـی لـە وەرگـرتنی داهـاتی نـەوت دوادەکەوێت.

٣- کۆمپانیـای(TPC)گـەورترین وبـەهێزترین دامەزراوەیـە لـەڕووی توانـای دارایی وئەزموونی هونەرییەوە.

٤- چارەسـەری کۆتـایی بەخشـینی ئیمتیـازە، چـونکە یارمـەتی وئاسـانکاری پێشکەشـدەکات بـە مافـەکانی عێـراق لەسـەر کێشـەی سـنوورەکانی باکووریدا(مەبەسـت ویلایـەتی موسـڵ)ە، هـەروەها لـە هـەر هەوڵێکـدا، کـە لەلایـەن بەرژەوەندییـەکانی تـرەوە کرێـت، سـەرکەوتوو دەبێـت لەگـەڵ تورکیـادا، بۆیـە وەزیـری داگیرگـەکان داوا دەکـات لـە هێنـری دۆبـس کـە چاوپێکەوتن لەگەڵ شا فەیسەڵ و یاسین هاشمی بکات، دەسەڵاتی خۆی بـەکاربهێنێت بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەرێك بـەبێ ئـەوەی هەڕەشـە بـە کاربهێنێت[1].

هێنری دۆبس لە ٢٦ تشرینی دووەمی ١٩٢٤دا ئامۆژگاری دا بە هەریەك لە سـەرۆك وەزیـران یاسـین هـاشمی وساسـۆن حسـقێل و موزاحـەم پاچەچـی بـۆ ئەوەی ڕێککەون لەگـەڵ کیلینـگ، کـاری پێویسـت بکـەن بـۆ مـۆرکردنی ئیمتیـاز پێش بڵاوبوونەوەی دەستوور[2].

حکومـــەتی بـــەریتانیا، بەتایبـــەتی وەزارەتـــی دەرەوەی نەیدەویســـت کۆمپانیـای(TPC) بگاتـە ڕێککـەوتنێك تـاکو کێشـەی موسـڵ چارەسـەر نـەکات، بۆیـە جـارێکی تـر هـانی کۆمپانیاکـانی تـر دەدات وەك(چـینی و هـوڵەنز) بـۆ گفتگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر ئیمتیازی نەوت[3].ئەمـەش تـەنها بـۆ فشار خستنە سەر کۆمپانیای (TPC)بوو.

---

[1] Petroleum affairs، 21/10/1924، in، R.O.I،Vol 3،1923-1924، p.432.

[2] بڕوانە، قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ج١، ص ص٢٨٣-٢٨٤.

[3] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ٩٥.

لەلایەکی تر دەیویست هەم فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق هەم کۆمپانیای (TPC) بە هاندانی بەرژەوندەییەکانی تری نەوتی بەریتانیا، کە لەگەڵ تورکیا بەپشتیوانی وپشتگیری حکومەتی بەریتانیا دەربارەی کێشەی موسڵ و ئیمتیازی نەوتەکەیدا گفتوگۆ بکەن، فرانسیس ڕیکیت(F.Rickett) نوێنەری لۆرد ئەنڤر فورت(Inverforth) وئەندریۆ وایەر(Andrew Weir) کاریان دەکرد بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی موسڵ لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، هەروەها گرووپێکی تری بەریتانیا، کە کاپتن لارکینگ (A.H.Larking) سەرۆکایەتی دەکرد، بۆ هەمان مەبەست کاری دەکرد.تورکەکانیش خوازیاری ئەوە بوون، کە لە ڕیگای ئیمتیاز بەخشنەوە بە گرووپی بەریتانی بگەنە چارەسەرێك لەگەڵ بەریتانیا دەربارەی کێشەی موسڵ بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەنڤر فورت هەوڵیدا حکومەتی بەریتانیا قایل بکات بە دەستهەڵگرتن لە موسڵ بۆ تورکیا لە پێناو دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ بە تەنها، هەروەها لارکنك پێشنیازی کرد، کە نیوەی بەرهەمی نەوتی دەرهێنراوی ویلایەتی موسڵ بدرێت بە کەشتییەکانی بەریتانیا بە نرخی تێچوون بەرامبەر بەوە حکومەتی بەریتانیا پشتگیری بکات لە خواستەکانی(١).

ئەم ڕووداوانە کۆمپانیای(TPC)یان زۆر نیگەران کرد، بەڵام وەزارەتی داگیرگەکان پێی ڕاگەیاندبوو، کە هیچ گرنگی نەدات بەم داواکاریانە، ئەو کۆسپەی ڕێگری دەکات تەنها بەرهەڵستی گوڵبەنکیانە، کە لەسەر مەرجی (ڕێککەوتنی کار)، کە ئەمریکا زۆر پێی داگرت لەسەری، هەروەها مەترسی نییە لەوەی ئیمتیازی نەوت ببرێتە بەردەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بۆ مۆرکردنی(٢).

کۆمپانیای(TPC) زۆر مەترسی هەبوو لەم ڕووداوانە، بۆیە بیری لە پێشنیازێکی نوێ دەکردەوە و هەوڵیدەدات پارە وەك بەرتیل بە حکومەتی عێراق بدات، تاکو هانی بدات ئیمتیازی پێی ببەخشێت ، هەوڵی دا ئەم

(١) S.H.Longrigg :op.cit،p.69 ;.نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق، ص٩٥-٩٦

(٢) Petroleum affairs، 6/11/1924، in، R.O.I، Vol 3، 1923-1924، p.435.

پێشنیازە بە وەزارەتی داگیرگەکان، لە ڕیگای سکلیرۆز(Skliros) ڕابگەرێنێت، کە نوێنەری کۆمپانیای (TPC)بوو،هەروەها بە مستر فێرنۆن(R.V. Vernon) لە فەرمانگەی رۆژهەلاتی ناوەراست لە وەزارەتی داگیرگەکان. بروسکەیەك لەلایەن کیلینگ هاتبوو، دەڵێت:" کە میجەر هوڵمز بڕی ٥٠ هەزار پاوەنی پێشکەش بە شا فەیسەڵ کردووە تەنها بۆ بەخشینی ئیمتیازی نەوت، شا فەیسەڵ خواستی هەیە قبوڵی بکات..."، هێنری دۆبس لایەنگری داواکاری کیلینگی کرد وبەوەزارەتی داگیرگەکانی گەیاند لە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢٤،کە بڕێکی پارەی زۆر پێشکەشکردووە بە شا فەیسەڵ لە ڕیگای هوڵمز،کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات،ئەم بۆچوونانەی کیلینگ وهێنری دۆبس تەنها بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی بەریتانیا بوون، بۆ ئەوەی پرسی ئیمتیازی نەوت یەکلایی بکاتەوە[1].

گوڵبەنکیان دەڵێت:"یاریدەری سەرۆکی کۆمپانیا نیکولز کاتێك دەگاتە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن ،لەگەڵ خۆیدا ٤٠ هەزار پاوەنی ئەسترلینی وەك دیارییەکی بچووك پێشکەش بە شا فەیسەڵ کردبوو"[2].

لە ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٢٤ کۆمپانیای (TPC) ناچاربوو پشکی یەکسان بە ئەمریکییەکان بدات، هاوشێوەی پشکەکانی لایەنەکانی تر لە کۆمپانیادا[3]، بۆیە ڕیگای خۆش کرد بۆ پێشکەوتنی گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی، هێنری دۆبس سەرۆکایەتی چەندین گفتوگۆی کرد بەشێوەکی نافەرمی،چەندین کۆبونەوەی لیژنەی وەزیرانی لە نێوان١٠-١٢ کانوونی یەکەمی ١٩٢٤بە ئامادە بوونی کیلینگ،بۆیە لیژنە داوایکرد حکومەتی عێراقی جێگای کۆمپانیا بگرێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو لایەنە دەیەوی پارچە زەوییەکانی(دەرەوە) بە کرێ

---

[1] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ص٩٦-٩٧.

[2] هارڤی اوکونور: المصدر السابق، ص٣٧٦.

[3] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ٩٨.

بگـرن، لیژنـه مەترسـی دەڕبـڕی لەسـەر تۆمـارکردنی کۆمپانیـاو لقـەکانی لـە بەریتانیا، لیژنە سوور بوو لەسەر بەشداربوونی کۆمپانیا بە ڕێژەی ٢٠٪ [١].

هەرچـەندە حکومـەتی بـەریتانیا خوازیـاری دەسـتەبەرکردنی داهـاتێکی دارایـی جـێگیر بـوو لەلایـەن کۆمپانیـای (TPC)بـۆ حکومـەتی عێـراق بـۆ دابینکردنـی خەرجییـەکانی کارگێری وسـەربازی، کەمکردنـەوەی خەرجییـەکان لەسەرشـانی بەریتانیا،بۆیـە ساسـۆن حسـقێل داوای یاسـایی پارێزگـاریی مافـەکانی حکومـەتی عێراقـی دەکـرد لـەڕوودانی هـەر کـەم بوونەوەیـەك لـە نـرخ وبەهای پاوەنی ئەسترلینی لە ماوەی ئیمتیازدا [٢].

هێنری دۆبس هـەموو داواکارییـەکانی لیژنـەی وەزیرانـی ڕەوانـەی وەزارەتـی داگیرگەکان کرد بۆ ئـەوەی بۆچوونی خۆیـان لەسـەری دەربـڕن، بـەڵام وەزارەتـی داگیرگـەکان بـە نووسـراوێکی نهێنی بە ژمـاری(ب-أو٢٢٦) کە لـە ٢٤ کـانوونی یەکـەم ١٩٢٤ بـۆ ئەنجوومـەنی وەزیرانـی عێراقـی ڕەوانـەدەکات، هـەمان ئـەو وەڵامەی، کە لە ١٢ شۆباتی ١٩٢٤ بە شا فەیسـەڵیان ڕاگەیانـدبوو، کـە ناتوانێـت هیچ زەمانـەتێك بـدات دەربارەی ئیمتیـازی بیـانی، لـەم نووسـراوە ئامـاژەی کـرد بـوو بــەوەی کــە کۆمپانیــا لەبــەر ئــارەزوی وەبەرهێنــەرەکان لــە بــەریتانیا تۆماردەکرێـت، مـاڤی بەشـدابوونی حکومـەتی عێراقـی لـە کۆمپانیـا ڕەتکـردەوە، چـونکە لـە کـاتی بەرهـەمهێنانی نـەوت بەرهەمەکـەی بـە سـەر بەشـداربووانـدا بـە نرخـی تێچـوون لەگـەڵ قـازانجێکی کـەم، دابەشـدەکرێت. بۆیـە عێـراق هـیچ قازانجێك ناکات لە فرۆشتنی ئەم نەوتەدا، ئەگەر پشکی هەبوو لە کۆمپانیاکەدا، بۆیە ئامۆژگاری کرد دەستهەڵگرێت لەم مەرجەدا و بایەخدان بە نوێنەرایەتی لـە ئەنجوومەنی بەڕێوبەردنی کۆمپانیا باشترە، بەڵام سەبارەت بە زەمانەتی داهاتی

---

[١] بڕوانە، قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ج١، ص ص٢٨٥-٣٠٢.

[٢] Willam Stivers: op. cit، p.522; نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ص ٩٨-٩٩.

عێـراق دەتوانرێـت لەسـەر بناغـەی ئـاڵتوون یـاخود دۆلار بخەملێنـدرێت[١]، کۆمپانیا ڕازی بوو بە دامەزراندنی نوێنەری حکومەتی عێراق لە کۆمپانیا، بەلاّم بەمەرجیّ، کە عێراق یەکسەر ئیمتیاز مۆربکات، بەلاّم ئەگەر ئیمتیاز لەلایەن حکومەتی عێراق خرایە بەردەم ئەنجوومەنی تأسیسی، ڕەتدەکرێتەوە [٢].

هێنـری دۆبـس سـەرۆکایەتی دوو کۆبونـەوەی کۆتـایی لەگـەڵ لیژنـەی وەزیرانی عێراقدا کرد بە ئامادەبوونی کیلینگ و هەردوو ڕاوێژکاری ئینگلیز لە ١٩و٢٠ کانوونی دووەمی ١٩٢٥، بۆ لیژنەی ڕوونکردەوە، کە مافی حکومەتی عێراقە، لە کۆمپانیا بەشداری بکات، بەلاّم بەرژەوەندییەکانی فەرەنسی و ئەمریکی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم مافە هاتنە ناو کۆمپانیاکەوە، حکومەتی عێراقی لە کاتی خۆیدا داوای مافی خۆی نەکردبوو[٣]،کیلینگ بە لیژنەی ڕاگەیاندبوو کە عێراق مافی ئەوەی دەدرێتی لە کۆمپانیادا نوێنەرایەتی بکات و مافی دەنگدانی دەبێت، ئەگەر عێراق دەستهەڵگرێت لە مافی بەشدابوون لە کۆمپانیا، بەلاّم لیژنە ئەوەی ڕەتکردەوە[٤].

دەسەلاّتدارانی بەریتانیا زۆر سوور نەبوون لە فشار خستنە سەر عێراق، چونکە دەیانویست سوود لە ڕەتکردنەوەی عێراق ودەست هەڵنەگرتنی لەسەر مافی بەشداربوون وەربگرن، بۆ دواخستنی گفتوگۆکان، بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وفەرەنسا، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە سیاسی وئابوورییەکانی بەریتانیا لە عێراق، بۆ دەستەبەرکردنی هەندێك لە داهاتی جێگیر بۆ حکومەتی عێراق لە نەوت، بە شێوەیەکی تایبەت پێدانی داهاتی عێراق بە ئاڵتوون بێت، بەلاّم لە ٥ی کانوونی دووەم ١٩٢٥دا هێنری

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم نووسراوە،بڕوانە،مجلة النفط والتنمية، العدد(٩)،بغداد، حزيران١٩٨٠،ص ٢٠٠-٢٠٣.

[٢] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ٩٩.

[٣] George W.Stocking: Middle East oil، London-1971،pp.60-61.

[٤] بڕوانە، قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ج١، ص ص٣١١-٣١٨.

دۆبس، وەزارەتی داگیرگەکانی ئاگادار کردەوە، کە ڕووخانی حکومەتی عێراق زۆر نزیکە، بەم شێوەیە کۆمپانیا ناچاردەکرێت لەگەڵ وەزارەتی نوێیدا گفتوگۆ بکات، وەڵامی وەزارەتیش ئامۆژگاریدا بە کۆمپانیا، کە پەلە بکات لە ڕێککەوتن، پێش ڕووخانی حکومەتی عێراق[1].

کۆمپانیا ناچاربوو داهاتی عێراق بە ئاڵتوون دابین بکات، بەمەرجێك هیچ هەموارکردنێك لە پرۆژەی ڕێککەوتندا نەکرێت، داوای کرد ئیمتیاز مۆربکرێت، هەروەها وەزارەتی داگیرگەکان لە ٧ شوباتی١٩٢٥ داوای لە هێنری دۆبس کرد ئەم پێشنیازە بخاتە بەردەم حکومەتی عێراق و بۆیان ڕوون بکاتەوە کە چەند سوودمەند دەبن لە کاتی مۆرکردنی ئیمتیاز بە زووترین کات بە بێ ئەوەی هەڕەشە بەکاربهێنێت[2].

لیژنەی وەزیرانی عێراق نەگەیشتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ کیلینگ، لە ١٦ شوبات ١٩٢٥ ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کرد، خاڵە ناکۆکەکانی خستەڕوو لەگەڵ کۆمپانیا، هەروەها دووپاتی کردەوە، کە دەستبەرداری مافی عێراق نابێت لە بەشداربوونی کۆمپانیا و مافی (٢٤)پارچە زەوییەکانی دەرەوە، دەبێت کۆمپانیا لە عێراق تۆماربکرێت، لەگەڵ ئەوەی شایستەی ڕۆڵی هێنری دۆبسی کرد لە پشتگیری لە داواکارییەکانی لیژنە[3]. بەپێی ڕاپۆرتی لیژنە دەردەکەوێت، کە هێنری دۆبس لەم قۆناغە لایەنگری حکومەتی عێراق بوو لە بەشداریکردنی کۆمپانیاکە، بەڵام بە نهێنی کاری دەکرد لە دروستکردنی بەرهەڵستی لە ناو ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئیمتیاز مۆرنەکرێت لەم کاتەدا، چونکە بەریتانیا کۆنترۆڵی کۆمپانیای (TPC)

---

[1] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ١٠٠.

[2] المصدر نفسه،ص ص١٠٠-١٠١.

[3] ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن وەزارەتی گواستنەوە و ئەشغال بە نووسراوی ژمار(٩٣) لە ١٦ شۆباتی ١٩٢٥ ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرا، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە،بڕوانە،مجلة النفط والتنمية،العدد(٩)،بغداد،حزيران١٩٨٠، ص ص ٢٠٤-٢٧.

لەدەست دابوو، دوای ئەوەی ڕێگا درا بە بەشداریکردنی ئەمریکا بە پشکی هاوبەش، بە حکومەتی عێراقی ڕاگەیاندبوو، کە ئەمریکا وفەرەنسا ماف عێراقیان زەوتکردووە لە بەشداربوونیان لە کۆمپانیاکەدا[1]، بۆیە هەریەك لە وەزیری داد(ڕەشید عالی گەیلانی) و وەزیری گواستنەوەو ئەشغال(موزاحەم پاچەچی)و وەزیری مەعاریف(محەمەد ڕەزا شبیبی) لە بەرهەڵستکاران بوون، هەڕەشەی کشانەویان دەکرد لە وەزارەت، ئەو وەزیرانەی ڕازیبوون ئیمتیاز ببەخشرێت هەر یەك لە (دارایی،ناوخۆ،ئەوقاف)بوون [2] بەم شێوەیە یەکسانیی ڕاوبۆچوونەکان بە خواستی بەریتانیا بوو،چونکە پلانێکی دارشتبوو کە نە ئیمتیاز ببەخشرێت ونە ڕەتبکرێتەوە، تا چارەسەری کێشەی موسڵ دەکرێت.

ئەو سیاسەتە دووفاقییەی، کە حکومەتی بەریتانیا لەسەر پرسی ئیمتیازی نەوت پەیڕەویی دەکرد بەتایبەتی لە نێوان وەزارەتی داگیرگەکان و وەزارەتی دەرەوە، تەنانەت لەسەر هەڵوێستی وەزیرە عێراقیەکانیش کاردانەوەی هەبوو، ئەوە بوو وەزارەتی داگیرگەکان دەیویست عێراق ناچار بکات بە دەستهەڵگرتن لەسەر مەرجی پێدانی پشکی ٢٠٪ی لە پشکەکانی کۆمپانیاو لە کۆتاییدا ئیمتیاز ببەخشێت بە کۆمپانیای (TPC)، بەڵام وەزارەتی دەرەوە بەردەوام سوور بوو لەسەر ئەوەی نابێت لەم کاتەدا ئیمتیاز ببەخشرێت پێش ئەوەی ئایندەی ویلایەتی موسڵ دەربکەوێت، هەروەها بە کارهێنانی پرسی ئیمتیاز بۆ دەستەبەرکردنی لایەنەکانی تری وڵاتان لە دژی تورکیا، بۆیە لەسەر حکومەتی عێراق بوو ناچار بێت ئەو بارودۆخە قەبووڵ بکات، تاکو حکومەتی بەریتانیا هەڵوێستی خۆی یەکلایی بکاتەوە بە شێوەیەکی کۆتایی و کێشەی ویلایەتی موسڵ لە بەرژەوەندیی خۆیان دابێت.

ئەم بارودۆخە حکومەتی عێراق لە ژێر فشارێکی زۆری ناڕەزایی لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە وپارتە بەرهەڵستکارەکانی بەغدا بوو،کە هەموویان داوای

---

[1] قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ج١، ص٣١٧.

[2] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ص ١٠٢-١٠٣

نەبەخشـینی ئیمتیازیـان دەکـرد تـاکو ئەنجوومـەنی تأسیسـی کۆنەبێتـەوە دەربارەی دەستوور، زۆر هەڵوێستیان دژی کۆمپانیای (TPC)وەرگرتبوو [1].

حکومەتی عێراق تووشی چەندین گرفتی تر ببوو، لەوانە بارودۆخی دارایی تووشـی کـەموکوڕی هـاتبوو لـە نێـوان سـاڵانی١٩٢٤-١٩٢٥[2]، لەگـەڵ هێرشـی چەکدارانی وەهابیەکان لە بەشی باشوور رۆژئاوا، کە بەبیانووی بەرژەوەندییە نەوتییەکان هاندەدرانن، لە باشووری کوردستانیشدا هێزەکانی شێخ مەحموود فشارێکی توندیان خستبووە سەر حکومەتی عێراق[3].

یاسـای هەڵبژاردنـەکانی ئەنجوومـەنی تأسیسـی لـە عێـراق وەك یاسـای ئەساسی گرفتێکی تر بوو، چەندین هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی ئەم دوو یاسایە دوابکەون: یەکەمیان حکومەتی عێراق پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی دواخست لـە ٣ کانوونی دووەمی ١٩٢٥دا لەبەر ئەوەی گومانی ئەوە دەکرا ڕێـژەی دانیشتوان زیـادی کـرد بێـت، ئـەم هـەنگاوەی حکومـەت هـەردوو وەزارەتـی داگیرگـەکان و کۆمپانیـای (TPC)خـۆش حـاڵ کـرد، چـونکە ڕێگربـوون لـە دەسـتکەوتی ئیمتیازدا. دووەمیان لـەو کـاتی لیژنـەی سـنووری نێودەوڵـەتی گەیشـتە موسـڵ، حکومـەتی عێـراق یەکسـەر هـەوڵی دواخسـتنی هەڵبژاردنـەکان و بڵاوکردنـەوەی

---

[1] بڕوانە،فاروق صالح العمر: الاحزاب السياسية في العراق ١٩٢١-١٩٣٢، بغداد، ١٩٧٨، ص ص٨٥-١٣١.

[2] بـۆ کـەموکوری لـە بووجـەی عێـراق لـە نێـوان سـاڵانی١٩٢١-١٩٢٧،بڕوانـە، مجیـد عـزت: المصدر السابق،ص ص٤٥-٤٧.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە،عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...،ج١،ط٢، ص٢٠١;زاهية قدورة:شـبه الجزيـرة العربيـة كياناتهـا السياسـية،بيروت،د.ت،ص ص٥٦-٦٣; عمـر محمـد محمـد كريم:القضـية الكرديـة في الصـراع البريطـاني العراقـي ١٩١٨-١٩٣٢، سـليمانية، ٢٠٠٨،ص ص ٣١٣-٣١٥.

دەستووری دا، چونکە دەسەڵاتدارانی موسڵ وهەولێر نەیاندەویست پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بەردەوام بێت لە کاتی بوونی لیژنەدا[1].

دوای داواکارییەکی زۆر لە لایەن هێنری دۆبسەوە وەزارەتی داگیرگەکان ناچار بوو بابەتی ئیمتیاز بخاتە بەردەم حکومەتی بەریتانیاو لە ٢٣ شوباتی١٩٢٥دوو یادداشتی پێشکەشکرد بە ئەنجوومەنی وەزیران: یەکەمیان گفتوگۆگانی نەوت بوو لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیای (TPC)لە خاڵە ناکۆکەکان وبەربەستەکان، کە ئاماژە دەکات بەوەی چیتر پیاوانی کۆمپانیای نەوت چاوەڕوان ناکەن و نابێت ئیمتیاز لەوە زیاتر دواکەوێت، چونکە ئەگەری کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی تأسیسی لە ئارادایە. ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی هەیە لەگەڵ ئەگەری کشانەوەی ئەمریکییەکان لە کۆمپانیادا، تا هەوڵی ئیمتیاز بدەن ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق[2]. دووەم یادداشت ئەوە بوو، کە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی نایانەوێت بچنە ژێر بەرپرسیارێتی بەخشینی ئیمتیاز بەبێ هیچ هۆکارێك،بەڵام دەیانەوێت فشار بخرێتە سەریان بۆ ئەوەی بڵێن، کە هێزێکی گەورە ناچاریانی کردووە و ئەگەر پەرلەمان ڕەتیکردەوە، ئەوا بەریتانیا تووشی ڕەخنە دەبێت و ئامانجەکان ڕوون دەبێتەوە، کە هەبوونی لە عێراق لەبەر نەوتە [3].

لە٢٧ شوبات جارێکی تر لیژنەی سنووری نێودەوڵەتی کۆبووەوەو داوای لێکۆڵینەوەی هەڵوێستەکان کرا لە هەموو لایەنەکان، ئەو لیژنە سنووریە لە عێراق بە گرنگی سەیرکرا. هەوڵەکانی تورکیا، کە دەیەوێت بە جیهان ڕاگەیەنێت بەرژەوەندی بەریتانیا لە عێراق لەبەر نەوتە، بۆیە لیژنە بە باشی زانی فشار بخرێتە سەر کۆمپانیای(TPC)،کە خۆی ئارام بگرێت، تاکو

---

[1] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ١٠٨; محسن الموسوي: المصدر السابق، ص ص٣٥-٣٧.

[2] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...،ج١، ط٢،ص ٢٠٨.

[3] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق، ص ١١٠.

دەستنیشانی ئایندەی ویلایەتی موسڵ دەکرێت و داوای کرد لە کۆمپانیا، کە کار بکات بەوەی پوختەی داهاتی عێراق (٤شلن) بێت [1].

دوای ئـــەوەی لیژنــەی ســنووری نێودەوڵــەتی دامــەزرا بــۆ دۆزینــەوەی چارەسـەرێك بـۆ كێشـەی موسـڵ، بـەهاتنی لیژنـەی سـنووری بـۆ بەغـدا لـە ١٦ كـانوونی دووەم١٩٢٥ دەسـتێوەردانی لیژنـە لـە پرسـی ئیمتیـازی نـەوت بـۆ كۆمپانیـای (TPC)بەئاشـكرا دیـار بـوو، هـەروەها كاریگـەری هـەبوو لەسـەر ئـەم بابەتە. هێنری دۆبس لیژنەی سنووری كردە كارتێك بۆ ناچاركردنی حكومـەتی عێـراق بـەوەی دەسـتهەڵگرێت لـە داواكـاری بەشـداربوون لـە كۆمپانیـادا،وەك دەسـتپێكێك بـۆ بەخشـینی ئیمتیـاز لـە كـاتی گونجاودا،لـە سـەرەتای شـوباتی ١٩٢٥ بە سەرۆك وەزیرانی (یاسین هاشمی) بە شێوەیەكی زارەكی ڕاگەیاندرا، كــە وەزارەتــی داگیرگــەكان وكۆمپانیــا هــەر هــەمواركردنێك لەســەر پــرۆژەی ڕێككـەوتن ڕەتدەكەنـەوە كـە لـە بەرژەوەنـدی عێـراق دابێـت، وداوایـان كـرد ئـەم بۆچـوونانە بــە فــەرمی ڕاگەیــەنرێن، بــۆ ئــەوەی شــا فەیســەڵ و وەزیرەكــان ئاگادارین[2].

هێنری دۆبس لە ٧ شوبات ١٩٢٥دا بە یاسین هاشمی ڕاگەیانـدبوو، بـەوەی باوەڕناكـا كۆمپانیــای (TPC) ڕازی بێــت حكومــەتی عێــراق پشــكی ٢٠٪ی دەسـتكەوێت لـە كۆمپانیاكـەدا، لەلایـەكی تریشـەوە هیـواو ئـاواتی زۆری هەیـە بەوەی حكومەتی عێراقی ئەم مەرجە بكشێنێتەوە بڕیاری گرنگ بدات لەسـەر ئیمتیـاز وئـەو بارودۆخـەی هەیـە، لـە سـەر گۆڕەپـان ڕەچـاو بكـات، چونكە وا دەڕوانێت بوونی ژمارەیـەكی زۆر لـە گرووپـی نێودەوڵەتی،كە گرنگی دەدەن بە نــەوتی ویلایــەتی موســڵ وبەغدا،كــە دەســتەبەركردنی یارمەتیــدەرە بــۆ جێگیركردنــی دەوڵــەتی عێـراق و بـەرگریكردن لێـی، بۆیـە پێوسـتە حكومـەتی

---

[1] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق، ص ١١١.

[2] مجموعـة بـاحثين: المفصـل في تـاريخ العـراق المعاصـر،بغداد،٢٠٠٢،ص ص٦٩٦-٦٩٧; وزارة الاعلام: النفط والمعركة ، بغداد ،١٩٧٣،ص١٣.

عێـراق کاریگــەری هــەبێت لەســەر لیژنــەو ئــەو گرووپانــەی لــە ڕیگــای ئیمتیازدان،هەروەها لە بەرژەوەندی عێراق دایە، کە بگەنە بڕیاری نزیك، کە پەیوەندی بە ئیمتیازی نەوتی موسڵ بۆ دەستکەوتنی سنوورەکانی، هەبێت[1].

هێنری دۆبس لە ٢٦ شۆباتی ١٩٢٥ نووسراوێکی تر دەنێرێت بۆ سەرۆك وەزیرانـی عێـراق، کـە لەناوەڕۆکیـدا پرسـیارێك هـاتبوو کـە لیژنـەی سـنوور دەربارەی ئیمتیازی نەوت کردبووی، دۆبس ڕوونیکردەوە کە لیژنەی سنوور گرنگییـەکی زۆر دەدات بـە وەڵامـی حکومـەت لەسـەر ئـەم پرسـیارە، پاشـان کاریگەری دەبێت لەسەر ڕاسپاردەکانی لیژنەی سنوور بۆ کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەش داوای وەڵامی کرد بەزووترین کات[2].

سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەم نووسراوەی دۆبس و پرسیارەکانی لیژنەی سـنووری وەك ئاگـادار کردنەوەیـەك بـە دانەدەسـتی موسـڵ بـە تورکــەکان لێکدایــەوە، ئەگــەر عێــراق ڕازی نــەبێت و ئیمتیــازی نــەوتی ئــەم ناوچــانە نەبەخشـێت بـە کۆمپانیـای زلهێزەکـان، بۆیـە یەکسـەر سـەرۆك وەزیـران داوای کۆبونەوە دەکات لە وەزیرەکانی، هەروەها پێش ئەم کۆبوونەوەیە نووسراوێکی تری پێگەیشت لە دۆبس، کە جارێکی تر هەڵوێستی وەزارەتی داگیرگەکان پێی ڕادەگەێنێت، کە هیچ ڕازی نیە هەموارکردنی تر بکرێت لەسەر پرۆژەی ئیمتیاز و هــەردوو گرووپــی فەرەنســی وئــەمریکیش بڕیــاری کشــانەوەیان دەدەن لــە کۆمپانیاکــە، ئەگــەر بــزانن حکومــەتی عێــراق بەردەوامــە لەســەر بەشــداری پشکەکانی کۆمپانیاکە، ئەم کشانەوەیەی بە مەترسییەکی گەورەی هەژمارکرد و بە سەرۆك وەزیرانی ڕاگەیاند، ئەگەر ئەم دوو دەوڵەتە بکشێنەوە کاردەکەنە

---

(1) سليم طه التكريتي:معركة النفط في العراق...،ص٧٨; نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ص ١١٤.

(2) سليم طه التكريتي:معركة النفط في العراق...،ص٧٨; قاسم احمد العباس: المصدر السابق،ج١، ص ٣٣٢.

سەر ئەنجامەکانی لیژنەی سنوور لەسەر کێشەی موسڵ، بۆیە داوای لە سەرۆك وەزیران کرد، چی لە توانایدا هەیە کاری بۆ بکات[1].

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەوە وەڵامی دۆبسی دایەوە، کە حکومەت هیچ خوازیاری دواکەوتنی بەخشینی ئیمتیازی نەوت نییە و هیچ خاڵێکی جەوهەری نییە جێگای ناکۆکی بێت جگە لە دابەشکردنی پشکەکان، ئەویش لە بواری تاوتێکردن دایە[2].

وا پێی دەچێت، کە کاتێ بڕیاری کۆتایی لەسەر بەخشینی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا لە دەستی حکومەتی بەریتانیا بوو، نەك حکومەتی عێراق، حکومەتی بەریتانیا هەموو ئەو هەڵوێست و هەموارکردنەی بە سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی تورکی(نیکۆڵز) ڕاگەیاندووە، کە لەسەر ئیمتیازی نەوت کراوە، واپێی دەچێت حکومەتی بەریتانیا زەمانەتی لە فەرەنسا وئەمریکا وەرگرتبێت دەربارەی کێشەی موسڵ، بۆ دەستەبەری بەرژەوەندییەکانی لە عێراق لە ڕێگای ماندێتەوە، بۆیە هەوڵیدا بۆ درێژکردنەوەی ئەم گفتوگۆیانە تاکو کاتێکی دوور بە یارمەتی لیژنەی سنووری نێودەوڵەتی، لە کۆتایی مانگی شوبات دەسەلآتدارانی بەریتانیا پڕۆپاگەندەیان لە عێراق بلأوکردەوە،کەگوایە تورکیا هەوڵی بەخشینی ئیمتیازی نەوت دەدات بە ئەمریکاو فەرەنسا،بۆ ئەوەی کاربکەنە سەر کۆمەڵەی گەلان بە پێدانی موسڵ بە تورکیا[3].

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دانیشتنێکی تایبەتی کرد لە ٥ ئاداری ١٩٢٥دا و چاوی خشاندەوەبە سەر هەموو نامەگۆڕینەوەکانی نێوان حکومەتی عێراق وبەریتانیا، دەربارەی مافی عێراق لە پشکەکانی کۆمپانیا، هەموو بەیانەکانی لیژنەی سنووری موسڵ، ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندییان بە

---

[1] الحزب الوطني الديمقراطي:قضية النفط العراقي،بغداد،١٩٥٢،ص١١;نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص١١٦.

[2] حكمت سامي سليمان: المصدر السابق،ص١٢٥.

[3] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ١٢٠.

شەرعیەتی ئیمتیاز و پەلەکردن لە بەخشینی ئیمتیازدا، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی لە ناو ئەنجوومەنی وەزیران هەبوون لە سەر بابەتی ئیمتیاز، لایەنی ناڕەزایی هەبوون بۆ بەخشین، ئەوەی زۆر گرنگ بوو موزاحەم پاچەچی، کە دەستی لە کارکێشابووەوە، یەکسەر ئەم بڕیارەی هەڵوەشاندەوە بوو بە لایەنگری بە خشینی ئیمتیاز، بەم پێیەش یاسین هاشمی توانیوویەتی لایەنگرانی بەخشینی ئیمتیاز زۆر بکات، ئەنجوومەن بڕیاری دا دەسەلات بداتە وەزیری گواستنەوە وئەشغال تا بتوانین ئیمتیاز مۆربکەن، دوای دەستکاری کردنی هەندێك خاڵی لاوەکی، تەنها وەزیری مەعاریف و وەزیری داد ناڕازیی بوون لەسەر بڕیاری ئیمتیاز و دەستیان لە کارکێشایەوە[1].

لە ١٤ ئاداری ١٩٢٥ وەزارەتی گواستنەوەو ئەشغال کۆتایی هێنا بە خاڵە لاوەکیەکان، کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕیبوو لەسەر دەستکارییەکان، بە هاوکاری لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیادا، ئیمتیازی نەوت لە لایەن هەریەك لە موزاحەم پاچەچی و کیلینگ لە هەمان رۆژدا مۆرکرا [2] .

دوای ئەوەی لیژنەی سنوور دڵنیا بوو لەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی ئیمتیازی نەوتی دەستکەوت لە ویلایەتی موسڵ،دوای پێنج رۆژ بڕیاریدا بە تەواوبوونی کارەکانی و گەڕایەوە بۆ موسڵ لە دوایدا بۆ جنێف[3]، دوای حەوت رۆژ لە مۆرکردنی ئیمتیازی نەوت یاسای ئەساسی عێراقیش بلاْوکرایەوە[4]، دوابەدوای ئەم ڕووداوە هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا لە عێراق دەستیان کرد بە هێرشکردنێکی فراوان لە دژی لایەنگرانی شێخ مەحموود لە سلێمانی، تەنها

---

[1] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...،ج١،ط٢،ص ص ٢٠٨-٢٠٩; ابراهيم علاوي: المصدر السابق ،ص١٦; طالب محمد وهيم: موقف الحركة الوطنية من تأميم النفط العراقي حتى عام ١٩٥٢،مجلة النفط والتنمية، العدد(٩)، حزيران ١٩٧٨،ص ص ١٤-١٥; اديث وَ ائي،ايف،بينروز: المصدر السابق،ص١٣٣.

[2] كامل السامرائي: القوانين الخاصة بالنفط،بغداد،١٩٦٩،ص ص ٦-٣٠.

[3] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ١٢١.

[4] حكمت سامي سليمان: المصدر السابق،ص١٢٧.

بۆ ئەوەی باروودۆخ گونجاو بکەن بۆ کۆمپانیای (TPC)کارەکانی ئەنجام بدات لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی زلهێزەکان دڵنیا بن لە سەرمایەکانیان [1]، چونکە مەترسییەکی گەورەیان لە شێخ مەحموود هەبوو، لەوەی ناوچە نەوتییەکانی کەرکەوك و دەوروپیشتی، بکاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەوەتا دکتۆر کەماڵ مەزهەر هەڵوێستێکی شێخ مەحموودی تۆمارکردووە، کەوا بەردەوام داوای نەوتی کەرکوك ویلایەتی موسڵی بە هەموو سنوورەکەی دەکرد، دەستەواژەیەك لەسەر زاری بوو بەردەوام "نەوت نەوتی خۆمە کەس پەیوەندی پێوەنییە" کە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر بەریتانییەکان ولە ئەنجامدا هەموو هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ دوورخستنەوەی ناوچەکانی کەرکوك لە چنگ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی و بە تایبەتی لە ژێر دەستی شێخ مەحموود [2]، ئەوەی شایەنی باس بێت لەم بوارەدا کەسایەتی ئاینی وسیاسی وکۆمەڵایەتی بە ناو بانکی کورد، وئەندامی ئەنجوومەنی تأسیسی(مەلا محەمەدی کوێی)لە بیستەکانی سەدەی بیستەم هۆنراوەیەك دەنووسێت بە ناوی (هەناسەی نەوتاوی)،کە لەناوەڕۆکیدا سەرگوزشتەی ململانێی زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتی کەرکوك دەخاتەڕوو، بیروباوەڕی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە لەسەر ئەم بابەتە نیشاندەدات [3].

ئەو ڕێککەوتنەی نەوت ناسراوە بە ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ١٤ ئاداری ١٩٢٥ لە نێوان وەزیری گواستنەوەی عێراق(موزاحەم پاچەچی) و نوێنەری کۆمپانیای نەوتی تورکی(أی.ھ.کیلینگ) مۆرکرا، ئەم ڕێککەوتنە ٤٣ بڕگەی تێدابوو، لە گرنگترین ئەو خاڵانەی لەم ڕێککەوتنەدا هاتبوو:

---

[1] نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص ١٢١.

[2] دکتۆر کەمال مەزهەر ئاماژەدەکات بەوەی ئەم زانیارییەی لە دوو کەسایەتی ڕۆناکبیر ومێژوونوسی کورد مستەفا ڕەسول، مەلا جەمیل ڕۆژبیانی وەرگرتووە،بڕوانە، كمال مظهر احمد: كركوك وتوابعها...،ص١٧٤.

[3] بڕوانە دیوانی شاعیر، عبدالخالق علاءالدین: مەلای گەورە (زاناو ئەدیب وشاعیر)، چ٢،هەولێر،٢٠٠٩،ل ل ١٣١-١٣٥.

١- بـه ڕەزامەنـدی حکومـەتی عێـراق ئیمتیـاز و مـاف گـەڕان و توێژینـەوە و هەڵکەنـدن و ئامـادەکردنی نـەوت بـۆ بازرگـانی وگواسـتنەوەو فرۆشـتنی کەرەسـتەی نـەوتی خاو(نـەوتی ڕەش) و گـازی سرووشـتی بـە کۆمپانیـای نەوتی تورکی بەخشرا.

٢- مـاوەی ئیمتیـاز ٧٥ سـاڵ دەبێـت لـە کۆتـایی مـاوەی ئیمتیـاز هـەموو موڵکدارییـەکانی گشـتی کۆمپانیـا ودەزگاکـانی بـەبێ هـیچ بەرامبـەرێك بـۆ حکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە.

٣- ئەم ڕێککەوتنە سنوورەکانی ئیمتیازی دەستنیشانکرد لە عێراق بە تەنها لە ویلایـەتی موسـڵ و بەغـدا و ناوچـەکانی ویلایـەتی بەسـرە،بەڵام زەوییـە گواستراوەکانی خانەقین نەگرتەوە.

٤- کۆمپانیا دەست بە پرۆسەی ڕووپێوکردنێکی جیۆلۆجی فراوان لە ماوەی ٨مانگ لە سێ ناوچەی هەڵبژاردراودا بکات.

٥- کۆمپانیا لە ماوەی٣٢ مانگ ڕاستەوخۆ دوای مۆرکردنی ئیمتیاز دەست دەکـات، بـە هەڵبـژاردنی٢٤ پارچـە زەوی بـە مـەرجێك نابێـت ڕووپێـوی هـەر پارچەیەك لە ٨ میل چوارگۆشە زیاتر بێت، دەست بە کارەکانی لە نێوان سێ ساڵ بکات، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ کۆمپانیاکە ولە ماوەی ٣٦ مانگ دا بە گەڕان لە ڕووپێوی ٣٦٠٠٠ پێ وەك کەمترین ڕێژەیە دوای ٣٦ مانگ کۆمپانیا هەڵدەستێ بـە گـەڕان ١٢٠٠٠ پـێ سـاڵانە تـاکو کارەکـانی هێڵـی بـۆڕی نـەوت تـەواودەبێت بۆ سـەر دەریـای ناوەڕاست ودەبـێ دەسـت بـە کارەکـانی پـرۆژەی تۆڕی هێڵی بۆڕی بکرێت بە زووترین کات.

٦- حکومەتی عێراق چوار ساڵ دوای مۆرکردنی ئیمتیاز، لە هەر ساڵێك ٢٤ پارچـە زەوی هەڵدەبـژێرێت و ڕووبـەری هـەر پارچـەیەك ٨ میـل چـوار گۆشـە دەبێـت، تـەنها ئـەو پارچـانە ناگرێتـەوە، کـە کۆمپانیـا لـە سـەرەتا بـۆ خـۆی مسۆگەری کردبوو، حکومەت ئەم پارچە زەوییانە دەخاتە بەردەم کۆمپانیاکانی تری جیهان بۆ وەبەرهێنانی،کۆمپانیای نەوتی تورکی ئـەرکی بڵاوکرنـەوەی ئـەم پارچانە بڵاودەکاتەوە لە ڕۆژنامەکاندا لە باتی حکومەتی عێراق.

٧-کۆمپانیـای(TPC) بـڕی (٤شـلن) بـۆ هـەر تـونێکی نـەوتی دەرهێنـراو بـە حکومــەتی عێــراق دەبەخشــێت وەك مــافێکی حکومــەت لــە وەبــەرهێنانی سەرچــاوەکانی ســامانی سروشــتی بــۆ مــاوەی ٢٠ســاڵ،دوای ئــەوە بــۆ ماوەی١٠ساڵ پشکی عێراق دەخەملێندرێت بەپێی نرخی بازاڕ لەوکاتەدا.

٨- کۆمپانیا دەبێت پێداویستی عێراق لە نەوت بە نرخێکی دیاریکراو و جێگیر دابین بکات.

٩- کۆمپانیای نەوتی تورکی لە بەریتانیا تۆماردەکرێت و بارەگاکانی کۆمپانیا لـە عێـراق لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی بـەریتانیا بێـت، لەگـەڵ ئـەوەی مـافی حکومەتی بەریتانیا دەبێت بە دامەزراندنی سەرۆکی کۆمپانیا هەموو جارێك.

١٠- مــاف درا بــە حکومــەتی عێــراق بــۆ دامەزرانــدنی نوێنــەرێك لــە ئەنجوومــەنی کۆمپانیــا لەگــەڵ ئــەوەی مــافی یەکســان دەبێــت وەك هــەموو ئەندامەکانی تر[1].

**کاریگەری پرسی نەوت لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ دا:**

دوای ئـەوەی ڕێککـەوتنی لـۆزان مـۆرکرا لـە نێـوان هاوپـەیمانان و وڵاتـی تــورکی لــە ٢٤ تــەمووزی ١٩٢٣دا، کــە کێشــەی خاوەندارییــەتی ویلایــەتی موسڵ(کە زۆرینەی بەشی باشووری کوردستانی لە خۆگرتبوو) بەپێی مادەی سێ نەخشە ڕێگای بۆ دانرابوو، کە لە ناوەڕۆکیدا هاتبوو:" دەستنیشانکردنی هێڵـی سـنوور لـە نێـوانی تورکیـا وعێـراق بـە پێـی ڕێککـەوتنی ئاشـتی، کـە دەبەسترێت لە نێوان تورکیا وبەریتانیا لە ماوەی ٩مانگدا، ئەگەر هەردوو وڵات لــە مــاوەی دیــاری کــراودا ڕێکنەکــەوتن ئــەوە ناکۆکییــەکانی نێوانیــان بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان"[2].

[1] وەرگیراوە لـە، صـورة المقاولـة المنعقـدة بـین الحكومـة العراقیـة و شـركة الـنفط التركیـة المحدودة في ١٤/أذار/١٩٢٥،طبع في مطبعة الحكومة، بغداد،١٩٢٦،ص ص ١-١٨.

[2] فاضل حسین: المصدر السابق، ص٣٩.

بۆ ئەم مەبەستەش لە ١٩ ئایاری ١٩٢٤دا هەردوو ولاّتی بەریتانیا وتورکیا دەستیان دایە گفتوگۆکردن دەربارەی کێشەی موسڵ لە کۆنگرەیەکی تایبەت بەناوی(قۆستەنتینییە)[1]، شاندی بەریتانی لەم کۆنگرەیەدا پێکهاتبوو لە سێر پرسی کۆکس و بەهاوکاری هەریەك لە کاپتن ار.اف.جاردین (R.F.Jardin)،کە پشکنەری کارگێڕیی بەریتانیا بوو لە موسڵ و تەها هاشمی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بوو وەك ڕاوێژکارێك[2]، شاندی تورکی پێکهاتبوو لە سەرۆك (فەتحی بەگ سەرۆکی ئەنجوومەنی تورکیا) و ئەندامییێتی هەریەك لە کازم پاشا، فەوزی بەگ،فایق بەگ،نەسرەت بەگ و سەرهەنگی سوپا ئیسحاق ئەفەندی[3]، گفتوگۆ بەردەوام بوو لە نێوان هەردوو لایەن تاکو ٥حوزەیرانی ١٩٢٤ بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە، چونکە لایەنی تورکی داواکارییەکانی دووپاتکردەوە بە گەڕانەوی ویلایەتی موسڵ، کە بەندبوو لەسەر هەندێك بەڵگەی مێژوویی وئەتنیکی وجوگرافی وسەربازی، کە عیسمەت پاشا لە کۆنگرەی لۆزان خستیەڕوو، جەخت کردنەوە لەسەر ڕاپرسی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ بۆ زانینی خواستەکانیان دەربارەی چارەنووسی

---

[1] دوای ئەوەی لە ٥ تشرینی یەکەمی ١٩٢٣دا دوایین سەربازی هاوپەیمانان لەسەر زەوییەکانی تورکیا کشایەوە،هەمان ڕۆژ حکومەتی بەریتانیا دەسەلاّتیدا بە نڤل هندرسن، کە کارەکانی بەریتانیا لە تورکیا ڕادەپەڕاند دەست بکات بە گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا، ئەویش لە ڕیگای خۆیەوە یادداشتێکی دا بە حکومەتی تورکی، کە باس لە مادەی ٣ کۆنگرەی لۆزان دەکات، بەلاّم ئەم گفتوگۆیانەی نێوان هندرسن و عەدنان بەگ لەلایەن تورکیا کاتێکی زۆری خایەند، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو لایەن، کە هەوڵی ئەوەیان دەدا بارودۆخی ناوخۆیی ودەرەکی ئەوکاتە بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو هۆکارانەی ئەم گفتوگۆیانەی دورودرێژ کرد لە نێوان تورکیا وبەریتانیا، بڕوانە، بیار مصطفی: السیاسة البریطانیة تجاه ترکیا...،ص ص ١٦١-١٦٣.

[2] س.جي.ادموندز:المصدر السابق،ص ٣٤٧;فاروق صالح العمر: المعاهدات العراقیة...، ص١٤٥.

[3] میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨-١٩٢٦،و/سەلام ناوخۆش، دهۆك، ٢٠٠٠،ل٦.

سیاسـی ویلایـەت بکاتـەوە[1]، هـەروەها لایـەنی بـەریتانی هـەمان داواکـاری پێشکەشکرد، کە لـە لۆزان پێـی لەسـەر داگـرت، بـەڵام لـەوەش زیـاتر پیرسـی کـۆکس کێشـەی ئاشـوورییەکانی* قۆزتـەوە وداوای کـرد، کـە سـنوور درێژبکرێتەوە، کە باکووری ویلایەتی موسڵ لە خۆ بگرێت، کە ناوچەی هەکاری بگرێتەوە و لە سنووری تورکیایە[2].کۆکس پشتی بەستیبوو بەو ئاڵوزییانەی لەڕووی کارگێڕی وشۆڕشـەکانی نـاوخۆیی لـە ناوچەکەدا ڕوویانـدا بـوو[3]، لـە بەرامبـەردا شـاندی تـورکی هـەموو داواکارییـە کـۆن ونوێیـەکانی بـەریتانیای ڕەتکردەوە، ئامارژەی کرد بـەوەی لـە بەشـی ڕۆژهـەڵاتی ویلایـەتی موسـڵ، کە لە ژێـر دەسـەڵاتی بـەریتانیا دایـە هـەمان نـاکۆکی وکێشـەی هەیـە، بـە تایبـەتی شۆڕشـەکانی شـێخ مـەحموود[4].جـارێکی تـر لـەم کۆنگرەیـەدا لایـەنی تـورکی بابـەتی نوێنـەرانی کـورد، کـە نوێنەرایـەتی ویلایـەتی موسـڵیان دەکـرد لـە ئەنجوومـەنی نیشـتمانی گـەورەی تورکیـا هێنایـە مەیـدان لەوانـەش نوێنـەری

---

[1] س.جي.ادموندز:المصدر السابق،ص ٣٤٨ ;فاضل حسين: المصدر السابق، ص٤٠.

* ئاشـوورییەکان پـێش جـەنگی یەکـەمی جیهـانی نیمچـە خۆدمختارییـەکیان هـەبوو لەناوچەکانی هەکاری کە لـەژێر دەسـەڵاتی عوسمـانی دابـوو، بۆیـە بەریتانییەکان لەهـەوڵی ئەوەدا بوون ئەم مافە بۆ ئاشووریەکان بگەڕێننەوە، لـە نیسـانی١٩٢٤ بـە حکومـەتی عێراقیـان ڕاگەیاندبوو کە هەوڵی لکاندنی بەشێك لە زەوییەکانی ئاشوورییەکان دەدەن بۆ ناو سنووری عێراق بەو مەرجەی حکومەتی عێراق هەمان مافی خۆدمختاریان بداتێی، دوای سەرنەکەوتنی کۆنگرەی ئەستانە بەریتانییەکان بۆ ئەم مەبەستەیان پشتیوانی لە ئاشووریەکان دەکەن لە ڕاپەرینی چەکدارییان لە ١٩٢٤/٨/٧،کە لـە ئەنجامیدا ناوچـەی هـەکاری دەگرن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانـە،قسطنطين بتروفيج ماتڤییڤ بارمتي:الآشوريون والمسألة الآشورية في العصر الحديث، ت/ح.د.أ، موسكو،١٩٧٩.; البرت ميخايلوفج منتشاشفيلي: كفاح الآشوريين من اجل الحكم الذاتي١٩٢٠-١٩٣٣،ت/محمد البندر، دهوك ،٢٠٠٨.

[2] میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ، ل٦.

[3] فاضل حسين: المصدر السابق، ص٤١.

[4] المصدر نفسه،ص٤٢.

کەرکوك (نازم بەگ)و نوێنەری سلێمانی (فەتاح بەگ) [1]، لەگەڵ ئەوەش فەتحی بەگ سەرۆکی شاندی تورکی گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە حکومەتی بەریتانیا بەخستنەڕووی ئەم داواکارییانە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەم گفتوگۆیانە دەدا. بەپێی ئەم مانۆڕە سیاسییەکانی بەریتانیا لە کۆنگرەدا، کە ئامانجی ئەوە بوو گفتوگۆکان هەڵبوەشێنیتەوە بۆ ئەوەی بیگوازێتەوە بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، چونکە قەناعەتی تەواوی هەبوو، ئەگەر ئەم کێشەیە بگوازرێتەوە بۆ پانتایی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی کۆمەڵەی گەلان، ئەوان لە توانایاندا هەیە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن وکۆتایی بە کێشەکە بهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان ولەلایەکی ترەوە ئەوان دەیانویست لە ماوەی ٩مانگ کۆتایی بە مانۆڕ ودەستی دەستی بهێنن[2].

کۆبوونەوەی ٥ حوزەیرانی ١٩٢٤ کۆنگرەی(قۆستەنتینییە) بێ هیچ ئەنجامێك کۆتایی پێی هات، ئەم بەروارە بە رۆژی کۆتایی هەژماردەکرێت کە لە ماوەی ٩ مانگدا گفتوگۆ کۆتایی پێ هات[3]، لە ٦ ئابی ١٩٢٤ سەرۆکی وەزیرانی بەریتانیا داواکاری لە ڕێگای وەزیری دەرەوەی ماکدۆناڵد (Henderson MacDonald) بە سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان پێشکەشکرد، کە کێشەی ویلایەتی موسڵ بخاتە ناو کارنامەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە[4].

ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلاُن لە دانیشتنی ژمارە(٣) لە جنێف بەسترا لە رۆژی سێ شەمە رێکەوتی٣٠ ئەیلولی ١٩٢٤، کە پێوەندی داربوو بە لێکۆڵینەوە لەسەر دۆسیەی سنووری عێراق، بڕیاردرا بە دامەزراندنی

---

[1] کمال مظهر احمد: کرکوك وتوابعها...،ص١٩٣.

[2] ستيڤن همسلي لونگريك: تأريخ العراق الحديث ١٩٠٠-١٩٥٠،ت/سليم طه التكريتي، بغداد،ج١، ١٩٨١،ص١٤٦.

[3] س.جي.ادموندز:المصدر السابق،ص ٣٤٨.

[4] عمر محمد محمد كريم:المصدر السابق،ص ص ٢٨٣-٢٨٤

**لیژنەیەك(دەستەیەك) بۆ کۆکردنەوەی ڕاستی وزانیاری لەسەر ئاستی سرووشتی ناوچەکە، لیژنەکە پێکهاتبوو لە فرسن(Dewirsen) سوویدی کە ڕاوێژکاری باڵیۆز بوو لە ڕۆمانیا وەك سەرۆك، کونت پۆڵ تێلیکی(Teleki)، کە زانایەکی بوو لە بواری جۆگرافیناسی، سەرۆك وەزیرانی مەجەر بوو، سێیەم ئەندام کۆلۆنیل پۆلس بوو کە ئەفسەرێکی خانەنشین بوو لە سوپای بەلژیکی[1].**

**ئەم لیژنەیە لە ٣١ تشرینی ١٩٢٤ ڕاگەیاندرا بە پێی پارسەنگی نێودەوڵەتی بەوەی ئەندامی بەلژیکی هاوپەیمانی بەریتانیا بوو لە جەنگی یەکەم جیهانی، ئەندامی مەجەری هاوپەیمانی تورکیا بوو، ئەندامی سویدی وەك بێلایەن تەماشاکرا[2]، هەر لەو کاتەی لیژنە پێکهینرا ئەندامەکان دەستیان دایە لێکۆڵینەوە لەسەر دۆسییەی بابەتی سنووری نێوان تورکیا وعێراق، هەر لە کۆنگرەی لۆزان تاکو کۆنگرەی قۆستەنتینیە. لیژنە پلانی تایبەتی کارکردنی دانا وبڕیاری کۆتاییدا بەوەی بەرەو ناوچەکانی ناکۆکی بڕۆن بۆ لێکۆڵینەوە وکۆکردنەوەی زانیاری، بەلام پێش ئەوە سەردانی هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا وتورکیای کرد، لە ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٢٤ لیژنە گەیشتە بەریتانیا وچاوی کەوت بە وەزیری دەرەوەو وەزیری داگیرگەکانی بەریتانیا،داوایان کرد، کە حکومەتی بەریتانی یاریدەرێك بۆ هاوکاری کردنی لیژنە لە ناوچە ناکۆکەکان لەگەڵیان بێت، لیژنە لە ٣ کانوونی دووەم ١٩٢٥ گەیشتە ئەستەنبۆل و نیازی ئەنقەرەشیان هەبوو[3]، حکومەتی تورکی لەسەر داواکاری لیژنە (جواد پاشا)، کە پشکنەری سوپای گشتی بوو، لە ناوچەی دیاربەکر لەگەڵ سێ لە**

---

**[1]فاضل حسين: المصدر السابق، ص ص٥٤-٦٢; ولاية الموصل، تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة بحل النزاع التركي البريطاني حول ولاية الموصل، مراجعة وتحقيق/عبدالرزاق محمود القيسي، سليمانية، ٢٠٠٩،ص١٩.**

**[2] كمال مظهر احمد: كركوك وتوابعها...،ص١٩٣.**

**[3]ولاية الموصل، تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة...،ص ص١٩-٢٠.**

**پسپۆڕ(کامیل بەگ لە موسڵ، نازم بەگ لە کەرکوك وفەتاح بەگ لە سلێمانی) وەك تیمی یاریدەر وهاوکاری لیژنە، دامەزارن[(١)].**

**لە ١٦کانوونی دووەمی١٩٢٥دا لیژنەی سنووری گەیشتە بەغدا، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ویلایەتی موسڵ وبەغدا، ماوەیەکی زۆر لەلای دۆبس مانەوە، سەبیح نەشئەت وەزیری پێشوی ئەشغالی عێراقی وەك یاریدەری ئەندامی دامەزراوی بەریتانیا(مستر جاردین) دانرا، لە ڕۆژی دواتر لیژنە چاویان بە شا فەیسەڵ کەوت،کە**

---

[(١)] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...،ج١،ط٢،ص١٩٦; حوسێن مەدەنی: سەرچاوەی پێشوو،ل٣٩٦. ئەوەی شایەنی باسکردن بێت نازم بەگ وفەتاح بەگ وەك دوو پسپۆر لەگەڵ شاندی تورکی بوون بۆ یاریدەری لیژنە، جێگای ناکۆکی وناڕەزایی بوون لەلای حکومەتی عێراقی و مەندووبی سامی بەریتانیا، تەنانەت بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لیژنە کارەکانی وەستا بەهۆی ناکۆکی لەسەر ئەم دوو کەسایەتییەوە، حکومەتی عێراق و هێنری دۆبس ئەم دوو کەسایەتییە بە ڕاکردوو لە یاسا دانابوو، تۆمەتی ئەوەیان خستە پاڵیان، کە ئاژاوە بۆ لیژنە دروستدەکەن ئەگەر بوونی ئەمان لەم لیژنەیەدا بێت، لیژنە سەرسووڕمانی خۆی دەربری لەسەر هەڵبژاردنی تورکیا بۆ دوو کەسایەتی تۆمەتبار روانگەی حکومەتی عێراقییەوە، ئەم دوو کەسایەتییە دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ بوون، بۆیە جێگای گومان بوون، چونکە نابێت لیژنە کەسایەتی تێدایێت لەدانیشتوانی هەمان جێگای ناکۆکی، پێش ئەوەی چارەسەرێکی کۆتایی بۆ ئەم ویلایەتە دۆزرابێتەوە، بڕوانە، ولاية الموصل، تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة...، ،ص ص ٢٣-٢٥ . بەڵام لە ڕاستیدا مەترسی بوونی ئەم دوو کەسایەتییە لە لایەن بەریتانیا وحکومەتی بەریتانیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە تاوانبار یاخود ڕاکردوو بوون لە یاسا، بەڵگو کەسایەتی فەتاح بەگ وەك زاوای شێخ مەحموود کە سەرکردایەتی بزۆتنەوەی خواستەکانی کوردی دەکرد لە ولایەتی موسڵ بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی تایبەت بەکورد، کەسایەتی نازم بەگ، کە پیاوێکی دیاری بنەماڵەی نەفتچی زادە بوو، کە سوڵتانی عوسمانی ئیمتیازی نەوتی کەرکوکی پێان بەخشیبوو لە ساڵی١٨٧٢، کە ئەم دوو تەوەرە خاك و نەوتی ویلایەتی موسڵ لەم دووکەسایەتیە کۆدەبوونەوە مەترسی درووستکردبوو لەلای داگیرکەران، بڕوانە، هنري فوستر: المصدر السابق،ص٢٥٥; كمال مظهر احمد: كركوك وتوابعها...،ص١٧٣.

خۆشحاڵی خۆی دەربری بەگەیشتنی لیژنە بۆ بەغدا [1]. یاسین هاشمی سەرۆك وەزیرانی عێراق نانخۆانێکی گەورەی لە ٢٥ کانوونی دووەم بۆ پێشوازیکردنی لیژنەکە سازکرد وزۆربەی بەرپرسەکانی بەریتانی وعێراقی ئامادەبوون [2].

(لیژنەی سنوور) لە بەغدا بەرەو شاری موسڵ بەرێکەوت لە رۆژی٢٧ کانوونی دووەم گەیشتنە موسڵ، دەستیان کرد بە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە[3]، هەروەها لیژنە دەستیکرد بە گەشتکردن بە ناوچەی ناکۆکی دوای ئەوەی لە ١١ شوباتی١٩٢٥ بۆ چوار دەستەی لاوەکی دابەشبوون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- فرسن وجواد پاشا ومستەر جاردین لە موسڵ مانەوە وەك بارەگای سەرەکی، سەردانی گوندەکانی دەوروپشتیان کرد(سنجار، مەخمور، تەلعفەر وئاکری).

٢- کونت تیکلی ونازم بەگ حاکمی سیاسی بەریتانیا مستەر لیون سەردانی هەولێر وشەقلاوە وهۆزەکانی دەوروپشتیان کرد.

٣- کۆلۆنیل پۆلس وسەبیح نەشئەت وکامل بەگ پرۆسەی پشکنینیان ئەنجامدا لەناوچەکانی کەرکوك ودەوروپیشتیدا.

٤- مستەر بورتالیس، کە ئەندامێکی تری لیژنە بوو ناوچەکانی چیای حەمرین وکفری وهۆزەکانی ئەم ناوچەیەیان بەسەرکردەوە[4].

لە ٢٥ شوبات هەموو ئەندامانی لیژنە کۆبوونەوە لە شاری کەرکوك بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ سەردانی شاری سلێمانی و لە ٢٧ شوبات بەرەو سلێمانی بەڕێککەوتن، کە بە ترسێکی زۆرەوە لە لایەن دەسەڵاتی بەریتانیا وحکومەتی عێراق چاوەڕوانی ئەنجامەکانی سەردانی لیژنەیان دەکر لە شاری سلێمانی،

---

[1] ولایه الموصل، تقریر لجنه عصبه الامم الخاصه...،ص ص٢١-٢٢.

[2] عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات...،ج١،ط٢، ص١٩٧.

[3] سروه اسعد صابر:کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشکلة الموصل١٩١٤-١٩٢٦، اربیل، ٢٠٠١، ص٣٠٠

[4] ولایة الموصل،تقریر لجنة عصبة الامم الخاصة...،ص ص٢١-٢٢; عمر محمد محمد کریم: المصدر السابق،ص ص ٢٩٨-٢٩٩.

چونکه پێگەی مەڵبەندی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بوو بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود، ئەم مەترسییەی بەریتانیا وحکومەتی عێراقی زۆر بە ئاشکرا لەسەر زاری ئەفسەری سیاسی بەریتانیا (سیسیل.جی. ئەدموندس) هاتبوو، کە هاوڕێیەتی لیژنەی کرد بۆ شاری سلێمانی[١].

مەترسییەکانی حکومەتی عێراق ودەسەلأتدارانی بەریتانی تا ئاستێك بەرز ببووەوە ،کە پێش گەیشتنی لیژنە بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەتی سلێمانی، چەندین کاری پێشوەختیان ئەنجام دابوو بۆ ڕاکێشانی سۆزی دانیشتوان بۆلای خۆیان[٢]،بەرپرسی عێراق(عەبدولموحسین سەعدوون) و مێجەر بولی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق ولۆرد تۆمبسۆن وەزیری فرۆکەوانی بەریتانیا سەردانی سلێمانی دەکەن پێش گەیشتنی لیژنە، ئامادەیی حکومەتی عێراق نیشان دەدەن بە گرنگی دان بە ناوچە کوردییەکان[٣]. هێنری دۆبس لە ١٦تشرینی دووەمی١٩٢٤ سەردانی شاری سلێمانی دەکات[٤].

لە ڕاستیدا بەریتانییەکان هەوڵیاندا، کاتێك لیژنە گەیشتە ناوچەکانی کوردستان، مەرامەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، لەوانە بە ئەندامانی لیژنەیان ڕاگەیاندبوو:" هەرچەندە زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچەی ویلایەتی موسڵ کوردن، بەلأم زۆرینەیان ساویلکەن و ناتوانن خواستەکانی خۆیان بخەنەڕوو"، بەریتانییەکان هەوڵیاندا، کە هیچ پەیوەندی ونزیك بوونەوەیەك لە نێوان ئەندامانی لیژنە ونوێنەرانی ڕاستەقینەی کورد بە تایبەتی شێخ مەحموود نەکرێت[٥].

---

[١] بڕوانە،س.جي.ادموندز:المصدر السابق،ص ص٣٧٣-٣٧٤.

[٢]المصدر نفسة،ص ٣٦١.

[٣] ئاکۆ عبدالكريم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، سلێمانی،٢٠٠٢، ص٢١٠.

[٤] عمر محمد محمد كريم: المصدر السابق،ص ٣٠٠.

[٥] كمال مظهر احمد: كركوك وتوابعها...،ص١٩٤.

کارەکانی لیژنەش لەم ناوچانە هەر بە خواستی بەریتانییەکان بوو، ئەوەتا پرۆسەی ڕاپرسی هەر پیاو ماقولانی شارو شارۆچکەکان وسەرۆك خێل وعەشرەت وموختارەکان بەشداریان تێداکردبوو، ڕاپرسییەکە بریتی بوو لەو پرسیارەی: ئایا دەتانەوێت ویلایەتی موسڵ بەشێك بێ لە عێراق یان تورکیا؟[1]،هەروەها لیژنە هیچ بیروبوۆچونێکی تۆمارنەکرد، کە لایەنگری سەربەخۆیی بێت، بەلأم تەنها ئەو بۆچوونانەی تۆماردەکرد، کە لایەنگری یەکێك لەو دوو دەوڵەتە نۆییە هاتبوو لە پرسیارەکەدا[2].

لەلایەکی تردا و وەك دکتۆر فازیل حوسێن لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی کێشەی موسڵ دەڵێت : " نەوت وەك فاکتەری برانەوە کۆتایی بە کێشەی موسڵ هێنا "[3]. بۆیە نەوتی باشووری کوردستان و بەتایبەتی نەوتی کەرکوك پەیوەندیەکی فراوانی دەبێت هەر لە سەرەتای دامەزراندنی لیژنەی سنوور و دەست بەکاربوونیان لە لێکۆڵینەوەی لەسەر کێشەی موسڵ لەسەر گۆڕەپانی ناکۆکیکردن تاکو کاردانەوەی لەسەر بەخشینی ئیمتیازی نەوت، لەم ناوچەیە لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق بە کۆمپانیای (TPC)دا، تەنها بە چارەنووسی یەك لاکەرەوەی ئەم ناوچانە ئیمتیازی نەوت دەبەخشرا بە کۆمپانیایەك، کە زۆربەی زۆری زلهێزەکان بەشداربوون تێیدا، بۆیە جێگای گومان نیە وەك نووسەری کتێبی" گەڕانی بەریتانیا بە دوای نەوتدا،عێراق ١٩١٠-١٩٢٨"،دەڵێت:" تەنانەت دامەزراندنی لیژنەی دەستنیشانکردنی سنووری نێوان تورکیا وعێراق بە تاکتیکی بەریتانیا وڕۆڵ ودەست تێوەردانی لۆرد کرزنی لەسەر بوو"[4].

---

[1] نوری طالباني:( ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیز لکێندرا بە دەوڵەتی عێراقەوە لەبەر بەرژەوەندی خۆی ولەبەر نەوتی کەرکوك، نەك لەسەر هەلویستی کورد)،گۆڤاری کەرکوك،ژمارە(١٨) ،پایزی٢٠٠٣،ل١٣.

[2] ئاکۆ عبدالکریم شوانی: سەرچاوەی پێشوو،ل٢١٥.

[3] فاضل حسین: المصدر السابق، ص٣٠٢.

[4] Helmut Mejcher: Imperial Quest for oil…، p.150.

لەو کاتەی لیژنەی سنووری دەگاتە ناوچەی ناکۆکی، نوێنەری کۆمپانیای (TPC)(کیلینگ) زۆر خۆش حاڵ بوو، کاتێکی باش بوو بۆ هێنری دۆبس، کە بیر بکاتەوە بۆ دواکەوتنی دەستوورو هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی تأسیسی عێراقی، لەو کاتەی لیژنە سنوور لە بەغدا بوون زکائی بەگ(Zekiai) باڵیۆزی تورکی لە لەندەن وتوێژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا(چێمبرلن) دەکات لە ٢٠ کانوونی دووەم ١٩٢٥ هەندێك ئیمتیازی ئابووری بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا خستەڕوو بەرامبەر بە پێدانی موسڵ بە تورکیا، بۆیە چێمبرلن ئەم فرسەتەی قۆزتەوە بۆ لاواز کردنی هەڵوێستی تورکیا لە کۆمەڵەی گەلان، داوای دڵنیابوونی لە زکائی بەگ دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی تورکیا لەسەر ئەم پێشنیازە، بۆیە حکومەتی تورکی پرۆژەیەکی ڕێککەوتنی ڕێکخست، کە ڕێگا دەدات بە هەر کۆمپانیایەکی بەریتانی کە خوازیاری ئیمتیازی نەوتی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ بێت، کە دەکەوێتە چوارچێوەی تورکیاوە، مافی دامەزراندن وبەڕێوبردنی بەندەرەکان و هێڵی ئاسنی پێوەست بۆ ئەم پرۆژەیە، بۆیە رۆژنامەکان باسی باشکردنی پەیوەندییەکانی بەریتانیا وتورکیا یان کرد، لەگەڵ ئەوەی ئینگلیزەکان باسی ئەوەیان دەکرد، کە تورکەکان ئیمتیازێکی ئابووری گەورەیان پێشکەشکردوون، کە لە ناویدا ئیمتیازی نەوتی تێدایە[1]. لە ١٩ ئاداری١٩٢٥ حکومەتی تورکی پێشنیازی بەستنی پەیمانێك دەخاتە بەردەم بەریتانیا، کە لە ڕێگای ئەم پەیمانەدا،تورکیا ئیمتیازیکی گرنگ دەبەخشێت بە کۆمپانیای بەریتانی بۆ پەرەپێدانی نەوتی ویلایەتی موسڵ وڕاکێشانی تۆڕی بۆڕی بەناو خاکی تورکیا و دامەزراندنی هێڵێکی ئاسنی بەدرێژای ٣٠٠٠کم و چەندین ئیمتیازی تر بەرامبەر بەوەی بەریتانیا دەست لە موسڵ هەڵگرێت بۆ بەرژەوندی تورکیا[2].

[1] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ص١١٢-١١٣.

[2] فاضل حسين: المصدر السابق،ص ٢٣٩.

مێژوونوسی عێراقی(عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) دەڵێت:" لەوکاتەی لیژنەی سنووری نێودەوڵەتی گەیشتە موسڵ لە ڕۆژی ٢٧ كانوونی دووەمی١٩٢٥ پرسیاری لە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ كرد، بۆ حكومەتی عێراقی ڕوون بووەوە، كە كۆمەڵەی گەلان ڕێگا ناد بە هێشتنەوەی ویلایەتی موسڵ لە چوارچێوەی عێراق دا ئەگەر ئیمتیازی نەوت نەبەخشرێت بە كۆمپانیای نەوتی توركی بە تایبەتی لەو كێڵگە نەوتییانەی لە ناوچە جێناكۆكەكاندان (ویلایەتی موسڵ)..." [1].

مێژوونوسی یۆگسلاڤ پرۆفیسور(ڕادۆڤان پاڤیچ)لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەیەكی دا دەربارەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی كورد،كێشەی یەكلاكردنەوەی ویلایەتی موسڵ بە بوونی نەوتەكەی گرێدەدات، دەڵێت:" ئەو لیژنەیەی كۆمەڵەی گەلان پێكیهێنابوو چاوەڕوانی ئەو مشتومڕەی لەسەر مەسەلەی نەوتی موسڵ وكوردستان دەكرا(لەلایەن زلهێزەكان) بەلایەكدا بخات وچارەسەری بكات"[2]

هەندێك سەرچاوە ئاماژە دەكەن بەوەی لە سەرەتاوە دەست تێوەردان هەبوو لەناو لیژنەی سنووری نێودەوڵەتیدا، بە تایبەتی لە ژێر كاریگەری هێنری دۆبس و كۆمپانیای(TPC)، ئەوەتا سەرۆكی لیژنەی سنووری كۆنت تێلیكی ناوبژیوانی و یارمەتی پێشكەش كردووە لە نێوان كۆمپانیای (TPC)و حكومەتی عێراق لە دانشتینێكی داخراودا ٢٦ شوبات١٩٢٥ [3]، وەزیرەكانی عێراقی دڵنیاكردۆتەوە لەوەی موسڵ بۆ عێراق دەبێت ئەگەر ئیمتیازی نەوت ببەخشن بە كۆمپانیا، لە ٢ئاداری١٩٢٥ كۆنت پۆل تێلیكی لەو كاتەی لەگەڵ لیژنەی سنوور لە بەغدا بوون بە هێنری دۆبسی گوتبوو هەموو هەوڵەكان بخاتە

---

[1] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...،ج١،ط٢، ص٢٠٧.

[2] رادوڤان پاڤیچ: جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی كورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی وسیاسی، و/مەحمود مەلا عززەت، سوید،١٩٨٥،ل٤١.

[3] جرجيس فتح الله: النفط قرر مصير كوردستان...،ص٢٢.

گەڕ بۆ قەناعەت هێنان بە وەزیرە عێراقیەکان، وەهانیان بدات ئیمتیازەکە مۆربکەن، پۆلس ئەندامێکی تر بوو بە ساسۆن حسقێل وەزیری دارایی عێراقی ڕاگەیاندبوو:" هەر لایەنێك لە عێراق یاخود تورکیا دەست پێشخەری بکات بەبەخشینی ئیمتیازی نەوت بە کۆمپانیای (TPC)، ئەوا ولایەتی موسڵی دەست دەکەوێت"[1]، پۆلس زانیارییەکی فراوانی هەبوو لەسەر کەرەستەی نەوت،چونکە خاوەندارێیەتی هەندێك بەرژەوەندی بوو لە نەوتی رۆمانیا، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی ووردی کردبوو بۆ ئەو هێڵە بۆڕییە، کە بەتەمابوو کۆمپانیا (TPC) دروستی بکات بۆ گواستنەوەی نەوتی ولایەتی موسڵ وناوچەکانی تر بۆ سەر دەریای ناوەڕاست. لەلایەکی ترەوە سۆزی لایەنگری کۆمپانیای (TPC) بوو لەم بارەیەوە دەڵێت:" هیچ گرووپێکی تر نییە لە بواری نەوتدا لە جیهاندا بە قەدەر کۆمپانیای(TPC) توانای وەبەرهێنان وپەرەپێدانی نەوتی ویلایەتی موسڵ مسۆگەر بکات، چونکە تەنها هێڵی بۆڕی گواستنەوەی نەوتی ئەم ناوچەیە خەرجێکی زۆری دەوێت، کە یەك پیێ لەم پرۆژەیەدا بڕی یەك پاوەنی دەوێت"[2]، لیژنە پێوەندی تەواوی هەبوو وکاری دەکرد بە لێك تێگەیشتنی گونجاو لەگەڵ (دار الاعتماد) هێنری دۆبس ئەم دەست تێوەردانەی لیژنەی بەکاردەهێنا بۆ ناچارکردنی حکومەتی عێراق بەوەی دەست هەڵگرێت لە مەرجی بەشداربوون لە کۆمپانیا وەك دەستپێکێك بۆ بەخشینی ئیمتیاز لەکاتی گونجاودا[3].

لەو کاتەی هێنری دۆبس فشاری دەخستە سەر حکومەتی عێراقی، لیژنەی سنووریش لە لایەنی خۆیەوە فشار دەکات لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وفەرەنسا کە بەشداریبکەن لە کۆمپانیای (TPC)، هەڕەشەی دەکرد بە دابەش کردنی ویلایەتی موسڵ لە نێوان عێراق وتورکیا، داواشی کرد، کە ئەوانیش لە

---

(1) سليم طه التكريتي : معركة النفط في العراق...،ص ٧٧.

(2) Helmut Mejcher: Imperial Quest for oil...، p.151.

(3) نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص١١٤.

ڕیگای خۆیانەوە فشار بخەنە سەر حکومەتەکانی خۆیان بەوەی پشتی لایەنی بەریتانیا بێت، چونکە لەم جۆرە بەرژەوەندییەدا باشتر وایە مامەڵە لەگەڵ یەك دەوڵەتدا بکرێت، کە ڕۆژهەڵات متمانەی پێی هەبێت نەك لەگەڵ دوو دەوڵەتدا. لە ناوەڕۆکی ئەم پێشنیازەی لیژنەدا بەم شێوەی هاتووە:" ئەگەر هەردوو دەوڵەتی عێراقی وتورکی ڕێککەوتن، پێش ئەوەی لیژنە ڕاسپاردەکانی خۆی پێشکەشبکات لەسەر ئەوەی ئیمتیاز ببەخشێت بە کۆمپانیای (TPC)لە هەردوو ولایەتی موسڵ وبەغدا، هەرچەندە پەیوەندی بەعێراق و ویلایەتی موسڵەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە تورکیاوە هەیە، بۆیە لیژنە وادەبینێت، کە بەرژەوەندییە نەوتییە گەورەکان هیچ کاریان پێ ناکات لەوکاتەی سنوور دەستنیشان دەکرێت، چونکە ئەو ئیمتیازی خۆی لە هەردوو ویلایەت وەرگرتووە، بەلأم لەو کاتەی عێراق نەگیشتە بڕیارێك تەنها لەدوای دەستنیشانکردنی سنوور وپێدانی بەشێك لە ویلایەت بە تورکیا، بەوپێیە عێراق لەوکاتەدا تەنها دەتوانێت ئیمتیازی ببەخشێت بەو بەشەی لەویلایەتی موسڵی پێدراوە، یاخود لە ویلایەتی بەغدا، بۆ کۆمپانیاکانی تر، کە بتوانێت پلانەکانی کۆمپانیای(TPC)هەڵوەشێنێتەوە، چونکە تاکو ئێستا عێراق ئیمتیازی نەبەخشیووە، بۆیە لیژنە وا هەست دەکات، کە بەرژەوندییە نەوتییەکانی نێوەدەوڵەتی پێکدادەچن، کە ویلایەتی موسڵ وبەغدا بخرێنە ژێر دوو ئیدارەی جیاواز یاخود ویلایەتی موسڵ دابەشبکرێت لە نێوان عێراق وتورکیا"[١]

هێنری دۆبس ئەم پێشنیازەی لیژنەی بەمەترسی زانی، بۆیە داوای لە وەزارەتی داگیرگەکان کرد، کە فشار بخەنە سەر عێراق بۆ دانانی دەستەواژەیەك لە ناو پرۆژەی ڕێککەوتنی ئیمتیازکە بەم شێوەیە( هەر ئیمتیازێك هەڵدەوەشێتەوە لەو کاتەی، کە هەموو بەشەکانی ولایەتی موسڵ نەدرێت بە

---

[١] Helmut Mejcher:Imperial Quest for oil…، pp.152-153;

نوري عبدالحميد خليل:المصدر السابق،ص١١٧.

عێـراق بـەپێی بڕیارێـك لـە كۆمەڵـەی گەلانـەوە دەربچێت)، چـونكە بـە بـاوەڕی دۆبس خسـتنە نـاوەوەی ئـەم دەسـتەواژەیە باشـترین ڕیگایـە بـۆ ڕێگـەگرتن لـە تێلیكـی بـە پێشكەشـكردنی پێشـنیازی دابەشـكردنی ویلایـەتی موسـڵ، ڕێگـا دەگرێـت لـە كۆمەڵـەی گـەلان بـە قبـووڵ كردنـی ئـەم جـۆرە پێشـنیازە، چـونكە وادیـاربوو ئـەم جـۆرە دابەشـكردنەی ویلایـەتی موسـڵ، كـە بەشـی ڕاسـتی لـە ڕووبـاری دیجلـە بـە عێـراق و بەشـی چـەپ بـە توركیـا دەدرێـت، ئـەوا عێـراق ناتوانێت نەوت هەناردە بكات بۆ سەر كەنارەكانی دەریای ناوەڕاست[1].

وەزارەتی داگیرگەكان هەڕەشەی لەبەرژەوندییەكانی ئەمریكا وفەرەنسا كرد كە بەشداری كۆمپانیای (TPC)بوون، كە ناتوانن عێراق ناچار بكەن بەوەی دەستهەڵگرێت لە بەشداربوونی كۆمپانیا، ئەگەر هەردوو حكومەتی ئەمریكاو فەرەنسا پشتگیری مافەكانی عێراقیان لە ویلایەتی موسڵ نەكرد ، وەزارەتی داگیرگـەكان بـۆ ئـەوەی هەڕەشـەكەی بێنێتـەدی لـە ٢٧ شـوبات، كۆمپانیـا بـە جۆرێـك دەسـتكاری كـرد لـە پـرۆژەی ئیمتیـاز بـە پێـدانی عێـراق پشـكێك لـە كۆمپانیا بە شێوەیەكی كاتی[2].

وەك دیـار بـوو لیژنـە ئـەو ئەركـە سـەرەكییانەی، كـە كۆمەڵـەی گـەلان پێـی ڕاسـپاردبوو، لـە دەسـت دابـوو لـە جیـاتی ئـەوەی سـنوور دەستنیشـان بكـات و خواستی گەلانی ئەم ناوچەیە بگەیەنێتە كۆمەڵەی گەلان، دەستی خستبووە ناو بەرژەوەندییـە نەوتییـەكانی ئـەم ویلایەتەوە،كـە زلهێزەكـان ململانێیـان بـوو لەسەری.

لیژنـەی سـنوور هـەموو كارەكـانی خـۆی تـەواو كردبـوو، بـەڵام چاوەڕوانی بڕیـاری حكومـەتی عێـراق بـوو بـۆ بەخشـینی ئیمتیـازی نـەوت بـە كۆمپانیای(TPC) لە ١٤ ئاداری ١٩٢٥، دوای ئەوەی فشارو هەڕەشەكانی خۆی خستە سەر حكومەتی عێراق بە پلەی یەكەم وحكومەتی توركی بەپلـەی دووەم،

---

[1] Benjamin Shwadran: op. cit ‹p.237.

[2] نوري عبدالحميد خليل: المصدر السابق،ص ص١١٨-١١٩.

لیژنە لە ١٨ ئاداری ١٩٢٥ گەڕایەوە بۆ شاری موسڵ بۆ تەواوکردنی کارەکانی خۆی و شاری موسڵی بە جێهێشت لە ٢٠ نیسان بەرەو جنیف بەڕێککەوت ودەستی دایە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی فراوان دەربارەی کێشەی موسڵ"[1]، ڕاپۆرتی لیژنە هەموو بیرۆبووچۆنەکانی لایەنی تورکی وبەریتانی دەربارەی هەموو ئەوکێشانەی پەیوەندیان بە ویلایەتەوە هەبوو،لەلایەنی ئابووری وجوگرافی وسیاسی وئەتنیکی وژمارەی دانیشتوان لە ناوچەکەدا، توێژینەوەیەکی فراوانی دەربارەی هەموو بەڵگەو بیروبووچۆنەکان خستەروو [2].

لە ١٦ حوزەیرانی ١٩٢٥ لیژنە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد دەربارەی چۆنیەتی دیاریکردنی پاشە ڕۆژی ویلایەتی موسڵ، لەگەڵ ئەوەش، کە لیژنە گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە ئەگەر بێت و بەرژەوەندی دانیشتوانی ناوچەکە ڕەچاو بکرێت، کە بێگومان زۆربەی زۆری کورد بوون پێویستە حکومەتێکی کوردی دامەزرێت، دوای ئەوەی لیژنەکە گەڕایەوە سەر بەڵگە مێژووییەکان و جوگرافی ناسانی پێشتر، گەیشتە ئەو بڕوایەی هیچ کاتێك عێراق لە هیت،تکریت، یاخود ناوچەی چیای حەمرین تێنەپەڕیەوە...هەروەها ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ناوچەیە بەشێك نەبووە لە عێراق[3]، بەڵام بڕیاری کۆتایی لە ڕاپۆرتەکەدا پێچەوانەی قەناعەتیان بوو، پێشنیاز کرابوو ویلایەتی موسڵ بخرێتە ژێر چاودێری(ماندێتی) بەریتانیا بۆ ماوەی ٢٥ساڵ، دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ لە نێوان عێراق وتورکیا ڕەتکردەوە، لەلایەکی ترەوە پێشنیازی ئەوەش کرابوو، کە بەڕێوەبردنی

---

[1] ولاية الموصل، تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة...،ص ٣٧.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەموو بەڵگەنامەکانی ئابووری وجوگرافی وسیاسی وئەتنی وژمارەی دانیشتوان بڕوانە، المصدر نفسه،ص ص ٢٢٢-٢٣١; جرجيس فتح الله:يقظة الكرد...،ص ص٤٦١-٦٧٧.

[3] بڕوانە،س.جي.ادموندز:المصدر السابق،ص ٣٨٣; سروه اسعد صابر: المصدر السابق، ص٣١٠; حامد محمود عيسى: القضية الكردية في العراق...،ص ٩٣; ولاية الموصل، تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة...،ص ص٢٢٧-٢٢٨.

کاروباری کارگێڕی و دادپەروەری وپەروەردەیی بە دەستی کورد بێت وزمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە ناوچەکەدا[(١)]، بەڵام پێش تەماشاکردنی ڕاپۆرتەکە لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، شۆڕشیکی چەکداری لە باکووری کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران وهاوکارانی دژ بە حکومەتی ئەتاتورك هەڵگیرسا، بۆیە یەکسەر ئینگلیزەکان شۆڕشی کوردی باکووریان قۆستەوە و داوایان لە کۆمەڵەی گەلان کرد" هێڵی برۆکسێل"* بکرێتە سنووری هەمیشەیی لە نێوان تورکیا ویلایەتی موسڵ[(٢)]، لە ٢١ تشرینی دووەمی١٩٢٥ دادگایی دادی نێودەوڵەتی ڕای خۆی لەسەر بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان دەرکرد، کە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بێت بۆ جێبەجێکردنی لەسەر هەردوو لایەنی ناکۆك[(٣)].

لە ١٦ کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بە کۆی دەنگ ڕازیبوون لەسەر بڕیارێك، کە لە چوار بەند پێکهاتبوو بۆ لکاندنی ویلایەتی

---

(١) ولاية الموصل، تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة...،ص ص٢٢٨-٢٣١ ;جرجيس فتح الله:يقظة الكرد...،ص ص٦٧١- ٦٧٤; تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق(بحث موثق في التاريخ المعاصر منذ نشوء الدولة الحديثة حتى اواسط ٢٠٠٢)،ت/زينة جبار ادريس، بيروت،٢٠٠٦،ص١٠٠.

* لە مانگی تشرینی یەکەمی١٩٢٤بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان هێڵێکی وەهمی دانرا،بە ناوی (هێڵی برۆکسێل) وەك سنوورێکی کاتی لە نێوان تورکیا ویلایەتی موسڵ دانرا بۆ کۆتایی هێنان بەو پێکدادانە سەربازیانەی هەبوون لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا وحکومەتی تورکیا، چونکە هەردوو لایەن تەماحیان هەبوو لە کۆنترۆڵکردنی گەورترین ڕووپێو لە ناوچەکانی جیناکۆك بۆ خۆسەپاندنی واقعی بەسەر ئەو زەویانەدا،دوای ئەوەی شکستیان هێنا بە دبلۆماسیەت ڕێکەون،بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جوڵانەوەی هێزەکانی تورکیا وبەریتانیا،بڕوانە،بیار مصطفى:المصدر السابق،ص ص ١٧٠-١٧٣.

(٢) باسيلي نيكيتين:الكرد،دراسة سوسيولوجية وتاريخية،ت/نوري طالباني،ط٣،مؤسسة حمدي للطباعة والنشر،سليمانية،٢٠٠٧،ص ٣٢٩;نوری طالباني:سەرچاوەی پێشوو،ل ل١١-١٢.

(٣) بڕوانە،س.جي.ادموندز:المصدر السابق،ص٣٨٣ ; ستيفن همسلي لونكريك: المصدر السابق،ج١،ص ٢٥٤.

موسڵ بە دەوڵەی عێراق:

١- جێگیرکردنی هێڵی برۆکسێل وەك سنوورێکی فەرمی لە نێوان عێراق وتورکیا.

٢- پێویستە حکومەتی بەریتانیا ئاگادار بکرێتەوە بۆ پێشکەشکردنی پەیمانێکی نویێ لەگەڵ عێراق، کە بەردەوامی سیستەمی ماندێتی بۆ ماوەی٢٥ساڵ دابینبکات، وەکو لە ڕێککەوتنامەی هاوکاری نێوان بەریتانیاو عێراقدا دیاری کراوەو هەروەها ئەو بەڵێنەی حکومەتی بەریتانیا، کە ئەنجوومەن لە ٢٧ ئەیلولی١٩٢٤ داپەسەندی کرد بەو مەرجەی بەپێی خاڵی یەکەمی پەیڕەوی کۆمەڵە، عێراق تا کۆتایی ئەو ماوەیە لە کۆمەڵەدا وەرنەگیرێت،هەر کاتێکیش لە ماوەی شەش مانگدا،لە١٦ کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ ەوە ئەنجوومەن ئاگادار کرایەوە لە جێبەجێکردنی ئەو مەرجە، پێویستە ئەنجوومەن ڕایبگەیەنێت، کە بڕیارەکەی کۆتاییەو هەنگاوی پێویست بنێت بۆ مسۆگەرکردنی داڕشتنی هێڵی سنوور بەسەر زەویدا.

٣- لەسەر حکومەتی بەریتانیایە، کە بەرنامەی پێویست بۆ دابینکردنی مافە ئیدارییەکانی کورد پێشکەش بە ئەنجوومەن بکات.

٤- حکومەتی بەریتانیا کارە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنە، ئەنجامدەدات[1].

دوابەدوای ئەم بڕیارە هەردوو حکومەتی بەریتانیا وعێراق پەیمانێکیان مۆرکرد لە ١٣کانوونی دووەمی ١٩٢٦ بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان، ئەم پەیمانەش ماوەی ماندێتی کردە چوار ساڵ[2].

---

[1] بڕوانە،عبدالرزاق الحسني:تاريخ العراق السياسي الحديث...،ج٣،ص ص١٣٠-١٣١ ; ستيفن همسلي لونكريك:المصدر السابق،ج١،ص ٢٥٤;فاضل حسين: المصدر السابق،ص ص ١٧٣-١٧٤; Habibollah Atarodi: op. cit, p202

[2] بۆ دەربارەی ئەم پەیمانە بڕوانە،فاروق صالح العمر: المعاهدات العراقية...،ص١٥٠-١٥٨.

بەپێی ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی گەلان، کە لەسەر ڕاسپاردەکانی لیژنەی سنووری نێودەڵەتی دەرچوو بوو، هێڵی برۆکسێل کرا بە هێڵێکی فەرمی نێودەوڵەتی بۆ دەستنیشانکردنی سنوورێکی فەرمی نێوان عێراق وتورکیا کە دووبەشی کوردستانی دابەشکرد لە نێوان دوو دەوڵەتی نوێی تازە دامەزراودا، بە پێی ئەم بڕیارە، عێراق بە سنووری تازەی، کە هەرسێ ویلایەتی بەغدا وبەسرە وموسڵ لە خۆدەگرت، خرایە ژێر ماندێتی بەریتانیاوە [1].

هەرچەندە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان وەك دادگای نێودەوڵەتی ئاماژەی پێکردبوو، کە بڕیاریکی یەکلاکەرەوەیە، پێویستە لەسەر لایەنە ناکۆکەکان پابەندبن پێوەی، بەڵام تورکیا هیچ دانی بەم بڕیارە نەنا، کە ئەویش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بوو بە عێراقەوە تاکو لە ٥ حوزەیرانی ١٩٢٦پەیمانێکی سێ قۆڵی لە نێوان بەریتانیا وعێراق وتورکیا مۆرکرا لە ئەنقەرە وە چووە ناو بواری جێبەجێکردنەوە لە ١٨ تەمووزی ١٩٢٦ تورکیا هەموو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی گەلانی پەسەندکرد[2]، لە ناوەڕۆکی ئەم پەیمانەدا هاتووە، کە تورکیا دان دەنێت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عیراق بەرامبەر بە: (چەند گۆڕانکاریکی بچووك لە هێڵی برۆکسێل بکرێت، هەروەها پشکی ١٠٪ لە داهاتی عێراق، کە دەستی دەکەوێت لە نەوتی ویلایەتی موسڵ لە کاتی پەرەپێدانی ئەم کێڵگانە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بە پێی ئیمتیازی نەوتی ١٤ ئاداری١٩٢٥*،هەروەها ڕاپەراندنی چەند کارێکی

---

[1] نوری طالباني: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٢.

[2] جان بول شانیولو، سیدي احمد سیاح: مسألة الحدود في الشرق الاوسط،ت/حسین حیدر،بیروت،٢٠٠٩،ص١٦٠.

* هەروەها مافی تورکیا درا بەوەی ئەم ڕێژەیە بگۆڕێتەوە بە بڕێکی پارە کە (٥٠٠) هەزار پاوەندی ئەسترلینی دانابوو،بڕوانە: Benjamin Shwadran:op.cit,p.233.

ئاسایشی لەسەر سنووردا، لەگەڵ ڕێگا نەدان بە گەڕانەوەی ئەو ئاشووریانەی توركیا، كە لەكاتی جەنگی یەكەمی جیهانی، جێیان هێشتبوو[1].

بۆیە بەپێی ئەو بڕیارەی لە لایەن كۆمەڵەی گەلانەوە لە ١٦ كانوونی یەكەمی ١٩٢٥ سەبارەت بەپێوەلكاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە دەرچوو، لە ئەنجامی ڕێككەوتنی هەردوو لایەنی سەرەكی ناكۆكی بەریتانیاو توركیا، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو پاڵنەرانە چی بوون وایان لە توركیا كرد دەستهەڵگرێت لە ویلایەتی موسڵ؟ توركیا لە كاتی لۆزان تاكو بڕیارەكانی ئەنجوومەنی گەلان بۆ لكاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق دووپاتی دەكردەوە، كە داواكردنی موسڵ هۆكاری نیشتمانی و ئابووریی و مێژوویی و ستراتیژیی وسەربازیی دەستنیشانی هەڵوێستی توركیا بوو، بەڵام توركەكان هەستیان كردبوو بەوەی بەریتانییەكان لە ئەنجامی بڕیاری ئەنجوومەنی كۆمەڵەی گەلان سەركەوتوون بە لكاندنی موسڵ بە عێراق، ڕێگایان بۆ خۆیان خۆش كرد، تاكو ئەندامێتی كۆمەڵەی گەلان مسۆگەر بكەن، هەروەها بڕێك لە داهاتی نەوتی ویلایەتی موسڵ بەخشرا بە توركیا لە پەیمانە سێ قۆڵییەكەدا[2]. بەریتانیا دەستی هەڵگرت لەو بەڵێنانەی لە ڕێككەوتنی سێڤر هاتبوو، كە بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ وباكووری میزوپۆتامیا درابوو بەرامبەر بەوەی توركیا دەستهەڵگرێت لە بە شێكی گەورەی خواستەكانی لە ویلایەتی موسڵدا، لە كاتی وتوێژەكانی لۆزان، پەیمانی سێ قۆڵیدا[3]، بەڵام باشترین بەڵگەی دەستهەڵگرتنی توركیا لە ناوەڕۆكی پەیمانی سێ قۆڵی دەردەكەوێت لە بەشی سێیەم مادەی( ١٤) بڕگەی (ا،ب،ج) هاتووە،

---

[1] بۆ دەقی ئەم بەڵگەی ڕێككەوتنی سێ قۆڵی نێوان بەریتانیا وتوركیا وعێراق بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی كۆمەڵەی گەلان بڕوانە، كامەران ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو،ل ل٣٢٨-٣٣٣.

[2] Benjamin Shwadran: op. cit ،p.238.

[3] فیروز حسن عزیز: الاهمیة الجیوستراتیجیة لكردستان الجنوبیة واثرها علی السیاسة البریطانیة تجاهها(١٩١٤-١٩٢٤)، السلیمانیة،٢٠٠٨،ص ص٣٣١-٣٣٢.

**كە توركيا دەستی هەڵگرت لە مافەكانی لە ويلايەتی موسڵ لە بەرامبەر پێدانی بڕی ١٠٪ داهاتی حكومەتی عێراق لە نەوتی ويلايەتی موسڵ كە بە پێی ئيمتيازی ١٤ ئاداری ١٩٢٥ درابوو بە كۆمپانيای نەوتی توركی[١]، لە ڕاستيدا گرنگی سامانی نەوتی پاڵنەرێكی سەرەكی بوو لە دەست هەڵگرتنی توركيا لە ويلايەتی موسڵ[٢]، هەروەها پاڵنەری يەكەم بوو لە پشت هەوڵەكانی بەريتانيا بۆ لكاندنی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە[٣].**

**لكاندنی ويلايەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبی بەپێی بڕيارێكی نێودەوڵەتی، پەردەی لەسەر مافەكانی گەلی كورد داخست، تاقە هۆكاريش بەرژەوەندييە نەوتييەكانی زلهێزەكانی ئەو سەردەمە بوو، كە لە چوارچێوەی كۆمپانيای نەوتی توركی دابوو ، بەپێی ئيمتيازی ١٤ ئاداری ١٩٢٥ ماف پەرەپێدانی كێڵگە نەوتييەكانی(كەركوك وناوچەكانی تری باشووری كوردستان) لەگەڵ ويلايەتی بەغدای پێدرابوو، بۆيە بەڕازيكردنی عێراق بە (٤شلن) لە نەوتی باشووری كوردستان و بڕی ١٠٪ ئەم (٤شلن)ە بۆ توركيا، تەنها بۆ ئەوەی بەرژەوەندييەكانی زلهێزەكان دەستەبەربكرن لەم ناوچەيەدا، بۆ ئەوەی گۆڕەپان بۆ كۆمپانيای نەوتی توركی پاك بكرێتەوە، دوای ئەوەی لايەنە ناكۆكەكانی بەشداربووی كۆمپانيا ڕێككەوتن لەسەر ئەوەی كاتی ئەوە هاتووە بۆ دەستپێكردنی كارەكانی كێوماڵكردن وڕووپێوكردنی جيۆلۆجی ولێدانی بيری نەوت..**

---

[١] بڕوانە، كامەران ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٣٣.

[٢] Benjamin Shwadran: op. cit ،p.238; جان بول شانيولو، سيدي احمد سياح:المصدر السابق،ص١٦٠.

[٣] فاضل حسين: المصدر السابق،ص٣٠٢;عمر نجم سورجي: مصير ولاية الموصل (كوردستان الجنوبية) مابعد عام٢٠٠٠،السليمانية،١٩٩٨،ص٧٣; نوری طالباني: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٢; فيروز حسن عزيز: المصدر السابق،ص ص ١٧٦-١٧٩; سمكۆ بە هرۆز محەمەد(ئەژی): گۆڕانە ئابوورييەكانی كەركوك لە ڕوانگەی سەردەمە مێژووييەكانەوە، سلێمانی، ٢٠٠٩،ل ٨٣ ; Habibollah Atarodi: op. cit, p205

## باسی دووەم

### کۆمپانیای نەوتی تورکی و پرۆسەی دۆزینەوە و هەڵێنجانی نەوت لە کەرکوك( ١٩٢٧ )

ئەگەر چی زلهێزەکان لە ململانێی دابوون بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ودژ بە ئیمتیازی کۆمپانیای(TPC) بوون لەسەر ویلایەتی موسڵ و بەغدا، چەندین خاڵی ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو، بە تایبەتی نا شەرعیەتی ئەو ئیمتیازەی کۆمپانیای (TPC). بەریتانیا بەردەوام جەختیان لەسەری دەکردەوە، کە سەدری ئەعزەمی عوسمانی لە ٢٨ حوزەیرانی ١٩١٤ بەڵێنی ئیمتیازی داوە پێیان لە هەردوو ویلایەتدا [١]، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکییەکان هەڵوێستی تریان هەبوو، کە بەردەوام داوای جێبەجێکردنی سیاسەتی (دەرگای کراوە)یان دەکرد لە بەشداریکردنی هەمووان بۆ پەرەپێدانی نەوت لەم ناوچانەدا، بەپێی سیاسەتی دەرگای کراوە، بۆیە بەریتانییەکان هەوڵێکی زۆریاندا، تاکو توانیان لە ١٤ ئاداری ١٩٢٥[٢] ئیمتیازی نەوتی ئەم ناوچانە مسۆگەر بکەن لە ڕێگای حکومەتی عێراقەوە بۆ کۆمپانیای (TPC)، کە خاڵی ڕێککەوتنی جۆرێك لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرگای کراوەی پێوە دیار بوو. بۆ پشتیوانیکردنی یاسایی لەم ئیمتیازە، کۆمپانیای (TPC) هەوڵەکانی خستەگەر بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەدەوڵەتی عێراقەوە، ئەمەش بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی کومەڵەی گەلان لە ١٦کانوونی یەکەم١٩٢٥دا [٣]، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی بکاتە خاوەنی ئەم ناوچە نەوتییانە و جۆرێك لە شەرعیەتی یاسایی ببەخشێت بە ئیمتیازی کۆمپانیای(TPC)، لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە لە پرسی

---

[١] بۆ بەڵێنی ئیمتیازی سەدر ئەعزەمی عوسمانی بە کۆمپانیایTPC، بڕوانە، بەشی دووەم لە توێژینەوە، ل (١٥٢).

[٢] بۆ ئیمتیازی کۆمپانیایTPC، بڕوانە،بەشی چوارەم لە توێژینەوە،ل ل(٢٩٢-٢٩٤).

[٣]بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی گەلان دەربارەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق،بڕوانە بەشی چوارەم لە توێژینەوە، ل ل(٣٠٩-٣١٠).

نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ ڕێگـا ئاسـان دەکـەن بـۆ بەریتانییـەکان و کۆمپانیـای (TPC) بـۆ بەشـداریکردنی تـەواوی زلهێزەکـان و دەسـتپێکردن بـە پرۆسـەی دۆزینەوە ودەرهێنانی نەوت لەناوچەکەدا لە ڕێگای چەندین هەنگاودا:

**١- چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان وڕێکخستنەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی:**

فەرەنسییەکان لە ڕێگای پابەندبوونیان بە هەردوو ڕێککەوتنی (سان_ریمۆ) و(لۆزان) لـە سـاڵی ١٩٢٤ حکومـەتی فەرەنسـا بەسـەرۆکایەتی ریمـۆن بۆنکاریـە دەستی دایە پلان دانان بۆ ئەوەی بەشداری تەواوی هەبێت لە کۆمپانیای نەوتی تـورکی و پشکەکانی(دویچـە بانـك) مسـۆگەر بکـات لـە نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ بناغـەی سیاسـەتی پترۆڵـی دانـا[١]، لـە کۆتاییـەکانی سـاڵی١٩٢٤ فەرەنسـییەکان توانیان ئەو پشکەی دویچە بانك، کە داگیرکرابوو لە لەندەن، کە ٤٠ هـەزار پشـك دەبوو، لە کۆمپانیای( TPC)بە٤٠ هەزار پاوەندی ئەسترلینی نەختینە بکڕن [٢] کۆمپانیـای( TPC) ڕێککـەوتنی لەگـەڵ حکومـەتی فەرەنسـی کـرد وەدانینـا بـە مافـەکانی کۆمپانیـای نـەوتی فەرەنسـی لـە بەشـداربوون و پەرەپێـدانی نـەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا[٣].

ئەمریکییـــەکان لـــە دوای جـــەنگی یەکـــەمی جیهـــانی هەڵوێســـتێکی نێگەتیڤانەیان هەبوو بەرامبەر بە هەوڵەکانی بـەریتانیا و کۆمپانیـای (TPC) لـە پەرەپێـدانی نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ وبەغـدا، بـەردەوام ئیمتیـازی ١٩١٤ی کۆمپانیـای (TPC)یـان ڕەتـدەکردەوە، ئـەوەتا لـە سـاڵی ١٩٢٤ جـارێکی تـر ئـەم

---

[١] جاك دولوناي وجان ميتشيل شارليه: المصدر السابق، ص٣٤.

[٢] حربـي محمـد: الاسـتراتيجية النفطيـة الغربيـة في الخلـيج العربـي ....،ص ٢٠;لـە ڕاسـتیدا حکومـەتی فەرەنسـی نەچـووە نـاو گفتوگۆکـان لەگـەڵ بـەریتانیا بـۆ وەرگـرتنی پشـکی دویچـە بانك، چونکە تەنها ٣٥٪ پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی فەرەنسی بەدەسـتی حکومەتـەوە بـوو، بەڵام لەدوایدا زۆرێنەی پشکەکانی کۆمپانیای بۆ خۆی مسۆگەر کـرد وە دەسـەڵاتێکی هـەبوو لە بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیا لەدواییـدا کـەوتـە گفتوگـۆکردن لەگـەڵ بەریتانیەکان،بڕوانـە،اندره نؤسشي:المصدر السابق،ص ١٦١.

[٣] دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ١٧.

هەڵوێستە دووپات دەکەنەوە لەسەر زاری ئەلەن دالآس(Allen Dulles)، کە سەرۆکی بەشی رۆژهەلآت بوو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و دەڵێت:" ئەو ئیمتیازەی ساڵی١٩١٤، کە بەریتانیا باسی دەکات، بریتیە لە تەنها لەتە کاغەزێکی بێ بەها"[1]، بەلآم هەڵوێستەی ئەمریکا دەگۆڕدرێت لە دوای بەخشینی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە کۆمپانیای(TPC) لە ١٤ئاداری١٩٢٥، ئەوتا لە نیسانی١٩٢٥ ئەمریکییەکان رایدەگەیەنن، کە ئەو رێککەوتنەی ڕوودەدات لە نێوان لایەنی کۆمپانیای (TPC) ولایەنی ئەمریکی گونجاوە لەگەڵ سیاسەتی(دەرگای کراوە)[2]،ئەم ئیمتیازە بەدڵی ئەمریکییەکان بوو،چونکە ئەو وەهمەی لای هەمووان دروست کرد، کە گوایە دەرگاکان کراونەتەوە، بەلآم گوڵبەنکیان هۆشیارانە هەمووانی ئاگادار کردەوە، کە ئەم ڕێککەوتنە تەنها ڕواڵتەو لە جیاتی ئاو تەنها سەرابە[3].

لە نیسانی١٩٢٣ کاتێك گفتوگۆکان دەستی پێکردبوو لەنێوان کۆمپانیا نەوتییەکانی زلهێزەکان بۆ بەشداریکردن لە کۆمپانیای(TPC) بۆ پەرەپێدانی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبە تایبەتی نەوتی کەرکوك، دەبوایە سەرەتا رێککەون لەسەر چەندین خاڵی سەرەکی،کە جێگایی ناکۆکی بوون لە نێوانیاندا، وەك:

١- پلانی دەرگای کراوە.

٢- بڕگەی خۆ بێبەشکردنی (حرمان الذاتي).

٣- ڕێککەوتنی کار.

٤- ناکۆکیەکان لەگەڵ گوڵبەنکیان.

---

[1] Daniel Yergin : op .cit ،p. 201.

[2] اندره نۆسشي : المصدر السابق،ص ٨٣.

[3] Daniel Yergin : op .cit ،p. 202.

٥- ئەو بڕە داهاتەی، کە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی داوای دەکرد بەرامبەر بە بەشداریکردنی گرووپی ئەمریکی لە پشکەکانی خۆی لە کۆمپانیای نەوتی تورکی.

٦- پشکی گرووپی ئەمریکی لە کۆمپانیای نەوتی تورکی.

بڕگەی دەرگای کراوە لە لایەن گرووپی ئەمریکییەوە داوا دەکرا، هەر لە ساڵی ١٩٢٢ وەك مەرجێکی بەشداربوونی لە کۆمپانیای (TPC) دانرابوو بەرامبەر بەریتانیەکان، لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی ١٩٢٥ چەند بابەتێکی تێدا بوو پەیوەندیان هەبوو بە پلانی(دەرگای کراوە) وەك ئەوەی لە بڕگەی(٥)دا هاتبوو، بەلأم لە ناوەڕۆکیدا جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ پێشنیازەکانی ئەمریکا[1]،لە کرێپێدانی زەوییەکانی(دەرەوە) بەپێی ئیمتیازەکە لێپرسراویەتی درا بە حکومەتی عێراقی، کە ئەمریکا بەردەوام لە گفتوگۆکانیدا دەیویست ئەم مافە بدرێت بە بەشداربووانی کۆمپانیای (TPC) لە ڕێگای چەسپاندنی (دەرگای کراوە)، بەلأم واپێ دەچێت بە فشاری حکومەتی عێراقی، خواستەکانی بەریتانیا لەسەر ئەوەبوو ئەم مافە بدرێت بە حکومەتی عێراقی [2].

هەرچی بابەتی خۆ بێبەشکردن(حرمانی ذاتي) بوو، کە ڕێگر بوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرگای کراوەدا، ئەم بڕگەیە لە پاشماوەی ڕێککەوتنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ١٩١٤ ماوەتەوە، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هیچ کۆمپانیایەك بۆی نیە پیشەسازی نەوت بکات لەو ناوچانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە دەکەونە ناوچەکانی ئەوروپا وئاسیاوە، تەنها لە ڕیگای کۆمپانیای نەوتی تورکی نەبێت، بۆیە گرووپی ئەمریکی ئەم پێشنیازەی بە توندی ڕەتکردەوە لە گفتوگۆکانی ساڵی ١٩٢٣، چونکە ڕێگرە لە ئازادی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکان، هەموو پێشنیازەکانی فەرەنسیەکان وکۆمپانیای (TPC) لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٤ ڕەتکردەوە لەسەر زاری نوێنەری

---

[1] دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ص١٨-١٩.

[2] Benjamin Shwadran: op. cit ،p.234.

گرووپــی ئــەمریکی والتــەر تیگــڵ بــە پێــی ئــەو نووســراوانەی ئاراســتەی کۆمپانیــای(TPC) کردبــوو لەهــەردوو بــەرواری ٢٨ تــەمووزی ١٩٢٤ ولــە ٦ تشــرینی دووەمــی١٩٢٤[١]،بــەڵام ئــەم هەڵوێســتەی ئــەمریکا وردە وردە بــەرەو لاوازی دەڕۆیشــت، چــونکە بەریتانییــەکان ســەرکەوتووبوون لــە وەرگــرتنی ئیمتیــازی ئــاداری ١٩٢٥ بــۆ کۆمپانیــا و بڕگــەکانی ئیمتیــازیش بــە ئــارەزووی کۆمپانیا دادەنرا.

بەڵام دەربارەی خاڵی ڕێککەوتنی کار، کە پێوەندیەکی ڕاستەخۆی هەبوو بە کێشەکانی گوڵبەنکیان لەگەڵ کۆمپانیای(TPC)، کە بەردەوام ئەم خاڵە جێگای ناکۆکی بوو لە گفتوگۆکانی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢- ١٩٢٧ [٢]، ئەم خاڵە لەسەر پێشنیازی ئەمریکیەکان خرایە ڕوو، بەوەی کۆمپانیای(TPC) تەنها کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بێت وبەشداربووان بەپێی پشکەکانیان نەوتی خاو وەربگرن نەک قازانجی نەوت، بەڵام گوڵبەنکیان دەیویست کۆمپانیا بەهەموو کارەکانی خۆی هەڵسێت لە بواری پیشەسازی نەوت بۆ ئەوەی زوورترین قازانجی دەسکەوێت لە پشکی خۆی، کە ٥٪ بوو[٣] ، هەروەها ناڕەزایی گوڵبەنکیان تەنها لەسەر(ڕێککەوتنی کار) نەبوو، بەڵکو خواستەکانی زیاتر بەلای ناڕەزایی بوو لەسەر بڕیارەکان، چونکە پشکی ٥٪ تەنها لەو ناوچانە قەتیس دەبوو، کە بەپێ بڕگەی(٥) لە ئیمتیازدا، کە کۆمپانیا تەنها ماڤ ٢٤ پارچەی هەبوو لە هەڵبژاردن بۆ کارەکانی، بەڵام دەیویست هەموو ناوچەکانی تر بەهەردوو ویلایەتی موسڵ وبەغداشەوە بگرێتەوە[٤]، گرووپی کۆمپانیاکانی ئەمریکا مەبەستی خۆیان هەبوو لە خستنەڕووی(ڕێککەوتنی کار)، چونکە نەیاندەویست ململانێی کۆمپانیای(TPC) بکرێت لەلایەن

---

[١]دور احتكار النفط الدولي في العراق....،المصدر السابق،ص ص٢٠-٢٢.

[٢] John A.Denovo: op. cit، p. 198.

[٣]Benjamin Shwadran: op. cit ،p.235.

[٤] اديث وَ ائي،ايف،بينروز: المصدر السابق،ص١٢٩.

کۆمپانیای ترەوە لەجیهانی نەوتدا، دەیانویست خۆیان بە دووربگرن لەوەی باج بدەن بە حکومەتی بەریتانیا وئەمریکا لەسەر قازانجەکانی کۆمپانیای (TPC). لە تەمووزی ساڵی ١٩٢٤ گرووپی ئەمریکی نزیك بوونەوە لە ڕێککەوتن لەگەڵ بەشداربووانی کۆمپانیا، بەڵام گوڵبەنکیان ناڕازی بوو لەسەر ڕێککەوتنی کار، هەمان ساڵ گوڵبەنکیان هەڕەشەی کرد، بەوەی ئەم بابەتە دەباتە بەردەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی[1].

لە کۆتای ساڵی ١٩٢٥ گرووپی ئەمریکی تووشی مەترسی هات بە هۆی نەگەیشتنی بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای(TPC)، کۆمپانیا ئیمتیازی پێبەخشرابوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، لەگەڵ ئەوەی گوڵبەنکیان گرفتی بۆ دروست کردبوو.وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا مەرجی خۆ بێبەشکردنی ڕەتکردبووە، بۆیە گرووپی ئەمریکی بە وەزارەتی دەرەوە ڕادەگەیێنێت، کە نەیتوانیووە بگاتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ کۆمپانیای(TPC)، فرانك کیلۆگ( Frank Kellogg) وەزیری دەرەوە راسپێردرا رۆڵی خۆی ببینێ ،بە بەریتانیا ڕایگەیەنێت، کە گرووپی ئەمریکی دەکشێتەوە لە گفتوگۆکان بە هۆی ڕێککنەکەوتنی لەگەڵ کۆمپانیای(TPC)، ئەم هەڵوێستەی گرووپی ئەمریکی حکومەت ناچار دەکات بۆ کارکردن و هەوڵی زۆر دەدات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کۆمپانیاکانی ئەمریکا بۆ دەستکەوتنی یەکسانی لە پەرەپێدانی سامانی نەوتی موسڵ وبەغدا، لە ڕیگای جیاجیادا لەگەڵ کۆمپانیای(TPC)[2].

هەوڵەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ سەرکەوتن بوو بەسەر گرفتی گوڵبەنکیان لە ڕیگای یاسایەوە، کە ئاماژەی کردبوو، داواکارییەکانی گوڵبەنکیان لە بەشداریکردنی کۆمپانیا هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە، چونکە هەڵوێستی ئەمریکا لە بەرامبەر ئیمتیازی ساڵی١٩١٤ بەشەرعی نازانێت، بۆیە هەر بەشداریکردنێك یاخود دابەشکردنی پشکەکانی کۆمپانیا لەسەر ئەو

[1] بڕوانە،دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ص٢٧-٢٩.
[2] Benjamin Shwadran: op. cit ،pp.244-245.

بنەمایەدا یاسایی نییە، ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا لە ڕێگای جۆزیف گریو (Joseph Grew) لە وەزارەتی دەرەوە بە باڵیۆز هۆکستون (Houghston) ڕادەگەێنێت لە ١٤ حوزەیرانی ١٩٢٦، بەم شێوەیە هاتبوو:" هیچ دانانرێت بە بەشداریکردنی گوڵبەنکیان بەپێ ئیمتیازی١٩١٤، چونکە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە"[1].

واپێدەچێت ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا تەنها بۆ فشار خستنەسەر گوڵبەنکیان بێت بۆ ئەوەی ئاستی داواکاری کەم بکاتەوە،چونکە لە لایەکی تردا واڵتەر تیگڵ گفتوگۆکانی بەردەوام کرد لەگەڵ بەشداربووانی کۆمپانیای (TPC) بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ناوەندی گونجاو لەگەڵ گوڵبەنکیان دا، ئەم وتوێژانە تاکو ساڵی ١٩٢٧ بەردەوام بوون، هەرچەندە ئەمریکییەکان لەم کاتەدا ڕازیبوون بەوەی بەشداریبکەن لە کۆمپانیای (TPC) بە پێی ئەوەی ڕێککەون لەسەر (ڕێککەوتنی کار)، بەڵام فەرەنسییەکان ئامادە نەبوون ئەمریکییەکان قبوڵبکەن لە کۆمپانیاکە لەسەر ئەم بنەمایە، فەرەنسییەکان (کۆمپانیای نەوتی فەرەنسی Compagnie Francaise des Petroles) توانیویانە قەناعەت بە گوڵبەنکیان بێنن لە ساڵی ١٩٢٧، کە ڕازیبێت بە ڕێککەوتنی کار بە مەرجێك، فەرەنسییەکان پشکی گوڵبەنکیان بکڕن لە نەوتی خاودا، دوای ئەوە فەرەنسییەکان داوایان کرد لە بەشداربووانی کۆمپانیای(TPC)، کە بەشداری بکەن لە کڕینی پشکەکانی گوڵبەنکیان بە هاوبەشی، گرووپی ئەمریکی وبەریتانییەکان بە نهێنی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی فەرەنسی لە کۆتاییدا بەکڕینی پشکی گوڵبەنکیان[2]. دوای ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ گوڵبەنکیان زمینەی خۆشکرد بوو بۆ بەشدارکردنی ئەمریکا، هەرچەندە مەرجی خۆ بێبەشکردنی ڕەتکردبووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوش دا لە ٩ نیسانی١٩٢٧ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە گای ویلمان( Guy

---

(١) Benjamin Shwadran: op. cit ، p.245.

(٢) دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ٣٠.

Wellman)ی ڕاگەیاند،کە نوێنەری گرووپی ئەمریکا بوو،کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هیچ ناڕەزایییەك نییە لەسەر ئەم شێوە ڕێککەوتنەی نێوان گرووپی ئەمریکی وبەشداربووانی تری کۆمپانیای(TPC) [1].

هەر لەو کاتەی گفتوگۆکان لە نێوان بەشداربووانی کۆمپانیای(TPC) لەسەر کێشەی گوڵبەنکیان بەردەوام بوو لە نێوان ساڵانی١٩٢٣-١٩٢٦،خاڵی پێدانی بڕی١٠٪ لە داهاتی نەوت بەرهەمهێنراوی کۆمپانیا بدرێت بە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- فارسی لە جیاتی ئەوەی پشکی بەشداربوونی ئەمریکا لەسەر ئەستۆی پشکەکانی خۆی دەگرێت، ئەم بابەتەش بەردەوام جێگەی گفتوگۆ و ناکۆکی بوو لە نێوان بەشداربووانی کۆمپانیای(TPC)، ئەوەی شایەنی باس بێت گوڵبەنکیان لەم خاڵەش ناڕازی بوو، کە بڕی ١٠٪ داهاتی نەوتی بەرهەمهێنراوی کۆمپانیا بدرێت بە ئەنگلۆ_فارسی، چونکە گوڵبەنگیان وای بۆ دەچوو، کە ئەمە ماف نییە،بەڵکو ئەمە بەخشینە،بەلاّم لە کۆتاییدا ڕێککەوتن لەسەر هەموو مەرجەکان [2].

بەپێی بەڵگەنامەیەك کە لە بەرواری ٣تشرینی یەکەمی١٩٢٧ بە ژمارەی(4242/104/65)، کە مدلیکۆت(H.Medlicott) بۆ بەڕێز ئولفینت (Oilphant) ناردوویەتی، کە لە ناوەڕۆکیدا چەند خاڵێکی ئەم ڕێککەوتنەی ئاشکرا کردووە لە نێوان لایەنەکانی بەشداربووانی کۆمپانیای نەوتی تورکی بەم شێوەیە:

١- ئەم ڕێککەوتنە جێگای هەمان ڕێککەوتنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ١٩ ئاداری ١٩١٤ دەگرێتەوە، کە لە نێوان گرووپی دارسی وحکومەتی بەریتانیای مەزن لە لایەك، و کۆمپانیای نەوتی تورکی وحکومەتی ئەڵمانیا لەلایەکی تردا، بەسترا .

---

(١) Benjamin Shwadran: op. cit ،p. 245.

(٢) Daniel Yergin: op .cit ،p. 202; طالب محمد وهيم: المصدر السابق، ص٥٢

٢- هــــەروەها ئـــــەم ڕێککەوتنـــــە جـــــەخت دەکاتـــــەوە لەســـــەر لێکـــــدانی بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی لەلایەکدا و گرووپی دارسی و فەرەنسـییەکان وئەمریکییـەکان وگرووپـی ئـەنگلۆ_ساکسـونی و گرووپـی گوڵبـەنکیان لەلایـەکی تـردا، ئـەم ڕێکخـراوەی کۆمپانیاکـان، پێیـدەوترێت کۆمپانیای نەوتی تورکی.

٣- کۆمپانیای نویٚ نزیکەی دوو ملیۆن پشکی دەبێت و بەم شێوەیە خوارەوە:

| | |
|---|---|
| گرووپی دارسی* | ٢٣,٧٥ ٪ = ٤٧٥٠٠٠ پشك |
| کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_سکسونی** | ٢٣,٧٥ ٪ = ٤٧٥٠٠٠ پشك |
| گرووپی فەرەنسی*** | ٢٣,٧٥ ٪ = ٤٧٥٠٠٠ پشك |
| گرووپی ئەمریکی**** | ٢٣,٧٥ ٪ = ٤٧٥٠٠٠ پشك |
| گرووپی گوڵبەنکیان***** | ٥٪ = ١٠٠٠٠٠ پشك |

هەشت بەڕێوبەر دادەمەزرێت لە ئەنجوومەنی بەڕێوبردنی کۆمپانیا لـە لایـەن گرووپـە سـەرەکییەکانەوە، بەڕێوبـەرێك لـە لایـەن گوڵبـەنکیان و بەڕێوبـەرێك لـە لایـەن حکومـەتی عێراقیـەوە، لەگـەڵ سـەرۆکێك، هـەموو بەڕێوەبـەرەکان مـاف دەنگدانیان هەیە بە یەکسانی، تـەنها سـەرۆك نـەبێت، کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی پرۆژەکانی تەنها گەڕان دەبێت لە بواری نەوتدا.

---

* کە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی بوو(Darcy Exploration Co.Ltd.)

** هـەروەها کۆمپانیـای رۆیـاڵ دۆچ/شـێڵی دەگرتـەوە(Anglo Saxon Petroleum Co.Ltd.)

*** تەنها کۆمپانیای نەوتی فەرەنسی دەگرتەوە،

**** کۆمپانیای دۆزینـەوەی رۆژهـەڵاتی نزیـك (ئەم کۆمپانیایـە حـەوت کۆمپانیـای گـەورەی ئەمریکای دەگرتەخۆ) ، (The Near East Exploration Co.)

***** کەسـایەتی گوڵبـەنکیان کۆمپانیایـەکی دامەزرانـد بـۆ بەرێوبـەردنی پشـکەکانی لـە نـاو کۆمپانیـــای نـــەوتی تـــورکی بـــە نـــاوی (کۆمپانیـــای بەشـــداربوون و وەبـــەرهێنان)، (Cparticipations and Investments Co.Ltd.)

بەشـــداربووانی کۆمپانیـــای نـــەوتی تـــورکی نابێـــت بـــە هـــیچ شـــێوەیەك دەســـتبەرداری ناوچـــەکانی کـــارکردنی کۆمپانیـــا بـــن، هـــەروەها بەشـــداربووان ڕێککەوتن لەسەر پێدانی بڕی ١٠٪ بەرهەمی نەوتی خاو لە لایەن کۆمپانیای نەوتی تورکی بە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی. هەروەك جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە نابێت کۆمپانیا نەوتی تورکی یاخود هەر کۆمپانیایەك لە ژێر چەتریدا ئەو نەوتەی دێتە بەرهەم لە ناوچەکانی ئیمتیازدا بە بازاڕی گشتی بفرۆشێت،بەڵام دەبێـت دابەشـبکرێت بەسـەر هـەر پێـنج بەشـداربووەکە وکـار بکرێت بۆ دامەزراندنی تۆڕی بۆڕی بۆ گواستنەوەی نەوتی بەرهەمهێنراوی ئەم ناوچانە بۆ سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست [1] .

**٢- پرۆسەی پشکنین وگەڕان لە لایەن کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ناوچەوکانی ئیمتیاز:**

بەپێی مادەی چوار لە ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ وبەغدا لە ١٤ئاداری ١٩٢٥ هاتووە:" لەسەر کۆمپانیایە لە ماوەی ٨مانگ لە بەرواری ڕێککەوتنی ئەم ئیمتیازەدا دەستبکات بە پرۆسەی پشکنینێکی فراوان لەسەر چینەکانی زەوی ئەو ناوچە دیاریکراوانە لە سێ لایەنی جیاوازدا بەلانی کەم ولە حاڵەتی کارنەکردن بەم مەرجانە، ئەم ڕێککەوتنە هەڵدەوەشێتەوە وپووچەڵ دەبێتەوە بە تەواو بوونی ماوەی دیاریکراو[2]، بۆیە بەپێی ئەم مەرجە دەبێ کۆمپانیا دەست بە پرۆسەی

---

[1] Petroleum affairs، Agreement with Turkish Petroleum Company، No .(4242/104/65) From H.Medlicott، to Mr.Oilphant، 3/10/1927، in ، R.O.I، Vol 3، 1927، pp. 356-358.

بەلام ئەم ڕێککەوتنە مۆرنەکرا تاکو ١٩٢٨/٧/٣١ کە ناسرا بە ڕێککەوتنی(هێڵی سوور)، بڕوانە: دور احتكار النفط الدولي في العراق...،المصدر السابق،ص ص٣٣-٣٤ ; محمد ازهر سعيد السماك واخرون:المصدر السابق،ص ص٤٣٣-٤٣٤.

[2] صورة المقاولة المنعقدة بين الحكومة العراقية و شركة النفط التركية المحدودة في ١٤/أذار/١٩٢٥...،ص٢.

پشکنینی چینەکانی زەوی بکات بۆ گەڕان بەدوای نەوت لەم ماوەیەی بۆی دیاریکراوە وئەم ماوەیە لە ١٤تشرینی دووەمی ١٩٢٥ تەواو دەبێت.

رۆژنامەی موسڵ لە ژمارەی ١و٥ تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ هەواڵی گەیشتنی کیلینگ بۆ بەغدا بڵاوکردەوە، کە لەگەڵ خۆی تیمێکی جیۆلۆجی هێناوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی پشکنین وگەڕان لە ناوچەکانی ئیمتیازی کۆمپانیای(TPC)و ئامادەبوونی پرۆفیسۆر هوگۆ دی بۆخ (H.de Bockh)، کە چاودێری کارەکانی کۆمپانیای دەکرد لەڕووی جیۆلۆجی و وردبینی چینەکانی زەوی وسەرۆکایەتی تیمێکی گەورەی بە ناوبانکی دەکرد لە ئەندازیارانی جیۆلۆجی[1]، لە سەرەتاکانی مانگی کانوونی یەکەم١٩٢٥ ئەم تیمە بەرەو ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ بە ڕێکەوت بۆ کارکردن لەسەر زەویەکانی. ئەم تیمە بە ناوی کۆمپانیای نەوتی تورکی ڕاپۆرتێکی جیۆلۆجی ئامادەکرد لەگەڵ نەخشەیەکدا، ئاراستەی وەزارەتی گواستنەوە وئەشغال یان کرد بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، دیوانی پاشایەتی بە نووسراوێك بە ژمار(٣٤٣٢) لە بەرواری ٦ کانوونی یەکەمی ١٩٢٥[2]، بەم پێیەش کۆمپانیا نەوتی تورکی خۆی دەربازکرد لە مەرجەکانی بڕگەی چوار.

لە ١٦ نیسانی ١٩٢٦ کۆمپانیای (TPC)نووسراوێك بە ژمارەی(١٥٦٢) بۆ وەزارەتی گواستنەوە وئەشغاڵ دەنێرێت، کە ڕاپۆرتی گشتی ساڵی١٩٢٥ی تێدایە، کە لە ناوەڕۆکەکەیدا هاتووە، دەستەیەکی جیۆلۆجی بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر بۆخ وتیمێك لە زانای جیۆلۆجی ئامادەبوون لە بەغدا لە ١٦ ئەیلولی ١٩٢٥، وئاماژەدەکات بەوەی یەك مانگ دەستەکەیان دواکەوتووە بە هۆی ناکۆکی لەسەر سنووری نێوان تورکیا-عێراق، ڕێگا نەدراوە ئەم دەستەیە نێوی

---

[1]جريده الموصل في العدد(١تشرين الاول)،وفي العدد(٥تشرين الاول) لسنه١٩٢٥،نقلا عن ،عبدالحميد العلوجي واللامي: الاصول التاريخية للنفط العراقي،ج٣،بغداد،١٩٧٧،ص ص ١٩٧-١٩٨; S.H.Longrigg : op. cit ,p.70.

[2]عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي: المصدر السابق،ج٣،ص ص٢١٣-٢١٤.

ناوچەكان بەسەربكاتەوە، تەنانەت بۆ سلێمانی ڕێگا نەدراوە، لەگەڵ ئەوەش دەستەكە بەسەر ٦ تیم دابەشببوو بۆ ئامادەكردنی نەخشەی ناوچەی گرنگ لەڕووی جیۆلۆجیەوە، مەڵبەندی كاركردن لە كەركوك وكفری وچیای نزار وچیای حەمرین لە رووباری سیروان، تاكو ڕووباری دیجلە وبەشی باشووری چیای مەكحول[1].

رۆژنامەكانی ئەوكاتەی عێراق لە ٢٨ نیسانی١٩٢٦ هەواڵی گەیشتنی ئادەم ڕیتچی(Sir Adam Ritchie) بۆ عێراق بلاَوكردەوە، كە بەڕێوەبەری گشتی كۆمپانیای(TPC)بوو، لە لەندەن، ڕاپۆرتێكی فراوانی بلاَوكردوە دەربارەی كارەكانی كۆمپانیا بۆ وەبەرهێنانی نەوت لەم ناوچانەدا، لە ناوەڕۆكی ڕاپۆرتەكەی دا هاتووە كە كارێكی زۆر كراوە لە بواری ڕووپێوكردنی جیۆلۆجی بۆ دۆزینەوەی ناوچە نەوتییەكان، هەروەها ئاماژەدەكات بەوەی لە پرۆگرامی كۆمپانیا دایە، كە هەڵكەندنی ١٠ بیر لە سەرەتادا لە ناوچەی جیاجیاكانی باكووری عێراق هەڵبكەنن و بیرەكان بە قولاَیی٥٠٠٠ پێ بێت، هەروەها بۆ ئەم كارەش لێهاتووترین كارمەندی پسپۆری ئەمریكی لە بواری نەوت دەهێندرێت ومەڵبەندی كاركردنی ئەم تیمە لە ناوچەكانی باكووری عێراق دەبێت، كارەكانی هەڵكەندنی بیرەكان لە شوباتی ١٩٢٧ دەستپێدەكات[2].

**٣- پرۆسەی هەڵكەندنی بیرەكان:**

بەپێ ئیمتیازی ١٤ ئاداری١٩٢٥ بە كۆمپانیای(TPC)درابوو بۆ پەرەپێدانی نەوتی ویلایەتی موسڵ وبەغدا ودوای ئەوەی كۆمپانیا هەموو كارەكانی ڕووپێوی جیۆلۆجی ودانانی نەخشەی زەوی لەسەر ناوچەكانی ئەنجامدا لەگەڵ هەڵبژاردنی١٠بیر لە ناوچەكانی ویلایەتی موسڵ، وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتەكەی ئادەم ڕیتچی سەرۆكی گشتی كۆمپانیا هاتبوو، كە پرۆسەی دەستپێكردنی

---

[1]بۆ زانیاری زیاتری ئەم ڕاپۆرتە بڕوانە،عبدالحمید العلوجي وخضیر عباس اللامي:المصدر السابق،ص ص٢٤٧-٢٥٠.

[2]، المصدر نفسه ،ص ص ٢٥٧-٢٦٠.

هەڵکەنــدنی بــیرە نەوتییــەکان لــە شــوباتی١٩٢٧ دەســتپێدەکات[1]،نیکــۆلز بەڕێوەبەرێکی تر بوو لە کۆمپانیا سەرکەوتوو بوو لە ناردنی ١٢ دەزگای نوێی هەڵکەنینی بیر بۆ عێراق، لەگەڵ فەرمانبەرو هەموو کەرەستەی پێویست بۆ ئەم کــارە، بارەگــای ســەرەکی کارەکــانی کۆمپانیــا لــە خوورمــاتوو بــوو، هــەموو پێداویستەکان بە زۆرترین کات ئامادەکرابوو نزیکەی ٢٥٠٠ کرێکاری عێراقی و٥٠ ئەندازیاری بەریتانی وبیانی ئامادەکرابوون[2].

پرۆسەی هەڵکەندن وەك لە بڕگەی(٥) ئیمتیازدا ناوبراوە دەڵێت:"لەسەر کۆمپانیا ماوەی ٣٢ مانگ لە بەرواری ڕێککەوتنی ئیمتیاز بە هەڵبـژاردنی ٢٤ پارچە لاکێشە لەو زەوییانەی کە ڕووپێوی هەر پارچەیەك ٨ میل چوار گۆشە دەبێت، هەروەها دەست بکات بە کاری هەڵکەندن لەم پارچانە لە ماوەی ٣ساڵ لە بەرواری ئەم ڕێککەوتنەدا و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی بەردەوام ٦ ئامیری هەڵکەندن بەلانی کەمەوە، لە حاڵەتێك ئەگەر ئەم مەرجانە جێبەجێ نەکرا، ئەم ڕێککەوتنە هەڵدەوەشێتەوە وکاری پێناکرێت"[3].

هەرچەندە کۆمپانیاکە ماوەی بۆ دەستنیشان کرابوو بەپێی بڕگەی(٥) لە ئیمتیاز، هەروەها ئادەم ڕیتچینش بەڵێنیدا بوو دەست بکات بە کارەکانی هەڵکەندن لــە شــوباتی ١٩٢٧، بــەلاّم ئــەم کارانــە دواکــەوت بــەهۆی چــەند بەربەســتێك وەك کۆمپانیــای(TPC) ئامــاژەی پێــدەکات لــە نووســراوی ٢٢ ئابی١٩٢٦ بۆ وەزارەتی گواستنەوە وئەشغاڵ ، کە داوای درێژەپێدانی کاتی دیاریکراو دەکات، ئاماژەدەکات بەوەی کارەکان تاکو مانگی ئاداری١٩٢٧ تەواو نابێت[4].

---

(١) S.H.Longrigg : op. cit ،p.70.

(٢) Ibid ،pp.70-71.

(٣) بڕوانە، صورة المقاولة المنعقدة بين الحكومة العراقية و شركة النفط التركية المحدودة في ١٤/أذار/١٩٢٥...،ص٢.

(٤) بڕوانە، عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي: المصدر السابق،ج٣، ص ص ٢٤٠-٢٤١.

کاره جیۆلۆجییەکان هەر لە ساڵی١٩٢٥ دەستنیشان کرابوون لەو ناوچانەی، کە بوونی نەوتی پێوە دیاربوو بە تایبەتی ئەو ناوچانەی لە شێوەیەکی(گونبەتی کوڕ) گەورەی دیاری هەبوو وەك ناوچەکانی کەرکوك وبای حەسەن و زەمبوور و قەرەچووخ و حەمرین، بۆیە تۆێژینەوەیەکی مەیدانی ونەخشەیەکی فراوانی بۆ ئامادە کرابوو، هەر لە بەرزاییەکانی پێکهاتەی ئینجانە تاکو پێکهاتەی کەرکوك[1]. ئەوەی لە ڕاپۆرتی کۆمپانیای (TPC)و نووسراوی نێوان کۆمپانیاو حکومەتی عێراقیدا، هاتووە دەربارەی کارەکانی ڕووپێوکردن وکاری جیۆلۆجی و نەخشەدانان لە لایەن گرووپی جیۆلۆجی سەر بە کۆمپانیا، سەرنجمان بۆ خاڵێکی گرنگ ڕادەکێشێت، ئەویش کۆمپانیای(TPC) کە بەشداربووانی بەریتانیا وئەمریکا وفەرەنسا و هۆڵەندا و حکومەتی عێراقی بەو پێیەی ئیمتیازی پێیان بەخشیووە، کۆمپانیا چرای سەوزی بۆ هەڵکراوە کە دەستبکات بە کارەکانی لە ناوچەی ویلایەتی موسڵ ، بۆیە هەر لە مانگی ئەیلول خۆی ئامادە دەکات بەپێی نووسراوی ژمارە(١٥٦٢) لە ١٦ نیسانی١٩٢٦ ئاماژەی پێدەکات[2]، واتە کۆمپانیا پێش ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری یەکلاکەرەوە دەربکات لە ١٦کانوونی یەکەمی١٩٢٥ بە لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە[3] و دەزانێت کە چارەنووسی ئەم ویلایەتەی بۆ عێراق دەبێت، بێ گومان هەوڵی زلهێزەکانی ناو کۆمپانیا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە دەرچوونی ئەم جۆرە بڕیارە ئەویش تەنها بۆ بەرژەوەندی نەوتەکەی بوو.

کۆمپانیای(TPC) خۆی ئامادە دەکات بۆ دەست پێکردنی پرۆسەی هەڵکەندنی یەکەم بیری دۆزراوە(استکشاف) لە ناوچەی بەڵکانە کە ٦ میل لە

---

[1] محمودعبدالله المفرجي: البنية الجيولوجية لمنطقة كركوك،ج٣،مجلة باريش، العدد(٣٧)،تشرين الثاني،٢٠٠٧،ص٩٢.

[2]بڕوانە، عبدالحمید العلوجي وخضیر اللامي: المصدر السابق،ج٣، ص ص ٢٤٩-٢٥٠.

[3]بڕوانە، ولاية الموصل، تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة...،ص ٢٣١.

باشووری خوورماتووەوە دوورە، بۆ ئەم مەبەستەش ئاهەنگێکی گەورە سازدەکات هەموو کەسایەتییە سیاسییەکانی دەوڵەتی عێراق بانکهێشت دەکات، تەنانەت شا فەیسەڵ ئامادەی کردنەوەی کارەکانی کۆمپانیا لە ناوچەی بەڵکانە دەبێت[1]، ئەوەتا کۆمپانیای(TPC) لە بەرواری ٢٤ ئاداری١٩٢٧ نووسراوێك بە ژمارە(GZ/12/2313) ئاراستەی سەرۆکایەتی دیوانی شا فەیسەڵ دەکات، کە داوای ئامادەبوونی لێدەکات بۆ کردنەوەی کارەکانی کۆمپانیای(TPC) لە ٥ نیسانی١٩٢٧ لە ناوچەی بەڵکانەدا[2]،بۆ ئامادەبوونی شا فەیسەڵ ئەنجوومەنی وەزیران نووسراوێك ئاراستەی وەزیری بەرگری دەکات بە ژمارە (٨٣٨) لە ١٩٢٧/٣/٣٠، کە داوای لێدەکات پاسەوانی شەرەف بۆ ئامادە بکات لە بەرواری ٥ نیسانی١٩٢٧ لە وێستگەی شەمەندەفەری سلێمان بەگ [3]، بۆیە یەکەم بیری نەوت لە بەڵکانە* هەڵکەندرا لەلایەن کۆمپانیای(TPC).

---

[1] S.H.Longrigg : op. cit ،p.71.

[2] د.ك.و،البلاط الملكي،رقم الملف(1682)،من شركة نفط التركية الى رئاسة ديوان الملكي في١٩٢٧/٣/٢٤، و٤،ص٥، بڕوانە،پاشکۆی ژمارە(١١).

[3] المصدر نفسه،من مجلس الوزراء الى وزير الدفاع في١٩٢٧/٣/٣٠، و٩،ص٨، بڕوانە، پاشکۆی ژمارە(١٢).

* بەڵکانە نزیك کێڵگەی زەمبوورە، هەروەها لە ڕووی کارگێڕییەوە نزیك یەکەی کارگێڕی گیلە بۆیە لە ١٩٢٦/٦/١ بە نووسراوی ژمارە(س د٥٢٥) لە ئەنجوومەنی وەزیران عێراقی ئەم یەکە ئیداریە کراوە بە قەزای گیل، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمپانیای نەوتی تورکی بڕیاری داوە دەست بە کارەکانی هەڵکەندن بکات لەم ناوچەیەدا بۆیە پێوست دەکات، کە یەکەیەکی ئیداری بەهێز بێت لە ڕۆژهەڵاتی بەڵکانە بۆ ئەوەی کۆمپانیا بتوانێ بە ئازادی کارەکانی ئەنجام بەدات، ئەم ڕستانە بە بۆچوونی ئەنجوومەنی وەزیران ئاوها هاتبوو لە نووسراوەکەدا، بڕوانە، عبدالحميد العلوجي وخضير اللامي: المصدر السابق،ج٣، ص٣٥٤; دوای سێ هەفتە کارکردن بە شێوەکی باش لە هەڵکەندن لەم بیرەدا کارەکانی هەڵکەندن وەستا لە قوڵایی(١٩٠٠-٢٢٠٠)پێ، بەهۆی کێشەی هونەری،دوای ئەوەی دەست کرا بە=

ئەو مافەی درابوو بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆ هەڵبژاردنی تەنها ٢٤ پارچە زەوی، لە کارەکانی کۆمپانیا بەدەر دەکەوێت، کە تەنها لە ویلایەتی موسڵ ئەم پارچە زەوییانەی هەڵبژارد، تەنانەت زۆرترین ئەو بیرانەی هەڵبژاردبوو بۆ هەڵکەنین لە ناوچەکانی کەرکوك و دەورووپشتی دابوون، ئەمیش زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت لەو ڕاپۆرتەی، کە کۆمپانیا ئامادەی کردبوو بۆ وەزارەتی گواستنەوە وئەشغالی عێراق لە ١٨-٢٤ ئابی ١٩٢٧ ئامادەکراوە بە ناوی (ڕاپۆرتی مانگی حوزەیرانی ١٩٢٧) بە ژمارەی (R2/6603)، ئەم ڕاپۆرتە هەموو کارەکانی کۆمپانیا لە پرۆسەی هەڵکەندنی بیرەکانمان بۆ دیاریدەکات، لە ناوەرۆکی ئەم ڕاپۆرتە هاتووە:"

١- باری جیۆلۆجی: کێۆماڵکردنی ناوچەی موسڵ ئەم مانگە تەواو بوو،ڕاپۆرت و نەخشەی تایبەتی بۆ ئامادەکراوە، هەروەها بیراود(Biraud) گەشتی کردووە بۆ چیای سنجار، هەموو کارەکانی وردبینی و پشکنین لە کەرکوك تەواو بووە....

٢- کارەکانی هەڵکەندنی بیرەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو:

- خشم الاحمر: لەم ناوچەیە هەڵکەندنی بیرەکە تا ٣١ تەموز،تاکو قوڵایی ٢٠٥٤ پێ ڕۆیشتوە، لە ماوەی ئەم مانگە کارەکانی دروستکردنی باڵەخانەیەکی بچووك وسیستەمی ئاوو کارەبا،ودروستکردنی عەمبارێك بۆ کۆکردنەوەی نەوت تەواوبوو.
- ئینجانە: ئەم ناوچەیەش بیرەکەی تاکو قوڵایی ١٠٧٥ پێ ڕۆیشتووە، هەموو باڵەخانەکان تەواو بووە لەگەڵ عەمباری نەوت، دامەزراندنی تاقیگەی جیۆلۆجیی،لەگەڵ ئەوەی دەستکراوە بە کۆکردنەوەی ئاو لەعەمبارەکان، ڕێگاکان لە باشووری ناوچەی حەمرین چاککراون.

---

=پرۆسەی هەڵکەندنی بیرەکانی تر،بڕوانە، Longrigg:op.cit,p.71;محمود عبدالله محمد المفرجي: البنية الجيولوجية لمنطقة كركوك...،ص ٩٢

- **بەڵكانە: لەم ناوچەیەدا دوو بیر لێدراوە بە ژمارە(١)و(٢) لە ژمارەی یەك كارەكان بەشێوەیەكی باش دەڕوات قولایی بیرەكەی تاكو١٢٩٠ پێ ڕۆیشتووە، لە بیری ژمارە دوو لە كاتی هەڵكەندن نەوتێكی بەهێز لەگەڵ گاز دەركەوتووە، كار بۆ ئامادەكردنی هەموو پێداویستەكان كراوە.**
- **تەرجل:كارەكانی ئەم بیرە لە مانگی ئاب دەستپێدەكات، بەڵام هەموو پێداویستەكان لە خانوو و ئاوو كارەبا وعەمباری كۆكردنەوە، ئامادەیە.**
- **باباگوڕگوڕ: كاری هەڵكەندن لە كۆتایی ئەم مانگە، لەم بیرە تاكو ٢٩٢ پێ ڕۆیشتووە، كارەكانی دروستكردنی خانووو ڕێگاو تاقیگەو دابینكردنی كارەبا تەواو بووینە، كار كراوە بۆ دروستكردنی عەمباری ئاو، كۆكردنەوەی نەوت لە عەمباری تایبەتدا، هەروەها وەركشووپێكی كاركردن ئامادەیە، بەڵام كارەكان لە ناوچەی كەركوك زۆر قورس و ئاستەمە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەوە.**
- **تاوق: كارەكانی ڕێگاو تۆڕی بۆڕی و دروستكردنی عەمباری ئاو، نزیكەی ٤٠٪ كارەكان تەواو بوون.**
- **گەیارە:لەسەرتادا دەست كراوە بە دروستكردنی باڵەخانەو ڕێگاوبان، كارەكانی تۆڕی بۆڕی تەواوبوون، كاركراوە بۆ پالاوگە، لەگەڵ پرۆسەی هەڵكەندن لە١٦تەمووز دەستی پێكراوە،بە كۆتایی مانگ قولایی دەگاتە ٣٠٠ پێ، سەرەتا دەركەوتنی نەوتێكی بەهێز وگاز لە قولایی دەركەوتووە[1].**

**ئەوەی شایەنی باس بێت ئەوەیە كە جگە لە ناوچەی باباگوڕگوڕ ، كە كارەكانی ئەنجامی هەبوو، كە لە دوایدا بەڕوونی باسی دەكەین، كارەكانی دەرهێنانی نەوتی زۆربەی زۆری ناوچەكان سەركەوتوو نەبوو نەبوو بە هۆی بوونی**

---

[1] Petroleum affairs، No .(R2/6603)،18-24/8/1927، in، R.O.I، Vol 3، 1927، pp.353- 354.

**بڕێکی زۆر لە فشاری گاز وئاو لەناو بیرەکان و بوونی چەند چینێکی قیرپی لە زەوییەکەیدا، کە کارەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی دواخست بۆ چەندین ساڵ**[1].

**ڕاپۆرتی مانگی حوزەیرانی١٩٢٧، ئاماژە دەکات بەوەی لە کۆتایی مانگ تیمێکی تر لە پسپۆڕانی بواری پیشەسازی نەوت گەیشتوونەتە ناوچەکە، کە پێکهاتبوون لە(ماکۆمبەر** (H.M . Macomber)**،کە پسپۆری چاودێری پرۆسەی هەڵکەندنی بیر بوو، ژمارەیەك لە دیچەر(بیرهەڵکەن) تیدابوو لەوانە (کۆلمان**C.L.Coleman) **و (کیمس**E.Kames) **و(فلیتچەر**L.Fletcher) **و(لیفلۆتەر**C.N.Leflore) **و(ڕۆبنسون**G.C.Robinson) **و(رایت**G.M.Wright) **و(سوویت**L.Sweet))[2].

**کۆمپانیای** (TPC)**هەموو هەوڵەکانی خۆی خستبووەگەڕ لە پرۆسەی پشکنین و هەڵکەندنی بیرەکانی نەوت لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ، بەڵام**

---

(1) **جارێکی تر دەست کرایەوە بە پرۆسەی هەڵکەندنی بیرە نەوتییەکانی ناوچەی گەیارە١٩٢٨ هەرچەندە بڕێکی زۆر لە نەوت بە ئەنجام گەیشت بەڵام جۆری نەوتەکەی باش نەبوو،چونکە نەوتەکەی لینجیی تێدا بوو، لە ساڵی ١٩٢٨-١٩٢٩ دوو بیری تر لە بەڵکانە لێدران، بەڵام بەهۆی فشاری زۆری ئاوو گاز سەرکەوتوو نەبوون، سێ بیری سەرنەکەوتوو لە ئەنجانە لێدرا، لە ناوچەی خۆرمۆڵا، کە ٤٠ میل لە ڕۆژهەڵاتی باشووری کەرکوك دایە کارەکانی سەرکەوتوو نەبوون، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٣١ قوڵایی بیرەکە گەیشتە٦٥٠٠ پێ، بەڵام جێهێلرا چونکە نەوتەکەی زۆر کەم بوو، لە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەو لە ناوچەی خانەق لە باشووری گەیارە دوو بیر لێدران، بەڵام گازی تێدا دۆزرایەوە نەك نەوت، ئامادەباشی کرا بۆ لێدانی بیر لە ناوچەی باکووری ڕۆژئاوای گەیارە، لە قیدار لەسەر زێی گەورە بیرێك لێدرا بە قوڵایی١٠٠٠ پێ ، بەڵام دەستی لێهەڵگیرا لەبەر ئەوەی زەویەکەی ووشك بوو،لە ناوچەی چەمچەماڵ لە ساڵی١٩٣٠ بیرێك لێدرا، بەڵام بڕی گازی زۆرتر بوو لە نەوت،لە ناوچەی بای حەسەن لە نێوان کەرکوك وزێی بچووك بەهۆی فشاری گاز هیج نەکرا،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ،**.Longrigg : op. cit ,p.71 ; **مجید عزت: المصدر السابق،ص٢٠.**

(2) Petroleum affairs، No .(R2/6603)،18-24/8/1927، in، R.O.I، Vol 3، 1927، pp.354- 355.

تاكو بەرواری ڕاپۆرتی مانگی حوزەیرانی١٩٢٧ كۆمپانیا هیچ ئەنجامێكی لە پرۆژەكانی هەڵكەندنی نەوت بە بڕێكی زۆری بازرگانی بەدەست نەهێنرابوو، ئەم حاڵەتەش دڵەڕاوكێی دروستكردبوو لەلایەن كۆمپانیا و ناوەندی سیاسی دەسەڵاتداران و ڕۆژنامەكانی بەریتانیا، بۆیە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە وەزارەتی داگیرگەكان ودەرەوە و كۆمپانیای (TPC) خستیەوە بەردەم پرسیارێكی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا و ڕۆژنامەكان وداوای ئەنجامی ئەو ململانێ دوورودرێژەی بەریتانییان دەكرد لەسەر ناوچەكانی میزۆپۆتامیاو ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی ، خەرجكردنی بڕێكی زۆر لە بوودجەی وڵات بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەم ناوچانە تەنها لە پێناو بوونی بڕێكی زۆر لە نەوت،كە لەدوارۆژدا بەریتانیا بتوانێت قەرەبووی هەموو خەرجیەكانی بكات لەم ناوچانەدا.

لە ئەنجوومەنی عموومی بەریتانیا لە ١٦ ئایاری١٩٢٧ چەندین پرسیار لەلایەن سەركردەی كۆماندور كینۆرثی (Kenworthy) ومستر ولیەم( Mr.T Williams) و مستەر هاردی (Mr.Hardie) ئاراستەی وەزیری داگیرگەكان ئەمیری(Amery)* دەكرێت، دەربارەی ئەوەی ئایا تاكو ئێستا نەوت دۆزراوتەوە بە شێوەیەكی بازرگانی لە ویلایەتی موسڵ یاخود هەر بەشێكی تر لە میزۆپۆتامیا؟، لەگەڵ چەندین پرسیاری تر، لە وەڵامی وەزیری داگیرگەكان دەڵێت:" كە ویلایەتی موسڵ ناوچەی كاركردنی كۆمپانیای نەوتی توركییە، بەڵام تاكو ئێستا هیچ بڕێكی نەوتی زۆری بازرگانی نەدۆزراوەتەوە...، كۆمپانیا كارەكانی تەنها لە ٥ی نیساندا دەستپێكردەوە، بەڵام لە ناوچەی

* ئیمیری(Amery): وەزیری داگیرگەكانی بەریتانیا بوو لەكاتی كێشەی موسڵ لە كۆمەڵەی گەلان بوو زۆر بەتوندی بەرگری لە لكاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەكرد، دەڵێن لە كاتی بڕیاری لكاندنی موسڵ دەرچوو لە كۆمەڵەی گەلان لەبەر هەڵوێستی ئیمیری موتەسەریفی شاری موسڵ پاركێكی لە شارەوانی شار ناونا بە(پاركی ئەمیری Amery Park)، بڕوانە، س.جي.ادموندز:المصدر السابق،ص ٣٨٣.

خانەقین(زەویــە گواســتراوەکان) لــە نزیــك ســنووری ئێــران بڕێکــی نــەوت دۆزراوەتــەوە، بــەڵام ڕێژەکــەی کــەم بــوو، جگــە لــەوەش ناوچــەی کــارکردنی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی بوو "[1].

ئـەو وەڵامـەی وەزیـری داگیرگـەکان ئـیمیری زیـاتر ڕەخنـەن و ناڕەزاییـەکان قـووڵتر دەکـات لەسـەر کارەکـانی کۆمانیـای (TPC)و پرۆژەکـانی بـەریتانیا لـەم ناوچەیەدا، لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بە ناونیشانی جیاجیا دەخرێتەڕوو.

ڕۆژنامەی دیلی نیۆز(Daily News) لە ١٩٢٧/٥/١٧ وتارێك بڵاودەکاتەوە بـە ناونیشـانی"خەونی نـەوتی عێراقـی، بێبەرهـەم"، لـە نـاوەڕۆکی وتارەکـەدا هـاتووە:" لـە ئـەنجامی ٣٠ سـاڵ ململانـێ وناکۆکی لـە نێـوان زلهێزەکـان لەسـەر ناوچـەی ڕۆژهــەڵات هـیچ دۆزینەوەیـەکی گرنگـی نـەوت دەسـتنەکەوت، دوای وەرگــرتنی ئیمتیــازی ١٩٢٥/٣/١٤ کۆتــایی هــات بــە ململانــێ لەســەر کێڵگــە نەوتییــەکانی ڕۆژهــەڵات، بــەم پێیــەش کۆتــایی بــە بەشــێکی دووردرێــژ لــە ململانێـی لـە مێـژووی جیهـان هـات ، ئـەو باسـەی دوای ئـەم ڕێککەوتنـە دەکـرا، دامەزراندنی هێڵـی بـۆڕی گـەورە بـوو، تـاکو کـەنارەکانی دەریـای ناوەڕاسـت، کـە زیـاتر لـە ١٠,٠٠٠,٠٠٠ پـاوەنی تێچـوو، هێنـری دۆبـس لـە سـاڵی١٩٢٤ باسـی ئەوەی کـردەوە، کـە (لـە توانادایـە بڕێکـی زۆر نـەوت بدۆزرێتـەوە)، شـا فەیسـەڵ ئامــاژەی کــردەوە، کــە جیهــان گــوێی لــە ڕووداوێکــی گــەورە دەبێــت لــە بــواری دۆزینەوەی نەوتدا، هێڵی بۆڕی درووستدەکرێت بۆ سەر دەریای ناوەڕاست"[2]، ئـەم لێدوانـەی ڕۆژنامـەی دەیلـی نیـۆز، تـەنها وەبیرهێنانـەوەی ئـەو مێـژووە دووردرێژەی ململانێ زلهێزەکان بۆ سەر ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ لە پێناو بوونی بڕێکی نەوت، ڕەخنەش لە سیاسەتی بەریتانیا، کە لە ململانێی لەسەر

[1] د.ك.و،الاستثمارات النفطية في العراق وحصة بريطانيا،رقم الملف(٣١٠) ، (From Kenworthy to Amery in 16/5/1927)، و١١، ص٣٧ .

[2] د.ك.و،الاستثمارات النفطية في العراق وحصة بريطانيا،رقم الملف(٣١٠) ،( Daily News in 17/5/1927) ، و١٠،ص٣٣

**ئـەم ناوچـەیە بووجەیـەکی زۆری خـەرجکردووە، بـەڵام کارەکـانی کۆمپانیـای (TPC) هیچ نەوتی نەدۆزیوەتەوە تاکو قەرەبووی زلهێزەکان بکات.**

**وەڵامــی وەزیــری داگیرگــەکان دەنــگ دانــەوەی گــەورەی دەبێــت لەســەر رۆژنامەکانـدا، ئـەوتا رۆژنامـەی (The Star) لە ١٩٢٧/٥/١٧ لە وتارێکیـدا بە ناونیشـانی" نـەوت لـە عێـراق زۆر نیـە، کۆتـایی خەونەکانـە، ١٣٠,٠٠٠,٠٠٠ پـاوەن لـە داهـاتی بـەریتانیا خرانـە ژێـر بیابانـەوە، پـارە بەرامبـەر بـە هـیچ"، هـەروەها لـە وتـارێکی تـردا هـاتووە" چـاوەڕوانی چ دەکـەیت، عێـراق فـانتۆم نیە"[1].**

**رۆژنامـەی(To-Day) لـە سـەر وتـاری رۆژی١٩٢٧/٥/٢٣ بـە ناونیشـانی" ملیۆنەکانی بەریتانیا لە رۆژهـەڵات"، وەك دەنـگ دانەوەیـەك لەسـەر وەڵامـەکانی ئیمیری دەڵێت:" لەساڵی ١٩١٨ بەریتانیا زیاتر لە ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پاوەنی لە میزۆپۆتامیا خەرجکردووە ، تاکو ئێساش بەرهەمی نییـە، و ئـەم بڕە پارەیـەش ناگەڕێتەوە..."[2].**

**رۆژنامـەی(John Bull) لـە ١٩٢٧/٥/٢٣ هـەمان هەڵوێسـتی دەبێـت لـەو وتارەی بڵاویکردۆتەوە بەناونیشانی" ...، پارچە زەویـەکی دەگمـەن، منـداڵێکی شیرە خۆرە"[3].**

**ئەنجوومـــەنی بازرگـــانی (نووســـینگەی وەبـــەرهێنان)وەڵامی ئـــەو پرسیارانەی(J.H. Hall)، کە لە ڕێگایی تەلەفۆنەوە کردبووی لە نووسراوێ بە ژمارە(P.D. 202/27) لە بەروارەی ١٩٢٧/٦/٩ دەڵێت:" ئاماژە بـەو پەیوەندییە تەلەفۆنییـە دەربـارەی پرسـیارەکەی کینـۆرثـي(Kenewrthy) لـە ئەنجوومـەنی عــەوومی لــە ١٩٢٧/٥/١٦ دەدات، داوای ڕوونکردنــەوە و زانیــاری تــەواوی**

---

[1] **د.ك.و،الاستثمارات النفطية في العراق وحصة بريطانيا،رقم الملف(٣١٠)،** (The Star in17/5/1927)**،و١٠، ص٣٤.**

[2] **المصدر نفسه،**(To-Day in17/5/1927) **،و١٠، ص٣٥.**

[3] **المصدر نفسه،**(John Bull in23/5/1927) **،و١٠، ص٣٦.**

کردبوو لە ڕووی پرۆسەی هەڵکەندن و پشکنینی نەوت لە میزۆپۆتامیا کردەوە، ئەو پرسیارانەی(Kenewrthy) گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەکانی کۆمپانیای(TPC)یەوە، کە تاکو ئێستا ماوەیەکی کەمە دەستکراوە بە کارەکانی، بەڵام ڕاپۆرتی ئابووری فراوان هەیە لەسەر کێڵگەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی لە ناوچە گواستراوەکان، لە ڕاستیدا بڕێکی زۆر کەمە، دەربارەی ئەو وەڵامەی بەڕێز(Amery) لە پەرلەمان خستیەروو لەم بابەتەدا ئێمە زۆر بەگونجاوی دەزانین، چونکە ئەمە ڕاستیە، دەتوانین بڵێین لە ڕووی پوختی پرۆژەکانی کۆمپانیا ناتوانین بلاوی بکەینەوە، ئەگەر لە کاتێکی گونجاو و لە ناوچەکانی عێراق حکومەت ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بلاوبکاتەوە بەپێدانی بڕی بەرهەمی نەوت وکانزاکانی تر، ئینجا دەتوانین ئاماژەی بۆ بکەین"[1].

لە ڕاستیدا کۆمپانیای (TPC)کارەکانی ڕووپێوکردنی جیۆلۆجی وپشکنین وگەڕانی لە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ دواکەوتبوو بەهۆی کێشەی سنووری، تاکو ساڵی١٩٢٦، کۆمپانیا ئامێر و دەزگاکانی هەڵکەندنی دواکەوتبوون، بەشێوەیەك لە ١٩٢٧/٤/٥ دەستی کرد بەکاری هەڵکەندن[2]، لەگەڵ ئەوەشدا، بەشداربووانی کۆمپانیا نەوتی تورکی وەك کۆمپانیا رۆیاڵ دۆچ/شێل و کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی وکۆمپانیای ستاندر ئۆیل ئوڤ_نیوجەرسی زۆر سوور نەبوون بە خێرایی لەبەرهەمهێنان نەوتی عێراقی، چونکە ئەم کۆمپانیایانە ئەوەند بیرە نەوتیان هەبوو لە کارکردندابوو هیچ پێویستیان بەپەلە نەبوو، ویستیان چاوەڕێ بکەن تاکو بازاڕی نەوتی جیهانی هەندێك بەرزبوونەوە بەخۆیەوە ببینێ،چونکە لە داشکاندابوو، بەڵام لایەنەکانی

---

[1] د.ك.و،الاستثمارات النفطية في العراق وحصة بريطانيا،رقم الملف(٣١٠) ،9/6/1927(From Board of Trade, to J.H. Hall, Colonial office, No.(P.D. 202/27) ،و٩،ص٣٢.

[2] S.H.Longrigg : op. cit ،p.71.

تری گرووپی ئەمریکی زۆر بە پەلە بوون بۆ وەبەرهێنانی نەوتی عێراق، چونکە ئەمە یەکەم پرۆسەی وەبەرهێنانیان بوو لە ناوچەی رۆژهەلاتدا[1].

لەوکاتەی ئەنجوومەنی عموومی بەریتانی و رۆژنامەکانی بەریتانی رەخنەو گلەیی توندیان ئاراستەی ناوەندی دەسەلاتی بەریتانی و کۆمپانیای نەوتی تورکی دەکرد، لەسەر ئەوەی بووجەیەکی زۆریان بە فیرۆ بردوە لە عێراق. لەو کاتەدا ناوەندی دەسەلاتی عێراق بیر لەوەدەکەنەوە کە نوێنەرێکی عێراقی دەستنیشان بکەن لە ئەنجوومەنی بەڕێوبەردنی کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی عێراق لە کۆمپانیا بۆ ئەوەی ئەو مووچەیە بۆ هەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمپانیا خەرج دەکرێت بە زووترین کات بچێتە باخەلیان، ئەوەتا شا فەیسەل نووسراوێك بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەنێریت بە ژمارەی(ر/٨/١٠١/٣٣٩) لە بەرواری ٢٣ حوزەیرانی ١٩٢٧، کە ڕەزامەندە لەسەر پێشنیازکردنی موزاحەم پاچەچی بە نوێنەری عێراق لە ئەنجوومەنی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە لەندەن[2]، ئەم نووسراوەی دیوانی پادشایەتی بەندە لەسەر ئەو نووسراوەی موزاحەم پاچەچی (نوێنەری سیاسی عێراق لە لەندەن) ناردبووی بۆ وەزیری دەرەوەی عێراق بە ژمارەی(١/٢٧٥) لە بەرواری٢٢ حوزەیرانی١٩٢٧،کە دەلێت:"... بۆیە پێشنیاز دەکەم، کە عێراق لە ڕیگای نوێنەری سیاسی عێراقەوە لە لەندەن نوێنەرایەتی بکرێت ،..."[3] .

**٤- هەلێنجانی نەوت لە باباگوڕگوڕ:**

لە٣٠حوزەیرانی ١٩٢٧ دەستکرا بەهەلکەندنی بیری ژمارە یەك(K1) لەسەر شێوەیەکی جیۆلۆجی لە ناوچەی باباگوڕگوڕ، کە زۆر دوور نەبوو لە

---

[1] حارث الزهاوي: المصدر السابق،ص٢٧.

[2] د.ك.و،البلاط الملكي، رقم الملف(1682)،من رئاسة ديوان الملكي الى مجلس الوزراء في ١٩٢٧/٦/٢٣،و١١، ص١٣. بڕوانە،پاشکۆی ژمارە(١٣).

[3] المصدر نفسه، من موزاحةم الامين الپاچەچی الى وزير الخارجية في٢٢/٦/١٩٢٧،و١٠، ص١٢. بڕوانە،پاشکۆی ژمارە(١٤).

ئاگری ئەزەلی، کە لە مێژوودا هەبووو،١٠کم دووربوو لە ناوەندی شاری کەرکوك، ئەم کارانە لەسەر داواکاری ئەو تیمە جیۆلۆجیە ئەنجام درابوو،کە لە ویلایەتی موسڵ دەستی بە کارەکانی کردبوو[1]، لە رۆژی ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لە ئەنجامی هەڵکەندنی بیری نەوت بڕێکی بازرگانی زۆر دۆزرایەوە لە باباگوڕگوڕ لەو کاتەی بیرەکە گەیشتبووە قوڵایی ١٥٢١* پێ، لە ناکاودا تەقیەوە و نەوت هەڵچوو بە زیاتر لە ٥٠ پێ** بەرەو ئاسمان بەرزبووە[2]، جۆری نەوتەکەی باباگوڕگوڕ زۆر باش بوو،تەنانەت ڕێژەی گۆگردی کەم بوو نزیك١-٢٪ بوو، پلەی سووکی٣٦ بوو، لەگەڵ ئەوەی باباگوڕگوڕ لەسەر دەریاچەیەکی نەوت بوو، بەرزی ئەم دەریاچەیە ٧٠٠مەتر بوو[3]. ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی گەورە بوو لە ناوچەکدا و کێڵگەیەکی نەوتی گرنگ بوو بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی دۆزرایەوە،چەند ساڵێك کۆمپانیا کارەکانی ڕاگرت، تەنها لەم ناوچەیەدا کاری دەکرد، سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە پیشەسازی نەوت لە جیهاندا.

بۆ زانیاری تەواو دەربارەی چیرۆکی بیری ژمارە(١)، کە لە تۆمارگەکانی فەرمانگەی هەڵکەندن لە کۆمپانیا تۆمارکراو، بەم شێوەیە باسی دەکات:" لە ١٩٢٧/٦/٣٠ دەست بە کاری هەڵکەندنی ئەم بیرە کراوە، لە کاتژمێری ٢ی سەر لە بەیانی رۆژی ١٩٢٧/١٠/١٥ تەقینەوەیەکی گەورە ڕووی دا لە ئەنجامی

---

(1) S.H.Longrigg :op. cit ،p.71;

روفائیل میناس: المصدر السابق،ص١٥;هارڤي اوکونور: المصدر السابق،ص٣٧٧;محمود عبدالله محمد المفرجي: البنية الجيولوجية لمنطقة كركوك...،ص٩٢

* ئەم بیرە بەردەوام لەم ئاستەی بەرهەمدا بوو، ولە دواییدا قوڵکرایەوە تاکو ٢٠٠٠پێی، تاکو ساڵی ١٩٤٠ بەرهەمی بەردەوام بوو، بەڵام بە هۆی جەنگی دووەمی جیهانی داخرا لەگەڵ ٤٧ بیری تردا.بڕوانە، مجلة اهل النفط، تشرين الاول سنة ١٩٥٧،العدد(٧٢)، بغداد،ص٨; عەبدوڵلا غەفور: سەرچاوەی پیشوو،ل ٧٢.

** بۆ ئاشنابوون بە وێنەی ئەم بیر لە کاتی هەڵێنجانیدا، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢٠).

(2) S.H.Longrigg : op. cit ،p.71;.هارڤي اوکونور: المصدر السابق،ص٣٧٧

(3) مجيد عزت: المصدر السابق،ص٢١.

هەڵچوونی نەوت وگاز و بەرد و ئاو و خۆڵ، کە ناوچەکەی هەژاند، لە ئەنجامی ئەم تەقینەوەیە ژمارەیەك لە کرێکاران و پسپۆرانی هەڵکەندن لەسەر دەزگای هەڵکەندن و ژەهراوی بوون، لە ڕۆژی دووەم دەست کرا بە دروستکردنی پەرژین لە خۆڵ بۆ کۆکردنەوەی ئەو ڕووبارە نەوتەی، کە ڕێرەوی دەکرد. لە ڕۆژی ۱۸/۱۷ی مانگ بڕی نەوت وگاز زیاتر هەڵچوو و کۆدەبوونەوە لە ناوچە نزمایەکاندا، بۆیە بارێکی قورسی بۆمان دروستکرد، لە ڕۆژی ۱۹ مانگ دەست کرا بە دانانی دەمەوان(صمام) لەسەر بیرەکەدا، ئەو بڕە نەوتەی مەزەندەدەکرا، کە هەڵچووە لە بیرەکەدا زیاتر لە ۱۲ هەزار تەن دەبوو[١].

بەلاّم وادیاربوو هەوڵەکانی پسپۆران وکرێکاران لە ڕۆژی۲۰ی مانگ سەرکەوتوو نەبوو بۆ داخستنی ئەم بیرە، بە هۆی فشارێکی زۆر لە نەوت و گاز، ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندان بە هۆی بۆنی گاز لە هۆش چوون، بۆیە لە ڕۆژی ۲۱ی مانگ جارێکی تر هەوڵدرایەوە بە دانی دەمەوان(صمام) لەگەڵ دابەزاندنی بۆڕییەکی چوار ئینجی بە درێژایی دوو میل بۆ گواستنەوەی گازەکەی بە جیا بۆ ناوچەیەکی دوورتر، لە کاتژمێری سێی دوای نیوەڕۆ لە۲۳ی مانگ توانرا بە ئەم جۆرە دەمەوان(صمام)دابنرێت، بەم شێوەیەش بیرەکە کۆنترۆڵ کرا، هەروەها مەترسی نەما لەسەر ناوچەکەدا، لە ڕۆژی دواتر نزیکە ٦٠٠ کەس کۆبوونەوە لە ناوچەکەو گوندەکانی دەورو بەری بۆ یارمەتی و پاککردنەوەی پاشماوەی نەوتەکە[٢].

هەمان کات مستر بوول(H.C.H. Bull)،کە لە کاتی تەقینەوەی بیری باباگوڕگوڕ بەڕێوبەری نووسینگەی کۆمپانیای نەوتی تورکی بوو لە بەغدا[٣]،لە ڕۆژی ۱۹۲۷/۱۰/۱٤بروسکەیەکی پێگەیشت لە کێڵگە نەوتییەکانی باباگوڕگوڕ، کە ئاماژەدەکات بەوەی نەوت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەڵقوڵاوە لەم بیرە،

---

[١] مجلة اهل النفط: المصدر السابق،ص٨.

[٢]المصدر نفسه،ص٨.

[٣] S.H.Longrigg : op. cit ،p.70.

**بۆیە یەکسەر بەرەو کەرکوك هات، مستەر بوول لە یادداشتەکانی خۆی بەهەمان شێوە باس لەم ڕووداوە گرنگە دەکات لە کاتی سەردانی بۆ کەرکوك، دەڵێت:" ئەم ڕووداوە خۆشە ئاهەنگی لە ناو کارمەندانی نووسینگەی کۆمپانیادا دروستکردو لە هەمان کاتدا بروسکەیەکم نارد بۆ لەندەن بەم هەواڵە خۆشە"** [1].

**شێوەی هەڵێنجانی نەوت لە باباگوڕگوڕ ئەوەند کتووپڕوو وبەهێزبوو، کە کۆمپانیای(TPC) سەری لێی سوڕمابوو لە چارەسەرکردنی، بۆیە داوای یارمەتی دەکات لە دەزگاکانی ناو شاری کەرکوك، ئەوەتا لە ١٩٢٧/١٠/٢٢ بروسکەیەك بە ژمارە(١٥٤٢٢) لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی بە پەلە دەگاتە دەست موتەسەریفی کەرکوك، کە لە ناوەڕۆکیدا هاتووە:" یارمەتی کۆمپانیای نەوتی تورکی بدرێت بەپێی توانا بۆ کۆکردنەوەی پێداویستییەیان لە کرێکار بۆ ناوچەی باباگوڕگوڕ بە هۆی سەرهەڵدانی نەوت لەم ناوچەیە زۆر پێویستە هەموو پێداویستەکانی خۆپاراستن بگرنەبەر"**[2]**، یەکسەر موتەسەریفی کەرکوك لە ڕیگای خۆیەوە وێنەی ئەم بروسکەیە بە نووسراوێك بە ژمارە(٣٠٢٧) لە بەرواری ٢٣/١٠/ ١٩٢٧ دەنێرێت بۆ بەرێوبەرێتی پۆلیسی کەرکوك، کە داوایان لێدەکات یارمەتی کۆمپانیای(TPC)بدەن** [3].

**واپیێ دەچێت، کە بەرێوبەرێتی پۆلیسی کەرکوك یارمەتیەکی زۆری بۆ کۆمپانیاکە دابینکردبێ لە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار لە ناوچەکانی دەورووپشتی باباگوڕگوڕ، چەند گوندێکی ناوچەکەی ڕاگوێزا بۆ یان، لەگەڵ دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیس بۆ چاودێریکردنی کارەکان و پاسەوانی کردنیان، ئەم زانیارییانە هەموو موتەسەریفی کەرکوك لە**

---

[1] **مجلة اهل النفط: المصدر السابق،ص٩.**

[2] **د.ك.و، وزارة الداخلية، رقم الملف (9770)،من وزارة الداخلية الى متصرفية لواء كركوك في٢٢/١٠/١٩٢٧، و١١، ص١٧. بڕوانە،پاشکۆی ژمارە(١٦).**

[3] **المصدر نفسه،كركوك متصرفي–لواء بوليس مدريتنه ٢٣/١٠/١٩٢٧، و٧، ص١٠،بڕوانە، پاشکۆی ژمارە(١٧).**

نووســــراوێکدا تۆمـــاری دەکـــات، بـــە نووســـراوی ژمـــارەی(٢٦٢٢١)لـــە ١٩٢٧/١٠/٢٧بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆی دەنێرێـت بـە ناونیشـانی(یارمەتیەکانی پۆلیس بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی)، کە لە ناوەڕۆکیدا هاتووە:" هەموو ئامادە کارییەکان کراوە لە کاتی هەڵچوونی نەوت لە باباگوڕگوڕ لـە ناوەڕاستی شـەوی ١٤/١٣ی تشـــرینی یەکـــەمی ١٩٢٧، هـــەروەها یـــەك دەســـتە لـــە پـــۆلیس ئامـادەکرابوون، کـە پێهـاتبوون لـە قۆمیسـەرێك و ٤٥ پـۆلیس کـە بـە درێـژای ڕێڕەوی نەوتەکە دانرابوون لە ماوەی١٧میل بۆ ئەوەی ڕێگا بگرن لە هاووڵاتیـان و دانیشتووانی ناوچەکە بۆ نزیك بوونەوە لـە نەوتەکەدا ،بۆیـە پۆلیس لەسەر ئەرکی خۆی بەوردی چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد.

دانیشتووانی هەردوو گوندی حەسەن ئاغا و قزلیار لـە بەرواری ٢٠/تشـرینی یەکـەمی ١٩٢٧ لەسـەر داواکاری زارەکـی بەڕێوبـەری گشـتی کۆمپانیـای نـەوتی تورکی ڕاگواستراون، چونکە زۆر نزیك بـوون لەناوچـەی کارەکانیـان، بۆ ئـەوەی دانیشتووان تووشی مەترسی نەبن.

لە سەرەتادا ٥ کەس گیانیان لە دەست داوە بەهۆی(گازی ژەهـراوی) نـەوت، سێ کەسیان کرێکار بوون و یەکێکیان دانیشتووان بوو و دوو کەسـەکەی تـر بـە ڕەگـەز ئێرانـی بـوون دووەکـەی تـر پسـپۆری ئـەمریکی بـوون.و بـەردەوامین لـە یارمەتی کۆمپانیا ..."[1].

ڕووداوی گرنگـی هـەڵقوڵانی نـەوت لـە بابـاگوڕگوڕ ڕەنگدانـەوەی لەســەر حکومەتی عێراقی دەبێت، ئەوەتا لە ١٧/١٦ تشرینی یەکەم ١٩٢٧ ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەردەبڕێت لەسەر هەڵبژاردنی موزاحـەم پاچەچی نوێنـەری سیاسـیی عێـراق لـە لەنـدەن، وەك نوێنـەری حکومـەتی عێـراق لـە ئەنجوومـەنی

---

[1] د.ك.و، وزارة الداخلية، رقم الملف (9770)،من متصرفية لـواء كركوك الى وزارة الداخلية في ١٩٢٧/١٠/٢٧، و٧، ص٩،بڕوانە، پاشکۆی ژمارە(١٨).

بەڕێوبردنی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە لەندەن، بەپێی ئەو نوسراوەی بە ژمارە(٣٨٤٦) ئاراستەی وەزارەتی گواستنەوە وئەشغاڵ کرابوو[١].

دوای سەرکەوتنی کۆمپانیای نەوتی تورکی لەسەر کۆنترۆڵکردنی بیری نەوتی باباگوڕگوڕ هەموو کارەکانی بە شێوەی یادداشتێك ئاراستەی دەزگاکانی دەوڵەتی عێراق دەکات، ئەوەتا نووسراوێك بە ژمارە(٨٠٦٥) لە بەرواری ٢٤ تشرینی یەکەمی١٩٢٧ دەنێرێت بۆ وەزارەتی گواستنەوە وئەشغال، کە ڕاپۆرتی لەسەر بیری باباگوڕگوڕ تێدایە، لە ناوەڕۆکیدا هاتووە:" ئەم بیرە بەتەواوەتی لە کاتژمێری ٣ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ١٩٢٧/١٠/٢٢ کەوتە کارکردن و باری فشاری لە ناو بیرەکە ١٧٠ لیتری بۆ هەر ئینجێکی چوارگۆشەدا، کاردەکرێت بۆ گواستنەوە و ڕاکێشانی نەوتی کۆکراوە لە دۆڵەکە بۆ ناو بیرەکە.، هەموو پێداویستەکان ئامادەکراون بۆ پاریزگاری لە ڕوودانی هەر سووتانێك لە کاتی ڕاکێشانی نەوت ..."[٢].وەزارەتی گواستنەوە وئەشغال ئەم ڕاپۆرتەی لەلای خۆیەوە لە بەرواری ١٩٢٧/١١/٨ ڕەوانە دەکات بۆ هەریەك لە سەرۆکایەتی دیوانی پاشایەتی و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و سکرتێری باوەڕپێکراوی سامی بەریتانیا لە بەغدا و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ، تەنها بۆ ئاگادارکردنەوە[٣].

وەزارەتی گواستنەوە وئەشغال نووسراوێکی تر بە ژمارە(٦٠٤٢) لە بەرواری ١٩٢٧/١١/١ بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنێرێت، کە وێنەی یادداشتێکی لەگەڵ دایە، کە لە بەرواری ١٩٢٧/١١/١ ئامادەکراوە لەلایەن وەکیلی

---

[١] د.ك.و،البلاط الملكي،رقم الملف (1682)،ن مجلس الوزراء الى وزارة المواصلات والاشغال في١٦ /١٩٢٧/١٠،و١٣،ص١٥.

بڕوانە، پاشكۆی ژمارە(١٥).

[٢] د.ك.و،وزارة الداخلية،رقم الملف (9770)،من شركة نفط التركية الى وزارة المواصلات والاشغال في٢٤/١٩٢٧/١٠،و١،ص ص ٥-٦. بڕوانە، پاشكۆی ژمارە(١٩).

[٣] المصدر نفسه ،من وزارة المواصلات والاشغال الى رئاسة ديوان الملكي في ١٩٢٧/١١/٨،و٥، ص٧.

ڕاوێژکاری وەزارەتی گواستنەوە وئەشغال دەربارەی بابەتی(هەڵچوونی نەوت لە باباگوڕگوڕ)، لە ناوەڕۆکی یادداشتەکەدا هاتووە:" سەردانی بارەگای کۆمپانیای نەوتی تورکی کرد لە باباگوڕگوڕ، لەشەودا نەوتێکی زۆر هەڵقوڵابوو، بۆیە دەوروپشتی بارەگاکان بە خۆڵ هەڵدرابوونەوە، ناچار هەموو نەوتەکە لە زەوییەکانی دەوروپشت کۆبوونەوە،بەڕێژەی پێوەری عەمبارەکە بەپلەی١٩٠ لتر بۆ هەر ئەنجێکی چوارگۆشە .

ڕۆیشتین بۆ دوڵەکە(الواد)، ئەم دۆڵە بەشێوەیەکی گونجاو بوو، کە وەك عەمبارێکی کۆکردنەوەی نەوت بوو، ئەم دۆڵە لە بەشی خوارووی چیاکە بوو، نەوتەکە تاکو بەشی رۆژئاوای ڕۆیشتبووو بە ئاستی دۆڵەکە نەوتە، ڕێرەوی کردبوو، بڕێکی زۆر نەوت کۆببووەوە لەم دۆڵە کە ٢٠-٣٠ پێ پانی و١٢پێ بە بەرزایی بوو.

کارکرابوو بۆ دروستکردنی چاڵێکی گەورە لە تەنیشت چیاکەدا وە دەوروپشتی بە خۆڵێکی زۆر هەڵماڵدرابوو.کارکرابوو بۆ چۆڵکردنی دۆڵەکە لە نەوت بۆ ئەم مەبەستە بۆڕی لە ناوچەی هەڵکەندنەکەوە راکێشرابوو، پەمپ دانرابوو لەگەڵ سێ عەمباری کۆکردنەوە لە پێناو هەڵمژینی نەوتەکە بۆ ئەو چاڵەی دروستکرابوو بۆ گواستنەوەی لە کۆتایی بۆ شوێنێکی تر لە پێناو سووتاندنی. چونکە مەترسی و گرفتی زۆر هەبوو..." [1].

---

[1] د.ك.و، وزارة الداخلیة، رقم الملف (9770)،من وزارة المواصلات والاشغال الى وزارة الداخلیة في ١/١١/١٩٢٧،و٩، ص ص١٢-١٣.

# ئه نجام

• شارەزابوونی مرۆڤ بە نەوت، مێژوویەکی کۆنی هەیە، وەك هەموو مادده و کەرەستەکانی تری ژیان لە کۆنەوە بەکارهێنراوە. مێژووی بوونی نەوتی لە باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو ،بەپێی دۆزینەوەی شوێنەوار لە ناوچەکانی گوندی (چەرموو)، لە ناوچەی کەرکوك بەتایبەتی لە(باباگوڕگوڕ) نەوت بوونێکی بەرچاوی هەبووە،لە شێوەی گازە سروشتیەکانی، کە ڕووە وئاسمان هەڵدەچێت وگڕ دەگرێت و ناسراوە بە ئاگری ئەزەلی باباگوڕگوڕ. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی پێنجەمی پێش زاین. بوونی ئەم سامانە سروشتییە لە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی وئابووریدا لە ناوچەکانی کەرکوك شوێنێکی تایبەتی درووستکردووە کە تەنها بۆ دانیشتوانی شارەکە نەبووە، بەڵکو بۆ کوردستان ومیزۆپوتامیاو ولاتانی دەوروبەریش سوودی هەبوو.

• گرنگی وڕۆڵ و بەکارهێنانی نەوت بە شێوەیەکی گەورە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەی سەند ، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بوو لە بواری دروستکردنی بزوێنەری سووتاندنی ناوەکی،هەروەها سەرهەڵدان وگەشەپێدانی هونەری هەڵکەندنی بیرە نەوتەکان ودەرهێنان وپالاوتن وگواستنەوە ودابەشکردنی نەوت، سەرهەڵدانی کۆمپانیای گەورەی کارا لەم بوارەدا، لەگەڵ لێکۆڵینەوە ودۆزینەوەی زانستی و پیشەسازی لە بواری نەوت کرا، بە هۆی ئەوە زیاتر توانی چالاکی بەرزی ئەم کەرەستەیە وەك هێزێکی وزەی بەرز دەرکەوێت، بەم پێیەش بەرهەمهێنان و پیشەسازی نەوت پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی نەك تەنها لە ئەمریکا و ڕوسیا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا، پاڵنەرێکی بەهێزبوو بۆ زلهێزەکان بۆ گەڕان بە دوای نەوت لە جیهاندا .

• بەپێی ئەو ڕاپورت و زانیارییانەی کە گەڕیدە ئەوروپییەکان تۆماریان کردبوو لە سەدەی هەژدەهەم لەسەر ناوچەکانی کەرکوك ودەوروبەری، ولاتانی ئەوروپی بەتایبەتی(ئەڵمانیا وبەریتانیا) ولاتانی تر، کە خوازیاری سیاسەتی بە

کۆڵۆنیالیکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵات بوون، دەستیان کرد بەناردنی تیم وشاندی پسـپۆر بـۆ گـەڕان بـەدوای دۆزینـەوەی نـەوت ودەستنیشـانکردنی ناوچـە نەوتییەکانی ویلایـەتی موسڵی عوسمانی و بەتایبـەتیش کـەرکوك. بۆیـە تیمـی زانستی جیۆلۆجی ڕۆژئاوایی لـە ساڵانی (١٨٧١) و(١٨٨١) دەگەنـە کوردستان ولـە ناوچـەی کـەرکوك دەسـت دەکـەن بـە گـەڕان و پشـکنین، لـە ئـەنجامی ڕاپۆرتەکانیاندا هاتبوو" کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری کێڵگەیەکی مەزنی شاراوەی نەوتە...". و کاربەدەستان ودەسەڵاتدارانی عوسمانی وئەڵمانی پـێ ئاگاداردەکەنەوە دوای ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ئەم زانیارییانەی پـێ دەگـا، لـە(١٨٧٩)ز موسـڵ دەکـات بـە ویلایـەت ،کـە پێکـدێت لـە سەنجەقەکانی(موسـڵ ، کـەرکوك ،سـلێمانی) بەمـەش کـەرکوك لـە مەڵبەنـدی ویلایەتی شارەزوور کرا بەسەنجقیك لە ویلایەتی موسڵ، ئەویش لەبەر بوونی نەوتەکەی بوو. پاشان لە دوای ئەم مێژووە کەرکوك دەبێتە ئامانجی سەرەکی تەماحەکانی زلهێزەکان.

- لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهەمدا ویلایـەتی موسڵ بەگشتی وکـەرکوك بەتایبـەتی جێی بایـەخ و گرنگـی دان بووە لـە لایـەن دەسـەڵاتداران وکەسایەتی تایبەت وجێولۆجیەکان و ڕۆژنامەوانەکان و ئەفسـەرانی سوپای زلهێزەکـان، کـە چەندین ڕاپۆرت و زانیاری تەواویان داوە بەدەستەوە، لە ئەنجامی ڕاپۆرتی ئەو پسپۆڕانە بەتایبەتی بە پێی زانیاریەکانی ناو نەخشەی ماونسلدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بوونی مەیدانەکانی نـەوت لـە میزوپۆتامیا هـەمووی دەکەوێتـە بەشـی ڕۆژهـەڵاتی ڕووبـاری دیجلـە، ئـەوەش ئـەوەمان بـۆ ڕووندەکاتـەوە، کـە زۆربەی مەیدانەکانی نەوت لە میزوبۆتامیا بە پێی ڕاپۆرتی جێولۆجییەکان لە کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم هـەمووی دەکەوێتـە ناوچـەی باشـووری کوردستان، هـەروەها بـە پێـی ئـەم زانیارییانـە گرنگترین مەیدانـەکانی ناوچـەی باشووری کوردستانیش کێڵگە نەوتییەکانی باباگوڕگوڕە لە کەرکوك.
- یەکەم لایەن، کە سوودی لـەم زانیارییانـە وەرگـرت دەوڵـەتی عوسمـانی بـوو بە تایبەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم  ئەوەتا سوڵتان فەرمانێك دەردەکات

لە ساڵی ١٨٩٠ز بۆ گواستنەوەی ئەم ناوچە نەوتییانە بۆ سەر گەنجینەی تایبەتی خۆی، لە ساڵی١٨٩٩ فەرمانیکی تر دەردەکات، کە هەردوو ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ وبەغدای لە خۆگرتبوو، لە ساڵی١٩٠٣ز فەرمانێکی شاهانە دەردەکات بەهەمان چەشنی فەرمانەکانی تر، ئەم فەرمانانەی سوڵتان گەورەترین بەڵگەیە، کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی گرنگییەکی زۆریان داوە بە نەوتی ویلایەتی موسڵ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، یەکەم دەستبەسەراگرتنی ناوچە نەوتیەکانی کوردستانە لە لایەن دەسەڵاتدار وحاکمی ئەو سەردەمەدا.

● پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین-بەغدا یەکێك بوو لەو پرۆژانەی کە ناکۆکی خستبوە ناو وڵاتە ئیمپریالسیتەکان، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەم. ڕێگاییەکی نویٚ بوو بۆ داگیرکردنی کوردستان ومیزۆپۆتامیاودەستبەسەراگرتنی نەوتی ئەم ناوچەیە،تەنها ئەڵمانیا ململانێی نەدەکرد بۆ دەستکەوتنی ئەم پرۆژەیە،بەڵکو ڕوسیا،فەرەنسا،ئەمریکا وبەریتانیاش لەدوایدا هاتنە ناو ئەم ململانێیەوە.

● گرنگی ئیمتیازی دارسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەوەدا بوو، کە بۆ یەکەم جار توێژینەوە وگەڕان کرا بە دوای نەوت لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش کوردستان، یەکەم ئیمتیازی نەوت بوو لەم ناوچەیەدا وکاریگەری لەسەر ململانێی کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان هەبوو بۆ دەستکەوتنی نەوتی ویلایەتی موسڵ، سیاسەتی بەریتانیا زۆر بەئاشکرا لەم ئیمتیازەی دارسی ڕووندەبێتەوە لە هەوڵەکانی بۆ دەستکەوتنی کانە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ دوایی لایەنگیری وپشتیوانی لە دارسی دەکات بۆ دەستکەوتنی ئیمتیازی ئەم ناوچانە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

● ئیتیحادییەکان هەر بەهاتنیان بۆ سەر دەسەڵات لە تورکیا لە ١٩٠٨ز، یەکسەر بڕیار دەردەکەن بۆ گەڕانەوەی ناوچە نەوتییەکان، کە سوڵتان لە سالاٚنی (١٨٩٠و ١٨٩٩و١٩٠٣) خستبوویە سەر خەزێنەی تایبەتی خۆی بۆ سەر خەزێنەی وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ گفتوگۆکانی ئیمتیازی

نەوتی ئەم ناوچانە لەگەڵ ئەوان بکرێت، بۆیە لەم قۆناغەدا ململانێی زلهێزەکان چڕتربوو بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت وداواکاری وخواستەکانیان بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکان باسی لێوەدەکرا.

- یەکەم هەوڵی فراوان لەلایەن ئەدمیراڵ جیستەر بوو، کە نوێنەرایەتی سیاسەتی ئەمریکای دەکرد لەم ململانێیەدا، ئەو داواکاریەی جیستەر پێشکەشی کرد بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز و دامەزراندنی تۆڕێك لە هێڵی ئاسنی بە درێژایی سیواس لە ناوەڕاستی ئەنادۆل تاکو سنوورەکانی باشووری کوردستان،گرنگترین پرۆژەبوو، چونکە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکرێت لە سەر ئەو زەوییانەی، کە بەهیچ شێوەیەك بەکارنەهێنراون زۆر دەوڵەمەندن بە سامانی سروشتی بەتایبەتیش نەوت، ڕاستەوخۆ بەناو شاری کەرکوکدا دەڕۆیشت، تەنانەت ئەو پرۆژە بەهێزەی هێڵی ئاسنی بەرلین –بەغداش هاوشێوەی نەبوو.
- کودەتای ئیتحادییەکان لە تەممووزی ساڵی١٩٠٨ هۆکاری ڕاستەوخۆ بوو بۆ گەڕانەوەی پەیوەندیی نێوان بەریتانیا ودەوڵەتی عوسمانی، بۆیە بەریتانیا بەهەڵی زانی دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکات لە ناوچە نەوتیەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی(ویلایەتی موسڵ و بەغدا)، بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە بخاتە بەردەم کۆمپانیاکانی بەریتانیا.
- لە هەنگاوێکی تری بەرژەوەندییە نەوتییەکانی بەریتانیا هەوڵی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تایبەت بوو بۆ دەستبەسەراگرتنی نەوتی ویلایەتی موسڵ، لەگەڵ ڕاکیشانی بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا، بۆ ئەم هەنگاوەش کۆمپانیای ئیمتیازاتی ڕۆژهەڵاتی وئەفریقی سنووردار دامەزرا، کە زۆر بەڕاشکاوی لە دەقی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە، کە ئامانج لە دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە بۆ دەستکەوتنی مۆڵەتی گەڕان و پشکنینی ئیمتیازی فراوانە بۆ پەرەپێدانی نەوتی ویلایەتی موسڵ. بۆ ئەم مەبەستەش ناوی کۆمپانیا دەگۆڕدرێت بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی و بەریتانییەکان هەوڵی ئەوەدەدەن، کە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ_فارسی بەشدار بکەن لەم کۆمپانیایە دوای ئەوەی نزیکەی ٥١٪

پشکەکانی لەلایەن حکومەتی بەریتانی کرابوون، لە ڕێککەوتنی ١٤ئاداری ١٩١٤ بەریتانییەکان سەرکەوتووبوون، کە پشکی ٥٠٪ کۆمپانیای نەوتی تورکی مسۆگەر بکەن بۆ ئەنگلۆ_فارسی، ڕێککەوتنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕێگا خۆش کەربوو بۆ دەستپێکردنەوەی هەوڵێکی نویٚ بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدا بۆ بەرژەوەندیی کۆمپانیای نەوتی تورکی .

- سەر لە نویٚ ڕێکخستنەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە سیاسەتمەدار و سەرۆکی کۆمپانیاکانیان بەشدارییان تیاداکرد ئاستی ململانێی لە سەر نەوتی ویلایەتی موسڵ بەرزتر کردەوە و بەپلەی یەکەم گرنگی درا بەم خاڵە لەگەڵ ئەوەی بە پلەی دووەم هەوڵی چارەسەری کێشەی هێڵی ئاسنی بەغداش درا لە نێوان بەرژەوندییەکانی زلهێزەکان لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەی نێوان بەریتانیا وئەڵمانیا لە ٢٨ حوزەیران١٩١٤ بەڵێنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ مسۆگەر دەکەن بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی،بیٚ گۆمان پێداگرییەکەی بەرژەوەندیە نەوتییەکانی بەریتانیا وئەڵمانیا لەوە سەرچاوەی گرتبوو،کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو داڕمان دەرۆیشت، پێداگری لەسەر نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی سەرچاوەی لەو زانیاریانە وەرگرتبوو، کە بە پێی ئەو نەخشەی ئامادەکرابوو لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا لە ٢٣ ئایاری ١٩١٤ کە بەڕوونی ویلایەتی موسڵ زۆرینەی کێڵگە نەوتییەکانی تێدایە لەچاو ناوچەکانی تر.
- گرنگی قۆناغی جەنگی یەکەمی جیهانی لەوەدا بوو، کە لە ڕێگای هێزی سەربازی زلهێزەکانەوە دەیانویست کۆنترۆلی ناوچە نەوتییەکان بکەن لە جیهاندا، هەروەها ئەمە فاکتەرێکی سەرەکی و پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچە نەوتییەکانی ڕۆژهەلات و بەتایبەتیش ناوچەی ویلایەتی موسڵ، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵی زیندووی نەوت لەم جەنگەدا زۆر ڕوون

تر بوو لەهەر کاتێکی تر، بەرهەم هێنانی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو، تەنها لە ساڵی ١٩١٤ بۆ ١٩١٥ بەرهەمی نەوت ١٩,٨٥٧,٠٠٠ تەن مەتری بوو بە ٥٩,٥٥٦,٠٠٠ تەن مەتری، بەتایبەتی لە نهێنییەکانی جەنگ دەستبەسەراگرتنی ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ وکەرکوك بوو. بۆیە ململانێیکە تەنها لە نێوان دوو زلهێزدا نەبوو بەڵکو بۆ یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندییە نەوتیەکان بوو لە نێوان هەموو زلهێزەکانەوە هەر بۆیەش ئەم ناوچەیە بوو بە گۆرەپانی جەنگ، بەڵام تواناو ڕۆڵ ودەستکەوتی بەریتانیا لە ناو ئەم ململانێیە زیاتربوو.

- بەپێی ڕێککەوتنی سایکس_پیکۆ لە ئایاری ١٩١٦، بەریتانیا توانیویەتی لەگەڵ فەرەنسا لە ژێر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە دووبارە جیهانی رۆژهەلأت لە نێوانیان خۆیاندا دابەش بکەن. بەلأم بەریتانیا هیچ گرنکی نەدا بەم رێکەوتنە تەنها بەرژەوەندییەکانی لە کەنداوی فارسی چەقی نەبەستبوو، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی لە ویلایەتی موسڵ دەوستا بەپێی وتەکەی لۆرد کرزن، کە دەڵێت" هەڵەیە باس لەوەبکەین، کە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی بەریتانیا تەنها لە ناوچەی کەنداو دایە، یاخود لە نێوان بەغدا و بەسرە دایە، بەڵکو بەرژەوندییەکانی بەریتانیا تاکو باکووری بەغداش دەڕوات" بۆیە داگیرکردنی شاری کەرکوك ویلایەتی موسڵ بەگشتی لە تێزو وتوێژینەوەی نوێدا لەو هۆکارە سەرچاوەی گرتبوو، کە ڕۆڵی نەوت هیچی کەمتر نەبووە لەو فاکتەرە ستراتیژییانەی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە هاندانی بەرپرسانی بەریتانیا بۆ داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ وکەرکوك بەتایبەتی لە دوای مۆدروس .
- بارودۆخی دوای جەنگی یەکەمی جیهان تاکو کۆتایی بە کۆنگرەی لۆزان١٩٢٣ دێت، بارودۆخێکی پڕ لە گۆڕانکاری لە سیاسەتی زلهێزەکان بەدی دەکرێت لەسەر ئاستی نێودەولەتی و هەرێمیدا، بەتایبەتی لەسەر چارەنووسی گەلی کوردستان، بۆیە دابەشکردنی کوردستان بەگشتی و یلایەتی موسڵ، کە زۆرینەی بەشەکانی باشووری کوردستان دەگرێتەوە، لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێزو بەرژەوەندییە بالأکان و بەتایبەتی بەرژەوەندیی نەوتدا لە نێوان ولأتە

زلهێزەکـانی جیهـان و دەوڵەتـە هەرێمیـەکانی وەك تورکیـای نـوێ و عێراقـی عـەرەبی نـوێ دابەشکرا، کـە فاکتـەری بنچینـەیی چاوتێبڕینی هـەمووان بـوو بـۆ دەسکەوتنی پشکێك لە نەوتی ناوچەکە و بەتایبـەتی نـەوتی کـەرکوك، دەتـوانین بڵێین، کـە چارەنووسـی گـەلی باشـووری کوردسـتان لـە ڕێککـەوتن و بەڵێنـەکانی زلهێزەکانەوە کەوتە ژێر کاریگەری توندی مەسـەلەی نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ و ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی.

- سیاسەتی بەریتانیا ڕۆڵێکی بەهێزی دەبێت لـە دەسبەسـەراگرتنی ناوچـە نەوتییەکانی باشووری کوردستان، کە لە پێش جەنگ کاری بۆ کردبوو، ئـەوەتا بەریتانیا دەستهەڵدەگرێت لە هەموو ئەوە بەڵینانەی لەکاتی جەنگدا دابووی بـە لایەنی زلهێزەکانی هاوپەیمانان ولە دوایش ئەو بەڵینانەی بە دانیشـتووانی ئـەم ناوچانەی دابوو ، یەکەم هەنگاوی بەریتانیا لە دوای جـەنگ پاشـگەزبوونەوە لـە ڕێککەوتنامەی سایکس_پیکۆ وداگیرکردنی ویلایەتی موسڵ بوو، کە ناوچـەی دەسەڵاتی فەرەنسا بوو، بۆ ڕازیکردنی فەرەنسا چەندین ڕێککـەوتنی نـاڕەسمی ورەسمـی ونێودەوڵـەتی بەسـت تـەنها بـۆ ئـەوەی ئـەم ناوچـانە لـە ژێـر دەسـتی فەرەنسا دەربکات و دەستبەسـەرگرتنی نـەوتی ناوچەکە مسـۆگەر بکـات، بـەپێ ڕێککـەوتنی لـۆنگ_بیرانجیـە و ڕێککەوتننامـەی سـان_ریمـۆ پشـکی ٢٥٪ لـە کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی بەخشـی بـە فەرەنسـا لـە بەرامبـەردا فەرەنسـا بـە یەکجارەکی دەستی هەڵگرت لەسەر ویلایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا، جگـە لـەوەش فەرەنسـا ڕێگـا خـۆش دەکـات بـۆ دامەزرانـدنی تـۆڕێکی بـۆڕی بـۆ گواسـتنەوەی نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ بـۆ سـەر دەریـای ناوەڕاسـت. لـە ئـەنجامی ئـەم ڕێککەوتنـەدا زلهێزەکـان بڕیاریانـدا بـە دامەزرانـدنی چـەند دەوڵـەتێکی نـوێ لـە ناوچـەکەدا و خرانـە ژێـر مانـدێتی بـەریتانیا و فەرەنسـا، بـەڵام ئامـادە نـەبوون چارەنووسـی کوردسـتان دیـاری بکـەن تەنانـەت بڕیـار لەسـەر پـڕۆژە مەرجکراوەکانی بەریتانیاش بدەن.

- گرنگـی نـەوتی ویلایـەتی موسـڵ و بەشـێوەیەکی تایبـەت نـەوتی کـەرکوك ڕۆڵیکـی گـەورەی دەبێـت لـە سـەر هـەردوو ڕێککەوتننامـەی (سیڤر) و(لـۆزان)دا،

چونکە گرنگی ئابووری و ستراتیژی دەبن بە دوو هۆکاری یەکلاکەرەوە دەبێت لە بەردەم ئاراستەی سیاسەتی زلهێزەکان بەرامبەر بە دۆزی کورد.

- هەرچەند پەیمانی سیڤر بۆ یەکەمین جار لە مێژووی یاسای نێودەوڵەتیدا، بە بەڵگەنامەیەکی یاسایی و سیاسی ناسرا، کە ڕاستەوخۆ باس لە کێشەی کورد بکات و نەخشە ڕێگای بۆ دانێ، بەلاّم لە بەندەکانیدا وا ڕوون دەبێتەوە، کە جێبەجێنەکردنی ئەم پەیمانە کوردستان بەرەو دابەش بوون دەبرد و پارچە پارچەی دەکرد، ئەم پەیمانە شێوەیەکی یاسایی دا بە ڕێککەوتنی سان_ریمۆ، ئیمتیازی نەوتی کوردستان وبەتایبەتی نەوتی کەرکوك، کە لە چوارچێوەی ئەودا ئیمتیاز بە کۆمپانیای نەوتی تورکی بەخشرابوو لەلایەن عوسمانیەکانەوە لە ساڵی ١٩١٤ خاڵەکانی ئەم ئیمتیازە دوورنەبوو لە داڕشتنەوەی لەناو سیڤردا لە بڕگەکانی ٣١٠-٣١٥. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەیمانی سیڤر بەم هەموو کەموکوڕییەوە و گۆڕانگاریەی تێیدا بوو، ململانێی و ناکۆکی لە نێوان ولاّتە زلهێزەکان (بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکا) زیاتر دەبوو.
- یەکەم ڕاگەیاندنی خاوەنداریەتیی نەوتی ویلایەتی موسڵ دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقیەوە دەردەچێت، هەروەها لایەنی تورکی بەپێی بنەماکانی میساقی نیشتمانی تورکیا، کە داوای گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵی دەکرد بۆ ناو سنوورەکانی دەوڵەتی نوێی تورکیا.
- ئەمریکاییەکان لە ڕێگای سیاسەتی(دەرگای کراوە-Open Door) دەیانویست بەرژەوەندییە نەوتییەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن لەم ناوچەیەدا. بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە نێودەوڵەتی و هەرێمییانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدن، ململانێی توندی زلهێزەکان وبەتایبەتی ئەمریکا لە سەر دابەشکردنی نەوتی ویلایەتی موسڵ، قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری ڕوودەدا لە سیاسەتی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، لە پێناو نەدۆڕانی بەرژەوەندیی نەوتییەکانی، ملکەچ دەبێت بۆ زلهیزەکان و دەوڵەتە نوێیەکانی ناوچەکە، بێگۆمان لەسەر حیسابی دۆزی کورد.

• گرنگی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەشێوەیەکی تایبەت نەوتی کەرکوك ڕۆڵیکی گەورەی دەبێت لە سەر کۆنگرەی لۆزان، ئەوەتا شاندی تورکی وەك شاندی بەریتانیا لە کۆنگرەی لۆزان دەیویست دەستبەسەراگرتنی ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ ڕاکێشانی پاڵپشتی و لایەنگری دەوڵەتان بۆ لای دۆزی خۆیان بەکاربێنن، ژمارەیەکی زۆر لە سەرمایەدار و پیاوانی پیشەسازی نەوتی و کۆمپانیای گەورەکانی نەوتی جیهان لەم کۆنگەرەیەدا بەشدار بوون، کۆنگرە توانیویەی بۆ یەکەم جار گرووپی کۆمپانیا ئەمریکاییەکان ڕاکێشێت بۆ کۆبوونەوەی فەرمی لە گەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دانپێدانێکی سەرەتایی ئەمریکایە بە شەرعیەتی ئیمتیازی کۆمپانیا، بۆیە لە ئەنجامی بڕیارەکانی کۆنگرەدا جەخت کرایەوە لەسەر ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ساڵی١٩١٤ بەپێی هەردوو بڕگەی (١) لەبەشی یەکەم وبڕگەی(٩) لە بەشی دووەمدا. لە لۆزان، کە هەم کێشەی سنووری ویلایەتی موسڵ و هەم مافی دانیشتووانی ناوچەکە، کە زۆرینەی کورد بوون هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزرایەوە، بەڵام هەردوو دۆزەکە گوازرانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆکانی کومەڵەی گەلان بگرە، لەوەش زیاتر ئەو مافانەی ڕابردوو بە پێی پەیمانی سێڤر پێیان درابوو کرایە قوربانی بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و لەبەر چاوی کاڵی مستەفا کەماڵ هیچ باسییان لیوە نەکرا، تەنانەت ئەو بەڵێن و مافانەی درابوون لە لایەن بەریتانیاو تورکەکان هیچیان جێبەجێ نەکران، کە هۆکارەکەشی تەنها بۆ بەرژەوەندییە نەوتیەکان دەگەڕێتەوە.

• لەقۆناغی دوای کۆنگرەی لۆزانیش ،هەر چوار گرووپ، کە چاویان بڕیبووە کۆمپانیای نەوتی تورکی،بەوەی کە کۆمپانیا دەست بکات بە گفتوگۆ بە زووترین کات لەگەڵ حکومەتی عێراق، بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك، کە مافی بەخشینی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە پەرەپێدان و بەکارخستنی کێڵگە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ، لە ژێر سەروەری دەوڵەتی عێراقدا مسۆگەرکەن. هێنری دۆبس و وەزارەتی داگیرکەکان هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆکان فشارێکی زۆری خستە سەر حکومەتی عێراق بۆ ملکەچ بوون

بەهەموو مەرجەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی، لەلایەکی تریش وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا داوا لە وەزارەتی داگیرکەکان دەکات هیچ هەنگاوێك نەنێت بۆ مۆرکردنی ئیمتیاز، تاکو کێشەی ویلایەتی موسڵ چارەسەر نەکرێت و کۆمپانیای نەوتی تورکی نەگاتە ڕێککەوتنێکی کۆتایی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تردا، بە تایبەتی ئەمریکا وفەرەنسا، لەلایەکی تریش چەندین جار دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هەڕەشەی گەڕانەوەی موسڵیان دەکرد بۆ تورکیا ئەگەر عێراق ئیمتیازی نەوت نە بەخشێت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی، بۆیە حکومەتی عێراق زۆر بە ئاشکرا ڕادەگەیەنی(بڕی ٤ شلن زۆر باشترە لەوەی بدرێت بە حکومەتێکی تر)، کە چەند دەستکەوت لەم ویلایەتە دەستکەوێت ئەوەندە قازانجی بۆ عێراقی عەرەبی تێدایە، چونکە باش دەزانن ئەم ناوچەیە هیچ رۆژێك لە رۆژان سەر بە جوگرافیای ویلایەتی بەغداو بەسرە نەبووە.

- نەوتی باشووری کوردستان و بەتایبەتی نەوتی کەرکوك پەیوەندییەکی فراوانی دەبێت بە کێشەی موسڵ هەر لە سەرەتای دامەزراندنی لیژنەی سنوور و دەست بەکاربوونیان لە لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی موسڵ لەسەر گۆڕەپانی ناکۆکیکردن تاکو کاردانەوەی لەسەر بەخشینی ئیمتیازی نەوتی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق بە کۆمپانیای (TPC)، تەنانەت دامەزراندنی لیژنەی سنووری نێوان تورکیا وعێراق بە تاکتیکی بەریتانیا بوو، لەو رۆژەی لیژنەی سنووری نێودەوڵەتی گەیشتە موسڵ بۆ حکومەتی عێراق ڕوون بووەوە، کە کۆمەڵەی گەلان ڕێگا نادەن بە هێشتنەوەی ویلایەتی موسڵ لە چوارچێوەی عێراقدا ئەگەر ئیمتیازی نەوت نەبەخشرێت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی، لیژنەی سنووری نیودەوڵەتی، لە ژێر کاریگەری هێنری دۆبس و کۆمپانیای نەوتی تورکی دابوو. لە ئەنجامدا لیژنەی سنوور فشار دەخاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وفەرەنسا، کە بەشداری بکەن لە کۆمپانیای نەوتی تورکی، هەروەها هەڕەشەی دەکرد بە دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ لە نێوان عێراق وتورکیا، ئەگەر پشتیوانی بەریتانیا نەکەن لە کێشەی موسڵ. پرسی

ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسلٚ دەبێتە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی موسلٚ، تەنها بە چارەنووسی یەك لاکەرەوەی لکاندنی ویلایەتی موسلٚ بە عێراقی عەرەبی، ئیمتیازی نەوت دەبەخشرێت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی، دوابەدوای ئەم ڕووداوە هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا لە عێراق دەستیان دایە هێرشکردنێکی فراوان لە دژی لایەنگرانی شێخ مەحموود لە سلێمانی، تەنها بۆ ئەوەی بارودۆخ گونجاو بکەن بۆ ئەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی کارەکانی ئەنجام بدات لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی زلهێزەکان دڵنیا بن لە سەرمایەکانیان.

- دوای ئەوەی لیژنەی سنوور دڵنیا بوو لەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی ئیمتیازی نەوتی دەستکەوت لە ویلایەتی موسلٚ، بڕیاری کۆتایی درا بە لکاندنی ویلایەتی موسلٚ بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبی، بەپێی ئیمتیازی ١٤ ئاداری ١٩٢٥ ماف پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی(کەرکوك وناوچەکانی تری باشووری کوردستان)و ویلایەتی بەغدای پێدرابوو، بۆیە بەرازیکردنی عێراق بە (٤شلن) لە نەوتی باشووری کوردستان و بڕی ١٠٪ ئەم (٤شلن) بە تورکیا، تەنها بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان دەستەبەربکرێن لەم ناوچەیەدا، لە ئەنجامی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان وڕێکخستنەوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە نێوان کۆمپانیا نەوتییەکانی زلهێزەکان، ودەستپێکردنی پرۆسەی پشکنین وگەڕان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ناوچەوکانی ئیمتیاز لە ویلایەتی موسلٚ ودەستپێکردنی پرۆسەی هەڵکەندنی بیرە نەوتییەکان لە ١٤ تشرینی یەکەمی١٩٢٧ نەوت تەنها لە باباگوڕگوڕ دەرهێنرا ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی گەورە بوو لە ناوچەکدا و کانێکی نەوتی گرنگ بوو کە بۆ کۆمپانیای نەوتی تورکی دۆزرایەوە، چەند ساڵێك کۆمپانیا کارەکانی ڕاگرت تەنها لەم ناوچەیەدا کاری دەکرد، سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە پیشەسازی نەوت لە جیهاندا. و قۆناغێکی نوێی لە ململانێی وبەربەرکانی نێودەوڵەتی وهەریمیٚ درووست دەبێت لەسەر ئەم شارە کە درێژەی دەبێت تاکو ئەمرۆ.

# لستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ بەڵگەنامەکان:**

**أ- بڵگەنامەی بلاونەکراوە بەزمانی عەرەبی:**


١. دار الكتب والوثائق/بغداد,ملفات البلاط الملكي, رقم الملف(1665),من وزارة العدلية الى وزارة المالية في ١٩٢٤/١/٢١, و١٠,ص ٨٥.

٢. -----,-----, رقم الملف(1682),من شركة نفط التركية الى رئاسة ديوان الملكي في١٩٢٧/٣/٢٤, و٤,ص٥.

٣. ------,------,------,من مجلس الوزراء الى وزير الدفاع في ١٩٢٧/٣/٣٠, و٩,ص٨.

٤. ------,------, ------, من مزاحم الامين الپاچەچی الى وزير الخارجية في ١٩٢٧/٦/٢٢,و١٠, ص١٢.

٥. ------,------,------, من رئاسة ديوان الملكي الى مجلس الوزراء في ١٩٢٧/٦/٢٣,و١١, ص١٣.

٦. ------,------,------,من مجلس الوزراء الى وزارة المواصلات والاشغال في ١٦ /١٩٢٧/١٠,و١٣,ص١٥.

٧. ------,ملفات وزارة الداخلية, رقم الملف (9770),من وزارة الداخلية الى متصرفية لواء كركوك في١٩٢٧/١٠/٢٢, و١١, ص١٧.

٨. ------,------,------, كركوك متصرفي -لواء بوليس مدريتنه ١٩٢٧/١٠/٢٣, و٧, ص١٠.

٩. ------,------,------,, من شركة نفط التركية الى وزارة المواصلات والاشغال في١٩٢٧/١٠/٢٤,و١,ص ص ٥-٦.

١٠. ------,------,----, من متصرفية لواء كركوك الى وزارة الداخلية في ١٩٢٧/١٠/٢٧, و٧, ص٩.

١١. ــــــ,ـــــــ,ــــــ,مــن وزارة المواصــلات والاشــغال الى وزارة الداخلية في ١٩٢٧/١١/١,و٩, ص ص١٢-١٣.
١٢. ــــــ,ـــــــ,ــــــ,مـن وزارة المواصـلات والاشـغال الى رئاسـة ديوان الملكي في ١٩٢٧/١١/٨,و٥, ص٧.
ب- بڵگەنامەی بلاونەكراوە بەزمانی ئینگلیزی:
١٣. دار الكتب والوثائق/بغداد, ملفات الاستثمارات النفطية في العراق و حصة بريطانيا, رقم الملف (٣١٠), (Confidential Memorandum to be Returned to The Colonial Office in 1927), و٤,ص ص١٦-١٧.
١٤. ـــــ,ـــــ, ــــــ, (From Kenworthy to Amery in 16/5/1927), و١١,ص٣٧.
١٥. ـــــ,ـــــ,ــــــــ,( Daily News in 17/5/1927), و١٠,ص٣٣.
١٦. ـــــ,ـــــ,ــــــــ,(The Star in17/5/1927), و١٠,ص٣٤.
١٧. ـــــ,ـــــ,ــــــــ,(To-Day in17/5/1927),و١٠,ص٣٥.
١٨. ـــــ,ـــــ,ــــــــ,(John Bull in23/5/1927), و١٠, ص٣٦.
١٩. ـــــ,ـــــ,ـــــ,(From Board of Trade, to in 9/6/1927 J.H. Hall, Colonial office,No.(P.D.202/27), و٩,ص٣٢.
ج- بڵگەنامە بلاوكراوەكان بەزمانی كوردی:
٢٠. فوئاد حەمە خورشید: كەركوك لە بەڵگەنامەكاندا,ور/نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو,دەزگای وەرگێڕان,هەولێر,٢٠٠٧.
د- بڵگەنامە بلاوكراوەكان بەزمانی عەرەبی:
٢١. صـورة المقاولـة المنعقـدة بـين الحكومـة العراقيـة و شـركة الـنفط التركيـة المحدودة في ١٤/أذار/١٩٢٥,طبع في مطبعة الحكومة, بغداد,١٩٢٦.

٢٢. عبـدالفتاح علـي يحيـى البوتـاني: وثـائق عـن الحركـة القوميـة الكورديـة التحررية, مؤسسة موكرياني,اربيل,٢٠٠١.
٢٣. قاسم احمد العباس:وثائق النفط في العراق,ج١وج٢ ,شركة النفط الوطنية العراقية,بغداد,١٩٧٥.
٢٤. كامل السامرائي: القوانين الخاصة بالنفط,مطبعة أسعد,بغداد,١٩٦٩.
٢٥. وليد حمدي: الكورد و كوردستان في الوثائق البريطانية دراسة تاريخية وثائقية,لندن,١٩٩١.

د- بڵگەنامە بلاوكراوەكان بەزمانی ئینگلیزی:

26. Records of Iraq 1914-1966,(Vol 1:1914-1918), Archive Editions, UK,2001.
27. Records of Iraq 1914-1966,(Vol 2:1918-1921), Archive Editions, UK,2001.
28. Records of Iraq 1914-1966,(Vol 3:1921-1924), Archive Editions, UK,2001.
29. Records of Iraq 1914-1966,(Vol 4:1925-1927), Archive Editions, UK,2001.
30. J.C.Hurrewitz: Diplomacy in the Near and Middle East(A Documentary Record:1535-1914), Vol I, (D.Van Nostrand Company,INC.),(New Yourk-1956).
31. J.C.Hurrewitz: Diplomacy in the Near and Middle East(A Documentary Record:1914-1956), Vol II, (D.Van Nostrand Company,INC.),(New Yourk-1956).

دووەم/ ڕاپۆرتەكان:

٣٢. دور احتكـار الـنفط الـدولي في العراق(وهـو الفصـل الرابـع مـن تقريـر لجنـة التجـارة الاتحاديـة الاميركيـة عـن احتكـار الـنفط الدولي),مطبعـة الرابطـة, بغداد,١٩٦٠,.
٣٣. ولايـة الموصـل, تقريـر لجنـة عصبة الامـم الخاصـة بحـل النـزاع التركـي- البريطـاني حـول ولايـة الموصـل, مراجعـة وتحقيق/عبـدالرزاق محمـود القيسي,مركز كوردولوجي,سليمانية,٢٠٠٩.

**سێیەم/ کتێب:**

**أ- کتێب بە زمانی کوردی:**


٣٤. ا.م.متیشاشفیلی:کورد,ور/عیزەدین مستەفا ڕەسوول ,لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕوشنبیری,سلێمانی,١٩٩٩.

٣٥. ئەحمەدعوسمان ئەبوبەکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا, ور/موحەمەد نوری تۆفیق,دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم, سلێمانی, ٢٠٠٠.

٣٦. ئەحمەد نەقیب زادە:مێژووی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان (١٦٤٨-٢٠٠٤),ور/مستەفا مەعروفی, دەزگای موکریانی, هەولێر,٢٠٠٨.

٣٧. ئاکۆ عبدالکریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢, چاپخانەی زانست,سلێمانی,٢٠٠٢.

٣٨. بایزید حسن عبدالله: سامانی نەوت وگاز عێراق, چاپخانەی کارۆ,سلێمانی,٢٠٠٨.

٣٩. بەختیار سەعید مەحمود: کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا(لێکۆلێنەوەیەکی ڕامیاری وئابووری), دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی, سلێمانی, ٢٠٠٩.

٤٠. پشکۆ حەمە تاهیر: شاری کەرکوك(١٩١٧-١٩٢٦),دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی,سلێمانی,٢٠٠٧.

٤١. جمال ڕەشید ئەحمەد:کەرکوك و ناوچەی گەرمیان ومافی کۆنترۆڵ کردنیان لەلایەن کوردەوە,دەزگای موکریانی,دهۆك , ٢٠٠٨.

٤٢. جەمال خەزنەدار: ڕۆژی کوردستان(١٩٢٢-١٩٢٣), وەزارەتی ڕاگەیاندن, بەغدا,١٩٧٣.

٤٣. حسێن مەدەنی: کوردستان وستراتیژی دەوڵەتان, بەرگی یەکەم,چاپخانەی رۆژهەلات,هولێر,٢٠٠٩.

٤٤. رادوڤان پاڤیچ: جولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی وسیاسی,ور/مەحمود مەلا عززەت, سوید,١٩٨٥.

٤٥. ژاك ریتۆرێ: گەشتنامەی مسیۆنێریك بۆ ناوچەکانی کەرکوك وسلێمانی,ور/ نەجاتی عەبدوڵلا,بنکەی ژین, سلێمانی, ٢٠٠٨.

٤٦. سمكۆ به هرۆز محەمەد(ئەژی): گۆڕانە ئابوورییەکانی کەرکوك لە روانگەی سەردەمە مێژووییەکانەوە,دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی, سلێمانی, ٢٠٠٩.
٤٧. عبدالخالق علاءالدین: مەلای گەورە (زاناو ئەدیب وشاعیر),چاپخانەی منارە,چ٢,هەولێر,٢٠٠٩.
٤٨. علاءالدین سجادی: شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق,چاپخانەی مەعاریف,بەغدا ,١٩٥٩.
٤٩. عەبدوڵلا غەفور:جوگرافیای ئابوری نەفت لە کوردستاندا,چاپی دووەم,چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری,سلێمانی,٢٠٠٢.
٥٠. کامەران ئەحمەد محەمەد:کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی وناوچەییدا(١٨٩٠-١٩٣٢),دەزگای سەردەم, سلێمانی,٢٠٠٠.
٥١. کاوە نادر قادر: رۆڵی نەوت لە چارەنوسی گەلی کوردستاند, چاپخانەی ڕوون,سلێمانی,٢٠٠٨.
٥٢. گوینتەر دیشنەر: کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو,ور/حەمە کریم عارف,,چاپخانەی وەزارەتی ڕوشنبیری, چ٢, هەولێر,١٩٩٩.
٥٣. گۆران ابراهیم صالح: کەرکوك لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا(١٨٧٦-١٩٠٩) ,دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ,سلێمانی,٢٠٠٧.
٥٤. م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان, بەرگی دووەم,جاف پیرس,لەندەن,١٩٩٠.
٥٥. محەمەد میرگەسۆری:پترۆڵ و تێڕوانینێك بۆ ئاینده,پێداچونەوەی:جەزا تۆفیق, سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو ,سلێمانی,٢٠٠٧.
٥٦. میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ ١٩١٨-١٩٢٦,ور/سەلام ناوخۆش,چاپخانەی خەبات,دهۆك,٢٠٠٠.

**ب- کتێب بە زمانی عەربی:**

٥٧. العهد القدیم

٥٨. ا.باكيروڤ :الاسس النظرية للبحث والتنقيب عن البترول والغاز,ت: سميرياض ,دار مير للطباعة والنشر ,موسكو,د.ت.
٥٩. ا..ريتشارد سيلي:اساسيات جيولوجيا البترول,ت/فاضل السعدني,دار الامل للنشر والتوزيع, الاردن,١٩٩٤.
٦٠. ابراهيم خليل احمد وخليل علي مراد: ايران وتركيا(دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر),دار الكتب للطباعة والنشر,الموصل,١٩٩٢.
٦١. ابراهيم علاوي: البترول العراقي والتحرر الوطني, دار الطليعة,بيروت, ١٩٦٧.
٦٢. ابن الاثير:الكامل في التاريخ,ج٣,دار الكتب العلمية,بيروت,٢٠٠٦.
٦٣. ابي جعفر بن جرير الطبري: تاريخ الطبري,ج٤وج٥ ,دار الكتب العلمية,بيروت,٢٠٠٥.
٦٤. احمد رفيق البرقاوي: العلاقات السياسية بين العراق وبريطانيا(١٩٢٢-١٩٣٢),دار الرشيد للنشر,بغداد,١٩٨٠,
٦٥. احمد سويلم العمرى: صراع البترول في العالم العربي, مكتبة الثقافة,د.م,١٩٦٠.
٦٦. ادوارد مورس واخرون:النفط والاستبداد(الاقتصادالسياسي للدولة الريعية),معهد الدراسات الاستراتيجية,بغداد ,٢٠٠٧.
٦٧. اديث وَ ائي,ايف,بينروز: العراق(دراسة في علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ١٩١٥-١٩٧٥),ت/عبدالمجيدحسيب القيسي,الدار العربية للموسوعات,بيروت,١٩٨٩.
٦٨. ارشاك سافراستيان: الكرد وكوردستان,ت/احمد محمود الخليل, دار الزمان,ط١,دمشق,٢٠٠٨.
٦٩. البرت منتشاشفيلي: العراق في السنوات الانتداب البريطاني,ت/هاشم صالح التكريتي, جامعة بغداد,بغداد, ١٩٧٨.
٧٠. البرت ميخايلوفج منتشاشفيلي: كفاح ألآشوريين من اجل الحكم الذاتي١٩٢٠-١٩٣٣,ت/محمد البندر,مطبعة خاني, دهوك,٢٠٠٨.

٧١. المس بيل: فصول في تأريخ العراق القريب١٩١٤-١٩٢٠,ت/جعفر خياط, دار الكشاف,بيروت,١٩٤٩.
٧٢. انتوني سامبسون,الشقيقات السبع: شركات البترول الكبرى والعالم الذي صنعته,ت/سامي هاشم,معهد الانماء العربي, بيروت, ١٩٧٦ .
٧٣. اندره نؤسشي: الصراعات البترولية في الشرق الاوسط,ت/ اسعد محفل,دار الحقيقة, ط١, بيروت ,١٩٧١.
٧٤. أيـان رتليـدج: العطـش الى النفط,ت/مـازن الجنـدلي,دار العربيـة للعلـوم, بيروت,٢٠٠٦.
٧٥. باسيلي نيكيتين:الكرد,دراسة سوسيولوجية وتاريخية,ت/نوري طالباني, ط٣,مؤسسة حمدي للطباعة والنشر, سليمانية,٢٠٠٧.
٧٦. بلهج شيركوه: القضية الكردية,منشورات جمعية خويبون,ط٢, ١٩٨١.
٧٧. بيارمصـطفى سـيف الـدين: السياسـة البريطانيـة تجـاه توركياواثرهـا في كوردستان١٩٢٣-١٩٢٦,دار سپيريّز,اربيل, ٢٠٠٤.
٧٨. بـيتر جي.لامـبرت: الولايـات المتحـدة والكورد(دراسـة حـالات عـن تعهـدات الولايـات المتحـدة),مركز الدراسـات الكورديـة وحفـظ الوثـائق-جامعـة دهوك,مطبعة خاني,دهوك,٢٠٠٨.
٧٩. تشارلز تريب: صفحات مـن تـاريخ العراق(بحث موثق في التـاريخ المعاصر منذ نشوء الدولة الحديثة حتى اواسط٢٠٠٢),ت/زينة جبار ادريس,دار العربية للعلوم,بيروت,٢٠٠٦.
٨٠. ثريـا فـاروقي,بروس مـاك غوان,دونالـد كـواترت, شـوكت بـاموك: التـأريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية(١٦٠٠-١٩١٤),مجلد٢,ت/قاسم عبدة قاسم,المدار الاسلامي,بيروت,٢٠٠٧.
٨١. ج.جاكسـون: مشـاهدات بريطـاني عـن العـراق سـنة ١٧٩٧,ت/خالـد فـاروق عمر, الدار العربية للموسوعات لبنان,٢٠٠٠.
٨٢. جـاك دولونـاي وجـان ميتشـيل شـارليه: الجانـب الخفـي مـن تـاريخ البترول,ت/محمد سميع السيد,ط١ ,د.م, ١٩٨٧.

٨٣. جـان بـول شـانيولو, سـيدي احمـد سـياح: مسـألة الحـدود في الشـرق الاوسط,ت/حسين حيدر,عويدات للنشر والطباعة, بيروت,٢٠٠٩.
٨٤. جـرجيس فـتح الله: يقظـة الكـرد, تـاريخ سياسـي١٩٠٠-١٩٢٥ ,دار ئاراس,اربيل,٢٠٠٢ .
٨٥. جلال الدين السيوطي,تاريخ الخلفاء, دار المعرفة, بيروت,٢٠٠٤.
٨٦. جمـال بابـان: اصـول اسمـاء المـدن والمواقـع العراقيـة,ج١,ط١ ,مطبعـة الاجيال ,بغداد,١٩٨٩.
٨٧. جمس بكنغهام: رحلة الى العراق,ت/سليم طه التكريتي,ج١ , مطبعة اسعد بغداد,١٩٦٥.
٨٨. جـورج لنشوفسـكي: الشـرق الاوسـط في الشـؤون العالميـة,ت/جعفر خياط,ج٢,دار المثنى,بغداد,١٩٦٥.
٨٩. حامـد محمـود عيسـى: المشـكلة الكرديـة في الشـرق الاوسـط,مكتبة مدبولي,القاهرة,١٩٩٢.
٩٠. ــــــــــــــــــ: القضية الكوردية في تركيا,مكتبة مدبولي, القاهرة,٢٠٠٢.
٩١. ــــــــــــــــــ: القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي(١٩١٤-٢٠٠٤),ط١,مكتبة مدبولي, القاهرة ,٢٠٠٥.
٩٢. حربـي محمـد: الاسـتراتيجية النفطيـة الغربيـة في الخلـيج العربـي,ط١,دار الكتاب الجديد ,بغداد,١٩٧٤.
٩٣. الحـزب الـديمقراطي الكردسـتاني (المكتـب السياسـي) مكتـب الدراسـات والبحوث المركزي:نفط كوردستان العراق,ج١ ,ط١ , هەولێر,١٩٩٧.
٩٤. الحـزب الـديمقراطي الكردسـتاني (المكتـب السياسـي) مكتـب الدراسـات والبحوث المركزي:نفط كوردستان العراق,ج٢ , ط١,هەولێر,١٩٩٨.
٩٥. الحــزب الــوطني الديمقراطي:قضــية الــنفط العراقي,مطبعــة الزهراء,بغداد,١٩٥٢.

٩٦. حسن كريم جاف: الوجيز في تاريخ ايران(دراسة في التاريخ السياسي),ج٣,مؤسسة ئاراس ,اربيل,٢٠٠٨.
٩٧. حكمت سامي سليمان: نفط العراق(دراسة اقتصادية سياسية),دار الرشيد للنشر, بغداد,١٩٧٩.
٩٨. درية عوني: عرب واكراد (خصام ام وئام), دار الهلال,القاهرة ,١٩٩٣.
٩٩. راشد البراوي:حرب البترول في الشرق الاوسط,ط٢,مكتبة النهضة المصرية ,القاهرة,١٩٥٠.
١٠٠. رجاء حسين الخطاب: عبد الرحمن النقيب(حياته الخاصة و اداءة السياسي وعلاقتة لمعاصريه) ,ط١,دار العربية للطباعة, بغداد,١٩٨٧ .
١٠١. رحلة اوليفييه الى العراق ١٧٩٤-١٧٩٦,ت/يوسف حبي,مطبعة المجمع العلمي العراقي, بغداد,١٩٨٨.
١٠٢. رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر,ت/محمود حسين الامين, وزارة الثقافة,بغداد,١٩٦٥.
١٠٣. روجر هاورد: نفط ايران(دوره في تحدي نفوذ الولايات المتحدة),ت/ مروان سعدالدين,الدار العربية للعلوم,٢٠٠٧.
١٠٤. ريتشارد هاتنبرغ: سراب النفط,ت/انطوان عبدالله,ط١,دار العربية للعلوم ,لبنان,٢٠٠٥.
١٠٥. ز.ي. هِرشلاغ: مدخل الى التأريخ الاقتصادي الحديث للشرق الاوسط,ت/مصطفى الحسيني, بيروت,١٩٧٣.
١٠٦. زاهية قدورة:شبه الجزيرة العربية كياناتها السياسية,دار النهظة العربية,بيروت,د.ت.
١٠٧. س.جي.ادموندز: كرد وترك وعرب,ت/جرجيس فتح الله,مطبعة التايمس, بغداد,١٩٧١.
١٠٨. ستيفن هيمسلي لونكريك:اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث,ت/جعفر خياط,ط٣,مطبعة البرهان, بغداد, ١٩٦٢.

١٠٩. ــــــــــــــــــــــــ: تأريخ العراق الحديث ١٩٠٠-١٩٥٠,ت/سليم طه التكريتي,ج١,مطبعة الحسان, بغداد,١٩٨١.
١١٠. سر ارنلد تي.ويلسون: بلاد مابين النهرين بين ولاءين(خواطر شخصية وتأريخية),ت/فؤاد جميل,ج٣,ط٢,دار الشؤون الثقافية العامة,بغداد,١٩٩٢.
١١١. سر المرهولدين: ثورة العراق ١٩٢٠,ت/فؤاد جميل,ط١, دار الرافدين للطباعة والنشر,بيروت,٢٠١٠.
١١٢. سروه اسعد صابر:كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل١٩١٤-١٩٢٦, مؤسسة موكريان للطباعة والنشر, اربيل,٢٠٠١.
١١٣. سعد بشير اسكندر: من التخطيط الى التجزئة(سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣),بنكەى ژين,السليمانية,٢٠٠٧.
١١٤. سعدي عثمان حسين:كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشروالثامن عشر,مطبعة سيما, السليمانية ,٢٠٠٦.
١١٥. سلوى سعد الغالبي: العلاقات العثمانية الامريكية(١٨٣٠-١٩١٨م),مكتبة مدبولي,القاهرة,٢٠٠٢ .
١١٦. سليم طه التكريتي: معركة النفط في ايران, منشورات البصري,بغداد ,١٩٥١.
١١٧. ــــــــــــــــــ:معركة النفط في العراق,مطبعة الزهراء,بغداد,١٩٥٢.
١١٨. سليمان صائغ الموصلي:تأريخ الموصل,ج١,المطبعة السلفية,مصر,١٩٢٣.
١١٩. شارل عيساوي ومحمد يغانة:اقتصاديات نفط الشرق الاوسط,ت/حسن احمد سلمان,مطبعة شفيق, بغداد,١٩٦٦.
١٢٠. شاكر خصباك: الكرد والمسالة الكردية,ط٢,المؤسسة العربية للدراسات والنشر, بيروت,١٩٨٩.
١٢١. صالح خضر محمد: الدبلوماسية البريطانية في العراق,دراسة تأريخية(١٨٣١-١٩١٤),دار الزمان,دمشق,٢٠٠٨.

١٢٢. صلاح نعمان عيسى: دراسات في الاقتصاديات والسياسات النفطية, مطبعة الارشاد,بغداد,١٩٨٢.
١٢٣. عباس العزاوي: تاريخ العراق بين احتلالين,ج٨ ,وزارة المعارف ساعد في نشره,بغداد,١٩٥٦.
١٢٤. عبدالحميد العلوجي وخضير عباس اللامي:الاصول التاريخية للنفط العراقي,ج١,دار الحرية للطباعة,بغداد ,١٩٧٣.
١٢٥. ------------------------:الاصول التاريخية للنفط العراقي,ج٢,دار الحرية للطباعة, بغداد ,١٩٧٥.
١٢٦. ------------------------:الاصول التاريخية للنفط العراقي,ج٣,دار الحرية للطباعة, بغداد ,١٩٧٧.
١٢٧. عبدالرحمن البزاز: العراق من الاحتلال حتى الاستقلال,ط٣,مطبعة العاني,بغداد, ١٩٦٧.
١٢٨. عبدالرحمن قاسملو:كردستان والكرد,دراسة سياسية واقتصادية,ت/ثابت منصور,ط٢,بنكەى ژين, السليمانية,٢٠٠٨.
١٢٩. عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات,ج١وج٣,ط٢, مطبعة العرفان,صيدا, ١٩٥٣.
١٣٠. ----------:عراق قديماً وحديثاً,ط٣,مطبعة العرفان ,صيدا,١٩٥٨.
١٣١. ----------:تاريخ العراق السياسي الحديث,ج١وج٣,ط٧,دار الشؤون الثقافية العامة,بغداد,١٩٨٩.
١٣٢. عبدالرزاق الهلالي:معجم العراق,ج٢, دار الكشاف للنشر والطباعة,بغداد,١٩٥٦.
١٣٣. عبدالرؤوف سنو: المانيا والاسلام في القرنين التاسع عشر والعشرين,الفرات للنشر والتوزيع,بيروت,٢٠٠٧.

١٣٤. عبدالعزيز سليمان نوار ومحمود محمد جمال الدين: التأريخ الاوربي الحديث(من عصر النهضة حتى نهاية الحرب العالمية الاولى), القاهرة,١٩٩٠.
١٣٥. عبدالفتاح ابراهيم:على طريق الهند,دار الشؤون الثقافية العامة, بغداد,٢٠٠٤.
١٣٦. عبدالمنعم الغلامي: ثورتنا في شمال العراق ١٩١٩-١٩٢٠,ج١,بغداد,١٩٦٦.
١٣٧. عبد المجيد فهمي حسن:دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية(جزء لواء كركوك),مطبعة دجلة,بغداد,١٩٤٧.
١٣٨. عبدالوهاب السلوم: قضية البترول العراقي,دار الكتب العربي,القاهرة,١٩٦٧.
١٣٩. عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات,الطبعة الثانية,المؤسسة العربية للدراسات والنشر,بغداد,١٩٨٥.
١٤٠. عزيز حسن الخفاف:دراسات عن الذهب الاسود(البترول),مطبعة أسعد,بغداد,١٩٦٩.
١٤١. علي شاكر علي:تاريخ العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٧٥٠م,الموصل,١٩٨٤.
١٤٢. عمر عبدالعزيز عمر: تأريخ أوروبا الحديث والمعاصر(١٨١٥-١٩١٩),دار المعرفة الجامعية,القاهرة,٢٠٠٠.
١٤٣. عمر محمد محمد كريم:القضية الكردية في الصراع البريطاني العراقي ١٩١٨-١٩٣٢,مديرية الطبع والنشر السليمانية, سليمانية, ٢٠٠٨.
١٤٤. عمر نجم سورجي: مصير ولاية الموصل(كوردستان الجنوبية) مابعد عام٢٠٠٠,السليمانية.١٩٩٨.
١٤٥. فاروق صالح العمر: المعاهدات العراقية-البريطانية واثرها في السياسة الداخلية ١٩٢٢-١٩٤٨,منشورات وزارة الاعلام,بغداد, ١٩٧٧.

١٤٦. ------------: الاحزاب السياسية في العراق ١٩٢١-١٩٣٢, مطبعة الارشاد,بغداد, ١٩٧٨.
١٤٧. فاضل حسين:مشكلة الموصل(دراسة في الدبلوماسية العراقية-الانكليزيه-التركية وفي الرأي العام),ط٣,مطبعة اشبيلية, بغداد,١٩٧٧.
١٤٨. فؤاد حمه خورشيد مصطفى:القضية الكرديةفي المؤتمرات الدولية,ط١,مؤسسة موكرياني,اربيل,٢٠٠١.
١٤٩. فيروز حسن عزيز: الاهمية الجيوستراتيجية لكردستان الجنوبية واثرها على السياسة البريطانية تجاهها(١٩١٤-١٩٢٤) ,مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية, السليمانية,٢٠٠٨.
١٥٠. فيليب ويلارد ايرلند: العراق دراسة في تطوره السياسي,ت/جعفر خياط,دار الكشاف, بيروت,١٩٤٩.
١٥١. قسطنطين بتروفيج ماتفييف بارمتي:الآشوريون والمسألة الآشورية في العصر الحديث,ت/ح.د.أ,دار المغرب للطباعة والنشر,موسكو,١٩٧٩.
١٥٢. كاظم هاشم النعمة: العلاقات الدولية ,جامعة الموصل,الموصل,١٩٨٢.
١٥٣. كلوديوس جميس ريج: رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠,ت/بهاءالدين نوري,ج١,مطبعة السكك الحديدية,بغداد ,١٩٥١.
١٥٤. كمال مجيد:النفط والاكراد,ط١, دار الحكمة,لندن,١٩٩٧.
١٥٥. كمال مظهر احمد: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى,ت/محمد الملا عبدالكريم,المجمع العلمي الكردي, بغداد , ١٩٧٧.
١٥٦. ------------: اضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط,منشورات وزارة الثقافة والفنون,بغداد,١٩٧٨.
١٥٧. ------------: كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير(دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق),ج١, مطبعة رينوين, حكومة اقليم كردستان ,د.ت.
١٥٨. ليام اندرسن وغاريث ستانسفيلد:ازمة كركوك(السياسة الاثنية في النزاع والحلول التوافقية),ت/عبدالاله النعيمي ,دراسات عراقية, بيروت,٢٠٠٩.

١٥٩. م.س.لازاريف: المسألة الكوردية(١٨٩١-١٩١٧),ت/اكبر احمد ,ط١,من منشورات مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية,السليمانية ,٢٠٠١.
١٦٠. ---------: المسألة الكوردية(١٩١٧-١٩٢٣),ت/عبدي حاجي,ط١,دار الرازي للطباعة والنشر, بيروت,١٩٩١.
١٦١. ---------: المسألة الكوردية(١٩٢٣-١٩٤٥) النضال والاخفاق, ت/عبدي حاجي,ط١,مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر ,اربيل,٢٠٠٧.
١٦٢. م.س.لازاريف واخرون: تاريخ كوردستان,ت/عبدي حاجي,ط١,دار سپيريز,اربيل,٢٠٠٦.
١٦٣. مجموعة من الباحثين: المفصل في تاريخ العراق المعاصر,بيت الحكمة, بغداد,٢٠٠٢.
١٦٤. مجموعة من الباحثين السوفيت: تاريخ تركيا المعاصر,ت/هاشم صالح التكريتي, مؤسسة حمدي للطباعة والنشر, سليمانية,٢٠٠٧.
١٦٥. مجيد عزت: ايرادات الحكومة العراقية من النفط,مطبعة النجوم, بغداد, ١٩٦٠.
١٦٦. محسن محمد:الجيش الايوبي في عهد صلاح الدين, دار ئاراس للطباعة والنشر,اربيل , ٢٠٠٢.
١٦٧. محسن الموسوي: النفط العراقي(دراسة وثائقية من منح الامتياز حتى التأميم),مطبعة الجمهورية,بغداد,١٩٧٣.
١٦٨. محمد احمد الدوري:مباديء اقتصاد النفط,دار شموع الثقافة, ليبيا,٢٠٠٣ .
١٦٩. محمد ازهر سعيد السماك: اقتصاد النفط والسياسة النفطية اسس وتطبيقات,جامعة الموصل,الموصل,١٩٨٧.
١٧٠. محمدازهر سعيد السماك واخرون:جغرافية النفط والطاقة,وزارة التعليم العالي والبحث العلمي,بغداد,١٩٨١.
١٧١. محمد بن احمد الحسيني المنشي البغدادي: رحلة المنشي البغدادي, ت/عباس العزاوي, دار الوراق للنشر,بيروت ,٢٠٠٨.

172. محمد سهيل طقوش: تاريخ العثمانين(من قيام الدولة الى الانقلاب على الخلافة), ط ٢, دار النفائيس, بيروت, ٢٠٠٨.
173. محمد غريب جودة: موجز تاريخ العالم, مكتبة القران, القاهرة, د.ت.
174. محمد هادي الدفتر و عبدالله حسن, العراق الشمالي, ج١, مطبوعات النهار, بغداد, ١٩٥٨ .
175. مصطفى خليل: تطور الصراع نحو السيطرة على البترول العالمي, مشأة المعارف, اسكندرية, ١٩٧٠.
176. ملف عن المفاوضات مع شركات النفط الاجنبية, ط١, منشورات الثورة, بغداد ,١٩٧٢.
177. ميربصري: مباحث في الاقتصاد العراقي, شركة التجارة والطباعة المحدودة, بغداد, ١٩٤٨.
178. نجات كوثر اوغلو: صفحات من تاريخ كركوك منذ فجر التاريخ الى١٩٥٨, اصدارات الجبهة التركمانية العراقية, كركوك, ٢٠٠٩.
179. نجدة فتحي صفوت: العراق في مذكرات الدبلوماسيين الاجانب, منشورات المكتبة العصرية, بيروت, ١٩٦٩.
180. نوري عبدالحميد خليل: التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق(١٩٢٥-١٩٥٢), مطبعة الرابطة, بيروت, ١٩٨٠.
181. هارفي اوكونور: الازمة العالمية في البترول, ت/عمر المكاوي, دار الكاتب العربي للطباعة والنشر, القاهرة, ١٩٦٧.
182. هنري بنديه: رحلة الى كردستان في بلاد مابين النهرين سنة ١٨٨٥, ت/يوسف حبي, دار ئاراس للطباعة والنشر, اربيل, ٢٠٠٨.
183. هنري فوستر: نشأة العراق الحديث, ت/سليم طه التكريتي, ج١, ط١, الفجر للنشر والتوزيع, بغداد, ١٩٨٩.
184. وزارة الاعلام: بدايات الصراع الاستعماري على نفط المنطقة ,مطبعة الجمهورية, بغداد, ١٩٧٢ .
185. وزارة الاعلام: النفط والمعركة , مطبعة الجمهورية, بغداد ,١٩٧٣.

١٨٦. يلماز اوزتونا: تأريخ الدولة العثمانية, ت/عدنان محمود سلمان,المجلد ٢, استانبول, ١٩٩٠.
١٨٧. يوسف ابراهيم يزبك: النفط مستعبد الشعوب ,ج١,مطبعة الفن الحديث, الطبعة الاولى,بيروت,١٩٣٤.

ج- كتيّب به زمانى ئينگليزى:

188. Arthur Goldschmidt Jr, Lawrence Davidson:A Concise History of the Middle East, Eighth Edition, Westview Press, (United Kingdom -2006).
189. Ayhan Demirbas : Biofuels:Securing the Planet's Future Energy Need(London-2009) .
190. Benjamin Shwadran: The Middle East,Oil and the Great Powers,(Frederick A. Pracger -New York), 1955.
191. Brian Stuart McBeth, British Oil Policy (1919-1939), London,1985.
192. Daniel Yergin, The Prize: The Epic Quest for oil , money & power,(Published by Simon&Schuster- New York),1992.
193. Edward Ingram: National and International Politics in the Middle East, First Published, Great Britian, 1986.
194. Edward Mead Earle: Turkey, The Great Powers, and The Baghdad Railway, A Study in Imperialism, the Macmillan Company,(New York- 1924).
195. Edward W. Chester: United States Oil Policy and Diplomacy, A Twentieth Century Overview Contributions in Economics and Economic History, Greenwood Publishing Group,( United States – 1983).
196. Edwin Black, Banking on Baghdad: Inside Iraqs 7000 Years History of War, Profit and Confflict-2004.
197. Elizabeth Monroe: Britain's Moment in the Middle East 1914-1956, John Hopkins Press , (Baltimore,London-1963).
198. George W.Stocking: Middle East oil, London-1971.

199. Habibollah Atarodi :Great Powers, Oil&The Kurds in Mosul (Southern Kurdistan / Northern Iraq 1910-1925), University Press of America,New York, 2003.
200. Helmut Mejcher:Imperial Quest for oil Iraq (1910-1928),Ithaca Press,London,1976.
201. John A.Denovo, American Interests and Policies in the Middle East 1900-1939, The University of Minnesota Press Minneapolis ,(United States-1963).
202. John V. Mitchell, Valerie Marcel: Oil Titans Notional Oil Companies in the Middle East, Brookings Institution Press, (London, 2006).
203. Jonathan S.McMurray,Distant Ties:Germany,the Ottoman Empire and the Construction of the Baghdad Railway, (London-2001).
204. Joseph Heller : British Policy Towards the Ottoman Empire(1908-1914) ,London,1983.
205. Louis Vallenilla,Oil :The Making of A New Economic Order,McGraw-Hill Book Co. (New York -1975).
206. M.S.Anderson:The Great Powers and The Near East 1774-1923, Edward Arnold Publishers .Ltd.,(London-1970) .
207. Michael Graham Fry& Others, Guide to International Relations and Diplomacy, (London -2002).
208. Norman J.Hyne: Nontechnical Guide to Petroleum Geology, Exploration, Drilling and Production, 2nd edition, Penn Well Corporation,Tulsa-Oklahoma-2001.
209. S.A.Cohen: Birtish Policy in Mesopotamia1903-1914, Ithaca Press, (London- 1976).
210. Roger Adelson: Mark Sykes A portrait of an Amateur (London-1975) .
211. S.H.Longrigg,Oilinthe Middle East,oxfort,Oxford University Press, (London,1955).

212. Simon payaslian:United States Policy Toward the Armenian Question and the Armenian Genocide, Simon Payaslian, (America- 2005).
213. Valentine Chirol: The Middle Eastern Question or Some Political Problems of Indian defence, (London- 1903).
214. William Eangdahl: Acentury of war Anglo-American Oil Politics and the new world order, Pluto Press ,( London- 1992).

**د- کتێب بە زمانی ئەڵمانی:**

215. Dietrich Eichholtz: Die Bagdadbahn, Mesopotamien und die deutsche Ölpolitik 1918, Leipziger Universitätsverlag-2007.
216. Heinz Lemke: Die Erdolinferessen der Deutschen Bank in Mesopotamien in den Jahren 1903-1911, Jahrbuch fur Geschichte, Berlin, 1981.

**چوارەم/ نامەی زانکۆی:**

**أ- تێزی ماستەر بە زمانی عەرەبی:**

٢١٧. **غانم محمد علي: النظام المالي العثماني في العراق(١٨٣٩-١٩١٤),رسالة ماجستير,كلية الاداب, جامعة الموصل , ١٩٨٩.**

٢١٨. **عبدالرزاق احمد النصيري: نوري السعيد ودوره في السياسة العراقية حتى عام ١٩٣٢, رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة بغداد,١٩٨٥.**

٢١٩. **محمد عصفور سلمان: العراق في عهد مدحت باشا١٨٦٩-١٨٧٢,رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب جامعة بغداد,١٩٨٩.**

**پێنجەم/ئینیسکلۆپیدیاکان:**

**أ- بەزمانی عەرەبی:**

٢٢٠. **آلان بالمر:موسوعة التاريخ الحديث١٧٨٩-١٩٤٥,ج١,ت/سوسن فيصل السامر ويوسف محمد,دار المأمون,بغداد,١٩٩٢**

٢٢١. **بهـــيج بجليس:احـــداث القـــرن العشـــرين(الحرب العالميـــة الاولى ونتائجها) ,ج١,دار نويليس,بيروت,٢٠٠٤ .**

٢٢٢. **بهيج بجليس: احداث القرن العشرين(قادة واعلام(٢)),ج٩, دار نويليس بيروت,٢٠٠٤.**

**ب- به زمانی ئینگلیزی:**

223. Gábor Ágoston and Bruce Masters: Encyclopedia of the Ottoman Empire, (New York-2009).

**شەشەم/خولێ بەلاوکراوەکان(دوريات) وتوێژینەوەکان:**

**ا- به زمانی کوردی:**

٢٢٤. **دلێر ئیسماعیل حەققی شاوەیس:(راستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژوویی)، ئەکادیمی کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان،ژمارە(٤)،هەولێر،٢٠٠٦.**

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

٢٢٥. **ازاد نقشـبندي:(اثر نفـط كركـوك علـى ترحيـل الكـرد مـن كركـوك وتعريبها),بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك, اربيل,٢٠٠١.**

٢٢٦. **جرجيس فتح الله:(كركوك النزاع حول تكوينها الاثني ومحاولة تعريبها), بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك, اربيل,٢٠٠١ .**

٢٢٧. **جمال رشيد:( كركوك في العصور القديمة), بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك,اربيل,٢٠٠١.**

٢٢٨. **خليل علي مراد:"تغلغل الراسمال الاجنبي في الدولة العثماني ١٨٥٤-١٩١٤" , دراسات تركية, العدد٢, السنة الاولى , كانون الاول١٩٩١.**

٢٢٩. **خليـل علـي مـراد:(رحلات الانكليـز الى الموصـل في القـرن التاسـع عشـر ومطلع القرن العشرين), مجلة افاق عربية , العدد٣/٤,اذار-نيسان ٢٠٠١.**

٢٣٠. **خليـل علـي مراد:التنـافس الـدولي علـى نفط ولايـة الموصـل قبـل الحـرب العالمية الاولى,مجلة اوراق موصلية ,العدد٣،٢٠٠٤**

٢٣١. ج .س.هيروتز:الدبلوماسية في الشرق الادنى والاوسط,ج١,ت/قاسم احمد العباس,مجلة النفط والتنمية, العدد١,تشرين الاول ١٩٨٧
٢٣٢. جوزيف هللر: سياسة بريطانيا ومصالحها في بلاد وادي الرافدين قبيل الحرب العالمية الاولى,ت/مصطفى نعمان احمد, مجلة دراسات تأريخية, بيت الحكمة,العدد(٢١),السنة الثامنة,بغداد,٢٠٠٩.
٢٣٣. طالب محمد وهيم: موقف الحركة الوطنية من تأميم النفط العراقي حتى عام ١٩٥٢,مجلة النفط والتنمية, العدد(٩), حزيران ١٩٧٨ .
٢٣٤. ماريان كينت: اتفاقيات النفط, مجلة النفط والتنمية,ت/قاسم احمد العباس, العدد الثامن,١٩٧٧.
٢٣٥. ---------: اتفاقيات النفط, مجلة النفط والتنمية,ت/قاسم احمد العباس, العددالعاشر,١٩٧٧.
٢٣٦. ---------: النفط والامبراطورية(السياسة البريطانية ونفط بلاد مابين النهرين١٩٠٠-١٩٢٠) ,ت/قاسم احمد العباس,مجلة النفط والتنمية, العدد٦ ,اذار١٩٧٨,بغداد.
٢٣٧. ---------: النفط والامبراطورية,ت/قاسم احمد العباس,مجلة النفط والتنمية, العدد٥,شباط ١٩٧٩,بغداد
٢٣٨. مجلة النفط والتنمية, العدد(٩),بغداد, حزيران١٩٨٠.

**ب- به زمانى ئينگليزى:**

239. Edward Mead Earle: (The Secret Anglo-German Concession of 1914 Regarding Asiatic Turkey) ,The Academy of Political Science, Political Science Quarterly, Vol. 38, No.1 (Mar., 1923).
240. F.R.Maunsell:The Mesopotamian Petroleum Field, Blackwell Publishing on behalf of The Royal Geographical Society (with the Institute of British Geographers) , The Geographical Journal, Vol.9 ,No.5 (May,1897).

241. G.Gareth Jones: "The British Government and the Oil Companies(1912-1924) The Search for an Oil Policy", Hreat Britian, Cambridge University Press, The Historical Journal, Vol. 20, No. 3 (Sep., 1977) .
242. Helmut Mejcher: Oil and British Policy Towards Mesopotamia1914-1918,Taylor and Francis, Ltd, Middle Eastern Studies, Vol. 8, No. 3 (Oct., 1972) 1972.
243. Lawrence Martin: The Chester Concession,Materials and Foodstuffs in the Commercial Policies of Nations, Sage Publications, Inc. , Annals of the American Academy of Political and Social Science, Vol. 112, Raw Materials and Foodstuffs in the Commercial Policies of Nations (Mar., 1924).
244. Stanley K. Hornbeck,Edward Grigg: The Struggle for Petroleum,Sage Publications ,Inc , Annals of the American Academy of Political and Social Science, Vol. 112, Raw Materials and Foodstuffs in the Commercial Policies of Nations (Mar., 1924).
245. William Stivers: International Politics and Iraq Oil,(1918-1928), A study in Anglo-American Diplomacy , Harvard College, The Business History Review, Vol. 55, No. 4 (Winter, 1981).

**حەوتەم/گۆڤار ورۆژنامەکان:**

**ا- بە زمانی کوردی:**

٢٤٦. **ئازاد نەقشبەندی: کێشەی موسڵ یان کێشەی نەوت, گۆڤاری مەتین ,ژمارە(٥٧),١٩٩٦.**
٢٤٧. **چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی, ژمارە٢,سلێمانی,مایسی ٢٠٠٥,**
٢٤٨. **عزیز شەمزینی:جولاٌنەوی رزگاری نیشتمانی کوردستان,و/فەرید ئەسەسەرد,چاپی٤,سەنتەری لیکولینەوەی ستراتیجیی, سلێمانی,٢٠٠٦ .**

٢٤٩. مـــارف عومـــەر گـــوڵ: مەســـەلەی کـــورد لـــە رێککـــەوتن نامـــە نێودەوڵەتییەکانی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینـــەوەی ســـتراتیژی, ژمـــارە ٢ ,ســـاڵی چواردەهەم,ســـلێمانی, ئـــابی ٢٠٠٦.

٢٥٠. نوری طالباني:( ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیز لکێنـدرا بە دەوڵـەتی عێراقـەوە لەبـەر بەرژەوەنـدی خـۆی ولەبـەر نـەوتی کەرکوك,نـەك لەسـەر هەڵویستی کورد),گۆڤاری کەرکوك, ژمارە(١٨) ,پایزی٢٠٠٣.

٢٥١. هاشـم عاصـی سـەعید: کرکـوك وکوردسـتان و چـەند سەرچـاوەیەك, گۆڤاری کەرکوك ,ژمارە٤, ساڵی ٢٠٠٣ .

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

٢٥٢. ازاد نقشبندي: اهمية حقول كركوك النفطية,مجلة متين,العدد ٦٦.

٢٥٣. جبـار قـادر: التركيـب الاثـني لسـكان كركـوك خـلال قـرن(١٨٥٠-١٩٥٨),گۆڤاری کەرکوك, ژمارە(١٥) ,٢٠٠٣.

٢٥٤. جـرجيس فـتح الله:الـنفط قـرر مصـير كوردسـتان السياسـي,مجلة الثقافـة الكردية,العدد(٢) اذار١٩٩٠.لندن.

٢٥٥. حـارث الزهـاوي: كردسـتان و مواردهـا الاقتصـادية, مجلـة الثقافـة الكردية,عدد١, تشرين الاول,لندن,١٩٨٨.

٢٥٦. ديفيـد كـورن:(رجلان اقحمـا الاكـراد بالعراق,منـاورات كـوكس-ولسن),ت/حميد عبدالملك,جريدة الاتحاد, السليمانية, العدد٣٢٦, ٩-٧-١٩٩٩.

٢٥٧. روفائيـل ميناس:النـاروالنفط-الغـاز والكبريـت في كركوك,مجلـة الاخاء,العدد٩-١٠,بغداد,١٩٨٢.

٢٥٨. صلاح الدين انور قەيتولی: كركوك في حقبة الصراع الصفوي والعثماني حتـى الحاقـه بالملكـة العراقيـة(١٦٣٨-١٩٢٤), گۆڤـاری کـەرکوك,ژمارە١, ٢٠٠٤.


٢٥٩. طه باقر: النفط في حضارة وادي الرافدين,مجلة العاملون في النفط, العدد٣٧,اذار ١٩٦٥.
٢٦٠. عبدالحميد العلوجي: نصوص نفطية من التراث العربي,مجلة العاملون في النفط,بغداد,العدد٤٤,تشرين الاول ١٩٦٥.
٢٦١. مجلة اهل النفط, تشرين الاول سنة ١٩٥٧,العدد(٧٢), بغداد.
٢٦٢. محسن محمد المتولي:كرد العراق في المؤتمرات والمعاهدات والاتفاقيات الدولية, مجلة سردم العربي,العدد ١٠, السليمانية,٢٠٠٦.
٢٦٣. محمودعبدالله المفرجي: البنية الجيولوجية لمنطقة كركوك,ج٣,مجلة باريش,العدد(٣٧),تشرين الثاني, ٢٠٠٧.
٢٦٤. مؤسسة كالوست غولبنكيان قسم الجماعات الارمنية :كالوست سركيس غولبنكيان الرجل والماثر(كراسة صادرة بمناسبة الذكرى المئة والثلاثين لولادته (١٨٦٩-١٩٩٩)), ,لشبونة,١٩٩٩.
٢٦٥. هاوار: موقف الحكومة البريطانية ازاء احداث كردستان في العشرينات ودور(عصبة الامم),مجلة الثقافة الكردية,العدد(٣)شباط١٩٩٢.

ج- به زمانى توركى:

٢٦٦. اوقات عطا ترزي باشي:كركوك بترول تاريخي, قارداشلق,العدد ٣,بغداد,١٩٦١.

# پاشکۆکان


## پاشکۆی ژمارە(١)




**نەخشەی کێڵگە نەوتیەکانی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٨٩٧،لەلایەن کاپتن ماونسیلْ ئامادەکراوە.**

F.R.Maunsell:The Mesopotamian Petroleum Field,…,pp.533-534./**سەرچاوە**


## پاشکۆی ژمارە(٢)




**نەخشەی گێڵگە نەوتیەکانی باشووری کوردستان لە ١٩١٤/٥/٢٣، سەرچاوە**

William Eangdahl: Acentury of war Anglo-American Oil Politics…,p.41/


## پاشكۆی ژماره(٣)




**نەخشەی ڕێكەوتنی سایكس بیكو لە ساڵی١٩١٦, لەلایەن د.ئازاد نەقشبەندی ئامادەكراوە.**

**سەرچاوە/ الحزب الديمقراطي الكردستاني, نفط كوردستان العراق...,ص٤٢.**

# پاشكۆی ژماره(٤)




**بەخشینی فەرمانی کارکردن لە کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك بە بنەماڵەی نەفتچی زادە لەلایەن سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم لە ساڵی ١٧٨٢ز.**

Habib Hurmuzlu, Kerkuk Petrolleri ve Turkmenler, global strateji Dergisi ,sayi 9, yil 3, s 143,144.

**وەرگیراوە لە سەرچاوەی/ نجات كوثر اوغلو: صفحات من تاريخ كركوك منذ فجر التاريخ الى١٩٥٨,ص١١.**

# پاشکۆی ژمارە(٥)



باش کتابت دائرەسی

موصل ولایتی داخلنده بولنان املاک مخصوصۂ جناب جهانبانی درونده کزتده
بترول غازی معدنلری ظهور ایتمکده اولمسنی عموم موصل ولایتی داخلنده
کرک املاک سنیه درونده وکرک سائر جهتلرده بترول غازی معدنی
تحریی وایشلەمسی امتیازینك منحصراً خزینۂ خاصۂ شاهانه نامنه دربیرك
علی الوصول ایجابی اجراسی فرمان عالینك تصدیری عطاسی خزینۂ خاصه نظارتی
جلیلەسنك تذکرۂ مخصوصەسی اوزرینه شرف صادر اولان ارادۂ سنیۂ جناب
پادشاهی اقتضای عالیسندن بولنمغله اول بابده امر وفرمان حضرت من له الامرکدر


٦ جمادی الاولی

**فەرمانی یەکەمی سوڵتان عەبدوڵ حەمیدی دووەم لەساڵی ١٨٩٠ بۆ گواستنەوەی زەویە نەوتییەکانی ویلایەتی مەسڵ بۆ خاوەنداریەتی گەنجینەی تایەبەتی سوڵتان.**

Habib Hurmuzlu, Kerkuk Petrolleri ve Turkmenler, global strateji Dergisi ,sayi 9, yil 3, s 143,144.

**وەرگیراوە لە سەرچاوەی/ نجات کوثر اوغلو: صفحات من تاریخ کرکوك منذ فجر التاریخ الی١٩٥٨,ص١٣.**

# پاشکۆی ژماره(٦)



**فەرمانی دووەمی سوڵتان عەبدوڵ حەمیدی دووەم لەساڵی ١٨٩٩ بۆ گواستنەوەی زەویە نەوتییەکانی ویلایەتی مەسڵ وبەغدا بۆ خاوەنداریەتی گەنجینەی تایەبەتی سوڵتان.**

Habib Hurmuzlu, Kerkuk Petrolleri ve Turkmenler, global strateji Dergisi ,sayi 9, yil 3, s 144,145.

**وەرگیراوە لە سەرچاوەی/ نجات کوثر اوغلو: صفحات من تاریخ کرکوك منذ فجر التاریخ الی١٩٥٨,ص١٤.**

# پاشکۆی ژمارە(٧)

DOKUMENT 1

Wir waren unmittelbar an dem wichtigsten Platze des großen mesopotamischen Erdöl- und Bitumenrayons, an den Naphtaquellen von Kerkuk. …Unmittelbar aus der Erde dringt nicht etwa Wasser, das etwas Erdöl mit sich führt, sondern reine dunkle Naphta in solchen Quantitäten hervor, daß selbst bei der ganz primitiven Art der Ausbeute und Destillation das Produkt hinreicht, um den ganzen Distrikt und die ca. 15 000 Einwohner zählende Stadt Kerkuk mit Brennmaterial zu versehen. … Gegenwärtig wird die Naphta in einigen tiefen, auf 4-5 m abgeteuften Gruben gewonnen, derart, dass die schwarze Flüssigkeit rundum aus den Wänden der Löcher hervorsickert und sich unten am Grunde wie in einem Brunnen sammelt. … Einer der Arbeiter erbot sich, für einen Bakschisch uns das Schauspiel des Anzündens der Gas- und Naphtamasse in der Tiefe zu geben; er tränkte einen Lappen mit Naphta, setzte ihn in Brand und warf ihn hinunter. In wenigen Augenblicken erhob sich einem Ungeheuer gleich eine gewaltige schwarze Rauchsäule aus der Tiefe; mit lautem Brausen schlugen lange Feuerflammen wild züngelnd von unten bis hoch in die Luft empor, und Gluthitze verbreitete sich um den Schacht. …

Kaum eine Viertelstunde von dem Naphtabrunnen entfernt liegt noch ein merkwürdiger Ort: Baba Gurgur … wo sich vom Wege abseits ein kleines, rundliches ringsum von niedrigen braunen Hügeln eingeschlossenes Tal öffnete. … Hier war der Boden sehr hell und bestand aus einer sandartigen, trocken hartgebackenen Masse. Auf dem ganzen Grunde loderten unzählige Flammen, eine neben der anderen, genährt von dem in Mengen aus feinen Löchern und Spalten unter sausendem Geräusch ausströmenden Kohlenwasserstoffgas. Wo man auch nur mit dem Dolche ein wenig grub, dort fuhr jedesmal bald eine Flamme aus dem entstandenen Loch hervor. … Viele Stellen brannten mit fast farbloser, nur am Zittern der Luft und einem bläulichen Schimmer darunter bemerkbarer Lohe. …

Ergeben Bohrversuche bei Kerkuk, woran kaum zu zweifeln ist, dass hier wirklich große unterirdische Reservoire liegen, so würde das bedeuten, dass zunächst alle im Einflussbereich der Bagdadbahn belegenen Gebiete ihren Bedarf an Petroleum von hier erhalten können. Die Länder des Persischen Golfs, ferner Indien und Ostasien, sind für die großen Petroleumtransportdampfer, die wir uns im Anschluß an den Aufschwung der Produktion Kerkuks von Basra in Dienst gestellt zu denken haben, schneller und billiger von der Mündung des Schatt-el-Arab zu erreichen, als von der atlantischen Küste Amerikas und von Baku aus. Aber selbst abgesehen von diesen Aussichten sollte allein die Erwägung, dass die Bagdadbahn mit allen zukünftigen Zweiglinien von Kerkuk aus ihren Bedarf an Heizmaterial für die Lokomotiven mit Naphtarückständen decken kann, genügen, um die ernsthafteste Aufmerksamkeit der beteiligten Kreise in Deutschland auf diese große und wichtige Sache zu lenken. man braucht nur daran zu denken, welch große Vorteile Rußland für den Betrieb seiner südöstlichen und vollends der kaukasischen und mittelasiatischen Bahnen aus der Verheizung der Naphtarückstände von Baku zieht, um zu begreifen, wie wertvoll unter diesen Umständen Kerkuk für die Billigkeit und Rentabilität des Bahnbetriebes zwischen Konstantinopel und dem Golf werden kann. Ich fürchte nur, wir werden hier wieder einmal zu spät kommen.

*(Paul Rohrbach, Um Bagdad und Babylon. Vom Schauplatz deutscher Arbeit und Zukunft im Orient, Berlin 1909, S. 57 ff.) – Laut Rohrbach (Theologe, Kolonialbeamter, politischer Publizist, 1869–1956) war dies der überarb. und ausgestalt. Bericht über seine Reise von 1900/01: Paul Rohrbach, Im Vorderen Asien. Politische und andere Fahrten, Berlin 1901, hierin aber aufschlußreicherweise keine Erwähnung von Ölvorkommen in Mesopotamien.*

**ناوەرۆکی ڕاپۆرتی پاوڵ روهەرباخ (Paul Rohrbach) بە زمانی ئەڵمانی دەربارەی باری جوگرافی وئابووریدا,ئامادەی کردبوو لە کاتی سەردانی بۆ ناوچەکانی کەرکوك لە ساڵانی ١٩٠٠–١٩٠١.**

**سەرچاوە/**

Dietrich Eichholtz: Die Bagdadbahn, Mesopotamien und die deutsche Ölpolitik 1918, pp.77-78.

## پاشكۆی ژماره(٨)

# BAGDAD-VORKONZESSION.

---

Entre Son Excellence ZIHNI PACHA, Ministre du Commerce et des Travaux Publics, agissant au nom du Gouvernement Impérial,

d'une part,

et Monsieur le Docteur GEORGES VON SIEMENS, Président du conseil d'administration de la Société du Chemin de fer Ottoman d'Anatolie, agissant au nom de ladite Société,

d'autre part,

Il a été, en conformité de l'Iradé Impérial, émané à la suite d'une décision du Conseil des Ministres soumise à la Haute Sanction Souveraine, convenu ce qui suit:

La Société du Chemin de fer d'Anatolie s'engage à construire, dans un délai maximum de huit ans, et d'exploiter une ligne de Chemin de fer à largeur normale de 1 m. 44, partant de Konia et aboutissant par Bagdad à Bassorah, et ce aux conditions et garanties dont les modalités seront déterminées d'un commun accord entre la Sublime-Porte et ladite Société.

La Sublime-Porte reconnait qu'il est conforme aux intérêts publics d'accorder à la Société du Chemin de fer d'Anatolie la concession demandée.

Il est convenu que la Société fera procéder immediatement aux études nécessaires et soumettra au plus tôt à l'approbation de la Sublime-Porte les projets de convention et de cahier des charges.


La question des garanties sera discutée après l'achèvement des études, et sur la demande de la Société, en même temps que les autres conditions.

Il est entendu que la Société s'engage, dès-aujourd'hui, à ne jamais ni céder ni transférer à une autre Société quelconque, soit la ligne existante de Haidar Pacha à Angora et à Konia, soit celle à construire de Konia à Bagdad et Bassorah. — Le Gouvernement Impérial, de son coté, conserve également la faculté d'exercer à quelque époque que cela soit, son droit de rachat sur la ligne de Konia à Bassorah. — En cas de ce rachat, si le Gouvernement Impérial ne juge pas convenable d'exploiter par ses propres agents, il n'en cédera pas l'exploitation à une autre Compagnie, mais il promet de la faire exploiter par la Société d'Anatolie par voie de bail.

**ئیمتیازی سەرەتایی هێڵی ئاسنی بەغدا لە ١٨٩٩/١٢/٢٤ بەخشراوە بە بانكی(Deutsche Bank)**

**سەرچاوە/**

Dietrich Eichholtz: Die Bagdadbahn, Mesopotamien und die deutsche Ölpolitik 1918 , p10.



# TRADUCTION

DU

# FIRMAN IMPÉRIAL DE CONCESSION.

Mon plus grand désir Impérial étant d'établir et de construire une ligne de Chemin de fer entre la Capitale de Mon Empire et le Vilayet de Bagdad, à l'effet de contribuer au développement de la prospérité et au progrès de la richesse et du commerce de l'Anatolie et des régions de l'Irak,— comme début de la réalisation de cette heureuse entreprise, la ligne existante déjà entre Haïdar-Pacha et Ismidt avait été, avec l'aide et l'assistance du Tout-Puissant, prolongée par voie d'Eski-Chéhir jusqu'à Angora et Konia.

Par ce moyen, l'on a pu assurer à ces régions les avantages désirés.

Cependant Ma principale intention Impériale étant, comme il a été dit plus haut, de prolonger la ligne précitée jusqu'à Bagdad en vue du développement de la prospérité, de la richesse et du commerce de l'Anatolie et des régions de l'Irak, et d'étendre à ces contrées aussi les bienfaits et les avantages résultant des voies ferrées, feu le Docteur Georges von Siemens, Président du Conseil d'Administration de la Société du Chemin de fer Ottoman d'Anatolie, avait fait précédemment, au nom de la dite Société, des démarches pour le prolongement du Chemin de fer de Konia jusqu'à Bagdad.

De même, Monsieur Arthur Gwinner, Président actuel du Conseil d'Administration, Monsieur le Docteur Kurt Zander, Directeur-Général, et Monsieur Edouard Huguenin, Directeur Général-Adjoint du Chemin de fer Ottoman d'Anatolie, agissant au nom de la

وینەیەك لەو بەڵگەنامە فەرمییەی ئیمتیازی(ڕەزامەندی سوڵتان) هێڵی ئاسنی بەغدا بە دویچە بانك(Deutsche Bank) لە ١٩٠٣/٣/٥, سەرچاوە/

Dietrich Eichholtz: Die Bagdadbahn, Mesopotamien und die deutsche Ölpolitik 1918 , p.9.


## پاشکۆی ژمارە(١٠)

**لیستی خەرجیەکانی لیژنەی توێژینەوە وپشکنین نێردراو بۆ ناوچە نەوتیەکانی ویلایەتی موسڵ لەلایەن بانکی ئەڵمانی(Deutsche Bank), لە سالأنی ١٩٠٤-١٩٠٥ز.**

**سەرچاوە/**

Dietrich Eichholtz: Die Bagdadbahn, Mesopotamien und die deutsche Ölpolitik 1918 , p.17

# پاشكۆی ژماره(١١)



TURKISH PETROLEUM COMPANY, LIMITED
(INCORPORATED IN ENGLAND)

TELEPHONE
CENTRAL 104

TELEGRAMS
PETROIRAQ BAGHDAD

POST BOX 67,
BAGHDAD.

No. GE/10/2313 DATED 24th.March, 1927.

To:-

The Private Secretary to
His Majesty King Faisal.

Dear Sir,

Reference the opening of our first oil well at Pal Khanah on April 5th.

We shall be greatly honoured if His Majesty will perform the opening ceremony.


It has already been verbally communicated to us that His Majesty is willing to do so, but we shall be glad to hear definitely in writing as to whether or not our proposed itinerary is suitable.

A special train will be run from Baghdad to Sulaiman Beg, and we suggest that His Majesty should arrive at that station at approximately 6.30 a.m.

This procedure will allow for time to motor to Pal Khanah well (distance approximately [illegible] miles), the performance of the opening ceremony and return to Sulaiman Beg for an early lunch.

We suggest this course, as it will allow His Majesty to arrive back in Baghdad on the 5th. evening, and will thus save a second night in the train.

A detailed programme will be submitted for approval by us on receipt of same from our Fields Manager, but in the meantime we shall be



311/1682

08/04/2007

Turkish Petroleum Co., Ltd.—contd.


much obliged if you could inform us at your very earliest convenience( if possible by telephone) if this proposal is suitable in order that we may issue invitations.

Yours faithfully,
For Turkish Petroleum Company,Ltd.,

[illegible] General Manager in 'Iraq.

نووسراوی کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ١٩٢٧/٣/٢٤ ئاراستەی شا فەیسەڵ کراوە بۆ ئامادەبوونی لە دەستپێکردنی لێدانی یەکەم بیری نەوت لە بەڵکانە.
سەرچاوە/ د.ك.و,البلاط الملكي,رقم الملف(1682), وثيقة رقم(٤),ص٥.

# پاشکۆی ژماره(١٢)



ديوان مجلس الوزراء

OFFICE OF THE COUNCIL OF MINISTERS, BAGHDAD

No ..........

Date في ٢٩ آذار سنة ١٩٢٧

مستعجل

معالي وزير الدفاع

بعد التحية

بمناسبة تشريف حضرة صاحب الجلالة الى بلدانه يوم الخميس، في ٧ نيسان سنة ١٩٢٧ لافتتاح اعمال الحفر العائدة لشركة النفط التركية امرني فخامة رئيس الوزراء ان ارجوكم ارسال حرس شرف من الحرس الملكي ليكون حاضرا في محطة سليمان بك عند نزول جلالته من القطار في الساعة التاسعة ونصف صباحا في اليوم المذكور.

اقبلوا فائق الاحترام


سكرتير مجلس الوزراء

نسخة الى سعادة رئيس الديوان الملكي

**نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی لە ١٩٢٧/٣/٣٠ بۆ وەزارەتی بەرگری.**

**سەرچاوە/ د.ك.و,البلاط الملكي,رقم الملف(1682), وثيقة رقم(٩),ص٨.**

## پاشكۆی ژماره(١٣)



بغداد/ ٢٣ حزيران ١٩٢٧ رقم ر/٨/١٤/٣٣٩

سيادة رئيس مجلس الوزراء


امرت ان ابلغكم ان حضرة صاحب الجلالة يستنسب التزام مزاحم بك بچهچي بتمثيل العراق في مجلس مديري شركة النفط التركية الوارد مع كتابكم المرقوم ٢٤١٨ والمؤرخ في ٢٢ حزيران سنة ١٩٢٧.

واقبلوا فائق الاحترام

**نووسراوی شا فەیسەڵ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لە ١٩٢٧/٦/٢٣, ڕەزامەندی لەسەر هەڵبژاردنی مزاحم پاچەچی کە نوێنەرایەتی عێراق بکات لە کۆمپانیای نەوتی تورکی.**

**سەرچاوە/ د.ك.و,البلاط الملكي, رقم الملف(1682), وثيقة رقم(١١), ص١٣.**

# پاشکۆی ژماره(١٤)



١/٢٢٠ ‏ ‏ ‏ ‏ ٢٢ حزيران

صاحب الفخامة وزير الخارجية المحترم

بغداد

بعد التحية

بالاشارة الى المادة ٣٠ من الامتياز المؤرخ ١٤/آذار/١٩٢٥ الممنوح الى شركة النفط التركية التي اوجب جلب نظر الحكومة الى الحق الذي تضمنته المادة المذكورة (الفقرة -) لزوم استعماله لما في ذلك من الاشراف على اعمال الشركة وصيانة حقوق العراق وفقا للامتياز . قد علمت من مصدر موثوق ان المدراء لا يستوفون في الوقت الحاضر اي راتب [illegible] غير المصاريف التي تنفق عليهم عند حضورهم اجتماعات مجلس المدراء وانه ليس في النية ان يقرر لهم راتب كما هي العادة عند الشركات الاخرى قبل انتهاء مدة الفحص الجاري في الآونة الحاضرة في الاماكن المشمولة بالامتياز. فلهذا لا اعتقد ان في الامكان تعيين عضو عراقي بدون راتب ولا [illegible] المصالح التي قد تتولد من وجود عراقي في مجلس المدراء فانني اقترح ان يمثل العراق في هذا المجلس الممثل السياسي في لندن الى ان [illegible] من الضروري تعيين غيره للاسباب الآنفة .


واقبلوا فائق الاحترام

التوقيع (مزاحم الامين الباجه جي)
الممثل السياسي لحكومة العراق في
انكلترة

**نووسراوی مزاحم پاچەچی بۆ وەزیری دەرەوەی عێراق لە ١٩٢٧/٦/٢٢.**

**سەرچاوە/ د.ك.و,البلاط الملكي, رقم الملف(1682), وثيقة رقم(١٠),ص١٢.**

# پاشکۆی ژماره(١٥)



OFFICE
OF THE COUNCIL OF MINISTERS,
BAGHDAD.

ديوان مجلس الوزراء

No. ٢٨٤٦ العدد
Date في ١٦ تشرين الاول سنة ١٩٢٧ التاريخ

١٧

معالي وزير المواصلات والاشغال

١٦٩٩٦
٢٧/١٠/١٩

بعد التحية

امرت ان اجيب على كتابكم المرقم ١٩٧ والمؤرخ في ١٤/١٥ ايلول سنة ١٩٢٧ الطالب فيه تعيين الممثل السياسي للعراق بلندن مندوبا في مجلس ادارة شركة النفط التركية بلندن وفقا لنص المادة ٣٤ من امتياز الشركة المذكورة بصورة موقتة وان اعلمكم ان مجلس الوزراء قرر في جلسته المنعقدة في ٨ تشرين الاول سنة ١٩٢٧ قبول هذا الاقتراح ووافق على ذلك صاحب الجلالة نائب جلالة الملك المعظم .

وتقبلوا فائق الاحترام


سكرتير مجلس الوزراء

نسخة الى وزارة المالية للمعلومات
نسخة الى وزارة الداخلية ...
نسخة الى وكيل رئيس الديوان الملكي للمعلومات .

**رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر هەڵبژاردنی مزاحم پاچەچی وەك نوێنەری حكومەتی عێراق لە ئەنجوومەنی بەڕیوبەردنی كۆمپانیا نەوتی توركی لە لەندەن.**

**سەرچاوە/ د.ك.و,البلاط الملكي,رقم الملف (1682), وثيقة(١٣),ص١٥.**


# پاشکۆی ژمارە(١٦)



**بروسکەی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی لە ١٩٢٧/١٠/٢٢ بۆ موتەسەریفی لوای کەرکوك.**

**سەرچاوە/ د.ك.و, وزارة الداخلية, رقم الملف (9770), وثيقة رقم(١١),ص١٧.**

# پاشكۆی ژماره(١٧)



ساعدوا شركة النفط التركية بقدر ما تستطيعون في جميع ما تحتاج اليه من المساعد[illegible]
في بابا كوركور نظرا لظهور النفط هناك وضرورة اتخاذ تدابير الوقاية .

الداخلية

نومرو

تاريخ ٩٢٧/١٠/٢٢

لوا پولیس مدیریتنه

موضوع ـــ نفت شرکت معاونت

داخلیه وزارتندن مورود ١٠٤٢٢ نومرو ٩٢٧/١٠/٢٢ تاریخلی تلغرافنامه
صورتی بالا [illegible] شرکت [illegible] معاونت [illegible]
مرجودر .


كركوك متصرفی

صورة الى ـــ وزارة الداخلية بالاشارة الى برقيتها المار ذكرها اعلاه .

نووسراوی موتەسەریفی کەرکوك لە ١٩٢٧/١٠/٢٣ بۆ بەڕێوبەرێتی پۆلیسی کەرکوك, بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بە کۆمپانیای نەوتی تورکی لە کاتی هەڵقۆڵانی نەوت لە باباگوڕگوڕ.

سەرچاوە/ د.ك.و, وزارة الداخلية, رقم الملف (9770), وثيقة رقم(٧),ص١٠.

## پاشكۆی ژماره(١٨)



إلى /
وزارة الداخلية

الموضوع / مساعدة الشرطة للشركة

الحاقاً لكتابنا المرقم ٣٠٢٧ والمؤرخ ٢٢/١٠/١٩٢٧ .

قد اتخذت التدابير الاحتياطية اللازمة حين احتراق النفط في بابا كركر في منتصف ليلة ١٣/١٤ تشرين الاول ١٩٢٧ . بوضع خمسة عشر من الشرطة المؤلفة من مفوض واحد ومن (٤٥) شرطي على طول مجرى النفط العائد لمسافة (١٣) ميلاً وذلك لمنع الاهلين من التقرب الى المنطقة المذكورة . فاخذت الشرطة تراقب الموقف بدقة .

وقد اجليت مكان قريتي [illegible] بتاريخ ٣٠ تشرين الاول ١٩٢٧ على طلب [illegible] مدير العام لشركة النفط التركية لقربهما من المنطقة الموبوءة ومنعاً للخطر الملحوظ في مكانهما .

وقد اطلعنا [illegible] للجمهور رغبة الشركة لاستخدام العمال وبذلك قد زال عنهم الازمة [illegible] العمال .

وقد توفي في بادئ الامر خمسة اشخاص [illegible] للنفط . ثلاثة منهم عمال احدهم من الاهلين واثنان [illegible] ومختصان امريكيين .

وانا لم نزل نساعد الشركة عند مسيس الحاجة كما ان المساعدات التي ابداها مدير الشرطة اوجبت امتنان المدير المحلي للشركة وممثل الحكومة فيها ايضاً .


عن متصرف لواء كركوك

صورة الى / مدير شرطة لواء كركوك .

**نووسراوی موتەسەریفی كەركوك لە ١٩٢٧/١٠/٢٧ بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ خستنەڕووی یارمەتیەكانی بەڕێوبەرایەتی پۆلیس كەركوك بۆ كۆمپانیای نەوتی توركی لە كاتی هەڵقوڵانی نەوت لە باباگوڕگوڕ.**

**سەرچاوە/ د.ك.و, وزارة الداخلية, رقم الملف (9770), وثيقة رقم(٧),ص٩.**

# پاشكۆی ژماره(١٩)



[illegible]

I forward herewith for your information a copy of letter No. [illegible] dated the 24th October 1927, from [illegible], Turkish Petroleum Company, Ltd., Baghdad, on the above subject.

No. [illegible] 16728

MINISTRY OF INTERIOR,

BAGHDAD, 15th November, 1927.

To

The Mutasarrif, KIRKUK LIWA.

Memorandum.

Forwarded for information.

Minister of Interior.

Copy to-

The Administrative Inspector, KIRKUK.

[illegible]

الموضوع [illegible] بابا كركر

اقدم [illegible] للمعلومات صورة كتاب [illegible] بتاريخ ٢٤ تشرين الاول سنة ١٩٢٧ من شركة النفط التركية عن الموضوع اعلاه .

وزارة الداخلية العراقية

العدد ١٦٧٢٨


التاريخ ١٥ تشرين الثاني / ١٩٢٧

الى متصرفية لواء كركوك

[illegible]

عن وزير الداخلية

[illegible] لواء كركوك [illegible]



[illegible] of a letter No. [illegible] of the 24th October 1927, from Messrs. Turkish Petroleum Co., Ltd., [illegible] to the Minister of Communications & Works, Baghdad.

Report on Baba Gurgur Well

We have the honour to report further on our well at Baba Gurgur.

This well was completely shut in at 3 p.m. on Saturday 22nd instant with a pressure of 270 lbs. per square inch.

Arrangements are now being made to pump the oil now stored in the ravine back into the well, and it is hoped that the burning off of any oil will not have to be resorted to. All necessary precautions against fire are being taken and the ravine when emptied of oil will be handed over.

Should there be indications of heavy rain occurring before all oil in the ravine is disposed of, it will be necessary to burn off the oil to prevent damage to cultivation should the ravine become flooded.

We would again express our appreciation of the help given, and offers of help made, by all Government Departments to the company while the well was being brought in. It is with regret that we have to [illegible] in hospital from the effects of gas poisoning.

تقرير حسن بئر بابا كركر

لنا الشرف بتقديم تقرير ثان عن بئر بابا كركر .

قد سد البئر تماما الساعة ٣ بعد الظهر يوم السبت المصادف ٢٢ الجاري وكانت درجة الضغط فيه ٢٧٠ ليبرا لكل انج مربع .

يقام الان بالترتيبات لضخ النفط المخزون الان في الوادي الى البئر ويؤمل سوف لا تضطر الشركة الى حرق اي كمية من النفط وتتخذ جميع التدابير الممكنة للمحافظة من الحريق ولما يكمل تفريغ الوادي من النفط ستسلم ارضه بالحال .


واذا حصل علائم تنبئ عن حصول امطار غزيرة قبل تكميل تفريغ الوادي سيصبح من الضروري حرق النفط منعا من حصول ضرر على الزراعة فيما لو طغى الوادي .

نود ان نعيد مرة اخرى حسن تقديرنا للمساعدة التي قدمت للشركة من جانب جميع دوائر الحكومة اثناء قيامها بسد البئر . [illegible]

**ڕاپۆرتی کۆمپانیای نەوتی تورکی بە کارەکانی لە کێڵگەی نەوتی باباگوڕگوڕ بە نووسراوێك بۆ وەزارەتی گواستنەوە وئەشغال لە٢٤/١٠/ ١٩٢٧ .**

**سەرچاوە/ د.ك.و,وزارة الداخلية,رقم الملف (9770), وثيقة رقم(١),ص ص ٥-٦.**

## پاشکۆی ژماره(٢٠)




**وێنەی بیری ژماره(١) له باباگوڕگوڕ له کاتی هەڵێنجانی نەوت له ڕۆژی ١٤–١٠–١٩٢٧ ,     گیراوه له لایەن (میستەر فاووڵ) که جیۆلۆجی کۆمپانیای نەوتی تورکی بوو,**

**سەرچاوه/ مجلة اهل النفط,ص٧.**

# نفط كركوك وصراع القوى العُظمى(١٨٩٠-١٩٢٧)م

## (دراسة تأريخية ,سياسية,اقتصادية)

لامناص مِن أن يوضح ومنذ البداية,بأن هذهِ ليست بدراسة مُختصة في تأريخ مدينة كركوك, بل أنها دراسة تنشد البحث في تأثير عامل النفط في مصير كردستان الجنوبية, وعلى وجه الخصوص نفط مدينة كركوك و في فترة زمنية محددة, على مجمل الأحداث السياسية في المنطقة وعلى الأوضاع والأحداث العالمية ايضاَ. فالدراسة تحاول إستبيان ديناميات الصراع بين القوى العظمى, من خلال سعي الأخيرة للتحكم بمنابع النفط في الشرق الأوسط.

تندرج هذه الدراسة تحت مُسمى" الدراسات التأريخية السياسية الإقتصادية "والتي تدور حول التنافس الدولي على النفط ,حيث أن الفترة المحددة في البحث تغطي العقد الأخير من القرن التاسع العشر والربع الأول من القرن العشرين .وهذه حُقبة زمنية مهمة في تأريخ العالم عموماً وفي تأريخ الشرق الأوسط وكردستان خصوصاَ .وذلك بسبب التحولات السياسية وإلاقتصادية والاجتماعية الجوهرية التي غيرت حينها الكثير في الشرق الأوسط وفي كردستان أيضاً .وتحديداً فإنَّ أهمية هذه الفترة تكمن في إندلاع الحرب العالمية الأولى وسقوط الأمبراطورية العثمانية على أثرها وأستحداث دول جديدة وولوج المنطقة الى مرحلة استعمارية جديدة تجلت في تسارع خطى الدول العظمى للهيمنة على الشرق والأمبراطورية العثمانية.

لاريب أنَّ مدينة كركوك ,شأنها شأن باقي مدن كردستان الاخُرى الواقعة تحت النفوذ العثماني آنذاك ,كانت وبسقوط الأخيرة ,قد أصبحت وبسبب ثرواتها النفطية ,لقمةٌ دسمة تشتهيها القِوى العُظمى الساعية لِضّم المناطق الأكثر أهميةً وأستراتيجيةً الى مستعمراتها .لاسيما وإن هذه الثروات قد وردت في مشاهدات الرحالة الأوروبيين ولطالما كانت الدلائل على الرشوحات النفطية

وأستخدامها من قبل السكان الأصليين منذ عهودٍ قديمة جلية في المصادر التأريخية القديمة.

لم تبرز الأهمية التجارية والأقتصادية للنفط ألا في النصف الثاني من القرن التاسع العشر .فمن يومئذ تبين للعالم مدى أهمية هذه المادة كوقود للآلة الصناعية والعسكرية المتعاظمة حينها ولمجمل الفعاليات الأقتصادية الأخرى فيمابعد. وبات التسابق على أمتلاكها والتحكم بمنابعها أحد أهم المحُركات الرئيسيةِ للصراعات السياسية والعسكرية بين العديد من دول العالم ولحد اليوم .إن أستعراضٌ دقيق لشريط الأحداث التأريخية الحديثة والمعاصرة , تظهر تلك الحقيقة في أجّلْ صورها .فمنذ تصدرها قائمة الأطماع الأستعمارية , الى تسببها في إندلاع العديد من الحروب ,ودفعها لإبرام الأتفاقيات والمعاهدات الدولية التي قررت مصير العديد من الشعوب والدول وشكلت دورها وحجمها على الخارطة السياسية العالمية .غدت تلك المادة السحرية شغل الشاغلين للعاملين في مجال السياسة والاقتصاد وحتى الاجتماع والفكر من بعدها.

ونذكر هنا على سبيل المثال لا الحصر ,الحرب العالمية الأولى وتأثيراتها على مصالح القوى العظمى بعد الحرب ,ودور النفط المؤثر في (إتفاقية لونك-برانجيه ,اتفاقية سان-ريمو ,معاهدة سيفر ,مؤتمر لوزان...) , وكان العامل الحاسم في تقرير مصير ولاية الموصل وألحاقها بالدولة العراقية الجديدة .وفي العهد المعاصر بات النفط الركيزة الأساسية لتشكيل نمط ريعي للأقتصاد في البلدان النفطية و أرتبط بالتالي بولادة نمط أستبدادي في الحكم وخاصة في البلدان العربية والأسلامية.

أنها دراسة تحاول أن تسبر أغوار المكنون التاريخي للصراع والتنافس الدولي بين أطرافها من ترك, ألمان, فرنسين,أنكليز,هولنديين وأمريكان .على نفط المدينة المنكوبة. ذلك أن معظم أحداث التاريخ يحركها الصراع , والصراع

لا يكون إلا بوجود إرادات مختلفة ومتناقضة ومتنافسة ,فلكل صراع دوافع وديناميات على جانب كبير من الأهمية تحركها وتعطيها الاستمرارية.

فذاك الصراع الذي إستغرق زهاء ٣٧ سنة ,لم يهدأ ,إلا بعد توصل تلك الأطراف الى إتفاقية الشراكة في سنة ١٩٢٧ والتي أنجبت (شركة النفط التركية) هذهِ التي أخذت على عاتقها ,أدارة "المحرك النفطي للصراع" , وتمتعت ,بحق الاستثمار الحصري ,في نفط المدينة والمناطق المجاورة لها.

كان لأفتقار المكتبة الأكاديمية ,الى دراسات علمية وتأريخية , تبحث في التأثيرات والتبعات الأقتصادية والسياسية لتلك الحقبة الزمنية المُهمة ,التي أنتهت بأنتهاء الحرب العالمية الأولى وتقسيم كردستان الى أربعة أجزاء ,دورٌ كبير ,في أثارة التساؤلات والفضول العلمي لدى الاكاديمين والمثقفين بصورة عامة والكرد منهم بصورة خاصة .حيث إن الفترة نفسها شهدت أنتزاعٌ لبعض الاعترافات القانونية في معاهدة سيفر وتعهداتٍ من قبل الدول العظمى لبناء كيان كرديٌ مستقل .وذاك الفضول العلمي ,يقف وراء البحث هذا ,ويصبو لسد جزءٍ بسيط ,من حاجة المكتبة الأكاديمية والتأريخية في هذا المجال.

في الحقيقة إنّ إختيار سنة 1890 م ,كبداية للبحث في هذه الدراسة ,تعود لكونها السنة التي أصدّ ر فيها السلطان عبد الحميد الثاني ,فرمانه , لنقل مُلكية كامل الأراضي الغنية بالنفط في ولاية الموصل ,من وزارة المالية الى الخزانة السلطانية الخاصة ,بعد أنْ علِم بوجود كميات هائلة ,من هذا الكنز الثمين فيها .أما أختيار سنة 1927 م, كنهاية للبحث ,كان بسبب :أن مجمل الصراعات الدول العظمى ,قد وجدت سبيلها الى الهدوء في هذه السنة ,بعدما أتفقت على تقاسم الحصص في شركة النفط التركية المُختصة بأستثمار النفط في ولاية الموصل كما ذُكر سلفاً .وفي السنة نفسها بدأت أعمال التنقيب وإستخراج النفط ,حيث تدفق النفط , في حقل باباكركر بكميات تجارية هائلة.

وفي هذا الصدد يجدر الذكر بإن أي تعابير ومسميات واردة حول نفط ولايتي (موصل وبغداد) أو نفط (بلاد مابين النهرين–ميسوبوتاميا) أو نفط (العراق) في الوثائق والكتب والمراسلات والاتفاقيات بين الدول العظمى المذكورة في متن البحث هذا ,عنت وفي النهاية ,نفط كركوك وحسب .أو بالأحرى فإن الصراعات التي دارت بين الدول العظمى كانت على نفط ولاية موصل وبالأخص نفط كركوك .لأن أعمال التنقيب والأستخراج التي بدأت في السنوات التي تلت ألحاق هذه الولاية بالدولة العراقية ,أثبتت ومما لايدعو مجالاً للشك ,أنه وفقط في كركوك توجد كميات تجارية متوفرة من النفط .فكان أول أستخراج لها في ١٤/١٠/١٩٢٧.كما وتشير الأرقام والأحصائيات بأن الدولة العراقية بقت معتمدة وبشكلٍ حصري على واردات نفط كركوك ,المصّدرة الى اوروبا عبر خطوط الأنابيب النفطية التي أكتمل أنشأها سنة ١٩٣٤. وبقى الوضع كذلك لحد السنوات ١٩٥١ و١٩٥٢ حين أكتشف النفط في أطراف مدينتي الموصل وبصرة على التوالي.

تهدف الدراسة عن طريق أعتماد المنهج العلمي الى تجريد المتغيرات التي تحكمت بطبيعة العلاقات اوالصراعات السياسية والاقتصادية بين القوى الاستعمارية العظمى للسيطرة على المنطقة في تلك الفترة ,وتركز في بحثها على متغير النفط بالتحديد .وتهدف من خلال سرد واعادة قراءة الوثائق التأريخية أستنباط تلك العلاقات ودور النفط فيها .والتي حددت على ضوئها المصير السياسي للمنطقة اعتبار لرغبات فعال للسكان الأصليين فيها.

أُعُتمد في كتابة هذا البحث على العديد من الوثائق التأريخية المنشورة وغيرالمنشورة ومن جملتها الوثائق الغير المنشورة في( مركز دار الكتب والوثائق العراقية) والوثائق البريطانية المنشورة في مجموعة مجلدات بعنوان( Records of Iraq,1914-1966 ). كذلك تم الأستفادة من مجموعة قيمّة ,من المصادر

التأرخية باللغات الكردية والعربية والانكليزية والألمانية والتركية .وشمل البحث بعض التقارير الدولية وبعض الاتفاقيات والعقود المبرمة ذات العلاقة.

ألا ان عملية البحث لم تخلو من المشاكل والمصاعب كباقي الدراسات الأخرى في هذا المجال والتي عانت من قلة المصادر والمكتبات من جهة وعدم فسح المجال للسفر الى الدول المعنية بموضوعة البحث ,للأطلاع على أرشيفها الوطني وما تحتويها من الوثائق الخاصة بالمسئلة من جهة أخرى.لا بل إنَّ المؤسسة النفطية العراقية وخاصة في مدينة كركوك أمتنعت عن التعاون مع الباحث للأطلاع على الأرشيف الخاص بها ,بحجة أنه تم نهبها في أحداث سنوات 1991و 2003 ولم يتبق منها شئ.

تم تقسيم الدراسة الى مدخل وأربعة فصول:

ففي المدخل يتم تناول أهمية النفط في الحياة البشرية مع التعرف على المادة والنظريات التي تفسر كيفية تكوّنها وخصائصها الكيميائية والفيزيائية .كذلك يتم الرجوع الى التاريخ القدم لمعرفة دور النفط في حياة اليومية للحضارات البشرية القديمة ,مع ذكر أهم ماورد عن النفط في كتابات الرحالة الأوروبين وتعرف العالم من خلالهم على هذا المخزون الهائل من النفط الذي يغفو تحت ثرى كردستان .ثم يتم التطرق الى بدايات نشوء الصناعة النفطية في أمريكا وروسيا ولأول مرة.

اما الفصل الاول يتناول الفترة التي شهدت ولادة ونمو التنافس والصراع الدوليين على نفط ولاية الموصل منذ١٨٩٠ولحد سنة ١٩٠٨ م ودور نفط كركوك في الاتفاقات والعقود المبرمة بين الامبراطوريتين العثمانية والألمانية والاسباب التي دفعت السلطان العثماني عبد الحميد الثاني(١٨٧٦-١٩٠٩)الى اصدار فرمان عام ١٨٩٠ .بعدها يتحول البحث ليسلط الضوء على حياة

الشخصية المثيرة للجدل (كولبنكيان) أحد أهم اللاعبين الاساسيين على حلبة الصراع الدولي على النفط آنذاك ,ولربما لايختلف عنه كثيراً شخصية( وليم دارسي) أحد رعايا بريطانيا والذي سوف يتم التطرق في هذا الفصل الى أهمية ودور وتأثير الامتياز النفطي الذي حصل عليه في سنة ١٩٠١ من شاه ايران, ومحاولته الحصول على امتياز النفط في ولاية الموصل أيضاً .وسينهي الفصل البانوراما التأريخية المشوقة هذه ,بالحديث ,عن مشروع سكك حديد بغداد, وما افرزته من امتيازات مرتبطة ,من جهة ,ببناء هذا المشروع الأستراتيجي الممتد من أسطنبول الى الخليج الفارسي والمار عبر المناطق الغنية بالنفط ,وبين أستثمار النفط في ولايتي موصل وبغداد بعد سنة ١٩٠٣,من جهة أخرى.

في الفصل الثاني تناولنا بالدراسة الحقبة الممتدة بين الاعوام, ١٩٠٨-١٩١٨م, ومادار فيها من صراعات بين القِوى العظمى ,من اجل التحكم بمنابع النفط في كركوك ,عن طريق مجموعة شركات احتكارية في مجال النفط ,والتي سعت الى الحصول على امتياز النفط في ولاية الموصل ,وتطرق هذا الفصل الى (مشروع جيستر)الامريكي لمد سكة حديد تمر بالموصل وكركوك والسليمانية وعلاقة هذا المشروع بموضوع النفط في ولاية الموصل عموماً وكركوك على نحو خاص, كما تابع الباحث في هذا الفصل ايضاً مسار تشكيل شركة النفط التركية خطوة بخطوة , وبالتوافق بين المصالح البريطانية والألمانية ,لأستثمار منابع النفط في ولاية الموصل ,وكيف أنها استطاعت في ٢٨/تموز/١٩١٤, الحصول على تعهدات لأستثمارات نفطية ,في ولايتي موصل وبغداد من الصدر الأعظم العثماني, ينتهي الفصل بتناول دور عامل النفط والصراعات المرتبطة بها ,في أشعال فتيل الحرب العالمية الأولى ,ومحاولات القِوى العظمى الوصول الى المنابع

الرئيسية للنفط في العالم ,واهمها محاولات بريطانيا للوصول الى ولاية موصل وأحتلالها.

وعلى المسار التأريخي ذاتهُ , سينتقل البحث في الفصل الثالث الى الحقبة الفاصلة وسيعرض بين ١٩١٨-١٩٢٣م, أهم التطورات السياسية في المنطقة والعالم بعد الحرب العالمية الأولى وأستمرارية الصراعات بين القوى العظمى للسيطرة والتحكم بنفط ولاية موصل ,وتأثيراتها على القضية الكردية التي تشرع من يومئذ بالتفاقم. ومن اهم ما يذكره الفصل هيّ أتفاقية لونك-بيرانجيه و أتفاقية سان-ريمو ,وتأثير عامل النفط في مواقف الدول العظمى أزاء بنود معاهدة سيفر ومقررات مؤتمر لوزان.

أختتم البحث رحلته في الفصل الرابع والأخير ,بالتوقف عند الحقبة التأريخية الممتدة بين السنوات ١٩٢٤ م ولحد ١٩٢٧ م . متناولاً أهم أحداث الصراع المزمن بين القوى العظمى على نفط كركوك ,والتي أخذت شكلاً جديداً في تلك الفترة وباتت تدور في فلك الصراع على عائدية ولاية موصل ومحاولات ألحاقها بالدولة العرقية المُستحدثة من قبل بعض موظفي الادارة البريطانية, ليكون عامل النفط مرة أخرى تأثيراً فاعلاً في حسم مصير ولاية الموصل .وهذه هيّ الحقيقة , التي يحاول البحث ومن خلال أستعراض أهم نقاط المفاوضات بين الحكومة العراقية وشركة نفط التركية المُختلقتين حديثاً  الكشف عنها.هذه المفاوضات التي تنتهي بألحاق الولاية بالعراق الجديد ومنح الشركة المذكورة أمتيازُ لأستثمار منابع النفط في ولاية موصل في ١٩٢٥/٣/١٤ والتي تقودها تنقيباتها وأبحاثها في نهاية المطاف لأستخراج النفط بكميات تجارية في بئر رقم(١) في حقل بابا كركر في ١٤ تشرين الاول١٩٢٧.

# Abstract

Kirkuk city like other Kurdistan cities which were ruled by Ottomans became after full down of Ottoman rich bite to Great powers which were seeking to occupy most important and strategic areas, specially the European travelers mentioned those fortunes in their books, also the evidences about Petroleum Seepages which used by origin peoples in the past was clear in old historicity references.

Commercial and economic importance of oil occurred in the second mid of $19^{th}$ century, since that time all countries recognized the importance of this material as fuel to feeding industrial and military growing machine at that time, later to all other economic activities .seeking to, own and controlling its wells became one of the more important and main motivations of political, fights (wars) among many states till now.

The reason of choosing 1890 as abase to this search is because Sultan (Abdulhameed II) issued his firman (decree) to move the property of all rich lands by oil in Mosul vilayet from the authority of ministry of finance to private sultan treasury when he informed about the expensive contents of the lands.I choose 1927 as the epilogue of the search because the Great powers became quiet at that time, after they agreed to divide the shares of Turkish Petroleum company which was investing

Petroleum in Mosul vilayet as we mentioned before. In the same year the drilling works started and the oil flowed in Baba Gurgur field in great commercial quantities.

Here we must say that any expressions and names had been mentioned in the documents, memorandums ,corresponds and agreements among Great powers in this search about (Baghdad and Mosul vilayets) oil or (Mesopotamia) oil or (Iraq) oil mean only Kirkuk oil, more accurately the fights (struggles) which happened among Great powers was about Mosul vilayet oil specially Kirkuk oil.

The study has been divided to introduction and four chapters:

Introduction deals the importance of oil in humanity life, acquaintance with this material and the theories which explained its chemical and physical characterizes, also returning the earlier history to know the rule of oil in daily life of earlier humanity civilizations, mentioning important writings of European travelers about it, how the peoples knew this great stored oil under Kurdistan Land then I begin to touch on beginnings of Petroleum industry in America and Russia.

The first chapter deals with the duration of beginning and growing of international competition to obtain Mosul oil since 1890 till 1908 and the rule of Kirkuk oil in concluded agreements and contract between Ottoman and German empires

and the reasons which motivated Sultan (Abdulhameed II-1876-1909)to issue firman on 1890, later the search moves to throw light upon life of twisting character(C.S.Gulbenkian) who was the basic player in the ring of international struggle about oil at that time ,may be there is no variance between him and (William D`Arcy) the British citizen whom we will deal with him in this chapter because of the importance, rule and effect of Petroleum concession which he got on 1901 from Iran Shah and his trying to get concession in Mosul Vilayet.This chapter will finish this exiting historicity panorama by dealing with Baghdad railway project which leaded to concession related to constructing this strategic project which extends from Istanbul to Persian gulf across the rich lands and oil investment in Mosul and Baghdad Vilayets after 1903 on other hand.

In the second chapter we deal with the study of period 1908-1918,the struggles among Great powers to control oilfields by monopolistic oil companies which seek to get concession of Mosul Vilayet oil, this chapter indicated to American Chester project about constructing railway passes Mosul, Kirkuk and Sulaimania and the relation of this project with oil subject in MosulVilayet generally and Kirkuk specially the searcher pursuit the steps of Turkish Petroleum company establishing by harmonizing between British and German interests to invest in oilfields in Mosul Vilayet, how he got undertaking of Petroleum

investments on July /28/ 1914 in Mosul and Baghdad Vilayets from Ottoman Grand Vizier ( prime minister), the chapter ends by dealing the rule of oil factor and its related struggles with causing out breaking the First World War, and the tries of Great powers to getting the main oilfields in the world, specially tries of Britain to occupying Mosul Vilayet .

On the same historicity path the search will move in the 3rd chapter to final period, it will show on 1918-1923 the most important political developments in the area and the world after the First World War, continues struggles among Great powers to control the Petroleum of Mosul and its effects on the Kurdish issue which began to be aggravated since that time, the more important thing mentioned in the chapter is Long-Bereger and San- Rimo agreements beside of the effect of oil factor in Great powers situations in front of Sever convention terms and Luzan conferences decisions.

The search closed its trip in 4th the final chapter by stopping at period 1924-1927, deals with important events of long-lived struggle among Great powers to obtain Kirkuk oil which became in a new direction at that time, the struggle changed to belonging Mosul Vilayet and the tries to attaching to new Iraq state by British responsible administrators, Petroleum factor became here stronger effective in ending fate of Mosul Vilayet, that is the fact, which the search try to discover it by showing

important negotiations points between recently created Iraqi government and Turkish Petroleum company, these negotiations ended by joining the Vilayet to new Iraq and granting the mentioned company concession of investing oilfields in Mosul Vilayet on 14/03/1925 which its drillings and searches leaded it at the last to producing Petroleum in commercial great quantities in well No.1–baba Gurgur field on 14/October/ 1927.

**تیبینی:**

**هەموو مافێك پاریزراوە بۆ نووسەر، رێگا نادرێت بە چاپكردنەوەی ئەم كتێبە یان كۆپیكردنی زانیارییەكانی یان گواستنەوەی بەهەر شێوەیەك لە شێوەكان بێی وەرگرتنی نووسراوی دەستی لە لایەن نووسەر.**

**چاپخانەی ( شەهید ئازاد هەورامی ) کەرکوك ٢٠١١**

**زەنجیرە ( ٩٦ )**